# نووسین هەڵوێستە

## چەند بابەتێک دەربارەی خەمەکانی کۆمەڵگەی کوردستان

# نووسین هەڵوێستە

## چەند بابەتێک دەربارەی خەمەکانی کۆمەڵگەی کوردستان

بابەتەکانی ئەم کتێبە لە ماوەی نێوان (ناوەڕاستی ساڵی ٢٠٠٨- سەرەتای ساڵی٢٠١١)دا، سەبارەت بەو مەسەلانە نووسراون، کە لە ساتەوەختی خۆیاندا هەنوکەیی و هەستیار و پێویست بوون، وەک بەشداریکردنم لە خستنەڕووی خەمەکانی کۆمەڵگەی کوردستان و دەربڕینی باری سەرەنج و تێڕوانین دەربارەیان. لەبەرئەوەی ئەو بابەتانە هێشتا گرنگیی خۆیان لەدەست نەداوەو بەهۆی جەنجاڵی و زۆریی ڕۆژنامەکانەوە زۆرکەس نەیانخوێندونەتەوە، بەچاکم زانی بەم شێوەیە کۆیانبکەمەوە، بۆ سوودلێوەرگرتنیان و پاراستنیان. شایانی باسە، بابەتەکان بەشێوەی کاتی دەرچوونیان ڕیزبەندی نەکراون و هەندێک لەوانەش کاتی دەرچوونیان سەروتاری بێ ناونیشان بوون، بەڵام لێرەدا ناونیشانم بۆ داناون. هەروەها لەبەر کۆکردنەوەیانەوە لەم کتێبەدا، وشەو زاراوەکانی گشت بابەتەکانم یەکخستووە، هەتاکو بەهەڵەتێگەیشتن ڕوونەدات.

ناوی کتێب: نووسین هەڵوێستە
چەند بابەتێک دەربارەی خەمەکانی کۆمەڵگەی کوردستان
نووسینی: هەڵکەوت عەبدوڵڵا
بابەت: کۆمەڵێک وتار
لایەنی هونەری: خودی نووسەر
تیراژ: ٦٠٠ دانە
نرخ: ٣٥٠٠ دینار
چاپخانەی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
چاپی : یەکەم ساڵی ٢٠١١
کوردستان - سلێمانی
www.serdam.org
بۆ پەیوەندیکردن بە زنجیرەی کتێبەوە:
kteb@ serdam.org
لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی (١٥٩٩) ساڵی (٢٠١١)ی پێ دراوە

مافی لە چاپدانەوەی بۆ دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم پارێزراوە

کۆمەڵێک وتار

# نووسین هەڵوێستە

## چەند بابەتێک دەربارەی خەمەکانی کۆمەڵگەی کوردستان

هەڵکەوت عەبدوڵڵا

سلێمانی ٢٠١١

**زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم**

**کتێبی سەردەم ژمارە (٥٦٩)**

سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە

**ئازاد بەرزنجی**

## پەیڤێک بۆ ئەم کتێبە

هەر لە مەسەلەکەی «دریفۆس»ەوە تاوەکو ئەمڕۆ، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، خەمە کۆمەڵایەتی و مرۆییەکانی کۆمەڵگاو مرۆڤایەتی بەشێک بوون لە نیگەرانییەکانی هەر ڕۆشنبیرێکی جیددی و مرۆڤدۆست و لە پەیام و گوتاری ڕۆشنبیرییاندا ڕەنگیداوەتەوە. هەڵبەت ئەگەر لە گۆشەنیگایەکی فراوانەوە لە ئەرکی ڕۆشنبیرانی جیددی بڕوانین، دەبینین کە ئەو ڕۆشنبیرانە ڕۆشنبیرانێکن لەئاست مەسەلە گەورەو بچووکەکانی کۆمەڵگادا دەروەستن. هیچ ڕۆشنبیرێک نییە هەم لە ژێر کاریگەریی ڕووداو و گۆڕانکارییەکانی سەردەمەکەیدا نەبێت، هەم بە جۆرێک لە جۆرەکان کاردانەوەی بەرامبەر بەو ڕووداوو گۆڕانکارییانە نەبێت. شتێکی سروشتییە، کە پەیوەندیی نێوان ڕۆشنبیر و دەسەڵات (یان وا چاکترە بڵێین پەیوەندیی نێوان گوتاری ڕۆشنبیری و گوتاری دەسەڵات) پەیوەندییەکی ئاڵۆزبێت. لەکاتێکدا ڕۆشنبیر دیدو تێڕوانینێکی ڕەخنەییانەی هەیە بۆ واقیع و بۆ دەسەڵات و هەمیشە خوازیارە واقیع و بارودۆخەکان بەرەو ئاقارێکی مرۆییتر بەرێت، ئەوا دەسەڵات دەیەوێت واقیعێکی جێگیر بخولْقێنێت و دۆخەکان بە ڕاوەستاوی ڕابگرێت.

ڕۆشنبیری ڕاستەقینە، ئەو ڕۆشنبیرە ڕەخنەگرەیە، کە لە ڕوانگەیەکی مرۆییەوەو لە باوەڕیەوە بە کۆمەڵێک بەهای مرۆیی بەرگری لە مەسەلە ئینسانیەکان دەکات، نەک لە ئایدۆلۆجیایەکی دیاریکراو. چونکە لەکاتێکدا بەهاکان سنووری بەرژەوەندیی چین و توێژەکان تێدەپەڕنن؛ ئایدیۆلۆجیا لە سەنگەری بەرگریکردندا دەبێت لە بەرژەوەندی و بیرو بۆچوونەکانی لایەنێک، هێزێک، یان توێژێکی دیاریکراو. ئەم ڕەخنانەی ڕۆشنبیریش لە دەسەڵات، مەرج نییە بەتەنها بە ئاڕاستەیەکی سیاسیدا بڕوات، چونکە دەسەڵات بریتییە لە کۆی پێکهاتە سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیرییەکان و کۆی سیستمی باڵادەست لە کۆمەڵگادا. هەر بۆیە، بۆ نموونە،

قسەکردنی ڕۆشنبیر لەسەر کایەیەک لەو کایانە، وەک پەروەردە، یان فێرکردن، یان دامودەزگا خزمەتگوزارییەکان و... هتد، بەمانای قسەکردن دێتەوە لەسەر ئەو ئەقڵییەت و میکانزمانەی بزوێنەری دەسەڵاتن. بەڵام لێرەدا نابێ ئەو ڕاستییەشمان لا ونبێت، کە مەرج نییە هەر ڕۆشنبیرێک لە دەزگایەکی حکومیدا کاریکرد، ئیدی بە زەرورەت دەبێ ئەو ڕۆشنبیرە ببێتە دەسکەلایەک بەدەستی دەسەڵاتەوە. لەڕاستیدا ئەم تێڕوانینە، تیڕوانینێکی تەسکڕەهەندەو جۆرە ناهەقیکردنێکی تێدا دەبێت بەرامبەر بە ڕۆشنبیر. بەرهەمی ڕۆشنبیر نووسینەکانێتی و ئەو گوتارە ڕۆشنبیرییەیە کە بەرهەمیدێنێت و هەر لەو نووسینانەشیدا گۆشەنیگای بۆ واقیع و بۆ مەسەلەکان دەخوێنینەوە. کەی نووسینەکانی نووسەرێک یان ڕۆشنبیرێک چوونە خانەی بەرگریکردن لە گوتاری دەسەڵاتەوە؛ هەنگینێ دەکرێ گومان لە میسداقیەتی شوناسی ئەو ڕۆشنبیرە بکەین. دەنا چ لە خۆرئاواو چ لە خۆرهەڵات نموونەی ئەو ڕۆشنبیرانە زۆرن، کە کارەکانیان لە دەزگا حکومییەکاندا بووە؛ بەڵام بەرهەمەکانیان لە خزمەتی ڕۆشنکردنەوەی ڕێگای مرۆڤ و حەقیقەتدا بوون. بەو مەرجەی هەرکاتێک بوونی ڕۆشنبیر لەو دەزگایەدا بووە قەیدوبەندێک لەئاست ئازادیی نووسین و بیروڕا دەربڕیندا، ئەوکات هەڵوێستی خۆی یەکلاییبکاتەوە. چونکە ئازادی ئەو زەمینەو هەلومەرجەیە کە ڕۆشنبیر ناتوانێت بە بێبەریبوون لێی، شوناسی خۆی وەکو ڕۆشنبیرێکی جیدی بپارێزێت. ئەگینا ئەو ڕۆشنبیرە دەکەوێتە دووفاقییەکەوە لەگەڵ خۆی و کۆمەڵگاشدا. کاتێک ڕۆشنبیر هۆشیارییەکی ساختە بەرهەمدێنێت و لای وایە هۆشیارییەکی ڕاستەقینەیە، بەڵام لەڕاستیدا دووچاری وەهمی ڕۆشنبیری دەبێت لە بەرگی ئایدۆلۆجیادا، ئەم وەهمەش وای لێ دەکات لە مەعریفەو ڕەخنەو هەڵسەنگاندنی زانستیانە دووربکەوێتەوەو لەگەڵ گوتاری دەسەڵاتدا تەماهیبکات و بێلایەنیی خۆی لەدەستبدات.

وەکو وتمان، ئەو ڕۆڵەی لەم سەردەمەدا ڕۆشنبیر دەیبینێت یان پێویستە بیبینێت، ڕۆڵێکی ڕەخنەگرانەیە. ڕەخنەگرتن لە کۆی سیستمە تەقلیدی و سەرکوتکەرو داخراوەکانی کۆمەڵگا. بەڵام ئەم ڕۆڵە ڕەوایەتی بە ڕۆشنبیر نادات لافی پێغەمبەرایەتی یان بانگەشکار لێبدات، پشتئەستوور بە ئایدیۆلۆجیایەکی دیاریکراوو بە پێدانی گفت و بەڵێن بۆ هێنانەدیی یۆتۆپیایەک. بەڵکو دواجار ئەو تاکێکە خاوەنی دیدو ڕوانین و خوێندنەوەیەکی تایبەتە بۆ واقیع و کۆمەڵگاکەی. هەروەها شتێکی تر، کە پێویستە سەبارەت بە ڕۆشنبیر بگوترێ ئەوەیە، ڕۆشنبیر مەرج نییە بە زەرورەت بوونەوەرێکی سیاسی بێت، بەڵکو ئەوە زیاتر سیفەتێکە

بەسەر ڕۆشنبیری سیاسیدا دەچەسپێت، بەڵام ئەوەی پێویستە ئەوەیە، کە دەبێ ڕۆشنبیر ڕاو بۆچوونی خۆی لەئاست دۆخ و ڕووداوە سیاسیەکاندا هەبێت. دیسانەوە لەمەشدا پێویستە بەچاویلکەیەکی ئایدیۆلۆجیانەوە نەڕوانێتە ئەو دۆخ و ڕووداوانەو ڕاڤەو شیکردنەوەیەکی تاکڕەهەندانەیان بۆ نەکات، بەڵکو دەبێت ڕۆشنبیر بە ڕۆحێکی بابەتیانەوە مامەڵە لەگەڵ مەسەلەو ڕووداوەکاندا بکات و تەقەللای لەپێناوی پاراستن و بەرگریکردن لەو بەها ئینسانیانە بێت، کە ئازادی و کەرامەتی مرۆڤیان پێوە پارێزراو دەبێت. هەروەها بۆ چەسپاندنی سیستمێک تێبکۆشێت، کە مافەکانی مرۆڤ و دیموکراسی و ئازادی و عەدالەتی کۆمەڵاتیی تیا بەرقەراردەبێت. ئێمە کە دەڵێین ڕۆشنبیر نیگاو ڕوانینی خۆی بۆ واقیعی سیاسی و ڕووداوە سیاسییەکان هەیە، بەبێ ئەوەی خۆی بەکردەیی لەناو دنیای سیاسەتدا کاربکات؛ لەو گۆشەنیگایەوە ئەمە دەڵێین کە هەردوو بواری ڕۆشنبیری و سیاسەت دووبوارن هەریەکەیان سەربەخۆیی و تایبەتمەندیی خۆی هەیە، گەرچی لە پەیوەندییەکی بەرابەری و جەدەلیشدان لەگەڵ یەکدا. لەکاتێکدا بە شێوەیەکی گشتی بواری ڕۆشنبیری بواری ئازادییە، بواری سیاسەت بواری دەسەڵاتە. لەکاتێکدا ڕۆشنبیر لە ڕێی فیکرو گوتاری ڕۆشنبیرییەوە بەدوا ئاسۆکانی ئازادی و عەدالەت و جوانیدا بۆ ئادەمیزاد هەوڵدەدات، ئەوا سیاسەت دەیەوێ لەڕێی گرتنەدەستی دەسەڵاتەوە ئەو ئاسۆیانە بۆ مرۆڤ دەستەبەربکات. گەرچی ئامانجەکانیش وەک یەک بنوێنن، بەڵام شێوازەکانی وەدیهێنانیان جیاوازن. هەرچەندە لە زۆربەی جارەکانیشدا ئەوە سەلماوە کە دواجار ئامانجەکانیش دژ بەیەک دەوەستنەوە. تا قەڵەمڕەوی دەسەڵات زیاتربێت، بواری ڕۆشنبیری و داهێنان بەرتەسکتردەبێت. بە پێچەوانەشەوە تا قەڵەمڕەوی گوتاری ڕۆشنبیریی مرۆڤدۆستانە فراوانتربێت، بواری پراکتیزەکردنی دەسەڵات و سەرکوتکردن بەری تەنگ دەبێت.

لێرەوەیە ڕۆشنبیری ڕاستەقینە ڕەوایەتیی خۆی نە لە ئایدیۆلۆجیاو نە لە دەسەڵاتەوە وەردەگرێت، بەڵکو لە بەها مرۆییەکان و پرنسیپەکانی مافی مرۆڤ و عەدالەت و ئازادی و یەکسانییەو وەریدەگرێت. هەر لێرەشەوە بەرپرسیارێتیی دەکەوێتە ئەستۆ، بەرپرسیارێتیی لایەنگیری بۆ ئەو بەهاو پرنسیپانە، نەک بەرپرسیارێتیی دروستکردنی بەهەشت و یۆتۆپیا لەسەر زەوی، یان نەهێشتنی تۆوی «خراپە» لە جیهاندا. بەرگریکردن لە ئازادی، ئازادیی ڕۆشنبیران و ئازادیی هاووڵاتیان تا ئەو سنوورەی نابنە دەسدرێژی بۆ سەر ئازادیی مرۆڤەکانی دی. ئەوە سیاسەتمەدارەکانیشن کە پێویستە لە ڕۆشنبیرانەوە وانەکانی عەدالەت و یەکسانی و جوانی فێربن؛ نەک

بەپێچەوانەوە. هەڵبەت لێرەدا مەبەستمان لە ڕۆشنبیرانی ڕەخنەگر و ڕۆشنبیرانی ڕۆشنگەرە، نەک ئەوانەی لەگەڵ ئایدیۆلۆجیای دەسەڵاتدا تەماهیدەکەن.

ئەو بابەتانەی لە لاپەڕەکانی ئەم کتێبەدا دەیانخوێنیتەوە، بابەتگەلێکن سەبارەت بەو مەسەلە زیندووانەی ئەمڕۆ لەناو کۆمەڵگای کوردیدا دەورووژێنرێن، هەر لە مەسەلەکانی چاکسازی، هەڵبژاردن، دیالۆگ، توندوتیژی، عەلمانیەت و مافی مرۆڤەوە تا مەسەلەکانی ڕاگەیاندن، دادپەروەری، گەنجان، ژنان و تیرۆری سپی..هتد. لەم کتێبەدا بە بۆچوون و تێڕوانینەکانی ڕۆشنبیرێک ئاشنادەبین لە بەرخوردیدا لەگەڵ کۆمەڵێک مەسەلەو باسوخواسی هەنووکەیی کە لەمڕۆدا کۆمەڵگاکەمان پێیانەوە گینگڵدەدات و پێویستە هەموو ڕۆشننبیرێک لای خۆیەوە بەهەستی بەرپرسیارییەوە لە تەکیاندا مامەڵەبکات.

خوێنەری ئەم کتێبە، لە ڕێی خوێندنەوەی ئەم وتارانەوە، بەڕاو بیرو بۆچۆنی نووسەرێک سەبارەت بەو مەسەلانە ئاشنادەبێت، کە ئەزموونێکی درێژی لە بواری نووسین و کاری ڕۆشنبیریدا هەیەو دەکرێ سوود لەو ڕاوبیرو بۆچوونانەی سەبارەت بەو پرسانە وەربگرین.

**ئازاد بەرزنجی**

## سێ ڕەهەند بۆ پرسی چاکسازی لە کوردستاندا

ماوەیەکە قسەکردن سەبارەت بە چاکسازیی سیاسی زۆرو بەربڵاوبووەو تێڕوانینی جیاواز دەربارەی دەردەبڕێت. هەندێک لەوانە خواستی دڵسۆزانەو جیدین، بۆ بازدان بەسەر تەنگوچەڵەمەو گرفتەکانداو تێپەڕاندنی قۆناغی گواستنەوەو هێنانەئارای پەرەپێدانی هەمەلایەن، واتە بەمەبەستی بنیاتنانەوەی کۆمەڵگەیە. هەندێکی دیکە بۆ خۆئارایشتکردنە بە چەمکێک، کە لە دوورو نزیکەوە پەیوەندیی پێیانەوە نییە، واتە بۆ پەردەپۆشکردنی گەندەڵیو هەڵە کوشندەکانە. هەندێکی دیکەش بەمەبەستی ڕێکخستنەوەی دەسەڵات و حوکمڕانییە، بەو شێوەیەی تیایدا هەموو جڵەوەکان بکەونە دەستی خۆیان، واتە بەمەبەستی دەسەڵاتگرتنە دەستە نەک بنیاتنانەوە. باسکردنێکی زانستیو مەنهەجیانەی چەمکی چاکسازیی سیاسی و خستنەڕووی هەموو ئەو لایەنانەی بانگەشەی بۆ دەکەن، مەبەستی ئەم وتارە نییەو لێرەدا جێگەی نابێتەوە. چونکە پێویستی بە لێکۆڵینەوەیەکی هەمەلایەن هەیە، بەڵکو ئامانج لێرەدا خستنەڕووی چەند گۆشەنیگایەکە دەربارەی چەمکەکە.

چاکسازیی سیاسی، لە هەلومەرجی کوردستاندا، سێ مەسەلە دەگرێتەوە: گوێزانەوە لە سیستەمی سیاسیی داخراوەوە بۆ سیستەمی سیاسیی کراوە، گوڕینی ڕەوایەتی تەقلیدی بە ڕەوایەتیی سیاسیی نوێ، ئینجا گوێزانەوە لە ژیانێکی سیاسیی پشتبەستوو بە توندوتیژییەوە بۆ یەکێکی دیکەی پشتئەستوور بە پێشبڕکێی سیاسیی ئاشتیخوازانەو دیموکراتیانە.

سەبارەت بە مەسەلەی یەکەم، سیستەمی حوکمڕانی لە کوردستان بەشێوەیەکی گشتی داخراوە، واتە لەلایەن توێژێکی تەسکەوە جڵەوکراوە، کە دەسەڵاتی پاوانکردوەو لەناو خۆیدا ئاڵوگۆڕی پێ دەکات. واتە داخراوە بەڕووی دەرەوەی کۆمەڵایەتیداو گۆشەگیرەو لە کۆمەڵگە دابڕاوە، ئەمەش ئەنجامی تەنگوچەڵەمەی نوێنەرایەتیکردنی کۆمەڵایەتی و سیاسی. هەروەها داخراو لەناو سیاسەتێکی تەقلیدیدا، کە جەغت لەسەر ئەوە دەکاتەوە: سیاسەت و حوکمڕانیکردن تایبەتن

بە توێژێکی هەڵبژاردەی تایبەتی، نەک کۆمەڵگە. ئەم داخرانەش بۆتە هۆی دابڕانی سیاسەت لە کۆمەڵگە و گۆڕانی دەستەبژێری سیاسی بۆ پاوانکاری دەسەڵات. سەرەنجامیش ژیانی سیاسی گەیشتۆتە گوێرەڕێگەیەک، کە پێویستی بە چارەسەرکردن هەیە. کوردستان ئیمڕۆ سیستەمێکی سیاسیی وەهای گەرەکە، کە وەڵامدەرەوەی هەلومەرجەکانی سەردەم بێت و تەبابێت لەگەڵ ئەو گۆڕانو گەشەکردنانەی لەناو خودی کۆمەڵگەدا هاتوونەتەئاراوە. چونکە ئەگەر ئەوە نەکرێت، ئەوا تەقینەوەیەک ڕوودەدات، کە جڵەوناکرێتو کاریگەریی لەسەر خودی هێزەکانی حوکمڕانی و ئەزموونەکە و چارەنووسی گەلەکەشمان دەبێت. ڕێگرتن لەوەو هەنگاونان بەرەو داهاتوویەکی کراوە، پێویستی بە کرانەوەی سیستەمی سیاسی هەیە. مەبەست کردنەوەی دەرگایە بەڕووی بەشداریکردنێکی ڕاستەقینەی سیاسیدا، کە بە دەربڕینی بیروڕا و قبوڵکردنو ڕێزگرتنی ئەوی دیکە دەستپێدەکاتو بە دەستاودەستکردنی دیموکراتیانەی دەسەڵات کۆتاییدێت.

دەربارەی مەسەلەی دوەم، لای ئێمە کایەیەکی سیاسی (بەواتا نوێیەکەی) لەئارادانییە، کە تیایدا سیاسەت کاری خۆی تێدا بکاتو ڕەنگدانەوەی ناکۆکییەکانی بونیادی کۆمەڵگەی تیادا بەدیبکرێت. ئەمەش بەشێوەیەک، کە ڕێگربێت لەوەی سیاسەت بەشێوە توندوتیژەکەی گوزارشت لەخۆی بکات. ئەنجامی ئەوەش ناکۆکییەکانی ناو کۆمەڵگە – کە بابەتیانەو سروشتین– بەشێوەیەکی سیاسییانە گوزارشت لەخۆیان ناکەن. واتە ئەو کەناڵە پێویستانە نادۆزنەوە بۆ ڕاییکردنی کارەکان بەشێوەیەک، کە مافەکانو هاوسەنگیی بۆ کۆمەڵگەو تاکەکان بپارێزێت. چونکە گەلێک جار ئەو ناکۆکیانە بەشێوەیەک خۆیان دەخەنەڕوو، سەرتاپای کۆمەڵگە ڕووبەڕووی پارچەپارچەبوونی توندوتیژی وەها دەکاتەوە، کە چارەنووسمان دەداتە دەست نادیار. گرفتی سەرەکی لەم بوارەدا ئەوەیە، سیاسەت لای ئێمە خاوەن ئەو ڕێساو ئەخلاقیاتانە نییە، کە لە سیاسەتی ئەقڵانیدا هەیەو بەشێوەی توندوتیژی خۆی دەنوێنێ. لەبەرئەوەی کاتێک کۆمەڵگە لە مافی سروشتی خۆی بۆ گوزارشتکردن لە سیاسەت بەشێوازی ئاشتیخوازانەو شارستانیانە بێبەشدەکرێتو سەرکوتکردن وەڵامدەبێت بۆ داخوازیو مافەکان، ئەو کاتە لەبری ئەوەی لە دەرگاوە بچێتە ناو کایەی سیاسەتەوە، لە پەنجەرەوەو توندوتیژانە خۆی دەکات بەژووردا. بۆیە دەبێت کایەی سیاسەت بەشێوەیەک ڕێکخرێتەوە، کە تەبابێت لەگەڵ ڕێسا نوێکانداو سنووردانەربێت بۆ توندوتیژیی سیاسی. واتە یاریدەدەربێت بۆ ئەوەی سیاسەت واتای ڕاستەقینەی خۆی، وەک چالاکییەکی کۆمەڵایەتی

ئاشتیخوازانەو پێشبڕكێیەكی شەریفانەو سەرڕاستانە وەربگرێت، بۆ بەدەستهێنانی ڕای گشتیو دەسەڵاتگرتنەدەست، جا ئەو دەسەڵاتگرتنەدەستە گشتی بێت، یان ڕێژەیی، یاخود هاوبەش.

لەبارەی مەسەلەی سێیەمیشەوە، هەتاكو ئێستا سەرچاوەكانی ڕەوایەتی دەسەڵات لە كوردستان، یان تەقلیدیانەی پشتبەستوون بە پەیوەندییە توێژگەریو دەستەگەریو تیرەگەرییەكان، یاخود پشتئەستوورن بە سەروەریی شۆڕشگێڕانەی خەباتی پێش ڕاپەڕین. لە هەردوو باریشدا ڕەوایەتییەكە ڕاستەقینە نییەو ڕێگرە لە بنیاتنانی كۆمەڵگەیەكی دیموكراتیانەدا. بۆیە گرنگە ڕەوایەتی تەقلیدیانەو ڕەوایەتی شۆڕشگێڕانە بگۆڕێت بە ڕەوایەتیەكی نوێی دەستووریی دیموكراتیانەی پشتئەستوور بە پەیمانی كۆمەڵایەتی و هەڵبژاردنی ئازادانەو نوێنەرایەتیكردنی سەرڕاست. مەبەست لەمەش ڕامالینی حوكمڕانیی ئێستا نییە، بەڵكو بانگەوازە بۆ گەشەپێدانی بنچینەكانی ڕەوایەتی تیایدا، هەتاكو قبوڵكراوبێت لەلایەن خەڵكەوەو چاكتر كۆمەڵگە بەرێتەڕێوەو بەرەو داهاتوویەكی گەش و باشی بەرێت.

ئەو سێ مەسەلە سەرەكییەی چاكسازی لە كوردستان چوارچێوەن بۆ دەربڕینی پرنسیپەكانی كاركردن و چەند مەسەلەیەكی دیكە لەخۆدەگرن، كە خودی ناونیشانەكانی چاكسازیی سیاسین، گرنگترینی ئەوانەش:

١/جێگیركردنی سیستەمی دەستووری، وەك پەیمانی كۆمەڵایەتی نێوان هاووڵاتیان. ٢/پاراستنی ئازادییە گشتییەكانو مافەكانی مرۆڤ. ٣/چەسپاندنی سیستەمی نوێنەرایەتیكردن لەسەر ئاستی پەرلەمانو پارێزگاكانو ڕێزگرتن لە كەسایەتی مەعنەویانو بەتاڵ نەكردنەوەیان لە ناوەڕۆك. ٤/لێك جیاكردنەوەی دەسەڵاتەكانو پاراستنی تایبەتمەندی هەریەكێكیان. ٥/بەشداریكردنی ژنان لە ژیانی سیاسیدا، بەوپێیەی پێوانەیە بۆ ڕەوایەتی هەر سیستەمێكی سیاسیو ڕادەی پابەندبوونی بە مافەكانی مرۆڤو ئازادییە گشتییەكانەوە. ٦/دەستەبەركردنی بەشداریكردن لە دەسەڵاتدا، چونكە دانان بە مافی دەربڕین و فرەلایەنی سیاسیو هەڵبژاردندا بەبێ بەشداریكردن لە دەسەڵاتدا، واتە بەبێ دەستاودەستكردنی ئاشتیخوانەی دەسەڵات، مانایەكی نابێت.

گۆڤاری هەفتانە ژمارە (٤١) ٥-١١ نیسانی ٢٠٠٩

## چاکسازیی سیاسی بۆ نوێکردنەوەی سیاسی مەیسەرنابێت

بۆ ئەوەی چاکسازیی سیاسی لە کۆمەڵگەی کوردستاندا لە ئاستی دروشم و بانگەشەکردندا نەمێنێتەوەو بێتەدی، پێویستە پرۆسەیەکی نوێکردنەوەی سیاسی هاوشانی بێت.

مەبەست لە نوێکردنەوەی سیاسی، پەرەپێدانی تواناکانی دامەزراوە حکومییەکانە، بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی چالاکیو کارپاییکردنیان، هەتاکو بتوانن ئەو ئەرکانە جێبەجێ بکەن، کە دەکەونە ئەستۆیان. ئەو گۆڕانکاریانەی نوێکردنەوەکەش پێویستی پێیانە، لە ڕێگەی ئەو کەناڵە سیاسیانەوە دەبێت، کە ڕێکیاندەخەنو کۆنترۆڵی جوڵەیان دەکەنو هاوسەنگی لەنێوان ئاراستەکانیاندا دێننەدی. بەمەش، نوێکردنەوەی سیاسی پەیوەندییەکی توندوتۆڵی لەگەڵ پەرەسەندنی ئابووریو گۆڕانکارییە دەروونی و کۆمەڵایەتییە جۆربەجۆرەکانی دیکەدا هەیە. بۆیە دەبێت گەشەبدرێت بە تواناکانی دامودەزگا حکومییەکان، بەجیاوازیی بواری تایبەتمەندیانەوە، هەتا بتوانن مامەڵە لەگەڵ ئەو فرمانو ئەرکانەدا بکەن، کە پرۆسەی گۆڕانکاریی ئابووری، کۆمەڵایەتیو ڕۆشنبیری لەخۆی دەگرێت. بەمجۆرە دەکرێت وێنای سێ خەسڵەتی نوێکردنەوەی سیاسی بکەین:

یەکەم/ چەسپاندنی دەسەڵاتەکانی حوکمڕانیو لاوازکردنی پایەو هێزی دەسەڵاتە تەقلیدییەکان (عەشیرەتگەری، خێزانی و دەسەڵاتی پیاوانی ئایین).

دووەم/ پشتگیریکردنی دەسەڵاتە تایبەتمەندەکانی دامەزراوە سیاسییەکان، بۆ ئەوەی ئەرک و ڕۆڵ و فرمانەکان بە ڕوونی دەیاریبکرێن.

سێیەم/ فراوانکردنی سنووری بەشداریکردنی میللی لە پرۆسەی سیاسیداو فراوانکردنی چوارچێوەی هاماهەنگی و لێکتێگەیشتنو پێکگەیشتنی نێوان هاوڵاتیانو سیستەمی سیاسی بەگشتی.

کەواتە نوێکردنەوەی سیاسی پێویستی بە گۆڕانکاریی گرنگ هەیە لە ناوەند/ ناوەندەکاندی دەسەڵاتی نێو کۆمەڵگەدا. ئەنجامی ئەوەش، لە بۆتەی پرۆسەکانی

نوێکردنەوەی سیاسیدا، سەرکردەو توخمگەلی شایستەو لێهاتووی دەروەست بە ئەقڵانییەتو عەلمانییەتو نیشتیمانپەروەر جێی ئەو سەرکردەو توخمانە دەگرنەوە، کە سەرچاوەی دەسەڵاتی تەقلیدین لە کۆمەڵگەدا. لەگەڵ ئەوەشدا، گرنگترین لایەنی نوێکردنەوەی سیاسی، پەیوەندیی بەو گۆڕانکاریانەوە هەیە، کە دەبێت لە ئاقارە میللییەکاندا ڕووبدەن، بەمەبەستی بەرزکردنەوەی پلەی بەشداریکردنو هۆشمەندیی سیاسیی لای خەڵک. دەشێت ئەم بەشداریکردنە لە چوارچێوەی حیزب و سەندیکاو گرووپەکانی بەرژەوەندیدا بێت، بەڵام گرنگە کاراکردنی ڕۆڵی دامەزراوەو دامودەزگا سیاسییەکانو تایبەتمەندبوونیان پێش ئەم بەشداریکردنە بکـەوێـت.

لێرەدا جەغت لەسەر ئەوەش دەکەینەوە، مەبەست لە بەشداریکردنی سیاسی، قەتیسکردنی نییە لە دەنگدانی هەڵبژاردنەکاندا، بەڵکو گشت ئەو کارو چالاکیو کۆششانە دەگرێتەوە، کە دەکەونە ناو بازنەی پرۆسەی سیاسییەوە (بەواتا فراوانەکەی)و ئامانجی کاریگەریخستنە سەر توێژیان چینی پایەدارو دەسەڵاتدارە. بۆ نموونە، پەیوەندیکردن بە بەرپرسە حکومیەکانەوە، بەشداریکردن لە کۆمەککردنی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا، گفتوگۆکردنی دەربارەی مەسەلە گشتییەکان، ئامادەبوون لە کۆبوونەوە سیاسییەکاندا، هەوڵدان بۆ بڕواهێنان بەوانی دیکە بەمەبەستی لایەنگیریکردنی کاندیدێکی دیاریکراو، کارکردن لە چوارچێوەی حیزبە سیاسییەکاندا، ئینجا دەنگدان لە هەڵبژاردنەکاندا.

نوێکردنەوەی سیاسی کۆمەڵە لایەنێک لەخۆدەگرێت، لەپێش هەموویانەوە ئەقڵانیکردنی دەسەڵاتە. مەبەست ئەوەیە دەسەڵاتێکی سیاسی عەلمانی نیشتیمانیی یەکگرتوو جێی دەسەڵاتە تەقلیدییەکان بگرێتەوە. هەروەها هەڵسەنگاندن لە بوارە حکومیو سیاسییەکاندا لەسەر بنەمای لێهاتوویی بێتو گەیشتنە پۆستەکانیش پشتبەستووبێت بە تواناو شارەزایی، نەک بۆماوە یان شێوازە تەقلیدییەکانی دیکە. بێگومان ئەقڵانیکردنی دەسەڵات، گرێدراوی گۆڕانی باری دەروونیی تاکەکانی کۆمەڵگەیە، چونکە شان بەشانی پەیوەندییان بە دامەزراوە سیاسییەکانەوە، پێویستە ئەو تاکانە هەست بەوە بکەن حکومەتەکەیان بەشێکی پێکهاتەی گشتیی کۆمەڵگەیە، نەک ملکەچی هێزگەلی دیکە یان کاردانەوەی هێزی غەیبی.

پرۆسەی نوێکردنەوە بەشێوەیەکی گشتی هەلومەرجی گونجاو بۆ گەشەکردنی دیموکراسی دەڕەخسێنێت، چونکە بە لەئامێزگرتنی داخوازیی بەشداریکردنی سیاسی، حوکمڕانی ئـەو دامەزراوانە مسۆگەردەکات، کـە ڕێگەدەدەن

بە بەشداریکردنی هاوڵاتیان لە پرۆسەی بڕیارسازیدا. بەوپێیەی ڕاپرسیو کۆمەڵەکانی نوێنەرایەتیکردنو ئامڕازەکانی دیکەی بەشداریکردن لەسەر ئاستی نیشتیمان هەن، بۆ گرێدانەوەی جەماوەر بە مەسەلە نیشتمانیەکانەوە. لێرەدا گرنگە هاوڵاتیان هەست بەوە بکەن شەریکن لە حوکمڕانیداو بەرژەوەندییەکانیان لە بڕیارسازیدا ڕەچاودەکرێت، واتە هاوڵاتیان زیاتر لە دەنگی هەڵبژاردنیان پێویستە، دیموکراسیش بەپلەی یەکەم پشت بە جۆرو ژمارەو هێزو لێهاتوویی ئەو دامەزراوانە دەبەستێت، کە ڕایەڵەی نێوان هاوڵاتیانو حکومەتن. مەبەست ئەو دامەزراوانەیە، کە بەرژەوەندییەکانی تاکەکان لە چوارچێوەی پاراستنی بەرژەوەندیی گشتیدا دەپارێزن.

چاکسازیی سیاسی بەبێ چاکسازیی کارگێڕیش مەیسەرنابێت. واتە پێویستە حوکمڕانی دەستبەرداری ئاکاری باوکسالاری بێت، وازبهێنێت لە دەستوەردانە هەموو کایەکان، خۆی بە بەرپرسیار بەرامبەر بە هەموو ئەو شتانە نەزانێت، کە لە کۆمەڵگەدا ڕوودەدەن و دەستبکات بە چاندنی متمانە بەخۆبوون لەناخی هاوڵاتیاندا. ئەمەش نەک تەنیا لەو بوارانەدا، کە پەیوەندییان بە خزمەتکردنی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیانەوە هەیە، بەڵکو لەوانەشدا کە پەیوەندییان بە چاک هەڵسەنگاندنی بەرژەوەندیی گشتیشەوە هەیە، لەسایەی ڕێساگەل و سەرپەرشتیکردنی دامەزراوەیی گشتیی دیاریکراودا. ئەم تێڕوانینە گشتییە کاریگەریی خۆی هەیە، بەتایبەتی لەسەر ئاقاری گشتیی چاکسازیی سیستەمی خزمەتکردنی مەدەنی. هەروەها لە دەستنیشانکردنی ئەو فرمانانەی چاوەڕواندەکرێت دامودەزگا کارگێڕییەکان ئەنجامیانبدەنو ئەوانەش کە جێدەهێڵرێن بۆ چالاکیو کەرتی تایبەت، لەژێر چاودێریی حوکمڕانیداو پشتئەستوور بە پەیمانی نێوان ئەوو کەرتی تایبەت.

پشتبەستوو بەوەی سەرەوە، پێویستە ئامانجەکانی دامودەزگا کارگێڕییەکان تەبابن لەگەڵ ئەو سیاسەتو ڕێسایانەی حوکمڕانی دایاندەڕێژێت، واتە حوکمڕانی (بەدامودەزگای یاسادانان و جێبەجێکردنەوە) پابەندبێت بە ئامانجە بنچینەییەکانی دامودەزگای کارگێڕییەوە. بەوپێیە لەبەردەم پرۆسەیەکی سیاسیداین، کە پەیوەندیی بە سنوری حوکمڕانیو شێوازی کارپێکردنی دەسەڵاتەوە هەیە. ئەمەش پێویستی بە هێنانەئارای شێوازگەلی نوێ و گۆڕانکاریی بنەڕەتی هەیە لە شێوەکانی ئاکاری بۆماوەو تێڕوانینی کۆمەڵگەدا سەبارەت بە ڕۆڵی فەرمانبەر لە دامودەزگاکانو کۆمەڵگـەدا.

بۆیە دەبێت ئاڕاستەی چاکسازیی کارگێڕیو ناوەڕۆکەکەی پشتبەستووبن بە چەمکگەلی ڕوونو دەستنیشانکەری ئەو سیاسەتانەی حوکمڕانی دەیەوێت کاریان پێ بکات. هەروەها گەرەکە فرمانـــە سەرەکییەکانی دامودەزگاکانی کارگێڕی، جێبەجێکردنی دروستی ئەو ڕێسایانە بن، کـــە هەردوو دەسەڵاتی یاسادانانو جێبەجێکردن دەریاندەکەن. لە سایەی ئەو ستراتیژەو لەبەر ڕۆشنایی تێگەیشتنی ڕوون دەربارەی سیاسەتەکانی حوکمڕانیو چاکسازییە یاسادانەرییەکان، بنچینەی گشتیی بۆ چاکسازیی کارگێڕی چەند سیستەمێک لەخۆدەگرێت بۆ گەیشتنە ئامانجەکان، لەوانە سیستەم بۆ: پلاندانانی ستراتیژیی گشتی، کۆکردنەوەو بڵاوکردنەوەی زانیارییەکان بەئامرازگەلی سەردەمیانە، بڕیارسازی، کاروباری داراییو ژمێریاریو پێداچوونەوە، بەڕێوەبردنی سامانـــە مرۆییەکانو چاودێریو سەرپەرشتیکردن. ئامانجی ئەوانـــەش، زامنکـــردنی لێهاتوویـــی کارڕاییکردنە بەشێوەیەکی بەردەوامو هێنانەدیی ئامانجەکانە لەسایەی ستراتیژی گشتیی حوکمڕانیدا.

بەگشتی ناکرێت کارگێڕی و سیاسی لێک جیابکرێنەوە. چونکە بڕیارە سیاسییەکان بۆ ئەوە دەردەچن، کە ئامانجەکان دەستنیشانبکرێن و ڕێکبخرێنو پێکبهێنرێن، بڕیارە کارگێڕییەکانیش بۆ ئەوە دەردەکرێن هەتا بڕیارە سیاسییەکان جێبەجێبکرێن، بەوپێیەی بڕیاری کارگێڕی ئامرازە بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتێک.

گۆڤاری هەفتانە ژمارە (٤٢) ١٢-١٨ نیسانی ٢٠٠٩

## دەستاودەستکردنی دەسەڵات لەناو حیزبەکان و حوکمڕانیی کوردستاندا

گرنگترین شتێک، کە وڵاتــە پێشکەوتوەکان لەوانی دیکــە جیادەکاتــەوە، سەقامگیربوونی سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئابوورییە، هەروەها ڕوونی پلانو ستراتیژە ئابووریو سیاسییەکانە. بەرجەستەترین توخمی ئــەو سەقامگیرییەش، بوونی کولتوورو سیستەمی ڕوونە سەبارەت بە دەستاودەستکردنی دەسەڵات، جا ئەوە لەناو خودی حیزبەکاندا بێت، یان لەناو حوکمڕانیدا. ئەنجامی ئەوە، دەبینین لە زۆربەی ئەو وڵاتانەدا چەندین یاساو ڕێسا هەن بۆ ڕوونکردنەوەی میکانیزمو ڕێگای گەیشتنە پلەکارو پۆستە جۆربەجۆرەکانی دەسەڵات لە هەموو بوارو کایەکانداو گەلێک شێوازی ڕوون هــەن بــۆ ڕێگرتن لە مەیین و ڕەقهەڵاتنی ژیانی سیاسیو پاوانکردنی بڕیارسازی لەلایەن کەس و توێژی دیاریکراوەوە. بەو جۆرە لە وڵاتە پێشکەوتوەکاندا بەردەوام، بەپێی ڕێساو میکانیزمی تایبەتی، خولەهەڵبژاردن لەناو حیزبەکان و حوکمڕانیدا ئەنجامدەدرێت، هەمیشەش ئەو کەس یان حیزبانە هەڵدەبژێردرێن بۆ ڕابەرایەتیکردن، کە شایستەو لێهاتوون، جێی متمانەنو خاوەن پرۆژەی گۆڕانکاریو پەرەپێدانی تایبەتین.

## دەستاودەستکردنی دەسەڵات چییە؟

دەستاودەستکردنی دەسەڵات، مانای ئەوەیە هیچ کەسێک بۆ هەتاهەتایە لە سەرکردایەتیی حیزبێکدا نەمێنێتەوەو هیچ حیزبێکی سیاسیش بەردەوام دەسەڵاتی بەدەستەوە نەبێت، بەڵکو سەرکردەگەلی نوێ جێی سەرکردەکانی پێشووی حیزب بگرنەوەو حیزبی دیکەش جڵەوی حوکمڕانی بکات. ئەمەش پشتئەستوور بە پرنسیپی فرەلایەنیی سیاسیو بەدەستهێنانی کەمایەتیو زۆرایەتی لە پرۆسەی دیموکراسیدا. دەستاودەستکردنی دەسەڵات گوزارشتکردنە لە خواستو خەونی تاک و پێکهاتەکانی کۆمەڵگە، بۆ بەشداریکردن لە بنیاتنانی داهاتووداو بۆ گرتنەئەستۆی بەرپرسیارێتی. هەروەها دەربڕی حەزی مرۆڤەکانە

بۆ ڕزگاربوون لە ڕۆتین و ڕەقهەڵاتن، کە ئەنجامی بەردەوامبوونی دەسەڵاتدارێتی تاکەکەس لە حیزبداو قۆرخکردنی تاکەحیزب لە حوکمڕانیدا دێتەئاراوە. دوو میکانیزم یان ڕێگە بۆ دەستاودەستکردنی دەسەڵات لەئارادان: ئاشتیخوانەو توندوتیژانە. دەستاودەستکردنی ئاشتیخوازانە لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوەو پشتئەستوور بە پلورالیزمی سیاسیو بەپێی ویستو خواستی هەڵبژێرەکان دەبێت، دەستاودەستکردنی توندوتیژانەش بۆ ناچارکردنی ئەو سەرکردەی حیزبانە یان دەسەڵاتدارانەی حوکمڕانییە، کە مل بۆ پرۆسەی دیموکراسی نادەنو دەیانەوێت زۆرەملێیانە سەرکردایەتی حیزب یان سەرۆکایەتی دەسەڵات پاوانبکەن.

## قەیرانی دەستاودەستکردنی دەسەڵات:

ئەگەر بڕوانینە دەستاودەستکردنی دەسەڵات لە کوردستان، ئەوا دەبینین ڕەقهەڵاتنێکی سیاسیی کوشندە لە سەردەمێکی پڕ لە گۆڕانکاریی خێردا باڵی کێشاوە بەســەر کۆمەڵگەدا، چونکە زۆربەی سەرکردەی حیزبەکان بۆ ماوەی زۆر درێژ، کە هەندێک جار دەگاتە ڕادەی مردن یان پیریی و پەککەوتەبوون، لە سەرکردایەتیدا دەمێننەوە، یان چەند حیزبێکی دیاریکراو حوکمڕانیان قۆرخکردوەو دەرفەتیان بۆ ئەوانی دیکە نەهێشتۆتەوە. ئەنجامی ئەوەش ململانێی توندوتیژی ئاشکراو دەمامکراو لەناو حیزبەکاندا سەریانهەڵداوە، کە هەندێک جار گەیشتۆتە ڕادەی پێکهێنانی تەکەتولی دیاریکراو لەناو جەســتەی حیزبدا، یان لێکترازان و جیابوونەوە، کە بوونەتە مایەی هەڕەشەکردن لە ژیانی حیزب و داهاتووی کۆمەڵگە. هەروەها شەڕی پێگەو پایەداری لەناو کایەی کۆمەڵایەتیدا سەریهەڵداوە، کە تیایدا حوکمڕانی جەغت لەسەر ئامادەبوونی خۆی لە گۆڕەپاندا دەکاتەوە. ئەمەش نەک لە ڕێگەی ئەو خزمەتگوزاریانەوە کە پێشکەشیان دەکات بە کۆمەڵگە یان ئەو دەستکەوتانەی دەیانهێنێتەدی، بەڵکو لە ڕێگەی پەراوێزخستنو سەرکوتکردنی حیزبە نەیارەکانو تەسککردنەوەی مەودای جوڵەیانو توندوتۆڵکردنی مۆنۆپۆڵکردنەوە. لایەنە بێبەشەکانیش (بێبەشکراوەکان) لە ڕێگەی کێشەدروستکردنو خولقاندنی گرفتی جۆربەجۆرو توندوتیژیی دەمامککراوەوە گوزارشت لەخۆیان بکەنو خۆیان لە پەراوێزخستنو فەرامۆشکردن بپارێزنو بەشداریکردن لە ژیانی سیاسیو گشتیدا مسۆگەربکەن.

ئەم دۆخــەی کوردستان گوزارشتکردنە لە دەستوستان لەئاست چەسپاندنو گشتاندنی کولتورێکدا، کە ڕێزی پرنسیپی دەستاودەستکردنی دەسەڵات لە کایەو

پێکهاتە جۆربەجۆرەکاندا دەگرێتو ئیشکالییەتێکی زۆر مەترسیداری خستۆتەوە، کە بۆتە هۆی بەفیرۆدانی تواناو وزە تاک و بەکۆمەڵەکانی کۆمەڵگە. بەواتایەکی دیکە، هەتاکو پرۆسەی دەستاودەستکردنی دەسەڵات لە کوێرەڕێگەدا بێت و دەرفەتەکانی دەستاودەستپێکردنی دەسەڵات لەنـــاو حیزبەکان و حوکمڕانیدا سنووردار‌بێت، ئەوا سەرەنجام پەککەوتەبوون یان پارچەپارچەبوون چارەنووسی حیزبەکان دەبێت، ستەمکاریو هاتنەئارای ناوەندەکانی پایەداری چارەنووسی حوکمڕانی دەبێت. سەرەنجامیش سەقامگیربوونو پەرەپێدانی کۆمەڵگە ئامادە نابن (غائیب دەبن).

هەر حیزبێکی سیاسی یان حوکمڕانیەک باوەڕی بە دیموکراسی (وەک شێوازی حوکمڕانی و ژیان) هەبێت، پێویستە باوەڕی بە پرنسیپی دەستاودەستکردنی ئاشتیانەی دەسەڵات هەبێت. چونکە دیموکراسی سیستەمێکە -بە یەکێک لە دەربڕینەکان- لەسەر چوار پێ ڕادەوەستێت: ئازادیی ڕادەربڕین، ئازادیی ڕێکخستن، سەربەخۆیی دادوەریو دەستاودەستکردنی ئاشتیانەی دەسەڵات. بۆیە ناکرێت بەبێ دەستاودەستکردنی ئاشتیخوازانەی دەسەڵات قسە لەسەر دیموکراسی، مافەکانی مرۆڤ، ڕێزگرتن لە مافی ئەوی دیکەی جیاواز بکەین. بۆ کارکردن بەو پرنسیپەش، ڕاستە بوونی خولەهەڵبژاردن لە کاتی خۆیدا گرنگ و جەوهەرییە، بۆ هێنانەدیی دەستاودەستکردنی ئاشتیانەو دیموکراتیانەی دەسەڵات لەناو حیزبەکان و حوکمڕانیدا، بەڵام بوونی سەرکردەی هەمەجۆری حیزبیو فرەلایەنیی سیاسیی ڕاستەقینەو کێبڕکێی بەکردەوەی نێوان سەرکردەکان لەناو حیزبێکداو حیزبەکان لەناو حوکمڕانیدا، گرنگو هەستیارە. چونکە دەستاودەستکردنی ڕاستەقینە لەناو حیزبێکدا نایەتەدی، کە تاقە سەرکردەیەک یان دەستەبژێرێکی سەرکردە جڵەویدەکەن و دەستاودەستکردنی ڕاستەقینە لە حوکمڕانیەکیشدا دروست نابێت، کە حیزبێک یان هاوپەیمانیەتێکی بەرتەسکی دیاریکراو بۆ ماوەی درێژ کۆنترۆڵیدەکات.

سەرکردەی حیزبەکانو حوکمڕانەکانی کوردستان دەبێت ئەوەیان لا ڕوون بێت، کە ئەندامەکانی حیزبەکانیانو گەلەکەمان، وەک ئەندامی حیزب و گەلانی دیکەی دنیا، حەز بەو گۆڕانکارییە پۆزەتیڤە سودبەخشانە دەکەن، کە دەبنە هۆی بنیاتنان نەک وێرانکردنو پێیان خۆشە ئەو سیاسەت و دەموچاو پلانانە بگۆڕن، کە واقیع و ڕووداوەکان سەلماندویانە بنیاتنەرو یەکخەرو پەرەپێدەر نەبوونو چاویان بڕیوەتە ئەوەی ئازادانە سەرکردەیەک لەناو سەرکردەکاندا هەڵبژێرێت

کە متمانەی پێ دەکەنو دڵنیان لە لێهاتوویی‌و سەرڕاستیی، بەرنامەیەک لەناو بەرنامە جۆربەجۆرەکاندا هەڵبژێرن، کە بەدڵنیاییەوە دەیانگەیەننە کەناری ئارامی‌و پێشکەوتن و پەرەسەندنو چاکسازیی بۆ دەستەبەردەکەن.

## دەستاودەستکردنی دەسەڵات و چاکسازیی سیاسی:

دەستاودەستکردنی ئاشتیخوازانەی دەسەڵات، بەبێ چاکسازییەکی سیاسیی هەمەلایەن، کە دەکەوێتە ئەستۆی حوکمڕانی‌و کۆمەڵگەی مەدەنی‌و دامەزراوەکانی کەرتی تایبەت، مەیسەرنابێت. چاکسازییەک کە دەبێتە هۆی بنیاتنانی سیستەمێکی دیموکراتیانە، جێگیرکردنی ئازادیی وەک بەهایەکی بنچینەیی، هێنانەدیی سەروەریی بەکردەوەی میللەت، کە لە ڕێگەی فرەلایەنیی سیاسی‌و ئاڵوگۆڕکردنی دەسەڵاتەوە حوکمی خۆی دەکاتو پشت بە ڕێزگرتن لە مافەکانی بیرکردنەوەو دەربڕین و ڕێکخستن دەبەستێت.

گۆڤاری هەفتانە ژمارە (٤٣) ١٩-٢٥ نیسانی ٢٠٠٩

## دیموکراسیی سیاسی بڕبڕەی پشتی چاکسازییە

کۆمەڵگەکەمان ئیمڕۆ گیرۆدەی دەستی پاشکەوتوویی و ستەمکارییە. پاشکەوتوویی و ستەمکاری -وەک هۆو ئەنجام- دیوی دوەمی پێشکەوتنو دیموکراسین، چونکە دیموکراسی مەرجی پێشکەوتنو مسۆگەرکاری بەردەوامیەتی، پێشکەوتنیش مەرجی خونچەکردنو گەشەکردنی دیموکراسیە. ململانێی ئیمڕۆی کۆمەڵگەی کوردستان لەنێوان هێزە پێشکەوتنخوازە- داهاتووخوازەکانو هێزە موحافەزەکار- کۆنەپەرستەکاندایە، بەرجەستەکاری ناکۆکیی بنچینەیی نێوان پاشکەوتوویی‌و پێشکەوتنە. لێرەدا هۆکاری بڕیاردەری سەرکەوتنی هێزەکانی پێشکەوتن، بەدەستهێنانی هۆشیارییە بەرامبەر بە دیموکراسی‌و پێڕەویکردنی پرۆژەی گەشەپێدانی کۆمەڵگەکەمان.

پاشکەوتوویی کورد لە تێڕوانینی مرۆڤی کورددا، بۆ خۆی‌و ڕابردووەکەی، بۆ مێژوو و کەلەپوورەکەی، بەدەردەکەوێت. لە هەڵوێستیدا بەرامبەر بە سروشت، کۆمەڵگەو مرۆڤ و حوکمڕانیدا ئاشکرادەبێت. لە تێڕوانینیدا بۆ گەردوون، دنیاو بزووتنەوەی پێشکەوتنی مرۆڤایەتی‌و هەڵوێستی بەرامبەر بەوی دیکە دەکەوێتەڕوو. لە دەستەپاچەیی میللەت لەئاست جڵەوکردنی توانستو داهاتەکانو ئاڕاستەکردنی وزەو تواناکان ڕوەو ڕێگەی پێشکەوتنو نائامادەیی تێڕوانینێکی ستراتیژیانەی ئەقڵانیکراوە بە ڕووی سەردەمو جیهاندا دەردەکەوێت.

دیموکراسی، بەو پێیەی دژی ستەمکارییە، لە دەرەوەی چوارچێوەی پرۆژەی پەرسەندنی کۆمەڵگە هیچ مانایەکی نییە. لەم چەند ساڵەی دواییدا زۆر بابەتو لێکۆڵینەوە لەسەر دیموکراسی نووسراونو کۆڕو کۆبوونەوەش بۆ گفتوگۆکردن لە بارەیەوە سازدراون، بەڵام زۆربەیان دووچاری تێڕوانینی یەکلابینانە، یان پارچەپارچەخوازانە بوون. بۆیە نەیانتوانیوە دەرک بە گرنگی و پێگەی دیموکراسی بکەن لە ڕەوتی گەشەکردنی مێژوویيداو دەستەوستانبوون لەئاست دۆزینەوەی ڕۆڵی بڕیاردەرانەی هۆشیاریی دیموکراتیانە، عەلمانی، گەردوونی‌و مێژوویيدا

بــۆ ڕەتکردنــی پاشــکەوتــوویی و زەبــروەشــاندن لــە پێگــەکانی ستەمکاری.

قەیرانی هەنوکەیی کۆمەڵگەکەمان، قەیرانی سیاسەتە، قەیرانی کۆمەڵگەو کۆمەڵگەی مەدەنیو شکستەخواردنی هەوڵدانەکانە بۆ نوێکردنەوەی کۆمەڵگەو دیموکرتیزەکردنیو بنیاتنانی فەرمانڕەوایی هەق، یاساو دامەزراوەکان. جا ئەگەر ئێمە لەگەڵ دیموکراسی سیاسیدا بین، ئەوا دیموکراسی لە بنچینەدا لە کۆمەڵگەیەکی پاشکەوتوودا، نەک دژی حوکمڕانی نییە، بەڵکو دژی نەبوونی حوکمڕانییە، بەوپێیەی شۆڕشی ڕاستەقینە دژی حوکمڕانی نییە. بۆیە ئاخاوتن سەبارەت بــە دیموکراسیی سیاسی دەبێت لە ڕەوتی دۆزینەوەی هۆو هۆکارو ڕەگو ڕیشەکانی ئەو قەیرانەدا بێت. لێرەشدا دیاریکردنی بابەتەکە، لە سنووری دیموکراسیی سیاسیدا، گرێدراوی چەند مەسەلەیەکە:

## دیموکراسیی سیاسی و چەند مەسەلەیەک:

١- قووڵیو هەمەلایەنیی قەیرانی ئیمڕۆ لەئاستی سیاسیدا چڕدەبێتەوە، واتە ئەو ئاستە چۆنایەتییەی سیما، ڕووخسارو ڕادەی گەشەکردنی ئاستەکانی دیکەی تیا چڕدەبێتەوە. سەرەنجام، تێڕوانینی سیاسی (بەواتــا فراوانەکــەی) ناوەڕۆکی کۆمەڵایەتی، ڕۆشــنبیری، ئابــووری، دادوەری، بەڕێوەبــردنو پەروەردەکــردن لەخۆدەگرێتو کاتێک تاوتوێی بابەتــی دیموکراســی دەکــرێت، پێویســتە ئەو ناوەڕۆکانە لەیادنەکرێن.

٢ - ناشێت تێڕوانینێکی کۆپیکارانەمان هەبێت بۆ یەکێک لە مۆدێلەکانی دیموکراسی. یەکەم لەبەر مەحاڵیی ئەوە لە ڕووی ئەقڵیو مێژوویيو واقیعیەوە. دوەم چونکە کاریگەریی خراپی لەسەر خودی مەسەلەی دیموکراسی دەبێت.

٣- دیموکراسی-وەک چەمک و پراکتیک- یەکێکە لە دەرکەوتەکانی ئەزموونی مرۆڤایەتیو ڕەنگی سەردەمو شوێنو تایبەتمەندییە چۆنایەتییەکانی کۆمەڵگەی کارپێکەر وەردەگرێت.

٤- واقیع و مێژوو بەپێی حەزو خواستو شەوقەکان مامەڵەیان لەگەڵ ناکرێت، بۆیە دیموکراسی نایــەتــەدی، ئەگــەر هەلومەرجی بابەتیی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیری و ئابووری پێویستی نەکردبێتو نەبووبێتە پێداویستییەکی مێژوویی.

٥- دیموکراسی چەمکێکی لە دەرەوەڕا هاتوە، بۆ ئەوەی نیشتەجێبێت، پێویستە یەکەم لە بیرو پراکتیکداو لەسەر ئاستی ئەو بنەما سیاسیو ڕۆشنبیرییە نوێیانە یان ئەوانەی خۆیان بە نوێکار دەزانن ڕەنگبداتەوە، بەتایبەتی لەسەر ئاستی حیزبە

سیاسییەکان، بەوپێیەی بەرجەستەکردنی دیموکراسی لە بیرو پراکتیکی حیزبو ڕێکخراوەکاندا گرنگن بۆ چەسپاندنی لەنێو ژیانی کۆمەڵگەدا. دوەم کۆڵەکەکانی جێگیرکردنو چەسپاندنی سازبکـرێن و لە دامودەزگاو دامەزراوەکان و کۆمەڵگەدا بەرجەستەبکرێن.

٦- دیموکراسی یەکێکە لە دەروازە بنچینەییەکانی بنیاتنانی هوشیاریی گونجاوو پەرەسەندنی بزووتنەوەی جەماوەری و دامەزراندنی ڕای گشتیدا، کە زەمینە بۆ بەشداریکردنی پۆزەتیڤانەی سیاسی خۆشدەکەن، ڕێگەیەکە بۆ کۆتاییهێنان بە دۆخی گۆشەگیریی جەماوەر و ڕەتکردنی دۆخی لایەنگیریکردن و ناڕەزاییدەربڕینی نێگەتیڤانە.

٧ - ستەمکاریی سیاسی، هەرچەندە توندوتیژو بەزەبریش بێت، ناتوانێت ئۆپۆزسیۆن لەناوبەرێتو هۆکارەکانی بەرگریکردن لە ڕەگەوە هەڵکێشێت. چونکە لە سێبەری ستەمکاری و پەرەسەندنی چەوساندنەوەدا، هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن ڕواڵەتی دیکـە وەردەگرن و دووچـاری چەندیـن نەخۆشی و لادان دەبن و ڕووەو توندوتیژی هەنگاودەنێن.

لێـرەدا پێویستە هەندێ خاڵی هەڵهێنجراو بخەمەڕوو، کە ناوەڕۆک و چوارچێوەی چەمکەکەو توخمە پێکهێنەرەکانی دەخەنەڕوو:

## چەند خاڵێکی گرنگ:

-دیموکراسی چەمکێکی سیاسیەو لەدایکبووی چرکەساتێکی پێشکەوتووی مێژووی مرۆڤایەتییە، ئەو چرکەساتەی فیکر قۆناخی ئەفسانەو جادووگەرانەی ڕەتکردو گەیشتە وێناکردنی هەمەلایەن سەبارەت بەدنیاو بنیاتنانی دەوڵەتی مەدەنیانە.

-دیموکراسی چەمکێکی شارستانیانەیە، چونکە هاوکات گرێدراوی چەمکی شارو کۆمەڵگەی مەدەنییە. ئەمەش دووپاتیدەکاتەوە ئەو میللەتەی لە پرۆسەی گەشەکردنیدا ئەم ڕەوتەی بەدەست نەهێنابێت، ناتوانێت نوێنەری بەهاکانی دیموکراسی بێت و کێشەی دیموکراسیش بەدرێژایی ڕۆژگار لە ڕۆژەڤی (ئەجیندای) کارەکانیدا دەمێنێتەوە.

-دیموکراسی چەمێکی گرێدراوی ئەقلانیەتەو بەبێ بالادەستیی ئەقڵ گەشەناکات، چونکە مەنزلگەی دیموکراسی مەملەکەتی ئەقڵ و ئەقلانیەتە. لەبەرئەوەش کە ئەقڵ خاڵی هاوبەشی نێوان مرۆڤەکانی دنیایە، کە جیاوازو بێوێنەن. بەوپێیەش چەمکی

دیموکراسی فـره، جیاواز، جیاکارەو تەنانەت ناکۆکو دژ بەیەکیش دەبێت.

-ئازادی تایبەتیترین نیشانەی ئەقڵە، بۆیە دیموکراسی ئیشکالیەتگەلێک لەخۆدەگرێت، کە لە خودی «کێشەی ئازادی»یەوە سەرچاوەدەگرن، ئەگەرچی گەلێک بیریار دیموکراسی تەنیا لە سیستەمی حوکمڕانیدا گیریدەکەن. هەروەها چەمکی دیموکراسی بێ چەمکی مرۆڤ - وەک جڵەوکاری سروشت و پێوانەی بەهاکانو ئامانجی گەشەکردن- ڕاست و دروست نابێت.

-دیموکراسی بەشداریکردنی سیاسی، واتە بەشداریکردنی ئازادانەی مرۆڤە لە دروستکردنی ئێستاو داهاتووی خۆیداو هەڵبژاردنی شێوازی ژیانو سیستەمی حوکمڕانیو ئاقاری گەشەکردنی خۆی لەخۆدەگرێت. هیچ تاک، کۆمەڵ، چین یان میللەتێک ناتوانێت بەختەوەری بەسەر کەسانی دیکەدا بسەپێنێت و خودی بەختەوەری لەناونەبات.

-دیموکراسی دژی ئەوەیە کەمایەتییەک دەسەڵات قۆرخبکات، چونکە دیموکراسی لە هەندێ ڕووەوە هاوواتای حوکمڕانیی زۆرایەتیو ڕەتکردنەوەی قۆرخکردنی حوکمڕانییە لەلایەن کەمایەتیەکەوە. کەواتە چەمکی دیموکراسی پێویستی بە چەمکی کەمایەتی- زۆرایەتی هەیە لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتیو سیاسیو مەسەلەی ئۆپۆزسیۆن نەک هەر ڕەوادەکات، بەڵکو پێویستیدەکات.

-دیموکراسی لەو کۆمەڵگەیانەدا پێویست دەبێت، کە کۆمەڵگەی کار، بەرهەمهێنان، هۆشیاری، پێشکەوتن و ژیوارن. لێرەدا کۆمەڵگە بەرخۆرەکان ناتوانن دیموکراسی هەرسبکەن و هەست ناکەن پێداویستیەکی گرنگە. دەرکیش بەوە ناکەن هێز، یەکگرتنی ناوەکی، پێشکەوتنو پەرەسەندن گرێدراوی دیموکراسین.

کەواتە دیموکراسیی سیاسی مەرجێکی بنچینەییە بۆ پاراستنی زیندوێتی کۆمەڵگەو چالاکیی سیاسیو ڕاستو دروستیی پەیوەندیی نێوان حوکمڕانیو خەڵک، دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن، کەمایەتی و زۆرایەتی. بۆیە بڕبڕەی پشتی هەر چاکسازییەکە لە کوردستان ڕووبداتو لە پێشەوەی ئەرکەکانی سەرشانی هێزە سیاسیەکان و ڕۆشنبیرانی کوردستانە.

گۆڤاری هەفتانە ژمارە (٤٤) ١١ نیسان- ٢ مایس ٢٠٠٩

## هەڵبژاردن لوتکەی دیموکراسییە

لە جیهاندا نزیکەی ملیاردێک مرۆڤ بەشداریدەکەن لە هەڵبژاردنەکاندا، بەمەبەستی دەستنیشانکردنی نوێنەرەکانی خۆیان بۆ دامەزراوەکانی یاساسازیو بڕیارسازی. پاش ئەو شەپۆلی گۆڕانکارییە دیموکراتییەی لە ماوەی بیست ساڵی پێشودا دنیای تەنیوەتەوە، لە زۆر ناوچەی جیهان جۆرەها هەڵبژاردن ئەنجامدەدرێن، بەڵام وەک دەردەکەوێت تەنیا نیوەی وڵاتەکانی دنیا هەڵبژاردنی دیموکراتیانەیان بەخۆوە بینیوەو هەڵبژاردنەکانی دیکە دیموکراتیانە نەبوون، چونکە حوکمڕانەکان پەرەیانداوە بە ئامرازو شێوازەکانی گەمەکردن بە پرۆسەی هەڵبژاردنەکان. ئەوەش بە مەبەستگەلێک، کە ئامانجی هەڵبژاردنی دیموکراتیانە نەبوون، وەک ڕەوایەتیدانەوە بە حوکمڕانی، کەمکردنەوەی ئەو فشارانەی داوای چاکسازی و ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ دەکەن.

لە کوردستانیش هەڵبژاردنەکانی پێشوو نەک نەبوونەتە هۆی گۆڕانکارییەکی دیموکراتیانەی ڕاستەقینە، بەڵکو گوێزانەوەی دیموکراتیانەشیان بەرهەم نەهێناوە. سەرەنجام دیموکراسی و پلورالیزمی حیزبیی ڕواڵەتکارانە بوونەتە ئاستەنگی بەردەم تێپەڕاندنی دابەشبوونی تەقلیدیی حوکمڕانی و هۆی سەرهەڵدانی «دیموکراسیی ڕواڵەتکارانە» یان «حوکمڕانیی نیمچە دیموکراسی». ئێستاش باسی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان گەرموگوڕەو هەموان بە پەرۆشو ورياييەوە تێیدەڕوانن. بۆیە دەربڕینی ئەم قسانە دەربارەی هەڵبژاردنی دیموکراتیانە بەپێویست دەزانم.

هەڵبژاردنی دیموکراتیانە کۆڵەکەیەکی سەرەکیی دیموکراسییە، چونکە دیموکراسی کۆمەڵێک کارڕاییو دامەزراوەیە، کە بەهۆیانەوە - ئەنجامی پێشبڕکێی ئازادانە - تاکەکان بەشداریدەکەن لە بڕیارسازیداو پێویستە پێش ئەنجامدانی، ئازادیو مافە دیموکراتییەکان دەستەبەرکرابن. کەواتە ڕیزبەندیی مەسەلەکان بەم جۆرەیە: ئازادیی بەدەستهێنانی زانیاری، ئازادیی دەربڕین، ئازادیی ڕێکخستنو پێکهێنانی دامەزراوەی سەربەخۆ، ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئازادانەی سەرڕاست، کە لوتکەی دیموکراسییە، نەک دەستپێکی دیموکراسی.

## هەڵبژاردن و چەند مەجێک:

هەڵبژاردنی دیموکراتیانە گرێدراوی ئەم مەرجانەیە:
- بوونی مافی دەنگدانی گشتی بۆ هەر هاوڵاتییەکی پێگەیشتوو.
- خولیبوونو ڕێکوپێکیی هەڵبژاردنەکان.
- بێبەش نەکردنی هیچ گرووپێک لە پێکهێنانی حیزبی سیاسی و خۆپاڵاوتن بۆ پۆستە سیاسییەکان.
- بوونی مافی پێشبڕکێکردن لەسەر کورسییەکانی ئەنجومەنی یاسادانان.
- ئازادیی بەڕێوەبردنی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن بەشێوەیەک، کە یاسا تیایاندا پێشێل نەکرێت و توندوتیژی دژی هەڵبژێرەکان بەکارنەهێنرێت.
- تواناسازکردنی هەڵبژێرەکان بۆ دەنگدان لە کەشێکی پڕ ئازادیدا.
- پاڵاوتنی دەنگەکان و ڕاگەیاندنی شەفافانەیان و تواناسازکردنی سەرکەوتوەکان بۆ پۆستەکانیان.

ناوەڕۆکی هەڵبژاردنی دیموکراتیانە بەدەوری دوو پێوانەی سەرەکیدا دەخولێتەوە: ئازادیی هەڵبژاردن و سەرڕاستی پرۆسەی بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنەکان. ئەزموونە هاوچەرخەکان هێما بۆ ئەوە دەکەن، کە هەڵبژاردنە دیموکراتییە پێشبڕکێخوازەکان تەنیا لە حوکمڕانیی دیموکراتیانەدا ڕوودەدەن، چونکە هەڵبژاردن یەکێکە لە میکانیزمە سەرەکییەکانی کارپێکردنی دیموکراسی، نەک ئامانجێک بە خودی خۆی. هەروەها هەڵبژاردنی دیموکراتیانە مەرجێکی پێویستە، نەک تاقەمەرجێک، بۆ حوکمڕانیەکی دیموکراتیانە، بەوپێیەی تەنیا ئەنجامدانی هەڵبژاردنی دیموکراتیانە مانای ئەوە نییە حوکمڕانی دیموکراتییە.

## پێداویستییەکانی هەڵبژاردنی دیموکراتیانە:

ناوەڕۆکی سیستەمی حوکمڕانیی دیموکراتیانە بریتییە لە ڕێکخستنی پرۆسەی بڕیارسازی و کارکردنی دامەزراوەکانی حوکمڕانی، تواناسازکردنی هاوڵاتیان بۆ بەشداریکردن لە پرۆسەی بڕیارسازیدا، ڕێکخستنی پەیوەندیی نێوان دامەزراوەکانی حوکمڕانی و هاوڵاتیان. ئەمانە ئەو سێ مەسەلەیەن، کە دەستووری وڵاتێک لەخۆیان دەگرێت. ئەو دەستوورەی، ئەگەر یاساکانی پێڕەویکران، ئەوا دەکرێت بەو سیستەمە بوترێ دیموکراتی. لێرەدا دەکرێت ناوەڕۆکی ئەو چوارچێوە دەستوورییە بەم شێوەیە پوخت بکەینەوە:

١- ڕێکخستنی پرۆسەی بڕیارسازی و کاری دامەزراوەکانی حوکمڕانی لە ڕێگەی

پشتبەستنەوە بە دەسەڵاتی یاسا. واتە کۆنترۆڵکردنی دەسەڵاتی حکومەت بەهۆی دەستورێکەوە، کە حوکمڕان و حوکمڕانیکراو وەک یەک ملکەچی دەبنو میکانیزمی دیاریکراو بۆ بڕیارسازی و لێپێچینەوە دەستەبەردەکات و سیستەمێکی دادوەری سەربەخۆ بۆ پاراستنی پرنسیپی دەسەڵاتی یاساو ئازادی و مافەکانی تاکەکان دادەمەزرێنێت. ئەمە وێڕای مسۆگەرکردنی ملکەچ نەبوونی ساسیەتمەدارە هەڵبژێراوەکان بۆ دەسەڵات و چاودێری هیچ دەستەیەکی هەڵنەبژێراو. هەروەها پرنسیپی لێک جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانی یاسادانانو جێبەجێکردنو دادوەریو ڕاگرتنی هاوسەنگیی نێوانیان.

٢ –تواناسازکردنی هاوڵاتیان بۆ بەشداریکردن لە بڕیارسازیداو پێڕەوکردنی پرنسیپی دەستاودەستکردنی ئاشتیخوازانەی دەسەڵاتو دابینکردنی مافی گشت هێزە سیاسییەکان بۆ پێشبڕکێکردن لەسەر کورسییەکانی دەسەڵات، پشتئەستوور بە پرنیسیپی «میللەت سەرچاوەی دەسەڵاتە»و حکومەت کار بەدەسەڵات دەکات بۆ هێنانەدیی بەرژەوەندیی گشتیی هاوڵاتیان، نەک بەدەستهێنانی بەرژەوەندیی توێژێک یان حیزبێک.

٣ –ڕێکخستنی پەیوەندیی نێوان دامەزراوەکانی حوکمڕانی و میللەت لەسەر بنچینەی هاوڵاتیبوون، واتە بوونی گشت ماف و ئەرکەکان بۆ هەموو توێژەکانی کۆمەڵگە، بەبێ جیاوازی و بوونی دەرفەتی یەکسان بۆ بەشداریکردن لە بڕیارسازیدا. هەروەها بوونی زامنکارییەکان بۆ ئازادییە تاکەکەسییەکانو مافە سیاسیو ئابووریو سیاسییەکانو دابینکاریی دەستوریو یاسایی بۆ پاراستنی ئازادییو مافەکانی کەمایەتییەکانو توێژە لاوازەکانی کۆمەڵگە.

## مەبەستەکانی هەڵبژاردنی دیموکراتیانە:

هەڵبژاردن بۆ خۆی ئامانجێک نییە، بەڵکو میکانیزمێکە بۆ هێنانەدیی چەند ئامانجێکی پایەدار، گرنگترینیان:

١ –گوزارشتکردن لە پرنسیپی «میللەت سەرچاوەی دەسەڵاتەکانە»و جێبەجێکردنی میکانیزمی نوێنەرایەتیکردنی پەرلەمانتارانە، بە دەرفەت ڕەخساندن بۆ گشت هەڵبژێرەکان بەمەبەستی کارکردن بەیەکێک لە شێوازەکانی بەشداریکردن لە بڕیارسازیدا، کە دەنگدانی گشتییە.

٢ –هەڵبژاردنی حوکمڕانەکان بۆ نوێنەرایەتیکردنی میللەت.

٣ –چارەسەرکردنی ململانێ سیاسییەکان بەشێوازی ئاشتیخوازانە.

٤-دەستەبەرکردن و نوێکردنەوەی ڕەوایەتیی سیاسی، بەوپێیەی هەڵبژاردنەکان ڕەوایەتی بـۆ حکومەتی هەڵبژێراو دابیندەکەن، یان ڕەوایەتی نوێ دەبەخشنەوە حکومەتی پێشوو.

٥- لێپرســـینــەوە لـــە حوکمڕانــەکــان، بەوپێیەی ئامانجێکی هەڵبژاردنەکان لێپرسینەوەو لێپێچینەوەیە، جا ئەوە لە ڕێگەی هەڵسەنگاندنی پرۆژەکانی لایەنە پێشبڕکێخوازەکانەوە بێـت پێـش هەڵبژاردن، یـان خەڵاتکردن و سازدانی ئەو سیاسیانە بێت، کە خولی پێشوی هەڵبژاردنەکانیان بردۆتەوە.

٦- گۆشـکردنی سیاسی، چونکە هەڵبژاردنەکان سەرچاوەیەکی سەرەکین بۆ مۆبیلیزەکردنی سیاسیو ئامڕازی گرنگن بۆ بەشداریکردنی سیاسی. بۆیە ئەو وڵاتانەی هەڵبژاردن تیایاندا ناکرێت یان درەنگ دەکرێت، توانای نوێکردنەوەی کۆمەڵگە تیایاندا ئەستەمەو توخمی نوێ ناگەنە حوکمڕانیو ناوەندەکانی بڕیارسازیو بۆ ماوەی درێژ لە ســـایەی دەســـەڵاتی حیزبێک، گرووپێک یان سەرکردەیەکدا ژیان دەباتەسەرو دەرفەت لەبەردەمی چەندین نەوەدا نابێت بەشدارییبکات لە بڕیارســـازیــدا.

٧-ڕۆشنبیرکردنی سیاسی، بەوپێیەی هەڵبژاردنەکان هاوڵاتیان هۆشمەنددەکەن دەربارەی کارە گشتی و مەسەلە سیاسییەکان. ئەمەش لە کات و پێش ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان و لە ڕێگـــەی ئامڕازەکانی ڕاگەیاندن و ئاشکراکردنی بەرنامەکانی هەڵبژاردنەکانــەوە.

## پێوانەی ئازادیی و سەرڕاستیی هەڵبژاردنەکان:

پێوانەی ئازادی، مانای ڕێزگرتنە لە ماف و ئازادییە سیاسییە بنچینەییەکانو یەکێکـــە لـــە پێداویستییەکانی هەڵبژاردنی دیموکراتیانـــە و چەنـد ڕەهەندێک لەخۆدەگرێت: یەکەم/ ئەنجامدانی هەڵبژاردن لە سێبەری دەسەڵاتی یاسادا، واتە دەســـەڵات بەپێی ڕەوایەتی بجوڵێتەوەو هەموان بەپێی یاسا، نەک سەروەریی سەرکردەو سەرۆکەکان، هەنگاوبنێن و ملکەچی یاســـاکان بـــن، نـــەک بڕیارە تاکەکەسییەکان. دوەم/ بوونی پێشبڕکێ لە هەڵبژاردنەکاندا، کە دوو مەسەلە لەخۆدەگرێت: پێوانەی چەندایەتی ڕووت، واتە قەتیس نەکردنی هەڵبژاردنەکان لە تاقە کاندیدکراوێکدا، وەک ئەوەی سیستەمە سەرتاپاگیرەکان. پێوانەی چۆنایەتی، واتە پێویستیی بوونی ئەڵتەرناتیڤی هەمەجۆر بۆ پێشبڕکێی هەڵبژاردنەکانو زیاتر لە کەس و بەرنامەیەک لەبەردەم دەنگدەردا. چونکە لێکچوون یان نزیکی بەرنامە

حیزبییەکان ڕادەی پێشبڕکێ کەمدەکاتەوە. سێیەم/ زامنکردنی ئازادیی زانیاری، دەربڕین، کۆبوونـەوەو ڕاگەیانـدن. چوارەم/ ئازادیـی پێکهێنانی ڕێکخراوگەلی سیاسیی سەربەخۆ لـە دەسـەڵاتی جێبەجێکردن و نەبوونی پێبەندیی ڕەسمیو بەکردەوە لەسەر دامەزراندنی ئەو ڕێکخراوانە و پێشبڕکێی نێوانیان.

پێوانەی سەرڕاستیش گرێدراوی بێلایەنی ئەو دەستانەیە، کە سەرپەرشتیی هەڵبژاردنەکان دەکـەن، لـە کاتی دەنگدانـەوە بیگرە تاکو دەگاتە پاڵاوتنی دەنگەکانو ڕاگەیاندنیان. گرنگترین پێوانەکانی سەرڕاستیش بریتین لە:

١/ بوونی مافی دەنگدانی گشتی. ٢/ تۆمارکردنی دەنگدەرەکان بەشێوەیەکی شەفافو بێلایەن. ٣/ بێلایەنیی سیاسی ئەوانەی سەرپەرشتی هەڵبژاردنەکان دەکەن. ٤/یاسایەکی هەڵبژاردنی دادپەروەرانەو کاریگەر. ٥/خولیی هەڵبژاردنەکان.

گۆڤاری هەفتانە ژمارە (٤٤) ٣-٩ مایس ٢٠٠٩

## کاری ڕۆشنبیر بانگەشەکردن نییە بۆ لایەنێکی سیاسی

سەبارەت بە هەڵوێستی ڕۆشنبیران لە سەردەمی هەڵبژاردنەکانی کوردستاندا، سەرەتا پێویستە ئیشکالییەتی پێناسەی ئەو توێژە چارەسەربکرێت، چونکە «ڕۆشنبیر» خەسڵەتێکە لای ئێمە دەبەخشرێتە هەرکەسێک سەر بە توێژی خوێندەوارەکانە، بەتایبەتی ئەوانەی خوێندنی پەیمانگە و زانکۆیان تەواوکردوە، یان بەردەوامن لەسەر خۆڕۆشنبیرکردن، لە ڕێگەی بەرهەمەکانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە، بۆ بەدەستهێنانی زانیاریی گشتی دەربارەی هەمووشتێک. ئەم توێژە خوێندەوارەی لە ڕوانگەی جەماوەر و دەسەڵاتەوە توێژی ڕۆشنبیر پێکدێنێت، گەورەترین توێژی کۆمەڵگەیە، کە حوکمڕانی پشتی پێ دەبەستێت، بۆ ڕاییکردنی ئیشەکان و بەڕێوەبردنی کاروبارەکانیو پێگەی ناوەندی نێوان جەماوەرو دەسەڵاتە، مەیلی جەغتکردنەوە لەسەر ڕۆتینی ڕۆژانەو بەهانەهێنانەوەی هەیە بۆ فرمانو بڕیارەکانی سەروتر، بەهەموو ڕێگەو شێوازێک دەچێت بەگژ هەر نوێکردنەوە یان گۆڕانکارییەکدا، لەو کاتەدا نەبێت کە لەلایەن دەسەڵاتە باڵاکانەوە ئاڕاستەدەکرێتو ئامادەیە بۆ ساختەکردنی ڕاستییەکان و هەڵخەڵەتاندنی جەماوەر.

لەڕاستیدا ڕۆشنبیر ئەو کەسەیە، کە بەرهەمهێنی مەعریفەیە، بەقوڵی مامەڵە لەگەڵ بیروڕا ڕوتەکان دەکات و بەرهەمیاندێنێت و پێکەوەیان دەبەستێت. هەروەها داهێنەرە، بەدوای حەقیقەتدا دەگەڕێت، هەڵوێستی ڕەخنەگرانەی هەیە بەرامبەر بە بیروڕاکانی خۆیو بیروڕای گرووپە جۆربەجۆرەکانی کۆمەڵگە، دەروەستە بە بەهابەرزە مرۆڤایەتیەکانەوە، تایبەتمەندانە بایەخدەدات بە مەسەلە گشتییەکانو ئاڕاستەکردنی ڕای گشتی، بەمەبەستی کاریگەریخستنە سەر کۆمەڵگەو دەسەڵاتو هێنانەدیی بەها بەرزەکانو دۆزینەوەی شێوازی دەستەبەرکردنی ئازادیی مرۆڤ لەلایەن کۆمەڵگەوە. ئینجا سەربەخۆیەو ماوەیەک دەخاتە نێوان خۆیو دەسەڵاتەوە، هەتاکو بتوانێت تێڕوانینێکی بابەتیانەی هەبێت.

لە ڕۆژگاری ئیمڕۆدا، پێویستە ڕۆشنبیر بەردەوامبێت لەسەر بەرهەمهێنانی

مەعریفە، واتــە ڕۆڵی داهێنەرانەی هەبێت لە بەرهەمهێنانی فیکرو مەعریفەسازیدا، بەتایبەتی دەربارەی مافەکانی مرۆڤ، دیموکراسی، کۆمەڵگەی مەدەنی، هەڵبژاردن‌و پەرلەمان و ڕووبکاتە خوڵقاندنی واقعێکی ڕۆشنبیریی جیاوازو بەرهەمهێنانی تێڕوانینی نوێ و گۆڕینی شێوازی بیرکردنەوەو داهێنانی کارپێکردنی فیکریی سەردەمیانـە، چونکە ئەوە کاری بنەڕەتیی ڕۆشنبیرەو کارەکانی دیکەی سەردەمی هەڵبژاردنەکان، ئەو شتانەن کە دەچنە سەر کارە بنەڕەتییەکەی، وەک چۆن پزیشک یان ئەندازیار هەندێک شت لەبەر دەروەستیی خەباتکارانە دەخاتە سەر کارەکانی پیشـــەکەی خۆی. لێرەشدا بەرهەمهێنانی مەعریفە، مانای گۆشەگیری‌و دابڕانی ڕۆشــنبیر نییــە لە کۆمەڵگەکەمــان و ڕووداوەکانی، داماڵینیشی نییە لە دەروەستی، بەڵکو ئەوە بۆ خۆی دەروەســتبوونە بە: هێڵی ئەقڵ‌و بەرهەمهێنان‌و داهێنان، خەبــات دژی نەفامی و نەخوێندەواری و خورەفەکاری، تێکۆشان دژی ستەمکاری و چەپاندن و سەرکوتکردنی ئازادیی دەربڕین و لێکۆڵینەوەی زانستی، خزمەتکردنی کۆمەڵگە لە ڕێگەی کەڵەکەکردنی مەعریفەوە، کە مەرجی سەرکەوتنی پێشکەوتن و پەرەپێدانە.

هیچ ڕێگرییــەک نییە لەبەردەم ئەوەدا کە ڕۆشنبیر (وەک هاوڵاتییەکی خاوەن مافە مەدەنی‌و سیاسییەکان‌و مرۆڤێک کە بڕوای بــە کۆمەڵێک پرنســیپ هەیەو کاردەکات بۆ هێنانەدیی ئامانجەلی دیاریکراو) لەم هەڵبژاردنانەدا مەیلی هەبێت بۆ حیزبێک، سەندیکایەک یان ڕەوتێک و بەشدارییبکات لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکاندا، بەڵام کاری ئەو نییە وەک ڕۆشنبیر بانگەشە بۆ تێڕوانینێک یان لایەن‌و کایەیەکی سیاسی بکات، گفتوگۆی ڕۆژنامەوانیانەی بۆ ئەنجامبدات و سیمیناری بۆ سازبکات‌و خوتبەی پڕوپاگەندەکارانەی بۆ بدات. ئیشی ئەویش نییە ڕۆڵی نووسەری حیزبی‌و ئامادەکاری ڕاپۆرتی سیاسی بگێڕێت، چونکە ئەوە مەیلی کەسێکە وەک تێکۆشەر نەک ڕۆشنبیر، بەڵکو داوای لێ دەکرێت دەروەست بێت بە سەرڕاستیی زانستی، بابەتێتی، شیکردنەوەو لێکۆڵینەوەوەو وەک بکەرێکی ڕۆشنبیری بەشدارییبکات لە ئەقڵانیکردنی سیاسەت‌و زانین‌و پراکتیکەکانداو ڕێگربێت لەوەی حیزبەکان، تاکو گرووپەکان بە خەون‌و بەڵێنە ئەرخەوانییەکان لەخشتەبەرن، تاک و گرووپەکانیش ئەنجامی لاوازیی کولتووری هەڵبژاردن‌و جێگیرنەبوونی دیموکراسی وەک شێوازی ژیان بەلاڕێدا ببرێن. ئەمەش لە ڕێگەی بەرپاکردنی دیالۆگی بەپیت و خوڵقاندنی ژینگەیەکی تەندروســتی پێکگەیشتن و پێکهێنانی پانتاییەکەوە بۆ بەرهەمهێنانـی ڕۆشــنبیرانەوە. بەوپێیــەش داواناکرێت ڕۆشــنبیر لەم هەڵبژاردنانەدا سەرکردەو

دەمڕاستی بزووتنەوەی سیاسیو بانگەشەکاری حیزبی بێتو خۆی تەرخانکات بۆ ئەو مەبەستە، بەڵکو وا چاوەڕواندەکرێت تێبکۆشێت بۆ هێنانەدیی هۆشمەندیی ڕەخنەگرانەو ڕۆشنگەری لە کۆمەڵگەدا. مەبەست ئەوە نییە ڕۆشنبیر لە سیاسەت دابڕێت، بەڵکو ئەوەیە پەیوەندییەکە بەجۆرێک بنیاتبنرێتەوە، کە پایەداری بگێڕرێتەوە بۆ دەسەڵاتی مەعریفە و ڕۆشنبیری، کە لە ژیانی ڕۆژانەی ئێمەدا غائیبە. واتە گەرەکە دوور لە وەهمەکانی دەروەستیی نامەعریفیانە، ڕۆشنبیر ڕۆڵی ڕاستەقینەی خۆی ببینێو لە وەهمی مێژووسازیی ڕزگارببێت، هەتاکو بتوانێت لە ڕێگەی مەعریفەوە بەشداریی کاریگەرانە بکات لە مێژووسازیدا.

ئەرکی ڕۆشنبیرە لەم سەردەمەدا هەڵوێستی ڕەخنەگرانەی هەبێت، واتە ڕەخنەگربێت لە دەسەڵات و کۆمەڵگە. مەبەست لە دەسەڵات لێرەدا تەنیا دەسەڵاتی حوکمڕان نییە، بەڵکو ئەوانەشە کە لە ئۆپۆزسیۆندان، لەبەر بەدەستەوەگرتنی بەشێک لە ڕای گشتی و بوونی پڕۆژەی دەسەڵاتگرتنەدەست، یان بەشداریکردن لە دەسەڵاتدا. هۆکاری ئەو ڕەخنەگرتنەش زۆرە، وەک مەیلی دەسەڵات بۆ بەرهەمهێنانی سەرکوتکردن و پاوانکردن. مەیلێک کە بەرهەمی نەبوونی ڕەوایەتیی کۆمەڵایەتیو سیاسیی ڕاستەقینەیە. دەسەڵاتی ئۆپۆزسیۆنی ناکۆک بەوانیش ئەو بارنە سیاسییە داخراوە بەرهەمدێنێتەوە، کە سیستەمی سیاسیی حوکمڕانی ئێمە لەسەر ڕاوەستاوەو هەمان مەیلی دەسەڵاتخوازانە لە پەیوەندیی لەگەڵ جەماوەرو لایەنگیرانی خۆی و دەوروبەری کۆمەڵایەتیدا بەرهەمدێنێتەوە.

ئەرکی ڕۆشنبیرە لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا بەدوای حەقیقەتدا وێڵبێت، ئەو حەقیقەتەی خودو پێداویستییە مرۆییەکان نایشێوێنێ، چونکە ڕۆشنبیر گرێدراوی ئەو دەربڕینەیە کە دەڵێت: «ئەو ژیانەی توێژینەوەی لەبارەوە ناکرێت، شایستەی ئەوە نییە بە ژیان دابنرێت.» لێکۆڵینەوەی ڕەخنەگرانەو خوڵقێنەریش، پێویستی بە بوێری، ڕوونی، دیسپلین و دڵسۆزی هەیە. لێرەدا نابێت ڕۆشنبیر حەقیقەت بکاتە قوربانی لەپێناو بەدەستهێنانی کورسییەکی پەرلەماندا (دەسەڵاتگرتنەدەست)، بیروباوەڕ بکاتە قوربانی لەپێناو پارەو بەربژێرییەکاندا، ترسنۆک بێت و ئامادەی قوربانیدان نەبێت.

پێویستە ڕۆشنبیری کورد لەم ڕۆژگارەدا ماوەیەک بخاتە نێوان خۆیو دەسەڵات بەهەموو شێوەکانییەوە. دەشێت ڕۆشنبیر لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا خزمەتگوزاریگەلی سیاسی پێشکەش بە حیزبە ڕکابەرەکان بکات، بەڵام ئەوانە مەعریفی یان ڕۆشنبیرانە نینو وەک تێکۆشەر پێشکەشیان دەکات، نەک

ڕۆشنبیر. سیاسەتمەداری زۆربەی حیزبەکانی لای ئێمە بانگەشەی ئەوە دەکات، کە بەرنامەکەی پشتئەستووره بە مەعریفە، ڕۆشنبیریش بانگەشەی ئەوە دەکات کە ئەزموونی خۆی دەخاتــە خزمەتی گۆڕانکارییــەوە. کەچی لەڕاستیدا مەعریفە لە هەردوو بارەکەدا نائامادەیە، ئەو نائامادەبوونەش بەری بەهەدەردانی کەسێتی سەربەخۆی ڕۆشنبیر و مامەڵەکردنە لەگەڵیدا وەک یەکێک لە ئامرازە سیاسییەکان، کە دەشێت بەپێی پێداویستییە سیاسییەکان لەقاڵببدرێت.

ئەرکی ڕۆشنبیری کوردە لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا ڕوونەکاتە خیانەت. مەبەست لە خیانەتکردن لەم دەرفەتەدا، پراکتیزەکردنی هەستو سۆزە سیاسییەکانە بە هەموو خەسڵەتەکانییەوە، سەرقاڵبوونە بــە گرفتــە ڕۆژانەییەکانو ڕووداوە لاوەکیەکانەوە، خواستی بەدەستهێنانی سەرەنجامی خێرایە، سەرقاڵبوونی نائاساییە بە ئامانجە هەنوکەییەکانەوە، زیادەڕۆییو توندڕەویو ڕەقهەڵاتی بیروباوەڕە. ڕۆشنبیر بە دابەزینە نێو مەیدانی ململانێی سیاسییەوە، لەپێناو مسۆگەرکردنی بەرژەوەندیی تایبەتی خۆی یان دەسەڵاتێکی دیاریکراو یان ئەنجامی پەرچەکرداری پشتبەستوو بە یادەوەرییەکان، خیانەت لە فرمانەکەی خۆی دەکات.

ئەرکی ڕۆشــنبیرە لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکاندا سەربەخۆیی خۆی بپارێزێتو نەبێتە پاشکۆی سیاســی، چونکە ئەوە ناکۆکە لەگەڵ پەیام و کاری ئەودا، بەڵام لە بەرژەوەندیی ئەوو کۆمەڵگەدایە کە لەگـەڵ پێکهاتە سیاسییەکاندا بکەوێتە گفتوگۆوەو پێکەوە بەرەو یەکتر تەواوکردن بچنو هەریەکێکیان دەســت لــەوە هەڵگرێت ئەوی دیکە پشتگوێبخات یان ڕەتبکاتەوە، چونکە ئەو کارانە لە ڕابردوودا بوونە مایەی بەفیڕۆدانی دەرفەت و وەزی زۆری کۆمەڵگەکەمان.

گۆڤاری واڵا ژمارە (٣)/ مانگی ٦- ٢٠٠٩

# جێگیرکردنی دیموکراسی لە کوردستان

دیموکراسی لە کوردستان بەبێ ململانێیەکی بەکۆمەڵی بەردەوام دژی ئەو بیرورِا، هاوسەنگی، هێزو هەلومەرجانە نایەتەدی، کە رِێگرن لەبەردەم بنیاتنانی سیستەمی یەکسانیی یاسایی و دادپەروەری و ئازادییە سیاسییەکاندا. هیچ ململانێیەکیش بەبێ بوونی ستراتیژێکی شایستەو کاریگەر، کە ئامانجەکان دیارییکاتو سودمەندەکان لە دیموکراسی گۆشبکاتو ویستەکان سازبدات، داهاتووی نابێت. لەبەرامبەر ئەمەیشدا، لاوازیی رِۆحی رِێکخراوەیی لە کۆمەڵگەکەماندا، بۆتە هۆی پرشوبڵاویی هێزە گۆرِانکاریخوازەکان، نەبوونی گرتبوونەوە یان میکانیزمەکانی گرتبوونەوەی سیاسی، لاوازیی بزووتنەوە سیاسییەکانو گۆشەگیریانو زاڵبوونی رِۆحی سەڵتەزەلامی بەسەر سەرکردایەتییەکانیانو باڵادەستیی ناکۆکیو ناتەباییە تاکەکەسییەکان بەسەر رِەفتاریاندا، سەرەنجام بێتوانایی لەئاست خەمڵاندنی ستراتیژێکی گشتیدا کە ئامانجی گۆرِانکاریی بنەرِەتیە، نەک بەدەستهێنانی پێگەو پلەوپایەی لاوەکی لە دەسەڵاتدا.

دانانی ستراتیژێکی پراکتیکی بۆ گوێزانەوەی دیموکراتیانە لە کوردستان، پێویستی بە دیاریکردنی قەبارەو سروشتی ئەو هێزو توێژانەیە، کە بەرژەوەندیان لە گۆرِانکاریی دیموکراتیانەدایەو فۆرِمگەلی رِێکخستنی وەها بخەمڵێنرێن، کە یاریدەدەرن بۆ گۆشکردنو یەکخستنیانو ئامانجە هەنوکەییەکانو ئەو پێگانە بخرێنەرِوو، کە هەنگاوبەهەنگاو دەبێت بەدەستبهێنرێن، بۆ گۆرِینی تەرازووی هێز بەشێوەیەک، کە دەرفەت بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئازادانەی سەررِاست برِەخسێتو هەنگاو بەرەو قۆناغێکی نوێ هەڵبنرێت، کە زەمینە بۆ هێنانەدیی گۆرِانکاریی دیموکراتیانە خۆشبێت. ئەمەش سەرەتا پێویستی بەوەیە ئەو بەرنامەیە دارِێژرێتو ستراتیژی بنیاتنانو گەشەپێدانی ئەو جەمسەرانە دابنرێت، کە بە دیموکراتخواز ناودەبرێن. بۆ گەیشتنە ئەوەیش، پێویستە دیموکراتخوازان یان ئەوانەی ئامادەی رِێگەی دیموکراسین رِزگاربکرێن لەو ناکۆکی، شلەژانی

خراپ، هەســـتەوەریی‌و مەیلانـــەی ڕیـــزەکان پارچەپارچەدەکەن و هەنگاوەکە لەباردەبەن‌و کۆشـشـەکان بەهەدەردەبەن. واتە دەبنــە ڕێگر لەبەردەمی ئەوەی گرەوی یەکەم لەسەر گۆڕانکاریی دیموکراتیانە بێت. چونکە بەشێکی زۆری ئەو خەڵکەی دەروەستیی خۆی بۆ ئەو ڕێگەیە نیشانداوەو بڕوای پێیەتی، هێشتا گرەو لەسەر ئینتیمایە دەستەگەری‌و عەشیرەتگەری‌و ئایینیەکان دەکات‌و توانای نییە لە گرنگیی بنیاتنانی هاوپەیمانێتیەک بگات، بەبێ گوێدانە بنەچەو ڕەگەزو مەزهەب‌و بیروباوەڕ، لەپێناو هێنانەدیی ئامانجگەلی هاوبەشدا، لەپێش هەموویانەوە یەکسانی‌و دادپەروەری‌و شکۆمەندیی تاکەکەسی.

## دوو مەسەلەی سەرەکیی سەرکەوتن:

بەو جۆرە داهاتووی هەنگاوی دیموکراتیانــە لای ئێمــە گرێدراوی سەرکەوتنە لە چارەســەرکردنی دوو مەسـەلــەی سەرەکیدا: یەکەم خەمڵاندنی بەرنامەیەکی دیموکراتیانە، واتـــە دەستنیشانکردنی ئەولەویات‌و بەهــا سەرەکییەکان، دووەم دۆزینەوەی فۆڕمی ڕێکخراوەیی داهێنەرانەی وەها، توانای کۆکردنەوەی ئەو هێزە حیزبی‌و ناحیزبیانەی هەبێت، کە بڕوایان بە دیموکراسی هەیەو هانی تاکەکان دەدات ئینتیما لاوەکییەکانیان تێپەڕێنن بۆ بەشـداریکردن لە بنیاتنانــی کایەیەکی نوێی کارکردن‌و وەبەرهێنانی سیاسی‌و کۆمەڵایەتیی گشتیدا، کە دەبێتە سەرچاوەیەکی نوێ بۆ ئینتیما، ئەویش چوارچێوەی نیشتمانە، کە هێزی لەهی لاوەکییەکە کەمتر نییە. جا ئەگـــەر هەنگاوی دیموکراتیانـــە نەتوانێت لەوەدا ســەرکەوتووبێت، ئەوا گرتبوونەوەیەکی سنوورداری گۆشەگیری ڕووناکبیران دێتەئاراوە، کە خەڵک بــە ئایدیالیست‌و خەونخوازی دەزانێت، نەک هێزی هەڵگری پڕۆژەیەک بۆ گۆڕانکاریی گەورەو کاریگەر.

ئەگەرچی ڕزگارکردنی ویســتی میللی و هێنانەدیی دیموکراسی و فرەلایەنیی (پلورالیزم) ئیمڕۆ دەروازەی پێویستن بۆ بەرەنگاربوونەوەی گشت کێشــەکان، چونکە زەمینەیەکی دروســتە بۆ گفتوگۆکردن دەربارەی ئەو کێشانەو خەمڵاندنی ئەقڵانییەت و پێکهێنانی یەکانگیریی نیشتمانیی پێویســت بــۆ چارەسەرەکان‌و بەرەنگاربوونەوەی کێشەکان، کەچــی ئەولەویــەتی زۆربەی هەرە زۆری خەڵک هەتاکو ئێستا (تا ماوەیەکی دیکەش) کێشەی پەرەپێدانی کۆمەڵایەتی‌و ئابوورییە، دابینکردنی خۆراک و جلوبەرگ و خانوو و دەرفەتی کارە بۆ هەزاران کەس، کە کۆمەڵگەکەمان ساڵانە دەریاندەهاوێژێ، بەبێ پەروەردەکردنێکی شارستانیانە، یان

قاڵکردنێکی ڕۆشنبیرانە. مەسەلەکە پەیوەندیی بە چارەنووسی ئەوانەوەیە، کە دەکەونە نێوان «بەربەرییەت» و «شارستانیەت»ەوەو هەرەشە لەوانە دەکەن، کە پێگەیەکیان لە حوکمڕانیدا بۆ خۆیان دروستکردوە. بۆیە دیموکراسی ناکرێت لە کوردستان بچەسپێت، ئەگەر چارەسەر بۆ گرفتە هەمەلایەنە هەڵئاوساوەکان نەدۆزرێتەوە.

## گرەوی خەڵک لەسەر دیموکراسی:

ئۆگریی پەرەسەندوی خەڵک بۆ دیموکراسی و گرەوکردن لەسەری، بەری ئەو باوەڕەیە کە بەشێکی گەورەی پەنگخواردنی ئیمڕۆ بەرهەمی سیاسەتی چەند ساڵی پێشوو و ئەو جیاوازییە مەترسیدارەیە لە داهاتی کۆمەڵایەتیو تەشەنەسەندنی هەژاریدا. چونکە لە سایەی حوکمڕانیی پیواری (غیابی) سەروەریی یاسا، جیاکارەکردنی کۆمەڵایەتیو سیاسی، چەسپاندنی پێگەو ئیمتیازەکانی دەسەڵاتدارانو دەستوپێوەندەکانو گشتاندنی گەندەڵیدا ناکرێت وەبەرهێنانەکان سەرکەوتووبن، بەهرەکان جێگیربن، سەرمایەکان کەڵەکەبنو دادپەروەریی بێتەدی. ئەوەی لەواقیعدا ڕوویداوە، وێرانکردنی دامەزراوەکان و بەهەدەربردنی سەرمایەو ئەزموونەکانو چاندنی بێهیواییو کوشتنی هاندان بوە لای زۆرینەی دانیشتوان. ئەمەش پێویستی بە چاکسازی هەیە.

کەواتە بیرۆکەی دیموکراسی و مەسەلەی بەشداریکردنی سیاسی و فراوانکردنی بازنەی ئازادییەکان و ڕێزگرتنی مافەکانی مرۆڤ نابێت مەسەلەی چاکسازیی کۆمەڵایەتیو ئابووریو سیاسییمان لەبیربەرێتەوە. چونکە ئەو دیموکراسییەی چاوی تێ بڕاوە، دیموکراسییەکی ڕواڵەتکارانە نییە. دیموکراسیی بەتەنیا دابینکردنی ئازادییە تاکەکەسییەکان نییە، بەڵکو بزوێنەری سەرەکیی خواستی خەڵکە بۆ یەکسانی، دادپەروەری، شکۆمەندی و ئازادی. ئەو چەکەیە، کە بەکاردەهێنرێت بۆ شکاندنی بازنەی قۆرخکردنی دەسەڵات لەلایەن گرووپێکەوە. جا ئەگەر چاکسازیی مەرجی چەسپاندن و سەرکەوتنی دیموکراسی بێت، ئەوا ئازادی مەرجی بوژاندنەوەی دینامیکییەتی پەرەپێدانی ئابووریو کۆمەڵایەتیو تەکاندانە بە چاکسازی. خۆ ئەگەر شکستەمانخوارد لە پێکەوە گرێدانی چاکسازی و بەشداریکردنی سیاسیدا، ئەوا ئەڵتەناتیڤ کردنەوەی دەرگایە بەڕووی ڕێگەچارەی دیکەدا، کە یەکێکیان دەشێت توندوتیژیو وێرانکردن بێت. چونکە بەردەوامبوونی قەیرانی سیاسیو ئابووریو کۆمەڵایەتی، پەراوێزکردنی توێژەکانی میللەت زیاتردەکاتو هەستی نیشتمانیو

سیاسییان وێراندەکاتو خەمساردیان دەکات بەرامبەر بە ئێستاو داهاتوومان، لەکاتێکدا پیواری بەشداریکردنی سیاسی هانی دەستەبژێرە دوورخراوەکان دەدات گرەو لەسەر خەڵکی ناڕازی بکــەن و بەکاریانبەرن بۆ خزمەتکردنی پرۆژەکانی خۆیان. بۆیە ئەگەر بەڵێنەکانی لەمەڕ دیموکراسی جێبەجێ نەبن، ئەوکاتە خەڵک هەستدەکات هەڵخەڵەتێنراوە، سەرەنجام هیچ بەربەستێک نابێت بۆ ئەوەی ئەو خەڵکە هەڵوێستی دیکەی هەبێت و بکەوێتە ناو ئاقارگەلی دیکەوە، کە هەندێکیان دەشێت نادیموکراتی و ناشارستانی و ناڕەوا بن.

## گرفتی سەرەکی بۆ چارەسەرکردن:

بەکورتی گرفتی سەرەکی، کە پێویستە دیموکراسی چارەسەریبکات، ئازادی یان دابینکردنی ئازادییەکان نییە بە تەنیا، بەڵکو زیاتر لەوە دابینکردنی ژیان و کارو مانەوەیە. لێرەشدا دیموکراسی بەهایەکی نابێتو هیوای بوونی بۆ ناخوازرێت، ئەگەر نەبێتە چوارچێوەیەکی باشتر بۆ چاککردنی هەلومەرجەکانی ژیانو کارو مانەوە. سەرەنجام پێویســتە چاکســازیی دیموکراتیانە بە بەرنامەی لانی کەم دابنرێت، چونکە ئامانجی دابینکردنی مەرجــە بنچینەییــەکانی ئارامیی سیاسی، ئاسایشی کۆمەڵایەتی، یەکسانیی یاسایی، هەستکردن بە شکۆمەندیی تاکەکەسیو پاراستنی نیشتمانییە. ئەمانەش ئەو مەرجانەن، کە چیدی ناکرێت فەرامۆشبکرێن، لەپێناو هێنانەدیی ئامانجگــەلی مەزنی نیشتمانی و نەتەوەیی و هێنانەدیی سیاسەتگەلی دوورمەوداتردا. جا ئەگــەر نەمانتوانی شــەڕی چاکسازیی دیموکراتیانە بەرینەوە، واتە نەمانتوانی کاربکەین بۆ خوڵقاندنی کەشێکی کۆمەڵایەتیو سیاسیو فیکریی گونجاو بۆ پەرەپێدانو پێشکەوتنو کۆششی تەواو بکەین بۆ هاوکاریی نیشتمانیو لێک تێگەیشتنی نێوان لایەنە جۆربەجۆرەکان، ئەوا بێگومان ناتوانین بچینە ناو جیهانی هاوچەرخەوەو بگەینە ئامانجە دوورمەوداکان و نقومدەبین لەناو قەیرانی قوڵتر و کەشی دڵڕەقتردا.

گۆڤاری هەفتانە ژمارە (٤٥) ١٠-١٦ مایس ٢٠٠٩

## پەروەردە ئامڕازی گۆڕان و دیموکراتیزەکردنە

پەروەردە ئامڕازی ئاشـنابوونە بە تواناکانی مرۆڤ، ئەگەر بە زنجیرە پرۆسەیەک دابنرێت تیایدا تاکەکانی کۆمەڵگە ئەو توانستانە بەدەستدێنن، کە یارمەتیدەرن بۆ بەکاربردنی وزەکانی خۆیـان، لـە ڕێگـەی تێگەیشتن و جڵەوکردنی توخمە کولتورییەکان و گرتنەئەستۆی هوشیارانەی بەرپرسیارێتییەکانی ناو کۆمەڵگەوە.

بۆ ئەوەی پەروەردە کاریگەریی لەسەر کۆمەڵگە و پەرەسەندنی هەبێت، دەبێت داهاتوخوازبێت، نەک جێگیر و موحافەزەکار. لێرەشدا خەسڵەتی سەرەکیی ژینگەی پەروەرەکردنێکی داهاتووخواز خێرایی گۆڕانە، کە دەیسەپێنێ بەسەر جڵەوکارانی بواری پەروەردەدا، لە کاتی سیاسەتسازیی پەروەردەو دیاریکردنی ئامانجەکانیدا ڕەچاویبکەن. چونکە لەناو جیهانێکی هەمیشە گۆڕاوی گەشەکردودا، کە مەعریفەکان بەخێرایی نوێدەبنەوە، ئەرکـی پـەروەردە تەنیـا گوێزانەوەی ڕێکوپێکی زانیارییـەکان و ئاخاوتن دەربارەی چەسـپاندنی ڕۆحی ڕەخنەگرانەو فێرکردنی شـێوازەکانی بیرکردنەوە نییە، لەبەرئەوەی پەروەردەی داهاتووخواز جەغت لەسەر کۆمەڵێک شارەزایی سەرەکی دەکاتەوە، وەک توانای گونجانی تاک، نەرمونیانی، مامەڵەکردن لەگەڵ گۆڕانی خێرا، تێگەیشتن لە گۆڕان و ئامادەبوون بۆ کەوتنە ژێر کاریگەرییەوە.

### پەروەردە پرۆسەی گۆڕانکاریی بەردەوامە:

ئەو پەروەردەیەی لە ڕابردوودا چاوی تێ بڕابوو، واتە وانەپێوتنەوەو تەلقینداندانو پێ لەبەرکردن، ئیمرۆ بۆتە پرۆسەیەکی گۆڕانکاریی بەردەوام، کە گشت تاکەکانی کۆمەڵگە دەکەونـە ژێر کاریگەرییـەوە. هەروەها ئاشنابوون بە چۆنییەتی گۆڕان، بۆتـە یەکێک لە ئامانجە سەرەکییـە نوێیەکانی پەروەردە. وێڕای ئەوە پەروەردە ئەم ئامانجانەش دێنێتەدی: بەدەستهێنانی مەعریفە، بنیاتنانی ژیری، پەرەپێدانی تواناکانی ڕەخنەگرتن، بنیاتنانی توانا ئەقڵییەکان، گەشەپێدانی توانای خۆناسین،

دەرککردن بە بەهەرەکان و سنوورەکانیان، فێربوونی چۆنیەتی زاڵبوون بەسەر مەیل و ڕەفتارە وێرانکارەکاندا، خستنەگەڕی توانستە داهێنەر و خوڵقێنەرەکانی تاک، ئاشـنابـوون بە چۆنییـەتی بەشداریکردن لە بەرپرسیارێتی گرتنەئەستۆ لە کۆمەڵگـەدا، فێربوونی چۆنیەتی پەیوەندی دروستکردن لەگەڵ کەسانی دیکە، یارمەتیدانی تاک بۆ گونجان لەگەڵ گۆڕانکارییەکان و بەدەستهێنانی تێڕوانینێکی هەمەلایەن دەربارەی جیهان، ڕاهێنانی تاک لەسەر ئەوەی پراکتیکیو ئەقڵانی بێتو توانای ناسین و چارەسەرکردنی گرفت و کێشەکانی هەبێت...هتد.

کەواتە پەروەردەکردن ڕۆڵێکی دیاری هەیە لە پڕۆسەی نوێکردنەوەو گۆڕانکاریی دیموکراتیانەداو لە کوردستاندا ئەو بایەخە زیاترە، چونکە کاریگەریی لەسەر ئێستاو داهاتووی دەبێـــت. ئەمەش پێویســتی بە کارو کۆششی زۆر هەیە، بۆ ســەرلەنوێ دیاریکردنی پرۆســـە و ئامانجـەکانی پەروەردە. لەلایەکەوە بەرپرسیارێتییەکی گەورە دەکەوێتـــە ئەســتۆی پرۆسەی پەروەردەکردن، بۆ ئامادەکردنی تاکەکان بۆ جیهانی سەردەمی شۆڕشی تەکنیکی و بەجیهانیبوون بە هەموو کاریگەرییە جۆربەجۆرەکانیانەوە، لەلایەکی دیکەوە دەبێت پەروەردە ئامانجی ڕاهێنانی مرۆڤ بێت لەســـەر گۆڕان و پەرەســـەندن. جا ئەگەر تێڕوانینی وەها هەبن، کە پێیانوایە پەروەردەکردن سیستەمێکی موحافەزەکارە، واتا ئەرکی ئەوەیە نەوە نوێکان بە زانیارییە پێشوەخت لەسەر ڕێکەوتوەکان ئاشنابکاتو وایان لێ بکات لەگەڵ بەهاو بیرۆڕاکانی کۆمەڵگەدا بسازێن، ئەوا ڕاستییە نوێکان دەریانخستوە مەعریفەیەک نییـە بۆ هەتاهەتایە هەموان لەســەری ڕێکبکەون و هەموو بەهاو بیروڕاکانی ڕابردوو شایانی پیاچوونەوەو تەنانەت ڕەتکردنەوەنو مەعریفەکانی ئیمڕۆش لە داهاتوودا دەگۆڕێن و نوێدەبنەوە. کەواتە پەروەردەکردن یەکێکە لە کەرەستە ســەرەکییەکانی بنیاتنانی مرۆڤ و بەهۆی پرۆسەی پەروەردەکردنو لە ڕێگەی دامەزراوە جۆربەجۆرەکانەوە بەدەستدێت، کە فێرکردنی ڕەسمی گرنگترین کەناڵیەتی.

## پەروەردەو چەند بەهایەکی نێگەتیڤ:

پەروەردە، هاوشانی چەند هۆکارێکی دیکە، ڕۆڵی هەیە لە گۆڕانی کۆمەڵگەدا، چونکە تاکی پەروەردەکراوی هوشـیار ئامرازی کاریگەرە لە پرۆسەی گۆڕانکاریو پەرەپێدانی بەردەوامداو یاریدەدەرە بۆ ئەوەی تاک باشــتر لە ماف و ئەرکەکانی خۆی تێبگات، هاوسەنگیی لەنێوان فرمانە خێزانی و ئەرکە کۆمەڵایەتییەکانی

خۆیدا ڕابگرێت، چاکتر بکەوێتـــە کارلێککردنەوە لەگەڵ ئەوانی دیکــە و خواستی زیاتری هەبێت بۆ بەشداریکردن لە هێنانەدیی گۆڕانکاریی پۆزەتیڤانەو بنیاتنانی کۆمەڵگەدا. هەروەها پەروەردە ڕۆڵی هەیە لە بنیاتنانی دیموکراسیدا، لەبەرئەوەی کاریگەریی هەیە لەسەر ئاکاری تاکەکان و پێکهاتنی ئەو بەهایانەی باوەڕیان پێیـــەتی.

ئاشکرایە پەیوەندییەکی توندوتۆڵ لەنێوان پەروەردەو دیموکراسیدا هەیە و ناکرێت لەسایەی پیواری ئازادییە تاکەکەسی و گشتییەکان و نەبوونی دادپەروەریو یەکســانی دەرفەتەکاندا، باسی پەروەردە بکەین و ناشــکرێت بەبێ پەروەردەیەکی ڕاســتەقینە و بنیاتنەرانەی ئامانجدار، کە خاوەن خەسڵەتەکانی چاکیو داهێنانو بەرهەمهێنانەو ڕێزی مرۆڤـو تواناکانی دەگرێت، باسی دیموکراسی بکەین.

بۆ هێنانەدیــی گۆڕان و دیموکراســی لە کوردســتان، پێویستە پەروەردە کار بۆ لەناوبردنی چەند بەهایەک بکات، کە دەبنە هۆی یەکتر قبوڵ نەکردنو کەوتنەوەی توندوتیژی، لەوانە:

١/ تاکلایەنی، واتــە ڕەتکردنــەوەی حەقیقەتی فرەیی و قبوڵ نەکردنی ئەوی دیکە، جا ئەوە لەســەر ئاستی بیروڕاو فیکر بێت یان ئاستی گرووپو ڕێکخراوەکان. ســەرەنجامی ئەم بەهایـەش لێکترازانی فیکرو واقیع، نەبوونی توانای پێکەوە ژیان لەگەڵ ئەوانی دیکەو بەستەڵەکی بیروباوەڕ دێتەئاراوە.

٢/ دوانەی دژبەیەک، واتە وێناکردنی ئەوەی دوو شت هەن، کە هەرگیز پێکەوە کۆنابنەوە، مەبەست بیرکردنەوەیە بە شێوازی «ئەم یان ئەو»، واتە «ئەوەی لەگەڵمان نییە، دوژمنمانە». ئەم بەهایەش دەبێتــە هۆی ملشکاندنی دیموکراسی، چونکە چارەسەری مامناوەندی و بیرکردنەوەی میانڕەوانە ڕەتدەکاتەوەو ئەگەری هاوکاریکردن لەگەڵ ئەوانیتر قبوڵ ناکاتو ئامادەنابێت لە ڕووی فیکرییەوە لەگەڵ ئەوانیتر هەڵبکات.

٣/ کولتووری یادەوەری، واتە پشتبەستن بە پێکهاتەو ڕووداوەکانی ڕابردوو و دانانیان بە ســەرچاوەی بیـرکردنــەوەو بڕیاردان و قبوڵکردنــی چارەســەرە حازبەدەستەکان، لەبری خستنەگەڕی تواناو شارەزاییەکانو دەستپێشکەریکردن.

٤/ کولتووری لێکچوون، واتە دانانی جیاوازی بە خیانەت، ئەمەش پێچەوانەی ئەو ڕۆحەیە، کە لە کولتووری گرووپدا هەیەو هانی هاریکاریکردنو شەریکایەتیکردنو یەکترتەواوکردن و پێکگەیشتن دەدات.

ئەو بەهایانەی پێشەوە دەیسەپێنن، پێداچوونەوە بە سیستەمی پەروەردەماندا

بکرێت، لەپێناو چەسپاندنی بەهاگەلی دیکە، کە دەبنە هۆی گۆڕان و جێگیربوونی کولتووری دیموکراتیانە، لەوانە کرانەوە بەڕووی یەکتردا، بەشداریکردن لە کاری گشتیدا، قبوڵکردنی ڕای بەرامبەر، توانای پێداچوونەوەو ڕەخنەگرتن، دەربڕینی بیروڕا. هەروەها پێویستی بە چەســپاندنی ئەقڵ و بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانەیە لە سیستەمی پەروەردەدا، بەوپێیەی ئەم ئەقڵە دژی بەهانەهێنانەوەو ئارایشتکردنی واقیع و شاردنەوەی خەوشی و کەموکوڕییــەکانەو ئەوەیــە کە ســەتاوەختی ئێستا تێدەپەڕێنێ، چەکــدارە بــە تێڕوانینی مێژووییانــە، حەقیقەتەکان ساختەناکاتو دژی بیرکردنەوەی میکانیکانەیــە. وێڕای ئەوانــە، دەبێت پەروەردە کاربکات بۆ زیادکردنی توانای خوێندکاران بۆ پێکگەیشتن و گفتوگۆکردن لەگەڵ ئەویدیکەی مرۆڤ، نەک ئەویدیکە وەک بابەتێکی ڕووت. چونکە ئەمە یاریدەدەرە بۆ هێنانەدیی نەوەگەلێک، کە لەپێناو کۆمەڵگەیەکی مەدەنی دیموکراتیدا لەگەڵ یەکتر دەکەونە کارلێککردنەوە. مەبەست ئەو نەوانەیە، کە لە ڕێگەی ئاڕاستەکردنی ڕەخنەی بنیاتنەر یان دەربڕینی بیروڕاوە دەربارەی مەسەلە گرنگو هەستیارەکان کاریگەرییان لەسەر ژیانی کۆمەڵگە هەیە، هوشیارانە بەشداریدەکەن لە بڕیارسازیو سیاسەتسازیدا، قبوڵی پرنسیپی پێشبڕکێ دەکەن و ڕێزی ڕای بەرامبەرو جیاواز دەگرن، خاوەن ڕۆحی دەستپێشکەری و هەڵوێستنواندنی پۆزەتیڤانەن.

گۆڤاری هەفتانە ژمارە (٤٧) ١٧-٢٣ مایس ٢٠٠٩

## دیموکراسی بەبێ گۆڕینی کولتووری سیاسی جێگیرنابێت

ئەگەرچی دیموکراسی لای ئێمە، لە ئاستی نووسین و دروشمدا، بایەخی زۆری پێ دراوە، کەچی لە ڕوی کارپێکردنو جێبەجێکردنەوە ئاوڕی پێویستی لێ نەدراوەتەوە، بۆیە گرنگە بزانین هۆکاری ئەوە چییە. واتە تاوتوێکردنی مەسەلەی دیموکراسی، پێویستی بە گەڕانە بەدوای ئەو هۆکارە ڕاستەقینانەدا کە ئاستەنگ دروستدەکەن بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی دیموکراتی لە کوردستانو تەنیا بایەخ نەدرێت بە ڕواڵەتی دەرەوەی گرفتەکە، واتە گێڕانەوەی بنیات نەنانەکە بۆ قۆرخکردنی دەسەلات لەلایەن تاک و توێژگەلی دیاریکراوەوە. چونکە ئاستەنگی سەرەکی، سروشتی کولتووری سیاسیی باڵادەستە، کە ڕێگرە لە بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی دیموکراتی. بەوپێیەش یەکەمین هەناگاو بۆ بنیاتنانی دیموکراسی، کارکردنە بۆ گۆڕینی سروشتی کولتووری سیاسی باڵادەست، بەجۆرێک کە یاریدەدەربێت بۆ بنیاتنانی دیموکراسی، نەک پەککخستنی.

دیموکراسی، بەیەکێک لە دەربڕینەکان، بوونی مافی بەشداریکردنی هاوڵاتیانە لە بڕیارسازیدا. هاوڵاتی بۆ ئەوەی بتوانێت کار بەو مافە بکات، پێویستە دەرک بەوە بکات کە ئەو کارپێکردنە مافی خۆیەتی و خەڵاتێکی پێ بەخشراونییە، چونکە یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی سەرسمدانی دیموکراسی لای ئێمە، پیواری (غیابی) دەرککردنە بەو مافە. لەبەرئەوەی کولتووری سیاسیی باڵادەست، کە بەرهەمی پرۆسەی پەروەردەکردنی کۆمەڵایەتیو سیاسییە، تاودەرەوەی ئەو بەهاو شێوازی کارانەیە، کە پێچەوانەی دیموکراسین.

### کولتووری سیاسی:

کولتووری سیاسی، کۆمەڵێک ئاڕاستەی سیاسیو ئاقارو شێوازی ڕەفتارە، کە تاک بەرامبەر بە سیستەمی سیاسی و پێکهاتە جۆربەجۆرەکانی و بەرامبەر بە ڕۆڵی خۆی دەیگرێتەبەر. ئەمەش لە ڕێگەی سێ ڕەهەندەوە دیاریدەکرێت: دەرککردن،

مەبەست ڕادەی ئاشنابوونی تاکەکانە بە سیستەمی سیاسیو ئەو بنەمایانەی دەیانگرێتەخۆیو ئەو ڕۆڵە سیاسیەی هەروولا (تاک و حوکمڕانی) دیگێڕن. واتە ئەو بنەماو پرۆسانەی لە ڕێگەیانەوە تاکەکان داواکارییەکان دەخەنەڕوو بۆ حوکمڕانی بۆ ئەوەی ببنە بڕیارو چۆنییەتی جێبەجێکردنی ئەوانە وەک سیاسەتی گشتی لەلایەن حوکمڕانییەوە. هەستوسۆزەکان، مەبەست هەستی تاکەکانە بەرامبەر بە حوکمڕانیو سیاسەتی گشتی. هەڵسەنگاندن، مەبەست داوەریکردنی سیستەمی سیاسیو ڕۆڵە سیاسییە جۆربەجۆرەکانو هەڵسەنگاندنی کارڕاییکردنی سیستەمی سیاسییە لەلایەن تاکەکانەوە. بەدەربڕینێکی تر، کولتووری سیاسی، ئاشنابوونی تاکەکانە بە مافو ئەرکەکانو چۆنییەتی بەشداریکردن لە ژیانی سیاسیداو ئەو پێوانانەی بەکاردێن بۆ پێکهێنانی بیروڕاکانیان بەرامبەر بە سیستەمی سیاسی.

کولتووری سیاسی لای ئێمە شۆانکارانەیە، چونکە خەسڵەتەکانی ئەو کولتوورە بەئاشکرا لە گشت لایەنەکانی ژیانماندا بەدیدەکرێن. ئەو بەهاو ئاڕاستانەی تاکی ئێمە - لە منداڵییەوە تاکو مردن- لە ڕێگەی کەناڵە جۆربەجۆرەکانەوە فێریاندەبێت، کاردەکەن بۆ چەسپاندنی ڕۆحی دەستەپاچەبوون، پشت بەخۆنەبەستن، ملکەچیو گوێڕایەڵی بۆ ئەوانەی لەخۆی بەهێزترن. ژیانی کۆمەڵایەتیمان لە چوارچێوەی زنجیرەیەک پەیوەندیی دەسەڵاتخوازنەو ملکەچیی نێوان باوک و منداڵەکان، گەورەو بچووک، سەرۆک و سەرۆکایەتیکراو، حوکمڕان و حوکمڕانیکراودا بنیاتنراوە. ئەوەش ڕەنگدانەوەی لە ژیانی سیاسیدا هەیەو تاکی ئێمە ئامادەیە بۆ قبوڵکردنی هەر دەسەڵاتخوازییەک، چونکە بەدرێژایی ژیانی لەسەر ئەوە ڕاهاتوە یان ڕاهێنراوە. بۆیە دەستەوستانە لەئاست بەشداریکردن لە بڕیارسازیداو لەبەرئەوەی ڕاهاتوە لەسەر ئەوەی کەسانی دیکە دەربارەی گشت لایەنەکانی ژیان بڕیاری بۆ بدەن، ئامادەیە بۆ ئەوەی کەسانی دیکە لە بواری سیاسیدا لەبری ئەو بڕیاربدەن.

وەک وتمان، دیموکراسی مافی بەشداریکردنی تاکە لە بڕیارسازیدا، بەڵام پیواری دەرککردنی تاک بەو مافە بۆتە هۆی ئەوەی، ئەو تاکە بێتوانابێت لەئاست بەشداریکردن لە بڕیارسازیداو دیاردەی تاکپەرستی و پشتبەستن بە سەرۆکی فریادڕەس زاڵبێت بەسەریدا. لەلایەکی دیکەوە ئەو بەهاو ئاڕاستەی ڕەفتارانەی تاکی ئێمە فێریانبوە، بۆتە ئاستەنگ لەبەردەم بنیاتنانی دیموکراسیدا، ئەمەش لەبەر لاوازیی ڕۆحی گفتوگۆ و دیالۆگی بابەتیانە، قبوڵ نەکردن و ڕێزنەگرتنی بیروڕای جیاواز و ڕەخنەگرتن لە پەیوەندییە سیاسیو کۆمەڵایەتییەکاندا.

کەواتە کولتووری سیاسیی ئێمە ئاستەنگە لەبەردەم بنیاتنانی دیموکراسیداو

چەسپێنەری سیستەمی دەسەڵاتخوازانەیە. لەبەرئەوەشە تاکی ئێمە هەمیشە چاوەڕوانی ئەوەیە دەسەڵاتێک لە دەرەوەڕا جڵەوبیکات و لەسەر زۆر مەسەلەی هەستیارو بەبێ ڕاوێژپێکردن لە بری ئەو بڕیاربدات، کە شتێکی سروشتییە بەلایەوە، چونکە ژیانی هەمیشــە بەو جۆرە چۆتەڕێوەو بەردەوام کەسانی دیکــە لەبری ئەو بڕیاریانداوە. ئەمەش بەهۆی پەروەردەکردنەوە، کە پرۆسەیەکە لە ڕێگەیەوە کولتووری سیاسی پێکدێتو بریتییە لە جۆرکانی پەروەردەو فێرکردنو ئەو بەهاو شێوازانەی ڕەفتار، کە پەیوەندیان بەژیانی سیاسییەوە نییەو کاریگەرییان لەسەر هەڵسوکەوتی تاک هەیە، وەک ئەو ئاقارە کۆمەڵایەتی و خەسڵەتە کەسایەتیانەی کاریگەریان لەسەر ڕەفتاری سیاسی تاک دەبێت.

کولتووری سیاسی بەرهەمی پرۆسەیەکی پەروەردەکردنـــە، بەهــاو ئاڕاستەو ئاقارە ڕەفتارییەکانی کولتوورەکەش تاودەرەوەی جۆری پەروەردەکردنی تاکەکانە. لێرەشدا هەر حوکمڕانیەک کار بۆ ئەوە دەکات پرۆسەی پەروەردەکردنی تاکەکان چەسپێنەری بەهاو ئاڕاستەو بیروڕاکانی خۆی بێت، ئەوەش لە ڕێگەی دامەزراوەو کەناڵە جۆربەجـۆرە جڵەوکراوەکانەوە، وەک دامەزراوەی پەروەردەکردن، لەگەڵ ئەو کەناڵـــە نارەسمیانەی ڕاستەوخۆ ناکەونە ژێر دەسـەڵاتی حوکمڕانەوە، وەک خێزان.

## دوو دامەزراوەی پەروەردەکردن:

زۆرێک لە بەهاو ئاقارو شێوازەکانی ڕەفتار، کە تاک لە پرۆسەی پەروەردەکردنی کۆمەڵایەتیدا فێریاندەبێتو ڕاستەوخۆ پەیوەندیان بە لایەنە سیاسییەکانەوە نییە، یاریدەدەرن بۆ پێکهاتنی کەسایەتی ئەو تاکەو دیاریکردنی ئەو ئاقارانەی کاریگەریان لەسەر هەڵسوکەوتی سیاسیی دواتری دەبێت. خێزان یەکەمین شـوێنە، کـە بەهاو ئاقارەکانو شێوازەکانی ڕەفتارکردن تیایدا دروستدەبێتو دواتر کاریگەریی لەسەر تێڕوانینو هەڵوێستی تاک بەرامبەر بە سیستەمو پرۆسەی سیاسی دەبێت. لە خێزاندا خەسڵەتەکانی کەسایەتی و شێوازەکانی ڕەفتارکردنی تاک بەدەستدێن. خێزانی ئێمەش ئەو شوێنەیە کە تاک تیایدا کەسێتی دەکوژرێت، ملکەچی بەها باوەکان دەکرێت و فێری گوێدێری دەکرێت. واتە ڕۆحی داهێنان و بیرکردنەوەی ئازادانە لە تاکــدا سڕدەبێت و وردەوردە بڕوا بەخۆبوونی تیادەکوژرێتو بیروڕای تایبەتیو بەرپرســیارێتــی گرتنەئەستۆی تیادا لاوازدەکرێت. قوتابخانەش دوەمین جێگەی پێکهاتنی کەسایەتی تاکەو لەبری ئەوەی ئەو بەهاو شێوازی ڕەفتارانە

بگۆڕێت، کە تاک لە خێزانەوە وەریگرتوون، جێگیریاندەکات، ئەوەش لە ڕێگەی شێوازو ئامڕازەکانی پەروەردەو فێرکردنەوە، کە کەسایەتیو سەربەخۆییو ئازادیی بیرکردنەوە دەکوژنو ڕۆحی بڕوا بەخۆنەبوونو ملکەچی دەچێنن. چونکە سیستەمی پەروەردەو فێرکردنی ئێمە لە بنچینەدا لەسەر تەلقینداران بە ئاڕاستەیەک (لە مامۆستاوە بۆ خوێندکار) دروستبوەو ڕۆحی گفتوگۆ و دیالۆگ و پرسیارکردنەوەی کوشتوە. کاتێک خوێندکار دەگاتە زانکۆش، ناچێتە کەشێکی جیاوازەوە، چونکە زانکۆکانمان درێژکراوەی خوێندنی پێش خۆیەتیو شوێنی پڕکردنی مێشکی خوێندکارە بە زانیاری، بەبێ ئاوڕدانەوە لە توێژینەوەو بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە.

## گۆڕینی کولتووری سیاسی:

هەنگاوی بنچینەییو گرنگ بۆ بنیاتنانی دیموکراسی لای ئێمە، گۆڕینی کولتووری سیاسییە، بۆ ڕزگارکردنی لەو بەهاو ئاڕاستەو شێوازی ڕەفتارانەی پەیوەندییەکانی دەسەڵاتخوازیو ملکەچی دەچەسپێنن، کارکردنە بۆ چەسپاندنی بەهاو ئاقارو شێوازی ڕەفتارکردنی وەها، کە پایەدەرن بۆ بنیاتنانی کەسایەتی سەربەخۆو ئازاد، خوڵقاندنی کولتوورێکی سیاسیی بەشداریکردنخواز، کە وادەکات تاکی ئێمە مرۆڤێک بێت بڕوای بەخۆیو تواناکانی خۆی هەبێتو ئەو دەسەڵاتخوازییە ڕەتبکاتەوە کە مافی بەشداریکردنی لێ زەوتکردوە. ئەمەش مانای ئەوەیە کوردستان پێویستی بەگۆڕانێکی بنەڕەتی هەیە، کە بگاتە ناخی کولتوورەکەمان، گۆڕانێک کە سیستەمی پەروەردەو شێوازەکانی ڕەفتارکردنمان هەڵتەکێنێو کاریگەرییەکەی بگاتە ناو خێزانو دامەزراوەی پەروەردەکردنو خوێندنو ئامڕازەکانی ڕاگەیاندنو شوێنی کارکردن، گۆڕانێک کار بۆ بنایتنانەوەی تاکی کورد بکات، بە شێوەیەک کە ببێتە هۆی گۆڕانی بنەڕەتیانەو پۆزەتیڤانەی بونیادی کولتووری سیاسیمان بە ئاڕاستەی چەسپاندنی بەها دیموکراتیەکانو نەهێشتنی بەهاکانی دەسەڵاتخوازیو ملکەچی. چونکە گۆڕینی حوکمڕانێک بە یەکێکی دیکە مانای گۆڕانکاریی بنەڕەتی نییە، ئەگەر هەمان بەهاو ئاڕاستەو شێوازەکانی ڕەفتارکردنی باو زاڵبن.

گۆڤاری هەفتانە ژمارە (٤٨) ٢٤-٣٠ مایس ٢٠٠٩

## لە هەڵبژاردندا دەنگ بەکێ بدەم؟

لە وڵاتێکدا، کـە هێشـتا دیموکراسـی لە سەرەتای ڕێگەدایەو فۆڕمی گونجاوی وەرنەگرتووەو نەبۆتە شێوازی ژیان (وتەو کردار لە هەموو بوارەکاندا)، کولتووری هەڵبژاردن ساوایەو پێی نەگرتووەو پێویستی بە کەڵەکەبوونی ئەزموون هەیە، هاوڵاتی- بەواتا زانستییەکەی- لەدایک نەبووەو ئینتیمای تەسک جێی ئینتیمای نیشتیمانیبوونی گرتۆتـەوە، زۆرینــەی خەڵک خاوەنی هوشـیارییەکی سیاسیی گونجاونین بۆ تێگەیشتن لە سروشتی کاری سیاسی و حیزب و پرۆسەی دیموکراتی، هەڵبژاردنی ئازادانەی سـەرڕاسـت وەک پێویست ئەنجام نادرێت، تاکەکان هەست ناکەن بەرپرسـیارێتی دەکەوێتـە ئەسـتۆیانو دەبێت بەشێوەیکی ڕاستو دروست بەشـداریی لە هەڵبژاردنـدا بکەن و هۆشـمەندانە دەنگی خۆیان ببەخشنە لایەکو چالاکانە بەشـداربن لە بنیاتنانی دیموکراسیدا.

ئەوەی ئێستاش کارەکەی سـەختترکردوە، سەرهەڵدانی چەندین کایەو ئاقاری سیاسیی نوێیە، هاوشانی ئەو هێزانە هاتوونەتە مەیدانەوە کە لە هەڵبژاردنەکانی پێشوودا بەشداربوون، بوونی ئامرازگەلی ڕاگەیانـدنی هەمەڕەنگ و بەرفراوانە، کە بەشـێکی زۆریان بەرپرسیارانە کارەکانی خۆیان جێبەجێ ناکەنو کاریگەریان لەسـەر بیرکردنـەوەو ئاڕاسـتەکردنی تاکـەکان هەیە، گەرموگوڕیی ململانێکانو فراوانیی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنە.

لە دۆخێکی وەهادا، زۆرێک لە تاکەکانی کۆمەڵگە تووشی دۆشدامان و دڵەڕاوکێ بوونو نازانن دەنگ بەکێ بدەن، هەتاکو دەنگەکەیان بەفیرۆنەڕوات و جێی خۆی بگرێت. بۆیە گرنگە هەڵمەتێکی هوشیارکردنەوەی هەمەلایەن بەرپابکرێت، هەتاکو بەرچاوڕوونی بدرێتـە هەموان و پرۆسەی هەڵبژاردن بە کەمترین زیان و زۆرترین دەستکەوت بچێتەڕێوە. بۆ ئەوەی هەرتاکێکی کۆمەڵگەش بەشێوەیەکی ڕاستەقینەو چالاک بەشداریی لە هەڵبژاردندا بکات، ڕەچاوکردنی ئەم خاڵانە گرنگە:

## ١ – بزانرێت هەڵبژاردن چییە:

هەڵبژاردن پرۆسەی بەخشینی دەنگە بە بریکارێک یان دەسەڵاتدانە بە کاندیدکراوێک بۆ ئەنجامدانی نوێنەرایەتیکردن و بەشداریکردن لە یاسادانانو بڕیارسازیدا. واتە هەڵبژاردن لابردنی کەسێک و دانانی یەکێکی دیکە نییە، بەڵکو بەرپرسیارێتییەکی گەورەیە بەرامبەر بە خودو کۆمەڵگە، دیاریکردنی ئەو پەرلەمانەیە، کە لە بری میللەت کاردەکات و چارەنووسی زۆرێک لەو مەسەلەلانە دیاریدەکات، کە پەیوەندیان بە تاک یان کۆمەڵگەوە هەیە. بۆیە گرنگە هەڵبژێر ئاشنای هەڵبژاردن و یاساکان و شێوازەکانی بەڕێوەچوونی بێت و بزانێت چۆن دەنگدەدات و بەچ شێوازێک فۆرمی دەنگدان پڕدەکاتەوە، هەتاکو دەنگەکەی بەفیڕۆنەچێت. هەروەها پێویستە خاوەنی هۆشمەندییەکی وەها بێت، وەک بەرپرسیارێتی – واتە ماف و ئەرک – بڕوانێتە هەڵبژاردن، نەک بە کارێکی ڕۆتینی دابنێت، کە دەبێت لەبەر خاتری ئەم یان ئەو کەس و لایەن، لە ترسی ئەم یان ئەو دەسەڵات بەشداریی تێدا بکات و ئەنجامیبدات.

## ٢ – کاندیدکراوەکان بناسرێت:

زۆرجار ئەو دروشمانەی کاندیدکراوەکان بەرزیاندەکەنەوە بریقەدارو سەرنجڕاکێشن و هەستوسۆزی هەڵبژێرەکان بۆ لای خۆیان ڕادەکێشن و دەشێت بەهەڵەیاندابەرن. بۆیە واچاکە بەوردی تێیان بڕوانرێت، هەڵسەنگێنرێن، ڕاستو هەڵەیان لێک جیابکرێتەوە. بۆ ئەمەش دوو ڕێگە لەئارادایە: خۆیی لەلایەن خودی هەڵبژێرەوە، واتە ناسینی کاندیدکراوەکە، ئاشنابوون بە خەسڵەتەکانی، پێشینە، مێژوو و ئەزموونی، ئاگاداربوون لە هاوسەنگیی وتەو کرداری، ڕادەی سەرڕاستیو دڵسۆزییو دڵنیابوون لە ڕاستبێژیی دروشمەکانی. بابەتی، واتە بەپەنابردن بۆ کەسانی شارەزاو بە ئەزموون یان سەرچاوەی جۆربەجۆر بۆ بەدەستهێنانی زانیاریی پێویست دەربارەی کاندیدکراوەکە. پێویستە دەنگدانی هەڵبژێر بە هەر کاندیدکراوێک بەری ناسین و پشتبەستووبێت بەو خەسڵەتانەی لەودا هەن و پێویستن بۆ نوێنەرایەتیکردن لە پەرلەماندا. هەروەها گرنگە هەڵبژێر خەسڵەتی تاکەکەسیی کاندیدکراوو لێهاتوویی تێکەڵ بەیەک نەکات و لەسەر بنچینەی پیشەکارانە دەنگ و متمانەی خۆی پێ بدات.

## ٣ – بەرنامەی حیزبەکان تاوتوێ بکرێن:

حیزبە سیاسییەکان خاوەن پرۆگرامو ئەزموونو مێژووی جیاوازن، هەریەکەشیان

لە مەیدانی کارکردندا پێگەو قورسایی خۆی هەیە. گرنگە هەڵبژێر پێش ئەوەی دەنگبداتە کاندیدکراوێک، تاوتوێی پرۆگرامی حیزبەکەی بکات و بزانێت تا چەند گوزارشت لە خواست و پێداویستییەکانی ئەو دەکات، بەمەرجێک ئامانجە گەورەو بڕیاردەرو چارەنووسسازەکان نەکرێنە قوربانیی خواست و پێداویستیە کورتمەوداو هەنوکەییەکان. هەروەها هەڵسەنگاندنی هەبێت بۆ ڕادەی جێبەجێبوونی پرۆگرامی حیزبەکە لە واقیعـداو توانای سمبول و سەرکردەکانی حیزبەکە لەئاست هێنانەدیی بەندەکانیدا. ئەگەر حیزبە سیاسییەکە نوێ بوو، ئەوا پێویستـە هەڵبژێر ئەو سیاسەتمەدارانە بناسێت، کە سەرکردایەتی حیزبەکە دەکەن و بزانێت داخۆ پرۆگرامە دەربڕاوەکەیان بە کەسانی وەک ئەوان جێبەجێدەکرێت و لە کارو تێکۆشانی خۆیاندا سەلماندویانە دەرەقەتی پرۆگرامی وەها دێن. ئەگەر ستراتیژانە نەڕوانرێتە خواستو پێداویستییەکان، ئەوا دەشێت هەندێک ئامانج و دەستکەوتی کاتی بێنەدی، بەڵام بنیاتنانی ڕاستەقینە لەدەست بچێت. ئەگەر ئاوڕ لە هاوسەنگیی نێوان پرۆگرامو پراکتیکو شایستەبوونی سەرکردەکانیش نەدرێتەوە، لەوانەیە بەهەڵەو بەلاڕێداچوون بێتەئاراوەو دەنگ بە کەسانێک بدرێت دیموکراسی لەسەر دەستیان مرداربێتەوە نەک گەشەبکات.

## ٤ - توانای هەڵبژاردنو لێک جیاکردنەوە هەبێت:

پاش ناسینی کاندیدکراوەکان و ئاشنابوون بە پرۆگرامی حیزبەکانیان، جا ئەوە لە ڕێگەی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنەوە بێت، یان کۆششی تایبەتیو تاکەکەسی هەڵبژێرەوە، بڕیاردان لەسەر کاندیدکراوێکی تایبەتی، ئەو کاندیدکراوەی بەڕاستی گوزارشت لە ویست و ئامانجەکانی هەڵبژێر دەکاتو چاوەڕوانی ئەوەی لێ دەکرێت دڵسۆزبێت بۆ نوێنەرایەتیکردنیو بەوەفادەبێت بۆ بەئەنجامگەیاندنی بەڵێنەکان. ئەمەش لەناو ئەو جەنجاڵییەی هەڵبژاردنی کوردستاندا کارێکی سەختو دژوارەو هەڵوەسـتەکردنی ژیرانـەی هەڵبژێری دەوێـت. هەتاکو لێک جیـاکردنـەوەکەی کاندیدکراوەکان هۆشمەندانە بێت و هەڵبژاردنەکە ئەقڵانی بێت و لە ژێر کاریگەریی یادەوەری یـان هەسـتوسـۆزی ڕۆژانەی تاکەکەسـیدا نەبێت، سـەرەنجامەکە باشـتردەبێت. لەم بوارەشدا ڕاگەیاندنی ئازادی سەرڕاست و بێلایەن دەتوانێت یاریدەدەرێکی باشی هەڵبژێر بێت، لە ڕێگەی خستنەڕووی زانیاریی ڕاستو تەواو لەسەر کاندیدکراوەکانەوە، بەبێ گوێدانە لایەنداریێتی، پایەی سیاسیو کۆمەڵایەتی، ڕەگەزو بنەچەیان.

## ٥ – سوود لە ئەزموون و هەڵەکان وەربگیرێت:

گرنگە هەڵبژێر سوود لە ئەزموون و هەڵەکانی ڕابردوو وەربگرێت و لە کاتی دەنگداندا ئەو لایەنە خەڵاتبکات، کە بەڵێنەکانی خۆی هێناوەتەدیو هاوسەنگی لەنێوان وتەو کرداریدا هەبوە، ئەویش بە بەخشینی دەنگی خۆی، سزای ئەو لایەنەش بدات، کە دەستخەڕۆیکردوەو ئەو کارانەی ئەنجام نەداوە کە لە هەڵبژاردنی پێشوودا خستبوونیەڕوو، ئەویش بە نەبەخشینی دەنگی خۆی.

## ٦ – بەدواداچوون هەبێت:

کاری هەڵبژێر بە دەنگدان کۆتایی نایەت، بەڵکو دوای هەڵبژاردنەکان سەختتردەبێت و پێویستە بەدواداچوون هەبێت بۆ ئەو کاندیدکراوەی دەنگی پێ دراوە، بەمەبەستی دڵنیابوون لە باشی ڕاییکردنی کارەکانی و ڕادەی تەبایی لەگەڵ ئەو دروشمانەی بەرزیکردبوونەوەو ئەو بەڵێنانەی دابوونی. لێرەشدا مافی هەڵبژێرە لە ڕێگەی ئوسوڵییەوەو لەکاتی بوونی لادانو سەرپێچیو هەڵەدا ڕەخنەبگرێتو داوای لێپێچینەوە لەگەڵ کاندیدکراوەکە بکات.

گۆڤاری هەفتانە ژمارە (٤٩) ٣١ مایس–٦ حوزەیران ٢٠٠٩

## لە دەسەڵاتی تاکەکەسەوە بۆ دامەزراوەبوون

دامەزراوەکان بایەخێکی گرنگیـان هەیـە بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگەی شێلگیرو گەشەکردنی کۆمەڵایەتی، چونکە ئەو بنیاتنانو گەشەکردنە لە ڕێگەی ئەو دامەزراوە جۆربەجۆرانەوە ڕوودەدەن، کە بەهێزو چالاکن، خاوەن ئامانجی ڕوونو ئاشکران. هەتاکو دامەزراوەکانی ئێمە بەدەست سستی، پارچەپارچەیی، خۆدووبارەکردنەوە، ناکۆکی نێوان ئامانجو کردارەکانو ناتەبایی چالاکیەکانەوە بناڵێنن، ئەستەمە بتوانین هەنگاوی جیدی ڕەوو کۆمەڵگەیەکی پەرەسەندوو هەڵبهێنین.

مەسەلەکە لێرەدا نەبوونی دامەزراوە نییە لە واقیع و بیرکردنەوەماندا، بەڵکو بێتوانایی ئـەو دامەزراوانەیـە لەئاست گەیشتنە ئاستێکی پێکهاتەو کرداری وەها، بتوانـن ئەو ئامانجانـە بهێننەدی کە بۆیان دیاریکراون. لێرەدا یەکێک لە خەوشییەکان، بەردەوامیی میکانیزمە تەقلیدییەکانە لەناو دامەزراوەکانی ئیمڕۆدا، ئەو دامەزراوانەی ئەرکی مەزنی بنیاتنانیان لەئەستۆدایە. خەوشـییەکی دیکە، تێکەڵکردنی ئەو ئامانجانەیە، کە سروشتێکی گشتیان هەیە، لەگەڵ ئەو ئامانجانەی لە ڕووی ماوە، چەندایەتی، شوێن، کات، ئامڕازو کەرەستەکانەوە دیاریکراون هەتا بشێت جێبەجێبکرێن. ئەمانەش بوونەتە هۆی ئەوەی دەسەڵاتی کار لە بەرامبەر دەسەڵاتی تاکەکەسیدا دروست نەبێت، مەبەست ئەو دەسەڵاتەیە، کە تاکەکەس تێدەپەڕێنێت، خۆی جڵەودەکات و خاوەن پێوانەو پرنسیپی پراکتیکی خۆیەتی.

## لە دەسەڵاتی کارەوە بۆ کاری دەسەڵات:

لەکاتێکدا پێویستە دەسەڵات لە خزمەتی کارەکانو هێنانەدیی ئامانجەکانی خۆیدا بێت، کە بەشێکە لە ئامانجەکانی دامەزراوە، لای ئێمە لە زۆر دامەزراوەدا کارەکان لە خزمەتی دەســەڵاتداردانداندان و ئامڕازێکن بۆ کارپێکردنی دەسەڵات. پێدەچێت تاکو ئێستا زۆر هەبن لە دەسەڵاتی کارکردن نەگەیشتبن، ئەمەش وای کردوە چەمکی دامەزراوە ڕەنگی ناوەندەکانی پایەداری بگرێت. بۆیە بەرپرسی

زۆرێک لە دامەزراوەکان ڕوویانکردۆتە کارکردن بۆ چەسپاندنی دەسەڵات و پایەی خۆیان لە هەموو ئاستەکانی پەیکەری ڕێکخراوەییداو زاڵکردنی شێوازی خۆیان بەسەر تێکڕای کارلێکردن و پەیوەندییەکانی ناو دامەزراوەدا. سەرەنجام هەموو ئاستەکانی کارکردن بوونەتە پێگەی مانۆر بۆ پایەداری. بەوپێیەش زنجیرەیەک پەیوەندیی دەسەڵاتخوازانە–پاشکۆیەتی لەناو جەستەی دامەزراوەکاندا دروستبوونو هەرکەسێک خەریکی بەهێزکردنو چەسپاندنی پایەی خۆیەتی، ئەمەش لە ڕێگەی ئەو دەسەڵاتی کارکردنەی پێی دراوە. سەرەنجام پاشکۆیەتیەک لە ژێرەوە بۆ سەرەوە دروستبوەو بۆتە هۆی گوێزانەوەی پەیوەندییەکان لە ئاستی کارکردنەوە بۆ ئاستی تاکەکەسی.

## پەیکەری ڕێکخراوەیی و چاککردنی ڕاییکردنی کارەکان:

وێڕای بوونی هەیکەلی ڕێکخراوەیی ڕەسمی، کە پەیوەندییەکانی کارەکانی نێوان سەرۆک و کارمەندەکان و هێڵەکانی دەسەڵات و سنووری بەدواداچوونی دیاریکردوەو لەسەر بنچینەی دەسەڵاتێکی بڕیارساز دامەزراوە، دەبینین لە واقیعدا پەیوەندییەکانی ناو دامەزراوە هەمیشەو بەشێوەیەکی گشتی بە کەناڵە ڕێکخراوەییە ڕەسمییەکاندا تێناپەڕن، چونکە وێڕای ئەو ڕێکخستنە، کەناڵگەلی شاراوەی ناڕەسمی هەن، کە هێڵەکانی دەسەڵات و پەیوەندیی بەکردەوە پێکدێنن، ئەمەش بەشێوازێک کە پەیکەری ڕێکخراوەیی کار تەنیا جلوبەرگێکە بۆ داپۆشینی پەیوەندییە بەکردەوەکان. لێرەدا پەیوەندییەکان بەپێی پەیوەستیو ناسیاوەتی نێوان خاڵکانی پایەداریی کەسێتی و پەیوەندیی نزیکی و دووریی نێوان سەرۆکو کارمەندەکان دروستبوون. ئەمەش بۆتە هۆی سەرهەڵدانی هاوپەیمانێتیو ئینتیمای لاوەکی لەنێو دامەزراوەدا، لەسەر حسابی ئەنجامدانی کارەکانی دامەزراوەکە. بەو شێوەیە پرۆسەی خۆدزینەوە لە پەیکەری کاردا دروستبووە، وەک هەوڵدانێک بۆ نزیکبوونەوە لە دەسەڵات. لەئەنجامدا چەند دەرگایەک لەبەردەم هەندێک کەسدا کراونەتەوە کە نابێت بکرێنەوە، چەندێکی دیکەش لەبەردەم ئەوانی دیکەدا داخراون کە پێویستە کراوەبن. بەو جۆرە پەیوەندییەکە لە پەیوەندییەکی کاری ڕەسمییەوە گۆڕاوە بۆ پەیوەندیی ولا، ئەو وەلائەی ڕادەی نزیکیی کەسێک لە دەسەڵاتەوە نیشاندەدات. ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی دامەزراوەکان جارێکی دیکە بکەونە دەستی ڕەوتی نادامەزراوەیی. ئەم ڕەوتەش بەدوو ئاڕاستەدا ڕۆیشتوە: یەکەمیان پەیوەندیی ڕاستەوخۆی نێوان سەرۆک و هەریەکێک لە کارمەندەکان

بە جیاوازیی ئاســتیانەوە، دوەمیان ئاقاری دروستکردنی پەیکەری پێوەندیی لاوەکی لەناو دامەزراوێکدا، کە لەسەر بنچینەی یەک بەرژەوەندی و یەک ئینتیما دامــــەزراوە.

ســەبارەت بە پەیوەندییــە ڕاســتەوخۆکانی نێوان سەرۆک و ئەو کارمەندانەی دەشێت ببنە پاشکۆ، بە پێچ و پەنادا دەڕۆن یان ڕاشکاوانەنو بەئاسانی پەیوەندییە ڕەسمییەکان تێدەپەڕێنن. سەرۆک لەم دۆخەدا جۆرێک پەیوەندیی ڕاستەوخۆی داناوە، کە بەهەموو ناوەندەکانی کارەوە تێدەپەڕێت و هەموویانی ڕاستەوخۆ بەخۆیەوە گرێداوەتەوەو دەربڕی پلەوپایەی خۆین، بەدووپاتکردنەوەی بەردەوامی گرنگیی پاراستنی هەیکەلی ڕێکخراوەیی، کە خۆی لە واقیعدا پشتگوێیخستوە. ئەمەش لە بنەڕەتدا بۆتە هۆی هەڵتەکاندنی چەمکی دامەزراوە، چونکە پێکهاتەکە هەموو تاکەکانی تێپەڕاندوە. بەوجۆرە دامەزراوە بۆتە جۆرێک لە خاوەندارێتی تاکەکەسی، یان بەلای کەمەوە بۆتە بوارێکی زیندوو بۆ کارپێکردنی پایەداری. ئەنجامی ئەمە سەرتاپای دامەزراوە بۆتە بوارێکی کەسێتی بۆ سەرۆک و کارپێکردنی پایەداریی، هەموو پێگە بنچینەییەکانی کاریش بوونەتە پانتاییەکی کەسێتیی ئەو کەسەی بۆ کارپێکردنی پایەداری بەرێوەیدەبات.

لێرەدا خزمەتگوزارییەکانی کارەکە، کە لەسەر بناغەی ئەرک و بەرپرسیارێتییەکان دامەزراون، سروشتی بابەتێتی خۆیان لەدەستداوەو سروشتی بەخشینو یاساخکردنیان وەرگرتوە. جا لەبەرئەوەی پەیوەندییەکان لەسەر بنچینەی وەلائن بۆ سەرۆکی پایەدار، ئەوا وەلا شوێنی کاری گرتۆتەوەو دامەزراوە لە هەموو مانایەکی بەکردەوە بەتاڵبۆتەوە، چونکە هەڵسەنگاندن بەپێی وەلا، کاری هەڵتەکاندوەو بۆتە هۆی چەسپاندنی پەیوەندییەکانی وەلا و گەڕانی کارمەندەکان بەدوای کەناڵەکانی پەیوەندیکردن بە سەرۆک یان بە یەکێک لە پایەدارەکانی خوار ئەوەوە. ئەمەش پێوانەی هەڵسەنگاندن بەپێی وەلائی چەسپاندوەو سەروەریی پایەداری زاڵکردوە بەسەر دەسەڵاتی کاردا. سەرەنجام ئینتیما بۆ دامەزراوە – وەک چوارچێوەیەکی گشتی – لەناوچوە یان بەڕادەی جیاواز لاوازبوەو ڕۆتین، بەهۆی لاوزایی هەستکردن بە ئەرکەکانی کارەوە، زاڵبوەو بەرژەوەندییە تایبەتییەکانو پاراستنیان بۆتە شوێن بایەخپێدانی پلە یەکی کارمەندەکان. هەر لەبەرئەوەشە دروشمی «گرنگ نییە بەرهەمبهێنی، بەڵکو گرنگ ئەوەیە سەرزەنشت نەکرێیت» لەناو دامودەزگاکاندا تەشەنەیکردوە.

## شێوازەکانی دەسەڵاتو هەڵوێستی کارمەندەکانو جەماوەر بەرامبەریان:

دەسەڵاتی کار، لە ڕووی بابەتیەوە، لەلایەن کارمەندەکانو جەماوەرەوە مامەڵەی

لەگەڵ دەکرێتو بەپێی شێوازی بەڕێوەبەرانی، تێڕوانینی خۆیی جیاواز دەخاتەوە. لە دامەزراوەکانماندا ناوەڕۆکی سایکۆلۆژیانەی هەڵوێستی کارمەندەکانو جەماوەر بەرامبەری ڕەوتێکی تایبەتی وەرگرتوە، چونکە لەسەر بنچینەی باڵادەستیی سەرۆک بەسەر هەموو دامەزراوەکەدا دامەزراوە، بەجۆرێک دامەزراوەکە لە ڕێگەی سەرۆکەکەیەوە دەناسرێتەوە، نەک بەپێچەوانەوە. واتە ئەو سەرچاوەیە، نەک دامەزراوەکە.

لێرەدا دۆخێکی دیاری زۆر باو لەئارادایە، ئەویش بوونی دەسەڵاتی تاکەکەسیی سەپێنراوە. ئەم دەسەڵاتە بەزۆر لەلایەن سەرۆکێکەوە جڵەوکراوە، کە پێگەی لوتکەی دامەزراوەکەی بەدەستهێناوە. بەو جۆرە نموونەی سەرۆکی دەسەڵاتخوازی پێکهێناوە، کە پەیوەندییەکانی لەگەڵ کارمەندەکانو جەماوەردا سەرپێشۆڕکردنەو سیاسەتێکی توندڕەوانە پێڕەودەکات. لێرەدا دامەزراوە وەک خاوەندارێتییەکی تایبەتی لێهاتوەو سەرۆک بەپێی خواستە تایبەتیەکانی خۆی مامەڵەی لەگەڵدا دەکات. بەوپێیەش ئەو خزمەتەی پێشکەشیدەکات، وەک بەخشینێک سەیریدەکات کە دەتوانێت بیوەستێنێت، نەک ئەرکێکی سەرشانی کە پێویستە جێبەجێی بکات. هەروەها کارمەند وەک کەسێکی بێگانە ژیان دەباتە سەرو مانەوەو گەشەکردنی لە دامەزراوەدا گرێدراوی ڕازیبوون یان تووڕەبوونی سەرۆکە. واتە پەیوەندییەکە لەسەر بناغەی ترسو هەڕەشە ڕاوەستاوە. لەم بارەدا هەوڵدانی خۆنزیککردنەوەو ماستاوساردکردنەوە گەیشتۆتە بەرزترین پلە، بۆ ئەوەی سەرۆک ڕازیبکرێت، ئەمەش لە ڕێگەی گێڕانی ڕۆڵی هاوپەیمانیی خزمەتکاری دەسەڵاتو پارێزەری لەسەر حسابی پەیوەندیی هاوکارانی تر، تەنانەت خستنەڕووی ئەوان وەک سەرچاوەیەکی مەترسی بۆ ئەو دەسەڵاتە. لێرەدا پێشبڕکێ بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندیی سەرۆک لەوپەڕیدایە، هەریەکێک دەیەوێت لە ڕێگەی گومان دروستکردنەوە بەرامبەر بەوانی دیکە، ڕەزامەندیی ئەو بەدەستبهێنێت. لەڕاستیدا هەریەکێک هەوڵدەدات گومان بەرامبەر بەخۆی دووربخاتەوە، چونکە ئەو پەیوەندییە دەسەڵاتخوازو ملکەچکارە جۆرێک لە شەڕانگیزیی ناوەکیی توندوتیژی بەرامبەر بەمجۆرە دەسەڵاتە بەرهەمهێناوە، کە سەرچاوەی دڵەڕاوکێو مەترسییە بۆ کەسەکە. بۆیە هەوڵدەدات ئەو شەڕانگیزییە بەرامبەر بە دەسەڵات، لە ڕێگەی وەرچەرخانیەوە بۆ دژەکەی، واتە گۆڕینی بۆ بەدڵداچوونو سەرسامبوون بەهەموو سمبولەکانی بەهێزی، تێپەڕێنێت. ئەمەش جۆرێکە لە تەماهیکردن لەگەڵ دەستدرێژکاردا.

لێرەوە لە هەڵوێستی جەماوەریش بەرامبەر بە دامەزراوەکان بەگشتیو تەنانەت ئەرکەکەی تێدەگەین، چونکە ئەوان دەزانن دەسەڵاتخوازیو ملکەچکاریو ڕوەکەی

دیکەش یاساخکردن یان بەخشین نموونەی باون. بۆیە زۆرجار جەماوەر پێی وانییە دەتوانێت ئەو خزمەتگوزارییە بەدەستبهێنێت، کە بە مەسەلەیەکی سروشتی دەزانێتو پێیوایە بۆ ئەوەی بەدەستیبهێنێت -کە مافی خۆیەتی- پێویستە کۆششبکاتو پەنا بەو میانەکارانە بەرێت، کە دەرگاکانی دەسەڵاتی بۆ دەکەنەوە. لێرەشدا هەندێک جار، وێڕای ئەوەی کارمەندی پەیوەندیدار پێی ڕادەگەیەنێت کارەکەی جێبەجێدەبێت، کەچی هەر سووردەبێت لەسەر ئەوەی سەرۆک ببینێ تا دڵنیابێت، چونکە ئەو پێیوایە بەبێ بینینی ئەو ناتوانێت پێداویستییەکەی مسۆگەربکات. لێرەدا پەیوەندیی جەماوەر بە دەسەڵاتەوە هەم گومانو وریایی لەخۆگرتوە، هەم بەدڵداچوونو وەلا.

ئەم نموونەیەی پەیوەندیی دەسەڵاتخوازی و ملکەچکاری، کە بەهیچ جۆرێک بێ نزیکبوونەوەو وەلا داکۆکی لێ ناکرێت، کەشێکی خوڵقاندوە کە کاریگەریی خراپی لەسەر دامەزراوە دروستکردوەو کارمەندەکانی فڕێیداوەتە ناو دۆخێکی فشاری هەمیشەییەوە، کە ڕەنگدانەوەی لەسەر ڕۆحی مەعنەویان هەیەو کاریگەریی لەسەر هەستی ئینتیمابوونو بەرهەمهێنانیان هەیە.

ئەو سیمایانەی دەسەڵات، کە ڕووبەڕووی دامەزراوەکانمان بوونەتەوە دیمەنێکی ڕووناک نابەخشن، بەڵام نابێت تووشی ڕەشبینیمان بکەن، چونکە ڕێگەی گەشەکردن داخراونییەو دەشێت مەسەلەکان بخرێنەسەر ڕێڕەوی ڕاستی خۆیان، ڕێڕەوی جێگیرکردنی دامەزراوەی کارو ڕەتکردنی دامەزراوەی دەسەڵاتدار. ئەمەش بەپێگەیاندنی چوارچێوەی مرۆیی کارکردن، کە وەک سەرچاوەو دابینکارو دەرفەتێک بۆ پێگەیشتن و هێنانەدیی ئامانجەکان مامەڵە لەگەڵ دامەزراوە دەکات، چونکە هیچ پێگەیشتن و ڕزگاربوونێکی ڕاستەقینە، بەبێ بوونی دامەزراوەی بەهێز دابین ناکرێت.

گۆڤاری هەفتانە ژمارە (٥٠) ٧-١٣ حوزەیران ٢٠٠٩

## نوێکردنەوەی سیاسی هۆکاری جێگیرکردنی دیموکراسییە

لەسەروبەندی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستاندا ڕۆژانە چەندین چەمکی وەک نوێکردنەوە، ئاوادانکردنەوە، پەرەپێدان، گۆڕان، چاکسازیو هی تر دەخرێنەڕوو و گفتوگۆیان لەسەر دەکرێت. بۆ ئەوەی ئەو چەمکانە وەک دەستەواژەی نادیارو ئاڵۆز بەئاسمانی بیرکردنەوەی خەڵکەوە نەمێننەوەو هەڵبژێرەکان هوشیاربن دەربارەی واتاو ئامانجەکانیان، کارێکی پێویست و گرنگە ڕوونبکرێنەوەو تێڕوانین دەربارەیان دەرببڕێت.

نوێکردنەوەی سیاسی- بەواتا زانستییەکەی- کۆششێکە مەبەستێتی لەلایەکەوە بونیادو دامەزراوە سیاسییەکان نوێبکاتەوە، لەلایەکی دیکەوە گەشە بە کولتووری سیاسیی باڵادەست بداتو سەرلەنوێ دایبڕێژێتەوە. واتە نوێکردنەوەی سیاسی بەگشتی ئەو پرۆسەیەیە، کە دەیەوێت جیاکارەبوونی دامەزراوە سیاسییەکان بهێنێتەدی و سروشتێکی ئەقڵانی ببەخشێتە کولتووری سیاسی، هەتا سیستەمی سیاسیی کۆمەڵگە کارامەتربێت. نوێکردنەوەی سیاسیش لە ڕێگەی چەند سیماو خەسڵەتێکی سەرەکییەوە دەناسرێتەوە، وەک: هۆشمەندکردنی بونیادی دەسەڵاتی سیاسی، جیاکارەبوونی پێکهاتەو فرمانە سیاسییەکان، بەهێزکردنی توانا دامەزراوەییو سیاسییەکانی سیستەمی سیاسی، سەروەریی رۆحی یەکسانی لە مافو ئەرکەکانداو چەسپاندنی لە سەرتاپای کۆمەڵگەداو جێگیرکردنی جیاکارەبوون.

### هۆشمەندکردنی بونیادی دەسەڵاتی سیاسی:

مەبەست دامەزراندنی دەسەڵاتی حوکمڕانیی چاکو جێگیرکردنی کۆڵەکەکانییەتی لەسەر بنچینەی ئەقڵانیەتی هۆشمەندانەی سەربەخۆ لە گشت پەیوەندیو گرێدانەوە تەقلیدییەکان، جا ئەوانە ئایینی بن یان ئیتنیکی یاخود تایەفەو عەشیرەتگەری. زیادبوونی توانای سیتەمی سیاسییە، هەتاکو بتوانێت شارەزاییە کارگێڕییەکانو پێویستییەکانی بەرپرسیارێتی سیاسیو پێداویستییەکانی هۆشمەندیو ئەقڵانیەت

بەشێوەی چنراوێکی پتەوی کارا گرێبداتەوە بە ویستی میللییەوە، بۆ ئەوەی ئاکارێکی سیاسیی ڕێکوپێکی گونجاو بەرجەستەبێت، کە تا دواسنوور دەروەست بێت بە پرنسیپەکانی دادوەری، یەکسانی، سەرڕاستیو بێلایەنییەوە، هەروەها هەتا بتوانێت لوتی دەسەبژێری سیاسیی تەقلیدی بشکێنێتو سنوور بۆ ڕەوایەتی باوی حوکمڕانەکان دابنێتو پرنسیپگەلێک بچەسپێنێ، کە حوکمڕانەکان بەرامبەر بە حوکمڕانیکراوەکان بەرپرسیاردەکەنو ڕێگەش بە حوکمڕانیکراوەکان دەدەن لە حوکمڕانەکان بپرسنەوە. هەموو ئەوانە مانای ئەوەن، حکومەت بەرهەمێکی مرۆڤانەیەو دەستکردی سروشت یان خواوەند نییەو کۆمەڵگە خاوەن سەرچاوەگەلی مرۆیی وەهایە، کە سنوور بۆ دەسەڵات دادەنێنو چاودێریکردنی یاسا مرۆڤکردەکانیش پێش گشت دەروەستییەکانی دیکە دەکەوێت.

## جیاکارەبوونی پێکهاتە و فرمانە سیاسییە گشتییەکان:

جیاکارەبوونی پێکهاتـــەو فرمانـــە ســـیاسییە گشتییەکان، مانای بەهێزکردنی میکانیزمەکانی لێک جیاکردنەوەی بنـــەماو دامـــەزراوو دەســـتە کارگێڕییەکانو جەختکردنەوەیە لەسەر سروشتی تایبەتکاریی کارو ڕۆڵی هەریەکێکیان. ئەمەش کۆمەڵێک گۆڕانکاریو دەستکاری بنەماییو فرمانی لەخۆدەگرێت، لەوانە: سەرلەنوێ پێکهێنانەوەی شێوازی پلەداریو بەدوای یەکهاتنی کۆمەڵایەتیو دانانی سنووری جیاکەرەوەی نێوان ڕۆڵە پیشـــەییەکانو پەیوەندییە خێزانییەکانو مەسەلەکانی ژیانی خێزانی لەلایەک و نێوان دابینکاری و دیاریکارییەکانی یاساو بەها ئایینییەکان لەلایەکی دیکەوە. ئەمە وێڕای هێنانەئارای شـــێوازی نوێی کاری جیاکارەو جۆری گەشەکردوی بونیادی سیاسیی تایبەتکاری سەربەخۆ، کە توانای خستنەگەڕی ئەو کارانەی هەبێت. بەکورتی جیاکارەبوونی پێکهاتەو فرمانە سیاسییە گشتییەکان، مانای جەختکردنەوەیە لەسەر لێک جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانی یاسادانانو جێبەجێکردنو دادوەریو چەســـپاندنی ســـیســـتەمی ناناوەندێتی (لامەرکەزیی) دەسەڵاتە بۆ کاراکردنی سیستەمی سیاسیو بەهێزبوونی کاریگەریی لەسەر کەرتە جیاوازەکانی کۆمەڵگە.

## بەهێزکردنی توانا دامەزراوەیی و سیاسییەکانی سیستەمی سیاسی:

ئەمەش مانای زیادبوونی توانای ســـازانو داهێنانی ســـیســـتەمی سیاسییە، کە بەرهەمی مامەڵەکردنی مرۆڤ و کالێککردنی زیندوویەتی لەگەڵ ژینگەو

دەرهاویشتەکانیدا. ئەمەش لە چەند شتێکدا بەدەردەکەوێت، لەوانە: گەشەپێدانو نوێکردنەوەی هەیکەلی دامەزراوەییو بڕیارو دابینکارییە سیاسییەکان، فراوانکردنی سنووری دەسەڵاتی کۆمەڵگەی سیاسیی ناوچەیی، زۆرکردن و هەمەڕەنگکردنی کردەکانی حوکمڕانی لەلایەک و بەهێزکردنی چالاکیی سیستەمی سیاسیو کاراکردنی ڕاپەڕاندنی کارەکانی خۆی و جێبەجێکردنی بڕیارە سیاسیو کارگێڕییەکان لەلایەکی دیکەوە. ئەمە وێڕای پشتگیریکردنی دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مدنیو کاراکردنی کۆکردنەوەی هاوڵاتیانو دەربڕینی بەرژەوەندییەکانیان. هەروەها چەسپاندنی بنەمایەکی یاسایی هۆشمەند، کە تواناو وزەی ماتی هەیە بۆ گۆڕینی خواستە میللییەکان بۆ واقیعو کرداری جیدیو بەهێزکردنی توانای چارەسەرکردنی کێشەکانی ئێستاو ڕووبەڕووبوونەوەی شێوازە نوێکانی داخوازیی سیاسیو ناسیاسی.

## کارکردن بۆ یەکسانی و جێگیرکردنی بەکردەوەی:

کارکردن بۆ یەکسانی و جێگیرکردنی بەکردەوەی، ناوەڕۆکی نوێکردنەوەی سیاسی پێکدێنێت و بەگشتی بریتیە لە: بیرۆکەی هاوڵاتیو یەکسانی لە ئەرکو مافەکاندا، پێڕەویکردنی یاساو ڕێساکانی بۆ جڵەوکردنی پەیوەندیی نێوان حکومەتو هاوڵاتیان، زاڵکردنی پێوانەکانی لێهاتوویی و شارەزایی بۆ بەدەستهێنانی پێگەی هێزی سیاسی یان دابەشکردنی پلەکار (پۆست)و ڕۆڵە کارگێڕیو ڕابەریکارەکان، توانای چەسپاندنی کۆڵەکەکانی یەکگرتوویی نیشتیمانی و جەختکردنەوە لەسەر دیالەکتیکی سازان و گونجانی گرووپە کۆمەڵایەتیو کولتووریو ئێتنیکیو هێزە سیاسییەکان، بەجیاوازیی بەرژەوەندی و ناکۆکیی ئاڕاستە باوەڕخوازیو ئایدیۆلۆژییەکانیانەوە، شۆڕبوونەوەی بەردەوامی هێزی سیاسیی مات بۆ کەرتە جۆربەجۆرەکانو زۆرینەی هاوڵاتیان لەناو کۆمەڵگەی سیاسیی ناوخۆییدا، کە پێویستی بە بەشداریکردنی میللی زیاتر هەیە لە پرۆسەی سیاسیداو دامەزراندنی ئەو بەشدارییەش لەسەر بنچینەی دەرککردنی هۆشمەندانەی بە کەشی سیاسیی ناوخۆییو ناوچەییو جیهانی. بۆ ئەمەش گەرەکە بایەخێکی چڕوپڕ بدرێت بە گەشەپێدانی میکانیزمەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و دۆزینەوەی شێوازی نوێی پێکهاتەو هەیکەلی دامەزراوەیی بۆ ڕێکخستنی ئەو بەشدارییە. بەواتایەکی دیکە، فراوانکردنی سنووری کارپێکردنی دیموکراسی و هێنانەئارای ئەو دابینکارییە سیاسیو ڕێکخراوەییانەی ماف و ئازادییە گشتییەکان دەستەبەردەکەنو هۆشیاریی جەماوەر دەبزوێننو هانی توێژاڵگەلی فراوان دەدەن بۆ بەشداریکردن لە کاری

سیاسیی گشتیدا. بەوەش زۆربەی تاکەکانی کۆمەڵگــە لە بوونەوەری پاشکۆو خەمساردەوە دەگۆڕێن بۆ هاوڵاتیی چالاکو کارامە، کە دەتوانن کاریگەریان لەسەر بڕیاری سیاسی دابنێن و بەجیدی بەشداربن لە گۆڕینی بنەمای نوێنەرایەتیکردنی سیاسی و هەڵبژاردنی حوکمڕانەکان و داڕشتنی بڕیارە سیاسییە گشتییەکاندا. تێکڕای ئەوانەش دەریدەبڕێت، کە نوێکردنەوەی سیاسی بەواتا گشتییەکەی و لە ناوەڕۆکدا مانای بنیاتنانی دیموکراسی و جێگیرکردنی کۆڵەکەکانییەتی.

هەموو ئەوانەی خرانەڕوو دەریدەخەن، نوێکردنەوەی سیاسی پڕۆسەیە نەک دۆخێک و پشت بە کارلێککردنی بەردەوام و گونجاوی میکانیزمەکانی جیاکارەبوونی بونیادی فرمانیو پێداویستییەکانی قوڵکردنەوەی یەکسانی و چەسپاندنی توانای کامڵبوونو سازانو داهێنانی سیستەمی سیاسی هەیە. بەو جۆرەش دەسەڵات هۆشمەنددەبێتو بنەماکان جیاکارەدەبن و بەشداریکردنی میللی دەبێتە خەسڵەتی بنچینەیی جیاکردنەوەی سیســتەمە نوێکانی حوکمــڕانی لە ڕژێمــە تەقلیــدی یان پاشکەوتوەکانداو پێوانەیەکی بابەتی بۆ پێوانی گەشەکردنو پێشکەوتنی سیستەمی سیاسی.

گۆڤاری هەفتانە ژمارە (٥١) ١٤-٢٠ حوزەیران ٢٠٠٩

## کۆڵەکەکانی دیموکراسی لە وتەو کرداردا

دیموکراسی بەرهەمێکی «تایبەتکار»ی خۆرئاوا نییە لە مێشکێکی نامۆدا نەبێت، کە بە بیانووی تایبەتمەندی، گۆشەگیری و داخران بەسەر خۆدا دەخاتەوە. لە ئەزموونی هەر میللەتێکدا چەندین توخمی دیموکراسی هەن و لە هەر ڕۆشنبیریەکیشدا توخمگەلی دیموکراسی هەن، کە لە بنکەی کۆمەڵگەدانو ئاقاری گەشەکردنی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ دیاریاندەکەن.

گرنگترین کۆڵەکەکانی دیموکراسی لە بیر و پراکتیکدا ئەمانەن:

### ١ – یەکسانی لە بەردەم یاسادا:

دیموکراسی مانای پشێوی و بەرەڵایی نییەو لەسەر بناغەی یەکسانیی لەبەردەم یاسادا دادەمەزرێت، سەروەریی یاسا بەسەر فەرمانڕەواو فەرمانڕەواییکراودا لەخۆدەگرێت، ئەو سەروەرییەی خەباتی دیموکراتیانەی مرۆڤەکان دژی ئەو یاسا کۆنو زۆردارانە پێویستدەکات، کە بەرژەوەندییەکانی چینێک یان توێژێک دەپارێزنو ڕێگرن لەبەردەم پەرەسەندندا. یەکسانی لەبەردەم یاسادا، دەروازەیەکی بنچینەییە بۆ هاوڵاتیبوونو یەکێکە لە ڕواڵەتەکانی پیادەکردنی سیاسی، بەوپێیەی کۆمەڵێک ئەرکو ماف دەکەونە ئەستۆی هاوڵاتیی ئازاد. یەکسانی بیرۆکەیەکی ڕووت نییەو لەناو کۆمەڵگەو تەنیا لە سایەی حوکمڕانیی هەق و یاسا و دادوەریدا بوونی هەیە، چونکە کۆمەڵگەی مەدەنیو حوکمڕانیی هەقو یاسا کۆڵەکەو زامنکەری یەکسانینو دواتریش کۆڵەکەو زامنکەری دیموکراسین. لێرەدا مەترسیترین شت، کە ڕووبەڕووی یەکسانی دەبێتەوە، گۆڕینێتی بۆ یەکسانییەکی سادە کە مەبەستێتی جیاوازی و جیاکارەییەکان لەناوبەرێت، یان کردنییەتی بە بیرۆکەیەکی ڕووت و دوائەنجام ئایدۆلۆژیایەک، کە واقیعی نایەکسانی دادەپۆشێت، یاخود خۆگێلکرد بەرامبەر بە پەیوەندیی نێوان یەکسانیی ڕێژەیی و یەکسانیی ڕەهاو گۆڕینی ڕێژەیی بۆ ڕەها. ئەو مەسەلەیەی مانای پاراستن و داکۆکیکردنە لە بارودۆخی بابەتیو زۆرداری.

## ٢ - نوێنەرایەتیکردن:

لەبەرئەوەی تاکەکان لەبەردەم یاسادا یەکسانن و هەر یەکێکیان مافی بەشداریکردنی چالاکانەی هەیە لە هەڵبژاردنی شێوازی ژیانی خۆی و سیستەمی حوکمڕانیدا، بۆیە مافی هەر یەکێکە بەپێی ویست و بەرژەوەندیی خۆی فەرمانڕەوایی بکات. جا لەبەرئەوەی ئەمە کارێکی سەختە، چونکە جەنگی هەر کەسێک دژی ئەوی دیکە بەرپادەکات و بوونی کۆمەڵایەتی وێراندەکات، بۆیە نوێنەرایەتیکردن داهێنەرانەترین چارەسەرە، کە ئەقڵی مرۆڤایەتی خوازیاری تەبایی‌و یەکگرتن دۆزیویەتییەوە. لێرەشدا نوێنەرایەتیکردن پێویستی بە هەڵبژاردنی ئازادانەی ڕاستەوخۆ، نهێنی‌و یەکسان هەیە.

## ٣ - جیاکارەبوون:

بۆ ئەوەی یەکسانی نەگۆڕێت بۆ «سازشکردنێک»، کە بە هۆیەوە ژیان ڕواڵەتکارو بێ جیاوازی و ناکۆکی دەبێت، پێویستە واتای جیاکارەبوون ببەخشێت. مەبەست جیاوازی، جیاکارەیی، ناکۆکی، فرەیی و مافی ئۆپۆزسیۆنبوونە. ئەو جیاکارەبوونەی لە جیاوازی، فرەیی و ناکۆکیی پێداویستی، حەز، خواستو بەرژەوەندییەکانی تاک و گروپەکانی کۆمەڵگەوە سەرچاوەدەگرێت، چونکە هیچ یەکگرتنێک بێ جیاوازی، فرەیی‌و ناکۆکی بوونی نییە. داننان بە حەقیقەتی جیاکارەبووندا، بەرەو قبوڵکردنی پلورالیزم دەچێت، واتە فرەیی هێزو ئاقارو حیزبە سیاسییەکان، چین و توێژە کۆمەڵایەتییەکان، ئاقارە فیکری و ئایدیۆلۆژییەکان. داننان بە پلورالیزمدا یەکێکە لە کۆڵەکەکانی دیموکراسی و بەبێ پرۆسەیەکی هوشیاربوونەوە دەستەبەرنابێت، مەبەست هوشیاریی ڕێژەییبوونی حەقیقەتو شیانی هەڵکردنی خودو هوشیارییە بەرامبەر بە خود لە ڕێگەی ئەوی دیکەوە.

کەواتە یەکسانی، نوێنەرایەتیکردن، جیاکارەبوون کۆڵەکەکانی دیموکراسین‌و هەلومەرجی هێنانەدی پێکدێنن، ئەگەر یەکێکیان لەناوچوو و ئامادەنەبوو، دیموکراسی کەموکوڕدەبێت و دەشێت بگۆڕێت بۆ دژەکەی.

## چوارچێوە گرنگەکانی هاتنەدیی کۆڵەکەکانی دیموکراسی:

١ - کۆمەڵگەیەکی یەکگرتوو کە تیایدا هەموو بنەماو پێکهاتەکانی پێش نەتەوەبوون لەناوبراین. ئەم کۆمەڵگە یەکگرتوە خاوەنی یەکگرتنێکی ناکۆکدارە، واتە ئاسۆیی دابەشکراو بەسەر چین و توێژی کۆمەڵایەتی جیاوازدا. هەروەها

ئاقارگەلی فیکری و سیاسی تیخیدەکەن و گروپی بەرژەوەندی، فشار، هێزو حیزبەکان تیایدا لە ململانێدان و تا ئەم یان ئەو ڕادەیە دەربڕی بەرژەوەندیی چینو توێژی کۆمەڵایەتی دیاریکراون. دەبێت بوترێت، دیموکراسی لە کۆمەڵگەیەکدا نایەتەدی زۆربە هۆشیارنەبن بەرامبەر بە پێویستبوونی دیموکراسی و دەرک بەوە نەکەن یەکگرتن، گەشەکردن و پێشکەوتن گرێدراوی هاتنەدیی دیموکراسینو ئەو هۆشیارییە نەبووبێتە دیاردەیەکی سیاسی، ئەو دیاردەیەی هێزەگەلی چالاک بەرجەستەیدەکەن، کە پرۆسەی گۆڕانکاری (ڕووخاندن و بنیاتنانەوە) بەرپادەکەن.

یەکگرتن لەسەر ئاستی نیشتمان، مانای ڕەتکردنەوەی پلورالیزم و جیاوازییەکان نییە، بەڵکو خستنەوەی پلورالیزم و جیاوازییەکی نوێیە. ئەم هێماکردنە بۆ جیاوازیو پێگەی تایبەتیو ڕەتکردنەوەی نەبزۆکی یان نەمری، شێوەو دۆخو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و دۆخی بەرهەمهێنان لە ڕەوتی گەشەکردنی مێژووییدا. هەموو ئەوانە دەبنە هۆی ڕەتکردنەوەی هەڵوێستی نەبزۆک و موحافەزەکارانە، کە دەیەوێ بیسەلمێنێ بارودۆخ و هەلومەرج و پەیوەندییە باوەکان یاساو سروشتی نەمرو ڕەگ داکوتاویان هەیە.

٢ - **حوکمڕانیی چاک:** هەمیشە تاقمگەری و ناوچەگەری دەربڕی بەرژەوەندی کەمایەتین و کۆسپن لەبەردەم دیموکراسیدا. دیموکراسی لەم گۆشەنیگایەوە، مانای هەلومەرجێکی کۆمەڵگەیی و سیاسی، دۆخێکی پێشکەوتن و گەشەکردن، کۆمەڵێک هەلومەرجی بابەتی و خۆیی، کە وادەکەن زۆرداری و پاوانکردنی دەسەڵات لەلایەن کەمایەتییەکەوە مەحاڵ بێت. ئەمەش لە سایەی حوکمڕانییەکدا بەدەستدێت، کە ڕەوایەتیی میللەتی بەدەستهێنابێت و نوێنەری بەرژەوەندیی زۆرینەی میللەت بێت. لێرەدا بەرژەوەندیی نیشتیمانی چەمکێکی ڕووت یان میتافیزیکی نییە، کە بەرژەوەندیی چین و توێژ و تاکەکان ڕەتبکاتەوە، بەپێچەوانەوە چەمکێکی ئاوێتەیەو ڕەتکەری بەرژەوەندییە تاکەکەسی، توێژگەریو چینایەتیەکانەو لەخۆگرتنی ئەوانەیە پاش بەرزکردنەوەیان بۆ ئاستێکی باڵاتر.

٣- **کارو بەرهەمهێنان:** ئەگەر تێڕوانین و هەڵوێستە ڕووت و ئەخلاقییەکانمان وەلاوەنا، ئەوا دەبێت دان بەوەدا بنێین، کە دیموکراسی بەری کۆمەڵگەی کارو بەرهەمهێنانە. پەیوەندیی ناکۆکداری نێوان تاک و کۆمەڵ، سەربەخۆیی و یەکگرتن، ئەو بزووتنەوە دیالەکتیکییەیە کە لە تاکی ڕووت و کۆمەڵی ڕووتەوە دەمانبات بۆ تاکی بەرجەستەو کۆمەڵگەی بەرجەستەی واقیعی، تاک — مرۆڤ لە ناخی خۆیدا

ئەو هێزە کۆمەڵایەتییە دەگرێتەخۆ، کە ئاستی گەشەکردنێک نیشاندەدات ژینگەیەکی کۆمەڵایەتی پێیگەشتوە. بێگومان ناتوانین دیموکراسی و ئاستی دیاریکراوی گەشەکردنی کارو پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان لێک جیابکەینەوە. کۆمەڵگەی هەژاری، ئابووریی سواڵکردن، بەهای بەرخۆری، بێتوانایی لەئاست جڵەوکردنی سروشتو بەرهەمو هێزەکانی کۆمەڵگەدا.. کۆسپە لەبەردەم دیموکراسیداو هەموو ئەوانە جەخت لەســەر ئەوە دەکەنەوە، کــە زۆرداری دۆخی زاڵ و سزای مێژووە لەو جۆرە کۆمەڵگەیانەدا. بۆیە پرۆسەی سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوەی هوشیاریی مرۆڤ و ڕاستکردنەوەی هەڵوێستی بەرامبەر بە سروشت، کۆمەڵگەو مرۆڤ لە ئەرکە بنچینەییەکانی هەر پەرەپێدانێکە.

٤ - *خەباتی سیاسی هەڵگری دیموکراسیی سیاسییە*: ئەو خەباتەی هێز، ئاقارو حیزبەکان پێی هەڵدەستنو دەربڕی بەرژەوەندییەکانیانە، یەکێکە لەو میکانیزمانەی دیموکراسی بەرهەمدێنێت و دیموکراسیش لە سـێبەریدا پەرەدەسێنێت، کاتێک سیاســەت بەواتا یۆنانییەکەی بەکاردێت، ئەوا کۆمەڵێک بەرپرسیارێتی و ماف دەکەونە ئەستۆی ئەندامە ئازاد و بەرپرسەکان، ئەوانەی گروپگەلێک پێکدێنن، کە لە شاردا گرتبوونەتەوە.

٥ - *هۆشیاریی نوێ و ڕۆڵی بڕیاردەری هۆکاری خۆیی*: هاوشانی خەباتی سیاسی بۆ ڕاستکردنەوەو ئاڕاستەکردن، گرنگی ڕیزپەڕانەی هۆشیاریی نوێ دێتەئاراوە. ئەو هۆشــیارییــەی تەبایە لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵگە و پێداویستیەکانی بەعەلمانیکردن، دیموکراتیزەکردن و نوێکردنەوەی کۆمەڵگەدا. ئەم هۆشیارییە نوێیە هۆکاری بڕیاردەرە بۆ چەسپاندنو نیشتەجێکردنی دیموکراسی. هەتاکو ئێستا ئایدیۆلۆژیای تەقلیدی، دواکەوتوویی هۆشیاری، بەسەرخۆدا داخران، سەلەفییەت و ڕابردووخوازی گەورەترین کۆسپن لەبەردەم دیموکراسیدا. هۆکاری خۆیی لە ڕێڕەوی پرۆسەی گۆڕینی واقیعدا، ڕۆڵی بڕیاردەر دەبینێتو مەبەست لەو هۆکارانەش ئەمانەیە: هۆشیاری، ویست، ڕێکخستن کە لە حیزب، هێز، ئاقارە سیاسییەکاندا بەرجەستەدەبێت، ئەویش شتێکی بێ خەوشی و بێگەرد نییەو بەواقیعی بابەتی دیاریدەکرێ، سەرهەڵدەدات و گەشەدەکات.

لەوەی پێشــەوە ڕەچاو ئەوە دەکرێ، دیموکراسی بە ڕیشە عەلمانییەکەیو ناوەڕۆکە مرۆڤانەکەی و سروشتە مێژووییەکەی، پەیوەندییەکی توندوتۆڵی لەگەڵ پرۆژەی بنیاتنانەوەی کۆمەڵگەدا هەیەو هاوشانی ئەو بنیاتنانەوەیەیە، کە مەبەستێتی سەروەریی میللەت، واتە سەرهەڵدانی دەسەڵات لەلایەن میللەتەوە -

بە هەڵبژاردنی ئازادانەی ڕاستەوخۆی، نهێنی و یەکسان- بچەسپێنێت. هەروەها ئازادییە سیاسیەکان جێگیربکات، مەبەست ئازادی ڕادەربڕین، فیکر، ئینتیماو بڕواو سەربەستیی ڕۆژنامەگەریو بڵاوکردنەوەو ئازادیی پێکهێنانی حیزبی سیاسیو کۆمەڵەو یانە کۆمەڵایەتیو ڕۆشنبیرییەکانو پاراستنی مافەکانی مرۆڤەو مانای سەروەریی یاساو یەکسانیی تەواوی دانیشتوانە، بێ گوێدانە ڕەنگ، ڕەگەز، ئایین، مەزهەب و ئینتیمای فیکری یان ڕۆشنبیری، یاخود سیاسیو توخمی کەسەکە. ئەوەش مانای بوونی دەسەڵاتی زۆرایەتی و ئازادیی کەمایەتی و مافی ئۆپۆزسیۆنبوونە، مانای دەستاودەستکردنی ئاشتیخوازانەی دەسەڵاتو بەشارستانیکردنی سیاسەت و کۆمەڵگەو جڵەوکردنی دیاردەی توندڕەویو ڕێگەگرتنە لە گواستنەوەی ململانێ و ناکۆکییە کۆمەڵایەتیەکان بۆ دەرەوەی چوارچێوەی سیاسی و کەناڵە دیموکراتییەکان، چونکە ئەوە دەبێتە هۆی خۆوێرانکردن، کە هەڕەشە لە کۆمەڵگە، فەرمانڕەوایی، شارستانییەتو ڕۆشنبیری دەکات.

گۆڤاری هەفتانە ژمارە (٥٢) ٢١-٢٧ حوزەیران ٢٠٠٩

## دیالۆگو هەڵکردن:
## مەرجێکی پێکەوەژیان و ڕەتکردنەوەی توندوتیژی

وا هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان دەستیپێکردو هەر پێکهاتەو کایەیەکی سیاسی کەوتۆتە کارکـردن بۆ خسـتنەڕووی بەرنامەکەی خۆی و لە هەوڵی ئەوەدایە سەرنجی هەڵبژێرەکان بەلای خۆیدا ڕابکێشێت و ژمارەیەکی زۆری دەنگەکان بۆ خۆی مسـۆگەربکـات. لەم بارودۆخەدا قسەکردن لەسەر دیالۆگو هەڵکردن (تۆلەرەنس)، وەک دوو ئامرازی جێگیرکردنی دیموکراسیو ڕەتکەرەوەی توندوتیژی ڕەمزی و کردەیی پێویستە.

## دیالۆگ کەناڵی مامەڵەکردنە لەگەڵ جیاوازییەکاندا:

پێویستە کایە سیاسییەکان بزانن، بوونی جیاوازی لەسەر ئاستە جۆربەجۆرەکانی کۆمەڵگە ئاساییـە و مایەی نیگەرانی نییە، چونکە ناکرێت وێنای ئەوە بکرێت گشـت پێکهاتەکانی کۆمەڵگـە، بەگشـت تێڕوانینە سیاسی و ڕۆشنبیرییەکانو دەروەستییەکانیانەوە، لەسـەر تاقـە بەرنامەیەک ڕێکبکەون، یان یەک تێڕوانین بگرنەبەر. ئەو کۆمەڵگەیەی ڕێکەوتنێکی وای تێدایە، یان تاقە تێڕوانینێک زاڵە بەسەریدا، کۆمەڵگەیەکی مەنگ و نەبزۆکە و زەمینەی سەرهەڵدانی ستەمکاریو سەرتاپاگیریی تێدایـە. واتـە کۆمەڵگـەی دروسـت ئەوەیە، کـە جیاوازییەکان لەئامێزدەگرێت و مامەڵەیەکی ڕاست و دروستی لەگەڵ دەکات. لێرەدا دیالۆگ، کەناڵی سروشتیی مامەڵەکردنە لەگەڵ جیاوازییەکاندا، ئەڵتەرناتیڤی بەکردەوەی توندوتیژیی سیاسییە، کە لە ڕێگەی گوتاری سیاسی و ئامرازە جۆربەجۆرەکانی دەربڕینەوە کارییێدەکرێت. ئەو توندوتیژییەی هەندێک نووسەر و ڕۆژنامەنووس -ئاگایانە یان نائاگایانە- بەبیانـووی کارپێکردنـی مافـی ئازادیـی دەربڕین پراکتیزەیدەکەن.

من هاوڕام لەسەر ئەوەی پێویستە واقعیانە، بابەتیانەو ڕاستگۆیانە گفتوگۆ

لەسەر مەسەلەکانی ناو کۆمەڵگە و ئەو شتانە بکرێت، کە ڕوودەدەنو کار بۆ گۆڕانیان بکرێت، جیاوازییەکەم لێرەدا ئەوەیە، بانگەشە بۆ بەدەستەوەگرتنی حەقیقەتی ڕەها بکرێت. واتە خۆ بەڕاستی ڕەها دابنرێت و ئەوانی دیکە بە خراپی ڕەها نیشانبدرێت، خۆ بە فریادڕەس و بەهەشت دروستکەر دابنرێت و بەرامبەر بە کاولکارو دۆزەخە بنیاتنەر وێنابکرێت، ئەوانیتری جیاوازو نەیار دادەماڵرێت لە مافی بیروڕادەربڕین و ڕاستییەکان پەردەپۆشبکرێن، حەقیقەتەکان بەلارێداببرێنو ساختەکاری بکرێت. ئەمەش هەموو لایەک ناچاردەکات بۆ پرسیارکردنەوە دەربارەی پیواری دیالۆگ لەناو کۆمەڵگەکەمان و نێوان سیاسەتمەدارو ڕۆشنبیرەکانماندا، یان دەربارەی نەچەسپینی شێوازی دیالۆگی دیموکراتیانە، کە بیرو دیدی جیاواز قبوڵدەکات و وەک شەریک و تەواوکەر تێیاندەڕوانێت.

ئەنجامی ئەوە پێویستە بەدوای ئەو ڕێسایانەی پیادەکردنی دیالۆگدا بگەڕێین، کە دەروازەی گونجاون بۆ کارپێکردنی لە کەشی ڕێزلێکگرتنی دوولایەنەی نێوان پێکهاتەکانی کۆمەڵگەدا.

**یەکەمین ڕێسا**، پێویستیی داننانە بە مافی جیاوازبوون و هەڵەکردندا. ئەمەش مانای بوونی مافی بیرکردنەوەو ڕەفتارکردنی جیاوازەو بەهیچ شێوەیەک مانای بوونی مافی بەدەستەوەگرتنی حەقیقەتی ڕەها نییە، بەڵکو مانای ئەوەیە مرۆڤ ئازادبێت بانگەشە بۆ هەرچییەک بکات، بەمەرجێک ئەو بانگەشەکردنە نەبێتە هۆی سەپاندنی بیروڕا بەسەر کەسێکی تردا. مانای ئازادیی دەربڕینە، بەڵام بەبێ دەستدرێژکردن و بریندارکردن و ناوزڕاندن. هەروەها مانای ئەوەیە هەریەکێک لە ئێمە هەڵەدەکات و خەوشی نییە هەوڵبدرێت بۆ ڕاستکردنەوەی.

**دووەمین ڕێسا**، تێگەیشتنە لە بیروڕای بەرامبەر لە چوارچێوە مەرجەعیەتی تایبەتی و ڕەوتی مێژوویی خۆیدا، بەوپێیەی ئەو گوتارە سیاسییەی لە ڕێگەی بەرنامە سیاسییە حیزبیەکان و نووسینەکان و ئاخاوتنە ڕۆژنامەنووسییەکانەوە دەردەبڕێن، جیاکارەیەو ناکرێت بشوبهێنرێت بە بەرنامەی تر یان لەقاڵبی دیدێکی دیاریکراو بدرێت. واقیعیش دەریخستوە کۆمەڵگەکەمان ئیمڕۆ فرە دیدو بۆچوونو ئاقاری سیاسییە و ئەستەمە قسە لەسەر یەک مەرجەعیبوونی سیاسیو ڕۆشنبیری بکرێت.

**سێیەمین ڕێسا** بریتییە لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەوی دیکەی نەیار، لە ڕوانگەی تێگەیشتن و دەروەستبوون بە بابەتیبوونەوە. لێرەدا با ڕاشکاوبین و لەخۆمان بپرسین: چەند لە ئێمە بڕوای بەم ڕاستییە هەیە؟ ئایا لە کاتی بیروڕادەربڕینو ئاخاوتندا ئەم ڕێسایەی دیالۆگ پێڕەویدەکەرێت؟

چوارەمین ڕێسا، باوەڕبوونە بە ڕێژەییبوونی حەقیقەت و شیانی پێشکەوتن، چونکە زۆر شت هەبوون وەک بەڵگەنەویست و سەلمێنەی گومان هەڵنەگر وابوون، کەچی ئیمڕۆ شایانی گفتوگۆ لەسەرکردن و بەدرۆخستنەوەن. بۆ نموونە، لەبواری سیاسیدا چەندین بابەت لەئارادابوون، کە لایەنەکان قبوڵیانکردبوون و کۆکبوون لەسەریان، کەچی ئیمڕۆ وا نەماوە.

## هەڵکردن بەردی بناغەی دیالۆگە:

هەڵکردن ڕێزگرتنی ئازادیی ئەوی دیکەو شێوازی بیرکردنەوەو ڕەفتارکردنو بیروڕاکانییەتی. هەروەها مانای قبوڵکردنی بیروڕای ئەوانی دیکەو ڕەفتاریانە لەسەر بنچینەی پرنسیپی جیاوازی و ناکۆکە لەگەڵ چەمکی دەسەڵاتخوازیو سەرکوتکردن و توندوتیژیداو یەکێکە لە خەسڵەتەکانی کۆمەڵگەی دیموکراتی. واتە هەڵکردن دەربڕی ڕێزگرتنی هەستوسۆزو بڕواکانی ئەوانی دیکەو مامەڵەکردنە لەگەڵیان وەک مرۆڤ، بەبێ گوێدانە ڕەنگ و ئینتیماو تێڕوانین و پێشینەی کۆمەڵایەتیان و پێچەوانەی دەمارگیرییە، کە مانای ڕەتکردنەوەی بڕواهێنانە بە بوونی ئەوانی دیکەی هاوبڕوانین و خواستی زاڵبوونی تەواوە بەمەبەستی پاراستنی بیروڕاو پێگەی کۆمەڵایەتی و سیاسی، یان سەرخستنی ئاقارێکی سیاسی. سەرەنجام لێبوردەنەبوون، مانای ڕەتکردنەوەی جیاوازی و گەڕانە بەدوای لێکچووندا، قبوڵنەکردنی هەرشێوازێکی سەربەخۆبوون و فرەڕەنگییەو ڕەتکەرەوەی ئاڵوگۆڕکردنی بیروڕاو پێکەوەژیانە.

لێبوردەیی بەبێ دیالۆگ و پێکگەیشتن و بەشداریکردنی ڕاستەقینە نایەتەدی، چونکە بوونی دیالۆگی بنیاتنەر و خوڵقاندنی پانتایی بۆ ڕەخنەگرتن و بیرکردنەوەی سەربەخۆیانە دەبێتــە هۆی سەقامگیربوونی کۆمەڵگەو پێکەوەژیان و چەسپاندنی ئاشتی. لێرەشدا لێبوردەیی مانــای بڕواهێنان نییە بە تێڕوانین و بۆچوونەکانی ئەوانیتر، بەڵکو داننانە بە مافی بوونــی جیاواز و قبوڵکردنی جیاکارەبووندا، بەمەرجێک ئەوانە لەسەر حسابی ماف و بوونی ئەوی دیکە نەبێت.

پێویستە توندوتیژی بەهەموو جۆرو شێوازەکانییەوە لەناو کۆمەڵگە و نێوان کایە سیاسییەکاندا ڕەتبکرێتەوەو گەرەکە ئەم پرنســیپە لە ڕیــزی پێشەوەی بایەخدانەکانی ئەو کایانە بێت، جا دەسەڵاتیان بەدەستەوەبێت، یان لەبەرەی ئۆپۆزسیۆندا بن. بۆ هێنانەدیی ئەو ئامانجەش، گرنگە گشت گفتوگۆکانی نێوان هێزە سیاسییەکان و لایەنگرانیان بەشێوەی دیالۆگی ئاشتیخوازانە بچنەڕێوەو ڕێگە بەوە بدرێت بیروڕاو بۆچوونەکان بەشێوەی مەدەنیانە گوزارشت لەخۆیان بکەن.

ئاشکرایە ئیمڕۆ جێگیرکردنی دیالۆگ و هەڵکردن پێداویستییەکی بنچینەییە بۆ تێپەڕاندنی قۆناغەکە بەبێ گرفت و توندوتیژی و پێویستە نەوەکانمانی پێ گۆش و پەروەردەبکرێن، چونکە دیالۆگ و هەڵکردن ڕێگەی ڕاستی چارەسەرکردنی مەسەلە هەڵواسراوەکان و ئەڵتەرناتیڤی ڕاستی بیروڕاسەپاندنەو لە ڕێگەی ئەوانەوە پەیوەندیو خۆشەویستیو ئاشتی دەپارێزرێنو بەهاکانی دیموکراسیو هاریکاریکردن دەچەسپێنرێن. لێرەشدا چەسپاندنی دیالۆگ و هەڵکردن بە بانگەشەکردن مەیسەرنابێت، بەبێ گرتنەبەری هەنگاوگەلی پراکتیکی بۆ خستنەگەڕی خاڵەکانی ڕێکەوتن، کە دەبێتە هۆی بنیاتنانی متمانە لەنێوانیان کایە جیاوازەکاندا.

کۆمەڵگەی هاوسەنگ ئەوە کۆمەڵگەیەیە، کە خاوەنی هێزی تایبەت بەخۆیەتیو کەشێک دەخولقێنێت تیایدا کولتووره جۆربەجۆرەکان بەشداری لە دیالۆگی بەرهەمداردا دەکەن، ئەو دیالۆگەی سوودی بۆ هەموان هەیە و یاریدەدەرە بۆ هێنانەئارای هەستی پێکەوە ژیان و پێکەوە هەڵکردن.

گۆڤاری هەفتانە ژمارە (٥٣) ٢٨ حوزەیران-٤ تەمموز ٢٠٠٩

# هەڵبژاردن پرۆسەیەکی دیموکراتی بۆ دەستنیشانکردنی نوێنەری شایستە

ئیمرۆ کە ڕۆژگاری هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان بەسەردەبەین، چالاکیگەلی سیاسی و کۆمەڵایەتیی فراوان دەستیانپێکردوە، بزووتنەوەیەکی فراوانی پەیوەندی پێوەکردن و کۆبوونەوەی فراوانو نمایشکردن سەرتاپای کۆمەڵگەی گرتۆتەوەو هەڵبژاردن بۆتە تەوەرەی قسەکردنو گفتوگۆو ئاخاوتنی ناو خێزانەکان، سەر شەقامەکان، نێو دامودەزگا حکومی و دامەزراوە ناحکومییەکانو دیدارو پێکگەیشتنی تاکەکان لە میدیاکاندا، ئەمەش لەبەر گرنگیی هەڵبژاردنەکانو دانانی بە سەنگی مەحەکی ڕاستەقینەی ڕادەی سەربەخۆبوونی ویستو دەربڕینی ئازادانەی هەڵبژێرەکان، بەتایبەتی لەکاتێکدا کە دیموکراسی لای ئێمە بۆتە پێداویستییەکی بنچینەیی بۆ پەرەپێدانو مسۆگەرکردنی داهاتوویەکی خۆشگوزەران بۆ گشت تاکەکانو هاوڕێکردنی کۆمەڵگەکەمان لەگەڵ گۆڕانکاریو گەشەکردنەکانی جیهانی سەردەمدا.

لەم ڕۆژگارەدا هەست بە گرنگیی تاک (وەک هەڵبژێر) دەکرێت و دەنگی بەهایەکی گەورەی هەیە، بۆیە دەبینین هەموولایەک دڵی ڕادەگرن و پێشبڕکێیانە بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندیی، بۆ ئەمەش سودوەردەگرن لە گشت میکانیزمەکانو پەنادەبەن بۆ ئامرازگەلی جۆربەجۆر. سەرەنجام ئەو تاکە توشی دڵەڕاوکێو دۆشدامان بووەو هەڵبژاردنی لەلا سەخت و ئاڵۆزبووە، چونکە پێش ئەم ڕۆژگارە ئەو تاکە هەرگیز بەو جۆرە جێی بایەخپێدان و ئاوڕلێدانەوەی جیدی نەبووەو ئەوەندە لیستی جۆراوجۆری دژ بەیەکیشی لەبەردەمدا نەبووە. بۆیە چەند پرسیارێکی لا دروستبووە، کە دەبێت وەڵامیان بۆ بدۆزێتەوە:

-لە هەلومەرجی ئیمرۆدا دەنگ بە کێ بدەم؟

-لەبەر ڕۆشنایی ئەزموونەکانی ڕابردوو و چوارچێوەی هەڵبژاردندا کێ هەڵبژێرم؟

-ئەو لیستە هەڵبژێرم، کە لە خولی پەرلەمانیی پێشوودا باڵادەستبووە، یان ئەوەی ڕابردوو دەسفرێنێ‌و مژدەی ئایندەیەکی بەهەشتئاسا دەدات بە گوێماندا؟

-دەنگ بەو لیستە بدەم کە ڕۆحی هەڵکردن، لێبوردەیی، خۆشەویستی‌و هەستی نیشتیمانیم تیا بەهێزدەکات، یان ئەوەی ڕۆحی ڕەهاخوازی‌و شەڕانگێزی‌و ناوچەگەریم تیا دەچێنێ؟

وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە، گرێدراوی هۆشمەندیی هەڵبژێر و ڕادەی ئازادبوون‌و سەرڕاستیی هەڵبژاردنەکانەو بەرپرسیارێتییەکی هاوبەشیشە.

## هەڵبژاردنی دیموکراتیانە و بەرپرسیارێتیی هاوبەش:

هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان پرۆسەیەکە لەو ماوەیەدا ئەنجامدەدرێت، کە بەپێی یاسا بۆ خستنەڕووی بەرنامەی لیستەکان دیاریکراوە، واتە بۆ دەستنیشانکردنی وردی کێشەو گیروگرفت و ئاستەنگەکانی خولی پێشوو و پێشکەشکردنی چارەسەری واقعیانەو وێناکردنی تایبەتی بۆ خولی داهاتوو. لێرەدا سەرکەوتنی هەڵمەتەکە پێویستی بە بوونی دەزگایەکی سەربەخۆی سەرپەرشتیکردن، لیستە جۆربەجۆرەکان و هەڵبژێری هوشیار هەیە، بۆ بەڕێوەبردنی بەشێوەیەکی ئازادانەو سەرڕاست. واتە سەرخستنی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان بەشێوەیەکی دروست، بەرپرسیارێتیەکی هاوبەشەو پەلدەهاوێژێت بۆ هەریەکێک لە کاندیدکراوو هەڵبژێرو لایەنی سەرپەرشتیکاری هەڵبژاردنەکان.

سەبارەت بە ڕۆڵی کاندیدکراو، پێویستە مەبەستی کاندیدکردن بەپلەی یەکەم، خواستی ڕاستەقینە بێت بۆ خزمەتکردنی کۆمەڵگە و نوێنەرایەتیکردنی ڕاستگۆیانەی دانیشتوان. لێرەدا، پێش دیاریکردنی ئەرک و مافەکانی کاندیدکراو، پێویستە بەرپرسیارێتی ئەو چوارچێوەیە دیاریبکرێت، کە کاندیدکردنەکەی تیادا ئەنجامدەدرێت، مەبەست لیستی کاندیدکارە. چونکە ئەم لیستە بەرپرسیارێتی هەڵبژاردنەکەی دەکەوێتە ئەستۆ و پێویستە ڕەچاوی ئەوە بکات، کە هەڵبژاردن ئامرازێکی سیاسییە و دەبێت بخرێتەگەڕ بۆ چەسپاندنی دیموکراسی، نەک بەکاربردنی وەک میکانیزمێک بۆ هێنانەئارای دیموکراسیی ڕواڵەتکارانە، کە هۆی لاوازبوونی بەشداریکردنی سیاسی بووە لە ڕابردوودا. گرنگە هەڵبژاردنی کاندیدکراو لەلایەن هەر لیستێکەوە، پشتبەستووبێت بە توانا‌و لێهاتوویی و بەپێی پێوانەگەلێک بێت، کە بەشێوەیەکی زانستیانە دانراون. گەرەکە لیستەکە کاریش بۆ جێگیرکردنی کولتووری هاوڵاتیبوون و کۆنترۆڵکردنی میکانیزمەکانی پێکگەیشتن بکات، کە دیالۆگی شارستانیانەی بنیاتنەرانە گرنگترینیانەو ڕاستگۆیانەو سەرڕاستانە

بەرپرسیارێتییەکانی خۆی جێبەجێبکات و خەمــی کۆمەڵایەتی زاڵبکــات بەسەر بەرژەوەندیی تایبەتیدا.

بەگشتی، ڕۆڵگێڕانی کاندیدکراو لە خوڵقاندنی کەشێکی دیموکراتیانەدا، بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی سەرڕاست، پێویستی بەوەیە کاندیدکراو بەباشی بزانێت ماف و ئەرکەکانی چین، کە گرنگترینیان دەروەستبوونییەتی بە یاساکانی هەڵبژاردن و کاراکردنیانە، لە ڕێگەی خستنەڕووی بەرنامەی لیستەکەیو دەستکەوتەکانیو خۆناساندنەوە. لە بەرامبەر ئەمەش، پێویستە بزانێت، ئەو بەرپرسیارە بەرامبەر بە ڕاییکردنی ئەرکێکی نیشتیمانیو داوای لێ کراوە بەشداربێت لە ڕەخساندنی ژینگەی کارپێکردنی دیموکراسیو پاراستنی هەڵکردنی کۆمەڵایەتیی دوور لە ڕواڵەتەکانی توندوتویژی، گوشار، ڕووتاندنەوە، بەرتیلدانو ڕەفتارە نابەرپرسیارەکانی دیکە.

دەربارەی ڕۆڵی هەڵبژێر، هوشمەندیی سیاسی و کۆمەڵایەتیی تاکەکانی کۆمەڵگە لە ڕێگەی پەروەردەکردنی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ڕۆشنبیرییەوە پێدەگات، خێزانو پەروەردەو کۆمەڵگەو ڕادەی بەدەستهێنانی ڕێساو پرنسیپەکانی کولتووری هاوڵاتیبوونو ڕاهێنانی ســیاســی و بەکۆمەڵیش بەشداریدەکەن لە خەملاندنی هۆشمەندییەکی بەپرسیارانەدا، کە وایان لێ دەکەن دەرک بەوە بکەن، هەڵبژاردن چرکەساتێکی سیاسی نییە، بەڵکو ڕێگە هەڵبژاردنێکی ستراتیژییە داهاتووی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسیش دیاریدەکات.

پێویستە هەڵبژێر ئیمڕۆ بزانێت، کە هەڵبژاردنەکان قوتابخانەگەلی ڕاستەقینەن بۆ فێربوونی دیموکراسی و ئەو بەشداریدەکات لە هەڵمەتی هەڵبژاردنێکی سەرڕاستو شەفافدا. ئەمەش دەیسەپێنێت بەسەریدا، کە پابەندی یاساکانی هەڵبژاردن بێت، بۆ خۆبەدوورگرتن لە هەر پرۆســەیەکی ساختەکاری و گەندەڵکردن، وەک فرۆشتنی دەنگ و دەنگدانی دووبارە. هەروەها پێویستە هۆشمەندبێت بەرامبەر بە مافەکانی لە پێش و پاش و کاتی هەڵبژاردنەکاندا. بۆ نموونە، مافی خۆیەتی کاتی هەڵمەتی هەڵبژاردن- پێش دەنگدان دەربارەی بەرنامەی هەڵبژاردن پرسیار لە کاندیدکراوەکان بکات و ئاشنای مەرجەعیەتی سیاسیو فیکرییان بێت، بەڵکو مافی خۆیەتی لە کەسایەتی و خەسڵەتە ئەخلاقییەکان و سەرمایەی مەعریفیو ڕۆشنبیری و ڕادەی چالاکی و لێهاتووییان بکۆڵێتەوە. ڕۆژی هەڵبژاردنیش مافی ئەوەی هەیە هاوسەنگانە دەنگبداتە ئەو لیستەی مەرجەکانی متمانەپێبوون، لێهاتوویيو ڕێزگرتنی بەرپرسیارێتیان تێدایە و خاوەن بەرنامەیەکی واقعیی هەمەلایەنە. چونکە کارپێکردنی سەرڕاستانەی

هەڵبژاردنەکەی، وەک مافێکی دیموکراتی، تاقە شێوازی نموونەییە بۆ گوزارشتکردن لە بیروڕاو ویستی خۆی و دەستنیشانکردنی نوێنەری شایستە بەشێوەیەکی شارستانیانەی دوور لە گوشارو بەکاربردنو بانگەشەخوازییە، کە خەمخۆری زیاترە بۆ سەرخستنی بەرژەوەندیی گشتی، نەک بەرژەوەندیی تایبەتی. مافە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی دوای هەڵبژاردنیش بریتییە لە میکانیزمەکانی پێکگەیشتن، چاودێریکردنی کاندیدکراوەکانو میکانیزمەکانی کارکردنو نوێنەرایەتیکردنیان، هەروەها فشاردروستکردنە بۆ لێپێچینەوەی سەرپێچیکاران.

سەبارەت بە ڕۆڵی سەرپەرشتیکاری هەڵبژاردنەکانیش، پێویستە لایەنی سەرپەرشتیکاری هەڵبژاردنەکان پابەندبێت بە بێلایەنی سیاسی، سەرپێچی بنەما ڕەسەنەکانی هەڵبژاردنی سەرڕاست نەکات، یەکسان مامەڵە لەگەڵ کاندیدکراوەکاندا بکات، خەمخۆربێت بۆ ئەوەی دانیشتوان لە دانگداندا ئازادانە گوزارشت لە ویستی خۆیان بکەن. لێرەدا ڕواڵەتەکانی بێلایەنیی سەرپەرشتیکاری هەڵبژاردن بە درێژایی هەڵمەتی هەڵبژاردن لەمانەی خوارەوەدا بەرجەستەدەبێت: پێویستیی کارپێکردنی یاساکانی هەڵبژاردن بەشێوەیەکی دادپەروەرانە، بەیەکسانی مامەڵەکردن لەگەڵ گشت کاندیدکراوەکانداو دەرفەت ڕەخساندن بۆ پراکتیزەکردنی مافەکانیان، بەرزکردنەوەی سکاڵانامە دژی هەر هەراسانکردنو گوشاربۆهێنانێک و بەدواداچوونی ئەو سکاڵانامانە. هەروەها بیلایەنی مانای چاودێریکردنی هەڵمەتەکە و بەگژاچوونەوەی سەرپێچییەکانە، وەک کڕینی دەنگ، بەکارهێنانی شوێنە گشتییەکان بۆ مەبەستی ڕیکلامکردن و کۆبوونەوەی بانگەشەکردن، بەڵێندانی دامەزراندن، ڕووتاندنەوە ...هتد. هەروەها سزادانی هەر ساختەکارییەک، کە لە کاتی دەنگداندا ڕوودات. ئەمە وێڕای دانانی بەرنامەیەکی واقعی، کە ڕەچاوی ئەمانەی خوارەوە بکات:

- پابەندبوونی هەڵبژێر و کاندیدکراو بە ڕێزگرتنی یاساکانی هەڵبژاردنەوە.
- هەڵمەتێکی هوشیارکردنەوە بۆ خستنەڕووی سزاکانی سەرپێچیکردن.
- ئاشناکردنی هەڵبژێر و کاندیدکراو بە ماف و ئەرکەکانیان.
- دەستنیشانکردنی کار و ڕەفتارە قەدەغەکراوەکان بەدرێژایی هەڵمەتی هەڵبژاردن.
- هێنانەئارای لیژنەیەکی بێلایەن، کە ئەندامەکانی پێکهاتبن لە کاراکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و کەسانی خاوەن ناوبانگی باش و سەرڕاست و بێلایەن بۆ چاودێریکردنی هەڵبژاردنەکان.

بەگشتی جێبەجێکردنی جیدی و توندی یاسا لەلایەن شەرپەرشتیکارەوە، پاراستنی چالاکیی کاندیدکراوی لێهاتوە لە گشـــت جۆرەکانی تەنگپێهەڵچنین‌و کاری نابەرپرسیارانە لەلایەن کاندیدکراوی نابەرپرسیارو ناسەرڕاستەوە. هەروەها ئاڕاستەیەکی دروستە، کە کاردانەوەی باشی لەسەر دەروونی تاکەکان دەبێت‌و جۆرێک لە ئارامیان پێ دەبەخشێت، بۆ کارپێکردنی مافی خۆیان لە هەڵبژاردنی ڕاست و دروستدا. هەموو ئەوانەش بەشداریدەکەن لە بنیاتنانی متمانە لەنێوان کۆمەڵگەی سیاسی و کۆمەڵگەی مەدەنیداو داکۆکیدەکات لەبەشداریکردنی سیاسی، نەک تەنیا لەماوەی هەڵبژاردنەکاندا، بەڵکو لە سەرجەم کاروبارە گشتییەکاندا.

بەوپێیە، ڕایەڵـــەی نێـــوان ئەو مەرجـــە بابەتیانەی ئەنجامدانی هەڵبژاردنە دیموکراتییەکان، میکانیزمگەلی پێکگەیشتنی سیاسی و کارگێڕی و کاراکردنی ڕاگەیاندنە، بەتایبەتی کاتێک بانگەشەکردن بۆ هەڵبژاردن کارێکی سادەو ئاسان نییە، بەڵکــو داخوازییـــەکی بەرنامەکارانەی پشتبەســتووە بە کەســانی خاوەن ئەزموون‌و شارەزاو ناوەندە زانستیەکان، بۆ ئەوەی ئەقڵانیتربێت‌و سەرنجی هەڵبژێر ڕاکێشێت و پەیوەندییەکی بەکردەوە بخولْقێنێت بۆ بروابپێهێنانی بە بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکاندا.

گۆڤاری هەفتانە ژمارە (٥٤) ٥-١١ تەمموز ٢٠٠٩

## دوای هەڵبژاردنەکان دەبێت چی بکرێت؟

لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی کوردستاندا، هەر لیستێک بەرنامەیەکی خستۆتەڕوو و بانگەشەی بۆ دەکاتو بەڵێنی ئەوە بە هەڵبژێرەکان دەدات خاڵەکانی جێبەجێدەکاتو بەهۆیەوە کوردستان دەباتە ئاستێکی دیکەی گەشەکردنەوە. بەبێ ڕۆچوونە ناو بەندەکانی ئەو بەرنامانەوە، هەندێک لەو ئەرکە هەنوکەییانە دەخەمەڕوو، کە پێویستە لە دوای هەڵبژاردنەکان دەستوبرد کاری جیدی بۆ جێبەجێکردنیان بکرێت.

### ١ – دەستکردن بە چاکسازیی هەمەلایەن:

چاکسازیی هەمەلایەن لە ڕیزی پێشەوەی ئەو کارانەیە، کە دەبێت لە خولی نوێی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمدا بەگەڕبخرێت. یەکەمین پرنسیپەکانی ئەو چاکسازییەش، دانانی پێوانەی شایستەبوونە لەجێی پێوانەی دەروەستبوون، جا ئەو دەروەستبوونە بە حیزبەوە بێت یان عەشیرەت یاخود تۆڕەکانی بەرژەوەندیی تایبەتی. دوەمین پرنسیپ ئەوەیە، لە ڕێکخستنی کایەی گشتیو ژیانی سیاسیو شارستانیدا، دەسەڵاتی یاسا جێی دەسەڵاتی حیزب بگرێتەوە. سێیەمین پرنسیپیش، بەرپرسیارێتییە، واتە هەستکردن بە ئەرکەکان و کارکردن بەشێوەیەکی پیشەکارانە.

### ٢ – لەناوبردنی کولتووری ستەمکاری:

لەناوبردنی کولتووری ستەمکاری و پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ، جا ئەوە لە پرۆگرامەکانی خوێندندا بێت، یان لە دامەزراوە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکاندا، بنیاتنانی کولتوورێکی پشتبەستووە بە جێگیرکردنی هاوڵاتیبوون، پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و بەرجەستەکردنی ئەو دەربڕینەی دەڵێت «حکومەت خزمەتکارو ئاڕاستەکاری میللەتە، نەک ئاغایەکی ستەمکار». هەروەها چەسپاندنی کولتووری خۆشەویستی، هەڵکردنو هاریکاریکردن، کە گرنگە بۆ ژیانکردنێکی کۆمەڵایەتیو سیاسیی دروست. چونکە

لە سایەی کولتووری ستەمکاریدا هیچ پێشکەوتنو گەشەکردنێک نابێتە خواستێکی بەکۆمەڵ، بەڵکــو دەبێتــە کارێکی زۆرەملیو میللەت لە ترسدا، نەک بەخواستی خۆی، بەشداریی تێدا دەکات. ئەمەش نابێتە هۆی بنیاتنانی نیشــتمانێکی دروست و یاریدەرنابێت بۆ تەقێنەوە بەهرەو تواناکانی تاکەکان، چونکە داهێنان و ئازادی دەست لەملانی یەکنو ناکرێت لێک جیابکرێنەوە.

## ٣ - پەیمانێکی کۆمەڵایەتی خۆویستانە:

گرنگە پەیمانێکی کۆمەڵایەتی خۆویستانەی ڕاستەقینە لەنێو گشت پێکهاتەکانی کۆمەڵگەی کوردستاندا بێتەئاراوە، کە بەهۆیەوە ئەو پێکهاتانە- بێ گوێدانە قەبارە یان بەدەستهێنانی زۆرینەو کەمینە- دان بەبوونی یەکو جیاوازیان لەگەڵا یەکتردا بنێنو ئەو زمانە ڕەتبکەنە کە دەڵێت: «ئێمە نیشتیمانپەروەری ڕاستەقینەین، ئێمە پاکو بێ خەوشین، تەنیا ئێمە بنیاتنەرو فریادڕەسین»، چونکە ئەوە زمانێکی ترسناکی ژەهراوییەو لە ماوەی ڕابردوودا هۆکاری ململانێو شەڕی خوێناوی زۆربوەو گەلێک هەلو دەرفەتی زێڕینی لە کیس میللەتەکەمان داوەو ئێستاش هەڕەشە لە چارەنووسمان دەکات.

## ٤ - جێگیرکردنی حکومەتێکی هاوچەرخی کارامە:

مەبەست لەو حکومەتەیە، کــە سێ خەسڵەتی سەرەکی تێدایە: حکومەتێکە بەشێوەیەکی بنچینەیی بایەخدەدات بە وەرگرانی خزمەتگوزارییەکان، واتە گوێیان لێ دەگرێت و ڕەخنەو پێشنیارەکانیان بەهێند وەردەگرێت، بۆ داڕشتنی پلانەکان و بڕیارسازی، بەوپێیەی ئەوانە سودمەندی سەرەکین لە کارەکانی. حکومەتێکە خولیای هێنانەدیی ئامانجەکانە، واتە مەبەستی هێنانەدیی ئامانجگەلی هەستپێکراوو ئەنجامدانی کارەکانە بە باشترین چۆنایەتی و کەمترین تێچوو. حکومەتێکی شەفافە، واتە هەموان ئاگاداری بەڕێوەچوونی کارو بڕیارەکانی ئەون، کار بە پەردەپۆشکردنو نهێنیبوون ناکات، ئەو داتایانەی دەیانخاتەڕوو بڕواپێکراوو ڕاستو کاتدارن.

## ٥ - بەدامەزراوەبوون:

بنیاتنانی حوکمڕانی لەسەر بنچینەی کولتووری دامەزراوەبوون، کە تیایدا دادپەروەرانە ئەرک و مافەکان دابەشدەکرێن و تاقە مەرجی بنچینەیی بۆ بەدەستهێنانی کارو پۆستەکان، لێهاتوویی و شارەزایی و سەرڕاستی دەبێت. جەغتکردنەوە لەسەر

ئەوەی پۆستی حکومی خزمەتکردنی کۆمەڵگەیە، نەک دەرفەتێک بۆ دەسەڵاتخوازی و دەوڵەمەندبوون و تاڵانکردنی سامانی گشتی. دووپاتکردنەوەی ئەوەی دامودەزگاکانی حوکمڕانی موڵکی تاکەکەسی و حیزبی نین، بەڵکو هی میللەتن بەبێ جیاوازی و مانەوەی هەر کەسێک لە پۆستێکی دیاریکراودا، گرێدراوی گرێبەستێکی یاسایی تایبەتییە، کە شایانی نوێکردنەوەو هەڵوەشاندنەوەیە.

## ٦ - چەسپاندنی ناناوەندێتی:

ئەزموونەکانی ڕابردوو دەریانخستوە، ناوەندێتی دەبێتە هۆی لاوازیی بەشداریکردنی خەڵک، کوشتنی ڕۆحی هاریکاریکردن و هەستکردن بە بەرپرسیارێتی، بێبەشبوونی ناوچەکانی کەنار لە زۆر خزمەتگوزاریو مافو بەهەدەرچوونی کات و وزەی زۆر بۆ ڕاییکردنی کارەکان. بۆیە گرنگە ناناوەندێتی بچەسپێنرێت، دەسەڵات و کارەکان لەنێوان ناوەند و ناوچەکانی هەرێمدا دابەشبکرێن و ئەنجومەنی پارێزگاکانو شـارەوانییەکان کارابکـرێن، بەمەرجێک ئەو ئەنجومەنانـە بـەری هەڵبژاردنێکی ئازادانەی سـەرڕاسـت بن.

## ٧ - سیستەمێکی چاودێریی کارامە:

دامەزراندنی سیستـەمێکی چاودێریکردنی کارامـە بـۆ کۆنترۆڵکردنی وردو دادپەروەرانەی گشـت دامودەزگاو دامەزراوەکـان و چالاکییـەکانی تاکەکانو لێپێچینەوە لە سەرپێچی و خراپەکارییەکان، بەمەرجێک ئەو سیستەمە بەڕوونیو شەفافی جێبەجێبکرێت و بەدووربێت لە دەستێوەردانی دەسـەڵاتەکان. چونکە تەشەنەسەندنی گەندەڵیی سیاسی، کارگێڕی، داراییو تەنانەت ئەخلاقیش پێویستی بە هەڵوەستەکردنێکی جیدی و دامودەزگای چاودێریکردنی سەرڕاستی لێهاتوو هەیە، کە لە ڕووی یاساییەوە پارێزراوبێت و دەسەڵاتی تەواوی پێ درابێت.

## ٨ - ئابوورییەکی هاوسەنگ:

دامەزراندنی ئابوورییەکی هاوسەنگ لەسەر بنچینەی سیاسەتگەلی ئابووریی زانستی و سەردەمیانە، کە ڕەچاوی سەرچاوە ڕەخساوەکان و پێداویستییەکانو تایبەتمەندییە کولتوورییـەکانی کۆمەڵگەکەمان دەکەن و کوێرانە تاقیکردنەوەی ئەوانی دیکە کۆپی ناکەنەوە. کۆششکردن بۆ بنیاتنانی ئابوورییەکی بەرهەمهێنو دوورکەوتنەوە لە ڕەوتی بەرخۆری. لێرەدا دەبێت بوترێت کە بێکاری، هەژاری،

گەندەڵی، پاشکەوتنی پیشەیی و زانستی، کەمی کەرەستەو ئامرازەکانی پیشەسازکردن ئاستەنگی گەورەن لەبەردەم گەشەکردنی ئابووری و پرۆسەی پەرەپێداندا. بۆیە پرۆسەی وەبەرهێنانی هۆشمەندانەو دادپەروەرانەی سامانە سروشتییەکان، پاراستنی مافی نەوەکانی داهاتوو، رەچاوکردنی هاوسەنگیی سروشتیو ژینگەیی، خەمخواردن بۆ دروستکردن و بەرهەمهێنانی پێداویستییە سەرەتاییەکان، پشت نەبەستنی یەکجارەکی تەنیا بە نەوت و بوژاندنەوەی کەرتی کشتوکاڵ گرنگ و پێویستن.

## ٩ - پەرەپێدانی کەرتی تایبەت و کۆمەڵگەی مەدەنی:

حکومەت هێزێکی گەورەیە بۆ هێنانەدیی پەرەپێدان، بەڵام تاقە هێز نییەو پەرەپێدانی هەمەلایەن پشتبەستووە بە خوڵقاندنی دەرفەتی کارکردن بەجۆرێک، کە شیاوبێت بۆ چاککردنی ئاستی بژێوی، بۆ هاندانی کەرتی تایبەتیش ئەمانە گرنگن: خوڵقاندنی ژینگەیەکی ئارام بۆ ئابووری، پاراستنی بازاڕە پێشبڕکێکارەکان لە رێی یاسایەکی تایبەتییەوە، دابینکردنی قەرز بۆ پرۆژە مامناوەندیو بچووکەکان، بایەخدان بەو پرۆژانەی دەرفەتی کاری زیاتر دەخوڵقێنن، راکێشانی وەبەرهێنانو یارمەتیدانی گوێزانەوەی مەعریفەو تەکنۆلۆژیا بۆ وڵات. هەروەها پەرەپێدان ئەرکی سەرشانی کۆمەڵگەی مەدەنیشە. بۆیە گرنگە کار بۆ هێنانەدیی کۆمەڵگەیەکی مەدەنیی کاراو بەرپرسیار بکرێت، لە رێگەی یاسایەکی تایبەت بە رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنییەوەو بەپێی ستاندارتە جیهانییەکان و سندوقی هاوکاریکردن لە وەزارەتە جۆربەجۆرەکاندا دابنرێت، بۆ ئەنجامدانی بەشێک لە پلانی ساڵانەی حکومەت، لە رێگەی ئەو رێکخراوانەوەو کاربکرێت بۆ خوڵقاندنی کولتووری کاری خۆبەخش لەناو کۆمەڵگەدا.

گۆڤاری هەفتانە ژمارە (٥٥) ١٢-١٨ تەمموز ٢٠٠٩

## هەڵبژاردنی پەرلەمان: پراکتیکێکی کۆمەڵایەتی پڕواتا

شیکردنەوەی پرۆسەی هەڵبژاردن لەو وڵاتانەی هەڵبژاردنی پەرلەمان تیایاندا ئەنجامدەدرێت، ڕۆشنایی تەواو دەخاتە سەر بونیادی کۆمەڵگە و پەیوەندییە ناوەکی و دەرەکییەکان بەشێوەیەکی گشتی و سروشتی ژیانی سیاسی و ڕۆشنبیری بەشێوەیەکی تایبەتی، بەشێوەیەکی ڕوونیش زیندوویێتی کۆمەڵگەو خونچەکردنی تواناو وزەکانی یان سڕبوون و مەیینی مێژووی ناوەکیی کۆمەڵگە دەخاتەڕوو. جا ئەگەر کۆمەڵگەیەک بەوە جیاکارەبکرێت، کە لەسەر ئاستی مادی و ڕۆحی بەرهەمیدێنێت، ئەوا هەڵبژاردنی پەرلەمان پراکتیکێکی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵگەییە، ئەو مەرجە مادی و بابەتی و خۆییانەی پرۆسەی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی تێدا دەردەکەوێت، کە چییەتی کۆمەڵگە و ناسنامەی نیشتیمانی و بونیادی سیستەمی گشتیی تێدا دیاریدەکرێت.

لەم ساتەدا، کە نوێکردنەوەو چاکسازی بوونەتە پێداویستییەکی گرنگو هەنوکەیی کۆمەڵگەی کوردستان و دەسەڵاتی سیاسیی حوکمڕان و نەیارەکانی باسی پێویستبوونیان دەکەن، هەڵبژاردنی ئەمجارە دەرفەتێکە بۆ بەرجەستەکردنی هەندێک نیشانەی وێناکردنی نوێکارو چاکسازیخوازانە و خستنەگەڕی پرۆژەیەکی نوێکردنەوەو چاکسازی، کە بەلای هەموانەوە پەسەندبێت و بتوانێت دەرگا بەڕووی قۆناغێکی نوێ و پەرەپێدانی هەمەلایەندا بکاتەوە.

## هەڵبژاردن: پراکتیکێکی پڕواتا

هەڵبژاردنی پەرلەمان یەکێکە لە پراکتیکە پڕ واتاکان، بەو پێیەی پراکتیکێکی بەکۆمەڵە ئاستی هوشیاریی کۆمەڵایەتی و ناوەڕۆکی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی تێدا دەردەکەوێت و ئەوە دەخاتەڕوو، کە کۆمەڵگەکە بۆ ئیمڕۆ و داهاتوی خۆی دەیەوێت، دیمەنی ئەو داهاتووە نیشاندەدات کە ئامانجیەتی، ئەو بناغە مەعریفیو ئەخلاقیەش پێشکەشدەکات کە پشتی پێ دەبەستێ. بەڵێ، هەڵبژاردن پراکتیکێکی کۆمەڵایەتی و

کۆمەڵگەییـــە ڕادەی چەسپین و نەچەسپینی مافــە مەدەنییەکانو ئازادییە بنچینەییەکانی کۆمەڵگە ئاشکرادەکات. ئەو ماف و ئازادییانەش پێوانەگەلی بابەتیان هەیە، کــە بریتین لە ئازادیی تاک و مافەکانی مرۆڤ و یەکسانیی گشت هاوڵاتیان لەبەردەم ئەو یاسایەدا، کە دەبێت سەرجەم مافە مەدەنی و ئازادییە بنچینەییەکان بۆ گشت هاوڵاتیان و بەبێ جیاوازی دەستەبەربکات. هەروەها ڕادەی چەسپین و نەچەسپینی پرنسیپی هاوڵاتیبوون و نەشونماکردن و نەکردنی هاوڵاتیبوون دەخاتەڕوو. هاوڵاتیبوون بەواتای پەیوەندییەکی مەدەنیانەی خاوەن ناوەڕۆکی کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی، ڕۆشنبیریو ئەخلاقی، ئەو پەیوەندیانەی پێش نیشتیمانیبوون- وەک عەشیرەتگەری و تیرەگەری- تێدەپەڕێنێت، کە ڕێگرن لەبەردەم تێوەچوون و یەکگرتوویی کۆمەڵگەدا.

هەڵبژاردنی پەرلەمـــان داننـــانی ڕاشـــکاوانە و ئاشکرایە بە فرەیی و جیاوازیو جیاکارەبووندا، داننانە بە جیاوازییو ناکۆکیو یەکگرتوویی بەرژەوەندییەکانی تاکو توێژە کۆمەڵایەتیەکاندا، لـــە چوارچێوەی بەرژەوەندیی هاوبەشـــدا (بەرژەوەندیی نیشتیمانی)، چونکە بەبێ ئـــەوە، هەڵبژاردن بێسوودەو پێویست نییە. بە دووبارەبوونەوەی خولیی هەڵبژاردنیش، یەکگرتوویی نیشتیمانی- لە ڕووی شێوەو ناوەڕۆکەوە - دەچەسپێت و جیاوازی و ناکۆکیی بەرژەوەندییەکان دەبنە هۆکاری سەرەکی بۆ پێشکەوتن و پەرەسەندن. ئەمەش کاتێک کە تاکەکانو توێژە کۆمەڵایەتییەکات دەرک بـــەوە دەکەن بەرژەوەندییەکانیان تەنیا لە چوارچێوەی بەرژەوەندیی گشتی و بەپاڵپشتیی یاسا دێنەدی. لێرەشدا دەسەڵاتی یاسادانان ئەو لایەنە پەیوەندیدارەیە، تەنیا ئەو یاسایانە دەرناکات کە بەرژەوەندییەکانی هەموان دەپارێزن، بەڵکو ئاڕاستەو ناوەڕۆکی گەشەکردنی کۆمەڵایەتیش دیاریدەکات. بۆیە هەڵبژاردن بەرژەوەندیی بەکردەوەی گشت تاکەکانی کۆمەڵگەو توێژە کۆمەڵایەتیەکان، بەبێ جیاوازی، لەخۆدەگرێت. هەڵبژاردنی پەرلەمان کاتێک شایانی ئەو ناوە دەبێت، کە جەغت لەســـەر ئەوە بکاتەوە، گشـــتی کۆمەڵایەتی یاسازیی بۆ خۆی دەکات، چونکە سەروەریی حوکمڕانی بەبێ سەروەریی میللەت مانایەکی نییە. بۆیە هیچ یەکێک لە بەشەکانی کۆمەڵگە، جا چیـــن بێت یان حیـــزب یاخود هاوپەیمانێتی حیزبەکان، ناتوانێت و مافی ئەوەی نییـــە گشت دیارییبکاتو یاسا بۆ هەموان دەربکات.

## کارتی دەنگدان بەهایەکی سیاسیی هەیە:

لەڕاستیدا هەڵبژاردنی پەرلەمان گوزارشتکردنی ڕاستەوخۆیە لـــە ویســـتی گشت

تاكەكانی كۆمەڵگە و دەرخەری خواستیانە بۆ بەشداریكردنی سیاسی و بۆ ئەوەی ببنە ئەندامی خاوەن ئەندامێتی تاوەوەتیی جەستەی سیاسی. لێرەشدا بەشداریكردنو بەرپرسیارێتی بڕیرەی پشتی ئەندامێتیەكەیە. بۆیە كارتی دەنگدان بەهایەكی سیاسی هەیە و گرنگیی كەمتر نییە لـــە بەهای دراوی نیشتیمانی بۆ ئابووریو نابێت هەڕەمەكیانە بەكاربهێنرێت، یان بەفیڕۆبدرێت. چونكە ئەو فۆڕمە سیاسییەی كۆمەڵگە بۆ خۆی بەرهەمدێنێت، دوا شێوەی كارایی بەرهەمهێنانیەتی لەسەر هەردوو ئاستی مادی و ڕۆحی. بەم پێیەش هەڵبژاردن دەروازەیەكە بۆ پێشكەوتنی كۆمەڵگە، لەبەر ڕۆشنایی ئەو ئەزموونانەی لەنێوان دوو هەڵبژاردندا كەڵەكەیاندەكاتو پشتئەستوور بەوە دەستكاری سیستەمی گشتی و ئەو یاسایانە دەكرێت، كە جڵەوی كایەكانی ژیانی كۆمەڵایەتی، ئابووری، ڕۆشنبیریو سیاسی دەكەن. چونكە لەماوەی نێوان دوو خولی هەڵبژاردنی پەرلەماندا، ئەو بەرنامەو ئاڕاستانە تاقیدەكرێنەوە، كە بەهۆیانەوە ئەندامانی پەرلەمان هەڵدەبژێردرێنو پێداویستی بۆ دەركردنی یاساگەلی نوێ و نوێكردنەوەی یاسا كۆنەكان سەرهەڵدەدات. دەسەڵاتی یاسادانانیش، كە میللەت ئازادانەو سەرڕاستانە ئەندامەكانی هەڵدەبژێرێت بۆ نوێنەرایەتیكردنی، ئەو دەسەڵاتەیە كە یاسادانی دەكات و چاودێریی جێبەجێبوونیان دەكات، لە حكومەت دەپرسێتەوەو متمانەی پێدەبەخشێتو لێی دەسێنێتەوە.

ئەو دەسەڵاتی یاسادانانەی میللەت بەو جۆرە هەڵیدەبژێرێت تەنیا بەرامبەر بە میللەت بەرپرسیارە و میللەت دەتوانێت متمانەی بداتێ و لێی بسێنێتەوە. بەمەش ئەو ڕاستییە دووپاتدەبێتەوە، كە میللەت بەگشتیو هەر هاوڵاتییەك بەتایبەتی حوكمڕانو حوكمڕانیكراوەو یاسا دەبێتە هوشیاریو هێزێكی ڕۆحیی تاكو كۆمەڵگە، بەڵكو دەبێتە توخمێكی زیندووی ویژدانی تاكو بەكۆمەڵ. لێرەشدا زیندوویێتی كۆمەڵگەو ژیانی ڕۆشنبیرییو سیاسی، زیاتر لە هەر شتێكی دیكە، لە چاودێریكردنی گشت دەسەڵاتەكانو ڕەخنەلێگرتنیانو لێپرسینەوەیاندا دەردەكەوێت.

## هەڵئاوسانی گرفتەكان:

پێدەچێت هۆكارێكی ئەو هەڵئاوسانە هەمەلایەنەی وڵاتەكەمان بەدەستییەوە دەناڵێنێت، ڕواڵەتكاریی هەڵبژاردنەكان بێت. واتە ئامانج لێی گوزارشتكردن نەبووبێت لە پرنسیپی «میللەت سەرچاوەی دەسەڵاتەكانە»، تواناسازیی هاوڵاتیان نەبووبێت بۆ بەشداریكردن لە بڕیارسازیدا، جێبەجێكردنی پرنسیپی دەستاودەستكردنی ئاشتیخوازانەی دەسەڵات نەبووبێت، بۆ لێپێچینەوەی حوكمڕانەكان و ڕێكخستنی

پەیوەندیی نێوان دامەزراوەکانی حوکمڕانی و میللەت نەبووبێت. هۆکارێکی دیکە کارنەکردنی دەسەڵاتی یاسادانان بێت بەو شێوەیەی چاوەڕوانکراوەو ڕایی نەکردنی ئەو کارانە بێت، کە کەتوونەتە ئەستۆی. کەواتە، بۆ ئەوەی هەڵبژاردنی ئەمجارە دەروازیەک بێت بۆ نوێکردنەوە و چاکسازیو هێنانەدیی پەرەپێدانی هەمەلایەن، دەبێت سەرەتا حیزبە باڵادەستەکان خۆیان لەو وەهمە ڕزگاربکەن، کە نوێنەرایەتیی گشت میللەت دەکەن و دەتوانن بەتەنیا کۆمەڵگەو حوکمڕانی بەڕێوەبەرن. پێویستە هەڵبژاردنیش سەرڕاست بێت و گوزارشت لە ویستی ئازادانەی هەڵبژێرەکان بکات و پارێزراوبێت لە دەستێوەردانی دەسەڵاتی جێبەجێکردن و هێزی پارە، پرۆسەی بانگەشەکردن بۆ هەڵبژاردن ئاشتیخوازانەو بەپێی پرنسیپە دیموکراتییەکان بێت، دووربێت لە توندوتیژیو ڕەتکردنەوەی بەرامبەر.

لەکوتاییدا دەبێت جەغت لەسەر ئەوە بکرێتەوە، کە هەڵبژاردن پێشبڕکێی شارستانی و ئاشتیخوازانەی لایەنەکانە بۆ خزمەتکردن، نەک بەدەستهێنانی دەسەڵات و پارە، بۆ دەستەبەرکردنی توخمگەلی لێهاتوو و شایستەیە بۆ بڕیارسازی و بنیاتنان بەشێوەیەک، کە هاوتابێت لەگەڵ پێداویستییەکانی کۆمەڵگە، نەک پیرۆزکردنی کەسایەتی و پاوانکردنی دەسەڵات.

گۆڤاری هەفتانە ژمارە (٥٦) ١٩-٢٥ تەمموز ٢٠٠٩

## حوکمڕانیی چاک پێداویستییەکی نوێبوونەوە و بنیاتنانە

حوکمڕانیی چاک (good Governance) ئەو حوکمڕانیەیە، کە کاروبارەکانی کۆمەڵگە ڕووەو پەرەپێدان و پێشکەوتن ئاڕاستەدەکات. واتە حوکمڕانییەکە سەرکردەی هەڵبژێردراو و کادیری شارەزاو لێهاتوو دەیبەنەڕێوەو کاردەکات بۆ خۆشگوزەرانیی هاوڵاتیان، فراوانکردنی تواناکانیان، ڕەخساندنی دەرفەتەکانی بەردەمیان، دابینکردنی ئازادییە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیەکانیانو بەشداریاندەکات لە پرۆسەی پەرەپێدان و پێشکەوتندا.

بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی کۆمەڵگە، بەهۆی حوکمڕانییەکی چاکەوە، سێ ڕەهەندی تێکئاڵاو لەخۆدەگرێت: ڕەهەندی سیاسی، کە پەیوەندیی بە سروشتی دەسەڵاتی سیاسی و ڕەوایەتیی نوێنەرایەتیکردنییەوە هەیە. ڕەهەندی تەکنیکی، کە پەیوەندیی بە کاری بەڕێوەبردن و تواناو لێهاتوییەوە هەیە. ڕەهەندی ئابووری- کۆمەڵایەتی، کە پەیوەندیی بە سروشتی پێکهاتەی کۆمەڵگەی شارستانیو ڕادەی زیندوویێتی و سەربەخۆییەوە هەیە، هەروەها پەیوەندیی هەیە بە سروشتی سیاسەتە گشتییەکانی بواری ئابووری و کۆمەڵایەتی و کاریگەریی لەسەر هاوڵاتیان لە ڕووی هەژاری و چۆنییەتی ژیانکردنەوە.

ئەو ڕەهەندانە پێکەوە کاریگەریان لەسەر بەرهەمهێنانی حوکمڕانیی چاک هەیە، چونکە ناکرێت بەبێ سەربەخۆیی بەڕێوەبردن لە دەستێوەردانی سیاسییەکان، وێنای بەرێوەبردنێکی گشتیی کارامە بکرێت. بەڕێوەبردنی سیاسیش بەتەنیاو بەبێ بەڕێوەبردنێکی گشتیی کارامە، ناتوانێت دەستکەوت لە سیاسەتە گشتیەکاندا بەدەستبهێنێت. هەروەها کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵگەی مەدەنی لەلایەن کۆمەڵگەی سیاسییەوەو پەکخستنی دەبێتە هۆی نائامادەیی پێکهاتەیەکی سەرەکی گرنگ بۆ کاریگەریخستنە سەر سیاسەتە گشتییەکان و چاودێریکردنو لێپرسینەوەی دەسەڵاتی سیاسی و کارگێڕی. لەلایەکی دیکەشەوە سیاسەتە ئابووری- کۆمەڵایەتییەکان بەبێ بوونی بەشداریکردن و لێپێچینەوەو شەفافیەت، نابنە هۆی

چاککردنی بارودۆخی هاوڵاتیان و وایــان لێ ناکــەن بەشداربن لە ڕاستکردنەوەی ئەو ســیاســەتانەدا.

## حوکمڕانیی خراپ:

حوکمڕانیی چاک ئەوەیە خۆی لە خەسڵەتەکانی حوکمڕانیی خراپ دەپارێزێت، کــە ئەمانــەیــە:

١/ جیانەکردنەوەی ڕوونو ئاشکرای بەرژەوەندیی تایبەتیو گشتی، پارەی گشتیو تایبەتیو بەکارهێنانی بەردەوامی سامانی گشتی بۆ بەرژەوەندیی تایبەتی.

٢/ نەبوونی چوارچێوەی یاسایی و جێبەجێکردنی یاسا تەنیا بەسەر خەڵکیداو دەربازبوونی بەرپرسان لە جێبەجێکردنی یاساکان.

٣/ بوونی ژمارەیەکی زۆری ئاستەنگی یاسایی و کارڕایی لەبەردەم وەبەرهێنانی بەرهەمهێنەرانەداو ڕووکردنە چالاکییەکانی قازانجکردن لە ڕێگەی پرۆژەی بەرخۆریو جامبازییەوەو پشتبەستنی تەواو بەو کاڵایانەی لە دەرەوە دێن.

٤/ لاوازیی بنەمای دامەزراوە سیاسیو کارگێڕییەکانو بەکەسایەتیکردنی دەسەڵات.

٥/ پیواری (غیابی) هاوڵاتیبوون، بەوپێیەی سروشت و ڕەوایەتی حوکمڕانی پشتئەستوور نییە بە پەیمانی نێوان حوکمڕان و حوکمکراوەکان، لەسەر بنچینەی ماف و ئەرکەکان.

٦/ بوونی ئەو ئەولەویاتانەی ناکۆکن لەگەڵ پەرەپێدانداو سامانەکان بەفیڕۆدەدەن یان بەخراپ بەکاریان دەبەن.

٧/ بوونی بنکەیەکی بەرتەسک یان داخراو و ناشەفاف بۆ بەدەستهێنانی زانیارییەکان و پرۆسەی بڕیارسازی بەشێوەیەکی گشتی.

٨/ پەرەسەندنی دامودەزگا بیروکراتیەکان، پیربوونی کارگێڕیی گشتی، هەڵئاوسان، قەرزاربوونی زۆرو هاتنەخوارەوەی ئاستی بەرهەمهێنان و بەکارهێنانی حوکمڕانی وەک شوێنێک بۆ دابەشکردنی دەستکەوتەکان لەسەر حسابی ئابووریی نیشتیمان.

٩/ تەشەنەکردنی گەندەڵی و بوونی کولتووری هەڵکردن لەگەڵ گەندەڵیدا.

١٠/ لەرزۆکیی ڕەوایەتی حوکمڕانی و بێبڕوایی خەڵک پێی.

## خەسڵەتەکانی حوکمڕانیی چاک:

کەواتە حوکمڕانی چاک، حوکمڕانییەکی دیموکراتیانەیە پشت بە بەشداریکردن، سەروەریی یاسا، شەفافیەت و لێپێچینەوە، بەپیرەوەچوون، سازان، یەکسانی،

کارامەبوون، تێڕوانینی ســـتراتیژی، بنیاتنانی ئارامـیی سـیاســی و ئاشــتیی ناو کۆمەڵگە دەبەستێ.

١ – بەشداریکردن: مانای ئەوەیە هەر تاکێک ڕۆڵی هەبێت لە بەرهەمهێنانی ئەو بڕیارانەی کاریگەریان لەسەر ژیانی هەیە، جا ئەوە ڕاستەوخۆ بێت، یان لە ڕێگەی دامەزراوەو ڕێکخراوگەلی ڕایەڵەکارەوە بێت، کە یاسا ڕێگەیان پێ دەدات. بەم واتایە، چەمکی بەشداریکردن پەیوەندییەکی توندوتۆڵی لەگەڵ کۆمەڵگەی دیموکراتیدا هەیەو یەکێکە لە پێکهاتە بنچینەییەکانی پەرەپێدانی مرۆیی، کە سێ ڕەهەند لەخۆدەگرێت: پەرەدان بە مرۆڤ، پەرەپێدان لەپێناو مرۆڤدا، پەرەپێدان بەهۆی مرۆڤەوە. ڕەهەندی یەکەم جەغت لەسەر ئامادەکردنی مرۆڤێک دەکاتەوە، کە بەتواناو لێهاتوو بێت و چالاکانە بەشداریی لە گشت بوارەکانی ژیاندا بکات. ڕەهەندی دوەم مانای ئەوەیە هەر مرۆڤێک مافی ئەوەی هەیە دادپەروەرانە بەشێک لە خێروبێری پەرەپێدانی بەربکەوێت. ڕەهەندی سێیەمیش مانای دابینکردنی دەرفەتەکانە بۆ هەموو تاکەکان هەتا بەشداریی لە پەرەپێداندا بکەن. بێگومان کۆمەڵگەی پشتبەستوو بە بەشداریکردن ئەوەیە، کە دەتوانێت پەرەپێدان ئەنجامبدات، چونکە بەشداریکردن یارمەتی کۆمەڵگە دەدات بەباشترین شێوە وزەو تواناکانی تاک و گرووپەکان بخاتەگەڕ، ڕۆڵێکی زیاتر بداتە کۆمەڵگەی مەدەنی، خۆبەڕێوەبردن لەسەر ئاستی بەڕێوەبردنی گشتی یان حکومی بچەسپێنێ، یارمەتی هاوڵاتیان بدات کاریگەریی بخەنە سەر دەسەڵات و سیاسەتەکانی و دەرفەت بۆ خستنەگەڕی تواناکانی ژنان و بەشداریکردنیان لە پەرەپێداندا برەخسێنێ. بەشداریکردن پێویستی بە بوونی چەندین یاسا هەیە، کە ئازادیی پێکهێنانی ڕێکخراو و حیزب، ئازادیی دەربڕین و هەڵبژاردن، ئازادییە گشتییەکانو چەسپاندنی ڕەوایەتی سیاسی مسۆگەردەکەن.

٢ – سەروەریی یاسا: بوونی یاسای دادپەروەرانە، سەرەتایەکی پێویستە بۆ خوڵقاندنی ژینگەیەکی دڵنیاو ئارام بۆ ژیان و کارکردنی هاوڵاتیان. یاسا ئەو چوارچێوەیەیە، کە پەیوەندیی نێوان خودی هاوڵاتیان، نێوان هاوڵاتیانو حوکمڕانیو نێوان دامەزراوە جۆربەجۆرەکانی حوکمڕانی ڕێکدەخات. لێرەشدا پێویستە یاسا لە سەروو خودی حوکمڕانییەوە بێت، ئاشکراو ناسراوبێت لەلایەن هەموانەوە، بەسەر گشت هاوڵاتیاندا، بەبێ جیاوازی، جێبەجێبکرێت. بۆ جێبەجێکردنی یاساش، پێویستە دامەزراوگەلی تایبەتمەند هەبن، وەک دادگاکان، ئاسایش و دامەزراوی سزادان. هەتا ئەم دامەزراوانە بەچاکی ڕێکبخرێن و کەسانی شارەزاو لێهاتوو و سەرڕاست بیانبەنە ڕێوە، سەروەریی یاسا جێگیرتر دەبێت. بێگومان دەبێت لە

دەرکردنی یاساکاندا ڕەچاوی مافە بنچینەییەکانی مرۆڤ بکرێت و بۆ سەروەربوونی یاساش گرنگە دەسەڵاتەکان لێک جیابکرێنەوەو دادوەری سەربەخۆبێت و بەدووربێت لە دەستێوەردانی دەسەڵاتەکانی دیکە.

٣ - شەفافیەتو لێپێچینەوە: ئەمانە دوو چەمکی پێکەوە گرێدراون و پێکەوە کۆڵەکەیەکی حوکمڕانیی چاک پێکدێنن. شەفافیەت مانای ڕەفتارکردنە بە ڕوونیو ئاشکراو ڕێگەدان بە بەدەستهێنانی زانیارییەکان، هەتا کەسی بایەخدەر بە بابەتێکی تایبەتی، یان بەرژەوەندییەکی دیاریکراو، بتوانێت زانیاریی پێویست بۆ دیاریکردنی ڕەفتار و هەڵوێستی خۆی بەرامبەر بەو بابەت و بەرژەوەندییە بەدەستبهێنێ. هەروەها شەفافیەت مانای ئەوەیە بڕیارە گشتییەکان بەڕوونیو ئاشکرا بدرێن و کەناڵی کراوەی پەیوەندیی لەنێوان خاوەن بەرژەوەندییەکانو دەسەڵاتدراندا هەبێت. لێپێچینەوەش مانای گرتنەئەستۆی بەرپرسیارێتی بڕیاردان و سەرەنجامەکانی و بوونی دەرفەتی پرسینەوەیە لە بەرپرسان سەبارەت بەکارو ڕەفتارەکانیان. شەفافیەت و لێپێچینەوە یاریدەدەرن بۆ کارکردنی چالاکانەو بەرپرسیارانەی دامەزراوە گشتیەکان و ڕێگەگرتن لە تەشەنەکردنی گەندەڵیو کەمکردنەوەی کەوتنەوەی هەڵەکان. کارپێکردنی شەفافیەت و لێپێچینەوە پێویستە هەموو ئاستەکانی حوکمڕانی و کۆمەڵگە بەبێ جیاوازی بگرێتەوە. یەکێک لە مەترسیدارترین ئەو ئاستانە، ژیانی دارایی حوکمڕانییە، چونکە دارایی شادەماری بەڕێوەچوونی حوکمڕانییەو دارایی دروست، هێمایە بۆ ئابوورییەکی دروستو دارایی نادروست، هێمایە بۆ بڵاوبوونەوەی گەندەڵی بە جەستەی حوکمڕانیدا.

٤- بەڕێوەچوون: مانای توانای دامەزراوەکانی حوکمڕانییە بۆ دابینکردنی خزمەتگوزارییە جۆربەجۆرەکان بۆ هەموانو خزمەتکردنی هاووڵاتیانە وەک یەک، بەبێ گوێدانە پلەو پایەی کۆمەڵایەتی، سیاسیو ئابووریو ئینتیمای تایبەتی.

٥- سازان: مانای توانای میانەکاری و داوەریکردنە لەنێوان بەرژەوەندییە جۆربەجۆرەکانی ناو کۆمەڵگەدا، لەپێناو گەیشتنە یەکانگیریو ڕێکەوتنێکی فراوان سەبارەت بە بەرژەوەندیی گشتی و سیاسەتە گشتییەکان.

٦- یەکسانی: مانای ئەوەیە هەموو هاوڵاتیان وەک یەک ماف و ئەرکیان هەبێت، بەبێ گوێدانە ڕەگەز، توخم، ئایین، بیروڕای سیاسی، پایەی کۆمەڵایەتیو ئابووری، ئامانجیشی ڕەخساندنی دەرفەتی یەکسانە بۆ هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە بۆ گەشەکردن و چاککردنی بارودۆخی خۆیان.

٧- کارامەبوون: مەبەست بوونی توانای جێبەجێکردنی پڕۆژەکانە بەپێی

گرێبەستی یاسایی لە بەرژەوەندیی کۆمەڵگەداو پاراستنی بەندەکانی گرێبەستەکەو سزادانی سەرپێچیکاران. هەروەها مانای توانای ئەنجامدانی ئەو پرۆژانەیە بەجۆرێک، کە پێداویستیەکانی هاوڵاتیان دەستەبەربکەن و بەپێر خواست و حەزەکانیانەوە بچن، ئەوەش لەسەر بنچینەی بەڕێوەبردنێکی ئەقڵانیو هۆشمەندانەی سامان و کەرەستەکان.

٨- *تێڕوانینی ستراتیژی*: واتە ئەو تێڕوانینەی پشت بە دەرهاویشتە کولتووریو کۆمەڵایەتییەکان دەبەستێت، نەک مەزەندە و قەبڵاندن و ئامانجی چاککردنی کاروبارەکانی خەڵک و پەرەپێدانی کۆمەڵگە و توانا مرۆییەکانە، نەک پاراستنی دەسەڵات و دەسەڵاتداران.

٩- *بنیاتنانی ئارامی سیاسی و ئاشتی کۆمەڵایەتی*: واتە بنیاتنانی ئەو دامەزراوە دیموکراتیانەی دەرفەت دەرەخسێنن بۆ دەستاودەستکردنی ئاشتیخوازانەی دەسەڵات، بەبێ پەنابردن بۆ توندوتیژی و هەڕەشەکردن لە ئارامیی سیاسیو ئاسایش. ئەمەش جۆرێک ڕێکەوتنی نێوان هێزەکانی گەرەکە لەسەر پرنسیپەکانی پێشبڕکێ و قبوڵکردنی بردنەوەو دۆڕاندن و ڕێکخستنی ژیانی سیاسی لەسەر بنچینەی هەڵبژاردنی ئازادانە.

گۆڤاری هەفتانە ژمارە (٥٧) ٢٦ تەمموز-١ ئاب ٢٠٠٩

## بەرپرسیارێتی و ڕێکخستن لە دیموکراسیدا

پەیوەندییەکی ئۆرگانیکیی زیندوو ئازادی و بەرپرسیارێتی پێکەوە دەبەستێت، چونکە بەرپرسیارێتی و ئازادی بەبێ یەکتر بوونێکی ڕاستەقینەیان نابێت. مەبەست لێرەدا ئەوەیە، هەریەکێک لە سنووری خۆی و بەپێی تواناو بەهرەو ویستی خۆی کاریگەریی لەسەر کۆمەڵگە هەبێت و سوودی پێ بگەیەنێت، نەک تەنیا کارتێکراوبێت و سوودی لێ وەربگرێت.

یەکێک لە نیشانەکانی ژیانی دیموکراتیانە ئەوەیە، وڵات لەلایەن ئەو نوێنەرانەوە ببرێتەڕێوە، کە زۆرینەی میللەت لە ڕێگەی دەنگدانی گشتییەوە هەڵیبژاردون. لای ئێمە گرفتەکە لەو زۆرینەیەو ڕادەی گوزارشتکردنیەتی لە ویستی ڕاستەقینەی میللەت. چونکە هەر ئەو زۆرینەیەی بەناوی ئەوەوە بڕیارو یاساکان دەردەکرێن ناڕازییە بەرامبەر بە دۆخی باوی کۆمەڵگە و ڕەخنەی لێ دەگرێت و هێرشدەکاتە سەر ئەوانەی بەناوییەوە بڕیارو یاسا دەردەکەن و بەرپرسیارێتیان ناگرێتەئەستۆ. بەهانەشی ئەوەیە، بەشداریپێکردنەکەی ڕواڵەتکارانەیەو هەر کە هەڵبژاردن تەوابوو زۆربەی نوێنەرەکان ڕەوتی تاکڕەوی دەگرنەبەرو مافی چاودێریکردنو لێپرسینەوەیان لێ زەوتدەکەن. بۆیە ئەگەر بۆی بکرێت ئەو زۆرینەیە لەکاردەخات، کە بەناوی ئەوەوە کاردەکات.

هەستێکی قوڵ لای زۆرینەی میللەت هەیە، کە کەلێنێکی گەورە لە نوێنەرەکانیانو حوکمڕانەکان جیایدەکاتەوەو بە چاوی گومانەوە سەیری ئەو کارانە دەکەن، کە ئەوان ئەنجامیاندەدەن، تەنانەت ئەگەر باشترین ناونیشانیشیان پێ بەخشرابێت. گومانکردن کارێکی چاک نییە، بەڵام هەیەوە ناکرێت فەرامۆشبکرێت. ئەوەی گومانەکەش تۆخدەکاتەوە، ڕەفتاری خودی نوێنەرو حوکمڕانەکانە، چونکە زۆربەی هەڵسوکەوتەکانیان هاوسەنگ نییە لەگەڵ ئەوەی خەڵک چاوەڕوانیدەکات لێیان یان خۆزگەی پێ دەخوازێت. ئەگەر یەکێکمان بڕوانێتە کاردانەوە ڕۆژانەکانی خەڵک، دەرک بەوە دەکات پەیوەندیی توندوتۆڵی نێوان حوکمڕانەکان و ئەوان

بەدیناکرێت. بەوجۆرە زۆرینە لای ئێمە ڕازیکەر نییەو ڕازیش نییە. کەواتە ئایا دەتوانین بڵێین حوکمڕانی لای ئێمە گوزارشت لە میللەت دەکات؟ یان چۆن دەتوانین پشتئەستوور بە میللەت حوکمڕانییەکی دروست بنیاتبنێین؟

## بەرپرسیارێتی بڕبڕەی پشتی دیموکراسییە:

سەرەتا پێویستە دان بەوەدا بنێین، کە بەرپرسیارێتی بڕبڕەی پشتی ئەو حوکمڕانیەیە، چونکە بەرپرسیارێتی گوزارشت لە ئازادی و توانای خوڵقاندنی مرۆڤەکان دەکات. مەبەست لە بەرپرسیارێتی لێرەدا تەنیا بەرپرسیارێتی حوکمڕانەکان نییە، بەڵکو بەرپرسیارێتی ئەوانەشە کە سەرچاوەی ڕەوایەتین، واتە بەرپرسیارێتی میللەتیشە. لەبەرئەوەی کاتێک میللەت دەستبەرداری بەرپرسیارێتی دەبێت، زۆرایەتی چیدی زۆرایەتییەکی ڕاستەقینە نابێت و خۆی خاوەنی خۆی نابێت و ئەو حوکمڕانیەش، کە لە سایەیدا ژیان دەباتە سەر، سەرچاوەکەی میللەت نابێت.. بەڵام خۆ میللەت و زۆرینە دامالڕاونین لە ڕەهەندی مرۆییو هیچ یەکێکیان کۆی تاکەکانی نییە، بەڵکو هەردووکیان کۆمەڵێکن و بەهاکانی هەریەکێکیان گرێدراوی بەهاکانی کەسەکانی کۆمەڵەکەیە. هەروەها بەرپرسیارێتی لە دوائەنجامدا بەرپرسیارێتیی میللەتە، ئەگەرچی زۆرینە وەک کەس و کۆمەڵ گوزارشتی لێ دەکات. بەو جۆرە بەرپرسیارێتیی میللەت کۆی بەرپرسیارێتیی تاکەکانی نییە، بەڵکو پوختەی بەرپرسیارێتیی تاکەکەسی و کۆمەڵگەیی هاوڵاتیانە پێکەوە. لێرەشدا بەرپرسیارێتی بەدوو شێوە گوزارشت لەخۆی دەکات: متمانەو دیالۆگی نێوان حوکمڕانەکانو میللەت، شیانی چاودێریکردنی ڕاستەوخۆو بەردەوامی حوکمڕانەکان لەلایەن میللەتەوە.

بیروڕاو مەیلەکانی ناو کۆمەڵگە هەمەڕەنگ و فرەلقن و خێرایی سەرهەڵدانی ڕووداوەکانی جیهانی ئیمڕۆ و زانیاری و ڕاستییەکان بەو ڕادەیەن، کە تەنیا حوکمڕانەکان، بەتایبەتی سەرکردەکان، دەتوانن ئاگاداربین و مەحاڵە ڕێکەوتنی پێشوەخت لەنێوان حوکمڕانەکان و میللەتدا لەسەر گشت بابەت و مەسەلەکان بێتەئاراوە. بۆیە پێویستە میللەت متمانەی بەو کەسانە هەبێت، کە نوێنەرایەتیی دەکەن و بەناوی ئەوەوە قسەدەکەن. ئەو متمانەیەی بەڕادەی کەمبوونەوەی سڵکردنەوەو گومانی زاڵ زیاتردەبێت. چونکە متمانە مانای بڕوابوونی میللەتە بە نوێنەرەکان و حوکمڕانەکانی. هەروەها مانای ئەوەیە نوێنەرەکان و حوکمڕانەکان متمانە بە میللەت و نییەتچاکیی بکەن و ڕێزی بگرن و گوێ بۆ هەر چرپەیەک بگرن، کە لەوەوە

دەردەچێت. بێگومان متمانەی دوولایەنە نایەتەدیی، ئەگەر نوێنەرو حوکمڕانەکان لەگەڵ میللەت لە دیالۆگ و کارلێککردنی بەردەوامدا نەبن و پەیوەندییەکی ئۆرگانیکی لەجیابوونەوە نەهاتوو پێکەوەیان نەبەستێت.

دیالۆگ شادەماری پێکگەیشتنە، چونکە ویستی حوکمڕان کۆپییەکی کتومتی ویستی میللەت نییە، بەوپێیەی مەیلەکانی حوکمڕان هەمان مەیلەکانی میللەت نین. حوکمڕانی کامێرەیەکی فۆتۆگرافیی نییە واقیع وەک خۆی بگوێزێتەوە، بەڵکو حوکمڕانی بەدەست کەسانێکەوەیە، کە چاکە و کەموکوڕییان هەیەو خاوەن تێڕوانینی تایبەتن. ئەمە وێڕای ئەوەی ئەو زانیاری و ڕاستیانەی لەبەردەستیاندایە، ناکەونە دەست میللەت. بۆیە دیالۆگ دەرفەتی وەرگرتن و دان لەنێوان ئەوان و میللەتدا دەڕەخسێنێت. هەروەها ڕۆڵی هوشیارکردنەوەو ڕۆشنبیرکردن دەڕەخسێنێت و میللەت بەرزدەکاتەوە بۆ ئاستی بەشداریکردن لە بیرکردنەوەی دیموکراتیانەی دروستدا. کەواتە کاتێک دەڵێین حوکمڕانی دەبێت خەون و ئاواتەکانی میللەت بێنێتەدی، مەبەست سەپاندنی ویستی لایەنێک نییە بەسەر ئەوی دیدا، بەڵکو مانای ئەوەیە حوکمڕانی ئەو ویستە میللییە دێنێتەدی کە گفتوگۆو دیالۆگ و بڕواکردن و بڕواپێهێنان دەیخەملێنن.

متمانەو دیالۆگی نێوان حوکمڕانەکان و میللەت لەکاتێکدا کامڵدەبێت، کە شیانی چاودێریکردنی ڕاستەوخۆی بەردەوامی حوکمڕانەکان لەلایەن میللەتەوە لەئارادابێت، چونکە ئەو کەسانەی حوکمڕانیدەکەن وەک ئەوانی دیکە مرۆڤن، بیرکردنەوەو تێڕوانینیان بۆ مەسەلەکان سنووردارەو دەشێت نیشان بپێکنو نەیپێکن، دەکرێت دوای حەزو ئارەزووی خۆیان بکەون و خۆپەرستیش بن. پرنسیپی دەسەڵاتی پاک لە سیستەمە سیاسییەکاندا هەڵەو مەترسیدارە بۆ ژیانی گشتی، بۆیە دەبێت دەسەڵات چاودێریبکرێت. لێرەشدا میللەت لە هەموو کەس زیاتر مافی چاودێریکردنی هەیە، چونکە خاوەن و سەرچاوەی سەروەرییە. مەبەستیش لە چاودێریکردن لێرەدا ئەوەیە، کە لە کاتی پێویستدا توانای کارکردنی هەبێت و چاودێریکردنێکی دەنگ دلێرو چاونەترسی ڕاستەوخۆی میللەت بێت، نەک ئەو چاودێریکردنەی کەوتۆتە سەر ئەژنۆو سەرشۆڕە.

متمانەو دیالۆگ و شیانی چاودێریکردن پێویستیان بە ئامڕازێک هەیە، کە بتوانن بەهۆیەوە بەرپرسیارێتی بێتەدی، ئەو ئامڕازەش ڕێکخستنی دامەزراوەییانەیە. ئەم ڕێکخستنە بڕبڕەپشتی دەستەواژەی «حوکمڕانیکردنی پشتبەستوو بە میللەت» دەکاتە واقعێکی ڕاستەقینەی زیندوو. ڕێکخستنی دامەزراوەییانە شـێوازی ئەو

گرتبوونەوە ڕێکوپێکانەی مرۆڤەکانە، کە خاوەن ڕووخسارو ئامانجگەلی ڕوونو کەسایەتیی مەعنەویی سەربەخۆن. هەروەها ڕێکخەری هێزی تاکەکانە لەپێناو خوڵقاندنی هێزی بەکۆمەڵدا.

هۆکاری بڕوابوون بە کاریگەریی چاکی ڕێکخستنی دامەزراوەییانە لەسەر چەسپاندنی دیموکراسی، پشتئەستوور بە بنەمای بەرپرسیارێتی ئەوەیە، ئەم جۆرە ڕێکخستنە وا لە تاکەکانی میللەت دەکات ئەو ئامرازانە بەدەستەوەبگرن، کە گرنگن بۆ هێنانەدیی متمانەو دیالۆگ و شیانی چاودێریکردن. چونکە ڕێکخستنی دامەزراوەیی تاکەکان لە تاکخوازیی خۆی دادەماڵێت و دەیکاتە هاوڵاتییەک کە تەنیانییە لەبەردەمی حوکمڕانیدا. لێرەشدا چەندین جۆری ئەو ڕێکخستنە لەئارادایە، وەک حیزبە سیاسییەکان بەواتا ڕاستەقینەکەی، ئەنجومەنی پارێزگاو شارەوانییەکان، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی...هتد.

## مەرجەکانی دیموکراسیی ڕاستەقینە:

ئەو دیموکراسییە ڕاستەقینەو تەبایە لەگەڵ دەرهاویشتە مێژووییەکانی ئیمڕۆدا، کە چوار مەرجی تێدایە: بڕوای حوکمڕانی مرۆڤانە بێت، هاوڵاتیان خۆیان لە دامەزراوەی جۆربەجۆردا ڕێکبخەن، میللەت بەشێوەیەکی مەدەنیانە پەروەردەبکرێت و حوکمڕانی سیاسەتی نەخشەبۆکێشراو پێڕەویبکات.

ڕێکخستنی هاوڵاتیان لە دامەزراوەی جۆربەجۆردا مەرجێکی بنچینەیی بنیاتنانی دیموکراسییە، بەڵام بەتاقی تەنیا بەس نییە. چەند مەرجێکی دیکە هەن، کە پێویستە هاوشانی ڕێکخستنی دامەزراوەییانە بن، وەک: سروشتیبوونی ڕێکخستنەکە نەک دەستکردی و زۆرەملێبوونی، ئەندامەکانی هەڵگرو جێبەجێگەری بەها بەرزەکان بن، گوزارشت لە زۆربەی کۆمەڵگە بکات و ئامانجەکانی زۆرینە بهێنێتەدی.

دیموکراسی نیشانەیەک نییە بە ناوچەوانی کەسێکەوەو تابلۆیەک نییە بە سیستەمێکی کۆمەڵایەتیەوە هەڵواسرابێت، دیموکراسی گرێدراوی پێگەیشتنی کۆمەڵایەتییەو پێویستی بەوەیە ئەوەی بڕوای پێیەتی خۆی بە بەرپرسیاربزانێت بەرامبەری، بەوپێیەی بەرپرسیارێتی بنچینەی دیموکراسیی ڕاستەقینەیە. بۆ بەشداریکردن لە خوڵقاندنی ئەو بەرپرسیارێتیەشدا، گەرەکە کۆششی زیاتر بکرێت بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵگە لە گشت بوارەکانداو لەسەر بنچینەی دامەزراوەبوونو وەک دەستپێکێک بۆ بنیاتنانی قەوارەیەکی نیشتیمانیی کۆکەرەوەی هەموان.

گۆڤاری هەفتانە ژمارە (٥٨) ٢-٨ ئاب ٢٠٠٩

## حیزبی دیموکراتی و قەیرانی حیزبایەتی لە کوردستان

یەکێک لە گرفتەکانی گوێزانەوە بەرەو دیموکراسی، پیواری (غیاب) ئەو هێزانەیە، کە دەشێت گرەوی بەڕێوەبردنی پرۆسەی گۆڕانکاریی هەمەلایەنیان لەسەر بکرێت. مەبەست نائامادەیی ئەو حیزبانەیە، کە بەڕاستی دیموکراتین. واتە هۆکاری سەرنەکەوتنی پرۆسەی گۆڕانکاریی دیموکراتیانە بەتەنیا ناگەڕێتەوە بۆ کولتووری باڵادەست لە کۆمەڵگەدا، بەڵکو گرێدراوی بوونی ئەو ڕێکخراوە سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتووریانەشە، کە ڕۆڵیان هەیە لە پیوارکردنی پرۆسەی دیموکراتیزەکردندا.

پلورالیزمی (فرەلایەنیی) سیاسی، مانای داننانە بە بوونی هەمەڕەنگیی تێڕوانینو بەرژەوەندی و بایەخپێدانی سیاسیدا. بۆ گوزارشتکردن لەو پلورالیزمەش، حیزبە سیاسییەکان ئامرازگەلێکن، کە ناکرێت لە سیستەمە سیاسییەکاندا فەرامۆشبکرێن، چونکە ئەوانە یاریدەدەرن بۆ: گۆشکردنی تاکەکانی کۆمەڵگەو کاراکردنی ڕۆڵی سیاسیان و بەشداریپێکردنیان لە ژیانی سیاسیدا، دۆزینەوەو پێکەوە گرێدانی بەرژەوەندییە هاوبەشەکان و کۆکردنەوەی خەڵک لە چواردەوریان، ئاشنابوون بە سیاسەتە گشتییەکان و خەملاندنیان لە چوارچێوەی بەرنامەیەکدا، کە شایانی هێنانەدییە، پێگەیاندنی سەرکردە سیاسییەکان و پەرەپێدانی تواناکانیان لە بواری بەڕێوەبردن و حوکمڕانیکردندا، کێبڕکێکردن لە هەڵبژاردنەکانداو بەدەستهێنانی سەرکەوتن. بۆیە حیزبەکان- بەتایبەتی حیزبە دیموکراتییەکان- دەتوانن ڕۆڵێکی گرنگ لە ژیانی دیموکراسیدا بگێڕن.

حیزب ڕێکخستنی کۆمەڵە تاکێکە، کە خاوەن هەمان تێڕوانینی سیاسینو کار بۆ بڵاوکردنەوەی ئەو تێڕوانینەو هێنانەدیی ئامانجگەلێکی نزیک و دوورمەودا دەکەن کە لە پرۆگرامدا هاتوون و دەشێت لە دەسەڵاتگرتنەدەست یان کاریگەریخستنە سەر دەسەڵاتی سیاسیدا چڕبکرێنەوەو بەپێی ئەو پرنسیپانە کارەکانی ناوخۆی ڕێکدەخات، کە لە پێڕەوی ناوخۆدا هاتوون.

## حیزبی دیموکراتی:

خەسڵەتی دیموکراتیبوونی حیزب شتێک نییە بە ناو لەخۆنان و بانگەشەکردن‌و دروشم بەرزکردنەوە بەدەستبێت، بەڵکو بەرهەمی کارپێکردنی بنەماکانی دیموکراسیە. واتە حیزبی دیموکراتی ئەو حیزبەیە لانی کەمی ئەو پرنسیپ‌و دامەزراوەو میکانیزمانە دەستەبەردەکات، کە خەسڵەتی دیموکراتیبوونی پێ دەبەخشن، وەک:

١ -ئەندامێتی بەپێی پرنسیپە دیموکراتییەکان بێت، ئەندامەکان سەرچاوەی دەسەڵات بن و بڕیارسازی لەلایەن تاکەکەسێک یان کەمایەتییەکەوە قۆرخ نەکرێت.

٢ -باڵادەستبوونی پێڕەوی ناوخۆو یەکسانبوونی گشت ئەندامەکان لەبەردەمیدا.

٣-ڕێزگرتنی تواناو شارەزاییەکانی دەزگاکان و پێکەوە کۆنەکردنەوەی دەسەڵاتەکان لە دەستی کەسێک یان کەمایەتییەکدا.

٤-بوونی ئازادیی دەربڕینی بیروڕاو دەرفەتدان بە گەشەکردنی ئاقارو ئاڕاستەی جیاواز لەناو حیزبدا و ڕێگەدان بە بوونی فراکسیۆنی جیاواز بۆ ڕێگرتن لە سەرهەڵدانی دەستەگری و پارچەپارچەبوون.

٥ -کارپێکردنی پرنسیپی دەستاودەستکردنی دەسەڵات بەپێی خولە کۆنگرەو هەڵبژاردنی ئازادانەی سەرڕاستی سەرکردەکان لە بنکەوە بۆ لوتکە.

٦ -قبوڵکردنی بوونی حیزبی دیکەو پێشبڕکێی سیاسی و دەستاودەستکردنی دەسەڵاتی حوکمڕانی‌و دوورکەوتنەوە لە ڕەتکردنەوەی لایەنەکانی دیکەو پاوانکردنی حەقیقەت و دەسەڵات.

٧- کارکردنی شەفافانەو لە ڕووناکیدا نەک ژوورە تاریکەکانداو پابەندبوون بە سەرکردایەتی بەکۆمەڵ لە بنیاتنان و چالاکی و ڕاییکردنی کارەکاندا.

٨ -بوونی دادگای باڵای سەربەخۆی حیزبی بۆ یەکلاییکردنەوەی ناکۆکی‌و کێشەکانی نێوان ئەندامان.

## قەیرانی ژیانی حیزبایەتی:

پەیوەندییەکی توندوتۆڵ هەیە لەنێوان ژیانی ناوخۆی حیزب و دیموکراتیبوونی سیستەمی سیاسیداو چاوەڕوانی مامەڵەکردنێکی دیموکراتیانە لە حیزبێک ناکرێت لەناو خۆیدا دیموکراتی نەبێت، واتە ناکرێت دیموکراسی بە ڕێکخراوگەلی نادیموکراتی بنیاتبنرێت.

ژیانی حیزبایەتی لای ئێمە بەدەست قەیرانێکی هەمەلایەنەوە دەناڵێ، کە گشت ڕەهەندە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕێکخراوەییەکانی تەنیوەتەوە. ئەمەش بۆتە هۆی سستی ئەندامەکانی حیزبەکان، دوورکەوتنەوەی خەڵک لە کاری سیاسی‌و

حیزبایەتی، لاوازبوونی پێگەو پایەی حیزبەکان لەناو کۆمەڵگەداو کەمبوونەوەی ڕێژەی نوێنەرایەتیکردنیان لەناو پەرلەماندا. بێگومان قەیرانێکی لەو جۆرە بەبێ دیالۆگێکی هەمەلایەنی فراوان و لە گۆشەنیگای جیاوازەوە چارەسەرناکرێت. بۆیە گرنگە حیزبەکان پێداچوونەوەیەکی ڕەخنەگرانەی هۆشمەندانە بەرپابکەن بۆ چارەسەردۆزینەوە، لەبەرئەوەی هیچ ئەڵتەرناتیڤێکی دیکە نییە بۆ قوتاربوون لەو کوێرەڕێگەیەی ڕووبەڕوویان بۆتەوە. کەواتە پرۆژەی سەرلەنوێ بنیاتنانەوەی حیزبەکان، لەسەر بنەمایەکی هاوچەرخ و بەپێی پرنسیپە دیموکراتییەکان، ئامانجێکی گرنگی ئەم قۆناغە و ئامرازێکی پێویستە بۆ دیموکراتیزەکردنو پەرەپێدانی کۆمەڵگە و فەرامۆشکردنی ڕاستە دەسەڵاتی جڵەوکارانی ئەو حیزبانە بۆ ماوەیەکی دیکە درێژدەکاتەوە، بەڵام دەبێتە مایەی لاوازبوونی ڕێکخراوەییو پێگەیان لە کۆمەڵگەداو بچووکبوونەوەو گۆڕانیان بۆ هێزی بچووکی بێ بایەخ. بۆ ئەو مەبەستەش ئەم هەنگاوانەی خوارەوە دەخەمەڕوو:

یەکەم: پێداچوونەوە بە مەرجەکانی کاری حیزبایەتیدا، لە ڕێگەی لێکۆڵینەوەیەکی لەسەرخۆوە، چونکە بەبێ تێگەیشتن لە ڕەهەندەکانی ئەو واقیعە سیاسی و کۆمەڵایەتییەی ئیمڕۆ حیزبەکان کاری تێدادەکەن، مەحاڵە گۆشەنیگایەک بۆ بنیاتنانەوەو نوێبوونەوەیان بەدەستبێت.

دووەم: چارەسەرکردنی ئەو کەلێنەی کەوتۆتە نێوان حیزبەکان و کۆمەڵگەوە. چونکە ئەنجامی شێوازی کارکردنی حیزبەکان، زۆرێک لە ئەندامانی حیزبەکان تووشی بێمتمانەیی بوون، یان لە حیزبدا خەمساردو بێ بەرهەم ماونەتەوە، یان لەناو حیزبدا کەوتوونەتە ناو گەمەی دەستەگەرییەوە، یاخود بڕوایان بە حیزبایەتی و بەشداریکردنی سیاسی نەماوە. ئەو چارەسەرکردنەش پێویستی بە بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە، ڕاستگۆیی، واقعیبوون، گرێدانەوەی سیاسەت بە ئەخلاقەوە، داڕشتنی پرۆگرامی سیاسیی گونجاوو قبوڵکردنی جیاوازییە ناوخۆییو دەرەکییەکان هەیە.

سێیەم: چارەسەرکردنی گرفتە ڕێکخراوەییەکان، وەک:

١ -خۆڕزگارکردن لە کارپێکردنی ئەزموونی حیزبایەتی وڵاتانی دیکەیە، بەتایبەتی ئەزموونی لینینی (بەلشەفیکی) لە بواری بنیاتنان و کارکردنی حیزبدا، کە هۆکاری پیواری دیموکراسیی ناو حیزبەکان و دروستکردنی پەیوەندیی نادروستی نێوان ئەوان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنییەو سیاسەتی کردۆتە کارێکی ئیرادەگەرانەی دابڕاو لە هەلومەرجی بابەتی. هەروەها گۆڕینی بونیادی ناوەندخوازیی ڕێکخراوەیی بۆ بونیادی بازنەیی کرانەوەخواز.

٢-ڕەتکردنـــەوەی چەمکی «یەکگرتوویی پۆڵایینی حیـــزب» و دەرفـــەتـــدان بە خونچەکردنی تێڕوانینە جۆربەجۆرەکان و گوزارشتکردن لەخۆیان لە ڕێگەی فراکسیۆنی جۆربەجۆرەوە، بۆ دەرگا داخستن بەڕووی چەپاندنی ڕێکخراوەییو سیاسی و زەمینەخۆش نەبوون بۆ دەستەگەری و جیابوونەوەو لێکترازان.

٣-کۆتاییهێنان بە پیرۆزکردنی تاقەسەرکردەو مانەوەی چەند سەرکردەیەک لە پۆستەکانیاندا بۆ ماوەی درێژ، چونکە ئەوە بۆتە هۆی قۆرخکردنی دەسەڵاتو بڕیارسازیی لەلایەن تاقەسەرکردەیەک یان کەمایەتییەکەوە -مەکتەبی سیاسی-و بێبەشکردنی ئەندام و کادیرەکانی تر لە دەستاودەستکردنی دەسەڵاتو حیزبەکانی بەرەو ڕەقهەڵاتنی فیکری و پیربوون بردوەو بۆتە هۆی سەرهەڵدانی جیابوونەوەخوازی.

٤-بەهێزکردنی کەناڵەکانی وەگەڕخستنی ئەندامان و کارکردن بەشێوازی هەڵبژاردن، وەک ئامڕازێکی دیموکراتیانـــەی بنیاتنانـــی ڕێکخستنەکانی حیزبو ڕێگەیـــەک بۆ نوێکردنـــەوەی حیزب، لە ڕێگـــەی دەرفەتڕەخساندنەوە بۆ توانا نوێکان و دوورکەوتنەوە لە ڕەوتی دیاریکردن و دەسنیشانکردنی پێشوەختو بەدەر لە پرنسیپەکانی پێڕەوی ناوخۆ بۆ پۆستەکان یان بەشداریکردن لە کۆنفرانسو کۆنگرەکاندا، چونکە بەوە کەسی شیاو لە شوێنی شیاو دادەنرێت و ولائی ئەندام بۆ حیزب و نیشتیمان دەبێت، نەک سەرکردە یان دەستەیەکی دیاریکراو.

٥-کەمتەرخەمی نەنواندن لەئاست پێگەیاندنی سەرکردەی نوێداو ڕێگەدان بە گشت ئەندامەکانی حیزب بۆ گەیشتنە سەرکردایەتی گشـت ئاسـتەکان، چونکە ئەوە ڕێگە بە نوێکردنەوە دەدات و خوێنی نوێ دەکاتە جەستەی حیزبەوە.

٦-بایەخدان بە ڕەخنەو ڕەخنە لەخۆگرتن و دۆزینەوەی میکانیزم و ئامڕازگەلی گونجاوە بۆ کارپێکردنی، لەبەرئەوەی ئەنجامی ئەوە کەموکوڕی و هەڵەکان دەستنیشاندەکرێن و دەرفەت بۆ چاکسازیکردنی حیزب و قوتارکردنی لە قەیران دەڕەخسێت.

٧-سنووردانان بۆ ئەقڵیەتی پیلانگێڕی، گومانکردن، پەراوێزخستنو ڕەوتی ڕەهاخوازیی کە بۆتە هۆی بەرهەمهێنانی خۆپیرۆزکردن و ئەوانی دیکە بێبایەخکردن.

٨-کۆتاییهێنان بە فەرامۆشکردنی پێڕەوی ناوخۆو گرێدانی کۆبوونەوەکانو بەســتنی کۆنگرەکان لـــە کاتی خۆیانـــدا، لەپێناو پەرەپێدانی ڕێکخستنو بەدەستهێنانەوەی ڕەوایەتی و نوێکردنەوەی سەرکردایەتیدا.

٩-ڕەتکردنەوەی ئەوەی حیزب سەرچاوەی بژێویی ئەندامەکان، یان کایەی

بەدەستهێنانی بەرژەوەندی و بەربژێری (ئیمتیازات) بێت و زیندوکردنەوەی ڕۆحی خۆبەخش کارکردن و تێکۆشانی ڕاستەقینە بۆ هێنانەدیی ئامانجەکان و خزمەتکردنی کۆمەڵگە.

گۆڤاری هەفتانە ژمارە (٥٩) ٩-١٥ ئاب ٢٠٠٩

## حیزبی فەرمانڕەوا و پێوانەی مامەڵەکردن

حیزبی سیاسی بوارێکە بۆ ئەوەی زۆرینە بیروڕای خۆی دەربڕێت و دەرفەتێکە بۆ ئەوەی ئەو زۆرینەیە بەرپرسیارێتی دەرکردن و ئاڕاستەکردنی بڕیار بگرێتەئەستۆ، یان یاریدەدەربێت بۆ هەڵبژاردنی چاکترین و گونجاوترین بڕیار، ئەمەش بەپێی هەلومەرجی مێژوویی باوو ئەو ئامرازە جێبەجێکاریانەی لەبەردەستدان. هەروەها حیزبی سیاسی گۆڕەپانی کۆششکردنی هاوبەشە بۆ هێنانەئارای گۆڕانکارییەکی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووریی خواستراو، کە تەبایە لەگەڵ ئەو وێناکردنانەی بۆ داهاتووی کۆمەڵەکە هەڵبژێردراون. ئەم گۆڕانکارییەش ڕەوایەتیدەداتە ئەو بڕیارانەی لەلایەن زۆرینەوە دەردەکرێن و ڕاستیی ئەو دەستپێشکەرییانەی دەکات بە بەردا، کە بەری کۆششکردنی دەستەبژێرەو دەرفەتی دەستکاریکردنی ئـــەو دەستپێشکەریانەو ڕاستکردنەوەی ئەو بڕیارانە لە بەرژەوەندیی ویستراوداو بەپێی هۆکارە نوێکان و هەلومەرجە کتوپڕەکان دەستەبەردەکات.

حیزب گۆڕەپانێکی فراوانە بۆ دەرهاویشتنی دەستەبژێری بە کەڵک و تەبا لەگەڵ ئەو ئەرکانەی مەبەستن و خزمەتی ئەو پەیامە دەکەن، کە پێویستە بگیرێتە ئەستۆ، ڕێکخراوێکیشە یارمەتی زۆرینە دەدات بەشێوەیەکی ڕاستگۆیانەو ئازادانە ئەو دەستەبژێرە هەڵبژێرێت و بەپرسیارێتی بسپێرێ بەوانەی بەچاکترو تواناتریان دەزانێ و مسۆگەرترن بۆ سەرخستنی ئەو بەرپرسیارێتییە. هەروەها حیزب چوارچێوەی گونجاو دادەنێ بۆ لێپرسینەوەی لەم دەستەبژێرەو چاودێریکردنی کۆششەکەی و ڕاستکردنەوەی میتۆدی پەیڕەوکراو لەلایەنیەوەو بەپێی پێداویستیی ئامانجە دیاریکراوەکان. شان بەشانی ئەوە دەرفەت دەڕەخسێنێ بۆ ئاڵوگۆڕکردنی ئەو دەستەبژێرە لە ئاستەکانی ڕابەرایەتیکردندا، بەو جۆرەش حیزب چالاکییەکی ناوەکی وەها بۆ لایەنگرانی خۆی زامندەکات، کە لەباریدایە چەمکەکان و هێزە گۆشکراوەکان بۆ گرتنەئەستۆی بەرپرسیارییەکان نوێبکاتەوە.

کارامەیی دیموکراتیانەی حیزبە تێکۆشەرەکان پاش بەدەستهێنانی دەسەڵات

تاقیدەکرێتەوە، یەکەمین ڕواڵەتەکانی ئەو تاقیکردنەوەیەش، ڕاستبوونەوەیەتی بۆ فەرمانڕەواییکردن و بەڕێوەبردنی کاروبارەکان، وەک تەواوکردنی قۆناغی خەباتی پێشوو و دەرگاکردنەوە بەڕوی قۆناغی بنیاتنانی سیاسی و بەردەوامبوونی لەسەر ڕاپەڕاندنی بەرپرسیارێتی مەزن. بێگومان دەستەبژێری سەرکردایەتی ئەو حیزبانە بەپێی ڕەوایەتییەکی مێژوویی، کە لە خەباتی سەرکەوتووەوە بەدەستهاتوە، بەهانەیەکی بنچینەیی بەدەستەوەیە بۆ پاراستنی ئەو مۆنۆپۆڵکردنەی هیچ ڕەوایەتییەکی دەستووری نییەو وای لێدەکات ئاوێتەکردنی ساختەکارانە یان ئاڵوگۆڕئامێزی نێوان جۆرە جیاوازەکانی بەرپرسیارێتی بەڕەوا ببینێ. بەڵگەنەویستە، لۆژیکی ڕاییکردنی کاروبارە گشتییەکان پشت بە کۆمەڵێک خەسڵەتی مرۆیی دەبەستێت، کە جیاوازە لەگەڵ پێداویستییەکان و شێوازەکانی خەباتی شاخداو دەیسەپێنێ بەسەر ئەوانەی کاروبارە پەروەردەیی و کۆمەڵایەتیو دیبلۆماسییەکان ڕادەپەڕێنن، جۆرەها شارەزایی و توانایان هەبێت، کە لۆژیکی خەباتی ڕزگاریخوازانەی پێشوو گەرەکی نەبوە. چونکە ئەمەیان پێویستی بە ئیرادەی بەهێزو سووربوون لەسەر بیروڕاو ئازایەتی لە کاتی میحنەت و خۆڕاگریی لەساتی بێهیواییدا گەرەک بوو، لەکاتێکدا ئەویتریان پێویستی بە مەعریفەی چەسپێنراو بەئەزموون و لێهاتوویی پشتئەستوور بە مەشقکردن و نەرمونیانییە بۆ ڕاستکردنەوەی ئاڕاستەی کارکردن.

لای ئێمە، دوای ڕاپەڕین، ژمارەی کەسە لێهاتوە هونەرییەکان کەم بوو لەناو تێکۆشەرانی حیزبە باڵادەستەکاندا. ئەو کەسانەی خاوەن ڕووخساری پیشەییو ئاستەکانی مەعریفەو ئەزموونی وەهابوون، کە بەرپرسیارییە نوێکان پێویستی پێیان هەبوو. بۆیە حیزبە فەرمانڕەواکانمان ناچاربوون لەو تێکۆشەرانەی لەبەردەستیاندابوون، بەپەلەو لە کەشی مەستبوون بە سەرکەوتن و بەقەڵەمبازێک لە پەرۆش بۆ خۆهەڵقورتاندن لە گرفتەکان، چەند دانەیەک هەڵبژێرن بۆ ئەنجامدانی کارەکان. لێرەشدا سەرمەستبوون بە سەرکەوتن هۆی بچووککردنەوەی کێشەکانی هەڵسوکەوتکردن و کەم بایەخکردنی مەسەلەکانی بنیاتنانی نیشتیمانی بوو، ئەمەش پشتئەستوور بە بەراوردکردن لەنێوان ئەو گرفتانە و گرفتەکانی خەباتی شاخدا، کە بەراوردکردنیان ڕاست نییە، چونکە لە دوو ڕەگەزی جیاوازن.. بەو جۆرە حیزبەکانمان جارێکی دیکە تاقیکرانەوە، کاتێک هەڕەمەکیانە مامەڵەیان لەگەڵ هەڵبژاردنی مرۆڤەکاندا کرد و بەرپرسیارێتیان خستە ئەستۆی ئەوانەی شایستەی نەبوون و جیاوازیان لەنێوان دەروەستبوونی سیاسی (کە زۆرجار دادەخزێتە خوارەوە بۆ ئاستی دەروەستی تاکەکەسی) و لێهاتوویی پیشەییان

نەکردو سڵیان لەوە نەکردەوە، کە مەرجی یەکەم پێش ئەوەی دوەم بخەن. بۆ ئەمەش بەهانەی ئەوە دێننەوە، کە سەردەمی سەربەخۆیی هێشتا پڕ مەترسییەو ڕیزەکانیان پڕە لە دوژمن و چاوە چێنراوەکان. هەروەها ئەوە دەردەبڕن، کە ڕژێمی نوێ هێشــتا بەهێزنییەو هەڕەشەی ســەربازە چاوتێبیرپیوە نهێنییەکانو بەرژەوەندخوازەکان و دەرەبەگی سیاسی و ئابوورییەکانی لێدەکرێت، کە ترسی لەدەستدانی پلەکارو دەستکەوتەکانیان لێ نیشتوە.

ئەنجامی ئەوەش نەوەی نوێمان گەیشتۆتە ئەو بڕوایەی کە: کارتی ئەندامبوونی حیزب باشتر و سوودبەخشترە لە بڕوانامەی کۆلیژەکان و کۆششکردنی بێوچان بۆ بەدەستهێنانی ئەو بڕوانامانەو مەعریفەو شارەزاییەکان کات و کۆشش و وزە بەفیڕۆدانە. سەرەنجامیش بەدگومانی پەیوەندیی ئەو حیزبانــەی بەنەوەی نوێوە تێکداوەو هەستی ڕێزگرتنی خاوەن بڕوانامەکانی لای تێکۆشەرو لایەنگرانی خۆیان لاوازکردوەو لەناخی حیزبییەکاندا وریایی و بەدگومانیان بەرامبەر بەوانە چاندوە کە شانازی بە مەعریفەوە دەکەن و خۆیان بە لێهاتوویی هونەرییەوە بادەدەن. هەروەها ئەنجامی ئەوە دیالۆگی نێوان حیزبی فەرمانڕەواو پەیمانگە زانستییەکانو ڕابەرانی گەندەڵبوە. ئەمەش بۆتە هۆی دوورکەوتنەوەی نەوەی نوێ لە ژیانی سیاسیی نیشتمانەکەیان، کە دەشێت ببێتە هۆیەک بۆ هەوڵدانی ئاشکراو نهێنی بۆ دامەزراندنی گروپی دابڕاو یان حیزبی نوێ. بێگومان ئەمانەش بەری ڕێبازی ستەمکارانەو هەڕەمەکیانەیە، کە بەتەنیا شکۆمەندیی فەرمانڕەوایی جڵەوکردوەو گەورەترین هۆکاری بەرپرسیارە لە کۆچکردنی توانا پیشەیی و زانستیەکانمان بۆ دەرەوەی نیشتیمانو جێگیربوون لە ئاوارەییو بەگەرخستنی وزە داهێنەرەکانیانو پاڵاوتەی کۆششەکانیان لە ژینگەیەکی سیاسیی کراوەداو لە خزمەتی کۆمەڵگەیەکی نامۆدا، کە فلسێکی سەرف نەکردوە بۆ پێگەیاندنو خوێندن تەواوکردنیان.

## ئایا ڕێکخراوی جەماوەری پاشکۆی حیزبی سیاسییە؟

زۆرێک جیاوازی ناکەن لەنێوان کاری حیزبی سیاسی و کاری ڕێکخراوی جەماوەریدا، لە کاتێکدا جیاوازیی زۆر لەنێوان کاری ئەو دوو جۆرە ڕێکخراوەدا هەیە، بەڵام ئەو جیاوازییە مانای ناکۆکی و لێکدابڕانی کاری ئەو دوو جۆرە ڕێکخراوە نییە.

جیاوازیی نەکردن لەنێوان چەمکی حیزب و چەمکی ڕێکخراوی جەماوەریدا، گەلێک مرۆڤ بەرەو ئاڕاستەی پێک یەکسانکردنی حیزب و ڕێکخراوی جەماوەری دەبات، ئەمەش هەڵەیەکی زیانبەخش یان مەترسیدارە. بەوپێیەی حیزب ڕێکخستنی کۆمەڵە تاکێکە، کە خاوەن هەمان تێڕوانینی سیاسین و کار بۆ بڵاوکردنەوەی ئەو تێڕوانینەو هێنانەدیی ئامانجگەلێکی نزیک و دوورمەودا دەکەن‌و دەشێت لە دەسەڵاتگرتنەدەست یان کاریگەریخستنە سەر دەسەڵاتی سیاسیدا چڕبکرێنەوە، بەڵام ڕێکخراوی جەماوەری شێوازی ڕێکخستنی فراوانی جەماوەرە لەپێناو هێنانەدیی ئامانج و داخوازیی کۆمەڵایەتی (ڕێکخراوەکانی لاوان، ژنان‌و پاراستنی مافەکانی منداڵ)، یان پیشەیی (سەندیکاکان)، یان توێژگەریی دیاریکراو (مامۆستایان، جوتیاران، ژینگەپارێزان)، یاخود لیژنەی میللی خاوەن ئامانجی کاتی و کورتمەودا.

بنچینەی بابەتیی دامەزراندنی ڕێکخراوە جەماوەرییەکان، پێویستیی یەکخستنی جەماوەرە لەپێناو خزمەتکردنی بەرژەوەندییەکی تایبەتی، یان دەستەبەرکردنی پێداویستییەکی دیاریکراوداو لەهەمبەر سیاسەتگەلی نادادپەروەرانەی حکومەت لە گشت بوارەکانی ژیانی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، کولتووری‌و بۆ بەشدارییپێکردنی فراوانی جەماوەر لە گۆڕانکاریی دیموکراتیانەدا.

لە کۆمەڵگەی کوردستاندا، ئەنجامی سیاسەتی حیزبەکان، جۆرێک بەهەڵە تێکەڵکردنی کاری حیزب و ڕێکخراوی جەماوەری لەئارادایە، چونکە حیزب لەمێژەو لەژێر کاریگەریی ئەزموونی لینینیزمدا ڕوویکردۆتە دامەزراندنی چەندین

ڕێکخراوی جەماوەریی پاشکۆی خۆی، کە زیاتر دەشێت بە ڕێکخراوی حیزبی خاوەن سروشتی جەماوەری ناویان بەرین، نەک ڕێکخراوی جەماوەری. ئەو ڕێکخراوانە هەمیشە پابەندبوون بە بەرنامەی حیزبەکەیانەوەو چەتری حیزب بوون لەناو جەماوەردا، بۆ کۆکردنەوەو گۆشکردنی حیزبیانە، بەبێ گوێدانە ئەوەی هەندێک لە ئەندامەکانی ئەو ڕێکخراوانە ناحیزبین یان ئینتیمایان بۆ ئەو حیزبە نییە. بەوجۆرە ئەو ڕێکخراوانە گۆشەگیربوون و بەپێی سروشتەکەیان داخراوبوون بەڕووی جەماوەری فراوانی دیاریکراوداو ئەندامەکانی ناچاربوون بڕیارەکانی حیزب جێبەجێبکەن، نەک خاوەن بڕیارو یست و جێبەجێکردنی خۆیان بن.

شان بەشانی ئەو ڕێکخراوە حیزبیانە، چەندین ڕێکخراوی جەماوەری لەئارادابوون، کە لە سێبەری هیچ حیزبێکدا کاریان نەکردوە، بەڵکو تێکۆشاون بۆ بەرگریکردن لە داخوازییەکانی توێژەگەلی جیاوازو کۆششیانکردوە بۆ چاککردنی بارودۆخی ئەوان. بۆ جیاکردنەوەی ئەو ڕێکخراوانە لە ڕێکخراوە حیزبیەکان، دەکرێت بڵێین ڕێکخراوە حیزبیەکان ئەوانەن، کە کاردەکەن بۆ گەیاندنی دەنگی حیزب بە جەماوەرو هێنانەدیی ئامەنجگەلی حیزبی لە ڕێگەی ڕێکخراوی جەماوەرییەوە، ڕێکخراوە جەماوەرییەکانیش ئەوانەن کە کاردەکەن بۆ هێنانەدیی ئامانجگەلی جەماوەری و جەماوەری فراوان-نەک حیزبیەکان- بەشداریدەکەن لە دامەزراندنو دیاریکردنی جۆری تێکۆشان و ئامانجەکانیداو هەر لەئامێزگرتنێکی ڕێکخراوەکان لەلایەن حیزبەکانەوە بە لاوازکردنی کاری جەماوەری و لەدەستدانی سەربەخۆیی بیرکردنەوەو بڕیاردان و کارکردن لەقەڵەمدەدەن.

## ئامانجەکانی حیزب و ئامانجەکانی ڕێکخراوی جەماوەری:

ئامانجەکانی حیزب بریتین لە: گۆشکردنی چینێکی دیاریکراو یان زیاتر بۆ کۆبوونەوە لە دەوری حیزب، بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی سیاسیی حیزب لەناو ئەو چینانەی مەبەستن، باوەڕهێنان بە جەماوەر بەگشتی و جەماوەری دیاریکراو بەشێوەیەکی تایبەتی بۆ قبوڵکردنی بەرنامەی حیزب، سەرکردایەتیکردنی ململانێی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی لەپێناو دەسەڵاتگرتنەدەست یان فشارهێناندا، بنیاتنانی میکانیزمەکانی پاراستنی بەردەوامیی حیزب...هتد. لەکاتێکدا ئامانجەکانی ڕێکخراوە جەماوەرییەکان بریتین لە: بنیاتنانی بنکەیەکی جەماوەری، کە باوەڕی بە گۆڕان هەیەو بۆی تێدەکۆشێت، یارمەتیدانی جەماوەر بەگشتیو جەماوەری دیاریکراو بەشێوەیەکی تایبەتی بۆ بەدەستهێنانی هۆشمەندییەکی یاساکارانە بەو شێوەیەی

لە بەڵگەنامە نێودەوڵەتیەکاندا سەبارەت بە مافە ئابووری، کۆمەڵایەتی، کولتووری، سیاسیو شارستانیەکان هاتوون، هاوکاریکردنی جەماوەر بۆ بەدەستهێنانی هوشیارییەکی پەروەردەکارانە، کە یاریدەدەربێت بۆ ئەوەی پەروەردەکردن و ڕاهێنانی نەوەکانی داهاتوومەیسەربێت و وایان لێ بکرێت لە بەرژەوەندییەکانی خۆیان تێبگەن و کاربکەن بۆ چاککردنی هەلومەرجی مادیو مەعنەوی خۆیان، لە ڕێگەی فشارخستنە سەر دەسەڵاتی سیاسی، یارمەتیدانی جەماوەر بۆ تێگەیشتن لە ڕۆڵی ڕێکخراوەکان لە سەرکردایەتیکردنی خەباتە پیشەییەکاندا.

پەیوەندیی نێوان ئامانجەکانی حیزب و ئامانجەکانی ڕێکخراوە جەماوەرییەکان، پەیوەندیی بەشە بە گشتەوە، کە دەشێت پەیوەندییەکی ڕاکێشەر یان دەرپەڕێن بێت. ئەگەر ئامانجی حیزب چەسپاندنی واقیعی باو بێت، ئەوا ناکۆک دەبێت بەو ئامانجانەی ڕێکخراوە جەماوەرییەکان تێدەکۆشن بۆیان و سەرەنجام دەرپەڕێن دەبێت، بەڵام ئەگەر ئامانجی حیزب گۆڕینی واقعی باو بێت، ئەوا ڕاکێشەر دەبێتو پەیوەندیی نزیکبوونەوەی لەگەڵ ڕێکخراوە جەماوەرییەکاندا دەبێت. بەو جۆرە ئەگەر حیزب خاوەنی ئەو ئامانجانە بێت کە گوزارشت لە ویستی گۆڕانکاریی ڕاستەقینە دەکەن، ئەوا حیزب ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە پشتگیریکردنی ڕێکخراوە جەماوەرییەکاندا، بۆ هێنانەدیی ئەو ئامانجانەی پەیوەندیان بە چاککردنی بارودۆخی مادی و مەعنەویی جەماوەرەوە هەیەو زۆرجار ئەو پشتگیریکردنە لە هەندێک قۆناغدا دەگاتە ڕادەی بەناویەکداچوون و یەکگرتن. بۆیە هەندێک بەهەڵە ئەم بەناویەکداچوون و یەکگرتنە لێکدەدەنەوەو ڕێکخراوە جەماوەرییەکان بە حیزب ناودەبەن، کە ڕاست نییە. چونکە پێکەوەگرێدانی کۆشش لەپێناو هێنانەدیی ئامانجگەلی حیزبی و جەماوەریدا لە چوارچێوەی بەرەیەکی نیشتیمانیدا دەبێت، بۆ دەستەبەرکردنی دیموکراسی و لەقاڵبدانی کۆششی ڕێکخراوە جەماوەرییەکان لەلایەن حیزبەوە، خستنەگەڕێکی ناشەریفانەو ناپیشەکارانەیە لەپێناو ئامانجگەلی تەسکی حیزبایەتیدا، کە پەیوەندییان بە چاککردنی هەلومەرجی جەماوەرو خواستی گۆڕینی واقیعەوە نییە.

## کاری جەماوەری و کاری حیزبی:

کاری جەماوەریی ڕاست و دروست ئەو کارەیە، کە داماڵراوە لە کۆتوبەندی تەسکی حیزبایەتی، کراوەیە بەڕووی جەماوەردا، ئامانجی چاککردنی بارودۆخی هەمەلایەنی جەماوەرو کارلێککردنی ئەو پێکهاتانەیە، کە خاڵی هاوبەشی

لەگەڵیاندا هەیە، هاوکاریکەری گشت ئەو ڕێکخراوانەیە کە لە ڕووی ئامانج و بەرنامەو پرنسیپەوە لێوەی نزیکن. ئەم کارەش ڕێکخراوە جەماوەرییەکان، لەسەر پێگەو نوێنەرایەتیکردنی جەماوەر، فڕێنادات ناو ململانێ یان پێشبڕکێوە لەگەڵ حیزبە سیاسییەکان. کاری حیزبیی ڕاست و دروستیش پشتگیریکەرو یاریدەدەری ئەو ڕۆڵەیە، کە ڕێکخراوە جەماوەرییەکان دەیگێڕن و شێوازگەلی پەیوەندیی (دامەزراوە بۆ دامەزراوە) لەگەڵیان بنیاتدەنێت، ئەمەش پشتئەستوور بە تەبایی تێڕوانینو ئامانجەکانیان. هەروەها ئەوەیە، کە سوود لە تێکۆشان و چالاکی و خزمەتگوزارییەکانی ڕێکخراوە جەماوەرییەکان وەردەگرێتو بەکاریاندەبات بۆ خزمەتکردنی ئەو چین و توێژە کۆمەڵایەتیانەی کۆششدەکات بۆ نوێنەرایەتیکردنیان، ئەوەش لە ڕێگەی ئەو ئەندامانەیەوە کە لەناو ڕێکخراوە جەماوەرییەکاندا کاردەکەن، بەبێ دەستێوەردانی زۆرەملیانەوە لە کاروبارەکانیان یان هەوڵدان بۆ قۆرخکردن و جڵەوکردنیان. پێویستە یەکخستنی کۆششو جوڵانەوەکانی ڕێکخراوە جەماوەرییە جۆربەجۆرەکان لە خەباتی دیموکراتیانەی گشتیدا ئامانجێکی حیزبە دیموکراتییەکان بێت، ئەوەش لە ڕێگەی بەشداریکردنی ئەندامەکانی حیزبەکانەوە لە ڕێکخراوە جەماوەرییەکاندا و کارکردن بۆ هێنانەدیی ئامانجەکانیان، بە پاراستنی سەربەخۆیی ڕێکخراوەیی و پابەندبوون بە ڕێسا دیموکراتیەکانی کارکردنیان و دوورکەوتنەوە لە باوکایەتیکردن و کۆنترۆڵکردنیان. ئەندام حیزبی کارکردو لەناو ڕێکخراوە جەماوەرییە دیموکراتییەکاندا دەتوانێت ڕۆڵی سەرکردایەتی بگێڕێت، لە ڕێگەی پابەندبوونەوە بە پرنسیپە دیموکراتییەکانو بەرنامەی کاریانەوەو بەدەستهێنانی متمانەیان ئەنجامی کاری بێوچان، بەرەچاوکردنی ئەوەی ڕێکخراوی جەماوەری زۆرینەیەکی ناحیزبی لەخۆگرتوەو دەشێت کەسانی دیکەش لەئامێزبگرێت، کە سەر بە حیزبی دیکەن. بەو جۆرە کارکردن بۆ پاراستنی یەکگرتوویی ڕێکخراوە جەماوەرییەکان، لە ڕێگەی پاراستنی سەربەخۆیی و پێڕەوی ناوخۆو کاری دیموکراتیانەوە زۆر پێویست و هەستیارە.

لەکۆتاییدا، پێویستە جەغت لەسەر ئەوە بکرێتەوە، کە دەسەڵاتی سیاسی زۆرجار کۆششی بێوچانی کردوە بۆ جڵەوکردنی جوڵەی ڕێکخراوە جەماوەرییەکان. ئەوەش لە ڕێگەی پارەپێدان و دامەزراندنەوە دروشمی «دەستوەرنەدانە سیاسەت»ی ئەو ڕێکخراوانەوە، بەمەبەستی ئیفلیجکردنی جوڵە یان بەلاداڕێبردنیان، سەرەنجامیش گۆڕینیان بۆ ئامرازگەلی ملکەچ و گوێڕایەڵ، بەشێوەیەک کە ناکۆک بێت لەگەڵ بەرژەوەندی و پێداویستییەکانی ئەو توێژە کۆمەڵایەتیانەی ڕێکخراوەکان

نوێنەرایەتیاندەکەن. بۆ سەرخستنی ئەو کارەش، ئەندامە ناحیزبیەکان یان ئەوانەی سەر بە حیزبە دیموکراتیەکانن لەو ڕێکخراوانە دەردەپەڕێنن، یان بە بەهانەگەلی جۆربەجۆر لە پێگەی دەسەڵاتی ڕێکخراوەکان دووریاندەخەنەوە. بۆیە گەرەکە ئەندامە هوشیارەکان وریای ئەو کۆششانە بن و بەرەنگاریان ببنەوەو جەغتبکەنەوە لەسەر دیموکراتیبوونی ڕێکخراوەکان و گرنگیی بوونی کۆمەڵگەیەکی مەدەنیی ڕاستەقینە، نەک ساختە.

گۆڤاری هەفتانە ژمارە (٦٠) ١٦-٢٢ ئاب ٢٠٠٩

## ململانێی نێوان ئامانجەکانی زانکۆ و دەسەڵات

لێکدابڕانی دامەزراوە کۆمەڵایەتیـەکان و حوکمڕانی مەحاڵە، تێوەچوونی تەواوەتیشیان ئەستەمە، چونکە هەر دامەزراوەیەک بواری چالاکیی خۆی هەیەو شانازی بە ئامانجەکان و بەهاکانی خۆیەوە دەکات. بۆیە بوونی جۆرێک لە تەبایی حاشاهەڵنەگرە، لەبەرئەوەی ئەو دامەزراوانە - جا ڕادەی جیاوازیو پلەی پەیوەندییان هەرچەندێک بێت - بەهۆی کۆمەڵێک پەیوەندیی دوولایەنەوە پێکەوە گرێدراون. لەلایەکی دیکەوە، هۆکارەکانی تەبایی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کارلێککردنی حوکمڕانەکان و زانکۆ بایەخێکی گرنگی بۆ هەردوولا هەیە، چونکە ئەو مەعریفە زانستییەی زانکۆکان بەرهەمیدێنن، گرنگە بۆ حوکمڕانی و زانکۆکان ئامڕازی نوێکردنەوەی کۆمەڵگەن.

وێڕای هۆکارەکانی تەبایی نێوان زانکۆکـان و حوکمڕانــەکان، هۆکاری زۆری ناتەبایی لەنێوان هەردوولایەندا هەن، ئەو هۆکارانەش دەگەڕێنەوە بۆ جیاوازیی سروشت و ئامانجەکانی هەرلایەک، کە لەمانەدا دەردەکەوێت:

- *کەم تەمەنیی زانکۆکان*: زۆربەی زانکۆکانی کوردستان نوێن و هەتاکو ئێستا نەیانتوانیوە نەریتە ئەکادیمییەکان بخەملێنن. هێشتاش زۆرینەی کۆمەڵگەکەمان، بەتایبەتی حوکمڕانەکان، گرنگیی ڕۆڵی زانکۆکانی فەرامۆشکردوە. ئەمە وێڕای ئەوەی زانکۆکان ژیانی پڕ قەیرانی خۆیان دەگوزەرێنن. هەموو ئەو ڕاستیانە پەیوەندییەکی لەرزۆکی پڕ شڵەژانیان لەنێوان زانکۆکان و حوکمڕانەکاندا بەرهەمهێناوە.

- *باڵادەستیی حوکمڕانەکان*: یەکێک لە ڕووخسارەکانی کۆمەڵگەکەمان، باڵادەستیی هێزە سیاسییە باڵادەستەکانە، کە بەشـێکی فراوانی کۆمەڵگەیان بەسیاسـەتی خۆیان ڕەنگکردوە، لەوانە زانکۆکانیش. زۆربەی دەسەڵاتدارانی سیاسیی ئەو هێزانە ئامادەنین چالاکیی سیاسیی جیاواز لەناو دامەزراوە فێرکارییەکاندا هەبێتو لەوەش خۆش نابن ڕەخنە لەناو زانکۆکانەوە ئاڕاستەیانبکرێت. ئەگەرچی ئەو دەسەڵاتدارانە وای دەردەبڕن، کە دان بە تایبەتمەندیی زانکۆکاندا دەنێن و

پایەیەکی تایبەتیان پێ دەبەخشن و بڕوایان بە سەربەخۆیی زانکۆکان هەیە، کەچی هێشتا زانکۆکان سێبەر و پاشکۆی سیاسین.

لەڕاستیدا ناشێت زەمینەی بوونی زانکۆکانمان خۆشتربکرێت، بەبێ بوونی دەسەڵاتێکی بەکردەوەی مامۆستایان و بەڕێوەبەرانی زانکۆ سەبارەت بەو مەسەلانەی تایبەتن بە دامەزراندن و پلەدان بە کارمەندان، وەرگرتنی خوێندکاران لە زانکۆکان و دانانی پرۆگرامی خوێندن. لێرەدا دەپرسین: زانکۆکانمان چ سوودێکیان هەیە، ئەگەر نەبنە سەکۆ بۆ گەشەپێدانی گیانی توێژینەوە، سەرچڵی ئەزموونگەرانەو تێڕامان؟ زانکۆکانمان چییان بەسەردێت، ئەگەر نەبنە پارێزەرو چەسپێنەری دەسەڵاتی ئەقڵا؟

پرنسیپەکانی ئازادیی ئەکادیمیانە ئەو بنچینە ڕاستەقینانەن، کە بوونی زانکۆکانیان لەسەر ڕاوەستاوەو بەبێ ئەوانە ژینگەی ئەکادیمی بەهایەکی ڕاستەقینەی نابێت. ئەگەر حوکمڕانەکانیش دان بە سەربەخۆیی زانستیی ڕاستەقینەی زانکۆکاندا نەنێن و وەک سەربەخۆیی دادگاکان تێی نەڕوانن، ئەوا سەرلێشێواوی باڵدەکێشێت بەسەر ژیانی زانکۆکاندا. بێگومان ئەم ئازادییە ئەگەری سەردەرکردن بۆ هەندێک تاک دەڕەخسێنێت، کە لایەنداری حوکمڕانەکان نابن، بەڵام ئەمە ئەو نرخەیە دەبێت بیدەن، ئەگەر مەبەستیان بێت کۆمەڵگەی نوێ دابمەزرێت.

بەوجۆرە ئەگەر دەسەڵاتی حوکمڕانەکان زاڵبێت بەسەر دامەزراوە ڕۆشنبیریو فێرکارییەکانی کۆمەڵگەدا، ئەوا ڕۆشنبیران دەگۆڕێن بۆ فەرمانبەر یان کارمەندێک، کە پشتئەستوور بەکەسانی دیکە دەژین، زانکۆکانیش نابنە مەنزلگەی ڕۆشنبیرە سەربەخۆکان و مامۆستایانی زانکۆش دەبنە فەرمانبەری ڕووت و پاشکۆو پێوانەکانی هەڵوەستەکردنی ئەکادیمیانەو داوەریکردنی بابەتیانەی مەسەلەکان لەدەستدەدەن و دەبنە کۆسپ لەبەردەم فیکری سەربەخۆدا. لێرەدا دەبێت هێما بۆ ئەوە بکەین، ئەگەرچی سەربەخۆیی زانکۆکانمان بەپێی یاسا پارێزراوە، بەڵام لەواقیعدا ئەو سەربەخۆییە هێشتا ساوایە.

## ململانێی نێوان هێزەکانی ناو زانکۆ و دەرەوە:

وێڕای کاریگەریی هەندێک هێزی دەرەکی لەسەر زانکۆکان، وەک دەسەڵاتدارانی سیاسی یان دۆخی کۆمەڵایەتی، هۆکارەکانی ناو زانکۆ کە تایبەتن بە دەسەڵاتی زانستیو مەعنەویو ئەخلاقی بۆ بینینی ڕۆڵی کاریگەر زۆر گرنگن. ئەمەش پشتئەستوور بەو ڕاستییەی هۆکارە ناوەکییەکان هەمیشە کاریگەرترن لە هۆکارە دەرەکییەکان.

هۆکارە ناوەکییە بنچینەییەکانی شکستخواردنی زانکۆکان: یەکەمین خەوشیی ژینگەی ئەکادیمی، ئەو هەستکردنە کوشندەیەیە بە کامڵیو چاکیی خودو ناتەواویو خراپیی ئەوانی دیکە. بێگومان ئەم هەستکردنە یەکێکە لە خەوشییە باوەکان، بەڵام دەشێت تاکە رۆشنبیرە جیاکارەو هەستیارەکانیش گیرۆدەی دەستی ببن. لێرەدا دەبێت هێما بۆ ئەوە بکەین، کە هەمان ئەو هۆکارانەی دەبنە هۆی پەرەسەندنی زانکۆکان و بەهێزکردنی پێگەیان، دەبنە هۆی دارمانیان. چونکە هەتاکو زانکۆ زیاتر تووشی لەخۆبایییبوون ببێت و هەوڵبدات بۆ بەدەستهێنانی ناوبانگی خۆی لە رووی ئامانج و بەرهەمەکانییەوە، لاوازتردەبێت. هەتاکو دەسەڵاتی دەرەکی زیاتربێت، دەسەڵاتی ناوەکی لاوازتردەبێت. هەتا لە رووی زەوی و زارو خانووبەرەوە دەوڵەمەندتربێت، لە رووی رۆحی فیکرییەوە هەژارتردەبێت. دووەمین خەوشیی ئەکادیمی، ترسنۆکیی زانکۆکانە. چونکە ئەگەرچی مامۆستایانی زانکۆ بایەخ بە چاکی و پاکی دەدەن، بەڵام بەداخەوە هەوڵدەدەن لە ئاستێکی بەرتەسکدا گیرببکەن، لەبەرئەوەی ئەکادیمیستەکان بەسروشتی خۆیان ورياو بەگومانن و زیاتر ژیانی ئارام هەڵدەبژێرن و خۆ لە مەسەلە مەترسیدارو «بڤەکان» نادەن.

## هۆکارە ناوەکییە بنچینەییەکانی سەرکەوتنی زانکۆکان:

ئەگەر بڕوامان بەوەهێنا، کە زانکۆکان رۆڵێکی زیندوویان هەیە لە پەرەپێدانی کۆمەڵگەدا و زانکۆکانی خۆیشمان هەتاکو ئێستا وەک پێویست بەوەفانەبوون بۆ بینینی رۆڵی چاوەڕوانکراوی خۆیان، ئەوا دەپرسین: چۆن دەتوانین هەڵوێستی زانکۆکان چاکتربکەین؟ چۆن زانکۆکان دەتوانن پشت بەخۆ بەستو گەشە بەخۆیان بدەن؟ لەڕاستیدا دۆخەکە رەشبینانە نییە و لێرەدا هەندێک پرنسیپی گشتی دەخەینەڕوو، کە دەشێت کلیلی چارەسەربن:

١-ڕیفۆرمی زانکۆکان گرنگن، بەڵام ناکرێ لە دەرەوەڕا بسەپێنرێت. چونکە (بۆ نموونە) دەکرێت کۆڕو کۆنگرە دەرەکییەکان یاریدەدەربن، بەڵام ناشێت جێگرەوەی هەوڵدانە ناوەکییەکان بن بۆ خۆڕێکخستنەوەو خۆنوێکردنەوە. بەواتایەکی دیکە، دەبێت ڕیفۆرمی زانکۆ لەناو خودی زانکۆوە هەڵقوڵێت.

٢- ئامانجی بنچینەیی بەهێزکردنی ویستی فیکریی مامۆستایانی زانکۆیە. ئەم بەهێزکردنە تەنیا سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی دامەزراوەیی و کارپێکردنی بایەخپێدانو بەرپرسیاری لەلایەن زانکۆکانەوە نییە، بەڵکو پێویستیشی بە بەهێزکردنی لایەنی ئەخلاقیی (بەواتا فەلسەفییەکەی) دەستەی مامۆستایان هەیە، چونکە پێویستە

ئەوانە خاوەن بڕوایەکی ڕاستگۆیانە بن و خۆ لە دەم چەورکردن و تەڵەی سیاسی بەدووربگرن. ئەگەر ئەوانە ئەنجامدران، ئەوا وێڕای ژمارە زۆریی خوێندکاران‌و هەلومەرجی سەختی کارکردن و جیاوازی و ناکۆکییە سیاسییەکان، داهاتوویەکی گەش چاوەڕوانیاندەکات.

٣- ئەگەر زانکۆ مەنزلگەی ئەقڵو ویژدان بێت، ئەوا پێویستە مامۆستای زانکۆ هەوڵبدات شایستەی ئەو مەنزلگەیە بێت و لە کەسێتی و ڕەفتارەکانی خۆیدا ئەو بەها فیکری و ئەدەبیانە بەرجەستەبکات، کە زانکۆ دەپارێزن، چونکە زانکۆ لە دەرەوەڕا ناپارێزرێت، بەڵکو لەناوەوەڕا قایمدەکرێت.

٤- ئەرکی سەرشانی زانکۆکانە بێلایەنی و بابەتیخوازی و سەرڕاستی بپارێزن، بۆ ئەوەی ئەو کەشە دەستەبەربکەن، کە مامۆستایان و خوێندکارەکان بتوانن لە سایەیدا گفتوگۆو ئاخاوتن و هەڵسەنگاندن و ڕەخنەگرتن سەبارەت بە دیاریکردنی ئاقارو پراکتیکی جوڵانەوە ئەنجامبدەن.

٥- زۆر لاوی بەهرەدار لە ژیانی زانکۆکاندا هەڵدەکەون، کەچی زۆری پێ ناچێت لە ڕووی ئەکادیمییەوە لاوازو سستدەبن، لەبەر گواستنەوەیان بۆ بەڕێوەبەرێتیەکان یان لەدەستدانی وزەو خواستی گەشەکردن و گۆڕانیان بۆ بیروکراتیی نێو زانکۆکان. ئەمەش مەسەلەیەکە دەبێت هەڵوەستەی لەئاستدا بکرێت و چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە.

گۆڤاری هەفتانە ژمارە (٦١) ٢٣-٢٩ ئاب ٢٠٠٩

## چاكسازيی بواری هاتوچۆ
## پاراستنی گيانی هاووڵاتيانو بەهەدەرنەدانی سامانێكی زۆرە

### دەستپێک:

مليۆنەها ئۆتومبيلی جۆربەجۆری بچووک و گەورەو ماتۆڕی هەمەڕەنگ لەسەر شەقامەكانی دنيا هاتوچۆدەكەن. ئەگەرچی ئەوانە يارمەتيدەری مرۆڤنو ئاسانكاريی زۆری بۆ دەكەن، بۆ ڕاييكردنی كاروباری ڕۆژانەو خێراكردنی ئەنجامدانی كارەكان، كەچی ساڵانە دەبنە هۆكاری مردنی نزيكەی مليۆن و سەد هەزار كەسو بريندارbوونی زياتر لە چـــل مليـــۆن كەس. دەكرێت ژمارەی مردنی ڕووداوەكانی هاتوچۆ بشوبهێنين بە كەوتنـــەخوارەوەی ڕۆژانەی دە فڕۆكەی بۆينگ ٧٤٧. لێرەشدا مرۆڤ هۆكاری سەرەكيی پێشهاتنی ڕووداوەكانە، ئەنجامی سنووردارييی توانا هەستەكی و دەروونی، هەڵسوكەوت و ئاكاری لە كاتی ئۆتومبيل لێخوڕيندا، چونكە مرۆڤ ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ، دەبێتە هۆكاری پێشهاتنی زياتر لە سێ لەسەر چواری كۆی ڕووداوەكان.

ئەگەرچی وڵاتە پێشكەوتــووەكان تەنيا ١٥٪ی ڕێژەی دانيشتوان پێكدێننو زياتر لە ٦٠٪ی كۆی ئۆتومبيلەكانی جيهانيان هەيە، كەچی ڕێژەی ڕووداوەكانی هاتوچۆ تيايياندا ١٤٪كۆی مردوەكانی ڕووداوەكانی هاتوچۆ تێناپەڕێنێ، لەكاتێكدا دەوڵەتەكانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست خاوەنی ٢٪ی ئۆتومبيلەكانی جيهانن، كەچی ٦٪ی ڕێژەی مردوەكانی ڕووداوی هاتوچۆ لەخۆدەگرن. بەپێی زانيارييەک، تێچوی ڕووداوەكانی هاتوچۆی ســـاڵی ١٩٩٦ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســـتدا ٧مليار دۆلاری ئەمريكی بووە، ئەمەش ئێستا زياتربووە.

لای ئێمەش لە كوردستان ڕێژەی ڕووداوەكانی هاتوچۆ لە هەڵكشان و زۆربووندايەو ئەگەر بانكێكی زانياريی ڕاســـتەقينەی هاوچەرخمان هەبوايەو هەموو ڕووداوە بچووک و گەورەكانی هاتوچۆی تۆماربكردايە، بۆمان دەردەكەوت مەترسييەكەی

لە چ ئاستێکدایەو حکومەتیش هەڵوەستەیەکی جیدیو بەرپرسیارانەی لەئاستدا دەکرد. ئەمەش دەیسەپێنێ بەسەر لایەنە پەیوەندیدارەکاندا گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە شێوازو ئامرازەکانی بەڕێوەبردنی هاتوچۆی هەرێمدا بکەن و گەشە بەلایەنە جۆربەجۆرەکانیان بدەن و کارمەندی پێویستیان بۆ دەستەبەربکەنو دەسەڵاتی جێبەجێکردن و کۆنترۆڵکردنی زیاتریان بدەنێ.

## کابینەی شەشەم و هاتوچۆ:

کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کارنامەی خۆیدا خاڵێکی بۆ چاکسازیی بواری هاتوچۆ تەرخانکردوە، کە ئەمە دەقەکەیەتی: « چاککردنی ڕەوشی هاتوچۆ لە کوردستان و جێگیرکردنی سیستەمێکی هاوچەرخی یەکگرتوو لە هەرێمداو دابینکردنی پێداویستییەکانی بەمەبەستی پاراستنی ژیانی هاوڵاتیانو کەمکردنەوەی قوربانییەکانی هاتوچۆ.» بەداخەوە هەتاکو ئێستا ئەو خاڵە کاری جیدی بۆ نەکراوەو نەکەوتۆتەگەڕ. بەحوکمی ئەوەی لە ســاڵی ٢٠٠٣وە یەکێک بووم خۆبەخشانە بەشداریمکردوە لە چاککردنی ڕەوشی هاتوچۆی سلێمانیداو بەهۆی شارەزاییەکی متەوازیعانەی بوارەکەوە، بەپێویستی دەزانم ئەم بابەتەی خوارەوە بخەمە بەردەستی حکومەتی هەرێم و لایەنە پەیوەندیدارەکان، بەمەبەستی بەشداریکردن لەو چاکسازییەی حکومەتی هەریم بەدەستییەوەیە بیکات.

سەرەتا دەبێت ئەوە بڵێم، چەند هۆکارێک ئاستەنگن لەبەردەم جێبەجێبوونی چاکسازیی بواری هاتوچۆدا، کە دەکرێت بەم شێوەیە بیانحەمەڕوو:

١-بوونی دوو شێوازی مۆڵەتپێدان لە هەرێمی کوردستاندا، یەکێکیان لە ناوچەی هەولێرو دهۆک، ئەویتریان لە ناوچەی سلێمانیو گەرمیان. ئەوەی یەکەمیان سیستەمێکی سەرەتاییەو لەگەڵ سەردەمی ئیمڕۆدا ناگونجێ و ئەوەی دوەمیش ئەگەرچی لە ســەرەتای دەستبەکاربوونیدا لە ســاڵی ٢٠٠٥دا هەنگاوی باشی نا، کەچی بەداخەوە لە ناوەڕۆکەکەی بەتاڵکراوەتەوەو هیچی لەوەی یەکەم جیاواز نییە. هەروەها بەلێشاو پێدانی مۆڵەتی شۆفێری بەکەسانێک، کە نەبوونەتە شۆفێر، ئەوەش شەقامەکانی کوردستانی پڕکردوە لە ئوتومبیل لێخوڕی نەشارەزاو ناشایستە.

٢-پشتبەستن بە یاساکانی هاتوچۆی عیراق، کە هەموو بەندەکانیو میکانیزمەکانی جێبەجێکردنیان بۆ ڕۆژگاری ئیمڕۆ ناشێنو وەک هەرێمێکی تایبەتمەند دەکرێت یاساگەلی وەها بهێنینەئاراوە، کە نموونەبن بۆ سەرجەم ناوچەکانی تری عیراق.

٣–بەڕێوەبردنی هاتوچۆ زیاتر دەدرێتە دەست پلەداری سەربازی، بەبێ ئەوەی ئەو پلەدارانە شارەزای بواری هاتوچۆ بن، بۆ دانانی پلەدارەکانیش پشت بە ئینتیمای حیزبی دەبەسترێت، نەک پسپۆڕبوون لە بوارەکەدا. لەکاتێکدا لە وڵاتە پێشکەوتوەکاندا ئەم بوارە لە بەشی سەربازی جیاکراوەتەوەو تەنیا دەرکردنی کارتی مۆڵەتپێدان و کۆنترۆڵکردنی جێبەجێکردنی یاساکان دراوەتە دەست پۆلیس.

٤-بەشێکی زۆری کارمەندانی بەڕێوەبەرایەتیەکانی هاتوچۆ شارەزای سادەترین لایەنەکانی یاساکان و مانۆرەکان و ڕێساکانی هاتوچۆ نین، هەتاکو بتوانن کارامانە کارەکانی خۆیان ڕاییبکەن. لەبەر نەبوونی هەیبەت و دەسەڵاتیش لەبەردەم بەرپرسان و کەسوکارو شۆفێرەکانیاندا، زاتی ئەوەیان نییە کۆنترۆڵی یاساشکێنییەکان بکەن.

## بەرەو چاکسازی:

بۆ ئەوەی کابینەی شەشەم بتوانێت، لە ماوەی دەستبەکاربوونی خۆیدا، کارنامەکەی خۆی لە بواری هاتوچۆدا جێبەجێبکات، دەتوانێت سوود لەم تێبینیانەی خوارەوە وەربگرێت:

### ١ - مۆڵەتپێدان:

شۆفێر ئەو کەسە نییە کە دەتوانێت لەناو ئوتومبیلێکدا دانیشێت و ئاوێنەکانو کورسییەکەی ڕێکبخات و بزانێت چۆن سوکان و پایدەرەکانی بەنزین و ئیستۆپو کلاج بەکاردێنێت، بەڵکو ئەو کەسەیە کە بەخولێکی فێربوونی شۆفێریدا تێپەڕبێت بۆ فێربوونی ئەو خاڵانەی لای خوارەوەو بەتاقیکردنەوەی تیۆری و پراکتیکیی بەڕێوەبەرایەتیەکانی هاتوچۆدا تێپەڕبێتو دەرچووبێت. خاڵەکانیش بریتین لە:

١–شارەزابوون و تێگەیشتن لە مەترسی و سەختییەکانی ئوتومبیل لێخوڕین.

٢-ئاشنابوون بە ڕێساکانی ئوتومبیل لێخوڕین و یاساکانی هاتوچۆ.

٣-بەدەستهێنانی زانیاریی سەبارەت بە ئوتومبیل و چۆنێتی بەکارهێنانیو تێڕوانین بەرامبەر بەو خەوشیانەی پەیوەندیان بە لایەنی توندوتۆڵییەوە هەیە.

٤–تێگەیشتن لە کاریگەریی دۆخی دەروونیی مرۆیی لەسەر کارامەیی لێخۆڕینی ئوتومبیل.

٥-لێهاتوویی لە بواری هەڵسەنگاندنی ئوتومبیل لێخۆڕین لە بارودۆخی مەترسیداردا.

٦–کارامەبوون لە لێخوڕینی ئوتومبیلدا، بێ دروستکردنی سەخڵەتی و مەترسی بۆ خۆو ئەوانی تر.

٧ -هەڵوێستوەرگرتنی هوشیارانە و بەرپرسیارانە بەرامبەر بە مانۆرەکانی سەر ڕێگەوبان.

٨-بەدەستهێنانی زانیاری دەربارەی پیادە سست و لاوازەکان (منداڵاو پیرەکان).

بەداخەوە لە هەرێمی کوردستان مۆڵەتپێدان پشتبەستوو نییە بەو خاڵانەی سەرەوەو لە ڕووی تیۆرییەوە فێرخواز بەشێوەیەک پەروەردەناکرێت، کە ببێتە شۆفێر. لە ڕووی پراکتیکیشەوە، مەشقی ئەوتۆی پێ ناکرێت، کە شارەزای مانۆرەکانی هاتوچۆ بێت، لە هەموو بارودۆخ و کاتەکاندا. هەروەها گەلێک جار لەبەر هۆکاری ئینتیمای سیاسی و کۆمەڵایەتی کارئاسانی دەکرێت و تاکەتاکەش بەبێ ئەنجامدانی هیچ کارێکی تیۆریو پراکتیکی مۆڵەت دەبەخشرێت. ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی مۆڵەتی شۆفێری بدرێتە زۆر کەس، کە شۆفێر نینو مینی چێنراون و هەرکاتێک بێت بە کەسانی تردا دەتەقەنەوە. ئەگەر لایەنە پەیوەندیدارەکان لێکۆڵینەوە بکەن سەبارەت بەو ژمارە زۆرەی مۆڵەت، کە دراوە بە هاوڵاتیان و هەڕەمەکیانە سەد نموونە لە هەر ناوچەیەک وەربگرن و جارێکی تر تاقیانبکەنەوە، بۆیان دەردەکەوێت کارەساتی مۆڵەتپێدان لە هەرێمی کوردستان لە چ ئاستێکدایە.

لە وڵاتە پێشکەوتوەکاندا مۆڵەتی شۆفێری بەسێ قۆناغدا تێدەپەڕێت:

١/شایستەبوون لە ڕووی تەندروستییەوە، واتە پشکنین لە هەموو ڕوویەکەوە، بۆ دڵنیابوون لەوەی فێرخواز چاوی کز نییە، شەوکوێر نییە، ڕەنگ کوێر نییە، بیستنی تەواوە، نەخۆشیی ترسناکی لەگەڵ نییە وەک پەرکەم، هیچ جۆرە کەمئەندامییەکی نییە.

٢/خوێندنی تیۆری و شارەزابوونی لە بواری ئوتومبیل لێخوڕینداو دەرچوون لە تاقیکردنەوەی تیۆریدا، لایەنی کەم بە پلەی ٧٥٪.

٣/مەشقکردنی پراکتیکی لە شوێنی داخراو و سەرشەقامەکان و گۆڕەپانی خلیسکداو ئەنجامدانی تاقیکردنەوەو دەرچوونی بەبێ بوونی هەڵەی گەورەی مەترسیدار.

بۆ چارەسەرکردنی مۆڵەتپێدان پێشنیاری ئەم خاڵانەی خوارەوە دەکەم:

١ -چاککردنی تاقیکردنەوەی تیۆری، بەپێڕەویکردنی ڕێبەرێکی ئوتومبیل لێخوڕینی یەکگرتوو بۆ ئاشنابوونی فێرخواز بەلایەنی تیۆری.

٢ -چاککردنی تاقیکردنەوەی پراکتیکی، بەڕەچاوکردنی فێربوونی گشت مانۆرەکانی ئوتومبیل لێخوڕین و ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکە، بەپێی فۆڕمی دیاریکراو، نەک میزاجی ئەفسەر.

٣-هەڵسەنگاندنی توانای نووسینگەکان و ڕاهێنەرەکان لە ڕێگەی کۆنترۆڵکردنی

ئەنجامدانی کارەکانیان و سەرپێچییەکان و تاقیکردنەوەی تایبەتیەوەو داخستنی نووسینگە ناشایستەکان و ڕاگرتنی کاری ڕاهێنەرە نەشیاوەکان.

٤ -دانان و کارپێکردنی شێوازی مۆڵەتی ماتۆڕلێخوڕین و مۆڵەتی گشتی بەشێوەیەک، کە گونجاوبێت لەگەڵ سیستەمی نوێدا.

٥ -گۆڕینی سەرتاپای ئەو ئەفسەرانەی تاقیکردنەوەی تیۆری و پراکتیکی دەکەن و ڕاهێنانی ئەفسەرە نوێکان لە ڕێگەی کۆرسێکەوە بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە. ئەم هەنگاوە مۆڵەتپێدان لە میزاجی شەخسی و ڕقی سیاسی و گەندەڵی بەدووردەگرێت.

٦-دابینکردنی کارمەندی شایستەو پێویست بۆ ڕاییکردنی کارەکان، تەنانەت ئەگەر بە دوو شەفتیش بێت، بۆ دوانەکەوتنی مۆڵەتپێدان، بەمەرجێک حساب بۆ ماندوبوون و کاری زیادەی ئەو کارمەندانە بکرێت.

لێرەشدا واچاکە بەڕێوەبەرایەتییەکانی هاتوچۆی کوردستان خۆیان لە چەند بیروڕایەکی هەڵە بەدووربگرن، لەوانە:

یەکەم: مەرج نییە ئەو کەسانەی دەچنە تاقیکردنەوەوە بۆ یەکەمین جار یان دواتر دەربچن، بەڵکو دەبێت ئەو کاتە دەربچن، کە نیشانیبدەن تێگەیشتوونو شارەزای بوارەکەو مەرجەکانی مۆڵەت وەرگرتنن. لێرەشدا دەبێت خۆ لە فشاری دانیشتوان بەدووربگیرێتو نەکەونە ژێر هەستو سۆزی دانیشتوانەو هۆکاری سیاسی (وەک پشتگیریکردنی هەڵبژاردن و شتی تر) نەکرێتە بەهانە بۆ دەستکردنەوەو لاوازکردنی سیستەمی هاتوچۆ و مۆڵەتپێدانی هەڕەمەکی.

دووەم: خزمەتکردنی خەڵک و کارئاسانیکردن بۆ داواکارییەکانیان، مانای ئەوە نییە دوای هەستە بەرژەوەندیخوازو کۆنەپەرستەکانی ئەوان بکەوینو تاقیکردنەوەکان لە ناوەڕۆکی زانستیی خۆیان بەتاڵبکەینەوە. مۆڵەتی شۆفێری وەک بەدەستهێنانی بەڵگەنامەی ڕەگەزنامە یان پاسپۆرت نییە، کە تەنیا پێویستی بە چەند بەڵگەنامەیەک هەبێت، بەڵکو بە بڕوانامەی پزیشکی دەچێت، ئەگەر کەسێک بەباشی بەدەستی نەهێنێت، دەبێتە هۆی کوشتنی مرۆڤ.

سێیەم: تێکەڵکردنی کاری حیزبی و حکومەتایەتی کاریگەریی خراپی هەبوە لەسەر مۆڵەتپێدان و پێویستە کاری حیزبی لە دەرەوەی چوارچێوەی بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆ بێتو هیچ کەسێک مۆڵەتی پێ نەدرێت کە شایستە نەبێت، جا پلەی حیزبی هەرچییەک بێت. واتە پێویستە کار بۆ سەروەرکردنی یاسا بکرێت، نەک ڕازیکردنی دڵی بەرپرسەکان.

## ٢ - ڕووداوەکانی هاتوچۆ:

ڕوواوەکانی هاتوچۆ خەمێکی ڕۆژانەی خەڵک و سەرچاوەی دڵەڕاوکێیانە، یەکێکە لەو گرفتانەی وزەو تواناو سامانی زۆری کۆمەڵگە قوتدەدات و بەنرخترین سەرمایە کە مرۆڤە بەفیڕۆدەدات. بۆیە کەمکردنەوەی ڕووداوەکانی هاتوچۆ بەتەنیا ئەرکی سەرشانی بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆ نییە، بەڵکو ئەرکێکی گشتییەو پێویستە گشت کۆمەڵگە، بە هەموو دامودەزگاو چینو توێژەکانەوە، بەشداریی تێدا بکەن. لێرەشدا بۆ کەمکردنەوەی ڕووداوەکانی هاتوچۆ ئەمانە پێویستن: هۆشمەندیی تاکەکانی کۆمەڵگە، ڕێنمایی ڕوونی هاتوچۆ، سزای یاسایی ڕێگر لە سەرپێچی، ڕێگەوبانی شیاو و ئوتومبیلی توندوتۆڵ. دەبێت سەرنج بۆ ئەوە ڕابکێشین، کە هۆکارەکانی ڕووداوی هاتوچۆ لای خۆمان ئەمانەن: شۆفێر، ڕێگەوبان، ئوتومبیل، پیادەکان، یاساو لێپرسینەوە.

### - شۆفێر:

هەڵەکانی مرۆڤ هۆکاری ڕێژەیەکی زۆری ڕووداوەکانی هاتوچۆن لای ئێمە. دەرکەوتوە لە هەر ١٠ ڕووداوێک ٦-٧یان مرۆڤ هۆکارەو ٣-٤یان دەگەڕێنەوە بۆ توندوتۆڵی ئوتومبیل یان ڕێگەوبان. هۆکاری مرۆیی تەنیا ئەنجامی نەشارەزایی ئوتومبیل لێخوڕین نییە، بەڵگو بەری نەبوونی مۆڵەتی ئوتومبیل لێخوڕینو نەبوونی وریایی و هەڵوێستی ڕەخنەگرانەو ئاگادارنەبوونە لەسەر ڕێگەوبان و کاتی هاتوچۆ. نەبوونی مۆڵەت مانای ئەوەیە، کە مرۆڤەکە لە بنەڕەتدا مۆڵەتی ئوتومبیل لێخوڕینی پێ نییە، یان مۆڵەتەکەی بەسەرچوە، یاخود مۆڵەتی جۆرێک ئوتومبیل بۆ جۆرێکی تر بەکاردێنێ (وەک بەکارهێنانی مۆڵەتی تایبەتی بۆ تەکسی و پاسو لۆری). هۆکاری مرۆیی سەرەکی سەرپێچیکردنی یاساو ڕێنماییەکانی هاتوچۆیە. بۆ نموونە، خێرا لێخوڕین، مۆبایل بەکارهێنان لە کاتی ئوتومبیل لێخوڕیندا، سەرپێچیکردنی یاساکان و گوێ نەدان بە هێماکانی هاتوچۆو ترافیک لایت.

**بۆ چارەسەرکردنی ئەم لایەنە، ئەم خاڵانەی خوارەوە گرنگن:**

١-بوونی کۆنترۆڵی بەردەوامی پۆلیسی هاتوچۆ بۆ پاراستنی یاساو ڕێنماییەکانی هاتوچۆو سزادانی سەرپێچییەکانی شۆفێران و بێ مۆڵەتەکان.

٢-دانانی ماوەی «شۆفێر لە ژێر تاقیکردنەوەدا» بۆ ماوەی ساڵێک، بۆ ئەوانەی تازە مۆڵەتی شۆفێری وەردەگرن و کاتی ڕوودانی سەرپێچیی مەترسیدار مۆڵەتەکەیان ڕابگیرێ و بنێردرێنەوە بۆ تاقیکردنەوەی تیۆری، ئەگەر دەرچوون

مۆڵەتەکە وەربگرنەوە، ئەگەرنا بـــە کۆرسی فێربوونی شـــۆفێریدا تێپەڕێتەوە.

٣ -دانانی سیستەمی کونکردنی مۆڵەت (٢٥ خاڵ بۆ هەر مۆڵەتێک و چەند خاڵێک بۆ هەر سەرپێچییەک، کە دەبێت بەڕێنمایی دیاریبکرێت) و کاتی تەواوبوونی ئەو خاڵانە شۆفێر بنێردرێتەوە بۆ تاقیکردنەوەی تیۆری، ئەگەر دەرچوو مۆڵەتەکە وەربگرێتەوە، ئەگەرنا بە کۆرسی فێربوونی شۆفێریدا تێپەڕێتەوە.

٤ -چارەسەرکردنی کێشەی دوو جۆر شێوازی ئۆتومبیل لێخوڕین لەسەر شەقامەکان، لە ڕێگەی تاقیکردنەوەی تیۆریی ئەوانەی مۆڵەت تازەدەکەنەوەو سزادانی سەرپێچیەکان بەپێی سیستەمی نوێی هاتوچۆ.

## - ڕێگەوبان:

بەشێکی زۆری ڕێگەوبانەکانی کوردستان هێشتا مەرجەکانی ڕێگاوبانی سەلامەتخوازانەیان تێدانییە و هۆکارێکی گرنگی پێشهاتنی ڕووداوەکانن. بەشێکیش لە نەخشەسازیی بنەڕەتیی ڕێگەوبانەکانی کوردستان گرفتهێنەرن‌و نەبوونی ڕووناکیی پێویست لەسەر شەقامەکانی ناوشار و بوونی تاسەی دەستکردی هەڕەمەکی هۆکاری تری سەرهەڵدانی کارەساتن. ئەمە وێڕای خراپیی ئەو قیرەی ڕێگەوبانەکانی پێ دروستدەکرێت و سەرهەڵدانی ڕەگلەی زۆر ئەنجامی ئەو خراپیە یان ئەو بارهەڵگرانەی نایاساییانە بار هەڵدەگرن، یاخود کەمیی هێماکان‌و هێڵەکانی هاتوچۆو بە هەڵەدروستکردن و دانانیان.

بۆ چارەسەرکردنی ئەم لایەنە، ئەم خاڵانە دەخەمەڕوو:

١-کارکردن بۆ ئەوەی لایەنە پەیوەندیدارەکان بەشێوەی زانستی و یاسایی ڕێگەوبانەکان بنیاتبێن، لە ڕووی بەکارهێنانی جۆری قیرو کەرەستەو ئەستووریی ڕێگەکەوە.

٢-پێداچوونەوە بە نەخشەسازیی بنەڕەتیی شار و شارۆچکەکانداو چاکسازیکردن تیایدا بەشێوەیەک، کە یاریدەدەری هاتوچۆیەکی هاوچەرخ و سەلامەتخوازانە بێت. هەروەها دەستکاریکردنی ڕێڕەوی هاتوچۆ لەناو شارداو گۆڕینی هەندێک شەقام بۆ یەک ئاڕاستە و کوێرەڕێگە، بۆ ڕێکخستنی هاتوچۆ.

٣ -ڕووپێوکردنی تێکڕای ئەو هێمایانەی دانراون و ئەو هێڵانەی نەخشێنراون‌و سەرلەنوێ دانانەوەو نەخشاندنەوەیان بەپێی ڕێساو ستاندارتە جیهانییەکان‌و بەو شێوەیەی سەرلێشێوان‌و هەڵەخستنەوە نەخەنەوە. لێرەشدا پەیوەندیی بە بەڕێوەبەرایەتی ڕێگاوبانەوە بکرێت، کە هێماکانی دەرەوەی شار بەسەرپەرشتی بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆ بێت، نەک مەزەندە.

٤-لابردنی تاسەدەستکردەکان و قەدەغەکردنی دانانیان و بەکارهێنانیان بەپێی یاساو ڕێنماییەکان لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆوە.
٥-کۆنترۆڵکردنی قورسایی بارهەڵگرەکان و سزادانی سەرپێچیکاران.

## - ئوتومبیل:

مەبەست توندوتۆڵی و لایەنی سەلامەتیی ئوتومبیلە. لێرەشدا ئەگەرچی دامودەزگای پشکنینی هاوچەرخی ئوتومبیل هەن بۆ کاتی تۆمارکردنو مۆڵەت نوێکردنەوە کاری پێویست ئەنجامدەدەن، بەڵام زۆرێک لەو ئوتومبیلانەی لە دەرەوەی هەرێم هاتوون و مۆدێلی کۆنن لەسەر شەقامەکانن و گرفت و مەترسی دروستدەکەن، کە پێویستە مەفرەزەکانی هاتوچۆ بایەخی زۆری پێ بدەن. لایەنی توندوتۆڵیی ئوتومبیل بریتییە لەمانە:

١-بوون و ئیشکردنی گشت لایتەکان.
٢-بوون و ئیشکردنی ئامرازەکانی وریاکردنەوە (هێمای پێچکردنەوەو هۆڕن).
٣-بوونی تایەی یاسایی لە ڕووی قەبارەو جۆرەوە کە شیاوبێت بۆ مۆدێلەکە.
٤-بوونی ئاوێنەکانی بەردەم و ئەملاوئەولای شۆفێر.
٥-بوونی فلچەی پاککردنەوەی جامەکان.
٦-بوون و ئیشکردنی سیستەمی ئیستۆپی یاسایی.
٧-بوون و کارکردنی پشتێنی سەلامەتی.
٨-جامەکان درزیان تێدا نەبێت و لەو جۆرە بن کە کاتی ڕووداو وردنابن.
٩-سەلامەتی لاشەی ئوتومبیلو نەبوونی شکانو پارچەی تیژ بە ئوتومبیلەکەوە.
١٠-بوونی کەرەستە پێویستەکان لە ئوتومبیلدا: تایەی سپێر، حەریق، سێ گۆشە، لایت، سندوقی تەندروستی.

## - پیادەکان:

لەبەر کەمیی هوشیاریی هاتوچۆ لای خودی پیادەکان و نەبوونی لێپرسینەوە لە سەرپێچیەکانیان و ڕێزنەگرتنیان لەلایەن شۆفێرەکانەوە، پیادەکان سەرچاوەی پێشهاتنی ڕووداوی هاتوچۆن بۆ خۆیان یان شۆفێرەکان، لە هەمان کاتدا هۆکاری قوربانیی ڕووداوەکانی هاتوچۆشن. کەمیی هێڵەکانی پەڕینەوە، نەبوونی پرد یان تونێل بۆ پیادەکان لەو شوێنانەی پێویستن، سەرچاوەی دروستبوونی سەغڵەتیو هەڵەن لەسەر شەقامەکان. کەمیی

هێماکانی وریاکردنەوەو شـــوێنی پەڕینەوە هۆکارێکی تری پێشهاتنی ڕووداوی هاتوچۆیە.

بۆ چارەسەری ئەم لایەنەش ئەم خاڵانە دەخەمەڕوو:

١-نەخشەکێشانی شوێنی پەڕینەوە لە سەرتاپای ئەو شوێنانەدا کە بۆ پەڕینەوەی خاڵک پێویست و گرنگن، ئەمەش بەپێی ستاندارتە جیهانیەکانی نەخشەکێشان.

٢-دروستکردنی بەربەست لە شۆستەی ناوەڕاستی ئەو ڕێگایانەی پەڕینەوەی هەڕەمەکیی پیادەکان تیایاندا مەترسیدارەو ڕاهێنانی خەڵک لەسەر پەڕینەوە لە شوێنی تایبەتەوە.

٣-بنیاتنانی تونێل یان پردی پەڕینەوەو دانانی هێمای وریاکردنەوەو شوێنی پەڕینەوە لەو شوێنانەدا کە گرنگ و پێویستن.

٤ -بەرزکردنەوەی ئاستی هوشیاریی هاتوچۆی پیادەکانو دانانی سزا بۆ ئەوانیش لە کاتی سەرپێچیکردن و دروستکردنی مەترسیدا.

٥ -بەرزکردنەوەی ئاستی بەرپرسیارێتی شۆفێرەکان بەرامبەر بە پیادەکانو ڕێزگرتنی هێڵەکانی پەڕینەوەو سزادانی ئەو شۆفێرانەی سەرپێچیدەکەن.

٦ -ڕێکخستنی ترافیک لایتی چوارڕیانەکان بەشێوەیەک کە مافی پیادەکانی تیادا نەخورابێت و سەلامەتیان پارێزراوبێت.

## ٣- سەرپێچییەکانی هاتوچۆ:

یەکێک لە هۆکارەکانی پێشهاتنی ڕووداوەکان و کەوتنەوەی کارەسات، سەرپێچییەکانی هاتوچۆیە. لای ئێمە لەبەر نزمیی هوشیاریی دانیشتوانو بەشێک لە شۆفێرەکان و سەرچڵی و گوێ نەدان بە یاساکانی هاتوچۆ لەلایەن بەشێکی دیکەی شۆفێرەکانەوە، ڕۆژانە ڕووداوی دڵتەزێن ڕوودەدەن، یان سەغڵەتی ناپێویست دروستدەبێت. لێرەشدا، لەبەر نزمیی ئاستی هوشیاریی زۆربەی پۆلیسەکانی هاتوچۆ لەسەر شەقامەکان، ئەو سەرپێچیانە کۆنترۆڵ ناکرێن و وەک هەڵەی ئاسایی سەیردەکرێن. لەم دەرفەتەدا سەرنج بۆ هەندێک لەو سەرپێچیانە ڕادەکێشم، تا بەراوردبکرێن بەو سەرپێچیانەی لەلایەن بەڕێوەبەرایەتییەکانی هاتوچۆوە سزادراون:

١-پابەندنەبوون بە هێماکانی هاتوچۆوە، وەک ڕاوەستان لەو شوێنانەی ڕاوەستان قەدەغەیە، لێدانی ترافیک لایتی سوور، بڕینی هێڵی ناوبڕی ناوەڕاست، جێبەجێ نەکردنی پابەندبوونی ڕەهاو ڕاوەستان، لێخوڕین بە پێچەوانەی ئاڕاستەوە..هتد.

٢-نەپاراستنی خێرایی لێخوڕینی یاسایی.
٣-نەپاراستنی ماوەی نێوانی گونجاو لەنێوان ئوتومبیلەکاندا.
٤-ڕاوەستانی کتوپڕ و بەکارنەهێنانی هێمای پێچکردنەوە.
٥-ئوتومبیل لێخوڕین بەشەو بەبێ لایت یان بە تاک لایتەوە.
٦-سوارکردنی منداڵ بەشێوەیەکی نایاسایی (پشتێنی سەلامەتی، کورسی، پشتی پیکاب‌و لۆری).
٧-توند نەبەستنەوەی باری ئوتومبیل.
٨-بەکارهێنانی مۆبایل لەکاتی ئوتومبیل لێخوڕیندا.
٩-ئوتومبیل لێخوڕین بە سەرخۆشی.
١٠-سوارکردنی سەرنشینی زیاد لە پێویست.
١١-ئوتومبیل لێخوڕین بەبێ مۆڵەت (گەنجی خوار ١٨ساڵان، تەکسی‌و پاس بە مۆڵەتی تایبەت).
١٢-لێخوڕینی ئوتومبیل بەبێ ژمارە یان بە ژمارەی ناڕوون.
١٣-یوتێرن لە سایدی دوور لە سایدی دەستە چەپەوە.
١٤-لێخوڕینی ئوتومبیلێک کە خێراییناماکەی کارناکات.
١٥-لێخوڕینی ئوتومبیلی تایە سواو لە کەشی زستاندا.
١٦-لێخوڕینی ئوتومبیل بە سەنەوییەی تەواوبوەوە.
١٧-لێخوڕینی بەردەوام لە سایدی تێپەڕاندن‌و ئاستەنگ دروستکردن بۆ ئەوانەی پشتەوە.
١٨-پاشەوپاش گەڕانەوە لەسەر شەقامی سەرەکی‌و بەشێوەیەکی مەترسیدار.
١٩-بەکارنەهێنانی پشتێنی سەلامەتی.
٢٠-تێپەڕاندن لە شوێنی قەدەغەدا.
٢١-فڕێدانی خۆڵ‌و خاشاک لە پەنجەرەی ئوتومبیلەوە.
٢٢-لێخوڕینی ئوتومبیلێک کە ژینگە پیسدەکات.
٢٣-بەکارهێنانی هۆڕن لە کاتی ناپێویستدا.
٢٤-بەکارهێنانی هەڵەی چواریی ئوتومبیل.
٢٥-لێخوڕینی سەرشێتانەی ئوتومبیل.
٢٦-لێخوڕینی ئوتومبیل بە ئیستۆپی خراپ.
٢٧-ڕاکێشانی ئوتومبیلی پەککەوتە بەشێوەیەکی نایاسایی.
٢٨-بەکارهێنانی لایتی زیادەی ڕەنگی شین کە کوێرکردنی کاتی دروستدەکات

یان بەکارهێنانی لایتی تـــەم لە کەشـــی ڕوون و ئاســـاییو ناوشـــاردا.
٢٩-نەپاراستنی پابەندبوونی دەستەڕاست.
٣٠-بەکارهێنانی لایتی بەرز لەناوچەی نیشتەجێبوونی چڕو ناوچەی ڕووناکدا.

## ٤- نەخشەسازیی ئەندازە:

حاشاهەڵنەگرە کە ئەندازەی بەڕێوەبەرایەتییەکانی هاتوچۆ لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا کاری باشیان کردوە لە بواری هێڵکاریی ڕێگەوبانەکان و هێماسازیی هاتوچۆدا، لەگەڵ ئەوەشدا چەندین هەڵـــە ڕوویانداوە لـــە بواری دروستکردنی تابلۆکان و شێوازی دانانیان و جۆری هێڵەکانی سەر ڕێگەوبانو شێوازی دانانیاندا. هێماکانی هاتوچۆش ستاندارتی جیهانین و ناکرێت بە ویستی خۆمان دروستیان بکەین یان دایان بنێین، بەڵکو دەبێ پابەندی ڕێساو یاساکانی دروستکردن و دانانیان بین. ئینجا پێویستە دانانی هێماکان بەپێی ڕێبەری تیۆری فێرکردنی شۆفێری بێت، بۆ ئەوەی سەرلێشوان و بەهەڵەتێگەیشتن لای شۆفێران و ئەوانە دروست نەکات کە مۆڵەت وەردەگرن. بۆ ئەوەی نەخشەسازیی ئەندازە هاوچەرخو یاسایی بێت، پێویستە هێماکانی هاتوچۆو هێڵەکان لەو شوینانەدا بەکاربهێنرێن، کە گرنگن بۆ سەلامەتی و هارمۆنیکردنی هاتوچۆ، ئەگەرنا ڕێزیان لێ ناگیرێتو فەرامۆشدەکرێن. هەروەها قەبارەی هێماکان بەو شێوەیە بن و بەشێوازی گونجاون بۆ شەقامەکە دابنرێن.

*ئەو هەڵانەی هێماکان و هێڵەکانی ڕێگەوبان کە دەبێت چارەسەربکرێن:*

١-نەبوونی ستاندارتی یەکگرتووی هێماکان و دروستکردنی هێما بەشێوازی جۆربەجۆر.

٢-نەگونجاندنی هێماو هێڵەکان لەگەڵ کتێبی ڕێبەرداو فەرامۆشکردنی زۆرێکیان کە هەم بۆ خەڵک و هەم بۆ فێرخوازەکان پێویستن.

٣-دروستکردنی هێمای هەڵە و دانانی هێما لە شوێنی هەڵەدا.

٤-بەکارهێنانی هێمای زۆر لە هەندێک ناوچە و فەرامۆشکردنی دانانیان لە ناوچەی دیکە کە گرنگە.

٥-بەکارهێنانی هێڵکاریی بەشێوەیەکی هەڵە لە ڕووی درێژی و ماوەی نێوان هێڵەکانی سایدەکانەوە.

٦-بەرزیی بۆریی هێماکانو ڕووبەری هێماکان گونجاونین لەگەڵ شەقامەکەو خێرایی ناوچەکەدا.

٧ -کارنەکردنی بەڕێوەبەرایەتیەکانی هاتوچۆ بۆ ڕێزگرتن لە هێماو هێڵەکان لەلایەن شۆفێرەکانەوەو جێگیرکردنیان‌و سزادانی ئەوانەی فەرامۆشیاندەکەن.

## ٥- هوشیاریی هاتوچۆی کارمەندانی هاتوچۆو دانیشتوان:

هوشیاریی هاتوچۆ زۆر گرنگە بۆ جێگیرکردنی هاتوچۆیەکی هاوچەرخی سەلامەتخواز. هێنانەدیی ئەو هوشیارییەش، لەلای دانیشتوان بەگشتی، ئەرکی سەرشانی بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆ نییە بەتەنیا، بەڵکو ئەرکی سەرشانی هەموو لایەکە: قوتابخانەو زانکۆکان، دامودەزگاکانی ڕاگەیاندن، دامودەزگاو دامەزراوە گشتی و تایبەتیەکان، پیاوانی ئایینی، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی. ئەوەش لە ڕێگەی بەرنامەو بڵاوکراوەی تایبەت بە بوارەکەوە.

هوشیاریی هاتوچۆی کارمەندانی هاتوچۆ لەئاستێکی پێویستدا نییە و ئەرکی سەرشانی بەڕێوەبەرایەتیەکانی هاتوچۆیە و پێویستە بەشێوەیەک ئەنجامبدرێت کە شایستەبێت و هەموو کارمەندەکان بگرێتەوەو کاتی هاتنی کارمەندی نوێش پێڕەویی هەمان شت بکرێت. جێگەی داخیشە ئاستی هوشیاریی هاتوچۆی دانیشتوان دڵخۆشکەرنییەو بەرپرسیارانە مامەڵە لەگەڵ هاتوچۆدا ناکەن. جێی نیگەرانیشە کە تاکو ئێستا لە سیستەمی خوێندندا بایەخ بە هوشیاریی هاتوچۆی قوتابی و خوێندکارەکان نادرێ و نەبۆتە خەمێکی گرنگ و پرۆژەیەک. ڕاگەیاندنی کوردیش بەبایەخەوە ئاوڕ لە هاتوچۆ ناداتەوە. تاکو ئێستا ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیش هوشیاریی هاتوچۆ بە خەمێکی خۆیان نازانن و پیاوانی ئایینیش نەخراونەتە گەڕ بۆ بەشداریکردن لە هەڵمەتی هوشیارکردنەوەی تایبەت بە هاتوچۆدا. لێرەشدا ئەگەرچی بەرنامەکانی هاتوچۆی تەلەفزیۆنەکان باش ڕۆڵی خۆیان دەگێڕن لە هوشیارکردنەوەی خەڵکدا، بەڵام زۆرجار پرۆفشناڵانەو زانستی نین‌و بە میزاجی تاکەکەسی دەبرێنەڕێوە.

**بۆ چارەسەری ئەم لایەنەش ئەم خاڵانە پێویستن:**

١ -هەوڵدان بۆ ئەوەی هوشیاریی هاتوچۆ ببێتە بەشێک لە پرۆگرامی خوێندن.

٢ -ئەنجامدانی کۆرسی پەروەردەکردنی کارمەندانی هاتوچۆ لە پلەی بەرزەوە بیگرە بۆ پۆلیسی سەر شەقامەکان.

٣ -کارکردن بۆ خستنەگەڕی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و پیاوانی ئایینی‌و ڕاگەیاندن بۆ چەسپاندن‌و گشتاندنی هوشیاریی هاتوچۆ.

٤ -بەرپاکردنی هەڵمەتی هوشیاریی هاتوچۆ لە ڕێگەی پۆستەرو ڕیکلامەوەو

سوودوەرگرتن لە ئاسیاسێل و کۆڕەک تیلیی کۆم، وێڕای ڕاگەیاندنەکان بۆ ئـــەو مەبەستە.

٥ -پێکهێنانی گرووپی هاوڕێیانی هاتوچۆ بۆ هاوکاریکردنی بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆ بۆ جێگیرکردنی هوشیاریی هاتوچۆو سزادانی سەرپێچیکاران.

٦ -بڵاوکردنەوەی مانگانەی ئاگادارینامەی هەمەجۆر دەربارەی بابەت و گرفتەکانی هاتوچۆ.

## ٦- نوسینگەکان و ڕاهێنەرەکان:

یەکێک لە پێداویستییەکانی جێگیرکردنی هاتوچۆیەکی هاوچەرخی سەلامەتخوازانە، بوونی نووسینگەکانی هاتوچۆیە، بەپێی ئەو ڕێنماییانەی بۆیان دیاریکراوەو بوونی ڕاهێنەری لێهاتوو و کارامەیە بۆ ئەنجامدانی کۆرسی ڕاهێنانی شۆفێرەکان بەستاندارتی جیهانی و بەپێی یاساو ڕێنماییە هاوچەرخەکان. بەداخەوە لە ماوەی ڕابردوودا، ئەنجامی هاتنەئارای نووسینگەی خراپ و پەیدابوونی ڕاهێنەری ناشایستە، بەهۆی هێنانەخوارەوەی ئاستی تاقیکردنەوەکانی بوون بەڕاهێنەر، گەلێک کاری چەوت و نایاسایی و گەندەڵی لەناو هەندێک نووسینگەدا ڕوویانداوە. بۆیە کاتی ئەوە هاتوە چارەسەرێک بۆ ئەم مەسەلەیە بدۆزرێتەوەو کۆڵەکەیەکی تری سیستەمەکە کارابکرێتەوە. بۆ ئەمەش:

١ -هەڵسەنگاندنەوەی گشت نووسینگەکان و ڕاهێنەرەکان، پشتئەستوور بە سەیرکردنی بەدەستهێنانی مۆڵەتیان، کاری مەیدانیان، فایلی سەرپێچیو سزاکانیانو ڕادەی پابەندبوونیان بە یاساو ڕێنماییەکان. ئینجا سزادانی ئەوانەی سەرپێچیی بچووکیان هەبوەو لێسەندنەوەی مۆڵەت لەوانەی خراپەکارو گەندەڵ بوون.

٢-بەهێزکردنی لیژنەی بەدواداچوونی نووسینگەکان و دانانی کەسانی دەستپاکو پشت پێ بەستراو بۆ بەڕێوەبردنی. لێرەشدا دانانی سیستەمی بەسەرکردنەوەی هەفتانەی ئاشکراو نهێنی نووسینگەکان و ڕاپرسیکردن لەناو فێرخوازەکاندا بۆ بەدەستهێنانی زانیاری و ڕاستییەکان.

٣-ڕاهێنانەوەی ڕاهێنەرەکان لە ڕێی کۆرسێکەوەو تاقیکردنەوەیان بۆ ئەنجامدانی کارەکان بەشێوەیەکی شایستە.

## ٧ - زۆربوونی ئوتومبیل:

یەکێک لە هۆکارەکانی تێکچوونی ڕەوشی هاتوچۆ لە هەرێمی کوردستانو

پەرەسەندنی ڕووداوەکانی هاتوچۆو پیسبوونی بێئەندازەی ژینگەی وڵاتەکەمان، هاوردەکردنی بێ سەروبەرو زۆری جۆرەکانی ئوتومبیلە . ئەم دیاردەیە بەشێوەیەکە، ئەگەر چارەسەری باشی بۆ نەدۆزرێتەوە، ئەوا کوردستان لە چەند ساڵی داهاتوودا دەبێتە گەراجێکی گەورەی ئوتومبیل و ناوچەیەکی پڕ مەترسی لە ڕووی ژینگەوە . نابێت لایەنە پەیوەندیدارەکان لە بواری هاوردەکردنی ئوتومبیلدا تەنیا ڕەچاوی ڕێساکانی بازاڕی ئازاد بکەن و گوێ نەدەن بەلایەنەکانی دیکە. هەروەها دەبێت چوارچێوەیەک بۆ موڵکدارێتی ئوتومبیل دابنرێت، هەتاکو کارەساتەکە گەورەترنەبێت. لە وڵاتانی پێشکەوتوودا، بۆ کۆنترۆڵکردنی هاوردەکردنی ئوتومبیل، باجێکی زۆر دەخرێتە سەر ئوتومبیلەکان و هاوڵاتیان ناچاردەکرێن تەنیا وەک پێداویستییەکی گرنگ ئوتومبیل بکڕن، نەک وەک کەرەستەیەکی کەمالی. هەروەها باجی جۆربەجۆری ژینگەپارێزی و تەندروستی دەخرێتە سەر فرۆشتنی بەنزین، کە هەمووکەسێک لەبەر هەرزانی سوتەمەنی ئوتومبیل نەکڕێت. شان بەشانی ئەوانەش دوو جۆر بیمە بۆ ئوتومبیل بەکارهێنان دانراوە، یەکێکیان زەویانە (نرخی بەکارهێنانی زەوی) و بیمەی تەئمین بۆ ئوتومبیلە، ئەمەش بڕە پارەیەکە هەمووکەسێک بۆی هەڵناسوڕێت. لەپاڵ ئەوانەداو بۆ کارئاسانیکردنی گواستنەوەی هاوڵاتیان، سیستەمی گواستنەوەی گشتی بەشێوازی پاس و میترۆو تەکسی نەفەرات دەستەبەر و چالاککراوە .

## دواوتە:

ئەگەرچی ئوتومبیل لێخوڕین شارەزاییەکە لە ڕێگەی وانەو کۆرسی تایبەتەوە بەدەستدێت، بەڵام پێویستە هەڵسوکەوت و ئاکاری شۆفێرەکان سەبارەت بە گەلێک مەسەلە کۆنترۆڵبکرێت، بەتایبەتی لێخوڕینی دوژمنکارانەو توندوتیژ، بەسەرخۆشی لێخوڕین و یاساشکێنی. بەپێی زانیارییەکان دەرکەوتووە، ئەو شۆفێرانەی تەمەنی ئوتومبیل لێخوڕینیان دووساڵ زیاتر نییە، دەبنە هۆی ڕێژەیەکی زۆری کەوتنەوەی ڕووداوەکانی هاتوچۆ. هەروەها ئاشکرابووە ئەو شێوازانەی ئێستا مۆڵەتیان پێ دەدرێت نابێتە هۆی بەرهەمهێنانی شۆفێر بەواتا زانستییەکەی. بۆیە پێویستە لایەنی پەیوەندیدار چاوێک بەشێوازی مۆڵەتپێداندا بخشێنێتەوەو سیستەمێکی یەکگرتووی هاتوچۆ بهێنێتەئاراوەو کۆمەڵگە نەکاتە قوربانیی یاساو شێوازگەلێکی مۆڵەتپێدان، کە هی سەردەمێکە بۆ ئەمڕۆ گەشەکردنی ڕێگەوبانەکان و زیادبوونی ژمارەی ئوتومبیلەکان شیاونییە . هەروەها گەرەکە بایەخ بە دەروونناسیی مرۆڤی

تایبەت بە بەکاربەرانی ڕێگەوبانەکان بدرێت، بەتایبـــەتی شـۆفێرەکان، چونکە لێکۆڵینەوەکان دەریانخستووە قوتاربوونی هەر شۆفێرێک لە ڕووداوێک بەبێ زیان، بەدرێژایی ڕۆژگار ئاکاری خراپی ئوتومبیل لێخوڕینی لا بەهێزدەکات.

وێڕای ئەوانە، گەشەپێدانی بونیادی ژێرخان بەشێوەیەکی دیراسەکراو، یەکێکە لە مەسەلە بنچینەییەکان بۆ کەمکردنەوەی ڕووداوەکانی هاتوچۆ، چونکە زیاتر لە پەنجا هۆکاری تایبەت بە بونیادی ژێرخان هەن، کە دەبنە هۆی پێشهاتنی ڕووداوی هاتوچۆ. هەروەها دەبێت هاوشانی گەشەکردنە نوێکانی بواری هاتوچۆ ڕێبکەین، بۆ جڵەکردنی سیستەمی هاتوچۆ. بۆ نموونە، دانانی کامێراکانی کۆنترۆڵکردنی خێرایی و لە ترافیک دان، ڕۆڵی گەورەی هەیە لە کەمکردنەوەی ڕووداوەکانی هاتوچۆداو شۆفێرەکان ناچاردەکات بەخێرایی دیاریکراو لێبخوڕنو ڕێزی هێماکانو ترافیک لایتەکان بگرن. کارمەندانی هاتوچۆش کەسانێک نین تەنیا لەسەر شەقامەکان ئاڕاستەی لێخوڕین لە چوارڕیانەکاندا بکەن، بەڵکو ئەرکیانە ڕەوتی هاتوچۆ بەپێی سیستەمێکی هاوچەرخ ڕێکبخەنو هەموو ئەوانە سزابدەن کە سەرپێچیی ئەو سیستەمە دەکەن، جا پلەو پایەیان هەرچییەک بێت.

ڕۆژنامەی ئاسۆ سەرەتای مانگی ١٠/ ٢٠١٠

## گۆڕانو نوێبوونەوە خەسڵەتی سەرەکی پەروەردەیە سوودوەرگرتن لە ئەزموونەکانی دیکەش یاریدەدەرن

پەروەردە کلیلی ئاشنابوونە بە تواناکانی مرۆڤ، بەمەرجێک پەروەردە بە زنجیرە پرۆسەیەک دابنرێت، کە ئامانجیان چەکدارکردنی تاکە بەو توانستانەی یارمەتیدەدەن بۆ بەکاربردنی وزەکانی خۆی لە ڕێگەی تێگەیشتن و جڵەوکردنی توخمە کولتورییەکانەوەو گرتنەئەستۆی هوشیارانەی بەرپرسیارێتییەکانی ناو کۆمەڵگەوە.

خەسڵەتی سەرەکیی ژینگەی پەروەرەکردنێکی داهاتووخواز بریتییە لە خێرایی گۆڕان. ئەمەش دەیسەپێنێ بەسەر جڵەوکارانی بواری پەروەردەدا، لەکاتی سیاسەتسازیی پەروەردەو دیاریکردنی ئامانجەکانیدا، ئەو خەسڵەتە ڕەچاوبکەن. چونکە لەناو جیهانێکی گۆڕاوی گەشەکردودا، کە مەعریفە بەخێرایی نوێدەبێتەوە، ئەرکی پەروەردە تەنیا گوێزانـــەوەی ڕێکوپێکی زانیارییەکان نییەو ئاخاوتن دەربارەی چەسپاندنی ڕۆحی ڕەخنەگرانەو فێرکردنی شێوازەکانی بیرکردنەوە تێدەپەڕێنێ، بەوپێیەی پەروەردەی داهاتووخواز دەبێت جەغت لەسەر کۆمەڵێک شارەزایی سەرەکی بکاتەوە، وەک توانای گونجان، نەمونیانی، مامەڵەکردن لەگەڵ گۆڕانی خێرا، تێگەیشتن لە گۆڕان و ئامادەبوون بۆ کەوتنە ژێر کاریگەریی.

ئەو پەروەردەیەی لە ڕابردوودا چاوی تێ بڕابوو و بریتیی بوو لە وانەپێوتنەوەو تەلقینداندان، ئیمڕۆ بۆتە پرۆسەیەکی گۆڕانکاریی بەردەوام، کە گشت تاکەکانی کۆمەڵگە دەکەونە ژێر کاریگەرییەوە. هەروەها ئاشنابوون بە چۆنییەتی گۆڕان بۆتە یەکێک لە ئامانجە سەرەکییە نوێیەکانی پەروەردە. وێڕای ئەوە پەروەردە ئەم ئامانانەشی هەیە: بەدەستهێنانی مەعریفە، بنیاتنانی ژیری، پەرەپێدانی تواناکانی ڕەخنەگرتن، بنیاتنانی توانا ئەقڵییەکان، گەشەپێدانی توانای خۆناسینو دەرککردن بە بەهەرەکان و سنوورەکانیان، فێربوونی چۆنییەتی زاڵبوون بەسەر مەیلو ڕەفتارە وێرانکارەکاندا، خستنەگەڕی توانستە داهێنەرو خوڵقێنەرەکانی تاک، ئاشنابوون بە چۆنییەتی بەشداریکردن لە بەرپرسیارێتی گرتنەئەستۆ لە

کۆمەڵگەدا، فێربوونی چۆنییەتی پەیوەندی دروستکردن لەگەڵ کەسانی دیکەدا، یارمەتیدانی تاک بۆ گونجان لەگەڵ گۆڕانکارییەکانداو بەدەستهێنانی تێڕوانینێکی هەمەلایەن دەربارەی جیهان، ڕاهێنانی تاک لەسەر ئەوەی پراکتیکی و ئەقڵانی بێت و توانای ناسین و چارەسەرکردنی گرفت و کێشەکانی هەبێت.

کەواتە پەروەردەکردن ڕۆڵێکی دیاری هەیە لە پرۆسەی نوێکردنەوەو گۆڕانکاریی دیموکراتیانەدا و لە کوردستان بایەخێکی زیاتری هەیە، چونکە کاریگەریی لەسەر ئێستاو داهاتووی دەبێت. ئەمەش پێویستی بە کارو کۆششی زۆر هەیە بۆ سەرلەنوێ دیاریکردنی پرۆسەو ئامانجەکانی پەروەردە. لەلایەکەوە بەرپرسیارێتیەکی گەورە دەکەوێتە ئەستۆی پرۆسەی پەروەردەکردن بۆ ئامادەسازیکردنی بۆ جیهانی شۆڕشی تەکنیکی بە هەموو کاریگەرییە جۆربەجۆرەکانیەوە. لەلایەکی دیکەوە پەروەردەکردن دەبێت ئامانجی ڕاهێنانی مرۆڤ بێت لەسەر گۆڕان. جا ئەگەر گوتەگەلی وەها هەبن، کە پێیانوابێت پەروەردەکردن سیستەمێکی موحافەزەکارانەیە، واتا ئەرکی ئەوەیە نەوە نوێکان بە زانیارییە پێشوەخت لەسەر ڕێکەوتوەکان ئاشنابکاتو وایان لێ بکات لەگەڵ بەهاو بیرۆڕاکانی کۆمەڵگەدا بسازێن، ئەوا ڕاستییە نوێکان دەریانخستوە، کە مەعریفەیەک نییە بۆ هەتا هەتایە هەموان لەسەری ڕێکبکەون و هەموو بەهاو بیروڕاکانی ڕابردوویش شایانی پیاچوونەوەو تەنانەت ڕەتکردنەوەن و مەعریفەکانی ئیمڕۆش لە داهاتوودا دەگۆڕێنو نوێدەبنەوە. بەوپێیە پەروەردەکردن یەکێکە لە کەرەستە سەرەکییەکانی بنیاتنانی مرۆڤ و بەهۆی پرۆسەی پەروەردەکردن و لە ڕێگەی دامەزراوگەلی جۆربەجۆرەوە بەدەستدێت، کە فێرکردنی ڕەسمی گرنگترین کەناڵیەتی.

بۆ بنیاتنانی سیستەمێکی پەروەردەی داهاتووخواز لە جیهانێکی کارلێکردوودا، نابێت لە خاڵی سەرەتای ئەزموونی میللەتانی پێشکەوتووی دنیاوە دەستپێبکەین، بەڵکو دەبێت سوود لەو سیستەمی پەروەردەکردنەی میللەتانی دیکە وەربگرین کە ئیمڕۆ کاریان پێ دەکرێت، بەوپێیەی ئەوانە ئەزموونی مرۆڤایەتین دەکرێت بە ڕەچاوکردنی خەسڵەتەکانی کۆمەڵگەی کوردستان و ئاستی گەشەکردنی سوودیان لێ وەربگیرێت. بۆ ئەم مەبەستەش وەرگێڕانی بابەت لەسەر ئەزموونی پەروەردەی وڵاتانی پێشکەتوو یان نووسین دەربارەیان ڕێگەیەکە بۆ ئەو سوود لێ وەرگرتنەو ئەرکی سەر شانی هەموو ئەوانەیە، کە لە وڵاتە پێشکەوتوەکان ژیاون، ئەزموونی پەروەردەی ئەو وڵاتانە بگوێزنەوە، هەتاکو سیاسەتسازانی بواری پەروەردە و پەروەردەکاران سوودیان لێ وەربگرن بۆ جێگیرکردن و پەرەپێدانی

ئەو ڕیفۆرمی پەروەردەیەی لەلای ئێمە هەنگاوی هەڵهێناوەو دەستیپێکردوە، هەتاکو بەسەلامەتی و باشی بگاتە کەناری ئامانجەکانی خۆی.

لێرەشدا سوودوەرگرتن لە سیستەمی فێرکردنی وڵاتە ئەسکەندەناڤییەکان، کە لە ڕووی پەروەردەوە بەوڵاتگەلی زۆر پێشکەوتوو دادەنرێنو سیستەمی پەروەردە تیایاندا کۆمەڵێک بەهای لەخۆگرتوە، سوودبەخشن بۆ سیستەمی پەروەردەی داهاتووخواز کە پێویستە لە کوردستاندا نیشتەجێبکرێت. ئەو بەهایانەش بریتین لە:

١/تاک سەنتەری فەلسەفەی پەروەردەکردنە و پێویستە هەموو تواناو ڕێگاکان بخرێنەگەڕ بۆ ئەوەی تاک تواناکانی خۆی بخاتەڕوو و دەرفەتی گەشەکردنو دەوڵەمەندبوونی بۆ بڕەخسێت.

٢/بنیاتنانی ئەقڵی ڕەخنەگرانەی دوور لە کۆپیکردن و پێ لەبەرکردن و ڕەفتاری بەشداریکردنی بەردەوام لە پرۆسەی پەروەردەداو ڕەتکردنەوەی پەراوێزکەوتنی پەروەردەکراو.

٣/ڕەتکردنەوەی ئەقڵی موتڵەقگەرای ڕەتکەرەوەی ئەویترو بنیاتنانی هەمەلایەنی و فرەڕەنگی.

٤/ڕەتکردنەوەی بیرکردنەوەی «ئەم یان ئەو»، واتە ڕەش یان سپی و کارپێکردنی پرنسیپی ڕێژەییبوونی حەقیقەت.

٥/بڕوابوون بە سیستەمی هەمەلایەن کە لە دایەنگەوە دەستپێدەکات و بە خوێندنی باڵا کۆتایی دێت و چەندین جۆری خوێندن لەخۆدەگرێت.

٦/بایەخدان بە کەسانی خاوەن پێداویستیی تایبەتی و دەستەبەرکردنی خوێندن بۆ ئەوەی ئەوانیش سوود لە سیستەمی پەروەردە وەربگرن. هەروەها دەرفەت ڕەخساندن بۆ ئەو گەورانەی لە سەردەمێکی دیاریکراوداو لەبەر گرفتی تایبەتی ماوەی خوێندنیان نەبوە.

٧/کارپێکردنی پرنسیپی «فێربە بۆ ئەوەی فێربکەیت» لەلایەن پەروەردەکارانەوە. واتە فێربوونی بەردەوامی پەروەردەکاران هەتاکو بتوانن بە گۆڕانکارییەکاندا ڕابگەن و زیاتر لەوانە تێبگەن کە پەروەردەدەکرێن.

٧/جێبەجێکردنی بنەمای سێ کوچکە، واتە ئەو بنەمایەی پێیوایە پەروەردەکردن ئەرکی سەرشانی خوێندنگە- خێزان- کۆمەڵگەیەو هاماهەنگی و پێکەوە کارکردنی ئەو سێ لایەنە گرنگە.

٨/دانانی پەروەردە بە ئامرازی جێگیرکردنی دیموکراسی وەک شێوازی ژیانو تەرخانکردنی بڕێکی چاکی سامانی نیشتیمانی بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکانی پەروەردە.

## تورک و کورد
## کولتوور و بەهای هاوبەش

پیواری لێک تێگەیشتنی کورد- تورک و ڕوانینە یەک بە چاویلکەی ڕۆژگارەکانی پێشوو، یەکێکە لـــە هۆکارەکانی ناکۆکی، پێکدادان، چاندنی تۆوی ڕق و لێک دوورکەوتنەوەو پێشهاتنی کارەسات و ڕووداوی ناخۆش. بۆیە ئەلتەرناتیڤی گونجاو بۆ خۆپاراستنی هەردوولا لە مەینەتییەکانی ڕابردوو، دەرگاکردنەوەیە بەڕووی لێک تێگەیشتن و یەکتر خوێندنەوەدا، بەهێزکردنی مەیلی کرانەوەیە بەڕووی یەکتردا، ئەوەش بە بەرپاکردنی دیالۆگێکی شارستانیانەی هەمەلایەن لەپێناو یەکترناسینەوەو پێکەوە ژیان و هاوکاریکردندا. چونکە بێئاگابوون لە کولتوورو بەهاکانی یەکتر یان یەکترنەناسین وەک هەین، نەک وەک وێنادەکرێین، دەبێتە مایەی بەهێزبوونی ململانێکانی نێوانمان و گرژبوونی ڕووبەڕووبوونەوەکانمانو زیان بە بەرژەوەندییەکان و داهاتووی هەردوولامان دەگەیەنێت. بێگومان لەم بوارەدا گەرەکە دیالۆگ لەسەر بنچینەی بڕوابوون بێت بە فرەڕەنگیی کولتووری و پاراستنی ئەو فرەییەو کرانەوە بێت بەڕووی کولتوورێکی فراوانتردا، کە دەبێتە هۆی قبوڵکردنی یەکترو چەسپاندنی ڕۆحی لێبوردەیی و ڕێزگرتنی یەکترو ڕەتکردنەوەی گشت جۆرەکانی داخران و گوشەگیری و لوتبەرزی. چونکە فرەڕەنگیو جیاوازی سەرچاوەی هێزو دەوڵەمەندبوونی مرۆڤو کولتوورەکانە، ڕێگەیەکە بۆ خۆدوورخستنەوە لە حوکمی پێشوەخت، دۆزینەوەی لایەنە پۆزەتیڤەکانی کولتووری هەردوولامانەو پەرەپێدانی ڕۆحی ڕەخنەگرتنە بەمەبەستی پاککردنەوەی ڕۆژگارەکەمان لە تەڵخییەکانی ڕابردوو و دانانی ڕێگەچارەیەک بۆ لێک تێگەیشتنی قووڵی دوولایەنەو چەسپاندنی کاری هاوبەش لەسەر بنچینەی بەها مرۆییەکان.

کولتوور یەکێکە لەو بوارانەی دەتوانێت ڕۆڵێکی کاریگەر لەم پرۆسەیەدا بگێڕێتو یاریدەدەرە بۆ پێکگەیشتنی مرۆڤ و کۆمەڵەکانمان و نەهێشتنی ئەو ئاستەنگو دیوارانەی لێکیان جیادەکەنەوە. چونکە کولتوور سەرجەمی ئەو بڕوایانەیە، کە

کۆمەڵەکانمان باوەڕیان پێیان هەیە و مانا دەبەخشێتە شتەکانی دەوروبەرو ڕەفتارەکانمان و پەیوەندییەکان سەرچاوەیان لێوە دەگرن. واتە کولتوور فەلسەفەی کۆمەڵو تێڕوانینی هەردوولامانە بۆ هەبوونی دەوروبەرو خۆمانو پەیوەندییەکانمان. لێرەشدا ئەگەرچی هەریەکێک لە کولتوورەکانمان مۆدێلی تایبەتی و سیستەمی بەهاکانی خۆی هەیە، کە لەوی دیکەی جیادەکاتەوە، بەڵام ئەنجامی جیهانیبوون مەودای بەها کولتوورییـــە هاوبەشەکانمان فراوانتربوەو دەرفەتی بەهاگەلی هاوبەش ڕەخساوە. کولتوورەکان بە دوو شێواز تێکهەڵکێش دەبن و کار لەیەک دەکەنو دەکەونە پەیوەندییەوە لەگەڵ یەکتر: شێوازی باڵادەستیی زۆرەملێیانەو گوێزانەوەی شارستانیانە. شێوازی یەکەم گوێزانەوەی کولتووری باڵادەستە بۆ کولتووری ژێردەست، کە دەبێتە هۆی مەسخبوون و گۆڕانی ناسنامەکەی. شێوازی دوەم ئەنجامی بەریەک کەوتنی کولتوورەکان ڕوودەدات، وەک بەریەک کەوتنی خۆرهەڵات و خۆرئاوا. ئەنجامی ئەوەش گۆڕان بەسەر کولتوورەکەدا دێتو کۆمەڵێک تێروانین و چەمکو بەهای نوێ لەخۆدەگرێت. لەم دەرفەتەدا بۆ پەیوەندیی تورک- کورد شێوازی دوەم ڕاستترو سەرکەوتووترە.

توانای کۆمەڵ بۆ بەرهەمهێنانی کولتوورو دامەزراندنی ژیوار ئەو شتەیە، کە کۆمەڵی مرۆڤەکان لە بوونەوەرەکانی تر جیادەکاتەوە، ئەمەش لایەنی پۆزەتیڤە، بەڵام خۆبەستنەوەی کۆمەڵ بەو تۆڕی مانایانەوە، کە خۆی چنیویەتی پاڵی پێوە دەنێت خەسڵەتی پیرۆزی و پایەبەرزی پێ ببەخشێت و تاکڕەوانە مامەڵە لەگەڵ کولتوورەکانی دیکەدا بکات. بەو پێیەش خۆی تەنیا هەڵگری واتاو ئامانج دەبێتو حەقیقەت تەنیا لای خۆی دەبێت. ئەنجامی ئەوەش بەکەم سەیرکردنی کولتوورەکانی تر سەرهەڵدەدات. گرفت لەوەدا نییە کولتوورێک تایبەتمەندیی هەبێت، بەڵکو لەوەدایە کۆمەڵێک بەرگی ئایدیۆلۆژیانەی بەبەردابکرێت و خەمی پاراستنی شوناسی تایبەتی تیا دروستبێت و وای لێ بێت خۆی لە کولتوورەکانی دیکە دابڕێت و ڕێگە لە گۆڕان بگرێت. هەروەها بەهاکان ڕۆڵێکی باشیان هەیە لە پرۆسەکەدا، بەوپێیەی بەهاکان ئەو وێناکردنانەن، کە ئاکار ئاڕاستەدەکەنو داوەریی قبوڵکردن یان ڕەتکردنەوەی دەکەن و توخمێکی هاوبەشی پێکهێنانی بینای کۆمەڵایەتیو کەسایەتی تاکەکانە. بەهاکان چەمکن بۆ دیاریکردنی هەڵوێست بەرامبەر بەشتو دۆخو ڕەفتارێکی دیاریکراوو دانانی یەکێک بە باشتر لەوی تریان.

کولتوورو بەهاکانی میللەتان گۆشەگیرنینو لە کارلێککردنو بەریەک کەوتندان لەگەڵ ئەوانی تر، بەتایبەتی لە سەردەمی جیهانیبووندا کە چەندین بەهای مرۆڤانەو

کولتووری هاوبەش دروستبوون، وەک لێبوردەیی، ڕێزگرتنی کولتووره جیاوازەکان، ڕەچاوکردنی ماف و پێداویستیەکانی منداڵ و گەنج و ژنان، ژینگەپارێزی، زامنی کۆمەڵایەتی، نەهێشتنی بێکاری، پاراستنی یەکسانی نێرو مێ.

ناکرێت فۆڕمێکی هاوبەش بۆ بەرەنگاربوونەوەی گرفت و مەترسییەکان بدۆزینەوە، ئەگەر لە چوارچێوەی بەهاگەلی هاوبەشدا نەبێت، بەهاکانی ئازادیو دیموکراسی و لێبوردەیی و دادپەروەری. ئەو بەهایانەی هەردوولامان بڕوامان پێیان هەیەو پێویستن بۆ سەردەمەکەمان. دیالۆگ گرنگە بۆ:

- هاندانی لێک نزیکبوونەوەو لێک تێگەیشتن و کارلێککردنو لێبوردەیی و ڕێز لێک گرتن.
- دەوڵەمەندکردنی مەعریفەی دوولایەنەو دۆزینەوەی خاڵە هاوبەشەکان و بەها هاوبەشەکان.
- چەسپاندن و پاراستنی گشت مافەکانی مرۆڤو ئازادییە بنچینەییەکان.
- دۆزینەوەی تێگەیشتنی هاوبەش بۆ پێوانە ئەخلاقیەکانو بەها مرۆییە گشتییەکان.
- زیادکردنی ڕێزی هەمەرشەنگیی کولتووری.
- هاندانی بنیاتنانی متمانەو زیادکردنی پێک ئاشنابوون و لێک تێگەیشتنو بەرەنگاربوونەوەی مەترسییە هاوبەشەکان.
- ڕێزگرتنی بڕواو پرنسیپەکانی هەرلایەک و چەسپاندنی پرنسیپی هاوکاریکردنو کاری هاوبەش.
- ڕێزگرتنی پرنسیپە مرۆییە هاوبەشەکان وەک ئازادیو دیموکراسیو مافەکانی مرۆڤ.
- ڕێزگرتن لە ویستی ئازادانەی میللەتەکان.

کولتوورێک نییە تەنیا تایبەت بێت بەم یان بەو کۆمەڵگە، بەڵکو کولتوورەکان پێکدەگەن و کار لێک دەکەن و کاریگەری دەخەنە سەر یەکتر.

ڕۆژنامەی ئاسۆ

# توندوتیژی یان هەڵکردن

توندوتیژیی دوولایـەنـە لە ململانێکانـــدا کێشـــەکان چارەســـەرناکات، بەڵکـــو ئاڵۆزتریاندەکات، چونکە هەستی ڕق و لێک دابڕان لای خود برەپێدەدات و هەستی ترسو گومان لای ئەویدیکە گەشەپێدەدات. توندوتیژی پەنادەبات بەر تێکشکاندنی ویستی بەرامبەر یان سڕینەوەی بوونی ئەویتر، نەک کۆکردنەوەی دوو ویستو هاوکاریکردنیان بۆ دەستەبەرکردنی بەرژەوەندیی دوولایەنە. لەکاتێکدا هەڵکردن (تۆلەرەنس) شێوازێکی گونجاوە بۆ مامەڵەکردنی دروستی نێوان لایەنە ململانێکارەکان و چارەسەرکردنی کێشەکان بەڕێگەیەکی ئاشتیخوازانە، چونکە مانای داننانە بە خودو ئەویدیکەدا، بەبێ سڕینەوەی جیاوازییەکان، یان کەوتنە سەر ئەژنۆێ لایەنێک لەبەردەم لایەنەکەی دیکەدا.

قسەکانی سەرۆک وەزیرانی تورکیا، ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، کاتی گەڕانەوەی لە سەردانی تورکمانستان، هەنگاوێکی پۆزەتیڤانەیە بۆ سنووردان لەبەردەمی مامەڵەکردنی توندوتیژانەو قبوڵکردنی شێوازی هەڵکردن لەگەڵ یەکیریداو پێویستە لە چوارچێوەیەکی ئەقڵانیدا تێیبڕوانرێو زیاد لە پێویست باری لێ نەنرێ و تەنیا بە چاوی هەستوسۆزی نەتەوەیی ســەیری نەکرێــت، جا ئەوە لەلایەن نەیارانی هەڵکردن و خوێندنەوەی سەردەمی ناو دەوڵەتی تورکیاوە بێت، یان ئەوانەی لای خۆمان کە تاکو ئێستا لەوە تێنەگەیشتوون سیاسەت کارکردنە لەناو شیاودا، نەک لەناو خواست و نموونە بەرزەکاندا.

ئەمڕۆ تورکیا و هەرێمی کوردستان لە بارودۆخێدا دەژین، کە ناچارن ڕێگەی هەڵکردن لەگەڵ یەکتردا بگرنەبەر، نەک ڕێگەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژانەوەو سڕینەوەی یەکتر. تورکیا بۆ ئەوەی بتوانێ لە بواری ئابووریدا بەهێزو گەشەکردوبێت و ڕێگە لە هەڵئاوسان و تەنگوچەڵەمەی دارایی بگرێتو پێگەی سیاسیی بەهێزی لەناوچەکەدا هەبێت و ببێتە بەشێک لە یەکێتیی ئەورووپا، پێویستی بەوەیە سنوورێکی دڵنیاو ئابوورییەکی گونجاوی هەبێت. بۆ ئەمەش هەرێمی کوردستان شیاوە بۆ دەستەبەرکردنی هەردوو پێداویستییەکە. بەوپێیەی کوردستان یەکێکە

لەو ناوچانەی عیراق، كە تیرۆریزم تیایدا ئیفلیجەو مەڵبەندێك نییە بۆ بەرهەمهێنانی تیرۆریستان و توندوتیژی بۆ دراوسێكان. ئەمە لەلایەك، لەلایەكی دیكەوە كوردستان سەرچاوەیەكی چاكە بۆ بەدەستهێنانی كەرەستەی خاوو بازڕێكی بەرهەمدارە بۆ وەبەرهێنان و ساخكردنەوەی كاڵاكانی توركیا. كوردستانیش بۆ ئەوەی بتوانێ خۆی لە پیلانی هەڵوەشاندنەوەی ئەزموونەكەی بپارێزی و دەرفەتی پەرەپێدانی بۆ بڕەخسێ، پێویستی بەوەیە وەك دراوسێیەكی خاوەن بەرژەوەندیی مامەڵ لەگەڵ توركیادا بكات و سوود لەو توانایانە وەربگرێت كە لەو وڵاتەدا هەن، بۆ هێنانەدیی ئامانجەكانی خەڵك و هەنگاونان ڕووەو پێگەیشتنو جێگیركردنی قەوارەی تایبەتی. بۆیە ئەگەر توركیا و كوردستان لەو ڕاستییە تێنەگەن، بەتایبەتی لە سەردەمێكی مێژوویدا، كە بە كەرەستەو میكانیزمەكانی قۆناغی شەڕی سارد ناچێتەڕێوەو گوێ شلكەن بۆ ئەو دەگانەی بە قوڕگی سەردەمێكی كۆن دێنە قسەو بە ئەقڵی ڕۆژگارێكی جیاواز بیردەكەنەوە، ئەوا دووچاری لێكترازان و ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژانە دەبنەوەو هەردوولا زەمینە بۆ لاوازبوون و تێكشانی خۆیان خۆشدەكەنو دەرفەت بۆ نەیارانی خۆیان دەڕەخسێنن مەرامەكانی خۆیان جێبەجێبكەن.

بۆ ئەوەی لەسەردەمی بەجیهانیبووندا پەیوەندیی نێوان لایەنەكان بەهێزو جێگیربێت و دووچاری هەڕەشەی لێكدابڕان نەبێت، هەڵكردن لەگەڵ یەكترداو دروستكردنی تۆڕی بەرژەوەندیی هەمەلایەنی نێوان لایەنەكان باشترین شێوازە. چونكە كاتێك لایەنێك بەكردەوە دڵنیادەبێت بوون و گەشەكردنی خۆی بەشێوەیەك لە شێوەكان گرێدراوی لایەنەكەی ترە، ئەوكاتە بە هەمووشێوازێك تێدەكۆشێت بۆ پاراستن و بەرگری لێكردنی. ئەگەر توركیا لەو ڕاستییە گەیشتبێ، هەرێمی كوردستان ئەو ناوچە هەستیارەیە، كە بەردەوامبوون و گەشەكردنی پێیەوە بەندە، ئەوا ناچارە سیاسەتەكانی خۆی بەپێی ئەوە دابڕێژێتەوەو ڕێگەی هەڵكردن بگرێتەبەر نەك سەرچڵیی توندوتیژانە. ئەگەر كوردستانیش لەوە تێگەیشتبێ ڕاگرتنی توركیا وەك هاوسێیەكی كاریگەر زامنكەری ئارامی و پەرەسەندنە، ئەوا پێویستە خۆی لە بەرزكردنەوەی ئەو دروشم و هەڕەشانە بەدووربگرێت، كە لە واقیعی بەكردەوەدا توانای ئەوەی نییە بیانپارێزێ.

دواجار واچاكە ئەوە دووپاتبكرێتەوە، كە هەڵكردن باشـترە لە توندوتیژیو لە بەرژەوەندیی هەردوولادایە، بەڵام نابێت ئەوە بە لاوازبوونی لایەك یاخود هەڕەشەكردن لە لایەنێك لێكبدرێتەوە، بەڵكو پێویستە بە تێگەیشتنی واقعبینانەی دۆخەكەو خوێندنەوەی ئەقڵانی هەلومەرجەكە بنرخێنرێ.

## دیموکراسی و گۆڕینی کولتووری سیاسی

ئەگەرچی مەسەلەی دیموکراسی، لەسەر ئاستی نووسین و دروشمەکان، بایەخی زۆری پێ دراوە، بەڵام هێشتا ئەو مەسەلەیە، لە بواری کارپێکردن‌و جێبەجێکردندا، سەرکەوتنی بەرچاوی بەدەست نەهێناوە. ئەمەش ناچارماندەکات بپرسین بۆچی؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە دەڵێین، چەندین هۆکار هەن ئاستەنگ لەبەردەم بنیاتنانی کۆمەڵگەی دیموکراتیدا دادەنێن، گرنگترینیان سروشتی کولتووری سیاسیی باڵادەستە، کە دەبێت گۆڕانی بنەڕەتیی بەسەردابێت.

گرنگە سەرەتا ئەوە ڕوونبکەینەوە، دیموکراسی بە یەکێک لە ماناکانی، مافی هاوڵاتییە بۆ بەشداریکردن لە بڕیارسازییدا، دەربارەی مەسەلە گشتییەکان. بەم دەربڕینەش بێت، دیموکراسی مافی بەشداریکردن دەداتە هاوڵاتی و یەکەمین مەرجیش بۆ کارپێکردنی ئەو مافە، دەرککردنی هاوڵاتییە بەوەی، ئەوە مافێکی سروشتییەو دیاریی نییە کەس و لایەنێک یان حیزبێک پێی ببەخشێت.

یەکێک لە هۆکارەکانی سەرسمدانی دیموکراسی لای ئێمە ئەوەیە، هاوڵاتی دەرک بە سروشتیبوونی ئەو مافە ناکات و کولتووری سیاسیی باڵادەست، کە بەرهەمی پرۆسەیەکی پەروەردەکردنی کۆمەڵایەتی و سیاسییە، ئەو بەهاو شێوازی مامەڵەو ڕەفتارانەی تێدا چاندووە کە پێچەوانەی شێوازی دیموکراسین و چەسپێنەری شێوازە دەسەڵاتخوازە باڵادەستەکانن. بۆیە سەرکەوتنی ڕاستەقینەی دیموکراسی‌و جێبەجێکردنی پێویستی بەگۆڕینی ئەو کولتوورەو نەهێشتنی ئەو بەهاو شێوازی ڕەفتارانەیە، کە ئاستەنگن لەبەردەم دیموکراتیزەکردندا.

کولتووری سیاسی کۆمەڵێک ئاڕاستەی سیاسی‌و ئاقارو شێوازی ڕەفتارە، تاک بەرامبەر سیستەمی سیاسی و پێکهاتە جۆربەجۆرەکانی و بەرامبەر ڕۆڵی تاک لەو سیستەمەدا دەیگرێتەبەر. واتە شێوازگەلی ئاڕاستەکردن و سازانە لەهەمبەر چالاکی‌و کاری سیاسی لە کۆمەڵگەداو لە ئەزموونی میللەتانەوە سێ جۆر کولتووری سیاسیمان دەستکەوتووە: کولتووری سیاسیی بەشداریخوازانە، کولتووری سیاسیی پاشکۆخوازانە (شوانکارانە) و کولتووری سیاسیی ناوچەگەرانە.

وردبوونەوە لە بارودۆخی کوردستان دەریدەخات، کولتووری سیاسیی باڵادەست پاشکۆخوازانەیە، چونکە خەسڵەتەکانی ئەو جۆرە کولتوورە: دەسەڵاتخوازیو ملکەچکردن، بەدیدەکرێن. ئەمەش شێوازێکی ڕەفتارو مامەڵەکردنی خستۆتەوە، کە بەردەوام ئاستەنگ بۆ دیموکراتیزەکردن دروستدەکات و ڕۆحی دەستەوستانبوونو ملکەچی و پشت بەویدی بەهێز بەستن دەچەسپێنێ. ژیانی کۆمەڵایەتیی کوردەواری کەوتۆتە ناو چوارچێوەی زنجیرەیەک پەیوەندیگەلی دەسەڵاتخوازانە و ملکەچانەوە، لەنێوان باوک و منداڵەکان، براو خوشکەکان، گەورەو بچووکەکان، بەڕێوەبەرو کارمەندەکان، هەتا دەگاتە پەیوەندیی نێوان حوکمڕان و حوکمڕانیکراوەکان. ئەو جۆرە پەیوەندیانەش سەرەنجام تاودانەوەیان لە خودی ژیانی سیاسیدا هەبووە. بۆیە سروشتیبووە تاکی کورد هەر سیستەمێکی دەسەڵاتخوازانە قبوڵبکاتو دەستەوستانبێت لەئاستیانداو توانای بەشداریکردنی نەبێت لە بڕیارسازیدا. چونکە ئەو تاکە لەسەر ئەوە ڕاهێنراوە، کە کەسانی تر هەن لە بواری کۆمەڵایەتیدا بڕیار لەبری ئەو دەدەن، بۆیە قبوڵی ئەوە دەکات لە بواری سیاسیشدا لەبری ئەو بڕیاربدرێت.

وەک وتمان، دیموکراسی مافی هاوڵاتییە بۆ بەشداریکردن لە بڕیارسازیدا، بەڵام دەرک نەکردنی هاوڵاتی بەو مافەو هەستکردنی بەبێتوانایی لەو بەشداریکردنەدا وای لێ کردوە قبوڵی هەر سیستەمێکی دەسەڵاتخوازانە بکات و بە سروشتیی بزانێتو دەستەوستانبێت لەئاست گۆڕینی یان گۆڕینی سیاسەتەکانیدا. ئەمەش بەڕوونی لەو ڕۆحی ملکەچی و پشت بەویدی بەستنەدا بەدەردەکەوێت، کە لە کولتووری سیاسیماندا هەیە. مەبەست ڕۆحی ملکەچبوونە بۆ دەسەڵات و بێتواناییە لەئاستی گۆڕینیدا، ڕۆحی پشت بەویدی بەستن و چاوەڕوانیکردنی پاڵەوانی فریادڕەسە بۆ ڕزگارکردنی.

ئەو بەهاو ئاڕاستە و شێوازانەی تاکی کورد فێریانبووە، لەلایەکەوە ئاستەنگیان بۆ بنیاتنانی دیموکراسی دروستکردوە، لەلایەکی ترەوە بوونەتە هۆی نائامادەیی ڕۆحی گفتوگۆ و دیالۆگی بابەتیانەو قبوڵکردن و ڕێزگرتنی بیروڕای جیاواز لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکاندا. بۆیە دەبینین ئەو تاکە دیالۆگی بابەتیانە پێڕەوناکات و ڕێزی بیروڕای جیاواز ناگرێت و ڕەخنە قبوڵ ناکات. سەرەنجامیش پەیوەندییەکان ملکەچکردن دەبن بۆ کەسی باڵاترو دەسەڵاتدارتر یان کۆنترۆڵکردنی کەسی خوارتر.

لەو دەربڕینەوە دەردەکەوێت، کولتووری سیاسیی باڵادەست لە کوردستان، کولتوورێکی ڕێگری بنیاتنانی دیموکراسیەو بەهێزکەری سیستەمی دەسەڵاتخوازانەیە. بەو جۆرەش تاکی کورد بەکارێکی سروشتیی دەزانێت دەسەڵاتێکی سیاسی هەبێت

کۆنترۆڵی بکات و لەبری ئەو بڕیار لەسەر ئەو مەسەلانە بدات، کە پەیوەندیان بە ژیانو چارەنووسی ئەوەوە هەیە. ئەوەش لەگەڵ سروشتی ئەودا تەبایە، چونکە هەمیشە لە خێزان و قوتابخانەو زانکۆو شوێنی کار، لەبری ئەو بڕیاردراوە. ئەمەش ڕاماندەکێشێت بۆ قسەکردن دەربارەی پەروەردەکردنی سیاسیی هاوڵاتیان.

پەروەردەکردنی سیاسی ئەو پرۆسەیەیە تاک بەهۆیەوە بەهاکانی خۆی، ئاڕاستە سیاسییەکانی، زانیاری و هەستوسۆزی، هەڵسەنگاندنەکانی بۆ ژینگەکەیو دەروبەرو سیستەمی سیاسی بەدەستدێنێت. واتە پەروەردەکردنی سیاسی پرۆسەیەکە لە ڕێگەیەوە کولتووری سیاسیی کۆمەڵگە پێکدێت و ئەمانە لەخۆدەگرێت: جۆرەکانی فێرکردنی سیاسیی ڕەسمیو ناڕەسمیو پلان بۆ دانراوو دانەنانراو لە هەر قۆناغێکی ژیانی تاکدا. ئەمانەش جۆرەکانی بەهاو شـێوازەکانی ڕەفتار لەخۆدەگـرن، کە پەیوەندیی ڕاستەوخۆیان بەژیانی سـیاسـییەوە نییە، بەڵام کاریگەریان لەسـەر ڕەفتاری سیاسیی تاک هەیە. وەک بەدەستهێنانی ئاقارە کۆمەڵایەتیەکانو ئەو خەسڵەتە تاکەکەسیانەی کاریگەریان لەسەر ڕەفتاری سیاسیی تاک هەیە.

هەنگاوی بنچینەیی و گرنگ بۆ بنیاتنانی دیموکراسی، بەگۆڕینی ئەو کولتوورە سیاسییە دەستپێدەکات، بۆ پاککردنەوەی لەو بەهاو ئاڕاستەو شێوازی ڕەفتارانەی پەیوەندییەکانی دەسەڵاتخوازیو ملکەچیان چەسپاندوەو کارکردن بۆ جێگیرکردنی ئەوانەی یاریدەدەرن بۆ بنیاتنـانـی کەسـایەتیی ئازادی سەربەخۆو خولقاندنی کولتوورێکی سیاسیی بەشداریخوازانە، کە وا لە تاکی کورد دەکـات بڕوای بەخۆیو تواناکانی خۆی هەبێت و هەموو جۆرە مەیلێکی دەسـەڵاتخوازانە ڕەتبکاتەوەو قبوڵی نەکات دووربخرێتەوە لە بەشداریکردن لە بڕیارسازیدا.

کەواتە کوردستان پێویستی بە شـۆڕشـێک هەیـە لە ناخی کولتوورەکەیدا، کە سیستەمی پەروەردەی باوکسالارانەو شێوازی ڕەفتاری باو هەڵتەکێنێو کاریگەرییەکەی بگاتە خێزان، دامەزراوەکانی پەروەردەو فێرکردن، شوێنی کارکردنو ئامرازەکانی ڕاگەیاندن. شۆڕشێک تاکی کورد سەرلەنوێ بەشێوەیەک بنیاتبنێتەوە، کە کاربکات بۆ گۆڕینی بونیادی کولتووری سیاسی و بەپیرەوەچوونی بەهاکانی دیموکراسی و ڕەتکردنەوەی بەها دەسەڵاتخوازو ملکەچکارەکان. چونکە گۆڕینی حوکمڕانێک بەیەکێکی دیکە، بەپاراستنی هەمان بەهاو ئاڕاستەو شێوازەکانی ڕەفتاری باڵادەست، مانای گۆڕینی دەسەڵاتخوازێکە بەیەکێکی تر.

دیموکراتیبوونی ژیانی سیاسی دەبێت لە دیموکراتیبوونی ژیانی کۆمەڵایەتیەوە هەڵقوڵێت. جا لەبەرئەوەی پەیوەندی و دامەزراوە کۆمەڵایەتیەکان نادیموکراتین،

بۆیە دیموکراسی هێشتا جێگیرنەبووەو پەیوەندییە دەسەڵاتخوازو ملکەچکەرەکان بەردەوامن. هەوڵدان بۆ کارپێکردنی شێوازەکانی دیموکراسی لە پەیوەندییەکانو دامەزراوە سیاسییەکاندا سەرکەوتوونابێت، ئەگەر لە پەیوەندی و دامەزراوە کۆمەڵایەتیەکاندا کاریان پێ نەکرێت، چونکە بەبێ خوڵقاندنی کولتوورێکی دیموکراتی، دیموکراسی لەسەر ئاستی سیاسی تێکدەشکێ و دامەزراوە سیاسییە جۆربەجۆرەکان دەبنە قاوغی بێ ناوەڕۆکو لەلایەن ئەم تاک یان توێژی حوکمڕانەوە بەکاردەبرێن بۆ چەسپاندنی دەسەڵات و باڵادەستی.

ڕۆژنامەی ئاسۆ ژمارە (١٣٧٣)/ ٢٧-١٢-٢٠١٠

# عەلمانیەت دەروازەی دیموکراسییە

تێکهەڵکێشی و یەکبڕینی عەلمانیەت و دیموکراسی و کارلێککردنیان، دەگەڕێتەوە بۆ بارودۆخی دنیایی و واقعیی دژ بە مرۆڤـو ئازدی لەلایەک. لەلایەکی ترەوە دانانی مرۆڤ بە جڵەوکاری سروشت، تەوەری دنیا، پێوانەی بەهاکان و دروستکەری مێژووی تایبەتی و چارەنووسسازی خۆی. لەم ڕەوتەدا بەعەلمانیکردن پڕۆسەی گەشەکردنی مێژوو و مەعریفەیە ڕەوو بەدەستهێنانەوەی خودی مرۆڤ لەلایەن خۆیەوەو لەناوبردنی ستەمکارییە بەهەموو شێوە «پیرۆز»و ناپیرۆزەکانیەوە، هێنانەدیی ئازادییە لەهەمبەر سروشت، کۆمەڵگەو حوکمڕانی. لێرەشدا لەناوبردنی ستەمکاریی مانای نەهێشتنی جیابوونەوەی مرۆڤـو سروشت، واقیعو فیکر، مادەو ڕۆحە.

دیموکراسی، لە یەکێک لە ئاستەکانیدا، مانای یەکسانیی سیاسی، دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و ئابووری و ئەخلاقییە. تێکڕای ئەمانەش ڕەگی عەلمانیان هەیە، چونکە لە بنەچەیەکەوە سەرچاوەدەگرن، کە ناشێ پشتگوێبخرێ یان وەلاوەبنرێ، ئەویش یەکسانیی بوونخوازە. بۆیە هەموو شێوازەکانی نایەکسانی لە ستەمکاریی دژی مرۆڤ و بێبایەخکردنی گیانی مرۆڤانەوە سەرچاوەدەگرن.

یەکسانیی بوونخواز، لە یەکسانیی کاری مرۆڤانە و هاوشێوەیی ماهیەتیدا بەرجەستەدەبێت. یەکسانییەک لە بەهای مرۆڤانە و گرنگیی تاک و ئەوەوە سەرچاوەدەگرێ، کە ئەقڵ خەسڵەتێکی چۆنایەتیە و خاڵی هاوبەشی نێوان تاکەکانی جۆرێک پێکدێنێ. یەکسانییەک لە مرۆڤبوونی تاکەکان و مافـو ئازادییەکانیەوە هەڵدەقوڵێت.. ئەم یەکسانییەش عەلمانییەت دابیندەکات، چونکە ئەوەی بنەڕەتی و خاوەن بەهایەکی بڕیاردەرە لە دنیای مرۆڤدا، تەنیا خودی مرۆڤە، مرۆڤی کار، بەرهەمهێنان، مەعریفە، داهێنان، خوڵقاندنو ژیوار، دژ بە مرۆڤی ئیمان، دەستەپاچەیی، خواپارێزی، بێگوناهی، موحافەزەکار، وێناکردن، ملکەچی، گوێڕایەڵی، ڕازیبوون و خۆبەدەستەودان، واتە مرۆڤی کۆیلایەتی. بەوپێیەش یەکسانی، یەکسانییە لە ئازادیدا، نەک یەکسانیی لە کۆیلایەتیدا.

دیموکراسی، بەڕەگە عەلمانییەکەی و ناوەڕۆکە مرۆڤانەکەی و ناواخنە کۆمەڵایەتییەکەی، داننانە بە ڕێژەییبوونی حەقیقەت و شیانی هەڵکردندا (تۆلەرەنس)، ڕێزگرتنی ڕای ئەویدیکەیەو گوێگرتنو کارلێککردنە لەگەڵیدا، بەکافرنەکردنو تاوانبارنەکردنیەتی. ئەمەش داننانە بە حەقیقەتی سەربەخۆ لە زەیندا، کە هەموان هەوڵدەدن بۆ پێگەیشتنی، بێ ئەوەی بابەت بکرێتە قوربانی خود.

تەنگوچەڵەمەی دیموکراسی لای ئێمە، دەگەڕێتەوە بۆ نائامادەیی گفتوگۆی بابەتیانە، بەهۆی نائامادەیی ئازادی و دەستپێکە بابەتییەکانی دیالۆگ. لێرەشدا ڕەگەکانی تەنگوچەڵەمەی ئازادی و دیموکراسیش لە ویژدانی هاوچەرخماندا دەگەڕێتەوە بۆ پێنج دانە:

یەکەم/ لێکدانەوەی پیت بەپیت، واتە ئەو دەقخوازییەی ئازادیی ڕەتدەکاتەوە، لەپێناو پابەندبوون بە حەقیقەتی ڕەهای پێشوەخت ئامادەکراو، کە بە فۆڕمێکی هەتاهەتایی داڕێژراوەو ئەقڵییەتی دەسەڵاتی سیاسی لەگەڵ ئەقڵییەتی دەسەڵاتی ئایینی دژی مرۆڤ یەکدەخات، چونکە هەردووکیان پشت بە شۆڕکردنەوە دەبەستن. مەبەست شۆڕکردنەوەی فرمانە لە دەسەڵاتەوە بۆ میللەتو شۆڕکردنەوەی مەعریفەیە لە ئاسمانەوە بۆ زەویو لە دوائەنجامدا ڕەتکردنەوەی مافی پێداچوونەوەو مشتومڕو دیالۆگە.

دوەم/ بەکافرکردن یان تاوانبارکردنی جیاوازی و ئۆپۆزسیۆنە، بەپێی کۆمەڵێک دەق کە بۆ مەبەستی سیاسی و ئایدیۆلۆژی و کۆمەڵایەتی دادەڕێژرێن.

سێیەم/ دەسەڵاتخوازیی وێناکردن. وێناکردنی دنیا لە تێڕوانینی ئیسلامیدا، وێناکردنێکی دەسەڵاتخوازانە، ناوەندی و ڕەهاخوازانە بوەو دواتریش بۆتە بناغەی وێناکردنێک بۆ دنیاو بنچینەی پێکهاتە سیاسییەکان. لەو وێناکردنەدا ویستی مرۆڤانە وندەبێو کردارو ئەقڵ لاوازدەبن و مرۆڤ بەو ئیمانە دەستنیشاندەکرێ کە گومانهەڵگر نییە. لەم وێناکردنەشەوە بیرۆکەی تاکە سەرکردەی فریادڕەسی مەزن و بلیمەت سەرچاوەدەگرێت. هەروەها ئەم وێناکردنە مرۆڤەکان دابەشدەکات بۆ گشت و عەوام لەلایەک، خانەدانو شوانەکان لەلایەکی دیکەوە. ئەم وێناکردنە هەمووشتێک دەداتە لوتکەو گشت شتێک لە بنکە زەوتدەکات، بەڵکو هەمووشتێک لە بنکە دەسەنێ و دەیداتە لوتکە.

چوارەم/ پاکانەکردن بۆ هەندێک دەرهاویشتە. واتە کاری ئەقڵ پاکانەکاریی ڕووت دەبێت، هەندێ دەرهاویشتە وەردەگرێ و دەیانگێڕێتەوە بۆ چەند دەرهاویشتەیەک، کە شایانی تێگەیشتنن و دەشێ بسەلمێنرێن، بەڵام دوورن لە بێلایەنی و ڕۆحی زانستی و چاونەترسیی ڕەخنەگرتن. لە بەرامبەر بەم ئەرکەی ئەقڵ، کە خواوەند

سەرچاوەکەیەتی، دیالۆگ مەحاڵدەبێ، چونکە دەرهاویشتەکان پێشوەخت قبوڵکراون و ناخرێنە ژێر گومان و ڕەخنەوە.

پێنجەم/ تێکشاندنی ئەقڵ، واتە هێرشکردنە سەر زانستە ئەقڵییەکانو لەناوبردنی فەلسەفە و دوژمنایەتیکردنی هەر ئاقارێکی ژیواریی ئەقڵانی.

ئایا ئەم پێنج مەسەلەیە، کە ڕیشەی تەنگوچەڵەمەی دیموکراسین لە ویژدانی هاوچەرخماندا، دەربڕی نائامادەیی هوشیاریی نییە بەرامبەر بە گرنگیی عەلمانییەتو دواجاریش نائامادەیی عەلمانییەت نییە لە بیرو پراکتیکدا؟

لێرەدا دەبێت جەغت لەسەر ئەوە بکەینەوە، کە دیموکراسی، ئەوەی بە دیالۆگو ئازادی و داننان بەویدیکەی جیاواز دەرمانبرپیوە، مەحاڵە ئەگەر عەلمانییەت دەروازەو ناوکی نەبێت. لە دەرەوەی چوارچێوەی پرۆژەیەکی سیاسیی دیموکراتیانەو چوارچێوەی ستراتیژێکی کراوەی ئەقڵانی، مەسەلەی دیموکراسی بێ ناوەڕۆک دەبێت، نابێ بەهانەی بۆ بهێنرێتەوە، لاوازدەبێ و وەک جلوبەرگێکی ئایدیۆلۆژیانەی «نوێ» بەکاردەبرێ، بۆ خزمەتکردنی ئامانجێکی سیاسیی موحافەزەکارانە. هەمان مەسەلە بۆ عەلمانییەتیش ڕاستە. لە دوائەنجامیشدا، دیموکراسی و عەلمانییەت دەگۆڕێن بۆ دوو گوتاری ناکۆک و بێ ناوەڕۆک لە مەیدانی مشتومڕی ئایدیۆلۆژیانەو ململانێی دەستەواژەخوازداو دوو دروشمی بارگاوی بە ورووژاندنو بەرەنگاربوونەوەو سۆزی تایەفەگەری و پەرچەکردار دەبزوێنێ، زیاتر لەوەی هوشیارییەکی نوێ دامەزرێنێ. ئەو هوشیارییەی خزمەتی ڕەتکردنەوەی واقیعی باو و ڕەخنەلێگرتنی دەکات.

لە دەرەوەی پرۆژەی دیموکراسی و بەبێ هوشیارییەکی عەلمانی- دیموکراسیی مێژوویی نوێ و شۆڕشگێڕانە، عەلمانییەت و دیموکراسی دەگۆڕێن بۆ بتێکی کەڕو لاڵی بەتاڵ لە هەر شڵەژانێک، واتە بەتاڵ لە بزووتنەوەی ژیان. چەمکگەلێک- بتگەلێکی ناکۆک، کە هیچ شتێک پێکەوەیان نابەستێ و هیچ ناوەڕۆکێکیان نییەو نەمرن و بیرۆکەی مێژوو و چەمکی پێشکەوتن ڕەتدەکەنەوەو خۆ لەسەروو واقیعەوە ڕادەگرن. بتگەلێک کە ماهیەتیان لەگەڵ شوناسیان جووتە، جوتبوونی شوناس، ماهییەتیش مانای ڕەتکردنەوەی جیاوازی و لەسێدارەدانی هەمەڕەنگی، فرەیی، جیاوازی و جیاکارییە. جوتبوونێک لەنێوان ماهییەت و شوناس لە زەینی پیران- بتپەرستاندا، بنچینەی دان نەنانە بەویدیکەداو بناغەیە بۆ: قبوڵ نەکردنی فرەیی، جیاوازی، بەکافرکردنی ئۆپۆزسیۆن، بێسوودیی دیالۆگ، بنچینەی توندوتیژیو وێرانکاریی ڕاپسکاو لە سانسۆری ئەقڵ. ئەو توندوتیژییەی لە گوتار، ڕەفتار، بیرو پراکتیکدا بەدیدەکرێت.

ئەوە پڕۆژەی دیموکراسییە، کە دەتوانێت ناوەڕۆک و ڕێکوپێکیو ڕەوتگەی پەیوەندی ببەخشێتە چەمکەکان و ئەویشە گرنگیی ئەم یان ئەو چەمک، وەک پێداویستییەکی مێژوویی و لۆژیکی، نەک مۆدەیەک، دەسەپێنێ.

ڕۆژنامەی ئاسۆ ژمارە (١٣٧٧)/ ٣-١-٢٠١١

# چەسپاندنی کولتووری مافەکانی مرۆڤ مەرجی پاراستنیانە

یەکەمین هەنگاو ڕووەو هێنانەدیی مافەکانی مرۆڤ و بەرگریکرن لێیان، ئاشنابوونە بەو مافانەو چەسپاندنی کولتووری مافەکانی مرۆڤە. چونکە زۆرێک هەن لە کۆمەڵگەی کوردستاندا بەو مافانە ئاشنانین کە هەیانەو نازانن مافەکانی ئەوانی دیکە کامانەن کە دەبێت ڕێزیان لێ بگیرێت. بۆیە سەرەنجام داوای ئەو مافانە ناکەن کە هەقی خۆیانەو ڕێز لەو مافانەش ناگرن کە هی ئەوانی دیکەیە.

کولتووری مافەکانی مرۆڤ هێشتا بەشێک نییە لە ژیانمان و لە هەموو ئاستەکاندا، چونکە خۆڕسکانە و خەمساردانە ژیانی کۆمەڵایەتیو سیاسیی خۆمان بەڕێدەکەین، بەبێ ئاوڕدانەوە لەو واقیعەی چەندین دەستدرێژیی بۆ سەر مافەکانی مرۆڤ تێدایەو شکۆمەندیی مرۆڤی تێدا فەرامۆشدەکرێتو ملکەچی واقیعی باوین. بۆیە لە سیستەمی خوێندندا بەرنامەیەک بەدی ناکەین کە لە ڕێگەیەوە قوتابییەکان ئاشنابن بە مافەکانی خۆیان. فەرمانبەران نازانن مافەکانیان لە دامەزراوەکانیاندا چییە. ژنو مێرد، بەبێ تێگەیشتن لە ماف و ئەرکەکان، ژیانی خێزانی پێکدێنن. لەسەر ئاستی سیاسیش خەڵک وەک هاوڵاتی نازانن مافەکانیان لە هەر دامەزراوەیەکی حوکمڕانیدا کامانەن و ئاشنای ئەو ڕێسایانە نین، کە پەیوەندیی ئەوان و ئەو دامەزراوانە ڕێکدەخات. ئەمە لەکاتێکدا یاساو ڕێساگەلی تایبەت بەو دامەزراوانە لەئارادانو کێشەکە لە نەبوونی بەرنامەی هوشیارکردنەوەدایە سەبارەت بە مافەکانمان لە کۆمەڵگەدا.

لە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکانی دنیادا، کولتووری مافەکانی مرۆڤ بەشێکی بنچینەیی پرۆگرامەکانی خوێندن، بەرنامەکانی ڕاگەیاندن، پەروەردەکردنی خێزانی و سیستەمی پەیوەندییە پیشەییەکانەو بەشێوەی گرێبەست یان پەیمانی دوولایەنە پارێزگاریان لێ دەکرێت. بۆیە (بۆ نموونە) دەبینین پۆلیسێکی هاتوچۆ لە کاتی تۆمارکردنی سەرپێچییەکدا ئەو دەرفەتانە دەخاتە بەردەمی هاوڵاتی، کە یاسا بۆی ڕەخساندووە. کاتێک کەسێک دەستگیردەکرێت، دەربارەی مافەکانی ئاگاداردەکرێتەوە،

دامەزراندنیش لە دامەزراوەیەکدا بەبێ گرێبەستی تایبەت ئەنجام نادرێت.

ئیمڕۆ لە کوردستان پێویستمان بە کۆششکردنی زۆر هەیە، بۆ بڵاوکردنەوەی کولتووری مافەکانی مرۆڤ، ئەوەش بە خوێندنەوەی بەڵگەنامەکانی جاڕنامەی گەردوونیی مافەکانی مرۆڤ و یاساو ڕێسا ناوخۆییەکان، بۆ ئاشنابوون بە چوارچێوەی پەیوەندییەکانمان. ئینجا گشتاندنی مافەکانی مرۆڤ و ئەو یاساو ڕێسایانە، بۆ دەربازبوون لە وتەو خستنەگەڕی کارپێکردن.

ئەو پێشکەوتنەی کۆمەڵگەکانی دیکە لە بواری مافەکانی مرۆڤدا بەدەستیهێناوە، بە شەو و ڕۆژێک نەهاتۆتەدی، بەیەکجار ڕووی نەداوەو کارێکی ئاسان و بێ گرفت نەبووە. چونکە ئەو کۆمەڵگانە بۆ ماوەیەکی درێژ بەدەست ستەمکاریی ئایینی کڵێساکان و چەوساندنەوەی دەسەڵاتە سەرتاپاگیرەکانەوە دەیناڵاند، بیروڕای ئازادیخواز و چاکسازیخوازیش لە هەناوی پێوەناڵاندنە زۆرەکانەوە هاتەدەرەوەو کاتێکی زۆرو کۆشش و قوربانیدانی زۆری پێویست بوو، بۆ ئەوەی بەری خۆی بدات و بگاتە ئاستی جاڕی گەردوونیی مافی مرۆڤ.

کاتێک کۆمەڵگەی کوردستان چاودەبڕێتە ئەو پێشکەوتنە، دەبێت بزانێت کە کۆششی بێوچان و چڕو کاری کۆڵنەدەرانەی گەرەکە، بۆ هێنانەدیی ئەو ئامانجە. لێرەشدا لەسەر سێ ئاست پێویستمان بەکارکردن هەیە:

یەکەم/ لەسەر ئاستی یاساکان و یاسادانانەکان، کە دەبێت یاساو سیاسەتە دانراوو کارپێکراوەکان تەبابن لەگەڵ بەڵگەنامە جیهانییەکانی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤ و پێداچوونەوە بە هەموو ئەو یاسایانە بکرێت، کە دەبنە مایەی دەستدرێژیکردنە سەر مافەکانی مرۆڤ، یان کەلێنێک لەو مافانەدا دروستدەکەن. لێرەدا ڕۆڵی پەرلەمانی کوردستان دێت، کە دەبێت وەک مەسەلەیەکی بنچینەییو یەکەمین ئامانج مامەڵە لەگەڵ مافەکانی مرۆڤ بکات و نەیکاتە قوربانیی خواستی زۆرینەو ململانێکانی نێوان زۆرینەو ئۆپۆزسیۆن و کاریگەریی ئەوەش لە گشت یاسادانانەکاندا ڕەنگدانەوەی بەدیبکرێت. ڕووناکبیران جەغت لەسەر سەرەتاییبوونی مافەکانی مرۆڤ بکەنەوەو هەرگیز ڕازی نەبن سازشیان لەسەر بکەن. ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیش، بەتایبەتی مافپەروەران و یاساناسان چاودێریی یاسادانانەکان بکەن و بزانن تا چەند لەگەڵ مافەکانی مرۆڤدا تەبان، لە کاتی ناتەبابوونیشدا هەڵوێستی جیدی و بەکردەوەیان هەبێت.

دوەم/ کارڕاییکردن لەلایەن دامودەزگاکانی حکومەت و فەرمانبەرەکانەوە، چونکە ڕێژەیەکی زۆری پێشێلکارییەکانی مافەکانی مرۆڤ لە کوردستان ئەنجامی ڕەفتاری هەڵەو چەوتی هەندێک بەرپرس و فەرمانبەرە لە دامودەزگاکانی حکومەتدا، کە ڕەچاوی ئاکارەکانی ئیشکردن ناکەن و پلەو پۆستی خۆیان خراپ بەکاردێنن و بەرژەوەندخوازانە سوود لە کەلێنەکانی یاساو ڕێساکان وەردەگرن. لێرەدا پێویستە دامەزراوەکانی نەزاهەت و چاودێریکردن و وردبینی کارابکرێن و داواکاری گشتیو ئامڕازەکانی ڕاگەیاندن بەهێزبکرێن. هەتاکو بتوانن هێزێکی بەربەست لەبەردەم پێشێلکارییەکاندا دابنێن و مافەکانی مرۆڤ بپارێزن. ڕەفتارکردنی هەر دامودەزگایەکی حکومەت، یان هەر فەرمانبەرێک بەشێوەیەکی دەسەڵاتخوانەو ڕەهاکارانە، دەبێتە مایەی هاندانی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ و دەستدرێژیکردنە سەر بەرژەوەندییەکانی خەڵک. لێرەشدا خەمساردیی هاوڵاتیان ڕۆڵێکی گەورەی هەبووە لە چەسپاندنی ئەو بارودۆخەدا، کاتێک بێدەنگبوون لەئاست پێشێلکارییەکانداو ملکەچی واقیع بوون، لەکاتێکدا دەبوایە ئەو پێشێلکاریانە ئاشکراو ڕیسوابکەن و بەرپرسیارێتی چارەسەرکردنیان بخەنە ئەستۆی دەسەڵاتدارە پەیوەندیدارەکان. شایانی باسە، باڵادەستبوونی هەندیک بیروڕای چەوت، ڕێگربووە لەبەردەم کۆششکردنی زۆر کەس بۆ بەرگریکردن لە مافەکانی خۆیان و خستنەڕووی سکاڵاکانیان، چونکە پێیانوابووە داواکاریو سکاڵانامە پێشکەشکردن بێسوودەو ئەو فەرمانبەرانە پشتقایمو پارێزراونو سکاڵا پێشکەشکردن کێشەکە ئاڵۆزتردەکات و زیانبەخشدەبێت. لەبەرامبەر ئەو بیروڕا چەوتانەدا، پێویستە کولتووری بەرپرسیارێتی بەرامبەر بە نیشتیمان و حکومەتو مافەکانی مرۆڤ بڵاوبکرێتەوە، چونکە ئەو هاوڵاتییەی ناڕەزایی بەرامبەر بە ڕەفتاری خراپ یان هەڵەیەکی فەرمانبەرێک دەرنابڕێت، خزمەتی نیشتیمانو حکومەتیش ناکات، لەبەرئەوەی خراپکاریی فەرمانبەرێک خزمەت بەحکومەت ناکات، بەڵکو زیانی پێ دەگەیەنێت.

سێیەم/ لە بواری پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکاندا، کە پێشێلکاریی زۆرو ترسناکی مافەکانی مرۆڤ لەئارادایە. بۆ نموونە، خۆهەڵقورتاندن لە ژیانی تاکەکەسیی خەڵک، دانانی چوارچێوە بۆ هەڵسوکەوت و ڕەفتاری خەڵک لە گۆشەنیگای ئایینیەوە، سوکایەتیپێکردن و ئابڕووبردنی تاکەکەسەکان لەلایەن میدیاکانەوە، توندوتیژیی خێزانی کە دەستدرێژیکردنی مێردە بۆ سەر مافەکانی ژن، ڕەفتاری باوکان دەرهەق بە منداڵەکان، هەڵسوکەوتی چەوتی بەرپرس یان بەڕێوەبەر لەگەڵ فەرمانبەر یان خزمەتگوزارەکانداو ئەوان لەگەڵ هاوڵاتیانداو دەستدرێژیی

تویێژێک بۆ سەر تویێژێکی تر. ئەوەش پێویستی بە کۆششی زۆر هەیە، بۆ پاراستنی مافەکانی مرۆڤ لەو ئاستانەدا، بە بڵاوکردنەوەی هوشیاریی کۆمەڵایەتیو رۆشنبیریی مافەکانو جەغتکردنەوە لەسەر رەچاوکردنی بەرژەوەندییەکانی ئەوانی ترو رێزگرتن لە هەستوسۆزیان و چارەسەرکردنی کێشەکانیان.

رۆژنامەی ئاسۆ ژمارە (١٣٨٢)/ ١٠-١-٢٠١١

## لەخۆباییبوونی حوکمڕان دەردێکی کوشندەیە

کوشندەترین دەردی حوکمڕان لەخۆباییبوونە، کەچی بەدەگمەن حوکمڕانەکان دانادەبن و هەمیشە ویستی دەسەڵاتخوازی و پاوانکردن و پەراوێزکردنی ئەوانی دیکە لەلایان بەهێزدەبێت. بۆیە ئەو بەلێنانەی دەیدەن، کاتێک لە دەرەوەی حوکمڕانین، دەبنە بەشێک لە ڕابردوو و فەرامۆشدەکرێن، لەکاتێکدا ئەوانە لە بیری خەڵک ناچنەوەو بەردەوام بەڵێنەکان و واقیع پێک بەراورددەکرێن و بۆیان دەردەکەوێت کەلێنێکی فراوان لەنێوان وتە و کرداردا هەیە، ئاشکراش دەبێت بەڵێنەکان لای ئەو حوکمڕانانە تەنیا دروشمی ڕووتن، وشەگەلی هەڵخڕێنن، پێپلیکانەی هەڵکشانن بۆ شادبوون بە پێگەو پایەی بەرزتر.

دەردێکی دیکەی کوشندە ئەوەیە حوکمڕانەکان، لەبەر هەڵبژاردنیان لەلایەن «زۆرینەی خەڵک»ـەوە، یان سەرکەوتن لە هەندێک مانۆری سیاسیدا، یاخود نواندنی دەستپێشکەریی شایستە، پێیانوابێت نەمرن و بۆ هەتاهەتایە جڵەوی حوکمڕانی دەکەن و کەسێک نییە جێیان بگرێتەوەو شایانی پلەوپایەی ئەوان بێتو دەرک بەوە ناکەن، لە ئەزموونەکانی مێژووشەوە ئەقڵ وەرناگرن، کە حوکمڕانی هەتا سەر بۆ هیچ کەسێک نامێنێ، جا لە سیستەمی دیموکراتیدا بێت، یان سیستەمی دیکتاتۆری. ئەوەی زیندوێتی حوکمڕانێکیش ڕادەگرێت، ڕادەی نزیکبوونیەتی لە خەڵک و ئەو کارە باشانەیە، کە بۆ خزمەتکردنی کۆمەڵگە ئەنجامیداون و ئەو دەستکەوتانەی بۆ پێشکەوتنی وڵات بەدەستیهێناون. ئەوەش لەیاددەکەن ستەمو زۆرداری بێزاریی دەروونی خەڵک پڕدەکەن و وەک تەقەمەنییەکی ترسناکی لێدێت، کە تەنیا گڕی شقارتەیەکی بەسە. نزیکترین نموونەش تەقینەوەی میللەتی تونسە لە دژی «ستەمکاریی دادپەروەرانە»ی زەین ئەلعابدین بن عەلی، کە بە خەیاڵی ئەو و عەرەبیشدا نەدەهات بەو شێوەو خێراییە ڕوویدات.

حوکمڕانەکان دەبێت ئەوەیان لا ڕوون بێت، خەڵک بەدوای ناو ناوبانگ، خۆشگوزەرانی و ئاسوودەیی حوکمڕانەکانەوە نین، هەتا سەر بە دروشم

هەڵناخەڵتێن و بەردەوام بڕوا بە بەڵێندان ناکەن، بەڵکو ژیانێکی ئاسوودەیان دەوێت، لەسایەی ئازادییەکی کۆتوبەندنەکراودا، سەلامەتی و دڵنیاییان گەرەگە، گەشەکردنی ئاستی ژیانیان پێویستە، بۆ ئەوەی وەک باوباپیران ژیان بەسەرنەبەن‌و ئەزموونە تاڵەکانی ئەوان دووبارەنەکەنەوە. کەچی لەخۆباییبوونی حوکمڕان وادەکات هەموو ئەوانە لەیادبکرێن و هەمیشە تەنیا قسەگەلی وەک «خزمەتی میللەت دەکەین»و «بەرژەوەندییە باڵاکان دەپارێزین» دووبارەبکەنەوەو نەچن بەپیر پێداویستییە بنچینەییەکانی خەڵکەوەو پاساوی جۆربەجۆر بۆ دەستەبەرنەبوونیان بهێننەوە.

لەخۆباییبوونی حوکمڕان، بەپێی میکانیزمی بەرگری، دەبێتە هۆی بنیاتنانی شوراو قەڵایەکی داخراو بەڕووی «دوژمنان»داو ئەوە فەرامۆشدەکرێت، کە هیچ قەڵایەک نییە هەتاهەتایە بەهێزبێت و کەس نەتوانێت بیبڕێت و بەرگرییەکانی تێکبشکێنێ. ئەزموونەکانی نزیک خۆمان و دوور سەلماندویانە قەڵا تۆکمەکان، دامودەزگای ئاسایش و پاراستنی بەهێزو خاوەن چەک و کەرەستەی پێشکەوتوو، پارەو توانای ئابووریی زۆر، دەمکوتکردن و سەرکوتکردنی خەڵک...هتد ناتوانن هەتاسەر حوکمڕانێک لە هەرەسهێنان و ڕووخان بپارێزن.

لەخۆباییبوونی حوکمڕان دەبێتە هۆی گاڵتەکردن بەهەر بیروڕایەک ڕاست بێت، هەر ئەزموونێک دەوڵەمەند و بەخشندە بێت، هەر دڵسۆزییەکی بێ مەبەست هەرچەند سووبەخش بێت. ئەمەش دەبێتە مایەی ئەوەی حوکمڕان پشت بە گروپێک دەستوپێوەندی حیزبی و ناحیزبی ببەستێ، کە بەردەوام گەورەیی‌و بلیمەتی و بێوێنەیی و پیرۆزیی ئەو دووپاتدەکاتەوەو بەخۆی و خەسڵەتەکان‌و کارەکانیدا هەڵدەدات و هانیدەدات بۆ بەرتەسککردنەوەی ئازادییەکان و هێنانەئارای ستەمکاری و خراپەکاریی زیاترو دەبێتە دیوارێکی بەربەست لەنێوان حوکمڕان‌و خەڵکدا. لێرەشدا، لەبەر ئەوەی حوکمران لە لوتکەی دەسەڵاتدایەو سامان و هێزی زۆری بەدەستەوەیە، بۆیە زۆر کەس، کە پێشتر نەیان ناسیوەو پەیوەندیان پێوەی نەبووە، پێویستیان پێی دەبێت بۆ دەستەبەرکردنی قازانجەکان‌و پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان. سەرەنجام‌و ڕۆژبەڕۆژ حوکمڕان هاوسەنگیی خۆی لەدەستدەدات‌و پێگەکەی خۆی جێدەهێڵێت‌و دەچێتە ناو پێگەیەکی نوێوە، کە بە وەرچەرخانی بارودۆخەکان تاکەکانی پشتی تێدەکەن و لە کاتی کارەسات‌و نەهامەتیەکاندا بەهانایەوە نایەن و ڕووی لێ وەردەگێڕن.

لێرەشدا لەخۆباییبوونی حوکمڕان دەبێتە مایەی شانازیکردنی ئەو بەهێزی پۆلیس و سەربازییەوەو ئەوە لەیاددەکرێت ئەوانە ملکەچی هەرکەسێکن دەسەڵاتی

بەدەستەوە بێت و ئامادەن بچنــە ژێر فەرماندەیــی هــەر دەســەڵاتدارێکی تــر.

خراپترین شتی لەخۆباییبوونی حوکمڕان ئەوەیە، بڕوای بەوە هەبێت هەرچی شتێک بیڵێ یان بیکات ڕاستەو شایستەی تاوتوێکردنو ڕەخنەگرتن نییەو ئەوە فەرامۆشدەکات هەر کەسێک، جا سەرکردە بێت یان تاکێکی کۆمەڵگە، هەڵەدەکاتو هەندێک هەڵەش وەک ژەهر کوشندەیەو باشترین ڕێگە بۆ خۆپاراستن لە هەڵەکردن، ئاڵوگۆڕکردنی بیروڕایەو چاکترین بیروڕاش ئەوەیە، کە پشت بە قەبڵاندن نابەستێ، بەڵکو پشتئەستووره بە زانیاری و بەڵگە و داتای ڕاستی دڵسۆزەکان، نەک پشتبەستووە بە بیروڕاو قسەی دووڕوو و دووفاق و درۆزنەکان، کە دوورن لە ڕاستییەوەو تەنیا بۆ ڕازیکردنی حوکمڕانەکان دەریاندەبڕن.

دەشێت حوکمڕانێک خاوەن جەماوەرێکی زۆر بێت و ناووناوبانگی باشی هەبێت، بەتایبەتی ئەگەر ئەنجامی شۆڕشێکی ڕەوا یان پاش ڕووخانی ڕژێمێکی دیکتاتۆر و ستەمکار هاتبێتە سەرکار، بەڵام ئەو جەماوەرییبوونو ناوبانگیە کاتیە و بەردەوامبوونی گرێدراوی کردارو هەنگاوەکانی دواتر و جێبەجێکردنی بەڵێنەکانە. بۆیە حوکمڕان، ئەگەر دەیەوێ ناوبانگی خۆی و جەماوەرییبوونەکەی بپارێزێت، پێویستە هەمیشە لەگەڵ خواستەکانی خەڵکدا بێت، بەپیر خەمو پێوەناڵاندنەکانیانەوە بچێت، چارەسەر بۆ گرفتەکانیان بدۆزێتەوە، لێیان دەنابڕێتو نەچێتە ناو کۆشکێکی داخراوەوە.

لەکۆتاییدا، هەر حوکمڕانێک، بەم یان بەو ڕێگەیە، دەگۆڕێت یان لەناودەچێت، بەڵام جیاوازیی لەنێوان ئەوەی ئەنجامی لەخۆباییبوون دەگۆڕێت یان دەڕواتو ئەوەی بەسەربەرزی دوای پرۆسەی هەڵبژاردن دەسەڵات دەستاودەستدەکات، زۆر جیاوازە. بۆیە گرنگە حوکمڕانەکانی کوردستان سوود لە ئەزموونەکانی دنیاو تاقیکردنەوەکانی حوکمڕانیی دوورو نزیک وەربگرن و خۆیان بە ڤاکسینی دژی لەخۆباییبوون بکوتن، هەتاکو کۆمەڵگەکەمان ڕووبەڕووی قۆناغێکی نوێی ستەمکاری نەکەنەوەو تراژیدیای تر یەخەمان نەگرێتەوەو خۆشیان هەمان چارەنووسی ئەو دیکتاتۆرانەیان نەبێت، کە ئەنجامی لەخۆباییبوون بوونە مایەی شەڕو کوشتارو وێرانکردنی زۆری ناوخۆیی و هەرێمایەتی و ڕووخانی حوکمڕانییەکەیان.

ڕۆژنامەی ئاسۆ ژمارە (١٣٨٧)/ ١٧-١-٢٠١١

## فرەڕەنگی و ڕێزلێگرتن زامنی سەقامگیرییە

کۆمەڵگەی کوردستان، وەک کۆمەڵگەکانی دیکەی دنیا، فرەڕەنگی لەخۆدەگرێت، ئەگەر بە باشی مامەڵەمان لەگەڵ ئەو فرەڕەنگییەدا کرد، ئەوا دەبێتە مایەی دەوڵەمەندبوون و زیندوێتیی کۆمەڵگەکەمان. بوونی ئەو فرەڕەنگییەش خەوشییەک نییە پێویست بە شاردنەوە بکات، گرفتێک نییە چارەسەرکردنی گەرەک بێت، هەڵەیەکیش نییە ڕاستکردنەوەی بووێت، لەبەرئەوەی بەشێکی سروشتیی ژیانی کۆمەڵایەتیمانە، بەڵکو یەکێکە لە خەسڵەتەکانی بوونی کۆمەڵایەتیمان. لێرەشدا نەگبەتیی کۆمەڵگەی کوردستان لە بوونی فرەڕەنگیدا نییە، بەڵکو لە بێتواناییدایە بەرامبەر بە دارشتنی سیستەمگەلی کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیری، سیاسیو یاسایی وەها، کە بتوانن ئەو فرەڕەنگییە، بەبێ لێکدابڕان و پێکدادان، ئاڕاستەبکەن. بۆیە فەرامۆشکردنی فرەڕەنگی، یان دەستدرێژیکردنە سەری، زیانی گەورە بە سەقامگیریی کۆمەڵگەکەمان دەگەیەنێ و فرێیدەداتە ناو ململانێو ڕووبەڕووبوونەوەی وەهاوە، کە زەبری کوشندە لە ئاسایشی سیاسیو کۆمەڵایەتیمان دەوەشێنێت.

قبوڵکردنی فرەڕەنگی، مانای ئەوە نییە بیروڕاو تێڕوانینەکانی هەموان دەربارەی تێکڕای شتەکان هاوجووتن، چونکە مافی هەر کەس و لایەنێکە بیروڕاو تێڕوانینی جیاوازی هەبێت، بەمەرجێک ئەو جیاوازییە نەبێتە هۆی دەستدرێژیکردنە سەر تایبەتمەندییەکان و ئازادیی بەرامبەر. بۆیە گرنگە هەموو ئاقارو ئاڕاستەو لایەنە جۆربەجۆرەکانی کۆمەڵگە ڕێبازێکی نیشتیمانیی وەها بگرنەبەر، کە دان بە ڕاستیی فرەڕەنگیدا دەنێت و پرنسیپی ڕێزلێگرتن، لەسەر ئاستی بوون و بیروڕا، دەچەسپێنێ. لەبەرئەوەی ئێمە داوامان لێ نەکراوە هەمان بیروڕاو تێڕوانینمان هەبێت دەربارەی ڕووداوەکان، کێشەکان، چارەسەرەکان و مەسەلە جیاجیاکانی کۆمەڵگە، بەڵکو داوامان لێ دەکرێت ڕێزی بیروڕاو تێڕوانینەکانی یەکتر بگرینو ڕێگە بەخۆمان نەدەین دەستدرێژی بکەینە سەر بیروڕاو تێڕوانینەکانی ئەوانی تر. واتە ڕەوتی سوکایەتیپێکردن، ناوزڕاندن، ڕیسواکردن و سەپاندنی بەها ڕەهاخوازەکان ڕەتکراوەیەو دەبێت دان بە جیاوازیی فیکری، فرەلایەنیی سیاسی، هەڕەنگیی کولتووری و هەمەجۆریی کۆمەڵایەتیدا بنرێت.

لەم بوارەدا، پابەندبوون بە پرنسیپی ڕێزلێکگرتنەوە زۆر گرنگە، چونکە فرەڕەنگی بەشێوەیەکی چاک ئاڕاستەناکرێت، ئەگەر ئەو پرنسیپە لەئارادانەبێت. ئەمە مانای ئەوەیە، هەر مرۆڤێک مافی ئەوەی هەیە شانازی بە بڕواو بۆچوونو بەهاکانی خۆیەوە بکات، بەمەرجێک ئەو شانازیکردنە نەبێتە مایەی زیان و خراپە بۆ ئەوانی دیکە. چونکە مرۆڤ بەڕادەی شانازیکردنی بە بڕواو بۆچوونو بەهاکانی خۆیەوە، پێویستە ڕێز لە بڕواو بۆچوون و بەها جۆربەجۆرەکانی ئەوانی دیکە بگرێت و شانازیکردنی ئەوانی دیکە قبوڵبکات. بەو جۆرە سروشتی پەیوەندیی نێوان جیاوازەکان لە بازنەی مشتومڕو گومان و تاوانبارکردنی یەکتر دێتە دەرەوەو دەچێتە ناو بازنەی پەیوەندییەکی مرۆڤانەی بابەتییەوە، کە لەسەر بنچینەی داننان بە مافی جیاوازی و ڕێزلێکگرتن دادەمەزرێت.

لە بواری کارکردندا بۆ پێکەوەگرێدانی فرەڕەنگی بەهەموو ئاستەکانییەوەو پرنسیپی ڕێزلێکگرتن، ئەم چەند خاڵە دەخەینەڕوو:

١-هەر مرۆڤێک لەسەر گۆی زەوی، وەک لە کوردستان، خاوەن چەندین جۆری دەروەستییە. ئەو توخمە زیندووەی دەبێتە هۆی کامڵبوونی ئەو دەروەستیانە، بە هەموو ناکۆکی و دژایەتیانەوە، ڕێزلێکگرتنە. چونکە هەر مرۆڤێک گرێدراوی خێزانێک، گرووپێک، ڕەوتێک، ئایینێک، حیزبێکە ...هتد، هەموو ئەو بازنانەی ژیانی تاک و کۆمەڵگەش تەواوکەری یەکترن و دژی یەکتر نین. دەروازەی ڕاستەقینەی ئەو دەروەستبوونەش، پابەندبوونە بە مەرجەکانی ڕێزلێکگرتنەوە، بەجۆرێک کە هەریەکێک ڕێز لە بڕواو تێڕوانین و ئایین و خێزانی ئەوی دیکە بگرێت و شانازیکردنی هەریەکێک بەو بازنانەوە بەڕەوا بزانێ. لەبەرئەوەی شانازیکردنی خەڵک بە دەروەستییەکانی خۆیانەوە، مانای دەستدرێژیکردنە سەر ئەوانی دیکەو بازنەو دەروەستییەکانیان نییە. بەوپێیەی ناکۆکیی نێوان ئەو دەروەستیانە ناکۆکییەکی خودی نییە، بەڵکو لابەلایە. واتە کاتێک بەهای ڕێزلێکگرتن ئامادەنابێت، ئەوا کەشوهەواو ژینگەی دژی یەکتر تەواوکردنی بازنەکانی دەروەستی دێتەئاراوە، کەچی ئەگەر ڕێزلێکگرتن لەگۆڕێ بێت، ئەوا یەکتر تەواوکردنی بازنەکان سروشتیو بەرهەمدار دەبێت. چونکە شانازیکردن بە خێزان و هەر بازنەیەکی دەروەستی لە ژیانی مرۆڤدا، سروشتییەو تاوان نییە، بەمەرجێک نەبێتە هۆی ڕەتکردنەوەی پێکەوە ژیان و پێداویستییەکانی ڕێزلێکگرتن.

٢- لەبەر چەند هۆکارێک، ئیمڕۆ ساتەوەختێکی زۆر هەستیار تێدەپەڕێنین، کە دەشێت بە ساتەوەختی تەقینەوەی شوناسە لاوەکییەکان لە ژیانی خەڵکو

کۆمەڵگەدا ناوزەدیبکەین. پێویستە دانایانەو هوشیارانەو بە ئەقڵییەتی لێک تێگەیشتنەوە مامەڵە لەگەڵ ئەو ساتەوەختەدا بکرێت. ئیمڕۆ لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی و سیاسی و نیشتیمانی داوا لە خەڵک ناکرێت خۆیان لە شوناسە لاوەکییەکانیاندا قەتیس بکەن، چونکە ئەو قەتیسکردنەو شڵەژانەکانی بەدوایدا دێن دەبنە مایەی سەرهەڵدانی تەنگوچەڵەمەی زۆرتر. داواکراو ئەوەیە، هۆشمەندانەو شارستانیانە مامەڵە لەگەڵ شوناسە لاوەکییەکانی خەڵکدا بکرێت، بۆ ئەوەی کەناڵگەلی گونجاوو چوارچێوەگەلی وەها دەستەبەربن، کە توانای لەباوەشگرتنی هەموو شوناسەکانیان هەیەو هەموو بەهەڵەتێگەیشتن و دڵەڕاوکێیەک دەڕەوێننەوە، هەتاکو بەجۆرێک مامەڵە لەگەڵ ئەو شوناسانەدا نەکرێت، کە چوارچێوەگەلی هەتاهەتایین و ناکرێت خۆیان لێ ڕزگاربکرێت.

٣ -چەمکی ڕێزلێکگرتن هەڵوێستێکی پۆزەتیڤانە بەرامبەر بەویدیکەی جیاواز لەخۆدەگرێت، کە بە کەم سەیرکردنی تێڕوانین و بیروڕاکانیان و ڕێک نەخستنی پەیوەندیی لەگەڵیان قایل نابێت. چونکە کاتێک باسی ڕێزلێکگرتن دەکرێت، تەنیا مەبەست لایەنی ئەخلاقی نییە، بەڵکو پێداویستییەکانی ئەو ڕێزگرتنەشە، جا ئەوە لەسەر ئاستی ڕەفتاری تاکەکەسی بێت، یان تێڕوانینە ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتیەکان و دەروەستبوونی سیاسی و پاراستنی یاسایی. ئێمە باسی پێویستیی پاراستنی ڕاستیی فرەڕەنگی دەکەین، بە هەموو ئاستەکانییەوە، ئەمەش لە ڕێگەی ڕێزلێکگرتنەوە.

بە کورتی، بۆ ئەوەی حەقیقەتی فرەڕەنگی نەبێتە مایەی سەرهەڵدانی شڵەژانو تەنگوچەڵەمەکان، پێویستمان بە چەسپاندنی بژاری ڕێزلێکگرتن هەیە، هەتاکو بتوانین هەمەڕەنگیی خۆمان بپارێزین و پارێزگاریی سەقامگیریی کۆمەڵایەتیو سیاسیی کۆمەڵگەکەشمان بکەین.

ڕۆژنامەی ئاسۆ ژمارە (١٣٩٢)/ ٢٤-١-٢٠١١

## ڕەخنە مەرجی بەخۆداچوونەوە و نوێبوونەوەیە

گەلێک پێیانوایە، سیاسەت تەنیا کۆمەڵێک دەستەواژەو دروشمە، کە سیاسی دووبارەیاندەکاتەوە، یان بەدەستهێنانی توانای خوتبەدان و دووبارەکردنەوەی وشەگەلی بریقەدارە. بۆیە هەر کەسێک ئەو توانایەی هەبێت، بە سیاسییەکی هوشیار دادەنرێ و لە بوارەکەدا بە نموونە دەهێنرێتەوە. ئەنجامی ئەم تێگەیشتنە چەوتەی زۆربەی کۆمەڵگە دەربارەی هوشیاریی سیاسی، گەلێک بەدوای ئەوانەدا ڕادەکەن، کە قسەزان و خەوتبەدەرێکی چاکن. بۆیە گرنگە بزانرێت هوشیاریی سیاسی مانای چییە، هەتاکو لە واقیعدا کارییپێبکرێت.

هوشیاریی سیاسی، کۆمەڵێک چەمک و بیروڕا و تێڕوانینی ڕۆشنبیرانەیە، سیاسییەکان بەرەو کەناری ئاراستەدەکەن و داوایان لێ دەکەن ئەو دروشمانەی کاتی هەڵبژاردنەکان بەرزیانکردبۆوە بکەنە ڕاستیگەلی کۆمەڵایەتیو ڕۆشنبیریی وەها، کە پەرە بەواقیع دەدەن و گەلێک لە گرفتەکانی چارەسەردەکەن. لێرەشدا هیچ هوشیارییەکی سیاسی بەبێ تێڕوانینێکی ڕەخنەگرانە نوێ نایەتەدیو هیچ تێڕوانینێکی ڕەخنەگرانەش بەبێ بوونی چوارچێوەگەلی کۆمەڵگەیی، کە ئەو بیروڕایەنە لەخۆبگرن، نایەتەدی. بەو جۆرە تێڕوانینی ڕەخنەگرانە مەرجێکی هوشیاریی کۆمەڵایەتیی نوێیە، بەواتای ئەوەی هوشیاربوونی کۆمەڵگە بەرامبەر بە خودی خۆی و ئەوانی دیکەو ڕۆڵی مێژووییان، بەبێ بناغەیەکی ڕەخنەگرانە هەمەلایەن نایەتەدی، کە لە بەرپرس دەپرسێتەوەو دەیخاتە سەر مێزی نەشتەرگەریو هەڵسەنگاندن، بەپاراستنی سەقامگیریی کۆمەڵایەتی و سیاسیو بەبێ تێکدانی ئاشتیی کۆمەڵایەتی. ئەمەش بەهیچ شێوەیەک مانای زۆرهێنان بۆ ئەوانی دیکەو ناچارکردنیان نییە بە شێوازێکی سیاسیی دیاریکراو، بەڵکو مانای زیندوێتی هەمەڕەنگی و کاریگەرییەتی لەسەر دەوڵەمەندبوونی سەقامگیریی کۆمەڵایەتی و سیاسی بە کۆمەڵێک بیروڕاو تێڕوانین و ئاسۆی نوێ.

بەوجۆرە کارپێکردنی ڕەخنە لە کۆمەڵگە دیموکراتیەکاندا، یەکێکە لە پرنسیپە

سەرکی و ژیارییەکان، کە ناکرێت فەرامۆشبکرێ یان وەلاوەبنرێ، بەڵکو پێویستە کۆششی بێوچان بکرێت بۆ چەسپاندنی لە ڕێگەی ئەو میدیا بنیاتنەرەوە، کە دەروەستە بە مەسەلەو خەم و خواستەکانی کۆمەڵگەکەیەوە، وەک ڕۆژنامەکانو وێستگەکانی ڕادیۆی سەربەخۆ، کە ملکەچی حیزبەکان نین، یان بەهۆی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنییەوە. بەتایبەتی ئەو ڕەخنەیەی ئاڕاستەی حکومەت دەکرێت وەک دەسەڵاتی جێبەجێکردن و ڕووبەڕووی پەرلەمان دەکرێتەوە وەک دەسەڵاتی یاسادانان و ڕەخنە لەخۆگرتنی دامەزراوە حیزبیو حکومییەکان لە کاتی هەر سەرسمدان و شکستخواردنێکدا. ئەمەش لەو بڕوا بەهێزەوە هاتووە، کە ڕەخنە تەکاندەرێکی سەرەکییە بۆ هەنگاونانی پرۆسەی سیاسی بەرەو پێشەوەو ڕاستکەرەوەی ڕێڕەوە، لە کاتی لادان لە ڕێڕەوی نەخشەبۆکێشراوی خۆی.

بەداخەوە هەندێک لایەنی سیاسیو سیاسەتمەدارو کەسایەتیی ڕەسمیو ناڕەسمی ڕقیان لە ڕەخنەگرتن دەبێتەوەو چەند بۆیان بلوێ و بچێتەسەر بەشێوازی جۆربەجۆر دەچن بەگژیدا یان فەرامۆشکردن پێڕەویدەکەن لەگەڵیدا، بەبێ ئەوەی دەرک بەوە بکەن، دەستنیشانکردنی کەموکوڕی و هەڵەکان و دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو پێداویستیی گرنگە بۆ چاکسازیی لە دەسەڵاتی جێبەجێکردندا، یان بۆ چاککردنی کارڕایی سیاسی بەشێوەیەکی گشتی. بۆیە ئەوەی لەم بوارەدا ڕەخنە ڕەتدەکاتەوە، ئامانجی پەردەپۆشکردنی ڕاستییەکانو پاراستنی دەستکەوتی تایبەتییە لەسەر حسابی ئەوانی دیکە. تەنانەت بارودۆخەکە لای هەندێک سیاسەتمەدار گەیشتۆتە ئەو ڕادەیەی، داوای ڕاگرتنی ڕەخنە بکەن و ئاستەنگ لەبەردەمیدا دروستکەن، چونکە دەبێتە سەرلێشێواندنی خەڵک، ناشرینکردنی ئەزموونی میللەتەکەمان، لاوازکردنی کۆمەڵگەی کوردستان لەبەردەمی ئەو دوژمنە ناوخۆیی و هەرێمایەتیانەی چاویان تێ بڕیوینو بۆ دەرفەت دەگەڕێن زەفەرمان پێ بەرن. ئەمە لەلایەک، لەلایەکی ترەوە ئەوانەی ڕەخنەدەگرن ڕووبەڕووی تۆمەتبارکردن بوونەتەوەو هەندێک جار بە دژی پرۆسەی سیاسی و دیموکراتیی کوردستان دادەنرێنو هەندێک جاری دیکەش بە کافرو خائین دەکرێنو سکاڵایان لەسەر تۆماردەکرێت.

گرنگە لێرەدا جەغت لەسەر ڕەخنەی بنیاتنەرانە بکەینەوە، کە ئامانجی سوکایەتیکردن نییە بە کەسێک، لەپێناو دەستکەوتی تایبەتیی تاکەکەسیو گرووپیدا، بەڵکو مەبەستی ڕاستکردنەوەی ڕەوتی کارەکانە لە خزمەتی هەمواندا. لێرەشدا کەسانێک هەن ڕەخنە بەکاردێنن بۆ لەکەدارکردنی هەندێک کەسایەتیی

گشتی، بەبێ ئەوەی هیچ بەڵگەیەکیان پێ بێت، بەڵام ئەوە لەلایەن ڕووناکبیران‌و کەسە هوشیارەکانەوە ڕەتکراوەیەو بایەخیان پێ نادرێت و بەرەنگاریاندەبنەوەو لای ڕای گشتی ڕیسوایاندەکەین.

ئەوەی کاری سیاسی و حیزبایەتی و حوکمڕانی دەکات، پێویستە لە هەر ساتەوەختێکدا ڕەخنە لەپێش چاوی خۆی دابنێ، بەسنگی فراوانەوە قبوڵی بکات، بە ئاڕاستەیەکی ڕاستی دابنێ و سوودی باشی لێ وەربگرێت. بەوپێیەی ڕەخنە پێداویستییەکی زۆر گرنگە بۆ سەلامەتیی کۆمەڵگەو دامودەزگاو دامەزراوە جۆربەجۆرەکان، لەبەرئەوەی ئاڕاستەی ئەو خاڵە لاوازانە دەکرێت، کە دەبێت ئاشکراو ڕیسوابکرێن و ویستی گشتیی کۆمەڵگە بەهێزدەکات بۆ چارەسەرکردنیان‌و خۆ تیمارکردن و نوێکردنەوە. بەوپێیەی کۆمەڵگە هێزی ڕاستەقینەی خۆی لەدەستدەدات، کاتێک پرۆسەی ڕەخنەگرتن و ڕاستکردنەوە وەدەردەنرێت‌و ئاستەنگی بۆ دروستدەکرێت، چونکە هێز گرێدراوی توانای نەوەکانی کۆمەڵگەیە بۆ لێپێچینەوە لە دەسەڵاتدارەکان و هەڵسەنگاندنی بڕوا گشتییەکانیان. ئەمەش نەک بۆ خستنەوەی پشێوی و وێرانکردن، بەڵکو بۆ کردنەدەرەوەی هەموو ئەو نەخۆشیانەی لە کۆمەڵگەدا سەرهەڵدەدەن و هەڕەشە لە بوون و بەردەوامیمان دەکەن.

لەبەر هەموو ئەوانە، گرنگە سڵ لە ڕەخنە نەکەینەوە، بەڵکو زەمینەی بۆ بڕەخسێنین و بە لێکۆڵینەوەو توێژینەوەی زانستی دەربارەی واقعی سیاسی‌و کۆمەڵایەتیی خۆمان دەوڵەمەندیبکەین، بۆ ئاشنابوون بە توخمەکانی بەهێزی‌و لاوازیی خۆمان و کاربکەین بۆ دووپاتکردنەوەی توخمەکانی بەهێزی و دەرپەڕاندنی توخمەکانی لاوازی، لەبەرئەوەی بەبێ ڕەخنەگرتن زیندوێتی لە کۆمەڵگەکەماندا ئامادەنابێت و ناتوانین خۆمان لە خەوشییەکان قوتاربکەین و ڕووەو داهاتوو هەنگاوبنێین.

ڕۆژنامەی ئاسۆ ژمارە (١٣٩٧)/ ٣١-١-٢٠١١

## سەقامگیریی پشتبەستوو بە دادپەروەری مەرجی مانەوەو گەشەکردنی کۆمەڵگەیە

پەیوەندییەکی توندوتۆڵی چەند ئاستی لەنێوان سەقامگیریی سیاسیو کۆمەڵایەتی و دادپەروەریدا هەیە. گشت کۆمەڵگەکان خوازیاری سەقامگیرینو تێدەکۆشن بۆ هێنانەدیی، بەڵام هەموویان لە ڕووی ئەو ڕێگایانەی بۆ هێنانەدیی ئەو سەقامگیرییە دەیانگرنەبەر وەک یەک نین و جیاوازیان هەیە لەگەڵ یەکتردا.

کۆمەڵگە پێشکەوتووەکان، بۆ بنیاتنانی سەقامگیریی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ناوخۆیی خۆیان، پشتدەبەستن بە ڕازیبوون، بەشداریکردن، دیموکراسی، پەیوەندیگەلی پۆزەتیڤانە و کراوەی نێوان دامەزراوەکانی حوکمڕانی و دەسەڵاتو کۆمەڵگە بە گشت دامەزراوە مەدەنییەکان و توێژە کۆمەڵایەتیەکانیەوە. بۆیە سەقامگیری، وەک سەرەنجامێکی سروشتیی تەبایی و تێکهەڵکێشیی بژارەکان حوکمڕانی و بژارەکانی کۆمەڵگە وایە، بەجۆرێک کە کۆمەڵگە ببێتە ئاوێتەیەکو بەپێی ئەجێندای هاوبەش کاربکرێت لەپێناو بەرژەوەندی و خواستە هاوبەشەکاندا. لەبەرئەوە دەبینین شپرزەیی سیاسیو پشێوی کۆمەڵایەتی لەو جۆرە کۆمەڵگانەدا ڕوونادەنو ئەگەر سەریشهەڵبدەن، ئەوا زیندوێتیی سیستەمی سیاسیانو نەرمونیانیی کارڕاییەکانی ئاسایشو کارابوونی دامەزراوەکانیانو چوارچێوە شارستانیەکانیان، ئەو توخمانەن، کە دەتوانن چارەسەرە ڕاستەقینەو هۆشمەندەکان بۆ ئەو هۆکارانە بدۆزنەوە، کە بوونەتە مایەی پشێوی و گرفتەکان. بەو جۆرە کاتێک سەقامگیریی ڕەگداکوتاوو دامەزراو لەسەر بنچینەیەکی توندوتۆڵ لە هەر ئەزموونێکی مرۆڤایەتیدا دێتەدی، ئەوا زەمینەیەکی لەبار بۆ هەنگاونانی ئەو کۆمەڵگە یان ئەزموونە بەرەو پڕۆژەی بنیاتنان و ئاوەدانکردنەوەو پێشکەوتن لەئارادادەبێت.

ئەزموونی نەتەوەو میللەتەکانی دنیا سەلماندویانە، پەیوەندییەکی توندوتۆڵو ژیاری لەنێوان سەقامگیری و دادپەروەریدا هەیە، بەجۆرێک کە سەقامگیری وەچەی ڕاستەقینەی دادپەروەرییە بەهەموو ئاستەکانییەوە. کاتێک سەقامگیریی سیاسی و کۆمەڵایەتی لەسەر بنچینەی توندوتۆڵو ڕەگداکوتاو دادەمەزرێت، ئەوا دەرفەتی بەرەنگاربوونەوەی مەترسییە ناوخۆیی و دەرەکییەکان ڕەخساودەبێت. چونکە

گەشەکردن لەو کۆمەڵگانەدا ڕوونادات، کە لە ئاژاوەو پشێویدا ژیان بەسەردەبەن، بەڵکو لە کۆمەڵگە سەقامگیرەکاندا ڕوودەدات، کە لە سروشتی بژارەکان و شێوەی پەیوەندیی نێوان حوکمڕانی و کۆمەڵگەدا، گیرۆدەی دەستی کێشەگەلی بنەمایی نین. کەواتە دەستپێکی پێویست بۆ پرۆسەی گەشەکردنی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری، سەقامگیریی سیاسی و کۆمەڵایەتییە. گشت تاقیکردنەوەکانی مرۆڤایەتیش ئەو ڕاستییەیان سەلماندوە. ئەوەی بەدەر لە دەستپێکە ڕاستەقینەو پێویستەکەی بەدوای گەشەکردندا دەگەڕێت، تەنیا کێشەو گرفتگەلی زیاتر دەچنێتەوە، کە دەبنە مایەی ئاڵۆزبوونی پەیوەندیی نێوان حوکمڕانی و کۆمەڵگەو کەوتنە ناو دۆزەخی لێک تێ نەگەیشتن و بێ متمانەییەوە.

لە بەرامبەر ئەو کۆمەڵگە شارستانییە پێشکەوتوانە، کە لە ڕێگەی ئامرازەکانی بەشداریکردن، دیموکراسی و فراوانکردنی بنکەی کۆمەڵایەتیی دەسەڵاتەوە سەقامگیریی سیاسی و کۆمەڵایەتی بەدەستدێنن، چەندین کۆمەڵگەی تر هەن، کە ئامرازەکانی ساختەکردن، زەوتکردن، سەرکوتکردنو چەوساندنەوە بەکاردەهێنن بۆ بەدەستهێنانی سەقامگیریی سیاسی و کۆمەڵایەتی. واتە هێزی سەرکوتکردنی زاڵمانە بەهەموو شێوەکانییەوە ئامرازی چەندین میللەتە بۆ بەدەستهێنانی سەقامگیری و ڕێگەگرتن لە پشێوی و ئاژاوەی کۆمەڵایەتی و سیاسی. ئەوەش ئامرازێکە، بێسوودی و بێتوانایی لەئاست هێنانەدیی ئەو سەقامگیرییەدا سەلماوە. چونکە ئامرازەکانی سەرکوتکردن و توندوتیژی، لە ڕووی کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە، دەبێتە هۆی دامەزراندنی هەموو ئەو هۆیانەی دەبنە مایەی لێک دوورکەوتنەوەی حوکمڕانی و کۆمەڵگەو بنیاتنانی سەقامگیریی سیاسی و کۆمەڵایەتی لەسەر بنچینەی فشۆڵو لاواز، کە زۆری بەسەردا تێناپەڕێ لەناودەچێت و دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی کارەساتێکی سیاسی یان کۆمەڵایەتی.

تاقیکردنەوەکانی یەکێتیی سۆڤییەت و یۆگۆسلافیای لە ڕابردوداو تونسو میسرو وڵاتە عەرەبییەکانی تر لەئێستادا، حاشاهەڵنەگرانە دەیسەلمێنن کە سەرکوتکردن و توندوتیژی سەقامگیری بنیات نانێن و هێزی چەوسێنەرانە زەمینەی گونجاو نارەخسێنێ بۆ بەدەستهێنانی دەستکەوتە ژیاری و پێشکەوتنخوازەکان. بەوپێیەی سەقامگیری بەبێ دادپەروەری لەئارادانابێت و ئەوەی دوور لە دادپەروەریو پێداویستییەکانی بەدوای سەقامگیریدا بگەڕێت، تەنیا لاوازی و چەوساندنەوەی زیاتر دەچنێتەوە. بەوپێیەی تاقیکردنەوەکانی میللەتەکانی دنیا سەلماندویانە، پەیوەندیی نێوان سەقامگیری و دادپەروەری، پەیوەندییەکی ڕەگداکوتاوو ژیارییە،

بەجۆرێک کە سەقامگیریی ڕەگداکوتاو، وەچەی ڕاستەقینەی دادپەروەرییە بە هەموو ئاستەکانییەوە. کاتێکیش سەقامگیریی سیاسیو کۆمەڵایەتی لەسەر بنچینەی توندوتۆڵو قوڵ دادەمەزرێت، ئەوا توانای بەرەنگاربوونەوەی هەر هەڕەشەیەکی ناوخۆیی و دەرەکی لەئارادادەبێت. چونکە ناکرێت بەبێ تەبایی قوڵی نێوان حوکمڕانیو کۆمەڵگە، بەرەنگاربوونەوەی هەڕەشە ناوخۆییەکان سەختە. هەروەها ناکرێت، بەبێ پێکـــەوە گونجانی بژارەکانی حوکمــڕانی و حکومــەت، بەرپەرچی هەڕەشە دەرەکییەکان بدرێتەوە. هەموو ئەوانەش، بەبێ بنیاتنانی سەقامگیریی سیاسی و کۆمەڵایەتی، لەسەر بنچینەی دادپەروەری، نایەتەدی.

کاتێک مرۆڤێک یان کۆمەڵگەیەک هەست بەوە دەکات لە ژینگە یان بارودۆخی خۆی ڕازییە، ئەو کاتە بەهەموو هێزو توانای خۆی بەرگریی لێ دەکات و خۆی دەکاتە قوربانی لەپێناویدا. هەر کۆمەڵگەیەکیش بگاتە ئەم بارودۆخە، ئەوا سەرسەختترین هێز ناتوانێ زەفەری پێ ببات و تێکیبشکێنێ. بەوپێیەی ئەوە سەقامگیریی سیاسی و کۆمەڵایەتیی پشتبەستووە بە دادپەروەری، کە دەتوانێت هێزی ڕاستەقینەی میللەت و کۆمەڵگە دروستبکات. بەو جۆرە ئەو کۆمەڵگانەی لەو سەقامگیرییەدا ژیان بەسەردەبەن کە بەپێی ئەو تێڕوانینە دامەزراوە، کۆمەڵگەگەلی بەهێزو بەتوانان بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەڕەشە ناوخۆییو دەرەکییەکان.

ئێمەش وەک کۆمەڵگەی کوردستان، لەسایەی ئەو هەلومەرجە ناوخۆییەی تیایدا دەژینو ئەو ئەرکە گرنگانەی بۆ بنیاتنانی دیموکراسی کەوتۆتە ئەستۆی حوکمڕانیو کۆمەڵگە. هەروەها لەبەر ئەو هەڕەشانەی لەسەر چەندین ئاست لەناوەوەو دەرەوە ڕووبەڕوواندەبنەوە، پێویستیمان بەو جۆرە سەقامگیرییە هەیە کە لەسەر بنچینەی دادپەروەری دادەمەزرێ. ئەمەش بۆ ئەوەی بتوانین پارێزگاریی خۆمان بکەین، زاڵبین بەسەر کێشەکانماندا، ڕزگارمان بێت لە هەموو ئەو کەلێنانەی ناکۆکن لەگەڵ پێداویستیەکانی سەقامگیریداو هەنگاو بەرەو پێشکەوتن و گەشەکردن هەڵبهێنین. ئەگەر بەپێچەوانەوەمان کرد، واتە سووربووین لەسەر بنیاتنانی سەقامگیری بەدەر لە دادپەروەری و لە ڕێگەی ترساندنی نـــاوەوە بە هەڕەشـــەکانی دەرەوەو ڕازی نەبووین واقیع وەک خۆی بخوێنینەوەو بەپیر پێداویستییە بنچینەییەکانەوە بچین، ئەوا کۆمەڵگەی کوردستان دووچاری پشێوی و هەڕەشەی لێکترازان دەبێت و پێ دەنێتە قۆناغێکی مەترسیدارەوە، کە چارەنووسی حوکمڕانی و کۆمەڵگە بەیەکەوە دەکەوێتە سەر کەناری هەرەسهێنان و تێکشکان.

ڕۆژنامەی ئاسۆ ژمارە (١٤٠٢)/ ٧-٢-٢٠١١

## هاوڵاتیبوون تەنیا مافەکان نییە

مافەکانی هاوڵاتی یەکێکە لەو مەسەلانەی لای ئێمە خراپ بەکاردەهێنرێ، چونکە تەنیا مافەکان زەقدەکرێنەوەو ئەرکەکان فەرامۆشدەکرێن، لەکاتێکدا مافەکان و ئەرکەکان دوو مەسەلەی پێکەوە گرێدراون. بۆیە ڕۆژنامەنووسانو نووسەران لەسەر مافەکانی هاوڵاتیان دێنەدەنگ و لە دوورو نزیکەوە هێما بۆ ئەرکەکانی سەرشانی ناکەن. لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن خەمخۆریی خۆیان بۆ مافەکانی هاوڵاتیان نیشاندەدەن و هاوسۆزیی بەرامبەر بەهەر کەمتەرخەمییەک نیشاندەدەن دەرهەق بە مافەکانیان بکرێت، کەچی لانی کەمی ئەو ئەرکانەش ناخەنەڕوو، کە دەکەوێتەی ئەستۆی هاوڵاتیان. هاوڵاتیان بۆ خۆشیان هەمیشە گلەیی لەوە دەکەن مافەکانیان پێشێلدەکرێت و وەک پێویست دەستەبەرناکرێن، بەڵام توخنی ئەو ماف و بەرپرسیارێتیانە ناکەون، کە دەکەوێتە ئەستۆیان.

لێرەدا دەبێت جەغت لەسەر ئەوە بکەینەوە، ڕۆڵی هاوڵاتی لە هەر کۆمەڵگەیەکدا، هۆیەکی بنچینەییە بۆ سەرکەوتنی هەر سیاسەتێکی گشتیی، کە حکومەت بیەوێ لە ڕێگەی دامودەزگاکانییەوە بیخاتەگەڕو ئەو ڕۆڵە تەواوکەری ڕۆڵی حکومەتەو هیچ ناکۆکییەک یان لێکدژییەک لەنێوانیاندا نییە. ئەمەش پێویستی بە پێوەکارکردنی چەند هۆکارێک هەیە، لەوانە: سروشت و قەبارەی ئەو ڕۆڵەی هاوڵاتی، وەک تاکو کۆمەڵ، دەیگێڕێت بۆ داڕشتنی ئەو سیاسەتانە. ئەو شێوازەی ژیان کە هاوڵاتی لەسەری ڕاهاتووەو توانای گوڕینی بەپێی هەلومەرج و گۆڕانکارییەکان. پلەبەندیی ئەولەویاتەکان و ئەو بڕیارانەی لێی دەکەونەوە. تێگەیشتنی هاوڵاتی لە سروشتی ڕۆڵی خۆی و ئەرکی سەرشانی بۆ سەرخستنی ئەو سیاسەتانە. چۆن؟

ڕاستە حکومەت بۆ دابینکردنی لایەنەکانی تەندروستی چەندین سیاسەتو دابینکاری دادەنێ و تواناو دەرامەتی دارایی و مرۆیی پێویست بۆ جێبەجێکردنیان دەخاتەگەڕ، بەڵام سەختە تەندروستییەکی گونجاو چاک بۆ هاوڵاتیان دابینبکرێت، ئەگەر خۆیان لە بنەڕەتدا بایەخ بە پێداویستییەکی تەندروستی و خۆپاراستن لە

نەخۆشی نەدەن و پیادەی پرنسیپی «خۆپاراستن لە خۆچارەسەرکردن باشترە».
ڕاستە حکومەت چەندین بەرنامە دادەنێت بۆ پاراستنی ژینگە لە سەرچاوەکانی پیسی و دەستدرێژییەکانی مرۆڤەکان، بەڵام ناتوانێت ئەو بەرنامانە جێبەجێبکات، ئەگەر هاوڵاتیان بایەخ بە پاکوخاوێنیی ژینگەکەیان نەدەن و بەرپرسیارنەبن بەرامبەری. ڕاستە حکومەت چەندین ستراتیژ دادەنێ بۆ کەمکردنەوەی بێکاری، بەڵام ئەوە بە حکومەت چارەسەرناکرێت و پێویستی بەوەیە هاوڵاتیی داواکاری کار ئامادەبێت واقعیانە مامەڵە لەگەڵ دەرفەتەکانی کارکردندا بکات و ئامادەبێت پیشەی خۆی بگۆڕێت و لە ژێر کاریگەریی کولتووری کۆمەڵایەتیدا هیچ پیشەیەک بە عەیب و بێبەها دانەنێت. هەروەها هاوڵاتیی پارەداری کەرتی تایبەت بەرپرسیارێتیی خۆی بەرامبەر بەو کێشەیە نیشانبدات و ڕۆڵی خۆی لەو مەسەلەیەدا بگێڕێ. ڕاستە حکومەت مەبەستێتی بژێویی هاوڵاتیان چاک بکات و سنوور بۆ هەژاری دابنێ، بەڵام ئەوە سەختە لەکاتێکدا گەندەڵی هەبێت و هاوڵاتیی وەها هەبن گەمە بە قوتی خەڵک بکەن و لەپێناو دەوڵەمەندبوونی خێرادا هەموو بەهاکان وەلاوەبنێنو گەمە بەنرخی کاڵاکان بکەن...هتد.

بەو شێوەیە، ئەگەر هاوڵاتی هاوکاریی دامودەزگاکانی حکومەت نەکاتو بەرپرسیارێتی بەرامبەر سیاسەتە گشتییەکان نیشاندەدات، ئەوا دامودەزگا حکومییەکان دەستبەستراوەبن لەئاست دابینکردن و بەڕێوەبردنی کاروبارە گشتییەکانداو سەرکەوتوونابن لە جێبەجێکردنی ئەو بەرنامانەی بۆ خۆیان داناونو وەک پێویست ئامانجەکانی خۆیان ناپێکن. بەواتایەکی تر، حکومەت پێویستی بە هاوڵاتیبوونی هوشیار، واتە ئەو هاوڵاتییەی هۆشیارە بەرامبەر بە مافەکانو ئەرکەکانو بەرپرسیارێتییەکانی خۆی.

لێرەدا گرنگە هێما بۆ چەند خەسڵەتێک بکەین، کە پێویستە وەک ئەرک هاوڵاتیان ڕەچاویان بکەن، هەتاکو بتوانن ڕۆڵی گونجاو و شایستەی خۆیان لە کۆمەڵگەدا بگێڕن:

١ -هاوکاریکردن و دەروەستبوون، واتە هاوڵاتی کەسێکی هاوکاری ئەوانیتر بێتو دەروەستبێت بە نیشتیمان و مەسەلە گشتییەکانییەوە.

٢ -بوێری و ئازایەتی، واتە هاوڵاتی هەڵسەنگاندنی بۆ ئەوانە هەبێت، کە لە پۆستە گشتییەکاندان، بەبڕواوە بەشدارییبکات لە گفتوگۆ گشتییەکاندا، بیروڕاو تێڕوانینی خۆی هەبێت سەبارەت بە هەموو ئەو شتانەی لە کۆمەڵگەدا ڕوودەدەن، ئازادانە بیربکاتەوەو ڕادەربڕێت و کاربکات و ڕەخنەبگرێت. ئەم خەسڵەتە دەکەوێتە

ناو چوارچێوەی ئەوەی پێدەوترێ چاودێریکردنی میللی بەسەر کارەکانی دەسەڵاتە جۆربەجۆرەکانەوە، کە کۆمەڵگە دیموکراتییەکانی پێ لەوانی تر جیادەکرێتەوە. ئەو مەسەلانەش پێویستە بەبێ موجامەلە و خاترگیری و بەهوشیاریی تەواوە جێبەجێبکرێن و لە چوارچێوەی یاسادابن و نەگۆڕێت بۆ جۆرێک لە یەکلاکردنەوەی کێشە لەگەڵ ئەوانی تر یان ناوزڕاندن و تۆمەتبارکردن.

٣-دادپەروەری و ویژدان، کە یارمەتیدەرن بۆ دەرککردن بە مافەکانی ئەوانیترو ڕێزگرتنیان و زیادەڕوی نەکردن لە ماف و بەرژەوەندییەکانی خوددا. ئەمانە لەو خەسڵەتانەن، کە لە کۆمەڵگەکەمان و ناو هاوڵاتیاندا ئامادەنییە، چونکە لای ئێمە ئاسانە مرۆڤ دەرک بە مافەکانی خۆی بکات و داوا لەوانی تر بکات ڕێز لە مافەکانی بگرن و دەستدرێژیی نەکەنە سەری، بەڵام سەختە بەلایەوە ڕێزی مافەکانی ئەوانیتر بگرێت، بەتایبەتی ئەگەر ئەو مافانە لەگەڵ مافەکانی خۆیدا یەکتریان بڕی. هەروەها سەختە مافەکان و ئەرکەکانی خۆی لێک جیابکاتەوە.

٤-شارستانیبوون و ڕەوشتبەرزیو لێبوردەیی. ئەمەش مانای ئەوەیە بەئاگابێت بەرامبەر هەر قسەیەک دەیکات و هەر کارێک دەینوێنێ و هەر هەڵوێستێک وەریدەگرێت، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندیی بەوانیترەوە هەیە. ئەم خاڵە تەواوکەری خاڵەکەی پێشووە. پێدەچێت یەکێک لەو حەقیقەتانەی ناکرێت خۆمانی لێ لابدەین و کێشەیەکی گەورەیەو لەمێژە کۆمەڵگەکانمان بەدەستییەوە دەناڵێنێت، بێتوانایی هاوڵاتیانە لەئاست لێک جیاکردنەوەی ئەوەی هی خۆیانەو ئەوەی هی ئەوانیترە، ئەوەی مافی خۆیانە و ئەوەی مافی ئەوانیترە.

لەواقیعدا ئەو خەسڵەتانە خۆبەخۆ دروست نابن و لەکاتی لەدایکبوونەوە لەگەڵ مرۆڤدا نین، بەڵکو ئەنجامی پەروەردەکردن و ڕاهێنان لەناو دامەزراوە جۆربەجۆرەکانی کۆمەڵگەدا دێنەئاراوە. ئەوەش لە خێزانەوە دەستپێدەکات، بە سیستەمی پەروەردەو خوێندن و دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیدا تێدەپەڕێت، کە تاک لەسەر ئەو خەسڵەتانە ڕادەهێنن. بۆیە دەشێت بپرسین: ئایا هەریەکێک لەو دامەزراوانە لە ڕۆڵی خۆیان تێگەیشتوون و ئامادەن ڕۆڵی خۆیان بگێڕن، بۆ پەرەپێدان و چەسپاندنی خەسڵەتەکانی هاوڵاتیبوون؟

ڕۆژنامەی ئاسۆ ژمارە (١٤٠٤)/ ٩-٢-٢٠١١

## توندوتیژی و کولتووری دیالۆگ

کاتێک هەفتەی ڕابردوو لە تەلەفزیۆندا ڕووداوەکانی سلێمانیم بینی و لە توندوتیژیی ئەو لاوانە ڕامام، کە وێرانکارانە ڕەفتاریاندەکرد و ڕێگەیان بەخۆیان دەدا بەدەر لە ڕێساو شێوازە مەدەنییەکان گوزارشت لە خۆیان بکەن، ناچاربووم ڕابمێنم و بیربکەمەوەو بزانم لاوان بۆچی بەو شێوەیە هەڵسوکەوتدەکەن. ئەگەرچی دەشێت ئەو لاوانە کەوتبنە ژێر کاریگەریی پەتای ڕووداوەکانی تونسو میسرو ناوچەکانی ترو ویستبێتیان لاسایی لاوانی ئەو وڵاتانە بکەنەوە، بەڵام پێموایە توندوتیژی لە سەردەمی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستانەوە بۆتە دیاردەیەک و پێویستە هەڵوەستەی لەئاستدا بکرێت و چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە، ئەگینا کارەسات و ماڵوێرانیی زۆری بەدوادا دێت. لێرەدا ڕاستە ئەو مەسەلەیە توێژینەوەیەکی مەیدانیی کۆمەڵناسانەی گەرەکە، بەڵام حەزدەکەم هێما بۆ چەند هۆکارێکی بکەم:

یەکەم: پیواری (غیاب) کولتووری دیالۆگ، بەواتا زانستییەکەی، لە کۆمەڵگەی کوردستاندا، بۆتە هۆی تەشەنەکردن و چەسپینی کولتووری توندوتیژیو هەڕەمەکیبوونی ئاقارەکان لە کەسێتیی لاوی کورددا، تەنانەت ئەگەر هەندێک کەناڵی دیالۆگیش لەئارادابێت، ئەوا ڕواڵەتکارانە یان میدیاکارانەیەو پشتئەستوورنییە بە بڕوابوونی تەواو بە دیالۆگ، وەک ڕێگەیەک بۆ ڕزگاربوون لە دیاردەی توندوتیژی. ئەمەش بۆتە مایەی بەهێزبوونی هەستکردن بە زوڵم و چەوساندنەوەی لاوانو چەسپینی هەستوسۆزی دڵشکاوی و بێزاری، کە دواتر بوونەتە هۆی کەوتنەوەی توندوتیژی دەمامکرکراوی تاکەکەسیی ڕۆژانە و توندوتیژیی بەربڵاوی سیاسی لە کاتی خۆپیشاندانەکاندا.

دووەم: قوڵبوونەوەی گرفتەکانی قۆناغی گوێزانەوە، وەک: جێگیرنەبوونی دیموکراسی، سستی خزمەتگوزارییەکان، هەنگاونانی خاوی پرۆسەی پەرەپێدان، دابەش نەکردنی دادپەروەرانەی سامان و پێداویستییەکان، سەروەرنەبوونی یاساو گەندەڵیی دارایی و کارگێڕی.

سێیەم: گرفتی بێکـاری. ژمارەیـەکی زۆری لاوان خوێندنیـــان تەواوکردوەو دامودەزگاکانی حکومەت ناتوانێت لەباوەشیان بگرێت، کەرتی تایبەتیش ئەوەندە بەهێزنییەو بایەخ بەلایەنی پیشەسازی و کشتوکاڵی پێشکەوتوو نادات، هەتا پێویستی بە دەستی کاری زۆربەیان هەبێت. ئەو لاوانە ئەنجامی ئەوە تووشی چەندین گرفتی دەروونی و کۆمەڵایەتی و ئابووری بوون و لە ژێر کاریگەریی کۆمەڵگەی «قازانجی نەوت»دا، کە حکومەت باوکی کۆمەڵگەیە، پێیانوایە حوکمڕانی کوردستان هۆکاری ئەو ژیانە ناخۆشەیانە، بۆیە بێزاری و ڕقلێبوونەوە زاڵبووە بەسەریانداو بەرەو ئاقاری توندوتیژی هەنگاویان ناوە. ئەمە وێڕای ژمارەیەکی زۆری لاوانی پەراوێزخراو، کە لەبەر هۆکاری جۆربەجۆر خوێندنیان تەواونەکردوەو ئەنجامی بەسەربردنی ژیانی سەختی کارو گوزەران، هەست بە چەوسانەوەو زوڵم لێکردن دەکەن و هۆکاری ئەوەش دەبەستنەوە بە سیستەمی سیاسیی کوردستانەوەو توڕەبوون و بێزاریی خۆیان لە ڕێگەی کاری توندوتیژییەوە ئاڕاستەی ئەو دەکەن.

چوارەم: لاوازیی ئاشکرای دامەزراوەکانی پەروەردەکردن، دامودەزگاکانی خوێندن، چالاکییە ئەکادیمییەکان و پەککەوتەیی پرۆگرامەکانی خوێندن، کە لە زۆربەیاندا پشت بە پێ لەبەرکردن و کۆپیکردن و دووبارەکردنەوە دەبەستێتو دوورە لە گەشەپێدانی تواناکانی داهێنانی خوێندکارو بەرهەمهێنانی ئەقڵی ڕەخنەگرانە. ئەو سیستەمانەی خوێندن کار بۆ ئەوە دەکەن خوێندکار ئازادی پیادەنەکات، ئەقڵی خۆی نەخاتە کار، واقیع بەشێوەی ڕاست و دروست نەبینێو ڕووبکاتە چەپاندن. هەموو ئەوانەش بوونەتە مایەی پێگەیشتنی توندوتیژی لە ناخی خوێندکاراندا، کە لاوانی میللەتەکەمانن.

پێنجەم: کارکردن بە بنـــەمای بینینی شـــتەکان بە «ڕەش یان سپیی»، «چاک یان خراپ»، «هەڵە یان ڕاست». ئەمجۆرە بیرکردنەوە ڕەقهەڵاتوە، یەکێکە لە دەرکەوتووترین هۆکانی سەرهەڵدانی توندوتیژی، چونکە ئەوە سەرچاوەی دەمارگیریو توندڕەویی تێڕوانین و هەڵسوکەوتە.

شەشەم: دەمارگیریی بیروباوەڕ، یەکێکە لە مەترسیدارترین سەرچاوەکانی توندوتیژی و بۆتە مایەی سەرهەڵدانی کۆمەڵێک هەڵە لەسەر ئاستی بیرکردنەوەو ڕەفتارکردن، ئەوەش ئەنجامی بەخشینی بیانووی ڕەوا یان دەمامکی حەقیقەت بە دیاردەی توندوتیژی، پشتئەستوور بە بڕواو تێڕوانینی سیاسی، حیزبی یان ئایینی لە دەرەوەی هەردوو حیزبە دەسەڵاتدارەکەی کوردستان و بڕوابوون بە پاکیو ڕاستو دروستیو فریشتەبوونی خودو سەیرکردنی دەسەڵات بە پیسو هەڵەو چەوت و ئەهریمەن.

حەوتەم: هەرەسهێنانی نموونە و بەها ژیوارییە مرۆڤایەتییەکان لە مێشکی لاواندا، کە بۆتە هۆی هەژانی بیروبڕواو کولتووری و ژەنگگرتنی ئەقڵیو دەروونی. ئەنجامی ئەوەش لاوان هەست بە بۆشاییەکی ڕۆشنبیری دەکەن و وایان لێ هاتووە بەرەو مەنزڵگەی ڕەتکردنەوەو یاخیبوون و توندوتیژی هەڵبێن، بۆ بەدەستهێنانی دڵنیایی وەک پێداویستییەکی دەروونی و بەدەستەوەگرتنی شوناس وەک پێداویستییەکی مەعنەوی و ناڕەزاییدەربڕین بەرامبەر بە واقعی جێگیر، کە دوورە لە نوێکردنەوە و گۆڕانکاریی ڕیشەیی.

هەشتەم: پیواری ڕەخنە لەخۆگرتن، کە هەندێک جار دەگاتە ڕادەی بێبەشکردن لەلایەن دایک و باوک و مامۆستاکانەوە، کاتێک دەرگای دیالۆگ و گفتوگۆی ڕەخنەگرانە بەڕوویاندا دادەخرێت. ئەمەش بۆتە مایەی سەرکوتکردن، کە لە ئاگایی و نائاگایی لاواندا کەڵەکەبوون و بوونەتە هۆی کەوتنەوەی توندوتیژیو یاخیبوون و ڕووبەڕووبوونەوە.

لەبەرامبەر ئەو بارودۆخە، کولتووری دیالۆگ بۆ هەموان داواکراو و پێویستە، تەنانەت ئەگەر لە ڕووی تەمەن و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتییەوە جیاوازبن، چونکە دان نەنان بە دیالۆگدا و داخستنی کەناڵەکانی دەربڕینی بیروڕا، دەبێتە مایەی پەرەسەندنی توندوتیژی لای توێژگەلی فراوانی کۆمەڵگە، بەلاوانیشەوە. لەلایەکی ترەوە زۆربەی لایەنگرانی توندوتیژی و توندڕەوی لەڕاستیدا دوورن لە میتۆدی دیالۆگ، بۆیە گومان بە تێڕوانینەکان و لاوازیی دەروەستیان بۆ نیشتیمان دەکرێت، ئەمەش هانیاندەدات بکەونە ژێر کاریگەریی کاری نهێنی و هاندانی مەبەستکارانەی لایەنگەلی سیاسی و ڕەفتاری سەرکوتکەرخوازانەوە، چونکە توانای پێشکەشکردنی ئەڵتەرناتیڤی ڕاست و قبوڵکراویان نییە، بۆ چاکسازیی سیاسی و ڕووبەڕووبوونەوەی کێشە ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتییە کەڵەکەبووەکان.

پێویستە جەغت لەسەر ئەوە بکەینەوە، کردنەوەی کەناڵەکانی دیالۆگو پلاندانان بۆ دیالۆگی جدیانە و کاریگەر و بەرهەمدار، لەسەر هەموو ئاستەکانی سیاسی، پەروەردە، کۆمەڵایەتی و ئابووری، مەسەلەیەکی چاک و داواکراوە، چونکە لە ڕووی دەروونناسییەوە ئارامبەخشتر، هێمنتر، شەفافترەو لایەنگرانی دەمارگیری و داخران ڕادەکێشێت بۆ ئاخاوتنی کراوەو دەیانخاتە ژێر لۆژیکی کرانەوەو ڕەخنەگرتنی بنیاتنەرانەوە.

هەر دیالۆگێک لە کۆمەڵگەکەماندا، جا شێوەکەی چۆن بێت و لایەنەکانی هەرکامێک بن، پێویستی بە جیاوازی نێوان دوو تێڕوانین هەیە، کە دوولایەنی

دیالۆگ پێکدێنن. پیواری جیاوازیی نێوان بیروڕای لایەنەکانی دیالۆگ، مانای ڕێککەوتنی تەواوەتی هەردوولایەنەکەیە. لەم کاتەشدا دیالۆگ لە بنچینەدا پێویست نابێت، بەڵکو لەبری ئەو ئاڵوگۆڕکردنی بیروڕا لەگۆڕیدەبێت.

دیالۆگی سەرکەوتوو و کاریگەر، پێویستی بە چەند کۆڵەکەیەکی بنچینەیی هەیە، هەتاکو کاراو جدی بێت. ئەو کۆڵەکانەش کارلێکدەکەن و سەرەنجام دیالۆگی پۆزەتیڤانە بەرهەمدێنن. دانایی، ئەقڵانیەت، دان بەخۆداگرتن، مەعریفەو دووربینی ئەو مەسەلانەن، کە دیالۆگ پێویستی پێیانە. ئەمە وێڕای ڕاشکاوبوون و ڕاستبێژیی دەربڕین، دوور لە خۆپەرستی و نەرجسییەتی زیادەڕۆیانە. دەستەبەربوونی ئەو کۆڵەکانە لە هەر دیالۆگێکدا ڕەوایەتی و بەردەوام و سەرکەوتنی پێ دەبەخشێت. ئەمەش پێویستی بە ڕۆڵی چڕوپڕی سیاسەتمەداران، پەروەردەکاران، ڕووناکبیران، ئەکادیمیستەکان و ئامرازەکانی ڕاگەیاندن هەیە لەسەر هەموو ئاستەکان، بەتایبەتی لەسەر نەوەی لاوان، کە بنیاتنەری سبەینێ و سەرکردەکانی داهاتوون.

ڕۆژنامەی ئاسۆ ژمارە (١٤١٢)/ ٢١-٢-٢٠١١

## چاکسازیی سیاسی یەکەمین هەنگاوە

لەم ساتەوەختەو لە ناوجەرگەی گرفتە سیاسییەکانی ئەم ڕۆژگارەدا، زۆربەی هێزە سیاسییەکانی کوردستان، بە دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆنەوە، لەسەر ئەنجامدانی چاکسازی کۆکن. ئەوەی ماوەتەوە، لێک نزیککردنەوەی دیدو بۆچوونەکانە دەربارەی چاکسازی و میکانیزمەکانی و داڕشتنی پرۆژەیەکە، کە هەموو لایەنەکان قبوڵیبکەن و کار بۆ جێبەجێکردنی بکەن.

چاکسازی فرە ڕەهەندو لایەنە، واتە چاکسازیی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتیو ڕۆشنبیری لەئاراداں، بەڵام ناکرێت هەموو ئەوانە پێکەوەو لە یەک ئاستدا مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت و هەموو پێکەوە بخرێنەگەڕ، بەڵکو پێموایە ئەوە پرۆسەیەکی هەمەلایەنەو یەکەمین هەنگاوی بە چاکسازیی سیاسی دەستپێدەکات، چونکە ئەو چاکسازییە دەستپێک و ڕێگەخۆشکەرە بۆ چاکسازییەکانی تر. بۆیە لەم دەرفەتەدا چەند تێبینییەک دەخەمەڕوو، بە مەبەستی بەشداریکردن لە پرۆسەی چاکسازیی هەمەلایەندا.

مەبەست لە چاکسازیی سیاسی، هەموو ئەو هەنگاوە ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆیانەیە، کە ئەرکی جێبەجێکردنیان دەکەوێتە ئەستۆی پەرلەمان، حکومەت، ئۆپۆزسیۆن، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و دامەزراوەکانی کەرتی تایبەت، بەمەبەستی ئەوەی کۆمەڵگەی کوردستان بەبێ خەمساردی و دوودڵیو بەرجەستەکارانە سیستەمێکی دیموکراتی بنیاتبنێ.

مەبەست لە سیستەمی دیموکراتی ئەوەیە کە دیموکراسیی ڕاستەقینە پیادەدەکات و تیایدا ئازادی باڵاترین و بنچینەییترین بەهایە، ئەوەیە کە دەبێتە هۆی هاتنەدیی سەروەریی بەکردەوەی میللەت لە ڕێگەی پلورالیزمی سیاسییەوەو دەرفەتی دەستاودەستکردنی دەسەڵات دەڕەخسێنێ و پشتبەستووە بە ڕێزگرتن لە گشت مافەکانی بیرکردنەوەو دەربڕین و ڕێکخستن، هەروەها زەمینەخۆشدەکات بۆ بوونی دامەزراوەگەلی سیاسیی کارا، واتە پەرلەمانێکی هەڵبژێردراو، دادوەرییەکی

سەربەخۆ، حکومەتێکی ملکەچی لێپێچینەوەی پەرلەمانتاری و میللی و حیزبە سیاسییە جۆربەجۆرەکان.

ئەو دیموکراسییە ڕاستەقینەیە پێویستی بە ئازادیی دەربڕینە، بەهەموو شێوازەکانییەوە، لەپێش هەموویانەوە ئازادیی ڕۆژنامەگەری و ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی بیستراوو بینراوو ئەلکترۆنی. پشت بە خولەهەڵبژاردنی ئازادانەی سەرڕاستی سەرتاسەری و ناوچەیی دەبەستێ، بۆ مسۆگەرکردنی دەستاودەستکردنی ئاشتیانەی دەسەڵات و حوکمڕانیی میللەت. پەنا بۆ هێنانەدیی ئەوپەڕی ناناوەندێتی دەبات، چونکە دەرفەت بۆ دەسەڵاتە ناوچەییەکان دەڕەخسێنێ گوزارشت لەخۆیان بکەن و وزە داهێنەرەکانیان لە چوارچێوەی تایبەتمەندییە ناوچەییەکاندا بتەقێننەوە. هەروەها ئەو دیموکراسییە گرێدراوی دەستەبەربوونی شەفافییەتە لە ژیانی گشتیدا، بەواتای لەناوبردنی گەندەڵی. ئەوەش لە چوارچێوەیەکدا، کە جەختدەکاتەوە لەسەر حوکمڕانیی چاک و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ، بەپێی پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان، لەپێش هەموویانەوە مافەکانی ژنان و منداڵانو کەمایەتییەکان. ئینجا مافی دابینکارییە بنچینەییەکانی دادگاکانی تاوانو مسۆگەرکردنی مامەڵەکردنێکی مرۆڤانەی دەسەڵاتەکان لەگەڵ هاوڵاتیاندا.

*چاکسازیی سیاسی پێویستە ئەم لایەنانەی خوارەوە دەگرێتەوە:*

## ١ –چاکسازیی دەستووری و یاسادانان:

بەوپێیەی دەستوور بناغەی یاساکانی حوکمڕانییە، بۆیە نابێت بەندەکانی ناکۆکبن لەگەڵ ئەو مۆدیلەی سیستەمی سیاسی، کە کۆمەڵگەی کوردستان خوازیاریەتی و پێویستە تەبابێت لەگەڵ پەیماننامەو بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکانی مافەکانی مرۆڤدا. ئەمەش مانای ئەوەیە، دەبێت دەستووری هەرێمی کوردستان هەمواربکرێتەوە، پاش گفتوگۆکردن لە پەرلەمانی کوردستان و ناو کۆمەڵگەو تیایدا جەغت لەسەر ئەم خاڵانە بکرێتەوە: چەسپاندنی سیستەمی پەرلەمانی نەک سەرۆکایەتی یان نیمچە سەرۆکایەتی، لێک جیاکردنەوەی ڕوونی دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری، نوێکردنەوەی شێوازەکانی حوکمڕانی بەشێوەیەک کە دەستاودەستکردنی ئاشتیخوازانەی دەسەڵات مسۆگەربێت، ئەنجامدانی خولەهەڵبژاردنی ئازادانەو لەکاتی خۆیدا، بۆ پاراستنی پیادەکردنی دیموکراسیو قۆرخ نەکردنی دەسەڵات.

## ٢ – چاکسازیی دامەزراوە و پێکهاتە سیاسییەکان:

لەبەرئەوەی سیستەمی دیموکراتی گرێدراوی بوونی دامەزراوگەلی بەهێزە

لە هەر سێ بەشە ناسراوەکەی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەریدا، وێڕای ڕۆژنامەگەری و ڕاگەیاندن و کۆمەڵگەی مەدەنی، بۆیە پێویستە پێداچوونەوە بۆ ئەو دامەزراوانە بکرێت، بەمەبەستی مسۆگەرکردنی کارڕاییکردنی دروستیان. ئەمەش شەفافییەتی تەواوەتی و هەڵبژاردنی سەرکردایەتیی کاراو دیاریکردنی ماوەی دیاریکراوی ئەنجامدانی کارەکان و کارپێکردنی بەکردەوەی پرنسیپی سەروەریی یاسا پێویستدەکات.

## ٣ – دەستەبەرکردنی ئازادییەکان:

دەستەبەربوونی ئازادیی پێکهێنانی حیزبی سیاسی لە چوارچێوەی دەستوورو یاساداو بەشێوەیەک کە پێکهێنان و کارەکانی بەپێی بنەماکانی دیموکراسی بن و ناکۆک نەبن بە سیستەمی سیاسیی کوردستان و بەجۆرێک، کە گشت ئاقارە فیکرییەکان و هێزە سیاسییە مەدەنییەکان دەرفەتی ئەوەیان هەبێت بەرنامەکانی خۆیان بخەنەڕوو و بچنە ناو پێشبڕکێیەکی ئازادانەی سەرڕاستەوە. ئەوەش لەسایەی ئەو ئازادیانەی لە بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکاندا هاتوون. لێرەدا پێویستە حوکمڕانیی کوردستان ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بەڵگەنامەو پەیماننامە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤ و مافەکانی ژنان و منداڵان واژۆبکات و پابەندیان بێت.

## ٤ – ئازادیی ڕۆژنامەگەری و ئامرازەکانی ڕاگەیاندن:

هەروەها دووربوونیان لە دەستێوەردان و کاریگەری و هەژموونی حکومەت، چونکە ئەمجۆرە ئازادییە کۆڵەکەیەکی بەهێزی سیستەمی دیموکراتییەو بەرجەستەکردنی ڕوونی ئازادیی دەربڕین و پاڵپشتێکی بەهێزی شەفافییەتە. ئەمەش بە شێوازەکانی ڕێکخستنی شارستانیانەی دیموکراتیانەی کاری ڕاگەیاندن، لە ڕێگەی یاسایەکی ڕۆژنامەگەریی هاوچەرخەوە، کە پێویستی بە هەموارکردنەوەی یاسای ڕۆژنامەگەریی ئێستای کوردستان هەیە.

## ٥ –ئازادکردنی پێکهێنانی دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی:

ئەمەش بە ڕەتکردنەوەی هەموو ئەو یاساو ڕێنماییانەی ئازادیی پێکهێنانی کۆمەڵەو ڕێکخراوو سەندیکا خۆبەخشە قازانج نەویستەکان کۆتوبەنددەکەن، جا سروشتی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیری و ئابووریان هەرچۆنێک بێت. هەروەها هەموارکردنی یاسایەکی نوێ بۆ مسۆگەرکردنی دامەزراندن و چالاکی و پارەپێدانو

لێپێچینەوەی ئەو دامەزراوانە. بێگومان دانانی چوارچێوەیەکی یاسایی دیموکراتیانە بۆ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە پێشەوەی هەموو ئەو مەسەلانەیە، کە پەیوەندییان بە دیموکراتیبوونی کۆمەڵگەو کاراکردنی شێوازەکانی بەشداریکردنی سیاسییەوە هەیەو دەرفەتی ڕزگاربوون لە هەستی نامۆبوون و پەراوێزخستن لای هاوڵاتیان دەڕەخسێنی. سەرەنجام کۆمەڵگەی مەدەنی بەشدارییەکی چالاکانە دەکات لە بەرەنگاربوونەوەی ئەو گرفت و کێشانەی کاری دەستەجەمعیو شێوازەکانی کاری خۆبەخشیان گەرەکە.

## ٦ -هاندانی ڕاپرسیی ڕای گشتی و ڕزگارکردنی لە هەموو جۆرە ئاستەنگێک:

بەوپێیەی ئەوە یەکێکە لە ئامڕازە دیموکراتییە بنچینەییەکان. هەروەها کارکردن بۆ دامەزراندنی دامودەزگاو ناوەنگەلی توێژینەوە، بەمەبەستی ڕووپێوکردنی ڕای گشتیی کوردستان بەشێوەیەکی هەمیشەیی و لە گشت بوارە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکاندا. ئەوەش بۆ دەستەبەرکردنی زانیاریی وردبینانە، کە بڕیارسازانو نەخشەدانەرانی کۆمەڵگە سوودیان لێ وەردەگرن و دەتوانن بەهۆیانەوە ئاشنابن بە نەخشەیەکی ڕوونی ڕاستگۆیانەی ڕای گشتی و ئەو گۆڕانکاریانەی دەبێت ڕەچاوبکرێن و فەرامۆش نەکرێن.

بێگومان ئەو هەنگاوانەی سەرەوە پێویستیان بە دانانی میکانیزمگەلی هەمەجۆر و پێکەوە گرێدراوی جێبەجێکردن هەیە، کە دەبێت بەری لێک تێگەیشتنو دیالۆگی فرەلایەنە و بڕیاردانی دەستەجەمعیی سیاسەتمەداران و شارەزایانی بوارە جۆربەجۆرەکان بێت.

ڕۆژنامەی ئاسۆ ژمارە (١٤١٧)/ ٢٨-٢-٢٠١١

## ڕاگەیاندن لە ژیانی سیاسیماندا

ئاشکرایە ڕاگەیاندن دەسەڵاتەو وەک دەسەڵاتی چوارەم، پاش دەسەڵاتەکانی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری، مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت. لە سەردەمی بەجیهانیبووندا، کە جیهانی کردۆتە گوندێکی گەردوونی، پاش گەشەکردنی خێراو سەرنجڕاکێشی تەکنۆلۆژیای ڕاگەیاندنیش، دەکرێت بڵێین ڕاگەیاندن بۆتە دەسەڵاتی دوەم، چونکە ئێستا دەسەڵاتی یەکەم دەسەڵاتی ئابوورییەو دەسەڵاتی دوەم ڕاگەیاندنە و دەسەڵاتی سێیەمیش سیاسەتە. یەکەم کۆنترۆڵی دوەم دەکاتو دوەمیش کاریگەریی زۆری لەسەر سێیەم هەیە. ئەمجۆرە پەیوەندییە لای ئێمە بۆتە هۆی سەرهەڵدانی ڕاگەیاندنی پاشکۆی ڕەوتی سیاسی و ئەنجامی کۆنترۆڵکردنی ڕاگەیاندن و دادوەری لەلایەن سیاسەتمەدارانەوە، ڕاگەیاندنی ئازادی سەربڕاست نائامادەیە. ئەو جۆرە کۆنترۆڵکردنەش زۆر مەترسیدارە، چونکە لە دیموکراسیی بەکردەوەوە دەمانبات بۆ دیموکراسیی ئاڕاستەکراو، کە بە ستەمکاری دەچێت. ئەم واقیعەی ڕاگەیاندن دەشێت مێژوویەکی تراژیدیانە، واتە یادەوەرییە قێزەوەنەکانی شەڕی ناوخۆ، دووبارەبکاتەوە. بۆیە پێویستە هەموولایەک هۆشیاربن بەرامبەر بەمەترسییەکانی ئەوەی ڕوودەدات.

لێرەدا هەندێک ئامرازی ڕاگەیاندن، وەک تەلەفزیۆنەکان (لۆکاڵی یان ئاسمانی)، بەحوکمی کاریگەریان لەسەر مێشک و دەروونی بینەران، بەرپرسیارێتیی زۆری ئەو دۆخە دەکەوێتە ئەستۆیان، بۆیە دەبێت هەڵوەستەیان لەئاستدا بکرێت. ڕاستە ئیمرۆ تەلەفزیۆنەکان لە کوردستاندا زۆربوون و گەشەیانکردوە، بەڵام لە دەرەوەی چوارچێوەی ڕاست و دروستی ڕۆژنامەوانین. چونکە بێلایەنانە بەپەرۆش نین بۆ بیروڕای توێژەکانی کۆمەڵگە و زیاتر بەپێی داخوازیی سیاسی و بەرژەوەندیی دامەزراون و کاردەکەن. ئەو تەلەفزیۆنانەی لەسەردەمی سەقامگیریی سیاسیدا هەبوون، جۆرێک میانڕەویان پێوە دیاربوو، بەڵام ئێستاو پاش هاتنەئارای تەلەفزیۆنەکانی ئۆپۆزسیۆن، زۆربەیان ڕوویان لە ڕیزبەندی، تاکڕەهەندی، ڕەهاخوازی، توندوتیژیخستنەوەو شڵەژاندنی سەقامگیری کردوەو بوونەتە سەنگەری

پێشەوەی شەڕو پێکدادان و تا ڕادەیەکی زۆر بابەتیبوونیان لەدەستداوەو لە بەهاکانی کاری ڕۆژنامەگەری دوورکەوتوونەتەوە. لەکاتێکدا ڕۆڵی ڕاگەیاندنکارانەی تەلەفزیۆن، ڕاستکردنەوەی واقیع نییە، بەڵکو گوێزانەوەی واقیعە وەک هەیە، نەک وەک دەخوازرێت. ئەوەش بەپێی ئەو پرنسیپە پیشەییە جیهانیانەی لە ڕاگەیاندنی کوردستاندا ئامادەنین.

واچاکە کاری ڕاگەیاندنی تەلەفزیۆنەکانی کوردستان میانڕەوانە بێت. ئەوەش مانای ئەوە نییە ئەو تەلەفزیۆنانە خۆویستانە دەستبەرداری هەندێک ئازادیی دەربڕین یان پراکتیزەکردنی پیشەکارانە بن و خۆبەدووربگرن لە هەڵوێستوەرگرتنو بگونجێن لەگەڵ هەموان و جیاوازییەکان ڕەتبکەنەوە، بەڵکو بەپلەی یەکەم مانای ئەقڵانیکردنو ڕێزگرتنی ئەویترو دیالۆگە لە وڵاتێکی فرەڕەنگ و هەمەلایەندا، کە ئیمڕۆ چەپڕەوی و توندڕەوی و دەمارگیری تیایدا هەڕەشە لە ئاشتیی کۆمەڵایەتیو سەقامگیریی دەکات. میانڕەوی هەڵوێستێکی مەعریفی و ئەخلاقییە، ڕێساکانی ڕەفتارکردنی پیشەکارانە لە ڕاگەیاندنی تەلەفزیۆنەکاندا دووپاتدەکاتەوە، ئەوانەی پشتبەستوون بە پرنسیپگەلێک، کە بەڵگەنەویست خۆیان دەخەنەڕوو. چونکە میانڕەوی پشتئەستوورە بە مافی زانین و دەربڕینی بیروڕا هەمەڕەنگەکان و پلە یەک دەداتە تێگەیشتنی واقیعەکان، کە پلە یەک تیایدا بۆ هەواڵە نەک بیروڕا. بۆیە میانڕەوی پێویستی بەوەیە تەلەفزیۆنەکان واز لە بڵاوکردنەوەی هەرشتێک بهێنن، کە توندوتیژی و ڕقوکینە لەناو هاوڵاتیاندا دەخاتەوە، بانگەشە بۆ تۆڵەسەندنەوە دەکات و زمانی شەڕ، سوکایەتیپێکردن، جنێوپێدان، ناوزڕاندن...هتد بەکاردێنێت. لەبەرئەوەی ئەوە جێی مەراق و بایەخپێدانی هاوڵاتیان نییەو زیاتر خزمەتی بەرژەوەندی و خواستە شەڕەنگێزەکانی سیاسەتمەدارانی پشتی سەری ئەو تەلەفزیۆنانە دەکات.

لەسایەی گەشەکردنی جیهانیی خێرای تەکنۆلۆژیای ڕاگەیاندن و بڵاوبوونەوەی بەرفراوانی ئامرازە ناوچەیی و ئاسمانییەکانی ڕاگەیاندن و پەرەسەندنی کەناڵەکانی پێکگەیشتنی بیستراوو بینراوو نوسراو، مافی هاوڵاتییە ئەو هەواڵانە وەربگرێت کە بەهیچ فلتەرێکی پاڵاوتندا تێنەپەڕیون و لێکدانەوەی ئایدیۆلۆژیائاسایان بۆ نەکراوەو بەهیچ تێڕوانینێکی سیاسی بارگاوی نەکراون. کەواتە ڕاگەیاندنی تەلەفزیۆن جۆرێکە لە ویژدانی ئازادانە و لە ڕێگەیەوە شەفافانە و ڕاشکاوانە ڕەنگدانەوەی هەموو ئەو شتانە بەدیدەکەین کە لەواقیعدا ڕوودەدەن. لەبەرئەوەی مافی هاوڵاتییە زانیارییەکان، بەبێ کەمکردن و زیادکردن بەدەستبێنێت، بەوپێیەی ئەرکی تەلەفزیۆنە هەواڵەکان بەبێ ئیجتیهادکردن یان زیادکردنی ڕای تاکەکەسیی

ڕۆژنامەنووس و بیروڕای لایەنی سیاسی بداتە هاوڵاتی، ئەمەش بەبێ ساختەکردن و بەلادارێبردنی هەواڵەکان و دەرفەت بۆ هاوڵاتی برەخسێت خۆی دوا حوکمی خۆی بەسەریاندا بدات. چونکە تەنیا لەم بارەدا ڕاگەیاندنی تەلەفزیۆنەکان ڕۆڵی بێلایەنی ئازادانەی خۆی دەگێڕێت، بۆ گەیاندنی هەواڵ یان زانیارییەکان بە هاوڵاتیان.

ڕێگە لەوە نەگیراوە، هەر تەلەفزیۆنێک ڕووبکاتە ئاڕاستەکردنی بەکردەوە، بەمەرجێک ڕاگەیاندنێکی ئاڕاستەکراوی پێشکەوتووی پۆزەتیڤانە پراکتیزەبکات، نەک بەشێوەیەکی نێگەتیڤانەو هاندەری لایەندارێتی و جیاوازیخوازیی سیاسی کارەکانی خۆی ئەنجامبدات. چونکە لەم ڕۆژگارەدا تەلەفزیۆن کاریگەریی بەهێزو بەرجەستەی لەسەر مێشک و ڕەفتاری نەوە جیاوازەکان هەیەو دەشێت ئەنجامی کارکردنی چەوتی تەلەفزیۆنەکان ئەوان ببنە قوربانیی شێوەی ناوک پوچەڵ، یان قوربانیی ناوەڕۆکی مینرێژکراو. هاندان، ورووژاندن، سوکایەتیپێکردن و بەخائینکردن هیچ پەیوەندییەکیان بە کاری ڕاگەیاندن و پێشبڕکێی دیموکراتیانەوە نییە. ئازادیی ڕاگەیاندن بۆ بڵاوکردنەوەو چاودێریکردن و بەدواداچوونی هەر هەواڵ و بیروڕایەک لەو کاتەدا کە نەچنە ناو بازنەی هاندان و ورووژاندنەوەو نەبنە مایەی پەرەسەندنی گیانی ناکۆکی و دوژمنکاری لەسەر شەقامەکان ڕەواو قبوڵکراوە، بەتایبەتی لەسەر شەقامەکانی کوردستان، کە بۆ خۆیان هەڵئاوساون بە کێشەو قەیرانەکانو ئامادەن بۆ کەوتنەوەی کێشمەکێش و پێکدادان. بۆیە گەرەکە تەلەفزیۆنەکانی کوردستان وریابن بەرامبەر بەوەی بابەتەکانی ڕاگەیاندن، شێوازی خستەنەڕوویانو زمانی گوزارشت لێ کردنیان پیشەییانە بن و نەبنە مایەی ئالۆزکردنی بارودۆخەکەو تێکدانی ئاسایش و سەقامگیری و هەڵگیرسانی شەڕو پێکدادانی خوێناوی. چونکە ئەوە تەنیا هەڕەشە لە بوونی دەسەڵات ناکات، بەڵکو هەڕەشە لە ئۆپۆزسیۆن و سەرتاپای ئەزموونی کوردستانیش دەکات.

ڕۆژنامەی ئاسۆ ژمارە (١٤٢٢)/ ٧-٣-٢٠١١

## چوار پرنسیپی گرنگ بۆ ئەم ڕۆژگارەمان

ئەنجامی قوڵبوونەوەی ناکۆکییەکانی نێوان دەسەڵات و لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆنو پەرەسەندنی خۆپیشاندانە جەماوەرییەکان، باسکردن و جەغتکردنەوە لەسەر چەند پرنسیپێکی بنچینەیی، کە بۆ دیموکراسی و بنیاتنانی دیموکراسی لە کوردستان گرنگن، کارێکی پێویستە. بۆیە لێرەدا هەڵدەدەم بەکورتی باسی هەریەکێک لە فرەلایەنی، هەڵکردن، کۆدەنگی و یەکلاکردنەوەی زۆرینە بکەم.

**فرەلایەنی**: مانای جیاوازی و هەمەڕەنگیی ئەو تاک، گرووپ، ڕێکخراوو هێزە سیاسیانەیە، کە کۆمەڵگەیان لێ پێکدێت. هەروەها مانای ئەوەیە هەر یەکێک لەوانە مافی ئەوەی هەبێت گوزارشت لە بیروڕاو تێڕوانینەکانی خۆی و جیاوازییەکانی لەگەڵ ئەوانیتر بکات و کۆششبکات بۆ هێنانەدیی ئامانجەکان و دەستەبەرکردنی بەرژەوەندییەکانی. دەشێت جیاوازی لەنێوان ئەو تاک، گرووپ، ڕێکخراوو هێزە سیاسیانەدا لەسەر بنەمای ئابووری، کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیری، سیاسی و دامەزراوەیی بێت. بەوجۆرەش هەر یەکێکیان دەتوانێت خودی خۆی بهێنێتەدیو ئەو شوناسەی خۆی بپارێزێت، کە لەوانیتری ناو حوکمڕانیی جیایدەکاتەوە. فرەلایەنی مانای ئەوە نییە ئازادیی ڕەها بدرێتە هاوڵاتیان، یان گرووپەکان، یاخود لایەنەکان بەدڵی خۆیان و بەدەر لە پەیمان و ڕێککەوتنی کۆمەڵایەتی ئامانجو بەرژەوەندییەکانی خۆیان بهێننەدی، چونکە ئەوە دەبێتە مایەی سەرهەڵدانی پشێوی و بێ سەروبەری. بۆیە گرنگە سنوور یان پێبەندیگەلی تایبەتیی وەها بۆ گرووپە جۆربەجۆرەکان دابنرێت، کە بتوانن ئامانج و بەرژەوەندییەکانی خۆیان بەشێوەیەک بهێننەدی، نەبێتە مایەی دەستدرێژیکردنە سەر ئامانجو بەرژەوەندییەکانی ئەوانیترو تێکدانی سەقامگیریی کۆمەڵگە.

فرەلایەنی دەربڕی چەند پێکهاتەیەکی دیموکراسییە، وەک: داننان بە مافی هەمەڕەنگبوونی تاکەکان و گرووپ و ڕێکخراوو لایەنە سیاسییە جۆربەجۆرەکاندا، کە لە ڕووی پێداویستییەکان و بەرژەوەندییەکان و تێڕوانینەوە جیاوازن لە یەکتری. دابەشکردنی هێز لە کۆمەڵگەداو خولقاندنی هاوسەنگیی نێوان دەسەڵاتە جۆربەجۆرەکانی

حوکمڕانی و ڕێکخراوە خاوەن بەرژەوەندییە جیاوازو دژبەیەکەکان. ڕەوایەتیبەخشین بە ململانێکانی پایەداری و هێز لەنێوان حیزبەکان و ڕێکخراوە جیاوازەکاندا، کە لە ڕووی ئامانج و بەرژەوەندییەکانەوە لێک ناچن. بەشداریکردنی هاوڵاتیان لە ژیانی سیاسیدا، بەپێی پرنسیپی حوکمڕانیی میللەت. بوونی پێشبڕکێی ئازادانە لەنێوان گرووپ و لایەنە جۆربەجۆرەکاندا.

**هەڵکردن (تۆلەرەنس)**: بەهایەکە، بەرهەمی داننانە بە شکۆمەندی مرۆڤو ئازادیی بۆ ئەوەی لەوانی دیکە جیاوازبێت و خاوەن بڕواو ڕەفتارو پراکتیکی تایبەت بەخۆی بێت. هەڵکردن مانای ئامادەبوونە بۆ قبوڵکردنی جیاوازو ڕێزگرتن لە مرۆڤە جیاوازەکان لە ڕووی ڕووخسار، ڕەنگی پێست، ڕەگەز، ئایینو بڕواوە. ڤۆڵتێر بەبەشی گوزارشتی لە هەڵکردن کردوە، کاتێک وتویەتی: «من هاوڕانیم لەگەڵتدا، بەڵام ئامادەم گیانی خۆم بەختبکەم، بۆ ئەوەی بیروڕای خۆت دەربڕیت». واتە هەڵکردن مانای قایلبوون نییە بە تێڕوانین و بیروبۆچوونەکانی بەرامبەر، جا ئەو بەرامبەرە تاک بێت یان گرووپ و ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی و لایەنی سیاسی، بەڵکو دەرفەت ڕەخساندنە بۆ ئەوەی بەبێ هەڕەشەلێکردنو چەپاندن و ترساندن گوزارشت لە خۆی بکات و لە ڕێگەی دیالۆگی دیموکراتیانەوە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت.

هەڵکردن پرنسیپێکی گرنگی دیموکراسی و کۆمەڵگە دیموکراتییەکانی، ئەوەش لەبەر ئەم هۆیانە: بەهۆی هەڵکردنەوە تاک و گرووپ و لایەنەکان دەتوانن لە حوکمڕانیدا مافەکانی وەک ئازادیی دەربڕین و ڕێکخستن و یەکسانی دەستەبەربکەن. هەڵکردنی سیاسی دەرفەت بۆ پێشبڕکێی ئازادانە و کرانەوەی داموەزگا سیاسییەکان بەڕووی بیروڕا جیاوازەکاندا دەرەخسێنێ، تەنانەت ئەگەر ئەو بیروڕایانە مایەی قبوڵکردنیش نەبن. هەڵکردنی سیاسی ڕەوایەتی دەداتە بیروڕای نوێنەری گرووپە جیاوازەکان (لەوانە ئۆپۆزسیۆن)، کە دەبێتە مایەی دانانی بەردی بناغەی ڕەوایەتیی دەستاودەستکردنی دەسەڵات. هەڵکردن بەشداریدەکات لە هێنانەدیی سەقامگیریی دەسەڵاتو کۆمەڵگەدا، چونکە دەرفەت بۆ گفتوگۆی بیروڕا جیاوازەکان - بەپێی ڕێساکانی گەمەی دیموکراتی و بەبێ توندوتیژی - دەڕەخسێنێت، تەنانەت لە هەستیارترین مەسەلەکانی وەک جیاوازیی بیروڕا ئایدیۆلۆژییەکاندا.

**کۆدەنگی**: بەهاو پرنسیپێکی زۆر گرنگە بۆ سیستەمی دیموکراتی، بەتایبەتی لەو کۆمەڵگانەدا، کە لە ڕووی نەتەوەیی و بڕواوە هەمەڕەنگن. بۆ ئەوەی تاکەکانو گرووپە جۆربەجۆرەکان، لە ڕووی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووریو پەروەردەییەوە، بتوانن لەناو چوارچێوەی نیشتیمانێکدا پێکەوە بژین، پێویستە ئەو خاڵە هاوبەشانە

لەنێوانیاندا هەبێت، کە یاریدەدەرن بۆ ژیان لە کۆمەڵگەیەکی سیستەماتیککراودا. بەوجۆرە حوکمڕانیی دیموکراتیانە ژینگەی گونجاو بۆ گرووپە جۆربەجۆرەکان دەڕەخسێنێ، هەتاکو بتوانن- بەپێی ڕێساگەلێکی پێشوەخت قبوڵکراو لەلایەن هەموانە- پێکەوە بژین. کۆدەنگی مانای ئەوەیە هاوڵاتیان لەسەر چەند مەسەلەیەکی بنچینەیی و جەوهەری ڕێکدەکەون، بۆ نموونە دەستوور، شێوەی حوکمڕانی و بەهاو ڕێساکانی گەمەی دیموکراتی. چونکە بەبێ بوونی ئەو کۆدەنگییە، کۆمەڵگە پێش ناکەوێت و پەرەناستێنێ. بۆیە کۆدەنگی بەیەکێک لە واتاکان، مانای کۆتاییهێنانە بە فرەلایەنی لەو مەسەلانەدا کە فرەلایەنی قبوڵ ناکەن‌و بنچینەی سەقامگیریی کۆمەڵگەن. دەبێت لێرەدا جەغت لەسەر ئەوە بکرێتەوە، کۆدەنگی مانای سڕینەوەی جیاوازییەکان، سڕکردنی ناکۆکییەکان و دروستکردنی کۆمەڵگەی یەک ڕەنگ نییە. چونکە ئەوانە دژی بنەماکانی دیموکراسین، کە کۆدەنگی لە هەندێک مەسەلەی جەوهەری و بنەڕەتیدا بناغەیەتی.

**یەکلاکردنەوە لەلایەن زۆرینەوە**: پرنسیپێکی زۆر گرنگەو گرێدراوی فرەلایەنییەو مانای ئەوەیە زۆرینە لە کۆمەڵگەدا حوکمڕانە و ئەو سیاسەتانە پیادەدەکات کە گونجاون لەگەڵ تێڕوانین و ئامانجەکانی خۆیدا، بەمەرجێک نەبێتە مایەی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ و مافی کەمایەتی بۆ پێشبڕکێکردن لەسەر دەسەڵاتو گۆڕان بۆ زۆرینە لە داهاتوودا. یەکلاکردنەوە لەلایەن زۆرینەوە زۆر گرنگە، چونکە گوزارشت لە ڕێساکانی گەمەی دیموکراتی دەکات و بەری هەڵبژاردنی ئازادانەی سەرڕاستە. لێرەشدا چەند هۆکارێک هەن بۆ دەرخستنی گرنگیی یەکلاکردنەوە لەلایەن زۆرینەوە بۆ سیستەمی دیموکراتی. بۆ نموونە، ئەوە مافێکی ڕەوایەو بەری پێشبڕکێی دیموکراتیانەیە، کە دەبێت کەمینەش (ئۆپۆزسیۆن) ڕێزی لێ بگرێت. ئەو جۆرە یەکلاییکردنەوەیە سەقامگیریی دەسەڵات و کۆمەڵگە دەپارێزێت و ڕێگە لە تێکچوونی ئاسایشی کۆمەڵایەتی دەگرێت. ناکرێت کەمینە (ئۆپۆزسیۆن) ئەو یەکلاکردنەوەیە لەلایەن زۆرینەوە پەکبخات، یان هەوڵبدات خۆی جێبەجێبکات، چونکە ئەوە دەبێتە مایەی پشێوی و کەوتنەوەی ئاژاوەو سەرهەڵدانی ستەمکاری. دەبێت لێرەدا جەغت لەسەر ئەوە بکرێتەوە، زۆر چاکە لە گەمەی دیموکراسیدا زۆرینەی ڕەها بەکاربهێنرێت، چونکە زیاتر گوزارشت لە خواست و بەرژەوەندییەکانی میللەت دەکات و دەبێتە هۆی هاتنەدیی پرنسیپی حوکمڕانیی میللەت، بەوپێیەی زۆرینەی ڕێژەیی گوزارشت لە ڕای ڕاستەقینەی میللەت ناکات.

ڕۆژنامەی ئاسۆ ژمارە (١٤٢٧)/ ١٤-٣-٢٠١١

## ڕیاکاریی سیاسی خەسڵەتێکی کوشندەیە

کولتووری ڕیاکاریی سیاسی لەلای ئێمە بەربڵاوەو بۆتە مایەی وێرانکردنی پەیوەندییە مرۆڤایەتییەکان و هەڵوەشاندنەوەی ڕایەڵەکانی پێکەوەگرێدانی کۆمەڵایەتی و نیشتیمانی، چونکە بۆتە هۆی تەشەنەکردنی بێمتمانەیی لەنێوان تاک و توێژەکان و لایەنە سیاسییەکان و حوکمڕانی و ئاستەنگ لەبەردەم گەشەکردنی کۆمەڵگەکەماندا. لێرەدا لایەنەکانی ڕیاکاریی سیاسی سیانن: دەسەڵات، بانگەشەکاران و خەڵک.

**دەسەڵات** لای ئێمە بەرپرسیارە بەرامبەر بە کولتووری باڵادەستی کۆمەڵگە، چونکە لانی کەم ئەو پرۆسەی پەروەردەکردن و خوێندن و ڕۆشنبیریی ڕەسمی بەڕێوەدەبات. هەر ئەویش کۆششدەکات بۆ کۆکردنەوەی خەڵک لە دەوری سیاسەتەکانی خۆی، بەبێ گوێدانە ئەوەی داخۆ لایەنگیریکردنی ئەوان ئەنجامی بڕوابوون و دڵسۆزییە یان ڕیاکاری و بەرژەوەندی. واتە دەسەڵات لای ئێمە بەرپرسیارە بەرامبەر بە کولتووری ڕیاکاریی سیاسی لە کۆمەڵگەدا، بەوپێیەی لەلایەکەوە لەسەر بنچینەی لایەندارێتی چەندین کەسی لە خۆی کۆکردۆتەوەو پۆستی هەستیاری پێداون، کە هەلپەرست و پێگەخواز و بەرژەوەندیخوازن و لە چاوی کەسانێکەوە سەیری کۆمەڵگەو ڕووداوو گۆڕانکارییەکان دەکات و زانیارییەکان بەدەستدێنێ و هەڵوێست وەردەگرێت و هەنگاودەنێت، کە دووفاقنو لانی کەمی سەرڕاستی و ڕاستبێژییان نییە. لەلایەکی تریشەوە توێژە سیاسی و ڕۆشنبیرە خەمخۆرو دڵسۆزەکان، کە ڕاشکاوانەو بێ مەبەست و دوور لە بەرژەوەندیی تایبەتی بیروڕاکانی خۆیان دەردەبڕن، بە مەترسی بۆ سەر خۆی دادەنێ و کاردەکات بۆ دوورخستنەوەیان لەو پێگانەی کاریگەرییان لەسەر ژیانی گشتی هەیە، چونکە لە ڕوانگەی دەسەڵاتەوە ئەو توێژانە، بەهۆی ڕەخنەگرتنو تێڕوانین دەربڕین و هەڵوێستوەرگرتنەوە، دژی سیاسەت و ڕەفتارەکانی ئەون، کە «ڕاست»و «پیرۆز»ن و نابێت دژایەتی بکرێن.

**بانگەشەکاران** (ئەو توێژەی لە بواری ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیری و ئەکادیمیدا کاردەکەن) ئامڕازی پڕوپاگەندەکردن و جێبەجێکردنی سیاسەتەکانی دەسەڵاتنو

ئەوانەن، کە ژیانی سیاسی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتیان وێرانکردوەو دیمەنی کۆمەڵگەیان شێواندوە، چونکە تیۆریزەی سیاسەتە چەوتەکانی دەسەڵات دەکەنو پاساو بۆ کارە نارەواکان دێننەوەو بەرگریدەکەن لە مەیلی پەراوێزخستنی توێژە بێگەردەکان لە ڕۆڵبینینی خۆیان لە کۆمەڵگەو تەنانەت ژیاندا. دەسەڵات لای ئێمە زیاتر توانیویەتی قەڵەم بەدەستە ڕیاکارو خاوەن بڕوانامە کارتۆنییەکان بخاتەگەڕو ئەوانیتر پەراوێزبخات، یان وایان لێ بکات گۆشەگیربن. بۆیە سەیرنییە، وێڕای کاربەدەستی باڵای حکومەت و پەرلەمانتار، هەندێک «ڕووناکبیر»و «ڕۆژنامەنووس»و «ئەکادیمی» سەرگەرمی ئەو جۆرە نووسین و وتارانەبن، کە ڕیاکاری و درۆیان لێ دەتکێ و خۆشیان دەزانن زۆربەی خەڵک بڕوایان پێ ناکەن و قێزیان لەو جۆرە ڕەفتارە دەبێتەوە. تەنانەت هەندێک جار ئەوانە لە دانیشتنە تایبەتییەکاندا هێما بۆ ئەوە دەکەن، بە پێگەی باڵاو پایەداری نەگەیشتوون و ساڵانێکی زۆرە فەرامۆشکراون. ئەمەش درۆیەکی ئاشکرایە، چونکە ئەگەر ڕاستگۆبوونایە، ئیمڕۆ لەو پێگانەی ئێستایاندا نەدەبوون. هەروەها ساویلکەییەکی گەمژانەیە، چونکە گەلێک سیاسەتمەدار مامەڵەی دەسڕی کاغەزیان لەگەڵ دەکەن و پاش ئەوەی پێویستیان پێیان نامێنێ، بێباکانە فڕێیاندەدەن. ئەو توێژە بانگەشەکارە ڕیاکارن و زاتی ئەوەیان نییە هێمای جیدی و بەرجەستەکراو بۆ هەڵەکانی دەسەڵات بکەن، چونکە دەترسن ئەو پۆست و بەربژێریانە (ئیمتیازات) لەدەستبدەن، کە بەهۆی دەسەڵاتەوە بەدەستیانهێناوە. خەسڵەتی ڕیاکاریی ئەو توێژەش لەوەوە هاتوە، کە ناتوانن ڕۆڵی سەربەخۆیانە بگێڕن، لەبەرئەوەی بڕیارسازیی ئەو بەدەست لایەنگەلێکەوەیە بەردەوامیی لە پێگەکەیاندا بەوانەوە بەندە. ئەو پەروەردەیە گیانی بەنگەشەکارانی هەنجن هەنجن کردوەو چەندین توێژی بەرهەمهێناوە، کە لەواقیعدا هیچ دەسەڵاتێکیان نییە.. لە ڕواڵەتدا خۆیان هەڵدەکێشن، کەچی هیچ کێش و قورساییەکیان نییەو لە ژێر پێی دەسەڵاتدان، تەنانەت لەو پێگە ڕووناکبیری و ئەکادیمی و ڕۆژنامەگەریانەی هەیانە ناتوانن ڕۆڵی بەکردەوەی خۆیان بگێڕن، لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵدەدەن لە ڕێگەی دیداری پاڵەوانبازی و وتاری بەهانەهێنەرەوە خەڵک لە خشتەبەرن و بڵێن ئێمە هەین، لەکاتێکدا ئەوان لەواقیعدا پێوانەکانی کەسایەتیی بەکردەوەو پراکتیکیان لەدەستداوە، بەتایبەتی لەو ڕۆڵەی پێیان سپێردراوەو لە بڕیارسازیشدا.

**خەڵکی بێدەسەڵاتیش**، لەبەر پیواری (غیابی) حوکمڕانیی دامەزراوەیی و ئەو یاسایانەی داپەروەری دەپارێزێن و خزمەتگوزاری و دەستکەوتەکان کارامانەو دادپەروەرانە دابەشدەکەن، دۆخەکە ناچاریکردون بۆ ڕاییکردنی کارە ژیاریو

خزمەتگوزارییەکانیان هانا بۆ ئەم یان ئەو بەرپرس و دەسەڵاتدار بەرن. جا لەبەرئەوەی ئەو بەرپرس و دەسەڵاتدارانە لە ژێر کاریگەریی کولتووری ڕیاکاریی سیاسیدان، بۆیە خەڵکی چارەڕەش ناچارە نرخی ئەو کولتوورە بدات و ڕووبکاتە ڕیاکاری، کە نیشانەی هاتنەخوارەوەی ئاستی سیاسی و ئەخلاقیی دەسەڵاتە لە دوولایەنەوە: ئەو بەرپرسەی جێبەجێیدەکات و ئەو خەڵکەی ناچارن پەنای بۆ بەرن. بێگومان خەڵکیش بەرپرسیارێتیی بەردەوامبوونی کولتووری ڕیاکاریی بانگەشەکاران دەکەوێتە ئەستۆیان، چونکە ئەرکی سەر شانیانە پەردە لە ڕووی ئەو ڕەفتارە ناڕەوایانە هەڵماڵن و بەرەنگاری ڕۆڵە خراپەکانیان ببنەوە، کە دەرهەق بە مافەکانی ئەوان و نیشتیمان دەیکەن، بەوپێیەی ڕیاکاریی سیاسی زیانبەخشە بۆ نیشتیمان و خەڵکیش.

پێویستە بەرەنگاری کولتووری ڕیاکاریی سیاسی و ڕۆشنبیری ببینەوە، چونکە کولتورێکی وێرانکارەو زەبر لە ناخی کۆمەڵگە دەوەشێنێ و لەو توێژانەوە سەرچاوەدەگرێت، کە دەبێت لایەنگری کۆمەڵگە بن، نەک باری گران بن بەسەر شانییەوەو هۆکاری ئەو بارودۆخەن، کە کۆمەڵگە پێی گەیشتووە. ئەگەر بکرێت بیانو بۆ هەر دەسەڵاتێک بهێنینەوە کۆششبکات بۆ کۆکردنەوەی لایەنگرو هەواداران، ئەوا مافی سیاسی و ئەخلاقیی ئەو نییە سیاسەتی ماکیافیلیانەی ناو کتێبی «میر» پیادەبکات، چونکە شاشییە بۆ بنیاتنان و پێشکەوتنی هەر میللەتێک. ئێمە دەبێت خوازیاری کولتووری سەرڕاستی و ڕاستگۆیی و دەروەستبوون بە ئەخلاقو بەها جوانەکان بین، نەک کولتووری بەرژەوەندییە تاکەکەسی و خۆپەرستییەکانو لەسەر حسابی بەرژەوەندییەکانی خەڵک. ئەگەر دەسەڵات هەڵقوڵاوی ژینگەکەی خۆی بێت، ئەوا دەبێت گوزارشت لە بەرژەوەندییەکانی خەڵکی ئەو ژینگەیە بکات، چونکە کولتووری پاراستنی مافەکانی گشت کۆمەڵگە، نەک دەستەبەرکردنی بەرژەوەندییە تاکەکەسییەکان، دەبێتە مایەی پێشکەوتنی کۆمەڵگەو سیستەمە سیاسییەکان.

لێکدابڕانێکی زۆر لەنێوان وتەو کرداری دەسەڵات و بانگەشەکاراندا بەدیدەکرێتو خەڵک چیتر بڕوای بە ڕستەی بریقەدارو دەستەواژەی هەنگوینی نەماوە، چونکە بەچاوی خۆیان دەبینن چ ڕیاکاری و بانگەشەکارییەک بالادەستەو چ جۆرە وتارگەلێگ لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا بڵاودەبنەوەو دەزانن ئەو زماندرێژانەی وتارەکان دەنووسن کورتەبالان لەئاست دەسەڵاتدا. جا دەپرسین: ئایا هۆکاری ئەوە دەسەڵاتە، یان بونیادە ڕۆشنبیری و پەروەردەییەکەی سیاسەتمەدارانو بانگەشەکارانە، یاخود ئەو خەڵکەی بەردامبوونی داوەتە ئەو جۆرە ڕەفتارانە؟

ڕۆژنامەی ئاسۆ ژمارە (١٤٣٢)/ ٢٨-٣-٢٠١١

## ناتوندوتیژی شێوازی هاوچەرخی خەباتە

کاتێک گوێمان لە کەسێک دەبێت باسی خەباتی ناتوندوتیژی دەکات، بە گومان و ورياييەوە يان دەم بە زەردەخەنەی گاڵتەجاڕییەوە تێی دەڕوانین. ئەو کاردانەوەیەش سروشتی نییە، بەڵکو کولتوورییە. چونکە ئەزمونەکانی کۆمەڵگەی کوردستان هەمیشە چارەسەرکردنی توندوتیژانەیان خستۆتەڕوو، نەک خەباتی ناتوندوتیژانە، زۆرجاریش ناتوندوتیژی وەک ترسنۆکی و خۆبەدەستەوەدان و چۆکدادان لێکدراوەتەوە.

یەکەمین هەنگاو ڕووەو ناتوندوتیژی، هۆشمەندبوونە بەرامبەر بەو دۆخە سیاسیو کۆمەڵایەتی و کولتوورییەی باری شانی گرانکردوین و وای لێ کردوین توندوتیژی نەک هەر بە پێویست بزانین، بەڵکو بە پیرۆزی دابنێین. بەوپێیەی زۆربەی ڕەوتە زاڵەکانی ناو کۆمەڵگەکەمان توندوتیژییان بەرزڕاگرتووەو گرێیانداوەتەوە بە چەمکەکانی وەک ئازایەتی، جوامێری، بوێری، قوربانیدان، پیاوەتی، دادپەروەری و ئازادییەوە. ئەمەش بەجۆرێک، کە توندوتیژی هەر لە ئاگاییماندا نیشتەجێ نییە، بەڵگو لە نائاگایشماندا جێگیرە. بێگومان بارودۆخی زاڵی ناو کۆمەڵگەو ڕووبەڕووبوونەوەی کێشە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانیش یاریدەدەربوون بۆ چەسپاندنی ئەو تێڕوانینە.

دەکرێت بەچەند شێوزاێک پێناسەی ناتوندوتیژی بکەین، لەوانە:

١/ناتوندوتیژی ڕەفتارێکی ئاشتیخوازانەی هێمنانەیە، بۆ هەڵکردن و گونجان لەگەڵ ئەوانی دیکەو خۆ بەدوورگرتنە لە بەکارهێنانی هێزو پێکدادان لەگەڵ نەیارو ناکۆکەکاندا، تەنانەت ئەگەر ئەوە زیانی ماددیشی لێ بکەوێتەوە.

٢/ناتوندوتیژی ڕەفتارێکی ئەقڵانییە بۆ خۆپاراستن لە ململانێی توندوتیژ لەگەڵ ئەوانی دیکە، بەمەبەستی هێنانەدیی ئاشتی، تەبایی و ڕێککەوتن و دوورکەوتنەوە لە شەڕو پێکدادان، کە زیانی زۆری لێ دەکەوێتەوە.

٣/ناتوندوتیژی جۆرێک هوشیاریی کۆمەڵایەتی و کولتوورییە، کە وا لە تاک دەکات دان بە مافی خۆی و ئەوی دیکەدا بنێو سنوور بۆ پێکدادان و شەڕ دابنێ.

٤/ناتوندوتیژی پراکتیکێکی شارستانیانەیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەو ململانێکان

لەگەڵ ئەوانی دیکە، بەگرتنەبەری شێوازی مرۆڤانەی ئاشتیخوازانە، کـــە دەبێتە هۆی ئارامکردنەوەو هەڵکردن لەگەڵیاندا.

٥/ناتوندوتیژی بەرپاکردنی ململانێیەکی بڕیاردەرانەیە دژی دوژمنێکی سەرسەخت، بەگرتنەبەری پلانی تۆکمە و بەکارهێنانی ئامڕازی سیاسی بۆ تێکشکاندنی ویستی بەرامبەر، بەگرتنەبەری ئامڕازی ناتوندوتیژی کاریگەر.

دەکرێت ناتوندوتیژی لە سێ ئاستدا بەدیبکەین: ئاستی خود، پەیوەندیی نێوان تاکەکان، پەیوەندییە سیاسیو کۆمەڵایەتییەکان.

ناتوندوتیژی لەسەر ئاستی خود، مانای کۆششکردنە بۆ یەکگرتوویی ژیان لە ڕووی هەستوسۆز، بیرو کردارەوە. واتە بەخشینی مانایەک بە ژیان، بوونو پەرەسەندنی سروشتیمان.

ناتوندوتیژی لەسەر ئاستی پەیوەندیی نێوان تاکەکان، مانای پەنابردنە بۆ دیالۆگ و پێکگەیشتن، بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشەو گرفتەکان. هەروەها هەڵکردنە لەگەڵ جیـــاوازی و فرەڕەنگیـــداو پێکەوەژیانـــە بەپێی پەیمانێکی کۆمەڵایەتی.

ناتوندوتیژی لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی و سیاسیش، مانای داننانە بەمافی کەسە بێدەرەتانەکانداو ڕێزگرتنی ئەو مافانەیە. هەروەها مانای بوونی دادپەروەریو بەشداریکردنە.

ناتوندوتیژ (وەک شێوازێکی هاوچەرخی خەبات) چەندین ئامڕازی هەیە، کە دەکرێت لە ژێر سێ ناونیشاندا کۆیانبکەینەوە: ناڕەزایی دەربڕین و بڕواهێنان، هاریکاری نەکردنی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی، دەستێوەردانی ڕاستەوخۆ.

## یەکەم/ ناڕەزایی دەربڕینو بڕواهێنان:

وەک ڕاگەیاندنی ڕەسمی (نامەی ناڕەزایی و لایەنگیریکردن، بەیاننامەو یاداشتنامە)، ئاخاوتن لەگەڵ خەڵک (دروشم یان کاریکاتێر، لافیتە، نامیلکەو کتێب، ڕۆژنامە، ڕادیۆو تەلەفزیۆن)، ناڕەزایی دەربڕینی بەکۆمەڵ (وەفدی خەڵک، گرووپی فشارو مانگرتن)، کاری سمبولکارانەی گشتی (پۆشینی جلوبەرگی تایبەت، بەکارهێنانی ڕووناکی بەمەبەستی تایبەتی، نیشاندانی تابلۆی شێوەکاریو وێنەو بەکارهێنانی دەنگ وەک سمبول)، فشارهێنان بۆ تاکەکان (ڕەخنەگرتن لە بەرپرسان و گفتوگۆی ڕاستەوخۆ لەگەڵیان)، شانۆو مۆسیقا (بەکارهێنانی شانۆی ڕەخنەگرانەو مۆسیقاو گۆرانی) و ڕێپێوان.

## دووەم/ هاریکاری نەکردن:

١/هاریکاری نەکردنی کۆمەڵایەتی: وەک بایگۆتکردنی کۆمەڵایەتی، نیشان نەدانی هەستوسۆز، حەرامکردن، هەڵپەساردنی چالاکیی کۆمەڵایەتی و وەرزشەوانی، بایگۆتکردنی مەسەلە کۆمەڵایەتییەکان، مانگرتنی خوێندکاران، کشانەوە لە دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان، لە ماڵەوە مانەوە، نەچوونە سەر کار، گۆشەگیری، ونبوونی بەکۆمەڵ و کۆچکردنی ناڕەزایی.

٢/هاریکاری نەکردنی ئابووری: وەک بایگۆتکردنی ئابووری (بایگۆتکردنی بەرخۆران، بەکارنەبردنی بەرهەم، سیاسەتی تەقەشف، نەدانی میرانە، بەکرێ نەگرتن، نەکڕینی بەرهەمی خۆماڵیو بیانی). مانگرتن (ناڕەزایی جوتیارانو کرێکاران) و کارنەکردن.

٣/هاریکاری نەکردنی سیاسی: وەک ڕەتکردنەوەی دەسەڵات (لێسەندنەوەی وەلا، لایەنگیریی نەکردن و بانگەشەکردن بۆ بەرەنگاربوونەوە)، هاریکاریی نەکردنی حکومڕانی (بایگۆتکردنی پەرلەمان، هەڵبژاردن، کاری حکومەت و دامودەزگاکانو لابردنی تابلۆو هێمای شوێنەکان) و مانگرتنی جەماوەری و مانەوە لە ماڵەوە.

## سێیەم/ دەستێوەردانی ڕاستەوخۆ:

دەستێوەردانی دەروونی (مانگرتنی نان نەخواردن)، جەستەیی (مانگرتن بەپێ و دانیشتن و پاڵکەوتنەوە، دانانی لەمپەر لەسەر ڕێگەکان، داگیرکردنی ناتوندوتیژانەی شوێنێک)، کۆمەڵایەتی (دروستکردنی شێوازی کۆمەڵایەتیی نوێ، دەستی دەستی پێکردن، بایگۆتکردنی قسەکردن)، ئابووری (مانگرتن، پڕکردنی بازاڕ لە کاڵا، بازاڕو هاتوچۆی ئەڵتەرناتیڤ)، سیاسی (دەرخستنی ناوی گەندەڵەکان و بەکرێگیراوان، خواستی زیندانیبوون، سەرپێچیکردنی یاسا).

ناتوندوتیژی (وەک شێوازێکی هاوچەرخی خەبات) چەند بنچینەیەکی هەیە، لەوانە:

-تێکۆشانی ناتوندوتیژانە، بەرەنگاربوونەوەیە، نەک ناڕەزایی دەربڕین، چونکە دەشێت مرۆڤ ناڕەزایی بەرامبەر بە شتێک دەربڕێت و دواتر بچێتەوە ماڵەوە، بەڵام بەرەنگاربوونەوە بەردەوامبوونە هەتاکو بەدەستهێنانی ئامانج.

-تێکۆشانی ناتوندوتیژانە، بەدەستهێنانی لایەنی سێیەمە، چونکە ململانێی نێوان دوو لایەن تەنیا بە دوو لایەنەکە یەکلاناکرێتەوە، بەڵکو پێویستە لایەنی سێیەم بەدەستبێت، ئەویش کۆمەڵگەیە.

-تێکۆشانی ناتوندوتیژانە سەروو دەستوورە، واتە پەنابردنە لە کاتی پێویستدا بۆ

سەرپێچیکردنی یاسا، کە لەلایەن چەوسێنەرانەوە جڵەودەکرێت و لێکدەدرێتەوە، ئەمەش کاتێک ئاڕاستەی تێکۆشان لە خاوەوە بۆ گەرم دەچێت.

–تێکۆشانی ناتوندوتیژانە، ئاشکرایە نەک ژێرزەمینی.

–تێکۆشانی ناتوندوتیژانە، کارێکی ڕاستەوخۆی کاریگەرە، واتە پەنابردنە بۆ کاری وەک مانگرتن و خۆپیشاندان و بایگۆتکردن...هتد.

–تێکۆشانی ناتوندوتیژانە، بەرکەوتنی ناڕاستەوخۆیە، واتە ڕووبەڕوونەبوونەوەی ڕاستەوخۆیە بۆ لاوازکردنی بەرامبەرو پەرەپێدانی خۆیی.

–تێکۆشانی ناتوندوتیژانە پەنانەبردنە بۆ توندوتیژی.

–تێکۆشانی ناتوندوتیژانە مامەڵەکردنە لەگەڵ شیاو و ڕاستدا، واتە ئەوەی دەشێت بکرێت و ڕاستە لەلایەن چالاکوانانەوە، نەک ئەوەی لە ڕوانگەی دەسەڵاتو کۆمەڵگەوە شیاو و ڕاستە.

لەکۆتاییشدا پێویستە هێما بۆ چەند تێڕوانینێکی چەوت بکەین، کە لەناو خەڵکدا باڵادەستن، لەوانە:

١/خەباتی توندوتیژانـــە کاریگەرترەو خێراتر دەگاتـــە ئامانج، بەڵام تێکۆشانی ناتوندوتیژانە لاوازی و ملکەچی و خۆبەدەستەوەدانە.

٢/بوونی سەرکردەیەکی کاریزمی گرنگە بۆ تێکۆشانی ناتوندوتیژانە.

٣/تێکۆشانی ناتوندوتیژانە ناوچەگەرانەیە، نەک سەرتاسەریانە.

٤/بوونی بڕوایەکی ئایینی گرنگە بۆ تێکۆشانی ناتوندوتیژانە.

٥/تێکۆشانی ناتوندوتیژانە تەنیا بۆ ئەو سـیستەمانە باشە کە مافەکانی مرۆڤ دەپارێزن.

ڕۆژنامەی ئاسۆ ژمارە (١٤٤٢)/ ١١-٤-٢٠١١

## کولتووری ڕەتکردنەوەی ئەوی دیکە

کولتووری ڕەتکردنەوەی مافی هەڵوێستوەرگرتنی جیاواز لە بیروڕای باو یان ناکۆک بوون لەگەڵیدا، مانای دەرفەت نەڕەخسانە بۆ فرەدیدەیی و پێکەوە ژیانی بیروڕا جیاوازەکان. ئەم کولتوورەش دژی چەمکی کۆمەڵگەی مەدەنییە، چونکە ئەمجۆرە کۆمەڵگەیە، بەبێ فرەدیدەیی، مەحاڵە سەرهەڵبدات و دابمەزرێت. ئەو ڕەتکردنەوەیە یەکێکە لە خەسڵەتەکانی سیستەمی جەنگەڵستان، کە تیایدا بەهێز لاواز لەناودەبات، یەکێکیشە لە خەسڵەتەکانی توندڕەوی و دەمارگیری، کە ڕێگە بە سەرهەڵدانی فرەدیدەیی نادەن. هەروەها ئەو ئینکارکردنە نیشانەی داخرانی ئەقڵی و فیکرییە، چونکە داخرانە بەسەر خۆدا. وێڕای ئەوانە، ئەو ئینکارکردنە مانای سەرکوتکردنی ئازادیی بیروڕاو سیاسی و زمان و قەڵەم بەستنەو هەڕەشەیە بۆ سەر هەر تێڕوانینێکی جیاواز.

کولتووری ڕەتکردنەوەی بیروڕاو هەڵوێستوەرگرتنی جیاواز لە زۆربەی کۆمەڵگەکانی وڵاتە تازەپێگەیشتووەکاندا - بە کوردستانیشەوە - باڵادەستە، ئەوەش بەبیانوی مسۆگەرکردنی کۆدەنگیی گشتی. ئاشکرایە هەتاکو ژمارەی ئەو مەسەلانەی گفتوگۆیان لەسەر دەکرێت کەمبن، ئەوا هێنانەدیی کۆدەنگی ئاساندەبێت، بەڵام هەرکاتێک ئەو ژمارەیە زیاتربوو، ئەوا هێنانەدیی کۆدەنگی سەختدەبێت. یەکێک لە نیشانەکانی ئازادیی سیاسی و کۆمەڵایەتی و بیروڕا، زۆربوونی ئەو مەسەلانەیە کە هاوڵاتیان دەتوانن ڕایان لەسەر دەربڕن و گفتوگۆیان دەربارە بکەن، بەمەبەستی قبوڵکردن یان ڕەتکردنەوە، ئەوەش بەبێ ترسو سڵەمینەوە لە تۆڵەسەندنەوەی دەسەڵاتدارانی ڕەسمی و ناڕەسمی، حکومیو ناحکومی. چونکە لە ڕێگەی ئەو ئازادییەوە دەکرێت کارلێککردن و گفتوگۆی بەرهەمدار دەستەبەربێت و دەرگا بەڕووی داخرانی ئەقڵی و فیکریدا دابخرێتو دەرفەت بۆ کرانەوەی ئەقڵی و فیکری بڕەخسێت.

لە سایەی کولتووری ڕەتکردنەوەو دەمکوتکردندا، ئەوانەی جڵەوی تاکەبیروڕا دەکەن، دەتوانن خەسڵەتی «کۆدەنگیی نیشتیمانی» ببەخشنە بیروڕاکانی خۆیان،

ئەوەش دەبێتە هۆی پەراوێزخستنی بیروڕای ئەوانی دیکە و شێواندنی وێنەکەیان و ناوزڕاندن و تاوانبارکردنیان. بێگومان یەکگرتوویی میللەت بە سەپاندنی تاقە بیروڕایەک نایەتەدی، بەڵکو کاتێک دێتەدی کە بنکەی کۆدەنگی بەجۆرێک فراوانبکرێت، جێگەی گشت بیروڕا جیاوازەکانی تێدا ببێتەوە. «یەکدەنگی» لە ڕێگەی تاقە بیروڕایەکەوەو دوورخستنەوەی بیروڕاکانی دیکە، مانای پارچەپارچەکردن و تەفروتوناکردنی دەنگەکان و بەهەدەردانی وزەو کۆششە جیاوازەکانە، بەوپێیەی خاوەن بیروڕا جیاوازە دوورخراوەکان هەست بە دڵشکاوی دەکەن و گۆشەگیری هەڵدەبژێرن، بەوەش وەزەو توانای زۆر لە کیس میللەت دەچێت، یان کەناڵی تر بۆ بەتاڵکردنەوەی توڕەوبوون و بێزاری خۆیان دەدۆزنەوە، بەوەش گرفت و قەیرانی گەورە سەرهەڵدەدات.

دەرفەت نەدان بەوەی خاوەن بیروڕا جیاواز یان ناکۆکەکان گوزارشت لەخۆیان بکەن، نیشانەی خەوشییەکی گەورەیە لە کولتووری باڵادەستداو مانای خۆپەرستی، کورتبینی، نادیموکراتیبوون و توندوتیژییەو کەشێکی ترسی دەروونی و فیکری دەرەخسێنێت، کە ناکرێت لە سایەیدا ژیانێکی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و فیکریی بەهێز دەستەبەربێت.

بێگومان دەستەواژەگەلی وەک (قۆرخکردن، تاکڕەوی، ناردن بەبێ وەرگرتن) دەبێتە مایەی شڵەژان و ناکۆکی لەگەڵ ئەو توێژانەی باوەڕیان بە فرەدیدیو هەمەڕەنگی و بەشداریکردن و ئازادی هەیەو بانگەشەیان بۆ دەکەن. بۆیە ڕاست نییە هیچ کەسێک تۆمەتباربکرێت و سوکایەتی پێ بکرێت، تەنیا لەبەرئەوەی بیروڕاو تێڕوانینی جیاوازی هەیە، یان ناکۆکە لەگەڵ ڕەوتی باودا. هەروەها هەڵەیە تەنگ بە ڕۆژنامە یان گۆڤارەکان هەڵبچنرێ یان، هەوڵی داخستنیان بدرێت، تەنیا لەبەر ئەوەی خاوەن پەیامی جیاوازن و ڕازی نین بەپێی ڕێسا باوە باڵادەستەکان سەمابکەن. پێویستە حوکمڕانی هی هەموان و گشت هاوڵاتیان بێت، نەک تەنیا هی ئەوانەی دەسەڵاتیان بەدەستەوەیە. حوکمڕانی ئەگەر هی هەمووان نەبێت، حوکمڕانییەکی کەموکوڕ دەبێت. لە ڕوانگەی بیروڕای دیموکراتیو پێشکەتنخوازیشەوە، نابێت ڕێگە بەهیچ توێژ و لایەنێک بدرێت بە زەوق و ویستی خۆی مامەڵە لەگەڵ کۆمەڵگە بکات و بەبێ بەشداریکردنی گشت توێژەکان چارەنووسی کۆمەڵگەو داهاتووەکەی دیارییبکات. لەو بارودۆخەدا کە تاقە گرووپێک چارەنووسو داهاتووی کۆمەڵگە دیاریدەکات و بڕیارسازی قۆرخدەکات، پێویستە خاوەن بیروڕا پێشکەوتنخوازەکان و دیموکراتخوازەکان دژی بوەستنەوەو ئەڵتەرناتیڤی گونجاو بخەنەڕوو.

لە وڵاتە تازەپێگەیشتووەکاندا- بەکوردستانیشەوە - کەشوهەوای سەرکوتکردنی تاکلایەنانە لەئارادایە، کە پەراوێزێک بۆ هەڵەکردنی خودو ڕاستبوونی ئەوانی دیکە ناهێڵێتەوە. نەبوونی پەراوێزێک بۆ هەڵەکردن دەشێت ئەنجامی بڕوابەخۆبوونی ڕەهای خاوەن بیروڕا تاکڕەوەکان و بەهەڵەدانانی بیروڕاکانی ئەوانیتر بێت. ئەو سەرکوتکردنەش بەشێوەی تاوانبارکردن و بەخائینکردن و ناوزڕاندنو سوکایەتیپێکردنی نووسەرو ڕۆشنبیران خۆی نواندوە. بێگومان سەرکوتکردنی بیروڕای جیاواز، ئاستەنگ لەبەردەم پەرەسەندن و داهێنانی ڕۆشنبیریدا دروستدەکات و ناکرێت دیموکراسی لە کۆمەڵگەیەکدا بەرقەراربێت، کە سەرکوتکردنی بیروڕا پیادەبکرێت و تاقە توێژێک بڕوای وابێت حەقیقەت بەدەست ئەوەوەیە و هەر خۆی وەڵامی تەواوی گشت پرسیارەکانی لایەو چارەسەری تێکڕای گرفت و کێشەکان بەدەست خۆیەوەیە و توێژەکانی دیکە هەڵەن و دەبێت فەرامۆشبکرێن.

ڕۆژنامەی ڕووداو ژمارە (١٤٠)/ ٦-١٢-٢٠١٠

## هاوڵاتی ناوکی ڕەوایەتیی نوێیە

ئەو گۆڕانکاریانەی لە واقیعی ئیمڕۆی کۆمەڵگەی کوردستاندا هاتوونەتەئاراوە، پێویستە ببنە هۆی خولّقاندنی بیرکردنەوەیەکی نویّ، کە کۆڵەکەکانی بریتین لە دیموکراسی، کرانەوە، پێکگەیشتن لەگەڵ ئەوی دیکە، ڕێزگرتنی تێڕوانینو بۆچوونە جۆربەجۆرەکان و دەرفەت بڕەخسێنرێت بۆ دیالۆگی هەمەلایەن و کراوە سەبارەت بەهەموو مەسەلەکان. چونکە بەبێ چەسپاندنی ڕێساو بەهاکانی دیموکراسی لە کۆمەڵگەکەمان و گشت کایەو بوارەکاندا، مەحاڵە لە دەرفەتە ڕەخساوەکان بگەین و بەرەنگاری تەحەدا گەورەکان ببینەوەو ئەستەمە حوکمڕانی هی هەموو هاوڵاتیان بێت و کۆمەڵگە بەهەموو جیاوازی و فرەڕەنگییەوە یەکڕیزبێت، بەشێوەیەک کە هەموان بەشداریی لە ژیانی گشتیدا بکەن و هیچ لایەنێک لە دەرەوەی پڕۆسەی بنیاتنان نەبێت و هەست بە زوڵملێکردن و پەراوێزخستن نەکات، بەڵکو هەموولایەک بەکردەوەو واقعیانە بڕوا بەوە بهێنن، کە کوردستان هی هەموانە بەبێ جیاوازی و ئەو جیاوازی و جیاکارییە وەلاوەنراون، کە هۆکاری کینەو شڵەژانو ململانێی دوژمنکارانە بوون.

کوردستان، لەسایەی ئەو گۆڕانکاریانەی ڕوویانداوە، تەنیا لەسایەی ڕەوایەتییەکی نوێدا دەتوانێ بەردەوامبێت، ئەو ڕەوایەتییەی ئەنجامی چاکسازیی سیاسیو فراوانکردنی بنکەی بەشداریکردن و جێگیرکردنی بەهاو دامەزراوەکانی دیموکراسی لە پەیوەندییەکانی نێوان حوکمڕانی و کۆمەڵگە دێتەئاراوە. ئەم پڕۆژەهەنگاوەش پێویستی بە ناوکێکی توندوتۆڵ هەیە، کە ئەرکی هێنانەدیی ئەو ئامانجانە و بەرجەستەکردنیان لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا دەکەوێتەئەستۆ، ئەویش هاوڵاتیی هوشیارو ئازادو چالاکە. ئەمەش بەبێ گێڕانەوەی بایەخی سیاسیو مافداری بۆ هاوڵاتیان، بەشێوەیەک کە ڕۆڵی خۆیان ببینن و مافەکانی خۆیان بەدەستبهێنن و ئەرکەکانی سەرشانیان جێبەجێبکەن، نایەتەدی.

لێرەشدا گەیشتن بە پرنسیپی هاوڵاتیبوون و دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانی لە ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا، لەسەر ئاستی پراکتیکی، پێویستی بە کارو

تێکۆشانی زۆر هەیە، بۆ ڕزگاربوون لەو بازنەو ڕەفتارانەی ڕێگرن لەبەردەم شادبوون بەو پرنسیپەی جەغت لەسەر ئازادی و یەکسانی دەکاتەوە. پێدەچێت لاوازبوونی ویستی سیاسی بەرامبەر بەو پرنسیپە، هۆکاری تێکچوونی بارودۆخی کۆمەڵگەکەمان و پاشەکشە بێت لە زۆر بوارو کایەدا. چونکە ئەگەر مرۆڤی کوردستان هەست بە مرۆڤبوونی خۆی نەکات و مافەکانی خۆی لە فەوتانو گەمەپێکردن نەپارێزێ، ئەوا پەیوەندیی چاوەڕوانکراوو خوازراوی لەگەڵ واقعی سیاسی و کۆمەڵایەتیی خۆی نابێت. سەرەنجامیش کەلێنی نێوان دەستەبژێری سیاسیی باڵادەست و سەرجەم میللەت، بەپێکهاتە جیاوازەکانیەوە، فراوانتردەبێتو بێمتمانەیی و ناکۆکیی قوڵ سەرهەڵدەدەن. ئەوەش دەبێتە مایەی هاتنەئارای شڵەژان و نائارامی و لەناوچوونی سەقامگیری و دەرکەوتنی زیاتری ڕواڵەتەکانی توندوتیژی، کە هەڕەشە لە چارەنووسی هەموولایەک دەکات.

لەم دەرفەتەدا گرنگە جەغت لەسەر چەند مەسەلەیەک بکەینەوە:

یەکەم: دادپەروەریی لە بوارە جۆربەجۆرەکانی ژیانی کۆمەڵگەدا، ڕێگەچارەیە بۆ هێنانەکایەی چەمکی هاوڵاتیبوون لە واقیعی کۆمەڵایەتیماندا، چونکە هاوڵاتیبوون هاوسێیەتیی جوگرافیانە نییە، بەڵکو بنیاتنانی ڕۆشنبیری و دەروونییە، بەشێوەیەک کە گشت هۆکارەکانی گومانی دوولایەنەو ململانێی دوژمنکارانەو بەکژداچوونەوە تێدەپەڕێنێ. ئەم خواستەش بەبێ دادپەروەریی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیو ڕۆشنبیری مەیسەرنابێت. لەبەرئەوەی هاوڵاتیبوون، بەبێ دادپەروەری و یەکسانیو دەرفەتی وەک یەک بوونی نابێت و بەبێ بنیاتنانی دیموکراسی و بەشداریکردنی گشتیو دادپەروەریی لە کۆمەڵگەدا هەستی هاوڵاتیبوون گەشەناکات و بەهاکانی دەروەستبوونی نیشتیمانیی دروست ناخەملێن. بەوپێیەش ستەمکاری و دەمگرتنی خەڵک و زەوتکردنی ئازادییە گشتییەکان دژی پرنسیپی هاوڵاتیبوونن و هاوڵاتیبوون لە کۆمەڵگەیەدا گەشەناکات، کە بەدەست ئەو دەردانەوە دەناڵێنێ. ئەمەش پێویستی بە بەرنامەیەکی نیشتیمانیی هەمەلایەن هەیە، بۆ چاکسازیو گەشەپێدانی بارودۆخی سیاسی و ئابووری، بەشێوەیەک هاوڵاتی گشت پێداویستییەکانی بۆ دەستەبەرکرابێت و هەست بە دڵنیایی و ئاسوودەیی بکات و متمانەی بە ئێستاو داهاتووی وڵاتەکەی هەبێت. دادپەروەریش، لە یەکێک لە ڕووەکانیەوە، مانای ڕزگاربوونە لە هەژاری و نەفامی و نەخۆشی و بەدەستهێنانی ئاستێکی شایستەو شیاوی بژێوی و خزمەتگوزارییە.

دوەم: کۆمەڵگەی کوردستان پێویستی بە دەستورێکی هەموارکراوە لەلایەن هاوڵاتیانەوە، بۆ ڕێکخستنی گشت کاروبارەکانی کۆمەڵگە و دەستنیشانکردنی

دەسەڵات و بەرپرسیارێتییەکان و وادەکات گشت دامەزراوەکانی حوکمڕانی ملکەچی یاساکانی بن. زیادەڕۆیی نییە ئەگەر بڵێین، پەرەسەندنی پاوانکردن و تاکڕەویی بیروڕا لای ئێمە، لە یەکێک لە ڕووەکانیەوە، دەگەڕێتەوە بۆ نائامادەیی دامەزراوەیی دەستوری، کە ئەرکی کۆنترۆڵکردنی حوکمی ڕەها و ستەمکاری و ڕەوتی تاکڕەوی لەئەستۆیە. لێرەشدا چاکسازیی سیاسی بە بانگەشەکردن یان هەنگاوگەلی تەکتیکی مەیسەرنابێت، بەڵکو پێویستی بە دەستورێکی هەموارکراوە لەلایەن خەڵکەوە، کە تیایدا ویستی چاکسازی ڕەنگبداتەوەو دامەزراوەکانی حوکمڕانی تەبادەکات لەگەڵ ویستیی گشتیی هاوڵاتیاندا. بەوپێیەی چاکسازیی سیاسی هەمیشە پێویستی بە بناغەیەکی یاساییە و ئەو بناغەیەش دەستوری هەموارکراوە. بەو جۆرە پرۆژەی چاکسازیی سیاسی پێویستی بە سەرچاوەیەکی دەستوری و شەفافیەت و پابەندبوونی گشت هێزەکانی کۆمەڵگەو ناوەندەکانی هێزە بە یاساکان و دەستورەوە. چونکە بەبێ دەستورێک و سیستەمێکی یاسایی، کە ئازادییەکان دەستەبەردەکات و مافەکان و دەستکەوتەکان دەپارێزێ و پرۆسەی پێشبڕکێ و ململانێ ڕێکدەخات، مەحاڵە وێنای چاکسازییەکی سیاسیی ڕاستەقینە بکەین. بەوپێیەی دەستور بەرگرییە دژی دووبارەبوونەوەی هەڵەو تراژیدیاکانی ڕابردوو و داخوازییەکی نیشتیمانی هەموانەو تەبایە لەگەڵ سەردەمی هاوچەرخدا.

سێیەم: بێگومان یەکڕیزیی نیشتیمانی لەسایەی هەلومەرجی ئێستاو هەڕەشە گەورەکاندا پێداویستییەکی مێژووییەو دەبێت بایەخێکی زۆری پێ بدەین، بەڵام هەڵەیە بەدەر لە پێویستیی چاکسازی و دارشتنەوەی ئەو یەکڕیزییە بەشێوەیەک کە تەبابێت لەگەڵ بەهاکانی دادپەروەری و ئازادی و لێبوردەییدا، مامەڵە لەگەڵ ئەو چەمکەدا بکەین. چونکە ئەو یەکڕیزییەی زۆرەملێیانە بنیاتدەنرێ تەمەن کورت دەبێت. هەروەها ئەو یەکڕیزییەی ڕێزی مافەکانی مرۆڤ و تایبەتمەندییەکانی پلورالیزم (هەمەلایەنی) ناگرێت، بناغەیەکی پتەوی نابێت. بۆیە پێویستە جەغت لەسەر پێویستیی نوێکردنەوەی بنەماکانی یەکڕیزی بکرێتەوەو کاربکرێت بۆ دارشتنی خودی نیشتیمانی لەسەر بنچینەگەلی دادپەروەرانەتر و مرۆڤانەتر. لەبەرئەوەی نابێت ئەو هەڕەشانەی ڕووبەڕوومان بوونەتەوە وامان لێ بکەن ئەو پێویستییە فەرامۆشبکەین، چونکە بونیادی ڕاست و دروست، یاریدەدەرە بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەڕەشەکان و بەپیرەوەچوونی پێداویستییە هەنوکەییەکان.

## هەڵوەستەیەک لەئاست بزووتنەوەی ڕیفراندۆمدا

دوای ڕووخاندنی ڕژێمی سەدام، بەدەستپێشخەریی دەستەیەک ڕۆشنبیری باشووری کوردستان، بزووتنەوەی ڕیفراندۆم هاتەئاراوە بۆ: بەرەنگاربوونەوەی هەڕەشەکانی قۆناغەکە، هوشیارکردنەوەی خەڵکی کوردستان، پەرەدان بەبەشداریکردنی سیاسی، ڕێگەگرتن لە دووبارەبوونەوەی ئەو پلان و تراژیدیانەی دەیان ساڵ بوو بەدەستیانەوە گیرۆدەبووین.

بزووتنەوەی ڕیفراندۆم بە فیت و هاندانی هیچ کەس و لایەنێک دانەمەزرا، بۆ زۆرکردنی دەنگی سندوقەکانی هەڵبژاردنی هیچ حیزبێکیش نەبوو. هەروەها مەبەست ئەوە نەبوو وەک هێزێکی سیاسی جەماوەر بۆ گەمەیەکی هەنوکەیی کۆبکاتەوەو بەڵگە بۆ بوونمان بهێنینەوە. کاتێکیش دەستکرایە هەڵمەتی وریاکردنەوەی جەماوەرو کۆکردنەوەی ئیمزاکان، خواست ئەوە نەبوو فریای هێزە سیاسییەکانی کوردستان بکەوین و تەرازووی هێزی ململانێکانی ناو ئەنجومەنی حوکمی ئەو سەردەمە بەلای نوێنەرانی کوردستاندا بشکێنینەوە.

بەرپاکردنی بزووتنەوەی ڕیفراندۆم بەری پێداویستییەکی بابەتی بوو، ئەنجامی هاتنەئارای چەندین مەترسی و نیگەرانیەکانی زۆرینەی خەڵکی کوردستان بوو. بۆ ئەوە بوو دەربیبڕین شێوازی خەباتی پێشوو، ئەو شێوازەی مافی بڕیاردان تەنیا بەدەست هێزە سیاسییەکان و سیاسەتمەدارانەوە بوو، کۆتاییهات و سەردەمی بەشداریکردنی ڕاستەقینەی جەماوەر لە دروستکردنی ئیمرۆ و داهاتووی وڵاتەکەماندا سەری لە بێشکە دەرهێناوەو بڕیاریداوە هەنگاو بەهەنگاو گەورەبێت، نەک لە پڕێکدا لەناوبچێت. بۆ ئەوە بوو بە سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان بڵێین چیدی ڕەوانییە، بێ گەڕانەوە بۆ جەماوەرو لە ژوورە داخراوەکاندا، بڕیار لەسەر مەسەلە چارەنووسسازەکان بدات و دەسەڵات لەناو خودی حیزبێک و نێوان حیزبە باڵادەستەکاندا دابەشبکرێت، چونکە ڕۆژگاری ئەوە هاتوە دیموکراسی لە کوردستاندا جێگیربکرێت. بۆ ئەوە بوو بە ئۆپۆزسیۆنی جاران و دەسەڵاتدارانی ئیمڕۆی عێراق بڵێین، چیدی ڕازی نابین وەک هەشتاوسێ ساڵی جاران سەیرمان بکەن و مامەڵەمان

لەگەڵدا بکەن و بەخواستی خۆیان مافەکانمان بۆ دیارییکەن‌و ئاڕاستەی داهاتوومان دەستنیشانبکەن، هەرگیز ڕازیش نابین بمانکەنەوە هاوڵاتیی پلە دووی بێ ویست و ئیرادە. بۆ ئەوە بوو بە وڵاتە خۆرئاواییەکانی ڕابگەیەنین نەوەی سەرەتای سەدەی پێشوونین، هەتا بە خواستی خۆیان و بۆ مسۆگەرکردنی بەرژەوەندییەکان لە بازاڕی سیاسەتدا هەڕاجمانبکەن و هەرگیز ڕازی نین ببینە قوربانی ئاسایشی نەتەوەیی ئەوان و ئامرازی بەدەستهێنانی ئامانجەکانیان. بە دەنگی بەرز بیدەینە گوێی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا، کە چیدی لێیان قبوڵ ناکەین لەئاست مەینەتیەکانماندا بێدەنگبن و پوشێک نەجووڵێنن، وەک لەسەردەمی هەڵەبجەو ئەنفالدا کاردیان.

یەکێکی تر لە ئامانجەکانی بزووتنەوەی ڕیفراندۆم، دروستکردنی ڕای گشتی بووە، هەتاکو چیدی چارەنووسمان بەبێ ویستی خۆمان، لە هیچ مەسەلەیەکی بچووک و گەورەدا، دیارینەکرێت و نابەرابەرییەکان لە کوردستاندا بەردەوام نەبن. دروستکردنی ڕای گشتیش ئەرکێک بوو دەکەوتە ئەستۆی هەموو ئەوانەی بانگەشەیان بۆ نوێکاری، پەرەسەندن، ئەقڵانیەت، عەلمانیەت، دیموکراسی، کۆمەڵگەی شارستانی و بەها جوانەکانی دیکە دەکرد. بۆیە پێویستی بەبوونی ڕەنگ و بۆنی جیاوازو توخم و فیکری هەمەڕەنگ بوو، وێڕای ناتەبایی و فرەدیدەییەکان بۆ هێنانەدیی ئامانجەکان تێبکۆشن، ئەگینا نەوەکانی داهاتوو ئەوەمان لێ ناکرن، لەبەر جیاوازییەکان، نەمانتوانی بناغە بۆ داهاتوویەکی زامنکار دابنێین.

ڕاستە بزووتنەوەی ڕیفراندۆم هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدا بوو پەیوەندیی باشی لەگەڵ هێزە سیاسییەکانی کوردستان هەبێت و پشتگیری و کۆمەکی ئەوان بەدەستبێنێت، بۆ ئەنجامدانی ئەو ئەرکانەی لەئەستۆیگرتبوو، کە بەبێ هاوکاریی دارایی و لۆجستی ئەوان لە هەردوو ئیدارەی سلێمانی و هەولێر نەدەکارا بەچاکی ڕاپەڕینرێن، بەڵام هەرگیز لایەنگری هیچ لایەنێک نەبوو و ئامانجەکانی خۆی نەخستبووە ناو باوەشی ڕۆژەڤی هیچ لایەنێکەوەو سووربوو لەسەر هێنانەدیی ئامانجەکانی خۆی، کە سەرەکیترینیان ئەمەبوو: با لە ڕێگەی ڕاپرسییەوە لە خەڵکی کوردستان بپرسن و بزانن چۆن دەیەوێ چارەنووسی خۆی دیارییبکات. ئەوەبوو لە کاتی ڕیفراندۆمە ناڕەسمییەکەی خەڵکی کوردستان لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٥دا ڕاشکاوانەو بێ ئەملاوئەولا ٩٨٪ی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان ڕایانگەیاند مافی چارەنووسیان پێ باشەو دەیانەوێ وەک میللەتانی دیکە شێوازی ژیان‌و حوکمڕانیی خۆیان دیارییبکەن. ئەو داخوازییەش بەشێوەیەکی ڕەسمی گەیەنرایە لایەنەکانی حوکمڕانیی عیراق، دامودەزگا نێودەوڵەتیەکان و هاوپەیمانەکان.

ئاشکرایە بەرهەمی کارەکانی بزووتنەوەی ڕیفراندۆم یاریدەدەربوو بۆ ئەوەی بکەرە سیاسییەکانی کوردستان لە بەغدا پێگەی کورد بەهێزبکەن و هەندێک لە ئامانجەکانی خەڵکی کوردستان جێگیربکەن، بەڵام خواستی دیاریکردنی چارەنووس نەبووە ڕۆژەڤی ئەوان، بەڵکو لەبری خستنەگەڕی ئەو داخوازییەی خەڵکی کوردستان، کار بۆ بەرنامەی بنیاتنانەوەی عیراقی فیدرالی خرایە گەڕو بایەخێکی ئەوتۆ بە خواست و میکانیزمەکانی بزووتنەوەی ڕیفراندۆم نەدرا. ئەمەش بەبڕوای من لە دوو لاوە سەرچاوەیگرتبوو:

یەکەم/ لەو ترسەوە کە هێزە سیاسییەکان بەرامبەر بەگەشەکردنی بزووتنەوەکە هەیانبوو و لە ناوەوەو دەرەوەی وڵات پەیامی شێوازێکی نوێی خەباتکردنی دەدا بەگوێی هەمواندا.

دوەم/ بزووتنەوەی ڕیفراندۆم بەلای هێزە سیاسییەکانەوە ئامڕازێکی کاتی بوو بۆ فشارخستنە سەر هێزە عیراقییەکان و هاوپەیمانەکان، بەمەبەستی ملدانیان بۆ داخوازییەکانی ڕۆژەڤی ئەو هێزانە، کە هەرگیز نەدەگەیشتە ئاستی دیاریکردنی چارەنووس.

هەرگیز خواستی کاراکانی بزووتنەوەی ڕیفراندۆم ئەوە نەبوو لە سنووری پڕۆژەی سیاسیی هێزە باڵادەستەکانی کوردستاندا گیربخۆن و خەمسارد پاڵی لێبدەنەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی ژمارەیەکی زۆری ئەندامانی بزووتنەوەکە، بەتایبەتی ئەنجومەنی باڵا، ئەندامی ئەو هێزە سیاسیانەی کوردستان بوون و ڕاییکردنی کارەکانی بزووتنەوەکەش بەپلەی یەکەم پشتی بە هاریکاریی هەردوو ئیدارەی ئەو کاتەی سلێمانی و هەولێر بەستبوو، دوای ڕیفراندۆمە ناڕەسمییەکەی ٢٠٠٥و هەڵبژاردنی پەرلەمان و پێکهێنانی حکومەتی عیراق، ناڕاستەوخۆ دەستنرایە بینەقاقای بزووتنەوەکە و سەرەتا سستکراو دواتریش بەبیانووی تەواوبوونی ئەو ئامانجەی بۆی دامەزرابوو: ئەنجامدانی ڕاپرسی، وەک ئامڕازێک کۆتایی بە کارەکانی هێنرا. بەوجۆرەش بزووتنەوەی ڕیفراندۆم، کە مۆدێلێکی نوێو کاریگەری خەباتی کۆمەڵگەی مەدەنی بوو، لەدەست میللەتەکەمانو هێزە سیاسییەکانیش چوو، لەکاتێکدا دەبوایە زیندوو و چالاک ڕابگیرێ و پشتگیریبکرێت، چونکە گەلێک کێشەی وەک ناوچەکانی جێناکۆکەکان و پێشمەرگە و بودجە و سامانە نەوتییەکان و پێگەی کورد لە عیراقدا یەکلانەکراونەتەوەو بکەرە سیاسییەکانی کوردستان لە بەغدا بەبێ بەشداریکردنی کاراو چالاکانەی میللەت ناتوانن ئەو کێشانە یەکلابکەنەوە.

ئیمڕۆ، ئەنجامی گەشەکردنی بارودۆخ و تواناکان لە هەرێم و پەرەسەندنی

داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان، بەهێزبوونی هەڵمەتی شۆڤێنیستانە لەناو هێزە سیاسییە دەسەڵاتدارەکانی عیراقدا و برەوسەندنی مەیلی کۆنترۆڵکردنەوەی نیشتیمانەکەمان و بنیاتنانەوەی دەوڵەتێکی عیراقی ناوەندیی بەهێزو ئەو گۆڕانکاریانەی بەسەر مەسەلەی کورددا دێت لە تورکیا، دەنگی جۆربەجۆر سەبارەت بە مافی دیاریکردنی چارەنووس لەناو هێزە سیاسییەکان و ڕۆشنبیرانو خەڵکدا بەرزدەبێتەوەو خواستی پیادەکردنی ئەو مافە سەریهەڵداوەتەوە. ئەمەش جارێکی دیکە گرنگیی بزووتنەوەیەکی هاوشێوەی ڕیفراندۆم دەسەپێنێت. چونکە کاراکردن و هێنانەدیی ئەو مافە، پێویستی بە پشتگیریکردنی جەماوەرو ڕاپرسی هەیە، هەتاکو وەک دروشمێک بەئاسمانەوە نەمێنێتەوە. هەروەها هوشیارکردنەوەی خەڵک و بەهێزکردنی بەشداریکردنی سیاسیی ئەوانی گەرەکە، لەناو بزووتنەوەیەکی جەماوەریی فراواندا، کە هەموو ڕەنگ و بۆچوون و ئاقارەکان لەخۆدەگرێت.

ڕۆژنامەی ڕووداو ژمارە (١٤٣)/ ٢٧-١٢-٢٠١٠

## هەتاکو کەی خەمساردی بەرامبەر بە تیرۆری سپی؟

لە دوارۆژەکانی ساڵی ڕابردوودا، بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی هاتوچۆی هەرێم ئامارەکانی ڕووداوەکانی هاتوچۆی بۆ ٢٠١٠ خستەڕوو، کە بەم شێوەیە بوو: سلێمانی (٢٣٩ مردن و ٣٢٦٣ بریندار)، هەولێر بەسۆرانەوە (١٨٣ مردن و ٢٢٤٨ بریندار)، کەرکوک (٩٧ مردن و ٦٥٤ بریندار)و دهۆک (٩٢ مردنو ٦٩٨ بریندار). ئەو ئامارانەش، ئەگەرچی وردبینانەنین، چونکە لەلایەکەوە گوزارشت لە واقیعی حاڵی سەر شەقامەکان ناکەن و گەلێک ڕووداوی تریش هەن لەبەر ڕێکەوتنی عەشایەریی لایەنەکان نەبراونەتە لای لایەنە پەیوەندیدارەکان و تۆمارنەکراون، لەلایەکی دیکەشەوە ڕوون نەکراوەتەوە چەند لەو بریندارانە زیندووی مردوون (پەککەوتەبوون) و زیانە مادییەکان بۆ خێزانەکان و سامانی گشتی چەندە، بەڵام بۆ خۆیان شایانی هەڵوەستەکردنن و مایەی نیگەرانین و گرنگە حکومەتی هەرێمی کوردستان خەمساردنەبێت بەرامبەریان و چارەسەری جیدیی بۆ ڕووداوەکانی هاتوچۆ بدۆزێتەوە، لەبەرئەوەی بە هەڵمەتی تیرۆری سپی دەچێت، کە مەترسییەکان و ئاسەوارەکانی لە تیرۆری سوور کەمترنییە.

لە ڕاگەیاندنەکەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی هاتوچۆی هەرێمدا مرۆڤەکان، واتە شۆفێرەکان و پیادەکان، کراونەتە هۆکاری سەرکیی پێشهاتنی ڕووداوەکانی هاتوچۆ، لەبەر پابەندنەبوونیان بە یاساکان و ڕێنماییەکان و لە دوورو نزیکە هێمانەکراوە بۆ بەرپرسیارێتی خودی بەڕێوەبەرایەتییەکەو لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێم بەرامبەر بەو ڕووداوانە، کە ئەگەر بخرابایەتەڕوو، ئەوا هەنگاوێک لە چارەسەری ئەو گرفتە مەترسیدارە نزیکدەکەوتینەوە. هەروەها ئەگەر ئاوڕ لەو بابەتە دوولاپەڕەییەم بدرابایەتەوە، کە لە سەرەتای مانگی ١٠/٢٠١٠دا بە دوو لاپەڕەی ڕۆژنامەی ئاسۆ بڵاوبۆتەوە، ئەوا بەخۆداچوونەوە لای ئەو بەڕێوەبەرایەتییە ڕوویدەداو حکومەتی هەرێمیش هەنگاوێکی بۆ کارنامەکەی خۆی (لەمەڕ چاکسازیی هاتوچۆ) هەڵدەهێنا.

لەگەڵ ئەوەدا هاوڕام، کە مرۆڤەکان (شۆفێرەکان و پیادەکان) هۆکاری ڕێژەیەکی زۆری ڕووداوەکانی هاتوچۆی کوردستانن، بەڵام پێموانییە بەرپرسیارێتییەکە تەنیا لەئەستۆی ئەواندا بێت، بەڵکو بەشێکی دەکەوێتە ئەستۆی بەڕێوەبەرایەتیی گشتی هاتوچۆو لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێم و ناکرێت فەرامۆشبکرێت. سەرەکیترینی ئەو مەسەلانە مۆڵەتپێدانە. مۆڵەتپێدان لە کوردستان هەتاکو ئێستا بەشێوەیەکی تەقلیدی و سەرەتاییە و ئەو چوارچێوەیەی بۆی دانراوە نابێتە هۆی بەرهەمهێنانی شۆفێر بەواتا زانستییەکەی. شۆفێر کەسێک نییە، کە دەزانێت چۆن سوکان و پایدەرەکانی بەنزین و کلاج و ئیستۆپ بەکاردێنێ و لە تاقیکردنەوەیەکی چەند خولەکیدا پیشانی ئەفسەرێکی هاتوچۆی دەدات، بەڵکو شۆفێر کەسێکە بەخولێکی فێربوونی شۆفێریدا تێپەڕبووبێت و هوشیاریی هاتوچۆی بەدەستهێنابێت و لە تاقیکردنەوەی تیۆریی‌و پراکتیکیدا دەرچووبێت. هوشیاریی هاتوچۆ مانای ئاشنابوونە بە ئوتومبیل و مەرجەکانی توندوتۆڵیی، تێگەیشتنە لە یاساو ڕێساکانی هاتوچۆو خەمساردی نەنواندنە بەرامبەر جێبەجێکردنیان، وریابوونە بەرامبەر بە جۆرەکانی ڕێگەوبان، کارپێکردنی هێڵو هێماکانە، بەکردەوە ئەنجامدانی مانۆرەکانی ئوتومبیل لێخوڕینە، بەبێ دروستکردنی مەترسی و سەغڵەتیی ناپێویست.

لێرەدا ئایا شێوازی مۆڵەتپێدانی هەرێمی کوردستان دەتوانێت ئەو هوشیارییەی هاتوچۆ مسۆگەربکات و فێرخواز لە کۆرسێکی تایبەتیداو بەشێوەیەکی ئوسوڵیو هاوچەرخ بەدەستیدێنێ و ئەزموونی پراکتیکیی تەواو بەدەستدەهێنێ، تا ببێە شۆفێر؟ ئەگەر وەڵامەکە نا بێت، کە بەداخەوە وایە، ئەوە مانای ئەوە نییە بەڕێوەبەرایەتییەکانی هاتوچۆی هەرێم مۆڵەتی ئوتومبیل لێخوڕینیان داوە بە هەزاران کەس کە شۆفێر نین؟ ئەمەش بۆ خۆی نەبۆتە هۆی هەڵئاوسانی شەقامەکان بەو کەسانەی ئوتومبیل لێدەخۆڕن و شارەزای ئوتومبیل لێخوڕین نین و وەک مینی چێنراو بەیەک و ئەوانیتردا دەتەقەنەوەو دەبنە مایەی پێشهاتنی ڕووداوەکانی هاتوچۆ؟ کارەساتەکەش گەورەترنییە، کاتێک مۆڵەتەکە گشتییە، واتە بۆ لێخوڕینی تاکسی و پاس و لۆرییەو پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە سەلامەتیی هاوڵاتیانەوە هەیە، نەک بە سەلامەتیی تاکەکەسیی خودی «شۆفێر»ەوە؟ ئایا بوونی دوو شێوازی مۆڵەتپێدان، دوو جۆر تێگەیشتنی بۆ ئوتومبیل لێخوڕین بەرهەم نەهێناوەو جۆرێک لە سەرلێشێوانی نەخستۆتەوە؟

لایەنێکی دیکە، کۆنترۆڵکردنی سەرپێچییەکانە، چونکە ئەوە یاریدەدەرە بۆ کەمکردنەوەی ڕووداوەکانی هاتوچۆ. ئەوەی لەم بوارەدا بەدیدەکرێت، سەرەتا

خودی ئەو کارمەندانەی هاتوچۆ، کە ئەرکی کۆنترۆڵکردنیان دەکەوێتە ئەستۆ، خاوەن هوشیاریی هاتوچۆی گونجاو نین و لە بارودۆخی سیاسیی کوردستانیشدا ناتوانن کارەکانی خۆیان وەک پێویست و بێ جیاوازیکردن لەنێوان دەسەڵاتدارو بێدەسەڵاتدا جێبەجێبکەن. بۆیە زۆرجار سەرپێچیی زەق بەبەردەمیاندا تێدەپەڕێو فەرامۆشیدەکەن یان بایەخی پێ نادەن. ئەمەش ئەو تێڕوانینەی دروستکردوە، کە یاساشکێنی بێ سزاو لێپێچینەوە تێدەپەڕێت و نابێت خەمی بخورێت. ئینجا مەفرەزەکانی هاتوچۆ وەک پێویست بەدیناکرێن و تەنیا لە بارودۆخی شڵەژاوی ئاساییشدا دەبینرێن، کە پەیوەندیی بە هاتوچۆوە نییە. ئەگەر بەدیشبکرێن لەو سەرپێچیانە ناکۆڵنەوە، کە مەترسیی پێشهاتنی ڕووداو زیاتردەکەن. بۆ نموونە، لێخوڕینی ئۆتومبیل بەبێ مۆڵەت یان بەخێرایی، لێدانی ترافیک لایتی سوور، بەکارهێنانی مۆبایل لە کاتی ئۆتومبیل لێخوڕیندا، بەسەرخۆشی لێخوڕین، سوارکردنی منداڵ بەشێوەی نایاسایی، بەکارهێنانی ئۆتومبیلێک کە مەرجەکانی توندوتۆڵی تێدانییە. لە کاتی لێپێچینەوەشدا سزاکان ئەوەندە بێبایەخن، نابنە بەربەست لەبەردەم دووبارەنەکردنەوەی سەرپێچییەکاندا.

لایەنێکی دیکە، نەخشەسازیی ئەندازەیە. ئەگەرچی ئەندازەی هاتوچۆی بەڕێوەبەرایەتیەکانی هاتوچۆ لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا کاری باشیان لە بواری هێڵکاریی ڕێگەوبانەکان و هێماسازیی هاتوچۆدا کردوە، بەڵام چەندین هەڵە ڕوویانداوە لە بواری دروستکردنی تابلۆکان و شێوازی دانانیان و جۆری هێڵەکانی سەر ڕێگەوبان و شێوازی کێشانیاندا. ئەنجامی ئەوەش، لەلایەکەوە بەهەڵەتێگەیشتن کەوتۆتەوە، لەلایەکی دیکەوە ڕێزیان لێ نەگیراوە. لە هەردوو حاڵەتیشدا دەرفەتی پێشهاتنی ڕووداوی هاتوچۆ زیاتربووە. ئەم مەترسییەش زیاتربووە، کاتێک هەوڵ نەدراوە ئەو لایەنانەی هێماکاریو هێڵکاریی ڕێگەکانی دەرەوەی شار دەکەن، بەپێی ستانداردی جیهانی و ڕێنمایی بەڕێوەبەرایەتییەکانی هاتوچۆ کارەکانیان ئەنجامبدەن، چونکە ئەوە یەکێکە لە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ڕووداوەکانی هاتوچۆ لەسەر ڕێگەکانی دەرەوەی شار.

سەبارەت بە لایەنە پەیوەندیدارەکانیش، دەکرێت ئەم چەند خاڵە بخەمەڕوو:

١/ پشکنینی تەندروستی بۆ بەدەستهێنان یان نوێکردنەوەی مۆڵەت بەشێوەیەکی ئوسوڵی نییەو تەنیا بایەخ بە چاوەکان دەدرێت، لەکاتێکدا چەندین لایەنی تر هەن کە مەترسیان بۆ ئۆتومبیل لێخوڕین هەیە، وەک: ڕەنگ کوێری، شەوکوێری، سەلامەتیی دەست و قاچەکان، پەرکەم و هاوسەنگیی مرۆڤ کە پەیوەندیی بە

گوێچکەوە هەیە. ئەگەر کاتی پێشهاتنی ڕووداوی هاتوچۆ پشکنینی ورد بکرێت، دەردەکەوێت هەندێک جار لایەنی تەندروستی هۆکارێکی سەرەکی بووە.

٢/ ڕێگەوبانەکانی کوردستان مەرجەکانی سەلامەتخوازانەیان تێدا نییەو هۆکارێکی گرنگی پێشهاتی ڕووداوەکانن، بەشێکیش لە نەخشەسازیی بنەڕەتیی ڕێگەوبانەکانی گرفتهێنەرن، نەبوونی ڕووناکیی پێویست لەسەر شەقامەکانی ناوشارو بوونی تاسەی دەستکردی هەڕەمەکی و نادروستیش هۆکارێکی تری سەرهەڵدانی کارەساتن. ئەمە وێڕای خراپیی ئەو قیرەی ڕێگەوبانەکانی پێ دروستدەکرێتو سەرهەڵدانی ڕەگلەی زۆر ئەنجامی ئەو خراپیە یان ئەو بارهەڵگرانەی نایاساییانە بارهەڵدەگرن...هتد.

٣/ بایەخ نەدان بە هێماکاری و دابینکردنی مەرجەکانی لێخوڕینی سەلامەتخوازانە لەسەر ئەو ڕێگەیانەی کاری چاکسازیان تێدا دەکرێت و لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان سەرچاوەیەکی مەترسیداری پێشهاتنی گەلێک ڕووداوی دڵتەزێنی هاتوچۆیە.

٤/نەبوونی نەخشەیەکی گونجاو بۆ هاوردەکردنی ئوتومبیل و هەڵئاوسانی شەقامەکانی بە ئوتومبیل، بەشێوەیەک، کە هاوسەنگ نییە لەگەڵ ڕووبەری ڕێگەوبانەکان و شێوازی دروستکردنیاندا.

لەکۆتاییداو بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆری سپی، گرنگە ئەمساڵ کابینەی شەشەم کارنامەی خۆی لە بواری هاتوچۆدا جێبەجێبکات و چیدی خەمساردی بەرامبەر بەو گرفتە نەنوێنرێ، کە زیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و مرۆیی زۆری خستۆتەوە. بۆ ئەمەش پێشەکی سازدانی کۆنفرانسێک، بە ئامادەبوونی بەڕێوەبەرایەتیی گشتی هاتوچۆو لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێم و کەسانی پسپۆڕی ناوخۆیی و جیهانی، بۆ پێشکەشکردنی پێشنیارو ڕاسپاردەگەلی گونجاو بە حکومەت و پرۆژەیاسای هاتوچۆ بە پەرلەمانی کوردستان، یارمەتیدەرێکی باشە بۆ ئەو کارە.

ڕۆژنامەی ڕووداو ژمارە (١٤٥)/ ١٠-١-٢٠١١

## چەند پرسیارێک بۆ ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان؟

دیاریکردنی ئەولەویاتەکانی هەر حکومەتێکی کارا، کارێکە دەبێت بەری لێکۆڵینەوەی زانستی و ئەنجامی خوێندنەوەی واقیعی بابەتی بێت، نەک ویستی ئیرادەگەرانە و بەپیرەوەچوونی بەرژەوەندیی تاکەکەسی و گرووپی لە کۆمەڵگەدا. بێگومان ئەولەویاتەکان لە ڕووی گرنگییەوە یەکسان نین و وەک یەکیش نایەنەدیو جێبەجێ نابن، چونکە ئەولەویاتی وا هەیە لەبەر هەنوکەیی و گرنگی و پێداویستیی ناکرێت فەرامۆشبکرێت یان دوابخرێت و دەبێت دەستوبرد بەپیرییەوە بچیت، لەکاتێکدا ئەولەویاتی دیکە هەیە پەلەنییەو دەکرێت لەسەرخۆو ئەنجامی پلانو نەخشەی زانستی و ستراتیژیی درێژخایان کاری لەسەر بکرێت.

ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە یەکەمین کۆبوونەوەی ساڵی نوێدا (ڕۆژی ٢٠١١/١/٢٤) چەند بڕیارێکی دەرکردووە، کە دەکرێت لە ڕۆژنامەکاندا بخوێنرێنەوە. بێگومان هەر بڕیارێک کێشەیەک چارەسەربکات یان بەپیر توێژو کایەیەکی کۆمەڵگەوە بچێت، شایانی پێزانین و دەستخۆشی لێ کردنە، بەڵام ئەگەر لە ڕووی پرنسیپی ئەولەویاتەوە تێیان بڕوانین، دەکرێت هەڵوەستەیان لەئاستدا بکرێت و بیروڕایان لەسەر دەربڕدرێت. لێرەدا نامەوێ شیکردنەوەیەکی زانستیی ئەو بڕیارانە بکەم و بەپێی ئەو پرنسیپە هەڵیانسەنگێنمو دەریبخەم کامیان گونجاوەو کامەشیان ناشیاوە، چونکە ئەوە مەبەستی بابەتەکەم نییە. تەنیا دەمەوێ چەند پرسیارێک ئاڕاستەی بەڕێزان لە ئەنجومەنی وەزیران بکەم:

بۆچی لە یەکەمین کۆبوونەوەی ساڵی نوێدا کێشەیەکی گرنگ و مەترسیداری وەک ڕووداوەکانی هاتوچۆی هەرێم لە ساڵی ٢٠١٠دا ڕای نەچڵەکاندن و هانی نەدان بڕیارێک دەربکەن بۆ لێکۆڵینەوەکردن دەربارەی گرفتەکە و چۆنییەتی چارەسەرکردنی؟ ئەمە لەکاتێکدا لەکۆتایی ساڵدا بەڕێوەبەری گشتی ڕاگەیاندنی هاتوچۆی هەرێم لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەگەریدا ڕایگەیان ساڵی ڕابردوو (بە ڕووداوەکانی هاتوچۆ ٦١١ هاوڵاتی گیانیان لەدەستداوەو ٦٨٦٣یش بریندارببوون)و

وەزیری تەندروستیی حکومەتی هەرێمیش ڕۆژی ٢٠١١/١/٢٣، واتە تەنیا یەک ڕۆژ پێش کۆبوونەوەکە، لە کۆنگرەیەکی ڕۆنامەگەریدا ئاشکرایکرد ساڵی ڕابردوو بەرزترین ڕێژەی تۆمارکراوی مردوو لە نەخۆشخانەکاندا ئەنجامی ڕووداوەکانی هاتوچۆ بووە (٨٣٨ هاوڵاتی گیانیان لەدەستداوەو ١٢٠٠٠یش بریندداربوون، کە زۆربەیان گەنجن و کەمئەندام و پەککەوتە بوون) و وەک پەتایەک دەریبڕی، کە مەترسییەکەی لە پەتای ئینفلوەنزای بەراز کەمترنییە. ئایا هەردوو وەزیری ناوخۆو تەندروستی بەلایانەوە گرنگ نەبووە ئەو مەسەلەیە بخەنە ئەجێندای کۆبوونەوەکەوەو گیان و ماڵی هاوڵاتیانیان پێ هەرزان و بێبایەخ بووە، یان بەلایەنەوە گرنگ بووەو لە کۆبوونەوەکەدا بەهێند وەرنەگیراوەو بەکێشەیەکی بچووک دانراوە، کە دەکرێت لە بەڕێوەبەرایەتیەکانی هاتوچۆدا چارەسەربکرێت؟ ئایا لەبەر بێئاگایی وەزیرە بەڕێزەکان لەو گرفتە مەترسیدارە بووە، چونکە ڕۆژانە ئەوان بە ڕەتل هاتوچۆدەکەن و شەقامەکانیان بۆ چۆڵدەکرێت و هەست بە گرفتو ئاستەنگەکانی هاتوچۆ ناکەن؟ ئایا نەدەکرا ١٠٪ی ئەوەی بۆ مەترسییەکانی ئینفلوەنزای بەراز خرایەگەڕ، بۆ ئەم مەسەلەیە بەکاربهێنرێ، لەکاتێکدا قوربانییەکانی ئەو نەخۆشییە ١٠٪ی قوربانییەکانی ڕووداوەکانی هاتوچۆ نییەو هەندێک جار بەتیرۆری سپی ناودەبرێت و ئاسەوارەکانی لە کارە تیرۆریستییەکان زیاترە؟ ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە کابینەی شەشەم ئەو بەندەی کارنامەکەی خۆی سەبارەت بە چاکسازیی هاتوچۆ جێبەجێبکات، بۆ پاراستنی ژیان و سامانی هاووڵاتیان، بۆ ئەو مەبەستەش کۆنفرانسێک سازبکات، بەبەشداربوونی لایەنە پەیوەندیدارەکان و کەسانی شارەزای ناوخۆیی و دەرەوە، بۆ تاوتوێکردنی گرفتەکەو چۆنییەتی چارەسەرکردنی؟ ئایا نەدەکرا لەو کۆبوونەوەیەدا چوارچێوەیەکی وەها بۆ هاوردەکردنی ئۆتومبیل دابنرێت، لەپێناوی کەمکردنەوەی قوربانییەکانی هاتوچۆو ژینگەپارێزیداو سنوورێک بۆ مەترسیی گۆڕینی هەرێم بۆ گەراجێکی گەورەی ئۆتومبیل دابنێن؟ یان لانی کەم لەو کۆبوونەوەیەدا نەدەکرا بڕیاری دەستپێکردنی هەڵمەتی هوشیارکردنەوە لەسەر بودجەی حکومەت بۆ شۆفێرەکانو هاوڵاتیان لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندندا دەربکرێت، هەتاکو کاتی هەنگاونانی جیدی بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکە؟ ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە هاتوچۆی هەرێم لەدەست ڕەوتی سەربازی ڕزگاربکرێت و چیدی نەکرێتە قوربانیی پۆستبەخشین لەسەر بنچینەی ئینتیمای سیاسی و بدرێتە دەست کەسانی شارەزای مەدەنی، وەک ئەوەی وڵاتە پێشکەوتووەکان؟

ڕۆژنامەی هاوڵاتی ژمارە (٧٠١)/ ٣٠-١-٢٠١١

# پاکوخاوێنی خەمێکی گشتیی ڕۆژانەیە

پاکوخاوێنی ڕۆڵێکی کاریگەری هەیە لە پرۆسەی گەشەکردن و شارستانیبوونی کۆمەڵگەداو هیچ کۆمەڵگەو حوکمڕانییەک، بەبێ ڕەچاوکردنی چاکوخاوێنیو دانانی لە بازنەی بایەخپێدان و ئەولەویاتەکانی خۆیدا، ناتوانێت پێگەیەکی شایستەو پێشکەوتوو بەدەستبهێنێت.

پاکوخاوێنی لای ئێمە بۆتە مەراقێکی ڕۆژانە، جا ئەوە پاکوخاوێنی شارو شارۆچکەکانمان بێت، یان پاکوخاوێنی ژیان و خۆراکەکانمان. چونکە گوزەرکردنێک بەناو بازاڕو کۆڵانی گەڕەکەکان و شەقامەکانی ناوەوەو دەرەوەی شارو شوێنە گەشتیارییەکاندا، دەریدەخات تا چ ئەندازەیەک نقومین لەناو ژینگە پیسیداو تەنانەت ئەوە دێت بەمێشکماندا، کە پیسی ژینگە ئاساییەو شایانی ئاوڕلێدانەوە نییەو ئەگەر کەسانێکیش هەبن خەمخۆری پاکوخاوێنی بن و بەوتەو کردەوە داکۆکیی لێ بکەن، دەبنە مایەی توانج و گاڵتەپێکردنی ئەوانی دیکە.

ئەگەر ڕۆژانە بڕوانینە ڕەفتارو هەڵسوکەوتی هەر توێژێکی ئەم کۆمەڵگەیە، دەبینین زۆرینە هەڵوێستی خەمساردانە بەرامبەر بە پاکوخاوێنی وەردەگرنو بەوەوە ناوەستن، بەڵکو خۆیان هۆکارێکی لەناوبردنی پاکوخاوێنین. بۆیە ئەوە بەدیدەکەین کەسێک خۆڵی ماڵەکەی فڕێدەداتە سەرکۆڵانی گەڕەکەکەی، یەکێکی تر قوتوی ساردییەکەی لە جامی ئوتومبیلەکەیەوە فڕێدەداتە سەر ڕێگەوبانەکە، گەشتیارەکان پاشماوەی سەیرانەکەیان لە شوێنی خۆیانو بێ کۆکردنەوە جێدەهێڵن، پیادەیەک بە گوڵەبەڕۆژ یان پاکەتی جگەرەکەی شەقامەکان پێسدەکات، دوکاندارەکان پاشماوەی کاری ڕۆژانەی خۆیان لەسەر ڕیگە گشتییەکان کەڵەکەدەکەن...هتد.

گەلێک وڵات و میللەت بەدەست ئەم گرفتە گەورەو مەترسیدارەوە ناڵاندویانە، بەڵام توانیویانە بە دانانی پلانی ڕاست و دروستی دیراسەکراو، بڕیاری گونجاو، وەزەو توانای شایستە، تەرخانکردنی پارەی پێویست، ویستی بەهێز، لەخۆبوردوییو کاری بەرپرسیارانە زاڵبن بەسەریدا. بۆیە پێویستە ئێمەش هوشیاربین بەرامبەر

بەو گرفتە مەترسیدارە و دەستەجەمعی کاربکەین بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشمەندیی پاکوخاوێنی لای هاوڵاتیان.

با سەرەتا لە قوتابخانەو خوێندنگەو زانکۆکان و دامەزراوەکان و مزگەوتەکانەوە دەستپێبکەین، هەتاکو هانی قوتابیان و خوێندکاران و کارمەندان و خەڵکی بدەن کار بۆ پاکوخاوێنی بکەن و پاکوخاوێنی شوێنە گشتییەکان وەکماڵی خۆیان بپارێزن. ئینجا پێویستە دامەزراوە ڕەسمی و ناڕەسمییەکان دەستوبرد کاربکەن بۆ دانانی ستراتیژێکی بەئاگاهێنانەوە، بەمەبەستی هوشیارکردنەوەی خەڵکی بەگشتی سەبارەت بە پاکوخاوێنی و گرنگیی و ڕوونکردنەوەی ئەوەی چۆن ئەم مەسەلەیە ڕەهەندێکی شارستانی و مرۆڤانەی هەیەو ڕۆڵدەبینێ لە خستنەڕووی ڕووخسارێکی جوانی ژیاریانەی کۆمەڵگەکەماندا. چونکە پاکوخاوێنی وەک ئاوێنە وایەو بەهۆیەوە ڕادەی پێشکەوتن و گەشەکردن و دەروەستیی بەنیشتمانەوە تاودەداتەوە. داواکراویشە لە گشت ئامرازەکانی ڕاگەیاندن هەڵمەتی هوشیارکردنەوە سەبارەت بە پاکوخاوێنی بەرپابکەن و شوێنێکی باشی لە پانتایی کارەکانی خۆیاندا بۆ تەرخانبکەن.

پاکوخاوێنی دەستەواژەیەکی ئاوێتەیە لە کۆمەڵێک بەهای تەواوکەری یەکتریو دیمەنی دەرەوەی شوێنێک دەرخەری ناوەڕۆکی شوێنێکە و ڕواڵەت تاودانەوەی ناوەڕۆکە. واتە پاکوخاوێنی شوێنێک دەرخەری ناوەڕۆکی خەڵکەکەیەتیو پاکوخاوێنی شوێنە گشتییەکانیش نیشانەی پاکوخاوێنی میللەتەکەیەتی. بۆیە پێویستە ئەو بڕوایە لای هاوڵاتیان بەگشتی دروستبێت، کە پاکوخاوێنی شوێنە گشتییەکان دەرخەری ژیانی ڕۆژانە و خەمە بەردەوامەکانیانەو پێویستە وەک ماڵی خۆیان بیپارێزن و جوان ڕایبگرن. هەروەها داواکراوە لە لایەنە پەیوەندیدارە جۆربەجۆرەکان بایەخی زیاتر بەم بابەتە بدەن و بەجیدی ئاوڕی لێ بدەنەوە. پێویستە ئەو لایەنانە (بەتایبەتی شارەوانیەکان) ئەرکی سەرشانی خۆیان بەباشی جێبەجێبکەن و ڕێساو ڕێنماییە پێویستەکان بۆ هاوڵاتیان بخەنەڕوو و بەرنامەیەکی گونجاوی شایستە بۆ پاکوخاوێنی گشتی دابڕێژن.

دەشێت کەسانێک هەبن بڵێن جێبەجێکردنی یاساو ڕێساو ڕێنماییەکان، سزادانی سەرپێچیکاران بەپارەو زیندانیکردن، دەستبەسەراگرتنی شمەکو کاڵا مەترسیدارەکان بۆ ژینگەو پاکوخاوێنی، هەڵوێستوەرگرتنی توند بەرامبەر بەو دوکاندارانەی شەقامەکان پیسدەکەن و ئەو گەشتیارانەی ناوچەکان ناشریندەکەن دەبێتە هۆی کۆنترۆڵکردنی گرفتەکە، بەڵام من پێموایە ئەوە بەتەنیا بەس نییە، بەڵکو پێویستە هاوشانی ئەوە کولتووری پاکوخاوێنی لەناو کۆمەڵگەدا بچەسپێنرێ و

بگشتێنرێ. چونکه چەمکەکانی لێهاتووی و شەفافیەت و سەرڕاستی و دەستپاکی بەشێوەیەکی ئۆرگانیکی گرێدراوی چەمکی پاکوخاوێنین. بەوپێیەی لە هەرشوێنێک گەندەڵی دارایی و کارگێڕی و ئەخلاقی هەبوو، لێهاتوویی وندەبێت، کاتێک ئەویش ونبوو، ئەوا گشت جۆرەکانی پاکوخاوێنی هەڵدێن و ئەخلاق و ئاکارە جوانەکان پاشەکشەدەکەن و جێگە بۆ پیسی و پشێوی و گەندەڵی و بۆگەنی چۆڵدەکەن.

ئەگەر بمانەوێ پێگەیەکی شایستە لەناو نەتەوەکاندا بەدەستبێنین، ئەوا دەبێت لەم چرکەساتەوە، نەک چاوەڕوانی داهاتوو بین، بایەخ بە وردەکارییەکانی ئەو مەسەلەیە بدەین و مل نەدەین بۆ ڕەشبینی و ناشرینی دۆخەکەی، چونکە پاکوخاوێنی لایەنی جوانکاریی خۆی هەیە و کورتترین ڕێگەیە بۆ گەیشتنە دڵ و مێشک.

ڕۆژنامەی هاوڵاتی ژمارە (٦٨٥)/ ٥-١٢-٢٠١٠

## نوێکردنەوە پرۆسەیەکی هەمەلایەنە

هەندێک لای ئێمە پێیانوایە نوێکردنەوە مەسەلەیەکی تەکنیکی و هونەریەو ئیرادەگەرانەیەو گرفتەکە لەوەدایە خاوەنی ئەو توخمە لێهاتوانە نین، کە بڕوایان بە نوێکردنەوە هەیە و ئامادەن بیگەیەننە دوامەنزلگە خۆی و قوربانی لەپێناویدا بدەن. لەکاتێکدا نوێکردنەوە (بەواتا گشتییە هەمەلایەنەکەی) پشتبەستووە بە کۆمەڵێک توخمی کۆمەڵگە، کە دەبێت کار لەیەکتری بکەن و پشتگیریی یەکتربکەن و یەکتری تەواوبکەن، چونکە تاکە هۆکارێک لەئارادانییە بۆ یەکلاکردنەوەی پرۆسەی نوێکردنەوە، بەوپێیەی توخمەکانی کۆمەڵگەو حوکمڕانی کارلێکدەکەنو هەریەکەیان ئەکێکی نوێکردنەوەی دەکەوێتەئەستۆ، بۆیە پەککەوتەییو کەمتەرخەمی و ڕەقهەڵاتنی هەر توخمێکی کۆمەڵگە، کاریگەریی لەسەر تێکڕای پرۆسەی نوێکردنەوە دەبێت.

کەواتە پێویستە ئاخاوتن دەربارەی هەر پرۆژەیەکی نوێکردنەوە، ئاخاوتن بێت دەربارەی تێکڕای توخم و کایەو ڕەوتەکانی کۆمەڵگە بەگشتی و تێپەڕاندنی ئامانجە لاوەکییەکان یان ستراتیژە لێک دابڕاوەکان. چونکە پرۆسەی نوێکرنەوە بەرهەمی هاتنەدیی کۆمەڵێک ئامانجی هەمەڕەنگی تیکهەڵکێشە (ئابووری، سیاسی، کولتووری، کۆمەڵایەتی، تەکنیکیو...هتد) و لەو ڕوانگە گشتییە هەمەلایەنەوە نەبێت، کە ئاستەکانی کۆمەڵگەو حوکمڕانی بابەتیانە پێکەوە دەبەستێت، ناتوانێت ئامانجە چاوەڕوانکراوەکانی پەرەپێدان بهێنێتەدی. بەواتایەکی دیکە، پەرەپێدانی ئابووری و بیناسازی بەتەنیا ناتوانێت نوێکردنەوە دەستەبەربکات، ئەگەر بوارەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتووریی کۆمەڵگە دواکەوتووبن. دیموکراسیش بەتەنیا، بەبێ پشتبەستن بە پەرەپێدانی ئابووری و کۆمەڵایەتیو کولتووریی کۆمەڵگەو دەستەبژێرەکان، ناتوانێت نوێکردنەوە مسۆگەربکاتو «شۆڕشی ڕۆشنبیری»یش، ئەگەر هاوشانی پرۆسەی کەڵەکەکردنێکی باش نەبێت لە بواری پەرەپێدان و پەرەسەندنی سیاسیی کۆمەڵگەو حوکمڕانیدا، لەتوانایدا نابێت نوێکردنەوە بهێنێتەئاراوە.

بەکورتی و پوختی، مەحاڵە نوێکردنەوە لە بوارێک یان کایەیەکی دیاریکراودا بێتەدی و ئەستەمە پرۆسەی نوێکردنەوە لە ئاستێکی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیدا قەتیسبکرێت، چونکە نوێکردنەوە بە سروشتی خۆی هەمەلایەنانەیەو گشت کایەو ئاستەکانی کۆمەڵگە لەخۆدەگرێت و ناکرێت نوێکردنەوە لەسەر بنچینەی تێڕوانینێکی کورتکراوەو پارچەپارچەخواز بێتەدی. بۆیە دەبێت جەغت لەسەر ئەوە بکەینەوە، کە پرۆسەی نوێکردنەوە بێسوودو بێئاکام دەبێت، ئەگەر هەمەلایەن نەبێت و سەرتاپای کۆمەڵگە و حوکمڕانی نەتەنێتەوەو لە چوارچێوەی ستراتیژێکی هەمەلایەنی کامڵدا دانەڕێژرابێت. هەروەها دەبێت ئەوە دووپاتبکەینەوە، کە نوێکردنەوە دەبێت بەشێوەی هەنگاوبەهەنگاوی گونجاو بێت، نەک کتوپڕانە و ئەنجامی بڕیارگەل و کارڕاییگەلی ڕیزپەڕانەو بەبێ زەمینەخۆشکردنی کۆمەڵایەتی گونجاو. چونکە نوێکردنەوەی سەرکەوتوو ئەوەیە، کە لەتوانایدایە توخمە جوربەجۆرەکان ببزوێنێ و نزیکبێتەوە لە ئامانجە دیاریکراوەکان، لەکاتێکدا نوێکردنەوەی ناتەواو و پەککەوتە ئەوەیە، کە جەغت لەسەر لایەنێک یان کایەیەک دەکاتەوەو ئەوانی دیکە فەرامۆشدەکات و سەرەنجام هەنگاوی پەرەپێدانی شڵەژاوو بێ سەروبەر دەخاتەوە.

زۆر نووسەر و ڕۆژنامەنووس– لە ڕووی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیری، تەکنیکیو بەهاکانەوە– باس لە واقیعی قەیراناویی کۆمەڵگەی کوردستان دەکەن و ڕەشبینن بەرامبەر بە ئەگەری نوێکردنەوەو پەرەپێدانی کۆمەڵگە. هەندێکی دیکەش پێیانوایە بوونی قەیران نیشانەی ژیان و زیندوێتی کۆمەڵگەیە، چونکە قەیران تەنیا لە بواری جوڵەو ژیاندا سەرهەڵدەدات. ئەگەر ئاستەنگەکانی نوێکردنەوەو هۆکارەکانی جێگیرکردنی واقیع و توخمەکانی ئیفلیجکردنی پەرەپێدان لەئارادابن، ئەوا زیندوێتی کۆمەڵگە و توخمە چالاکەکانی هێزی تەکاندەرن و بێگومان سەرەنجامەکانی بەشێوازی فیکری، سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی جۆربەجۆر دەردەکەون.

پرسیاری جەوهەری لێرەدا، هەڵبژاردنی یەکێکە لەم دوو شێوازە: یەکەم پشتدەبەستێت بە چاکسازی و دەستکاریکردنی توخمو ڕەوتە کۆمەڵایەتی و سیاسیو ئابوورییەکانی ئێستا، بەبێ دەستبردن بۆ ناوەڕۆک و بنچینەو کۆڵەکەکانی. واتە جەغت لەسەر پرۆسەی کەڵەکەکردنی وردە چاکسازییەکان دەکاتەوە. شێوازی دوەم پشئەستوورە بە هەڵوەشاندنەوەو سەرلەنوێ بنیاتنانەوەو هێنانەئارای گۆڕانکاریی بنەڕەتی، واتە گۆڕانکاریی هەمەلایەن لە گشت بوارەکانی ژیانی کۆمەڵگەدا.

دوور لە دەمەقاڵێ و مشتومڕی نێوان شارەزایان، دەبێت بڵێین کە پرۆسەی

نوێکردنەوە گەمەیەکی تیۆری یان مەسەلەیەکی فیکری و وێناکردنێکی زەینی نییە، بەڵکو پێداویستیەکی کۆمەڵگەیی زۆر زیندووی هەنوکەیی و پێویستەو ئامانجی چاککردنی کواڵیتی ژیانە لە هەموو ڕوویەکەوە، بەشێوەیەک کە لە ڕووی ماددی و کولتوورییەوە پەرە بە مرۆڤ بدات و مافەکانی و شکۆمەندی و مرۆڤبوونی بپارێزێت.

ڕۆژنامەی هاوڵاتی ژمارە (٦٨٨)/ ١٥-١٢-٢٠١٠

## هەڵکردن و قبوڵکردنی جیاوازی

حشاهەڵنەگرە، جێگیرکردنی کولتووری هەڵکردن (تۆلەرەنس) و پێکەوەژیانو قبوڵکردنی ئەویدیکەی جیاواز پێداویستییەکی بنچینەیی و هەنوکەییە، بەتایبەتی لەم هەلومەرجە هەستیارەو ناسکەدا، کە لە گشت ڕوو و لایەنێکەوە لە کوردستان پیایدا تێدەپەڕین. پێویستە ئەو کولتوورە لە ناخ و مێشکی نەوەکانی ئەم سەردەمەدا بچەسپێنرێت، چونکە ئەوە دەبێتە هۆی خوڵقاندنی نەوەیەکی هوشیار، کە دەتوانێت باری گرانی بەرپرسیارێتی لەکۆڵبگرێ و بەشێوەیەکی باش و دروست سەرکردایەتیی قۆناغی ئێستاو داهاتوو بکات. بەوپێیەی ئەمجۆرە کولتوورە چەسپێنەری مەرجەکانی یەکرێزیی نیشتیمانیە، کە دەبێت پشتبەستوو بە متمانەی لایەنەکان و دوور لە زاڵکردنی بەرژەوەندیی تەسکی تایبەتی بنیاتبنرێ.

هەڵکردن و قبوڵکردنی ئەویدیکە تەنیا بە دیالۆگ و پێکگەیشتن و بەشداریکردنی ڕاستەقینە مەیسەردەبێت، چونکە بە بەرپاکردنی دیالۆگی بنیاتنەرانە و خوڵقاندنی کەشوهەوایەک بۆ ڕەخنەگرتن و بیری سەربەخۆیانە، ئاشتی و سەقامگیریو پێکەوەژیان باڵدەکێشێت بەسەر کۆمەڵگەدا. دیالۆگ و پێکگەیشتن ڕێگەیەکی ڕاستە بۆ چارەسەرکردنی گشت مەسەلە هەڵواسراوەکان و ئەڵتەرناتیڤی ڕاستو دروستی سەپاندنی زۆرەملێیانەی بیروڕایشە. بە دیالۆگ دەتوانین پێکگەیشتنو خۆشەویستی و ئاشتی بپارێزین و بەهاکانی دیموکراسیو هاریکاریکردن بچەسپێنین. لێرەشدا تەنیا بانگەشەکردن، بەبێ هەنگاونانی جیدی بۆ جێبەجێکردنی ئەو خاڵانەی لایەنەکان لەسەری ڕێکدەکەون، بەس نییە بۆ سەرخستنی دیالۆگ. چونکە ئەگەر لایەنەکانی دیالۆگ متمانە بە گرنگی و پێویستیی ئەنجامدانی دیالۆگ نەکەن و ئاستەنگ و ڕێگرەکانی وەلاوەنەنێن، ئەوا دیالۆگ بێ ئامانج دەبێت و لەپێناو دیالۆگدا دەبێت. ئەگەر بمانەوێ کۆمەڵگەیەکی شێلگیری خاوەن هێزێکی جیاکارەی تایبەت بەخۆمان هەبێت، ئەوا دەبێت کەشوهەوایەکی باش بڕەخسێنرێت بۆ ئەوەی کولتوورە جیاوازەکان لە دیالۆگی بەرهەمداردا بن، چونکە ئەوە سوودی بۆ

هەموولایەک دەبێت و یارمەتیدەر دەبێت بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی هاوکاریخواز، بەوەش پرۆسەی پێکگەیشتنی نێوان پێکهاتەکانی کۆمەڵگە بەهێزدەبێت.

قبوڵکردن ئەویدیکەی جیاواز مانای بڕواهێنان نییە بە بیروڕاو تێڕوانینەکانی، بەڵکو داننانە بە بوونی جیاوازیی ئەودا و قبوڵکردنی بوونیەتی. پێویستە ئەو قبوڵکردنەش بەبێ گوێدانە ڕەگەز، ئایین، نەتەوە، پێشینەی کۆمەڵایەتی و ئاقاری سیاسی بێت و ڕێزی جیاوازییەکە بگیرێت و کار بۆ چەسپاندنی کولتووری قبوڵکردنی ئەویدیکەی جیاواز بکرێت، جا ڕادەی جیاوازییەکە هەرچەندێک بێت.

هەڵکردن و دیموکراسی دوو ئاڕاستەن (واتە دان و وەرگرتن) و بەشێوەیەکی پۆزەتیڤانە لەگەڵ بەها مرۆڤایەتییە نوێکاندا کارلێکدەکەن و دوورن لە ڕۆحی دەمارگیری و ڕق و کینەو سڕینەوەی ئەویدیکەی جیاواز. چونکە پیواری دیموکراسی دەبێتە هۆی نەبوونی هاوسەنگی لەنێوان دەربڕینی بیروڕاداو نائامادەیی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی.

داننان بە کولتووری هەڵکردن و قبوڵکردنی ئەویدیکەی جیاوازدا بەوتە باشو قبوڵکراوە، بەڵام چەسپاندن و گشتاندنی لە ژیانی ڕۆژانەماندا بەشێوەیەک کە سوودی بۆ هەموان هەبێت، پێویستی بە کارو تێکۆشانی زۆر و بێوچانە. بۆ ئەو کار و تێکۆشانەش گرنگە ڕەچاوی ئەم هەنگاوانە بکرێت: پێڕەوکردنی بەرنامەی پراکتیکی بۆ پەرەپێدانی هوشیاریی هەڵکردن و قبوڵکردنی جیاوازی لای کۆمەڵگە، دانانی بەرنامەی فێرکردنی نوێ بۆ پەروەردەکردنی ئەو نەوە هوشیارانەی ئەرکەکانی قۆناغ دەگرنەئەستۆ، دەستەبەرکردنی ئامرازی ڕاگەیاندنی پیشەکارو پێشکەوتوو، ڕەتکردنەوەی گشت جۆرەکانی توندڕەوی و پاشکەوتوویی لە ڕێگەی کۆرس و کۆڕ و ۆرکشۆپی جۆربەجۆرەوە.

بیرۆکەی هەڵکردن و قبوڵکردنی ئەویدیکەی جیاواز و پێڕەویکردنی دیالۆگو وەلاوەنانی بیرۆکەی ڕەتکردنەوەی ئەویدیکە و تۆڵەسەندنەوە، پشتئەستوورە بە ئامادیی ئەو لایەنانەی دەیانەوێ داهاتووی خۆیان لەسەر بنچینەی زاڵکردنی بەرژەوەندیی گشتی بەسەر ناکۆکییە تاکەکەسییەکان و هەستوسۆزە نائەقڵانییەکاندا بنیاتبنێن.

ڕۆژنامەی هاوڵاتی ژمارە (٦٩٠)/ ٢٢-١٢-٢٠١٠

# کەسی شیاو لە شوێنی شیاو

لە کوردستان کولتووری دانانی کەسی شیاو لە شوێنی شیاو بەدیناکرێت، دانانی کەسەکان بۆ پۆستە جیاجیاکانی حکومەتیش لەسەر بنەمای ئینتیمای حیزبی، یان لایەنگیریی سیاسی، یاخود ناسین و خزمایەتییە. ئەگەر چاوێک بگێڕین بە زۆربەی دامودەزگانی حکومەتدا، نموونەی زۆرمان دەستدەکەوێت، سەبارەت بە دانەنانی کەسی شیاو لە شوێنی شیاودا. بۆیە دەبینین کەسێک کراوەتە بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتیەکی گرنگ، کە پەیوەندیی بە ژیانو سەلامەتیی هاوڵاتیانەوە هەیە، کەچی ئاشنای لانی کەمی بنەما و ڕێساکانی ڕاییکردنی کارەکانی ئەو بەڕێوەبەرایەتییە نییە. کەسێکیش کراوەتە بەڕێوەبەری فەرمانگەیەک، کە لە ڕووی شارەزایی و لێهاتوویی و ئەزموونی کارکردنەوە، کەسانی زۆر لەو باشتر و شایستەتر لە فەرمانگەکەدا هەن. ئەمە جگە لەوەی دامەزراندن لە هەرێمی کوردستان هێشتا لە ڕێگەی فەرمانگەیەکی شارەزاو بەئەزموون و خاوەن پێوانەو ڕێسای دیاریکراوەوە نییەو لە دوای ڕاگەیاندنی ئاشکراو پێشکەشکردنی داواکارینامە و سیڤی ئەنجام نادرێت، بەڵکو بەپێی سەلیقەی تاکەکەسی و زیاتر بۆ ئەو کەسانەیە، کە کەسوکاری ئەنفال و شەهیدانن، یان ئەندامی ئەم یان ئەو لایەنی سیاسین. بەوپێیەش پلەی سەروو هاوڵاتیبوون بەخشراوەتە ئەو کەسوکارو ئەندامانەو زۆر کەسی شایستە و موستەحەق، پاش بەسەربردنی تەمەنێکی زۆر لە خوێندنداو بەگەڕخستنی پارەو توانای تاکەکەسی و خێزانی، بێبەشکراون لە دامەزراندن.

سیاسەتی دانانی کەسی شیاو بۆ شوێنی شیاو، مانای هەڵبژاردن و پۆڵێنکردنی تاکەکانە بەپێی بنەماگەلی زانستی و ئەو پێوانەو خەسڵەتانەی ئامادەکراون بۆ ئەوانەی پۆستێک یان کارێک بەدەستدێنن، بۆ دانانی ئەو کەسەی شارەزاییە پیشەییەکان و توانا کەسێتییەکانی ڕێگەی پێ دەدەن ئەو پۆست یان کارە بەرێتەڕێوە. چونکە سەرکەوتنی هەر حکومەت، دامەزراوە یان فەرمانگەیەک پشتبەستووە بە لێهاتوویی کارمەندەکانی و هەڵبژاردنی کەسی شیاو ئەنجامی

لێکۆڵینەوەو هەڵسەنگاندنی زانستی و بەپێی پێوانە و مەرجگەلی پێشوەخت ئامادەکراو و بڕواپێکراو.

پێڕەونەکردنی سیاسەتی دانانی کەسی شیاو لە شوێنی شیاو، بەشێوەیەکی گونجاو و دروست، چەندین کاریگەری و ئاسەواری ئابووری و کارگێڕیی خراپی لە کوردستاندا خستۆتەوە، لەوانە: تەشەنەکردنی دیاردەی گەندەڵێی کارگێڕی، بەفیڕۆدانی سامانی مرۆیی لەبەر وەبەرنەهێنانی ڕاستی وزەو تواناکانو پەرەپێدانی لە خزمەتی تاک و کۆمەڵگەدا، بەهەدەردانی بەرهەمی ناوخۆیی لەبەرئەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی تاکە نەشیاوەکان هاوسەنگ نین لەگەڵ توانا مادی و مەعنەوییە بەکاربراوەکانی ڕاهێنانیاندا، خراپبوونی بەڕێوەبردن لە لایەنە جۆربەجۆرەکانی ژیانی ئابووریدا، کە ڕەنگدانەوەی خراپی هەیە لەسەر بارودۆخی ئابووری، لەناوچوونی کۆشش و کاتی حکومەت و پارەیەکی زۆری دامەزراوە یان فەرمانگەکەکان...هتد.

باشترین چارەسەر بۆ کێشەی دانەنانی کەسی شیاو لە شوێنی شیاو، خۆپاراستنە لە کەوتنە ناوییەوە، نەک گەڕان بەدوای ڕێگەچارەدا پاش ڕوودانی. واتە ئەگەر بمانەوێ خۆمان لە کێشەکە و ڕەهەندە ئابوورییە خراپەکانی بپارێزینو کۆششبکەین بۆ بنیاتنانی ئابووری و کارگێڕییەکی دروستی گەشەکردوو، پێویستە کولتووری دانانی کەسی شیاو لە شوێنی شیاو بهێنینەئاراوەو پێڕەوییبکەین، بەمەبەستی خولقاندنی زەمینەی دروست و ڕاست بۆ هەڵبژاردن و پۆلێنکردنی تاکەکان. هەروەها کاربکەین بۆ دۆزینەوەی باشترین ڕێگەی هێنانەدیی ئەو کولتوورە، بۆ گەیشتنە بنیاتنانی دامەزراوەیەکی زانستی وەها، کە توانای دیاریکردنو کارپێکردنی پێوانە زانستییەکانی دامەزراندنی هەبێت و پشت بە تاقیکردنەوەی پیشەیی و دەروونی ببەستێت بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە. هەروەها تێبکۆشین بۆ ڕەتکردنەوەی جیاوازیخوازی لەسەر بنەمای پێشینەی خەباتی دایک و باوک یان ئینتیما بۆ هێزێکی سیاسی و پیادەکردنی دادپەروەری و بەخشینی دەرفەتی یەکسان بە هەموو هاوڵاتیان.

ڕۆژنامەی هاوڵاتی

## هوشیاریی سیاسی پێداویستییەکی گرنگە

هوشیاریی سیاسی، دەرککردنی تاکە بە واقیعی کۆمەڵگەیی و هەرێمایەتیو نێونەتەوەیی، ناسینی سروشتی هەلومەرجی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریی چواردەورە، ئاشنابوون بە کێشە جۆربەجۆرەکانی سەردەم و ئەو هێزانەی کاریگەرییان لەسەر بڕیارسازیی نیشتیمانی و جیهانی هەیە. هوشیاریی سیاسی ڕێگەی تاکە بۆ ئاشنابوون بە ماف و ئەرکەکانی خۆی.

کۆمەڵگەی کوردستان، وەک یەکێک لەو کۆمەڵگانەی لە قۆناغی گواستنەوەدایە بەرەو دیموکراسی، پێویستیی بە ئاوێتەیەکی زانیارییە سیاسییەکان هەیە، کە بەهاو ئاقارگەلی سیاسیی جۆربەجۆر لەخۆدەگرێت و تاکی کورد لە ڕێگەیەوە دەتوانێت ئاشنابێت بەو هەلومەرج و گرفتانەی لەسەر ئاستی ناوخۆو جیهانی دەوریانداوەو هەڵوێستی خۆی بەرامبەریان دیاریبکات و بەشداربێت لە گۆڕینو گەشەپێدانیاندا. بۆیە ئەو تاکە پێویستی بە تێڕوانینێکی سیاسیی هۆشمەندانەی هەمەلایەن هەیە، دەربارەی هەلومەرج و قەیرانەکانی ناو کۆمەڵگە، بۆ ئەوەی هەست بە بەرپرسیارێتی خۆی بکات و ڕەخنە لە ڕەفتارە خراپەکانی لایەنەکانو حوکمڕانی بگرێت.

پێکهاتنی هوشیاریی سیاسی لە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکاندا، گۆڕانکاریی ڕۆشنبیری و سیاسی و کۆمەڵایەتیی گەورەی خوڵقاندوە، سەرەنجام هوشیاریی سیاسیی تاکیش گەشەیکردوە. گرنگترین سەرچاوەکانی هێنانەدیی هوشیاریی سیاسی، ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی سەربەخۆو ڕێکخراوە جۆربەجۆرەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بووە. ئەمە وێڕای خۆ ڕۆشنبیرکردن لە ڕێگەی خوێندنەوەی کتێب، ڕۆژنامە، گۆڤارە هەفتانەو مانگانەو وەرزییەکان، کۆڕو دیدارە جۆربەجۆرەکانەوە. هەروەها بنکەی هوشیاریی سیاسیی تاک ئەنجامی بەشداریکردنی سیاسی، وەک بەشداریکردن لە ڕێپێوان و خۆپیشاندان و دەنگدان و ڕاپرسی و مانگرتنەکانو ئەوانی تردا، فراوانتربووە. ئەو جۆرە چالاکیانە تاکیان دەوڵەمەندکردوە بە

ئەزموونی سیاسی و فیکری و بەشداریانکردوە لە پەروەردەکردنی سیاسیانەو کۆمەڵایەتیانداو ڕاستکردنەوەی تێڕوانین و بیروڕا سیاسییەکانیان و کەشوهەوای سیاسیی پۆزەتیڤانەو بەهاگەلی کۆمەڵایەتی دیموکراتیانەیان خولْقاندوە.

هوشیاریی سیاسی لە کۆمەڵگە تازەپێگەیشتووەکاندا، زۆر گرنگە بۆ بنیاتنان و چەسپاندنی دیموکراسی و بەهێزکردنی وێناکردنی تاک بۆ مەسەلەکانی نیشتیمانەکەی. کوردستانیش، کە یەکێکە لەو جۆرە کۆمەڵگانە، پێویستی بە هوشیارییەکی ڕۆشنبیری و سیاسیی هەمەلایەن و فراوان هەیە، بۆ ئەوەی لە ڕێگەیەوە ئەو خەسڵەت و چەمک و بەهایانە ڕێکبخات، کە بەرەو دیموکراسی دەبەن‌و کۆمەڵگە لە ڕووی سیاسی و ڕۆشنبیرییەوە گۆشبکرێت، بۆ بەهێزکردنی بەرەی ناوخۆو یەکڕیزیی نیشتیمانی و جێگیرکردنی حوکمڕانیی باش. گرنگیی هوشیاریی سیاسی لە کۆمەڵگەکەماندا لەوەوە سەرچاوەدەگرێت، کە مەرجێکی هێنانەدیی دیموکراسییە و ماناکانی دەروەستبوون بە نیشتیمان و خۆشەویستنی نیشتیمان بەهێزدەکات. هەروەها چالاککردنی هوشیاریی سیاسی گرنگە بۆ ئاشنابوونی هاوڵاتیان بە مافە شارستانی و یاساییەکان و ئەرکەکانیان لە کۆمەڵگەدا. پێویستە بازنەی هوشیاریی سیاسی زیاتر توێژی لاوان بگرێتەوە، چونکە زۆر پێویستن بۆ کاراکردنی ڕەفتاری سیاسی و دیموکراتیانە لە کۆمەڵگەدا، لەبەرئەوەی لاوان وزەیەکی لەبن نەهاتوون، یارمەتیی کۆمەڵگە دەدەن بۆ نەهێشتنی دیاردەکانی توندوتیژی، زۆربۆهێنان، دوورخستنەوەو پەراوێزخستن‌و پەنابردن بۆ زمانی ئەقڵ‌و دیالۆگ لە هەموو قەیرانەکانداو بەپێی بنەماکانی دیموکراسی. بانگەوازی بەشداریکردنی لاوان، بە هەردوو ڕەگەزەوە، لە کاری سیاسی و لە ڕێگەی دامودەزگاکانی حکومەتەوە، ڕۆڵی ئەزموونی دیموکراتی لە بوارەکانی کاری سیاسی و کارگێڕیدا دەچەسپێنێ.

پیواری (غیاب) هوشیاریی سیاسی کاریگەریی خراپی لەسەر بنیاتنانی سیاسی‌و دیموکراتی کۆمەڵگە دەبێت و دەبێتە هۆی لەدەستدانی تێڕوانینی ڕوون بەرامبەر بە سیاسەت و ڕۆشنبیریی لە کۆمەڵگەداو وادەکات بەهاکانی ژیان هەرەسبێنن و لە پانتایی کۆمەڵگەدا ڕەونەقیان نەمێنێ. هەر پاشەکشەو چوونەخۆیەک لە ڕێڕەوی بنیاتنانی هوشیاریی سیاسیدا، ڕۆڵی کۆمەڵگە پەکدەخات و پشکۆی ئەقڵی مرۆڤەکان دادەمرکێنێتەوە. لەسایەی پیواری هوشیاریی سیاسیدا هیچ گەل و کۆمەڵگەیەک ناتوانێت ئاشنای واقعەکەی خۆی بێت و لایەنەکانی بەهێزی‌و لاوازیی و ئەو هۆکارانە دیارییبکات، کە کاریگەرییان لەسەری هەیە. هەروەها پیواری هوشیاریی سیاسی، دیموکراسی دەخاتە مەترسییەوەو واتاکەی پارچەپارچەدەکات‌و دەرفەتی

گونجاو بۆ ئەوەی میللەتەکەمان بە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا ڕابگات لەناودەبات.
لێرەشدا ئەرکی هێنانەدیی هوشیاریی سیاسی دەکەوێتە ئەستۆی هێزە سیاسییەکان و کۆمەڵگەی مەدەنی و ئامڕازەکانی ڕاگەیاندن. کۆمەڵگەش دەبێت دەرک بە بەهاو گرنگیی هوشیاریی سیاسی بکات و پشتگیریی ئەو دەنگ و هێزانە بکات، کە بانگەشە بۆ چاکسازی و گەشەپێدانی کۆمەڵگە دەکەن.

ڕۆژنامەی هاوڵاتی ژمارە (٦٩٩)/ ٩-١-٢٠١١

## نەوەکان: دژایەتیکردن یان تەواوکردنی یەکتر

هەمیشە کەلێن لەنێوان نەوە جۆربەجۆرەکاندا بەدیدەکرێت و مامەڵەکردن لەگەڵیدا سێ ئاڕاستە دەگرێتەبەر: ململانێ، گۆشەگیری و یەکتر تەواوکردن. ئەوەی جێی داخە پەیوەندیی نێوان نەوەکان لای ئێمە سروشتی ململانێ و گۆشەگیری زاڵە بەسەریدا، نەک هاوکاریکردن و یەکتر تەواوکردن.

بۆ ئەوەی هەر کارێک سەرکەوتووبێت، پێویستە ململانێی نێوان نەوەکان بگۆڕێت بۆ کارێکی بنیاتنەرانەو پێشبڕکێیەکی شەریفانەو ڕێگەنەدرێت ناکۆکیەکان و کەلێنە سروشتییەکانی نێوان نەوەکان بگۆڕێت بۆ ناکۆکی و کێشە لەنێوانیاندا. بۆ ئەو مەبەستەش کارکردن بۆ هاتنەدیی چەند مەرجێک گرنگە:

یەکەم/بڕوابوون بە پرنسیپی لێکئالآن و یەکتر تەواوکردنی نەوەکان، نەک گۆشەگیری و ململانێی نێوانیان. واتە کاتێک باسی «سەرکردایەتی تێکۆشان» دەکرێت، نابێت مەسەلەکە ئەوە بێت: کێ ڕابەرایەتی کێ دەکات؟ بەڵکو دەبێت ئەوەبێت: کێ دەتوانێت چی بکات؟ چونکە مەسەلەکە پیواری (غیاب) سەرکردایەتی گەنج نییە لە کایەکانی کارکردندا، بەڵکو کارکردن و خۆتەرخانکردن و بەخشندەییە. ئەگەر گەرەکمان بێت کارێک سەرکەوێت، ئەوا پێویستە پێکگەیشتن و یەکتر تەواوکردنی نەوەکان لەئارادابێت. بەوپێیەی دانایی، زانین و ئەزموونی گەورەکان گرنگن بۆ سەرکەوتنی کۆششی گەنجەکان و تواناو ئامادەیی گەنجان گرنگن بۆ قوربانیدان، خۆبەختکردن و بەخشندەیی لەپێناو هێنانەدیی خەون و ئاواتەکانی نەوەی پێشوودا.

دووەم/هەمەڕەنگی و هەمەلایەنی لە کارکردندا. هەمەڕەنگی دیاردەیەکی دروست و پێویستە بۆ ژیانێکی باش. ئەمەش مانای ئەوەیە چارەسەری کێشەو گرفتەکانمان هەمەڕەنگ و هەمەلایەنن. مەبەست کۆششکردنە بۆ دۆزینەوەی چوارچێوەو میکانیزم و چارەسەرگەلی وەها کە گشتمان دەرەقەتیان دێین و گونجاون بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ناکۆکیەکانمان و تواناکانمان لەئامێزدەگرن و هانی دەستپێشکەرییەکان دەدەن.

سێیەم/جەغتکردنەوە لەســەر ئامانجەکان زیاتــر لــە ئامرازەکان. زۆربەی دیالۆگەکانمان جەغت لەسەر ئامرازەکان دەکەنەوە نەک ئامانجەکان. ئەگەر بڕوامان بەوە هێناوە هەموومان لەسەر یەک ئامانج کۆکین، ئەویش هێنانەدیی حوکمڕانییەکی چاکە، بۆچی هەریەکەمان شێوازو میکانیزمەکانی خۆی پێ باشەو دەچێت بەگژی ئەوەی ئەوانی دیکەدا؟ ئامانجە ناکۆکەکان ململانێ دەخەنەوە، بۆیە گرنگە سەرەتا جەغت لەسەر مەسەلە سەرەکییەکەمان بکەینەوە، نەک کەسایەتی و شێوازەکان، ئینجا ڕەخنەی بنیاتنەرانە پێڕەوی بگرین و ڕەخنەی ڕووخێنەر وەلاوەنێین، دواتریش ڕێزی تێڕوانین و بیروڕای ئەوانی دیکە بگرینو خۆمان لە ڕەتکردنەوەو بریندارکردنیان بەدووربگرین.

چوارەم/ دۆزینەوەی میکانیزمو شێوازگەلی بەکردەوە بۆ هێنانەدیی پێکگەیشتنی نەوە جۆربەجۆرەکان. پیواری ئەو میکانیزم و شێوازانە بۆتە هۆی گەورەبوونی کەلێنی نێوان نەوەکان. بۆیە ئەگەر مەبەستمان بێت سەرکەوتن بەدەستبێنین، دەبێت ئامرازەکانی پێکگەیشتن بخەینەگەڕ بــۆ یەکترناسین، پێکــەوە کارکردنو یەکگــرتــن.

مەسەلەی نەوەکان ئاڵۆزو تێکچرژاوەو دەکرێت بە چاک و خراپ بەکاربرێت. ئەگەر نەوەکانمان هاوکاریکردن، یەکتر تەواوکردن و پێشبڕکێیان پێڕەویکرد، ئەوا سەرەنجامەکە باش دەبێت. ئەگەر چوون بەگژی یەکداو ناکۆک بوون و کەوتنە ململانێوە، ئەوا سەرەنجامەکە خراپ و وێرانکار دەبێت. بێگومان بەبێ داناییو ئەزموونی گەورەکان و تواناو وزەی گەنجەکان سەرکەوتن بەدەست نایەت. لێرەشدا پێویستە کارکردن سەنگی مەحەک بێت، نەک تەمەن.

گۆڤاری هەفتانە ژمارە (١) ١-٧ حوزەیران ٢٠٠٨

## چەند خەسڵەتێکی حیزبی کوردی

حیزبی سیاسی لە کۆمەڵگە پێشکەوتوەکاندا ڕێکخراوێکی کۆمەڵگەیی نوێیە، کە چەند هێزێکی کۆمەڵایەتی لەخۆدەگرێت و گوزارشت لە بەرژەوەندییەکانیان دەکات، ئامانجی چارەسەرکردنی ناکۆکییە کۆمەڵایەتیەکانە بەشێوازی ئاشتیخوازانەی هەنگاوبەهەنگاو، کە بەپێی ڕێژەی تەرازووی هێزە کۆمەڵایەتیەکان لە هەلومەرجێکی دیاریکراودا دەستنیشاندەکرێت. بۆیە بە گرنگترین دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دادەنرێت و چاکترین بەڵگەی بەشداریکردنی سیاسیی چالاکانەو ئامادەبوونە لە بڕیارسازیدا. جا ئەوە لە ڕێگەی دامەزراوەکانی یاسادانانەوە بێت، یان چاودێریکردنی دەسەڵاتی جێبەجێکردن، یاخود دەستاودەستکردنی ئاشتیخوازانەی دەسەڵاتەوە. هەروەها حیزبی سیاسی ئامرازێکە بۆ هەڵکشانی توێژو چینە کۆمەڵایەتیەکان لە لاوەکێتی و دەستەگەریی بەرژەوەندییەوە بۆ باوەشی گشتبوونی کۆمەڵایەتی و بەرژەوەندیی نیشتیمانی گشتی.

حیزبی کوردی بەشێوەیەکی گشتی خاوەن خەسڵەتی عەقیدەخوازانەیە، واتە خاوەنی کۆمەڵێک ئامانج و داخوازی و تێڕوانینی خۆییە، کە بینینی واقیع وەک خۆی بۆ خاوەنەکەی سەخت و مەحاڵ دەکات. واتە خەیاڵپڵاوییەکی پێ بەخشیوە گوایە ویستی ئیرادەگەرانە شوێنی حەقیقەتە واقعیەکان و یاسا بابەتیەکان دەگرێتەوەو بەش (حیزب) دەتوانێت گشت (کۆمەڵگە) دیارییبکات، بڕوای خۆیی زاڵبێت بەسەر هەلومەرجی بابەتیدا، خەون و خواستە تایبەتیەکان ببنە ڕاستیی ڕەها بۆ تێکڕای کۆمەڵگە. لەم ڕوانگەیەوە حیزبی کوردی خاوەن چەند خەسڵەتێکی ئیشکالیەتئامێزە، کە دەبێت بخرێنەڕوو بەمەبەستی ڕەخنەلێ گرتن و چاکسازی:

١/بڕوابوونی ڕەهاخوازانەی ئەندام و لایەنگرانی بە حیزبەکەو دەروەستبوونی بێ قەیدو مەرجیان بە ڕێبازەکەیەوەو ڕەتکردنەوەی هەرشتێک بکەوێتە دەرەوەی ئەو ڕێبازەو بەرەنگاربوونەوەی هەر بۆچوونێک نیشانەی پرسیار بخاتە سەر یەکێک لە جومگەکانی.

٢/بوونی خواستی بەدەستهێنانی دەستکەوت، کە بۆتە هۆی قۆرخکردنی دەسەڵات، بەو پێیەی حیزب ئامرازێکە بۆ مۆنۆپۆڵکردنی سامان و هێز، جڵەوکردنی گشت کایەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و دارشتنەوەی بونیادی کۆمەڵگە بەشێوەیەک کە لەگەڵ بەرژەوەندیی توێژگەرانەی خۆیدا دەگونجێت.

٣/پەیوەندییەکانی ناوخۆو دەرەوەی لەسەر بنچینەی دەستەخوازانە دامەزراوە، نەک بوونی پرۆژەیەکی خاوەن ئامانج و قازانج. بەمجۆرەش ئەو حیزبە زیاتر لە عەشیرەتەوە نزیکە، چونکە وازهێنانی ئەندامێک و چونە ناو رێکخستنێکی ترەوە لادانێکی ئەخلاقیە و بەخیانەت دەژمێرێت.

٤/کامڵبوونی بڕوای سیاسی هەستێکی بەخشیوە، کە حیزب مێژوویەکی نوێ بەرپادەکات لەوەوبەر نەبوەو جیهانێک بنیات دەنێت نوێ و بێوێنەیە.

٥/کورتکردنەوەی گشت بەهاو رەفتارە چاکەکان لە شەرەفی بوونە ئەندام لە ریزەکانیداو بڕوابوون بە پەیامەکەی و قوربانیدان لەپێناویدا، نەک لەپێناو پرۆژەیەکدا کە ئامانج و بەرژەوەندییە گشتییەکانی تێکڕای کۆمەڵگە لەخۆدەگرێت.

٦/خۆ نەزانین بەبەشێک لە گشت و خۆ دانان بەگشتێک کە گوزارشت لە سەرجەم پێکهاتەکان دەکات و مافی نوێنەرایەتیکردنی کۆمەڵگەو گەل و میللەت بەخۆی دەبەخشێت.

٧/قۆرخکردنی حەقیقەت و رەوایەتی و نیشتیمانپەروەرێتی بەخۆشی، یان لە رێگەی بەکارهێنانی هێزەوە.

٨/گشت ئەو خەسڵەتانە بوونەتە هۆی ئامادەبوونی پیرۆزی لە حیزبی کوردیدا. واتە حیزب، دروشمەکانی، پرۆگرام و پێرەوی ناوخۆکەی دەکەونە ناو بازنەی پیرۆزەوەو هیچ ویستێکی تاکەکەسیی ناتوانێت دەستیان بۆ بەرێت، یان گومان بە چەند خاڵێکی بکات.

گۆڤاری هەفتانە ژمارە (٣) ١٥-٢١ حوزەیران ٢٠٠٨

## مافەکانی مرۆڤ

ئاخاوتن دەربارەی بابەتی مافەکانی مرۆڤ، قسەکردنە دەربارەی کەشی گشتیی پەرەپێدانی ڕۆشنبیری و نوێکردنەوەی کۆمەڵگە، چونکە پەرەپێدان و نوێکردنەوە بەبێ دابینکردنی مافی خوێندن و فێربوون، ئازادیی دەربڕین، مافی جیاوازی، یەکسانی، دیموکراسی، شکۆمەندی و هەڵکردن، واتە بەبێ دەستەبەرکردنی بونیادێکی گشتیی بۆ کولتووری مافەکانی مرۆڤ و ئەو بەهاو ئاکارانەی سەرچاوەیان لێوە دەگرن، نایەنەدی.

لەم ڕوانگەیەوە، پەروەردەکردنی تاکەکانی کۆمەڵگە لە ڕووی مافەکانی مرۆڤەوە گرنگ و پێویستە، چونکە دەبێتە هۆی جێگیربوونی کولتوورێک، کە داکۆکی لە مرۆڤ و بوون و بیرکردنەوەو کارپێکردنەکانی دەکات. بەوپێیەش دەستپێکێکی لۆژیکی و واقعییە بۆ هەر کارێک، کە ئامانجی پەرەپێدانی توخمی مرۆڤ و جێگیرکردنی بەهاو هەڵسوکەوتەکانی بێت و دەروازەیەکی پێویستیشە بۆ پەرەپێدان و نوێکردنەوەی کۆمەڵگە. سەرەنجام بایەخدان بە مافەکانی مرۆڤ، سنووری ئەو بۆنەو ئاهەنگانە جێدەهێڵێت، کە ساڵانە دێنەپێشەوە، وەک ڕۆژی جاڕی گەردوونی مافەکانی مرۆڤ، ڕۆژی منداڵان و ژنان و هەڵکردن. بایەخدانیش بە مافەکانی مرۆڤ دەبێتە خەمێکی ڕۆژانەی بەرپرسیارانەی ئەقڵانیی ڕێکخراو. بێگومان هەڵبژاردنی پەروەردە وەک دەروازەیەک بۆ بڵاوکردنەوەو چەسپاندنی کولتووری مافەکانی مرۆڤ، ستراتیژێکی بەهێزە بۆ هێنانەدیی ئەو پرۆژەیە.

پەروەردەکردنی تاکەکان لە ڕووی مافەکانی مرۆڤ پەروەردەکردنێکی مەعریفیانەی ڕووت نییە، بەڵکو بەپلەی یەکەم پەروەردەکردنێکی بەهاخوازانەیە، چونکە بایەخدانی ئەو پەروەردەیە بە لایەنی مەعریفی دوائامانج نییە، بەڵکو لە بنچینەدا ڕووەدەکاتە ڕەفتار. خۆ ئەگەر هەندێک جار وا دەرکەوێت بایەخ بە لایەنی مەعریفی دەدات، ئەوە وەک دەروازەیەکی بنچینەییە بۆ گەیشتنە بڕواو ڕەفتارەکانی تاکەکان. ئەو پەروەردەکردنەش بایەخ نادات بە پڕکردنی مێشکی تاک بە زانیاری

دەربارەی شکۆمەندی، ئازادی، یەکسانی، جیاوازی و چەمکەکانی دیکە، بەڵکو لە بنچینەدا بایەخدەدات بەوەی مرۆڤ کار بەو مافانە بکات، بڕوای پێیان هەبێت، بۆ ئەوانی دیکەشی بە ڕەوا بزانێ و وەک پرنسیپگەلی پایەدار ڕێزیان لێ بگرێت. واتە ئەو چەمکانە زانیاری نین تەنیا بۆ فێربوون، بەڵکو بەهاگەلی گرنگن بۆ ژیان. واتە ئەو پەروەردەکردنە مانای دامەزراندن و جێگیرکردنی ئەو مافانەیە وەک بەهاگەلی گرنگ لەسەر ئاستی هۆشمەندی، ویژدان و هەستوسۆزو وەک ڕەفتاری کردەیی لەسەر ئاستی پراکتیکی. ئامانجی ئەو پەروەردەکردنەش دروستکردنی هاوڵاتیەکە بڕوای بە بەها دیموکراتیەکان و مافی مرۆڤ هەبێت، ڕێزیان لێ بگرێت، لە ژیانی ڕۆژانەدا بیانپارێزێت و جێبەجێیان بکات.

پەروەردەکردن لە ڕووی مافەکانی مرۆڤەوە پەروەردەکردنێکی مرۆڤانەیە، واتە ڕوو لە مرۆڤ دەکات وەک بوونێک. ڕۆشنگەرانەی ئەقڵانییە، واتە پشتئەستوورە بە چەمکگەلی وەک خود، ئەقڵ، ئازادی، هەڵکردن، جیاوازی، شکۆمەندی، یەکسانی و دیموکراسی. ڕەخنەگرانەیشە، واتە بەگشت ئەو بەهاو پرنسیپو ڕەفتارانەدا دەچێتەوە، کە ناکۆکن لەگەڵ مافەکانی مرۆڤدا و ڕێگرن لەبەردەم کارپێکردنیاندا. هەروەها ئەو پەروەردکردنە تەنیا ئاستی خوێندن و قوتابخانەکان ناگرێتەوە، بەڵکو شۆڕدەبێتەوە بۆ ناو خێزان، کایە جۆربەجۆرەکانی کۆمەڵگەو ئامرازەکانی ڕاگەیاندن. واتە کارێکی هاوبەشە خێزان، خوێندنگە و سەرتاپای کۆمەڵگە بەشداریی تێدا دەکەن.

گۆڤاری هەفتانە ژمارە (٤) ٢٢–٢٨ حوزەیران ٢٠٠٨

## گەنج و دامودەزگا و ڕێکخراوەکان

له كۆمەڵگەی كوردستاندا ئەركێكی گرنگ، سەبارەت بە گەنجان، دەكەوێتە سەر شانی دامودەزگا ڕەسمی و ڕێكخراوە سیاسییەكان، ئەویش زەمینەخۆشكردنە بۆ ئەوەی چەكداربن بە زانیاری و زانست، نەوەی سەردەمەكەی خۆیان بن، تواناكانی خۆیان بخەنەكار، ئەزموونی هەمەلایەن و چاك بەدەستبێنن. كەچی بەداخەوە، زۆربەی ئەو دامودەزگاو ڕێكخراوانە خاوەن ڕۆحی پێشوازیكردن نین لە گەنجان و سڵدەكەنەوە لەوەی بیانهێننە ناو جومگە گرنگەكان و بەشداریانكەن لە بڕیارسازیدا. ئەمەش بۆتە هۆی پیربوونی جەستەی ڕێكخراوەییان و لاوازبوونی كاركردنیان. بۆ ئەوەی گەنجان هێزی بزوێنەرو وزەی لەبن نەهاتوو و داهاتووی كۆمەڵگەكەمان بن، گرنگە ئەو دامودەزگاو ڕێكخراوانە، لە مامەڵەكردن لەگەڵ گەنجاندا، ڕەچاوی چوار ڕەهەندی سەرەكی بكەن:

-**گفتوگۆكردن**: واتە بەڕێوەبەری دامودەزگاكان و سەركردەی ڕێكخراوەكان تەنیا فرمان بۆ گەنجان دەرنەكەن، بەڵكو گوێیان لێ بگرن، گفتوگۆیان لەگەڵ بكەنو شێوازی بڕواهێنان، بەڵگەهێنانەوەو جیاوازیی بیروڕا بگرنەبەرو سروشتی باوكسالارانەی پەیوەندیی بگۆڕن بە ئەقڵانی، تاكخوازی بگۆڕن بە دیموكراتیانەو مۆنۆپۆڵكردن بگۆڕن بە بەشدارییپێكردن. چونكە پەیوەندییەكانی ناو دامودەزگاو ڕێكخراوەكان ئەنجامی گفتوگۆو پێكگەیشتن پتەودەبێت و دەبێتە هۆی بەهێزبوونی ڕۆحی كاری بەكۆمەڵ و هاندانی زیاتری گەنجان بۆ كاركردن و داهێنان.

-**فراوانكردنی ڕووبەری بەخشندەیی**: یاساو ڕێنماییەكان ڕۆڵی گرنگیان هەیە لە دیاریكردنی ڕووبەری بەخشندەیی گەنجاندا، جا ئەوە لە ڕێگەی توانای هاندانی بەڕێوەبەرو سەركردەكانەوە بێت، یان لە ڕێگەی سروشتی ئەو ئەركانەوە بێت كە دەكەونە ئەستۆی كارمەندو ئەندامان. لێرەشدا خەڵات و پاداشتكردن بنچینەیە، نەك پەیوەندیی تاكەكەسی و خزمایەتی. فراوانكردنی ئەو ڕووبەرە مانای ڕێزگرتنو نرخاندنی بیروڕاو كۆششەكانیانە، هەتاكو بەری ماندووبوونی ئەوان لە خزمەتی

تویژێکی پاوانکار یان دەستەیەکی بەرژەوەندخوازدا نەبێت، کە دەیەوێ بەسەر شانیاندا سەرکەوێت. نرخی ڕاستەقینەی بەخشندەیی لە پلەبەرزکردنەوەو موچە زیادکردندا نییە، بەڵکو لە ڕێزگرتن، بەهێندوەرگرتن و ئەو پێگەیەدایە، کە گەنج بەدەستیدێنێ.

-**گەشەپێدانی تواناکان**: زۆربەی دامودەزگاکان و سەرکردەی ڕێکخراوە سیاسییەکان گلەیی ئەوە لە گەنجان دەکەن کە ڕواڵەتکار، بێ ورەو پشوکورتن‌و ئەرکەکانی خۆیان جێبەجێ ناکەن و نابەرپرسیارو خەمساردن. ئەگەر ئەو خەسڵەتانە ڕێژەییانەش هەبن، بەتەنیا ناگەڕێنەوە بۆ کەسایەتی گەنج، بەڵکو بۆ شێوازی سەرکردایەتیکردن و بەڕێوەبردنی دامودەزگاو ڕێکخراوەکان، فەرامۆشکردن یان لاوازیی بەرنامەی گۆشکردن، ڕاهێنان و پێگەیاندنی گەنجان، دەرفەت نەڕەخساندن بۆ کەوتنەکاری ئەوان لە جومگەو ئاستە جۆربەجۆرەکانی کارکردنداو بەرزنەکردنەوەی پلەکاری بەتواناکانیان وەک هاندەرێک بۆ کارابوونی ئەوانی دیکەش.

-**نموونەی بەرزو ڕەخنەگرتن**: گەنج کاتی کارکردن لە دامودەزگا یان ڕێکخراوێکدا کەسایەتیەیەک یان زیاتر دەکاتە نموونەی بەرزی خۆی. نموونەی ڕاستەقینەش ئەوەیە، کە دوورە لە مەیلی پیاهەڵدان و موجامەلەکردن و ناکەوێتە ژێر کاریگەریی فشارو ترسەوە. هەروەها ئەوەیە بە کردەوە دەبینرێت نەک بە قسە دەخرێتەڕوو. ڕەخنەش ئامرازی بەردەوامبوونی دەستپێشکەری، گڕوتینی داهێنان، چاککردنی خەوشی و کەموکوڕییەکانە و گرنگە دامودەزگاو ڕێکخراوەکان لەگەڵ گەنجاندا پێڕەوی بکەن و لێیانی قبوڵی بکەن و میکانیزم بۆ کارپێکردنی دابنێن.

گۆڤاری هەفتانە ژمارە (٥) ٢٩ حوزەیران-٥ تەمموز ٢٠٠٨

## پەرەپێدانی هەمەلایەن

ئەزموونی هاوچەرخی مرۆڤایەتی ئەوەی سەلماندوەم کە هەموو کۆمەڵگەیەک دەتوانێت پەرەپێدانی هەمەلایەن بهێنێتەدی، ئەگەر سەرچاوە ئابووری و مرۆییەکانی خۆی چاک وەبەربهێنێ و پلانی واقعیی شایستەی جێبەجێکردن بگرێتەبەر.

پەرەپێدان پڕۆسەیەکی هەمەلایەنی خاوەن ڕەهەندی ئابووری، کۆمەڵایەتی، کولتووری و سیاسییە، ئامانجی هێنانەدیی خۆشگوزەرانییە بۆ گشت دانیشتوانو تاکەکانی کۆمەڵگەو دەستەبەرکردنی ماف و ئازادییە بنچینەییەکانی مرۆڤە.

پەرەپێدان پڕۆسەیە نەک حاڵەت، بۆیە بەردەوامە و بەپێی گۆڕانی پێداویستییەکانی کۆمەڵگە نوێدەبێتەوە. پەرەپێدان پڕۆسەیەکی کۆمەڵگەییە گشت توێژو چینەکان بەشداری تێدا دەکەن و ناکرێت پشت بە تاقە توێژو سەرچاوەیەک ببەسترێ. پەرەپێدان پڕۆسەیەکی هۆشمەندانەی مەبەستداری خاوەن ستراتیژی درێژخایان و ئامانج و بەرنامەگەلی کورتخایانە، نەک هەنگاوێکی هەڕەمەکیانەی بێ سەروبەر. پەرەپێدان بەپێی ویستێکی تایبەتی ئاڕاستەدەکرێت، کە وریایە بەرامبەر بە ئامانجەکانی کۆمەڵگە، توانای باش بەکارهێنانی سەرچاوەکانی هەیەو بەشێوازێکی شارستانیانەی هاوچەرخ دەبزوێ. پەرەپێدان پێویستی بەبنیاتنانی بناغەیەکی توندوتۆڵ و دۆزینەوەی وزەیەکی بەرهەمهێنانی خۆییە، بەمەرجێک ڕێکخراوێکی کۆمەڵایەتی دروست، توانایەکی دامەزراوەیی چەسپیو، سەرچاوەیەکی مرۆیی مەشقکراو، توانایەکی تەکنۆلۆژی خۆیی، کەڵەکەبوونێکی چەندایەتیو چونایەتی سەرمایەی بۆ دەستەبەربێت. پەرەپێدان زیادکردنی بەهەمهێنانی تاکەکانی کۆمەڵگەیە، کە بە تێکڕای داهاتی ڕاستەقینەی تاک دەپێورێت. پەرەپێدان بەرزکردنەوەی توانا کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری و تەکنۆلۆژییەکانە بۆ گەیشتنە ئامانجەکان.

هێشتا پەرەپێدان لە کوردستان نەبۆتە ستراتیژی حوکمڕانەکانی کوردستانو ڕووبەڕووی کۆمەڵێک گرفتی جیدی بۆتەوە، لەوانە:

١ - *قەیرانی بەشداریکردن*: لێرەدا مەبەست لایەنی سیاسی نییە بەتەنیا، بەڵکو بەشدارکردنی خەڵکە بە هەموو توێژو چینەکانەوە لە پرۆسەی پەرەپێداندا، چونکە ئەوە یەکەمین مەرجی هاتنەدیی پەرەپێدانی هەمەلایەنە. بەشداریکردن مانای بەشداربوونی خەڵکە لە گفتوگۆکان و بڕیارسازی و جێبەجێکردندا، هەتاکو هەمووان هەستبکەن ڕۆڵی گرنگیان هەیەو پرۆسەکە لە بەرژەوەندیی ئەمڕۆ و داهاتووی ئەواندایە.

٢ - *لاوازیی کۆمەڵگەی مەدەنی*: چونکە ئەگەرچی چەندین ڕێکخراوی پیشەیی، سەندیکایی، کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری لەئارادان کە چالاکن، بەڵام هێشتا ئەوانە لەئاستی پێویستدا نین و دەرەقەتی گرفتەکان نایەن و توانای دەستەبەرکردنی پێداویستیەکانیان نییە.

٣- *باڵادەستی ناوەندێتی و لاوازیی دەسەڵاتە ناوچەییەکان*: لەبەرئەوەی سیستەمی کارگێڕیی کوردستان بەشێوەیەکی گشتی گرێدراوی ویستی ناوەندێتیو بێدەسەڵاتیی ئەنجومەنە ناوچەییە سەربەخۆکانە.

٤- *لاوازیی ئامادەبوونی حوکمڕانیی هەق‌و یاسا*: بەوپێیەی دەرفەتی وەک یەک و یەکسانی لەبەردەم یاسادا زۆر گرنگە و دڵنیایی و بەردەوامی دەبەخشێتە وەبەرهێنەرو هاوڵاتیان و بەبێ ئەوە بێ متمانەیی لەنێوان هاوڵاتیان و حوکمڕانیدا سەرهەڵدەدات، ئەمەش ئاستەنگ بۆ پەرەپێدانێکی بەکردەوە دروستدەکات.

٥ - *سروشتی ڕەیعی ئابووریی کوردستان*: ئەمەش پێویستی بە داڕشتنی ستراتیژێکی بەکردەوەی چالاک هەیە، بۆ گوێزانەوەی ئەو ئابوورییە لە ڕەیعییەوە بۆ بەرهەمهێنان، کە پشتئەستووره بە فرەڕەنگکردنی داهات و زیادکردنی تواناکانی پێشبڕکێ.

هێمای زۆر هەن بۆ خستنەڕووی لاوازیی پەرەپێدان لە کوردستان، لەوانە: نەبوونی ئازادی، تەشەنەکردنی هەژاری و نایەکسانی و بێکاری، لاوازیی چاودێریکردنی تەندروستی، کەمیی دەرفەتی خوێندن و پەروەردەکردنی چاک، نائامادەیی سیاسەتی زامنکردنی کۆمەڵایەتی، پیسبوونی مەترسیداری ژینگە ...هتد.

گۆڤاری هەفتانە ژمارە (٦) ٦-١٢ تەمموز ٢٠٠٨

## مەسەلەی ژنان

مەسەلەی ژنان، لەلایەکەوە مەسەلەیەکی مرۆڤانەی کۆمەڵایەتی کومەڵگەییە، لەلایەکی دیکەوە مەسەلەیەکی تایبەتیەو پەیوەندیی بە چەوساندنەوەی ژنو ئەو شێوازانەی بەکاربردن و جیاوازیکردنی ڕەگەزی و یاساییەوە هەیە، کە ژنان لە بوارەکانی ژیاندا بەدەستیانەوە دەناڵێنن.

مەسەلەی ژنان، وەک مەسەلەیەکی گشتی، مەسەلەی ژنان و پیاوانە بەیەکەوە. واتە مەسەلەی گشت کۆمەڵگە و ئەقڵانیکردن، عەلمانیکردن و دیموکراتیکردنیەتی، چونکە مەحاڵە نیوەی کۆمەڵگە بەبێ نیوەکەی دیکەی پێشکەوێ و گەشەبکات. لێرەدا نابێت ئەم دابەشکردنە لە گۆشەنیگایەکی چەندایەتی یان ئامارکاریی ڕووتەوە ببینرێت، بەڵکو دەبێت لە ڕوانگەی یەکترتەواوکردنی ئەو دوو ڕەگەزەوە سەیربکرێت. ئەمەش بۆ جەغتکردنەوە لەسەر ئەوەی ئەندامێتی ژن لە کۆمەڵگەو حوکمڕانیدا هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ ئەندامێتی پیاودا نییەو کۆششەکانی پەرەپێدانی کۆمەڵایەتی گەرەکە ڕوو لە پەرەپێدانی وەک یەکی هەردوو ڕەگەزەکە بکات. مەسەلەی ژنانیش، وەک مەسەلەیەکی تایبەتی، خەباتی ژنانە لەپێناو ئازادبوون و یەکسانیداو دەستپێکێکی پێویستە بۆ ئەو ئازادییەی مەسەلەی ژنان دەگەیەنێتە پلەی مەسەلەیەکی گشتی. لێرەشدا هیچ لێک جیاکردنەوەیەکی میکانیکی لەنێوان گشتی و تایبەتیدا نییە، چونکە یەکەم بەبێ دوەم بوونێکی بەکردەوەی نابێت، دوەمیش لەناو یەکەمدا نەبێت ماناو بەهایەکی نابێت. بەوپێیەی هەر دەستکەوتێکی ژنان لەبواری ئازادیدا، دیارییەکە پێشکەشی کۆمەڵگە دەکرێتو هەر گەشەکردنێکی کۆمەڵگە بەئاڕاستەی ئازادیی ڕاستەقینەدا، ژنان سودمەنددەبن لێی. ئەمەش مانای ئەوەیە مەسەلەی ژنان لە دوائەنجامدا لەسەر ئاستی کۆمەڵگەو سیستەمە گشتییەکەی و شێوەی بوونی یاسایی و سیاسیی یەکلادەکرێتەوە.

بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی ژنان، بڵاوکردنەوەی هۆشمەندییەکی هاوتا گرنگە. بۆیە سەرەتا دەبێت وێنەی ژن لە زەینی خودی ژندا بەدەستبهێنرێت، چونکە

وێناکردنی ژن سەبارەت بەخودی خۆی، وێناکردنی ئەو دەربارەی پیاو و کۆمەڵگەو حوکمڕانی دەستنیشاندەکات. واتە ئەوەیە کە دیاریی هەڵوێستی ژن بەرامبەر بە پیاو دەکات وەک دایک، پەروەردەکار، مامۆستاو هاوسەری لە خێزاندا. هەروەها گەرەکە بارودۆخی ژن لە کۆمەڵگە و پێگەی لە گشت بوارەکانی ژیانی گشتیدا دەستنیشانبکرێت و بزانرێت ڕەنگدانەوەی لە یاسا بەکارەکاندا بەدیدەکرێت، ئینجا هەوڵبدرێت بەجۆرێک گەشە بەو یاسایانە بدرێت، کە گونجاوبێت لەگەڵ کەسایەتی یاسایی، کۆمەڵایەتی، ئەخلاقیی ژن و یەکسانیی لەگەڵ پیاودا. هەروەها کاربکرێت بۆ ئەوەی مەسەلەی ژنان لە مەسەلەیەکی ژنانەوە بکرێتە مەسەلەیەکی کۆمەڵایەتیی ژنان و پیاوان پێکەوە. بەوپێیەی ژن و پیاو لە کۆمەڵگەدا هاوشانن و دیمەنی پیاو لە زەینی ژندا دەبێت وەک دیمەنی ژن بێت لە زەینی پیاودا. بەوپێیەی مێبوونی ئازادانە مەرجی نێربوونی ئازادانەیە.

کەواتە دەکرێت بەشداربین لە سەرلەنوێ بنیاتنانەوەی مەسەلەی ژن و ئازادیی ژندا. ئەمەش بەپێی پرنسیپی ئازادیی تاک و مافەکانی مرۆڤ و هاوڵاتیو بەهەنگاوهەڵهێنان لەو ڕاستییەوە کە مرۆڤ بۆ خۆی ئامانجەو ئازادیی ئەو گرنگترین ڕواڵەت و ناوەڕۆکی مرۆڤبوونیەتی. بێگومان دانانان بەوەدا، کە ژن خودێکی مرۆڤانەی ئازادو تاکێکی سەربەخۆی یەکسانە بەپیاو-لە گشت مافەکاندا - یەکەمین دەستپێکی ئازادی و پێشکەوتنی کۆمەڵگەیە و ئازادیی ژنانیش مەرجی پێویستە بۆ ئازادبوونی پیاوان.

گۆڤاری هەفتانە ژمارە (٧) ١٣-١٩ تەمموز ٢٠٠٨

## ڕۆشنبیرو حوکمڕانی

ڕۆشنبیران ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لە هوشیارکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگەو گەشەپێدانی سیاسی و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە و حوکمڕانیدا، ڕوەو هێنانەدیی پەرەپێدانی هەمەلایەن، بەڵام بەمەرجێک حوکمڕانی بایەخ بە ڕۆشنبیران بداتو ئەو کەشەیان بۆ دەستەبەربکات، کە پێویستە بۆ گێڕانی ئەو ڕۆڵە.

هەلومەرجی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری، مێژوویی کۆمەڵگە و پێکهاتەی فیکری و دەروونیی تاکەکانی کاریگەریان لەسەر هەڵوێستی ڕۆشنبیر و تێڕوانینو ڕۆڵەکەی هەیە. ئەگەرچیش ڕۆشنبیر بەشێکە لە کۆمەڵگەو بەری هەلومەرجی کۆمەڵایەتی گۆڕاویەتی، بەڵام تاڕادەیەکی دیاریکراو جیاوازە لەگەڵ توێژەکانی ترداو بەهۆی هۆشمەندییەوە دەتوانێت ڕۆڵێکی کاریگەرتر و جیاکارەتر لە کۆمەڵگەدا بگێڕێت. سەرچاوەی ئەو کاریگەریی و جیاکارییەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، ئەوان دەتوانن لە ڕێگەی وتەو نووسینەکانیانەوە دیاردە جۆربەجۆرەکان بخەنەڕوو، گرفتەکانی کۆمەڵگە دیارییبکەن و شیانبکەنەوەو چارەسەریان بۆ دەستنیشانبکەن. هەروەها لەبەرئەوەی ئەو توێژەی کۆمەڵگە پێکدێنن کە چاکتر لە سیاسەت و کارەکانی حوکمڕانی، ئاقارە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان، ڕەوتە ناوچەیی و هەرێمایەتی و نێودەڵەتیەکان تێدەگات.

بێگومان هەڵەیە بڵێین ڕۆشنبیر دەتوانێت - یان پێویستە - چارەسەر بۆ هەموو ئەو کێشەو گرفتانە بدۆزێتەوە، کە ڕووبەڕووی تاکەکانی کۆمەڵگە دەبنەوە، چونکە ئەوە بەدەرە لەتواناو وزەی ئەو، بەڵام هەر ڕۆشنبیرەو لە بواری شارەزایی خۆیدا دەتوانێت لە کایە یان چەند کایەیەکدا بکۆڵێتەوە. ڕۆشنبیر دەتوانێت ئەو توێژینەوانەش ئەنجامبدات، کە حوکمڕانی دەتوانێت بۆ دارشتنی سیاسەتو بڕیارسازی سودیان لێ وەربگرێت و لە خزمەتی کۆمەڵگەدا بیانخاتەگەڕ.

سروشتی کەشی ئازادیی فیکری کاریگەریی خۆی هەیە لەسەر دیاریکردنی ناوەڕۆکی بەرهەمەکانی ڕۆشنبیران. بۆ هێنانەدیی ئەو کەشەش کۆمەڵێک هۆکار

گرنگن، لەوانە ئازادیی دەربڕین و هەڵکردن لەگەڵ بیری ئەوانی دیکە و بوونی دەرفەتەکانی چاپ و بڵاوکردنەوە. لێرەشدا ئەوانەی دەسەڵاتی حکومڕانیان بەدەستەوەیە، ڕۆڵیان هەیە لە هاندانی ئازادی فیکری یان سنوور بۆ دانانیدا. هەروەها پەیوەندییەکی دوولایەنی لەنێوان سروشتی حوکمڕانی و قەبارەی ئەو ڕۆڵەدا هەیە، کە ڕۆشنبیر دەیگێڕێت. ڕۆشنبیر دەتوانێت ڕۆڵی زیاتر لە سایەی حوکمڕانیەکی دیموکراتیدا بگێڕێ و ڕۆڵێکی سنووردار لە سێبەری حوکمڕانی سەرتاپاگیرو نادیموکراتیدا ببینێ. چونکە لە سایەی حوکمڕانیی دیموکراتیدا دەرفەتی باشتر و فراوانتر بۆ دەستپێشکەریی ڕۆشنبیر دەڕەخسێ و بواری ئازادیی دەربڕینی فراوانتر لەئارادادەبێت. بۆیە ڕۆشنبیر لە حوکمڕانیی دیموکراتیدا ڕۆڵێکی گەورەتر دەگێڕن لە هێنانەدیی پەرەپێدانی ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسیداو باشتر بەشدارییدەکەن لە بڕیارسازیی حوکمڕانیدا.

ڕۆشنبیران لە ڕووی پەیوەندییەوە لەگەڵ حوکمڕانیدا جیاوازن، تیایاندا هەیە ملکەچی حوکمڕانیەو بەهێمای ئەو هەڵدەسوڕێت و هەنگاودەنێت، تیاشیاندا هەیە ملکەچی حوکمڕانی نییەو خاوەن هەڵوێستی خۆیەتی و ڕەخنە لە شاشییەکانی دەگرێت. هەڵوێستی هەریەکێکیشیان گرێدراوی ئەوەیە، تا چ ڕادەیەک لە ڕووی داراییەوە گرێدراوی حوکمڕانیە. ئەوەی پشتی تەواو بە حوکمڕانی دەبەستێت، جیاواز هەڵسوکەوتدەکات لەوەی پشتی پێ نابەستێ. هەروەها ئەو هەڵوێستە گرێدراوی ڕادەی هۆشمەندیی خودی ڕۆشنبیرەو پەیبردنێتی بەوەی دەبێت ماوەیەک لەنێوان خۆی و حوکمڕانیدا هەبێت و پەیام و کاری ڕۆشنبیر لەوەی حوکمڕانی جیابکاتەوە.

گۆڤاری هەفتانە ژمارە (٨) ٢٠-٢٦ تەمموز ٢٠٠٨

# گەنج و بێکاری

گەنجان نەوەی کار، بەرهەمهێنان، هێز و توانا، وزە، بەهرەو شارەزایین و بیر لە بنیاتنانی دۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی خۆیان دەکەنەوە، ئەمەش پشتئەستوور بەخۆیان و لە ڕێگەی کارو بەرهەمهێنانەوە، بەتایبەتی ئەوانەی خوێندنیان تەواوکردوەو بەشێکی زۆری ژیانی خۆیان لە خوێندندا بەسەربردوە. بێکاری نەبوونی دەرفەتی کارە بۆ ئەوانەی تواناو خواستی کارکردنیان هەیەو کێشەیەکی ئابووری، کۆمەڵایەتی، دەروونی و سیاسییە، هەزاران گەنج بەدەستیەوە دەناڵێنن، کە گیرۆدەی دەستی نەبوونی پلانی گونجاوی دامەزراندن و ڕاهێنانی حکومەت بوون.

بیکاری کاریگەریی زۆری هەیە لەسەر تەندروستیی دەروونی و جەستە، چونکە ڕێژەیەکی زۆری بێکارەکان بڕوابەخۆبوون لەدەستدەدەن، ڕێزیان بۆ خۆیان کەمدەبێتەوەو هەست بە تێکشکان دەکەن. هەروەها خەمساردی، بێهیوایی، دڵەڕاوکێ، خەمۆکی و نائارامی زاڵدەبێت بەسەریانداو تووشی چەندین نەخۆشی جەستەش دەبن و جێهێشتنی وڵات و کۆچکردن دەبێتە چارەسەری نموونەیی بۆ دۆخی ئاڵۆزو مەترسیداریان.

دەستەوستانی کۆمەڵگە، واتە حکومەت و کەرتی تایبەت، لەئاست دابینکردنی دەرفەتی کارکردن بۆ گەنجان، سەرەنجامی خراپی هەیە بۆ ئینتیمای ئەوان بۆ نیشتیمانەکەیان و دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی توڕەبوونیان لە کۆمەڵگەو پەنابردنیان بۆ توندوتیژی، وێرانکردن و هۆشبەرەکان. بۆیە گرنگە بایەخی تەواو بە خستنەکاری گەنجان بدرێت، بەتایبەتی کە ئێستا بێکاری بۆتە دەردێکی کوشندەی وەهای چارەسەری دەستوبرد و هەمەلایەنی گەرەکە. لێرەشدا گرنگە حکومەت سیاسەتێک بگرێتە بەر کە هاوسەنگیی لەنێوان خستنەکارو بەرهەمی خوێندندا ڕابگرێت، بۆ ڕێگرتن لەوەی ناکۆکی لەنێوان ئەو دوو کایەیەدا هەبێتو خاوەن بڕوانامەی زۆر بەرهەم نەیەن، کە دەرفەتی کارکردنیان نەبێت. هەروەها پێویستە بایەخ بە خوێندنە پیشەییەکان و ڕاهێنانی پیشەیی بدرێت و هانی کەرتی

تایبەت بدرێت، بەتایبەتی کەرتی بەرهەمهێنەر، بۆ دابینکردنی دەرفەتی کاری فراوان و هەمەجۆر بۆ گەنجان. ئینجا سودبەخشیشە سیاسەتی خانەنشینکردنی نەوەکانی پێشوو بگیرێتە بەر، بۆ ڕەخساندنی شوێنی کار بۆ گەنجان، بەمەرجێک ئەو سیاسەتە پرۆسەی گوێزانەوەی ئەزموون و شارەزایی نەوەکانی پێشوو بۆ گەنجان مسۆگەربکات و ماندوبوونی نەوەکانی پێشوویش بەفیڕۆنەڕوات.

فراوانبوونی مەودای تێڕوانین سەبارەت بە ڕۆڵی گەنجان لە چارەسەرکردنی کێشە نیشتیمانیەکان و پەرەپێداندا مەسەلەیەکی گرنگ و بنچینەییە نابێت فەرامۆشبکرێت، چونکە گەنجان تەنیا هێزی کار نین لە بازاڕی کارکردندا، بەڵکو گەرەکە هەڵوەستەبکرێت لەئاست ڕۆڵیان لە ژیانی گشتیدا و ڕۆڵیان قەتیس نەکرێت لە بواری دامودەزگا حکومیەکان و بەرهەمهێنانی پیشەسازیو کشتوکاڵی و ئاوەدانکردنەوەدا، بەڵکو بایەخ بە ڕۆڵی جیاکارەیان بدرێت لە مەسەلەکانی نەهێشتنی نەخوێندەواری، ڕێکخستنی خێزان، پرۆژەکانی خزمەتگوزاریی تەندروستی و کۆمەڵایەتی و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیدا..هتد.

بۆیە ئەوە هانماندەدات بڵێین چاکترین چارەسەر بۆ کێشەکانی گەنجان، جگە لە دابینکردنی کار، بەشدارییپێکردنیانە لە پرۆسەی پەرەپێدان و بەڕێوەبردنی سیاسیی دیموکراتیانەدا، لەسەر ئاستی سیاسی و کۆمەڵایەتی و سەندیکایی. هەروەها مەشقپێکردن و ڕاهێنانیان بۆ گرتنەئەستۆی بەپرسیارێتی ڕێکخراوەییو ڕابەرایەتیکردنی ئەو دامەزراوانەی تیایاندا دەخوێنن، ڕادەهێنرێن، یان کاتی دەستبەتاڵی بەسەردەبەن، جا ئەوانە لەناو زانکۆو پەیمانگەکاندا بێت، یان ڕێکخراوە ناحکومیەکان و یانە جۆربەجۆرەکاندا.

گۆڤاری هەفتانە ژمارە (١١) ١٠-١٦ ئاب ٢٠٠٨

## شەرەفپارێزی

شەرەف چەمکێکە بەپێی کولتوورو ئاستی گەشەکردنی کۆمەڵگە دەگۆڕێتو مانایەکی ڕێژەیی هەیە، ناکرێت پێناسەیەکی بۆ بکەین، کە ڕاست بێت بۆ هەموو کۆمەڵگە و سەردەمێک.

لە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکاندا شەرف لە سەرووی هەموو بەهاکانی دیکەوەیەو کۆمەڵێک خەسڵەت لەخۆدەگرێت، وەک: خۆشەویستی نیشتیمان، ڕاستگۆیی، سەرڕاستی، دەستپاکی، وەفاداری، چاکەکاری و ئەوانی دیکە، کە مرۆڤ پایەداردەکەن و دەیگەننە ئاستی شکۆمەندی. کەچی لە کۆمەڵگە دواکەوتوەکانی وەک کوردستاندا شەرف قەتیسدەکرێت لە بەشێکی بچووکی جەستەی ژنو ڕەفتاری سێکسیدا. بەوپێیەش پیاو لە دەرەوەی جەستەی ژن شەرەفی نییەو ژنیش پارێزەری شەرەفی خۆی و خێزانەکەیەتی. سەرەنجام پیاوی شەریف ئەو کەسەیە، کە ژنەکەی خیانەتی لێ ناکات و کچەکەی یان خوشکەکەی پەیوەندیی لەگەڵ هیچ نێرینەیەکدا نابەستێت، نەک ئەوەی کە دزی ناکات، دەستی خەڵکی نابڕێت، کارەکەی خۆی بەچاکی ڕاییدەکات، بەرتیل وەرناگرێت، شتی بەسەرچوو نافرۆشێت، پارەی ناڕەوا ناخوات، ساختەکاری و فێڵ ناکات، ئازادیی تاکەکەسیی کەسانی دیکە زەوت ناکات...هتد.

ئەو جۆرە تێڕوانینە نێرسالارە باوە، وایکردوە ژن هەست بە کەمایەتی خۆی بکات و هەمیشە لە دۆخی دڵەڕاوکێ و ترسدا بژی و جەستەی خۆی- ڕوونتر پەردەی کچێنی خۆی- بپارێزێت، هەتا زیانی پێ نەکەوێت و نەبێتە مایەی سەرشۆڕی بۆ خێزانەکەی. پیاویش لەلایەکەوە ژن بە موڵکی خۆی دابنێو لەلایەکی دیکەشەوە جەستەی ژن بە سمبولی شەرەفی خێزان بزانێت. بەو جۆرە دەستکاریکردنی پاکیزەیی ئەو جەستەیە بە دەستدرێژی بۆ شەرەفی خێزان بەگشتی دابنرێت و سزای سەختی ژن بدرێت و بەبیانوی شەرەفپارێزی بکوژرێت و ئەتکبکرێت، تەنانەت زۆرجار تەنیا لەبەر گومانپێکردن یان قسەوقسەڵۆکی خەڵکی.

دەبێت جەغت لەسەر ئەوە بکرێتەوە، کە کێشەی توندوتیژی دژی ژنان و ئەو تاوانانەی بەبیانوی شەرەفپارێزییەوە ڕوودەدەن، تەنیا بە دەستکاریکردنی دەقێکی یاسایی یان سزادانی بکەرەکان چارەسەرنابێت، بەڵکو گۆڕینی سیستەمی بەهاکانو ئەخلاقی کۆمەڵگەی گەرەکە، دەستکاریکردنی پاشخانی کولتووری و کۆمەڵایەتیو ئایینی تاکەکانی کۆمەڵگەی پێویستە، هەتا لە پاشکەوتوویيەوە بگوێزرێتەوە بۆ نوێگەری و ڕاگەیشتن بە گەشەکردنی هاوچەرخدا. ئەگەر ڕاپرسییەک دەربارەی تاوانی کوشتن بەبیانوی شەرەف بکەین، دەردەکەوێت زۆرێک دژی ئەو کوشتنە ڕادەوەستن و بە کارێکی خراپی دادەنێن، کەچی هەر بەردەوامەو لەبرەوسەندندایە. واتە کێشەکە پەیوەندیی بە میکانیزمی بیرکردنەوەی بەکۆمەڵەوە هەیەو لەبەرامبەر کێشەی کۆمەڵگەیەک ڕاوەستاوین، کە بەدەست شڵەژانی فیکری، کولتووری، کۆمەڵایەتی و ئایینیەوە دەناڵێنێت.

دەبێت ئەوە دووپاتبکرێتەوە، هەتاکو پیاو تاقە بڕیاربەدەست بێت لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی، ئابووری، ڕۆشنبیری و یاسادانان، ئەوا کوشتنی ژنان بەبیانوی شەرەف وەک خۆی دەمێنێتەوەو ژنیش قوربانی دەبێت. بۆیە گرنگە هەوڵبدرێت بۆ فراوانکردنی بنکەی کارکردن، هەتاکو ژن بەشێکی سەرەکی بێت لە گەشەپێدانی کۆمەڵگەو وەک پیاو ئەرک و مافی هەبێت. پێویستیشە کوشتن بەبیانوی شەرەف وەک مەسەلەیەکی دادوەریی ئاسایی سەیربکرێت، کە دەبێت کۆتایی پێ بێتو وەک هەر تاوانێکی دیکە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، چونکە پەیوەندیی بە کوشتنی مرۆڤەوە هەیە.

گۆڤاری هەفتانە ژمارە (١٢) ١٧-٢٣ ئاب ٢٠٠٨

## بەرپرسیاریێتی تاکەکەس

ئەزموونە کۆمەڵایەتیەکان دەریانخستوە، ئەگەر بتەوێ گۆڕان بەسەر ژیانی کۆمەڵایەتیدا بهێنی و تاکەکانیش بەپیر گۆڕانکارییەکەوە بچن، ئەوا گەرەکە تێڕوانینی کۆمەڵگەو شێوازی مامەڵەکردنی لەگەڵ ژیان بگۆڕێت. لە کۆمەڵگەی ئێمەدا خواستی گۆڕانکاری لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی برەویسەندوە، کەچی ئەو خواستە هەمیشە ڕووبەڕووی شکستخواردن دەبێتەوە، چونکە تاکەکان گەیشتونەتە ئەو بڕوایەی ڕەخنەگرتن بێسوودەو ڕۆڵی خۆی ناگێڕێت، بەڵام هیچ کەسێک ناپرسێت: بۆچی ئەو ڕەخنەگرتنە زۆرەی لە کۆمەڵگەدا هەیە ڕۆڵی نییە لە چاککردنی کارڕاییکردن لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی؟ بۆچی ڕۆژانە دەیان و بگرە سەدان جۆری ڕەخنە بەرچاودەکەون و ناپرسین کێ بەرپرسیارە لە بەرامبەر فەرامۆشکردنیان؟ بۆچی ڕۆژانە ڕۆژنامەکان چەندین ڕەخنە دەربارەی بابەتی هەمەجۆر دەخەنەڕوو، کەچی کاریگەرییەکی ئەوتۆیان نییە لەسەر واقیعی کۆمەڵایەتی؟

لە کۆمەڵگەیەکدا کە خواستی ڕەخنەگرتن دەبێتە ڕەفتارێکی بەردەوامو ڕۆژانە، سەلیقەی ڕەخنەگرتن لە واقیع لای تاکەکانی تەشەنەدەکات. ئەو سەلیقەیەی بەم شێوەیەش پێکدێت تاکەکەسی نابێت، بەڵکو سەلیقەی ڕەخنەگرتن دەبێت لە سەرتاپای کۆمەڵگە. بەم جۆرەش ڕەخنەگرتنی تاک لەخۆی دەگۆڕێت بۆ تەنیا ڕەخنەگرتنی تاک لە کۆمەڵگەکەی، چونکە ئەوە باشترین ڕێگەچارەیە بۆ پەردەپۆشکردنی سەرسمدان و تێکشکانە خودییەکان.

ڕەخنەگرتن لە تاکەکەس بناغەیە بۆ ئەوەی کۆمەڵگە بتوانێ ڕێبازەکانی گۆڕانکاری بنیاتبنێ، چونکە ئەگەر تاک گۆڕانی بەسەر ئاکارو شێوازی تێڕوانینی خۆیدا هێنا، جا ئەوە لە بواری کارکردندا بێت یان بیرکردنەوە، ئەوا کاریگەریی گۆڕان لەسەر واقیعی کۆمەڵایەتی خێراتردەبێت. ئەمەش ئەوە لێکدەداتەوە، کە بۆچی ئەو هەموو ڕەخنەیەی دەخرێنەڕوو گۆڕانکاریی ناهێننەئاراوە. بەشێوەیەکی دیکە، کاتێک تاکەکان دەبنە ڕەخنەگر لە کۆمەڵگە بەتەنیا، ئەوا گۆڕانکاری سەختدەبێت.

کاتێک تاکێکی کۆمەڵگە، وەک بەرپرسێکی حکومی، ئامادەنابێت ڕەخنە لەخۆی بگرێت و ڕەخنەی ئەوانی دیکەش قبوڵبکات، بەتایبەتی لەو مەسەلانەدا کە پەیوەندیان بە کۆمەڵگەوە هەیە، ئەوە نیشانەیەکی ڕوونە بۆ ئەوەی کۆمەڵگە نەیتوانیوە سنووری کاریگەریی تاکەکەس تێپەڕێنێ و بەرپرسیارێتیەکە دەبێتە وشەگەلی ڕەخنەگرانە و بە کۆڕوکۆبوونەوەو ئامرازەکانی ڕاگەیاندندا پرشوبڵاودەبنەوە. واتە کاتێک کۆمەڵگە ناتوانێت بەرپرسیارێتی سەبارەت بە مەسەلەیەک ئاڕاستەی ئەوانە بکات، کە پێویستە بیگرنەئەستۆو داوا لە بەرپرسیاری یەکەم ناکرێت هەڵوێستی خۆی دەبڕێ و ڕای خۆی بەرامبەر بە ڕەخنەکە بخاتەڕوو و ڕەفتارو هەڵوێستی خۆی بگۆڕێت، یان پێگەی بەرپرسیارێتی جێهێڵێت، ئەوا دامەزراو یان تاکەکەس دەگەڕێت بەدوای ئامرازی بەهێزو کاریگەرتردا، بۆ ڕاگرتنی ڕەخنە بەهۆی یاساو ڕێساکان یان پەنابردن بۆ ئەوانەی لە پلەکاردا باڵاترن.

ئەو کۆمەڵگەیەی دەیەوێ بەشێوەی چاکتر بچێتەڕێوە ئەوەیە، کە وادەکات بەرپرسیارێتی تاکەکەس بریتی بێت لە ڕەخنەگرتن لەخۆی پێش ڕەخنەگرتن لە کۆمەڵگەکەی، چونکە تاک بەپێی پێگەی کۆمەڵایەتی خۆی-وەک تاکو بەرپرس- دەبێت دان بەو کەموکوڕیانەدا بنێ، کە لە بوارەکەیدا ڕوودەدەن، ئەوەش لە ڕێگەی ڕەخنەگرتنەوە. ئەگەر ئەوەشی نەکرد، ئەوا پێویستە لەکاربخرێت و کەسانی شیاوو شایستە بخرێتە جێگەی.

گۆڤاری هەفتانە ژمارە (١٣) ٢٤-٣٠ ئاب ٢٠٠٨

## تەنگوچەڵەمە و ڕیفۆرمی سیستەمی پەروەردە

سیستەمی پەروەردەی كوردستان سیستەمێكی هاوچەرخ نییە، چونكە بڕبڕەی پشتی پێ لەبەركردنە و ڕۆڵی خوێندكاران تیایدا كۆپیكردن و وەبیرهێنانەوەو دووبارەكردنەوەی ئەوەیە كە وەریانگرتوە، بەبێ قوڵبوونەوە لە ناوەڕۆكەكەی، كەڵەكەكردنی زانیارییەكانە، بەبێ هەڵوەستەكردنی هۆشمەندانە لەئاستیاندا. واتە ئامانجی سیستەمەكە یارمەتیدانی خوێندكارە بۆ لەبەركردنی زانیارییەكانو تۆماركردنیان لەسەر لاپەڕەكانی تاقیكردنەوەكان، بەبێ گوێدانە ئەوەی ڕادەی تێگەیشتن و سوودوەرگرتن چەندەو بەبێ ڕەچاوكردنی ئەوەی پەروەردەی ڕاستەقینە پشتئەستوورە بە گفتوگۆكردن، لێكدانەوە، شیكردنەوەو ئەزموونكردن بەمەبەستی بزواندنی مێشك، بەهێزكردنی بەڵگە، زیادكردنی بڕوابەخۆبوون، پەرەپێدانی توانای دەربڕین، ڕاهێنانی خوێندكاران لەسەر پشت بەخۆبەستنو چاككردنی توانای ڕەخنەگرتن و بڕواپێهێنان و بیركردنەوەی ئازادانە. ئەوەش بۆتە هۆی خستنەوەی خەمساردی و پشت بەخۆ نەبەستن، كەمكردنەوەی مەیلی خوێندكاران بۆ بابەتە زانستیەكان، لاوازكردنی توانای تێگەیشتن، شیكردنەوەی كێشەكان و بیركردنەوەی ڕەخنەگرانە، هاندانی قبوڵكردنی كوێرانەی مەسەلەكان، قەتیسكردنی ڕۆڵی مامۆستا لە گەیاندنی زانیاریداو لاوازبوونی پەیوەندیی كارلێككەرانەی نێوان ئەو و خوێندكاران و فەرامۆشكردنی توانا تاكەكەسییەكانی هەر خوێندكارێك.

وێڕای ئەوانە، چەند گرفتێكی دیكەی ئەو سیستەمە هەن، وەك: زاڵبوونی دەسەڵاتخوازی و توندوتیژی لە پانتاییەكانیدا، پاشكەوتوویی شێوازەكانی وانەوتنەوە لە هەموو ئاستەكانی خوێندندا، لاوازیی پرۆگرامی پێگەیاندنی مامۆستایان پێش تەواوكردنی خوێندن و كەمی ڕاهێنانی بەردەوامی ساڵانەی مامۆستایان پاش تەواوكردنی خوێندن، تەقلیدیبوونی پرۆگرامەكانی خوێندنی ئاستە جۆربەجۆرەكان و ناتەبەییان لەگەڵ قۆناغی ئیمڕۆی كۆمەڵگەدا، كەم بایەخكردنی پیشەی مامۆستاو هەڵئاوسانی بەو خوێندكارانەی لە هەموو بوارەكانی دیكەی خوێندنی باڵا ناكام دەبن.

ئەو دەربڕینانە مانای ئەوەیە تەنگوچەڵەمەیەک لە بوارەکەدا هەیە. واتە وەزارەتی پەروەردە، پەروەردەکاران و کۆمەڵگەش هەست بەوە دەکەن سیستەمی پەروەردە لای ئێمە ژیانی تەنگوچەڵەماوی بەسەردەبات، بۆیە سیستەمێکی گونجاونییە بۆ ئەم سەردەمەو ئەگەر چارەسەرێکی بۆ نەدۆزرێتەوە، ئەوا لە بری بەشداریکردن لە پەرەپێداندا، دەبێتە ئاستەنگ لەبەردەمیدا. تەنگوچەڵەمەکەش مانای بوونی کۆمەڵێک ئاستەنگ، بەربەست و کێشەیە کە سیستەمەکە بەدەستیانەوە دەناڵێنێ و بۆتە هۆی ئیفلیجکردنی جووڵەی ئاسایی، تێکچوونی ڕیتمی سروشتیی، لاوازیی کاریگەریی گشتیی، کەم بەرهەمی و بەپیرەوەنەهاتنی ئەو ئامانج، خواستو مەبەستانەی لەپێناویاندا دروستبوە.

چارەسەرکردنی تەنگوچەڵەمەی سیستەمی پەروەردە، پێویستی بە خۆپاراستن لە دوو مامەڵەکردن هەیە: یەکەم/مامەڵەکردن لەگەڵ تەنگوچەڵەمەکەدا وەک شێوانێکی فرمانی، کە بۆ چارەسەرکردنی هەندێک دەستکاریی چاکسازیخوازی سادە پێویستن. دوەم/مامەڵەکردنی تەکنیکخوازو بچووککردنەوەخواز، کە گشت بە بەش لێکدەداتەوەو لەو بڕوایەدایە بۆ چارەسەرکردنی تەنگوچەڵەمەکە، دەستکاریکردنی پرۆگرامی خوێندن، شێوازی وانەوتنەوەو تاقیکردنەوەکان و باشکردنی پەیوەندیی نێوان مامۆستاو خوێندکاران بەتەنیا بەسن.

هەروەها بۆ چارەسەرکردنی تەنگوچەڵەمەکە، دوو جۆر ڕیفۆرم گرنگ و پێویستن، یەکێکیان لەئاستی بچووکدا کە خودی سیستەمی پەروەردە دەگرێتەوە، ئەویتریان لەئاستی گەورەدا کە ڕیفۆرمەکە لەناو ئەو سیستەمەدا گرێدەداتەوە بە ڕیفۆرمی هەمەلایەنی گشتیی لەناو گۆمەڵگەدا. واتە ئەگەر مەبەستە ڕیفۆرمەکە ئەقلانیو پۆزەتیڤانە بێت، پێویستە لە دەستنیشانکردنی وردکارانەی تەنگوچەڵەمەی پەروەردەو ئاشنابوونی زانستیانە بە هۆکار، پێکهاتە، سەرەنجام و زیانەکانیەوە سەرچاوەبگرێت و گرێبدرێتەوە بە ڕیفۆرم لە گشت کایەکانی کۆمەڵگەدا.

گۆڤاری هەفتانە

## شارێکی نموونەیی

نزیکەی ساڵێک لەمەوبەر باسی ئەوە دەکرا، سلێمانی دەکرێتە پایتەختی ڕۆشنبیریی هەرێمی کوردستان. ئێستاش باسی ئەوە دەکرێت، کە سلێمانی دەکرێتە شارێکی نموونەیی. هیوادارم ئەو دەربڕینەی دوەم چارەنووسی وەک ئەوەی یەکەم نەبێت، کە لە ڕووی واقعییەوە هەنگاوی بۆ هەڵنەهێنراو وەک مرەکەبی سەر کاغەز مایەوە.

سەرەتا واچاکە بانگەشەکارانی بەنموونەییکردنی شاری سلێمانی پێناسەیەک بۆ چەمکی نموونەیی بکەن، هەتاکو واتاکەی ئاڵۆزنەبێت و سەرەنجام نەبێتە پڕوپاگەندەکردن، یان خۆ قوتارکردن لە بەرپرسیارێتی و ببێتە هەوێنی پڕۆژەیەکی گەورە، کە شایستەی ئەو شارە بێت. لەبەرئەوەی هەر شارەو بەپێی خەسڵەتە جوگرافی، کۆمەڵایەتی، مێژوویی، ئابووری و سیاسییەکانی توانایەکی دیاریکراوی هەیە بۆ گەشەکردن و ناکرێت بارێکی لێ بنرێت، کە توانای هەڵگرتنی نەبێت. هەروەها گرنگە خەسڵەتەکانی ئەو نموونەییبوونەو کایەکانی دەستنیشانبکرێن، هەتاکو بەرچاوڕوونی هەبێت و ئامانج بەرجەستەبێت، چونکە ئەوە هەنگاوهەڵهێنانەکە واقعی و ئاسانتر دەکات.

شار بریتییە لە خەڵکەکەی، بازرگانی، ئابووری، کشتوکاڵ، هونەرو بیناسازی، ڕێگاوبان و هاتوچۆ، هەستوسۆزو پەیوەندییەکان، حکومەت و سیاسەت، کولتوورو چێژوەرگرتن و ژینگە، ڕاستگۆترین گوزارشتیشە لە کولتووری میللەتێکو گەشەکردنی. بەو پێیەش شاری نموونەیی:

–ئەو شارەیە هوشیاریی خەڵکەکەی لە ئاستێکدایە، کە تەبایە لەگەڵ شارستانیبووناو یاریدەدەرە بۆ هەستکردنیان بە بەرپرسیارێتی بەرامبەر بە شارو کۆمەڵگەکەیان.

–ئەو شارەیە، کە کایەکانی بازرگانی و ئابووری و کشتوکاڵ لەسەر بناغەی ئەقڵانیبوون و سوودی گشتی بنیاتنراون و بەدوورن لە هەڕەمەکیبوون و چاوچنۆکیی

تاک و توێژی بەرژەوەندخوازی دیاریکراو و بەپێی یاسا ڕێکخراوو کۆنترۆڵکراون.

–ئەو شارەیە، کە بایەخ بە هونەر دەدات لە هەموو ئاستەکانداو سیمای هونەری بە هەموو شوێنێکیەوە دیارەو پیسبوونی بینین لە نزمترین ئاستدایە.

–ئەو شارەیە، کە بیناسازیی تیایدا پشتئەستوورە بە کولتووری تایبەتی ناوچەیی و توانا نوێ هاوچەرخەکان و بەپێی ڕێسای تایبەتی ئەنجامدەدرێت، هەتا پشێوی و ناتەبایی و ناشرینی نەکەوێتەوە.

–ئەو شارەیە، کە هەستوسۆز و پەیوەندییەکان سەردەمیانەن و دوورن لە کاریگەریی سیستەمە بەسەرچوەکان و دابونەریتە کۆمەڵایەتیە دواکەوتووەکانی سەردەمی پێش بەشاربوون.

–ئەو شارەیە، کە حکومەت تیایدا دیموکراتیانە کارەکانی خۆی ڕاییدەکاتو دوورە لە دەستێوەردانی حیزب و دامودەزگاکانی وەک دامەزراوە کاردەکەن و پشت بە خواست و میزاجی تاکەکەسی نابەستن.

–ئەو شارەیە، کە خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان تیایدا مسۆگەرن، وەک: ئاو، کارەبا، پاکوخاوێنی، تەندروستی، ڕێگەوبان و شوێنەکانی بەسەربردنی کاتی دەست بەتاڵی.

–ئەو شارەیە، کە تیایدا گواستنەوەی گشتی زاڵە بەسەر گواستنەوەی تایبەتیداو ژینگەپارێزی لە ئاستێکی بەرزدایەو بۆتە نەریتێکی پێڕەویکراو لەلایەن هەموانەوە.

–ئەو شارەیە، کە شێوازێکی ژیانی پێشکەوتوو بۆ گشت دانیشتوانەکەی و بەبێ جیاوازی دەستەبەردەکات.

بۆ بنیاتنانی شاری نموونەیی پارە بەتەنیا بڕیاردەرنییە، بەڵکو هاوشانی پارە چەند خاڵێک گرنگن بۆ بەهەدەرنەچوونی پارەکە، لەوانە: ١/پلانگەلی گونجاو بەپێی ئەولەویاتی پێداویستیەکان. ٢/سیستەمێکی تۆکمەی پێ سپاردنی کار، کە پارێزراوبێت لە دەستێوەردانی حیزب و سیاسەتمەداران، زامنکەری جێبەجێکردنێک بێت دوور لە گەندەڵی و کەمکردنەوەی چۆنایەتی، خاوەن دەزگای بەدواداچوونو لێپێچینەوەی بێلایەنی سەرڕاست بێت. ٣/پشتبەستن بە ناناوەندێتی دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن و لێک جیاکردنەوەی کارە هاوشێوەکانی دامودەزگا جیاوازەکانو چەسپاندنی هاماهەنگی نێوانیان.

گۆڤاری هەفتانە ژمارە (١٥) ٧–١٣ ئەیلول ٢٠٠٨

## کولتووری خوێندنەوە

خوێندنەوە پێداویستییەکی ژیانی مرۆڤە، خۆراکی ڕۆحە، کلیلی بەدەستهێنانی زانین و زانیارییە، کەرەستەی دەوڵەمەندکردنی کاتی دەستبەتاڵییە. خوێندنەوە یارمەتی مێشکی مرۆڤ دەدات بۆ وردبوونەوە، لێکۆڵینەوە، تێڕامان، بەراوردکردن، پەیوەندیکردن و پەرەپێدانی توانا ئەقڵییەکانی وەک: داهێنان، وێناکردن، خەیاڵکردنەوە، دۆزینەوەو ئاشکراکردنی شتە ئاڵۆز و پەنهانەکانی دەوروبەر، بەمەبەستی گەیشتنە هەقیقەت و لێکدانەوەی گەلێک دیاردەی سروشتی، کۆمەڵایەتی و ژینگەیی بۆ گەیشتنە ژیانێکی باشتر و تێرکردنی ئەو پێداویستیانەی بۆ بەردەوامبوونی مرۆڤ گرنگن. خوێندنەوە ئامرازی پێکگەیشتنی کولتووریی نێوان نەتەوەکانی جیهان و بەدەستهێنانی ئەزموونی ئەوانی دیکەو پردی پەیوەندیی نێوان ڕابردوو، ئیمڕۆ و داهاتوو و زاخاودانی ئاکاریی تاکەکەسی و چارەسەرکردنی گەلێک نەخۆشیی دەروونییە.

خوێندنەوە لای ئێمە هێشتا نەبۆتە کولتوورێک و لەئاستی تاکەکەسیدا گیریخواردوەو تاکو ئێستا بازنەی ڕۆژنامە و گۆڤاری تێنەپەڕاندوە، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ شێوازی پەروەردەکردنی خێزان و سیستەمی خوێندن. چونکە خوێندنەوە نەریتێکە دەکرێت لە منداڵییەوە لەناو مرۆڤدا بچێنرێت. یەکەمین بەرکەوتنی تاکی ئێمە لەگەڵ کتێب، کاتی چوونە قوتابخانە و لەگەڵ کتێبەکانی خوێندندایە، کە گرێدراوی ئامادەکردن و تاقیکردنەوەو زۆربۆهێنانن، واتە سەرچاوەی ترس و تاڕادەیەک ڕقلێبوونەوەن. لە زۆربەی خێزانەکاندا، دایک و باوکان بایەخ نادەن بە ڕاهێنانی منداڵ لەسەر خوێندنەوە. بۆ خۆشیان ناخوێننەوە، هەتاکو ببنە نموونەی چاولێکردن بۆ منداڵەکانیان. سیستەمی خوێندنیش پێشوەخت چوارچێوە بۆ دانراوەو لەسەر بنچینەی پێ لەبەرکردن دامەزراوەو مێشکێکی کراوەی گفتوگۆخوازی بەرهەمهێن ناهێنێتەئاراوەو جگە لە کتێبی دیاریکراو، ئاوڕ لە سەرچاوەی دیکە ناداتەوەو هاندەرنییە بۆ خوێندنەوە.

وێڕای ئەو هۆکارانە، سستی خوێندنەوە دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی خەمی زانستی و فیکری و ڕۆشنبیری لای زۆرێک لە تاکەکان، پیواری (غیابی) کتێبخانەی

گەڕەک و ناوچەکان، کەمیی تیراژی کتێبەکان و هەژاریی ناوەڕۆکی زۆرێکیان، کە وەڵامدەرەوەی پێداویستیەکانی ئەم سەردەمە نین، نزمیی ئاستی بژێوی خەڵکو سەرقاڵبوونیان بە گرفتەکانی ژیانەوە، کە ڕێگرن لەبەردەم کڕینی کتێبو دۆزینەوەی کاتی خوێندنەوەدا. هەروەها ئەو سستیە ئیمڕۆ دەگەڕێتەوە بۆ زاڵبوونی کولتووری بیستەکی، واتەی پشتبەستنی تاک بەوەی لە ڕێگەی ئاخاوتنو گوێکرتنەوە دەستی دەکەوێت و سەرهەڵدانی خوێنەری چاوەکی، واتە پەنابردن بۆ ئامڕازەکانی وەک تەلەفزیۆنە لۆکاڵی و ئاسمانیەکان و دانانیان بە سەرچاوەی سەرەکی بەدەستهێنانی زانین و زانیاری، لەکاتێکدا ئەو ئامڕازانە زیاتر جەغت لەسەر لایەنی سەرگەرمکردن دەکەنەوە، تاوەکو لایەنی ڕۆشنبیری و فیکری.

بۆ چاککردنی دۆخی خوێندنەوە، پێویستە هەڵمەتی هوشیارکردنەوە دەربارەی خوێندنەوە لەناو خێزانەکاندا بەرپابکرێت و سوودو گرنگیی خوێندنەوە بۆ داهاتووی نەوەکان بخرێتەڕوو. وەزارەتی پەروەردەش خوێندنەوە بکاتە بەشێکی گرنگی سیستەمی خوێندن و کتێبخانەی پڕ کتێبی پێویست لە قوتابخانەکاندا دابمەزرێنێتو کاتی خوێندنەوە دیاریبکات. هەروەها پێشبڕکێ بکرێت لەنێوان قوتابیەکاندا، سەبارەت بە بڕی خوێندنەوەو ئاستی تێگەیشتن و بەتواناکان خەڵاتبکرێن. ئینجا حکومەت لە هەموو گەڕەکەکاندا کتێبخانە بکاتەوە، هەتا ڕێگەوبان ئاستەنگ نەبێت لەبەردەم وەرگرتنی کتێب و خوێندنەوەیدا. شان بەشانی ئەوە پشتگیریی چاپبوونی کتێب بە تیراژی زۆر و نرخی هەرزان بکرێت، هەتا کڕین و دەستکەوتنی کتێب ئاسانبێت.

گۆڤاری هەفتانە ژمارە (٢١) ٢٦ت١-١ت٢ ٢٠٠٨

# پیسبوونی بینین

پیسبوونی بینین، شێواندنی هەر دیمەنێکە، کە چاوی مرۆڤ دەکەوێتە سەریو دەبێتە هۆی خۆڵقاندنی نائارامی و بێزاریی دەروونی. واتە یەکێکە لە جۆرەکانی بێزەوقی و نەبوونی چێژی هونەری، یان لەناوچوونی دیمەنی جوانکاریی ئەو شتانەی لە دەوروبەری مرۆڤن، وەک بیناو ڕێگەوبان و شۆستەکان و ئەوانی دیکە. مرۆڤ بەسروشتی خۆی حەزدەکات هەست بە جوانیی بۆشایی و پانتاییەکانی دەوروبەری خۆی بکات، جا ئەوانە سروشتی بن یان دەستکرد. بۆیە پێویستە ژینگەی دەرەکیی جوان و سەرنجڕاکێش بێت، ئەگەر وانەبێت، ئەوا پیسبوونی بینین سەرهەڵدەدات.

لە شارەکانی کوردستان پیسبوونی بینین بەڕوونی بەدیدەکرێت و کاریگەریی خراپی لەسەر باری دەروونی و جوانکاریی تاکەکانی کۆمەڵگە جێهێشتووە. نموونەکانی ئەو پیسبوونەش:

–خراپی نەخشەکێشانی بیناسازیی زۆرێک لە خانوو و تەلارەکان و نەبوونی هاوسەنگی لەنێوانیاندا.

–عەمودەکانی ڕووناکی بەشێوەو بەرزییەکن، کە گونجاونین لەگەڵ شەقامەکاندا.

–دانانی تەنەکەکانی خۆڵ و خاشاکی شەقامەکان بەجۆرێکی ناشایستەو کەڵەکەبوونی پیسایی زۆر لە دەوری تەنەکەکان و لەسەر شەقام و ناو بازاڕەکان. هەروەها گەمارۆدانی گەڕەکەکان بە ناوچەی کۆبوونەوەی پاشماوەی خێزانەکان.

–جیاوازیی ڕەنگی ڕووی دەرەوەی بیناکان و نەبوونی هارمۆنی لەنێوانیاندا.

–بەکارهێنانی زۆری پەنجەرەی ئەلەمەنیۆم و شووشە، کە دەبێتە هۆی هەستکردنی زیاتر بە گەرمایی.

–دەرکەوتنی ئامێرەکانی وەک موبەریدە و سپلیت و سینییەکانی سێتەلایت بەڕووی بیناکانەوەو وایەری زۆری موەلیدەکان بە عەمودی کارەباکانەوە.

–نۆژەنکردنەوەی بیناکانی ناوچەکانی شار بەجۆرێک، کە هاوسەنگیی نێوان کۆن و نوێ بەدی ناکرێت و گۆڕینی زۆرێک لە ناوچەکانی نیشتەجێبوون بۆ ناوچەگەلی بازرگانی کە دەبێتە هۆی پیسبوونی ژینگە.

-هەڵواسینی تابلۆی زۆر بە دوکان و بازاڕەکانداو نەبوونی هاماهەنگی لەنێوان بینا و تابلۆکانـــدا. هەروەهـــا دانانی ڕیکلامەکان لە شوێنی نەگونجاو و بەشێوەی ناهونەری.

-بوونی بینای کۆن و وێران لەنێوان باڵەخانە و تەلارە بەرزەکاندا.

-بڵاوبوونەوەی عەرەبانەکانی دەستگێڕی و ماتۆڕەکانی گواستنەوەو زۆریی دەستفرۆشەکان لەناو بازاڕەکان و بەنزینفرۆشەکان لەسەر شەقامەکان.

-ڕاگرتنی ئوتومبیل لەسەر پیادەڕێیەکانی شەقامە سەرەکیەکان و جێهێشتنی ئوتومبیلی پەککەوتە لەناوچەکانی نیشتەجێبوون.

-کەمبوونی سەوزایی و باخچەکان لەناوچە جۆربەجۆرەکانی شارداو زاڵبوونی پانتایی بیناکان بەسەر ئەو بۆشاییە سەوزەدا، کە پێویستە بۆ تەندروستیو چێژبەخشین.

-هێشتنەوەی ئەو ناوچانەی بۆ مەبەستی تایبەتی هەڵدەکەنرێن بەچاک نەکراویو هێنانەئارای پیسی و ئاستەنگ بۆ هاولاتیان و بوونی کەرەستە، یان پاشماوەکانی بیناسازی لەسەر شەقامەکان.

- زۆربوونی سواڵکەر لەسەر شەقام و ناو چوارڕیانەکانی شاردا.

پیسبوونی بینین- وەک یەکێک لە پێکهاتەکانی پیسبوونی ژینگە- لە کوردستان بەڕادەیەکە، کە پێویستی بە ئاوڕلێدانەوەو چارەسەرکردن هەیەو گرنگە لایەنە پەیوەندیدراەکان چیدی فەرامۆشی نەکەن. بۆ ئەمەش گرنگە چاوێک بە نەخشەی بیناسازیی شاردا بگێڕێتەوەو کۆمەڵێک یاساو ڕێسا هەبن بۆ کۆنترڵکردنی ئەو گرفتانەی سەرەوەو سزای سەرپێچیکاران بدرێت و خەڵاتی هاوکاران بکرێت. هەروەها هەڵمەتی هوشیارکردنەوە بەرپابکرێت بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی جوانکاریی و چێژوەرگرتنی دانیشتوان و هانی کەرتی تایبەت بدرێت بۆ بەشداریکردن لە جوانکردنی دیمەنی بینین لەناو شارەکاندا.

گۆڤاری هەفتانە ژمارە (٢٢) ٢-٨ ت٢ ٢٠٠٨

## کابینەی شەشەم و ئۆپۆزسیۆن:
## لەگەڵ یەک هەڵکردن یان لێکترازان؟!

شەشەمین کابینەی حکومەتی هەرێم، بە سەرۆکایەتیی د. بەرهەم ئەحمەد ساڵح، پاش متمانە پێبەخشینی لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە، دەستی بەکارەکانی خۆی کرد. یەکێک لەو تەحەدایانەی لەبەردەمی کابینەکەدایەو پێویستە مامەڵەیەکی ئەقڵانیو دروستی لەگەڵدا بکرێت. بوونی ئۆپۆزسیۆنێکی تازپێگەیشتووی خاوەن ٢٥ کورسیی پەرلەمانە، کە هێشتا بەتەواوی شکڵی نەگرتوەو ناسنامەکەی و ئاڕاستەکەی ڕوون نییە.

واچاکە کابینەی نوێی حکومەت، گەشبینانە بڕوانێتە سەرهەڵدانی ئۆپۆزسیۆزنو وەک دوژمن مامەڵەی لەگەڵ نەکات. چونکە ئۆپۆزسیۆن، ئەگەر بەشێوەی ئوسوڵی و بەوپێیەی لە وڵاتە دیموکراتیەکاندا هەیە ڕەفتاربکات، ئەوە دەرفەتی بینینی واقیع و کارەکان لە گۆشەنیگایەکی دیکەوە دەڕەخسێنێت، چاودێرێکی تر دەخاتە سەر چاودێریکردنی خودی حکومەت بەسەر کارڕاییکردنەکانی دامودەزگا جۆربەجۆرەکانەوە، فلتەرێکی دیکە بۆ زیاتر تۆکمەکردن و چاککردنی هەنگاوە جۆربەجۆرەکان دەستەبەردەکات. لەپێناو ئەوەشدا گرنگە کابینەکەی نوێ دەرفەت بۆ دیالۆگ، ئاڵوگۆڕکردنی تێڕوانین، لێک تێگەیشتن و دۆزینەوەی میکانیزمگەلی مامەڵەکردن لەگەڵ ئۆپۆزسیۆن بڕەخسێنێت، بەبێ ئەوەی ڕێساکانی حوکمڕانی وەلاوەبنێ یان سەروەری و سەربەخۆیی خۆی بخاتە ژێر نیشانەی پرسیارەوە.

لەبەرامبەریشدا پێویستە ئۆپۆزسیۆن هێمنانە و بەبێ پەلەپروسکێو هەناسەسواری ڕووبەڕووی قۆناغەکە ببێتەوەو خۆی لە مۆدێلی بەلشەفیکیانەی کارکردن و هەڵوێستوەرگرتن بەدووربگرێت. ئەو مۆدیلەی هەموو کایەو پانتاییەکانی حوکمڕانی بەکاردەبات بۆ ڕیسواکردنی بەرامبەر، ئاژاوەو پشێوینانەوە، خۆ پیرۆزکردن و ئەویدیی چروککردن، جڵەوکردنی حەقیقەتی ڕەهاو ڕەتکردنەوەی تەواوەتیی بەرامبەر. لەبری ئەوە مۆدێلی وڵاتە دیموکراتییە پێشکەوتوەکان

بگرێتەبەر، کە ئۆپۆزسیۆن تیایدا بەشدارێکی چالاکی یاساسازییە، چاودێرێکی باشە بەسەر حکومەت و کارڕاییەکانی دامودەزگاکانیەوە، لە ڕوانگەی بەرژەوەندییە گشتییەکانەوە، نەک خواستە گرووپیە تەسکەکان. هەروەها هاوکاری بنیاتنان‌و پەرەپێدانی کوردستان و پاراستنی دەستکەوت و مافە نەتەوەییەکان بێت.

ئەگەر کابینەی نوێ و ئۆپۆزسیۆن لەگەڵ یەکدا هەڵبکەن، مامەڵەیەکی واقعی‌و ئەقڵانی لەگەڵ یەک بکەن و بکەونە کارلێککردنی پۆزەتیڤانەوە، ئەوا دەرگای بەڕووی قۆناغێکی کراوەو بەرهەمداردا دەکرێتەوەو دیموکراسی لە وڵاتەکەماندا هەنگاوێکی تر دەچێتە پێشەوە، بەڵام ئەگەر بەو شێوەیە نەکەن، ئەوا ڕۆژگارێک چاوەڕوانمان دەکات، کە کۆتاییەکەی نادیار و مەترسیدار دەبێت.

گۆڤاری هەفتانە ژمارە (٧١) ٨-١٤ ت٢ ٢٠٠٩

## ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان

بڕیاردان لەسەر تاوتوێکردنی ئەنجومەنێک بەناوی «ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان»، بەسەرۆکایەتیی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەنجومەنێکی خاوەنی کەسایەتیی مەعنەوی بۆ بایەخدان بەو کاروبارانەی پەیوەندیان بە مەسەلەکانی خانمانەوە هەیەو مەرجەع دەبێت بۆ گشت دامودەزگا حکومیەکان و ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بیروڕا دەربارەی ئەو مەسەلانە دەردەبڕێت، کە پەیوەندیان بەپێگەی خانمانەوە هەیەو پێویستە گشت لایەنە ڕەسمییەکان، پێش بڕیاردان لەسەر هەر مەسەلەیەک یان دەرکردنی هەر فرمایشێک ڕای وەربگرن، هەنگاوێکی گرنگەو مانای بەتەنگەوەهاتنی کێشەیەکی هەستیاری کۆمەڵگەی کوردەوارییەو کاریگەریی زۆری لەسەر پەرەپێدان دەبێت. چونکە ئەو ئەنجومەنە کاردەکات بۆ چەسپاندنی یەکسانی نێوان هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ لە گشت بوارەکانداو کەمکردنەوەی کەلێنی نێوان دانپیانانی ڕەسمی بە مافەکانی خانماندا و هەڵوێستی بەکردەوەی کۆمەڵگە بەرامبەر بەوان. ئەوەش لە ڕێگەی چەندین هەنگاوەوە، لەوانە:

١-پێشنیارکردنی سیاسەتی گشتی لە بواری پەرەپێدانی کاروبارەکانی خانمانو بەگژاچوونەوەی توندوتیژیدا بۆ کۆمەڵگە و دامەزراوە دەستوورییەکانی.

٢-تواناسازیی خانمان بۆ بینینی ڕۆڵی خۆیان لە ژیانی گشتیداو خستنەگەڕی کۆششەکانی لە بەرنامەکانی پەرەپێدانی هەمەلایەندا.

٣-دانانی پرۆژەی پلانێکی نیشتیمانی بۆ گەشەدان بە خانمان و چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی لە گشت بوارەکاندا ڕووبەڕوویاندەبێتەوە.

٤ -هەڵسەنگاندنو بەدواداچوونی سیاسەتە گشتییەکان لە بواری خانمانداو پێشکەشکردنی تێبینی و پێشنیار سەبارەت بەو سیاسەتانە بەلایەنە پەیوەندیدارەکان.

٥ -بیروڕادەربڕین دەربارەی ئەو پرۆژەیاساو بڕیارانەی پەیوەندیان بە خانمانەوەوە هەیە، پێش ئەوەی بخرێنە بەردەمی لایەنە پەیوەندیدارەکان و

پێشنیارکردنی ئەو پرۆژەیاساو بڕیارانەی گەشە بە بارودۆخی خانمان دەدەن.

٦ -چاودێریکردنی جێبەجێکردنی ئەو یاساو بڕیار و جاڕنامە و ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتیانەی پەیوەندیان بە ژنەوە هەیە، بۆ دڵنیابوون لە جێبەجێکردنیان و مسۆگەرکردنی جیاوازیی نەکردن.

٧-نوێنەرایەتیکردنی خانمانی کوردستان لە دامودەزگاو ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکانی تایبەت بە کاروبارەکانی خانمان.

٨-دامەزراندنی بانقێکی زانیاری بۆ کۆکردنەوەی زانیاری، داتا، ئامارو توێژینەوەکانی تایبەت بە ژنان و ئەنجامدان لێکۆڵینەوەو توێژینەوەی تر لە بوارەکەدا.

گۆڤاری هەفتانە ژمارە (٧٦) ٢٠-٢٦ ت٢ ٢٠٠٩

# لەساڵرۆژی جیهانیی ژندا

یەکێک لەو ئەرکە سەرەکی و بنچینەییانەی پێویستە لە ڕۆژی جیهانیی ژناندا جەختی لەسەر بکەینەوە، زەمینەخۆشکردنە بۆ گۆڕانی ژنی کورد لە شتەوە بۆ مرۆڤ، واتە لە بابەتەوە بۆ خودێک، کە خۆی دەناسێ و هۆشیارە بەرامبەر بە خودی خۆی وەک مرۆڤ و تاکێک، بەرامبەر بە کۆمەڵگە وەک سەکۆیەکی کارکردن بۆ هێنانەدیی ئامانجە تایبەتییەکانی خۆی و ئامانجە گشتییەکانی کۆمەڵگە. واتە گۆڕینی ژن بۆ هاوڵاتییەک، کە هەموو مافێکی هەبێت، لەپێش هەموویانەوە مافی کردار. بە دەربڕینێکی دیکە، گۆڕینی ژن لە کارپێکراوەوە بۆ بکەر، واتە ئەو مرۆڤەی مافی کرداری هەیەو بۆی هەیە ئەو کارە هەڵبژێرێ، کە پێی باشەو خۆیشی بەرپرسیارێتی بەرامبەر بە ئەنجامەکانی بگرێتە ئەستۆو بەرهەمەکانی کارەکەی، بە تاڵو شیرینەوە، بچنێتەوە.

دانانی ژن بە مرۆڤ، نەک بە شت یان ئامراز، بە پێویست مافە بنچینەییەکانی مرۆڤی پێ ڕەوادەبینێ. ئازادی بە مانــای، ئازادیی پاراســتنی ڕۆح و فیکــرو جەســتەی خۆی، ئازادیی هەڵبژاردنی ئەو خوێندنەی خوازیارێتی و ئەو کار یان پیشەیەی حەزی لێ دەکات، ئازادیی خۆشــەویستی و هاوژینێتــیو دیاریکردنی ئەو پیاوەی خۆی مەبەستێتی. یەکسانیش بە مانای یەکســـانی لەبەرامبەر یاسای نووســـراوو نەنووسراوو چنینەوەی بەری کار بەشێوەیەکی یەکسان لەگەڵ مرۆڤەکانی دیکەدا. بەو جۆرە کارێک بەسەر ژندا ناسەپێنرێ لەبەر ژنبوونی، هیچ کارێکیش لە ناوەوەو دەرەوەی خێزان بە «کاری ژنانە» دانانرێ، گشــت پیشــەکان بە مووچەی یەکســان دیاریدەکرێن و هەموو کارەکــانی ناو خێزانیش، بە پەروەردەکردنی منداڵیشەوە، بەشێوەیەکی یەکسان لەنێوان ژنو پیاودا دابەشدەکرێ. بەم پێیــەش کۆتایــیدەهێنرێ بە دابەشکردنی کار لەسەر بنچینەی توخم، هەموو بوارەکانی کارکردنیش بەپێی تواناو شارەزایی لەبەردەم ژنو پیاودا کراوەدەبنو گشت جۆرەکانی خوێندن و مەشقکردن، بەبێ ڕەچاوکردنی توخم، لەبەردەم گشت منداڵەکاندا والآدەبن.

ئەمەش پێویستی بەوە هەیە ژنان، وەک تاک و گروپ، خۆیـــان ڕزگاربکەنو بزووتنەوەیەکی سەربەخۆ لە بزووتنەوەکانی دیکە بەرپابکەن، چونکە ژنان ناتوانن لە ڕێگەی بزووتنەوەیەکەوە مافەکانی خۆیان دەستبەربکەن، کە پیاوو ئەقڵی پیاوسالاری جڵەویدەکات، بەڵکو پێویستیان بە ژینگەیەک هەیە، کە تیایدا هەست بە بوونی جڵەوکردن نەکەن و پیاوو ئەقڵی پیاوسالاری چاودێرییان نەکات، یان هەڕەشەیان لێ نەکات، یاخود ئاڕاستەیان نەکات. ژینگەیەکی نوێ، کە پەیوەندیی یەکسان و شارەزایی هاوچەشن و ئازاریی هاوشێوە تیایدا زاڵە، واتە بزووتنەوەیەکی ژنانەی سەربەخۆ لە ئەقڵی پیاوسالاری، کە تیایدا ژنان هەست بەوە بکەن لاوازی و شەرم و نەفامی نیشانەی تایبەت و سروشتی نین بەوان و دەتوانن خۆیان و کێشەکانیان دەربڕن، بەبێ ئەوەی ڕووبەڕووی ڕەخنە، هەڕەشە، سوکایەتیپێکردن، فەرامۆشکردن و لەبیربردنەوە ببنەوە. بەمجۆرەش ژنان دەتوانن وەک مروڤ بڕوابەخۆبوون بۆ خۆیان بگێڕنەوەو هاوشانی هاوتوخمەکانی خۆیان نموونەی تێکۆشانی چاکتر و مرۆڤانەتر بدۆزنەوە بۆ خوێندن، کارکردن، هاوسەرێتی، مێیەتی و دایکایەتی.

گرنگترین شتێکیش پێویستە ئەو بزووتنەوە نوێیەی ژنان ڕەچاوبکات، خۆبەستنەوەیە بەو واقیعە زیندووەوە، کە زۆربەی ژنـان تیایدا دەژین. بەواتایەکی دیکە، بزووتنەوەکە بەشـــێوەیەکی دیموکراتیانـــە دەســـتپێبکات و لـــە ڕێگـــەی دیموکراسیشەوە گەشەبکات و سـوود لە هەڵەو ئەزموونەکانی بزووتنەوەکانی دیکە وەربگرێت، کە دیموکراسی تیایاندا میوان نەبووەو ئەنجامی ئەوەش لە جەماوەری خۆیان دابڕاون.

دیموکراسیی ڕاستەقینە ئەوەیە، هەموو تاکێک لەناو بزووتنەوەی ژناندا بەشداربێت لە بیرکردنەوەو پلاندانان و بڕیارسازیدا، نەک تەنیا ڕابەرەکان بیربکەنەوەو پلان دابنێن و بڕیاربدەن و ئەوان تەنیا جێبەجێکردنیان لەسەربێ. سەختترین کارێک لەبەردەمی ئەو بزووتنەوەیەشدا، هێنانەدیی ئەمجۆرە ڕاستەقینەیەی دیموکراسییە. کێشەکە لێرەدا تەنیا نەخوێندەواری، نەفامی، هەژاری و ماندوبوون نییە، کە زۆربەی ژنانی کورد بەدەستیانەوە دەناڵێنن، بەڵکو نەخوێندەواریی سیاسی و دەروونییە، کە زاڵە بەسەر زۆربەی ژنانداو خوێندنی قوتابخانە و زانکۆکان چارەسەری ناکەن، لەبەرئەوەی خوێندن لە لای ئێمـە خوێندنێکی ڕۆشنگەرو هۆشیارکەرەوە نییە.

دیموکراتیبوونی ئەو بزووتنـــەوە نوێیەی ژنانی کوردستان گرێدراوی پرۆسەی گۆڕینی ئازار و ناڵاندنەکانی ژنە بۆ جۆرێک لە هۆشیاری. ئەمەش کارێکی ئاسانو

بێ گیروگرفت نییە، چونکــە ڕۆژگارێکــی دووردرێژی ناڵانــدن و ســەرکوتکردن، گۆڕانی بەسەر ژندا هێناوەو سروشتی شێواندوەو گۆڕیویەتی بۆ بوونەوەرێکی لاوازو ترسنۆک و سەرکوتکردن بۆتە بەشێک لە پێکهاتەی دەروونی، ئەقڵی و جەستەیی ئەو. بەو جۆرەش ژن لە کەسێکی چەوساوە لەلایەن پیاو و ئەوانی دیکەوە، گۆڕاوە بۆ کەسێکی چەوسێنەری خۆی. هەروەها گۆڕاوە بۆ دەروونێکی نەخۆش، کە چێژ لە چەوساندنەوە وەردەگرێت و پیاوێکی دڵڕەقی پێ باشترە، تاکو ئەو پیاوە میهرەبانەی بە یەکسانی مامەڵەی لەگەڵدا دەکات و پێشیوایە بەختەوەریی ئەو لە ملکەچیدایە بۆ پیاو. واتە هۆشیارییەکی ساختەی تیا دروستبووە، کە وادەکات چەوساندنەوە بەشتێکی سروشتی بزانێ و ئەو کەسە بە هەڵە نەزانێ، کە دەیچەوسێنێتەوە. بەو جۆرەش ڕابوون لە دژی بێدادی و بۆ چاککردنی دۆخی خۆی بەپێویست نەزانێ.

گۆڤاری هەفتانە ژمارە (٨٧) ١٤-٢٠ ئازاری ٢٠١٠

## کابینەی شەشەم و متمانەی خەڵک

یەکێک لەو گرفتانەی ڕووبەڕووی کابینەی شەشەم بۆتەوە، لاوازیی متمانەی خەڵکە بە توانای حکومەت بۆ جێبەجێکردنی ئەو بەڵێنانەی لە کارنەمەکەی خۆیدا خستویەتیەڕوو. هۆکاری ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ لاوازیی حکومەت لە ڕووی پێکهاتە ئابووری و کۆمەڵایەتیەکانەوە، بێتوانایی دامەزراوەکان، سستی پرۆسەی دیموکراتیزەکردن، پیواری شەفافیەت و لێپێچینەوە، پەککەوتەیی کەرتی گشتی، مشەخۆریی کەرتی تایبەت و پەراوێزکەوتنی کۆمەڵگەی مەدەنی.

متمانە مانای بوونی سازانی بنچینەیی بیرۆای تاکەکانی کۆمەڵگەیە دەربارەی بەهاکان، ئەولەویاتەکان و جیاوازییە هاوبەشەکان و قبوڵکردنی ناوەکیی کۆمەڵگەیە، هێماکردنیشە بۆ چاوەڕوانیی ئەوان لەو حکومەتەی پێویستە هەیان بێت و چۆنیەتی کارلێککردنی لەگەڵ دامەزراوە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان و تێکڕای دانیشتواندا.

پێویستە کابینەی شەشەم پشت بە متمانەی دانیشتوان ببەستێت، چونکە ئەوان چاوەڕوانی ئەوەن فەرمانبەرەکان سەرڕاستانە خزمەتی بەرژەوەندییە گشتیەکان بکەن و ڕۆژانە سامانی گشتی بەشێوازێکی گونجاو بەکاربەرن. گرنگە دانیشوانیش متمانەیان بە حکومەتی خۆیان هەبێت، چونکە کاتێک متمانەی گشتی بە حکومەت لاوازدەبێت، ئەوا تاکەکانی کۆمەڵگە بەشداری ناکەن لە پرۆسەی حوکمڕانیکردندا. ئەمەش دەبێتە هۆی لاوازبوونی یەکگرتوویی کۆمەڵگەو بێتوانای لەئاست هێنانەدیی ئامانجە هاوبەشەکاندا.

بەوپێیە متمانە پێداویستییەکی بنچینەییە بۆ بنیاتنانی توانستو شەریکایەتیەکان و بناغەیە بۆ هاوکاریی کۆمەڵایەتی و هێنانەدیی ئەو ئامانجانەی بەقەزانجی گشت لایەک دەکەوێتەوە.

گۆڤاری هەفتانە ژمارە (٧٢) ١٥-٢١ ت٢ ٢٠٠٩

## کورد و هەڵبژاردنەکانی عیراق

پاش هەموارکردنی یاسای هەڵبژاردنەکانی عیراق، میللەتی کورد ڕووبەڕووی چەند گرفت بۆتەوە، کە کاریگەریی زۆریان لەسەر چارەنووس و داهاتووی دەبێت و پێویستی بەوەیە، هەم سەرکردایەتیی سیاسی کوردستان و هەم توێژە جۆربەجۆرەکانی کۆمەڵگە فەرامۆشیان نەکەن و هەڵوەستە لەئاستیاندا بکەن‌و هەڵوێست بەرامبەریان وەربگرن.

یەکەمین گرفت، زۆرکردنی ژمارەی ئەندامەکانی پەرلەمانی عیراقە، گوایە لەبەر زیادبوونی ڕێژەی دانیشتوانی ناوچەکانی عیراق، بەبێ ڕەچاوکردنی واقعیانەی ڕێژەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان. ئەمەش مانای زۆربوونی ژمارەی ئەندام پەرلەمانەکانی دەرەوەی هەرێمە، کە کاریگەریی زۆری لەسەر پێگەی کورد لە دەوڵەتی عیراقدا دەبێت و دەبێتە مایەی گۆڕینی تەرازوی هێز و لەدەستدانی ئەو دەستکەوتانەی لەماوەی پێشوودا بۆ میللەتەکەمان بەدەستهاتوون، وەک ئەوەی یاساکان بەشێوەیەک هەمواربکرێن، کە کاریگەریی کوردیان لەسەر نەبێت. ئەمەش، لەژێر باڵادەستیی بیرکردنەوەی شۆڤێنیستانە لەناو کایە و حیزبە عیراقیەکاندا، ئەگەری هاتنەئارای هەموارکردنی گەلێک یاسا دێنێتەئاراوە، کە دژ بە میللەتی کورد و دەستکەوتەکانی دەبن.

دووەمین گرفت، وەلاوەنانی پرنسیپی تەوافقە و سەرهەڵدانی کارپێکردنی پرنسیپی زۆرینە و کەمینەیە لەناو پەرلەمانی عیراقدا. ئەمەش لەسایەی ئەو دەستکارییەی ژمارەی ئەندام پەرلەمانەکاندا، کاریگەریی زۆری لەسەر داهاتووی کوردو دەسەڵاتەکانی دەبێت و زەمینەخۆشدەکات بۆ لەدەستدانی زۆر دەستکەوت. بۆ نموونە، دەستکاریکردنەوەی دەستووری عیراق، ئەگەری بەدەست نەهێنانەوەی هەندێک لە پۆستە سیادییەکان، دەستکاریکردنی ڕێژەی بودجەی هەرێم، کۆنترۆڵکردنی فرۆشتنی سامانە سروشتییەکان و لاوازکردنی پێگەی پێشمەرگەو ناوزەدکردنیان بە میلیشیا...هتد.

بۆیە یەکەمین هەنگاوێک، کە دەبێت پێش هەڵبژاردنەکان بینێین، ساغکردنەوەی زۆربوونی ڕێژەی دانیشتوانی ناوچەکانی عیراق (بۆ نموونە موسڵ) و کەمیی ڕێژەی هەرێمی کوردستانە، ئەوەیش لە ڕێگەی بانگهێشتکردنی وەزیری بازرگانیی عیراق بۆ پەرلەمانی عیراق و وەزیری پێشووی بازرگانیی هەرێم بۆ پەرلەمانی کوردستان، هەتاکو ئەو پیلانە بەسەرماندا تێنەپەڕێت و نەبێتە ئەمری واقیع. خۆ ئەگەر ئەوە مەیسەرنەبوو، چاکترە هەرێمی کوردستان لە ژێر فشاری هیچ دەوڵەت و لایەنێک و لەبەر خاتری کەس بەشداریی لەو هەڵبژاردنەدا نەکات. دواتریش مافی ڤیتۆی سێ پارێزگا بەکاربێنێت بۆ پاراستنی پێگەی کورد و دەستکەوتەکانی.

گۆڤاری هەفتانە ژمارە (٧٣) ٢٢-٢٨ ت٢ ٢٠٠٩

## گرفتی زۆریی پشووە ڕەسمییەکان

سکاڵایەکی زۆر لەناو دامەزراوەو دامودەزگاکانی هەردوو کەرتی گشتیو تایبەتیدا هەیە دەربارەی ئەو پشـــووە ڕەســـمییە زۆر و درێژانەی هەرێمی کوردســـتان، کە هەندێک جار سنووری ئوسوڵیی بۆنەکان تێدەپەڕێن و بە بڕیاری بەرپرسێک یان خواستی خەڵک خۆیان پێشەلەقە و پاشەلەقەشیان بۆ زیاددەکرێت.

ئەم جۆرە پشووە ڕەسمیانە زیابەخشن، چونکە دەبنە هۆی زۆرکردنی بێکاریی داپۆشراو، کە هەرێمی کوردستان لەمێژەو هەتاکو ئێستا بەدەستییەوە گیرۆدەیە، کاتژمێرەکانی کارکردنی ڕۆژانەی زۆرێک لە دامەزراوەکان دەگەیەنێتە٥٠٪ی کاتژمێری کارکردنی دامەزراوەکانی وڵاتە پێشکەوتوو و نیمچە پێشکەوتووەکان، خوێندنی قوتابخانە و خوێندنگە و زانکۆکان پەکدەخات. ئەمەش بەهەدەردانێکی لەڕادەبەدەری کارو سامانی گشتییە، کە بەو ئاستی بەرهەمهێنانە نزمەی کارکردن وزەیەکی زۆری کار بەفیڕۆدەچێت و مامەڵەکانی خەڵک لە دامودەزگاکانی حکومەتو کارەکانی کەرتی تایبەت پەکدەخرێن، پڕۆژە خزمەتگوزاری و پەرەپێدانخوازەکانیش دوادەکەون و ئاستی زانستیی خوێندن دێتەخوارەوە. ئەمە وێڕای ئەوەی ئەو پشووە درێژو بەردەوامانە کاریگەریان لەسەر شێوەی بەکارهێنانی داهاتی خێزانەکان دەبێت و ناچاریاندەکات، بۆ بەسەربردنی کات و ڕەواندنەوەی بێزاری، پارەیەکی زیاتر لە گەشتوگوزار و چوونە دەرەوەدا سەرفبکەن، نەک بنیاتنانو خۆشگوزەرانی.

بڕیاری دانانی ڕۆژانی شەممەش بە پشووی ڕەسمی، لە شوێنێکی وەک کوردستاندا، کە کۆمەڵگەکەی، بەپێچەوانەی وڵاتە پێشکەوتووەکانەوە، بەرخۆرە نەک بەرهەمهێن، هیچ لێکدانەوەیەکی زانستی لەپشتەوە نییەو مانای هاندانی خەڵکە، بەتایبەتی فەرمانبەرو کارمەندەکان، بۆ ئەوەی ڕێژەی بێکاریی زیادبکەنو کات و سامانی گشتی بەفیڕۆبدەن. ئێمە لەبەردەم بڕیارێکداین دژی لۆژیکی کۆششکردنە بۆ بنیاتنانی حوکمڕانییەک، کە تیایدا فەرمانبەر بەرپرسیارێتیەکی بێوێنە بەرامبەر بە ڕاییکردن و سەرکەوتنی کارەکان دەکەوێتە ئەستۆی، بەتایبەتی

کە بەشێکی زۆری کارمەندانی لای ئێمە فەمانبەری حکومەتن و ئەرکێکی گرنگی پەرەپێدان دەکەوێتە ئەستۆیان.

بۆیە کاتی ئەوە هاتوە حکومەتی هەرێم پێداچوونەوەیەک بە پشووە ڕەسمییە زۆرو درێژخایان و بەردەوامەکان بکات و بەشێوەیەکی زانستی و بەرپرسیارانە، دوور لە مەرامی سیاسی و تاکەکەسی، ڕێکیان بخاتەوەو بڕیاری دانانی ڕۆژانی شەممەش بەپشوو هەڵوەشێنێتەوە، هەتاکو پشووەکان نەبنە کەناڵەکانی خۆدزینەوە لە کارکردن و بەرهەمهێنان و ڕێگەیەک بۆ بەهەدەردانی سامانی گشتی و بەفیرۆدانی داهاتی تایبەتی.

گۆڤاری هەفتانە ژمارە (٧٤) ٦-١٢ ت١ ٢٠٠٩

# فرەلایەنیی حزبی و دەستاودەستکردنی دەسەڵات

فرەلایەنیی حزبی و دەستاودەستکردنی دەسەڵات بەشێوەیەکی ئاشتیخوازانە دوو بنەمای گرنگی کۆمەڵگەی دیموکراتین. بوونی چەندین لایەنی سیاسی، کە کاربکەن بۆ ئازادی و پێشکەوتنی کۆمەڵگە لە گۆشەنیگایەکی تایبەتییەوە، شتێکی ناسروشتی نییە، بەڵکو بەگرژاچوونی فرەلایەنی و سەپاندنی یەکجۆر بیرکردنەوە کارێکی ناشایستەیە. بەوپێیەی مرۆڤەکان بیردەکەنەوەو تێدەکۆشنو خاوەن پێگەو پایەی کۆمەڵایەتی و بەرژەوەندیی جیاوازن، بۆیە ئاساییە فرەلایەنیی سیاسیش لەئارادادەبێت. بێگومان ئەو فرەلایەنییە سوودبەخشە بۆ کۆمەڵگە نەک زیانبەخش، ئەنجامی ئەوە چەندین بەرنامەو شێوازی خەبات لەگۆرێدەبنو خەڵکی لە دەوریان کۆدەبنەوەو بەشداریکردنیان لە خەباتدا پەرەدەستێنێ. گرنگە هیچ لایەنێک بانگەشەنەکات بۆ بەدەستەوەگرتنی ڕەوایەتی و حەقیقەت و دان بەبوونی لایەنی دیکەدا بنێ و بوونیان بە پیلان و دەستی بێگانە دانەنێ. هەروەها هیچ لایەنێک دەستبەرداری بەرنامەو شێوازەکانی خەباتی خۆی نەبێتو هەمیشە بەشێوازی شارستانیانەو لە چوارچێوەی ڕێکەوتنێکی کۆمەڵایەتیدا کار بۆ ئەوە بکات خەڵکی بەدەوری تێڕوانینەکانی خۆیدا کۆبکاتە. لێرەشدا هەر حزبێک مافی خۆیەتی کار بۆ بەهێزکردنی پێگەی سیاسی و جەماوەری و ئابووریی خۆی بکات، ئەویش بەگرتنەبەری شێوازەکانی خەباتی مەدەنی و شارستانیی دوور لە پیلانگێڕان و ئاژاوەنانەوەو پشێویخستنەوە، بەوەی بە تێکۆشانی وا لە خەڵکی بکات قایلبن بە بەرنامەو شێوازی کارکردن و ئامرەزاکانی تێکۆشانی حیزبەو لەوانەی حزبەکانی تر بەچاکتریان بزانن.

بوونی فرولایەنی، ڕەخنەگرتنی حزبەکان لە یەکتر سروشتی و پێویست دەکات، بەمەرجێک ئامانجی ڕەخنەکە ناوزڕاندنی حیزبێکی ترو ڕاست و چەپ هێنان نەبێت بەسەر تێکۆشانیدا، ڕەشکردنی لاپەڕەکانی تێکۆشانی یەکترو یەکتردەرپەڕاندن نەبێت لە گۆرەپانی خەبات. شێوازی دەربڕینی ڕەخنەکەش بابەتیانە بێتو پشتئەستووربێت بە داتاو بەڵگەی واقعی و دووربێت لە تاوانبارکردن و بەخائینکردنی یەکتر. لێرەشدا بوونی مەیلی سەتاپاگیر و پاوانخوازی و تاکڕەویی دەسەڵاتخوازانەو مەیلی ڕەتکردنەوەی ئەویترو بە هیچ دانانەنی، دوو مەیلی دژبەیەکن، بەڵام هەمان سەرەنجام دەخەنەوە، ئەویش جێگیرنەبوونی دیموکراسیو باڵادەستیی ستەمکارییە.

گۆڤاری هەفتانە ژمارە (٧٩) ١٠-١٦ ت١ ٢٠٠٩

## گەشەپێدانی خزمەتگوزارییەکانی حکومەت

چاککردنی جۆری خزمەتگوزارییە حکومییەکان گرێدراوی چاککردنی توانای ڕاییکردنی کارەکانە .بۆیە گەرەکە ئەو توێژانە دەستنیشانبکرێن، کە سوودمەندن لە خزمەتگوزارییەکان، ئاشنایی بەرامبەر بە پێداویستی و حەزەکانیان پەیدابکرێت، خزمەتگوزارییەکان و خەسڵەتەکانیان دیاریبکرێن و پێوانەکانیان لەگەڵ لایەنە پەیوەندارەکاندا بخرێنەڕوو بۆ بڵاوکردنەوەو بەگشتیکردن. هەروەها یارمەتیدانی دامەزراوەکان، پشتئەستوور بەوانە، بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان بەپێی پێوانەگەلی بابەتی و بنیاتنانی توانستە دامەزراوەییەکان بۆ هەڵسەنگاندنی ئاستی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان. ئەمە وێڕای جێبەجێکردنی بەرنامەو پرۆژەی زۆر بۆ چاککردنی ڕاییکردنی کارەکان، پاش شیکردنەوەی کەلێنەکانو پێداچوونەوە بە پێوانەکانی خزمەتگوزارییەکان و شێوازی پێشکەشکردنیان لە چوارچێوەی میتۆدێکی زانستیی دیراسەکراودا، کە کولتووری باڵادەستی ناو دامەزراوی دیاریکراو ڕەچاودەکات و ڕادەی ئامادەیی بۆ گۆڕان و توانا دامەزراوەییەکان و یاسا پێڕەویکراوەکانی دەخاتەڕوو.

لەم بوارەدا، پێویستە ئەنجامی بەدامەزراوکردنی بینینی سکاڵاکان دەربارەی ڕاییکردنی کاری حکومەت و خزمەتکردنی گشتی، کاربکرێت بۆ چەسپاندنی «باشترین ڕەفتار» لە وەزارەت و دامەزراوە خزمەتگوزارییەکانداو ڕێکخستنی پەیوەندیی نێوان دامەزراوە حکومیەکان و هاوڵاتیان لەلایەک و نێوان ڕێکخەرانی سامانە مرۆییەکان و فەرمانبەرانی ناو خودی دامەزراوەکان لەلایەکی دیکەوە، هەتا سەرەنجام پلەی بەرزتری دادپەروەری، یەکسانی و لێهاتوویی خزمەتگوزاریو کارگێڕی بێتەئاراوە. لێرەشدا بوونی دەزگایەکی تایبەت بە سکاڵاکردن گرنگە، بۆ ئەوەی هاوشانی سێ دەسەڵاتەکە و دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن و کۆمەڵگەی شارستانی کاربکات بۆ گەشەپێدانی پەیوەندییەکانی نێوان دامودەزگا شارستانیەکان و هاوڵاتیان، بەمەبەستی مسۆگەربوونی بەردەوامیی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان بەشێوەیەکی کارامەو باش بە هاوڵاتیان.

## نوێکردنەوەی حیزب

نوێکردنەوەی هەر حیزبێک، ئەو کۆششەیە کە مەبەستێتی لەلایەکەوە بنەمای دامەزراوەبوونی حیزب نوێبکاتەوە، لەلایەکی دیکەشەوە گەشە بە ڕۆشنبیریی سیاسیی حیزب بدات و سەرلەنوێ دایبڕێژێتەوە. واتە نوێکردنەوەی حیزب بەگشتی ئەو پرۆسەیەیە کە مەبەستێتی جیاکارەبوونی حیزب بپارێزێت و سروشتێکی ئەقڵانی ببەخشێتە کارەکانی، هەتا تێکۆشانی لەناو کۆمەڵگە کارامەتربێت و پلەو پایەی بەهێزتربێت. نوێکردنەوەی حیزب لە ڕێگەی چەند سیماو نیشانەیەکی سەرەکییەوە دەناسرێتەوە، لەوانە: هۆشمەندکردنی بنـــەمای دەسەڵاتی حیزبی، جیاکارەیی پێکهاتە و فرمانە سیاسییەکان، بەهێزکردنی توانا دامەزراوەیی‌و سیاسییەکان، سەروەریی ڕۆحی یەکسانی لە ماف و ئەرکەکانداو چەسپاندنی لە سەرتاپای حیزبدا.

مەبەست لە هۆشمەندکرنی بنەمای دەســەڵاتی حیزبی، دامەزراندنی دەســەڵاتی حیزب و جێگیرکردنی کۆڵەکەکانیەتی لەسەر بنچینەی ئەقڵانیی هۆشمەندانەی سەربەخۆ لە گشت پەیوەندی و گرێدانەوە تەقلیدییەکان. هەروەها زیادبوونی توانای حیزبە، هەتاکو بتوانێت شارەزاییە بەڕێوەبەرییەکان و پێویستییەکانی بەرپرسیارێتی سیاسی و پێداویستییەکانی هۆشمەندی و ئەقڵانیەت بەشێوەی چنراوێکی پتەوی کارا گرێبداتەوە بە ویستی ئەندامەکانیەوە، بۆ ئەوەی ئاکارێکی سیاسیی ڕێکوپێکی گونجاو بەرجەستەبێت و هەتا بتوانێت لوتی دەستەبژێری سیاسیی تەقلیدی ناو حیزب بشکێنێ و سنوور بۆ ڕەوایەتیی باو دابنێت و پرنسیپگەلێک بچەسپێنێ، کە سەرکردایەتی بەرامبەر بە ئەندامەکان بەرپرسیاردەکەن و ڕێگەش بەئەندامەکان دەدەن لە سەرکردایەتی بپرسنەوە.

جیاکارەیی پێکهاتەو فرمانە سیاسییەکان، مانای بەهێزکردنی میکانیزمەکانی لێک جیاکردنەوەی بنەماو دامەزراوەو ئاستەکانی کاری ڕێکخراوەیی حیزب‌و جەختکردنەوەیە لەسەر سروشتی تایبەتکاریی کارو ڕۆڵی هەریەکێکیان. ئەمەش کۆمەڵێک گۆڕانکاری و دەستکاری بنەمایی و فرمانی لەخۆدەگرێت، لەوانە: سەرلەنوێ پێکهێنانەوەی شێوازی پلەداری و دانانی سنووری جیاکەرەوەی نێوان ڕۆڵە

پیشەکارییە حیزبیەکان. کەواتە جیاکارەیی پێکهاتەو فرمانە سیاسییەکان، مانای جەختکردنەوەیە لەسەر جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و چەسپاندنی دیموکراسییە بۆ کاراکردنی کاری حیزب و بەهێزبوونی کاریگەریی لەسەر کەرتە جیاوازەکانی کۆمـــەڵگـــە.

بەهێزکردنی توانا دامەزراوەیی و سیاسییەکان، مانای زیادبوونی توانای سازان و داهێنانی شێوە کاری سیاسییە، کە بەرهەمی مامەڵەکردنی ئەندامو کالێککردنی زیندوویەتی لەگەڵ دەوروبەرو دەرهاویشتەکان. ئەمەش لە چەند شتێکدا بەدەردەکەوێت: گەشەپێدان و نوێکردنەوەی هەیکەلی ڕێکخراوەیی و بڕیارو دابینکارییە حیزبییەکان، فراوانکردنی سنووری دەسەڵاتی کادیرو ئەندامەکانی حیزب، زۆرکردن و هەمەڕەنگکردنی کردەکانی حیزب لەلایەک و بەهێزکردنی چالاکیی حیزب و کاراکردنی ڕاپەڕاندنی کارەکانی خۆی و جێبەجێکردنی بڕیارە سیاسی و بەڕێوەبەرییەکان لەلایەکی دیکەوە.

کارکردن بۆ یەکسانی و جێگیرکردنی بەکردەوەی، ناوەڕۆکی نوێکردنەوەی سیاسیی حیزب پێکدێنێت و بەگشتی بریتیە لە: بیرۆکەی ئەندامێتی و یەکسانی لە ئەرک و مافەکاندا، پێڕەویکردنی یاساو ڕێساکان بۆ جڵەوکردنی پەیوەندیی نێوان حیزب و هاوڵاتیان، زاڵکردنی پێوانەکانی لێهاتوویی و شارەزایی بۆ بەدەستهێنانی پێگەی حیزب، یان دابەشکردنی پلەکارو ڕۆڵە ڕابەریکارەکان.

گۆڤاری هەفتانە ژمارە (٨٨) ٢٨ ئازار-٣ نیسان ٢٠١٠

## کولتووری هەڵکردن

گومانی تێدانییە، بڵاوکردنەوەی کولتووری هەڵکردن و قبوڵکردنی ئەوی دیکەی جیاواز، پێداویستییەکی بنچینەیی و هەنوکەیی و گرنگە، بەتایبەتی لەسایەی ئەو هەلومەرجە هەستیارەی کوردستانی پێدا تێدەپەڕێت و پێویستە ئەو کولتوورە لەناو مێشک و ناخی هەر تاکێکی ئەم کۆمەڵگەیەدا بچەسپێنرێ و بەردەوامو لە هەموو بوارەکاندا کارپێبکرێت، چونکە دەبێتە هۆی خوڵقاندنی ئەو هاوڵاتیەی دەتوانێت بەرپرسیارێتی بگرێتە ئەستۆو بەشێوەیەکی باش و دروست بەشداریی لە بنیاتنانی بنەماکانی دیموکراسی و کۆمەڵگەیەکی هاوسەنگدا بکات.

لێرەشدا گەرەکە جەخت لەسەر ئەوە بکرێتەوە، کە هەڵکردن و قبوڵکردنی ئەوی دیکەی جیاواز، بەبێ پێکگەیشتن و دیالۆگ و بەشداریکردنی ڕاستەقینە لە بڕیارسازیدا مەیسەرنابێت، چونکە خستنەگەڕی دیالۆگێکی بنیاتنەرانەو خوڵقاندنی پانتاییەک بۆ ڕەخنە و بیری سەربەخۆ، دەبێتە مایەی سەقامگیریو ئاشتی و پێکەوەژیان. دیالۆگ و پێکگەیشتنیش تاقە ڕێگەی ڕاستە بۆ تاوتوێکردنو چارەسەرکردنی جیاوازییەکان و مەسەلە هەڵواسراوەکان و ئەڵتەرناتیڤێکی چاکی سەپاندنی زۆرەملێیانەی بیروڕایە، بەوپێیەی بەهۆی دیالۆگەوە دەکرێت دیموکراسیو هاریکاری و خۆشەویستی و ئاشتی بچەسپێت. لێرەشدا سەرکەوتنی دیالۆگ تەنیا بە بانگەشەبۆکردنی نابێت، بەڵکو هەنگاوگەلی بەکردەوەی پێویستە، کە دەبنە شوێن پێ هەڵگرتنی واقعیی لایەنەکانی دیالۆگەکە و بەهێزبوونی متمانەی نێوانە گفتوگۆکەرەکان، چونکە ئەگەر گفتوگۆکەر دڵنیانەبێت لە ڕاستبێژیی ئەوەی دیالۆگی لەگەڵ دەکات و ئاستەنگ و بەربەستەکانی بەردەمی دیالۆگ لانەبرێن، ئەوا دیالۆگکردن تەنیا لەپێناو دیالۆگدا دەبێت.

دەکرێت کارپێکردنی هەڵکردن و قبوڵکردنی ئەوی دیکەی جیاواز لە واقعی کوردستاندا بەگەلێک شێوە بخوێنرێتەوە، یەکێک لەوانە هەڵکردنە لەگەڵ کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان و قبوڵکردنی جیاوازییەتی لەگەڵ کابینەکانی

پێشتردا. مەبەست لێرەدا ئەوە نییە ئەم کابینەیە دارێکی سیحریی بەدەستەوەیەو هەموو گرفتەکان چارەسەردەکات و کابینەکانی پێش خۆی تێدەپەڕێنێت، بەڵکو بەو مانایەی ئەم کابینەیە لە هەلومەرجێکی دیکەدا دەستبەکاربوەو پێکهاتەو بکەرەکانی جیاوازن لەگەڵ ئەوانەی پێشووداو سەرۆکەکەیشی هەمان بۆچوون‌و دنیابینیی سەرۆکەکانی پێشووی حکومەتی هەرێمی نییە. هەڵنەکردن لەگەڵ ئەم کابینەیەو جیاوازییەکانی ئەرک و پێکهاتەو میکانیزمەکانی کارکردنیدا، لەلایەن هەر تاک و گرووپێکەوە، مەبەستداربێت یان بێ مەبەست، لەلایەکەوە مانای ڕەتکردنەوەی بەرامبەرو بێبایەخکردن و بچووکردنەوەیەتی و لەلایەکی دیکەوە مانای خۆ پیرۆزکردن و پاکیزەیی و بەدەستەوەگرتنی حەقیقەتی ڕەهایە. ئەمەش دەبێتە هۆی سەرهەڵدانەوەی ئەو کارەساتانەی بوونە هۆی بەهەدەردانی دەرفەتی زێڕین و بەفیرۆدانی خوێن و فرمیسک و ئارەقی ناوچەوانی دەیان هەزار کەس‌و هەڕەشە تەنیا لە بوونی کابینەی شەشەم ناکەن، بەڵکو هەڕەشە لە بوونی گشتیمان و دەستکەوتەکانمان بەگشتی دەکەن. بۆیە لەبری ڕەتکردنەوەی کابینەی شەشەمی جیاواز، با بە بەڵگە و داتا قسە لەسەر جیاوازییەکان بکرێت‌و لە خزمەتی سەرتاپای کۆمەڵگەی کوردستاندا بخرێتەگەڕ.

گۆڤاری هەفتانە ژمارە (٧٨) ٣-٩ ت٢ ٢٠١٠

## ڕۆژنامەگەری وەک ئامڕازی بەتاڵکردنەوەی ڕق

ئەگەرچی ڕۆژنامەگەری ئەو ئاوێنەیەیەک کە بەهۆیەوە بارودۆخی کۆمەڵگە دەخرێتەڕوو، بەڵام ماقول نییە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ ببێتە ئامڕازێک بۆ وێرانکردنی کۆمەڵگە، تێکشکاندنی بەها مرۆییەکان و دەستدرێژیکردنە سەر مافە بنچینەییەکانی تاک. ڕاستە ئازادیی ڕۆژنامەگەری مانای دابینکردنی مافی هەر کەسێکە بۆ دەربڕینی هەر بابەتێک و بەهەر شێواز و ئامڕازێک بیەوێ، ڕاستە مانای بوونی دەرفەتی بەدەستهێنانی زانیارییەکان و چاودێریکردنی دەسەڵاتدارانو ڕەخساندنی دەرفەتی لێپێچینەوەی کەسانی گەندەڵو خراپەکارە، ڕاستە مانای ڕێگرتنە لە پاوانخوازی و یەکتاپەرستی، بەڵام ئەو ئازادییە ڕەهاو بێسنوور نییە، بەڵکو دەبێت چوارچێوەیەکی یاسایی بۆ دابنرێت و ڕەچاوی چەند خاڵێکیش بکرێت: ڕاستگۆیی و ڕاشکاوی و بەویژدانبوون، بێلایەنی و سەربەخۆبوون، پاراستنی مافەکان و ناوبانگی تاکەکانی کۆمەڵگە، نەڕووشاندنی شکۆمەندیی تاکەکان و دەستوەرنەدانە ژیانی تایبەتیان، ڕێگەنەدان بە وروژاندنی دەمارگیریو تایەفەگەری و خستنەوەی توندوتیژی، وردیی و بابەتیبوون لە خستنەڕووی ڕاستی و بابەتەکانداو بەدەستەوەبوونی بەڵگە لەسەریان، دوورکەوتنەوە لە بابەتی وروژاندنئامێز.

جێی داخە، لەبەر لاوازیی نەریتەکانی دیموکراسی و نیشتەجێ نەبوونی دیموکراسی بەشێوازی ژیان، نەک کارپێکردنێکی سیاسیانەی ڕووت، هەروەها لەبەر کار پێ نەکردنی ئازادیی دەربڕین بەواتا ڕاستەقینەکەی و نەبوونی بەرپرسیارێتی لە نووسیندا، ئازادیی ڕۆژنامەگەری لای هەندێک بۆتە ئامڕازێک بۆ بەتاڵکردنەوەی ڕقو تووڕەیی وێرانکارانەی ناخ و ڕێگەیەک بۆ پاڵەوانبازی و ناوبانگدەرکردن، لای هەندێکی دیکە بۆتە دەرفەتێک بۆ تۆڵەسەندنەوە لە نەیاران و سەبەبکارانی نەهامەتیەکان و دەمامکێک بۆ داپۆشینی شکستەکانیان، لای هەندێکی دیکەش بۆتە ڕەوتێک بۆ هەڵهاتن لە گرتنەئەستۆی بەرپرسیارێتی و بەشداریکردن لە بنیاتنانەوەی نیشتیمانی وێران و کۆمەڵگەی پڕ گرفتدا. بۆیە پرنسیپەکانی

کارپێکردنی ڕۆژنامەگەریی ئازاد فەرامۆشکراوە، حەقیقەتی ڕەها بەدەستەوەگیراوە، گوێ بەڕووی بەدەستهێنانی ڕاستییەکاندا داخراوەو پەیامێکی یەکئاڕاستە بنیاتنراوە، کە کاردانەوە قبوڵ ناکات. ئەنجامی ئەوەش ڕۆژانە دەیان کەس بە بێ بەڵگەی واقعی سوکایەتیان پێدەکرێ، بوختانیان بۆ هەڵدەبەسترێ، دەستکاریی ژیانی تایبەتیان دەکرێ و بەدگومانی و بێبڕوایی بەرامبەریان دەچێنرێ.

لەپێناو پاراستنی شکۆمەندیی ڕۆژنامەنووسی ئازاد و بۆ بەشداریکردنی ڕۆژنامەگەری لە دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگەدا، پێویستە ڕۆژنامەنووسان چیدی ئەو باودۆخە قبوڵ نەکەن و ڕاشکاوانە و بوێرانە بەرەنگاری ئەو ڕەوتە وێرانکارە ببنەوەو زەمینە بۆ مۆرکردنی شەرەفنامەیەکی ڕۆژنامەوانی و نووسینی بەرپرسیارانە خۆشکەن، هەتاکو وێرانکاری باڵادەست نەبێت و دەسەڵاتدارانیش بەهانەیان نەدرێتە دەست بۆ تەسککردنەوەی سنووری ئازادییەکانی تاکو گێڕانەوەی دەسەڵاتی سەرتاپاگیرانە.

گۆڤاری هەفتانە ژمارە (٩١) ١٨-٢٤ نیسان ٢٠١٠

## ئەولەویاتەکانمان کامانەن؟

ئەولەویاتەکانمان کامانەن؟ ئایا ئەولەویاتگەلی دیاریکراومان هەن؟ ئایا ئێمەو کۆمەڵگە هاوڕاین لەسەر ئەولەویاتەکان؟ لە کاتی بوونی ئەولەویاتەکانو هاوڕایی لەسەریان، ئایا دەزانین چۆن هەریەکێکیان دێنینەدی؟ ئایا چاکسازی لە کۆمەڵگەکەماندا ئەنجامدەدەین، یان گۆڕانکاریی ڕیشەیی، یاخود تێکەڵەیەک لە هەردووکیان؟ ئەوانە کۆمەڵێک پرسیارن، لەکاتێکدا دەردەبڕڕێن، کە هەندێک لە دەنگەکان داوای گۆڕین دەکەن و هەندێکی دیکەش داوای چاکسازی دەکەنو میللەتیش لەنێو ئەو دەنگانە و موزایەداتە جۆربەجۆرەکاندا تووشی سەرەسیمەو گێژبوون بووە.

ڕێگەم پێ بدەن لە ڕوانگەی خۆمەوە ئەولەویاتەکانی کۆمەڵگەکەمان بخەمەڕوو، بەبێ ڕیزبەندیکردنیان، بەمەبەستی بەرپاکردنی گفتوگۆ دەربارەیان و دۆزینەوەی ڕێگەی ڕاست ڕوەو پەرەپێدانی هەمەلایەن.

یەکەم/ دابینکردنی پێداویستییە بنچینەییەکانی کۆمەڵگە، لە نانو ئاوی پاکو شوێنی نیشتەجێبوون و کارەبا و غاز بەبۆریی تایبەتی.

دوەم/ توانای هاتوچۆکردن، واتە دەستەبەرکردنی ئامرازگەلی گواستنەوەی گونجاو و هەرزان، کە لێهاتوانە کاربکەن و لە کاتی خۆیدا هاوڵاتیان بگەیەننە شوێنی کار یان نیشتەجێبوون.

سێیەم/ مسۆگەرکردنی چاودێریی تەندروستیی جیاکارەو سیستەمی پزیشکی خێزانی لە هەموو شارو شارۆچکەکاندا.

چوارەم/ ڕەخساندنی دەرفەتی کارکردن لە کەشێکی ئازادی وەبەرهێنانی پێشبڕکێکاری دادپەروەرانەداو پشتبەستوو بە تواناو شارەزایی، نەک خزمایەتیو دەستەگەری.

پێنجەم/ پەروەردەو خوێندنێکی هاوچەرخ، کە کوردستان بخاتە ڕیزی وڵاتە پێشکەوتووەکان.

شەشەم/ ڕۆشنبیری و هۆشمەندییەکی سەردەمیانەی پشتبەستوو بە کتێب، هونەرەکان، ئەدەبو سەرچاوە جیهانییەکان.

حەوتەم/ ئاشتیی کۆمەڵایەتی و یەکڕیزیی نیشتیمانی و چاکسازیی ئایینی.
هەشتەم/ دادپەروەری و سەروەریی یاسا بەشێوەیەک هەموان بگرێتەوە.
نۆیەم/ پاراستنی مافەکانی مرۆڤ، دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و یەکسانیو دەرفەتی وەک یەک.
دەیەم/ ڕزگارکردنی کۆمەڵگە لە دەستی گەندەڵی و گەندەڵکاران و پاراستنی پارە لە دەستوەردانی سیاسەت و سیاسەت لە کاریگەریی پارە.
یانزەیەم/ نەهێشتنی هەژاری و نەخوێندەواری لە ماوەی ١٠ساڵدا.
دوانزەیەم/ پاراستنی ئازادیی دەربڕین و بەردەوامبوونی ڕەوتی دیموکراتی.
سیانزەیەم/ ئامادەکردنی سەرکردەکانی داهاتوو، چونکە کۆمەڵگەیەکی بێ سەرکردەی شایستە بێ داهاتووە.

ئەوە زنجیرەیەک ئەولەویاتە، کە دەشێت شتی تریش بخرێتە سەریان. پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە، ئایا دەکرێت ڕێکەوتن لەسەر ئەو ئەولەویاتانەو ڕیزبەندیان بهێنینەدی و لە موزایەدات و پشێوی و ناسەقامگیری ڕزگارمان بێت؟

گۆڤاری هەفتانە ژمارە (٩٥) ١٦-٢٢ مایس ٢٠١٠

## کەی دەکەوینە خۆمان؟

یەکێک لەو مەسەلانەی لە کوردستاندا زاڵە و پێویستە هەڵوەستەی لەئاستدا بکرێت ئەوەیە، کە ئێمە هەتاکو نەکەوین بەسەر ڕووداوەکاندا، هەست بە کەموکوڕیو خەوشییەکانی کارەکان ناکەین. بۆ نموونە هەتاکو ماوەیەک لەمەوبەر ئۆتومبیلێکی نەوتهەڵگر لەسەر پردی قلیاسان پەکی نەکەوت و نەبووە هۆی گیرخواردنێکی هاتوچۆ، ئەوەمان بەبیردا نەهات، ئەگەر دەروازەی سەرەکیی سلێمانی گرفتێکی تێبکەوێت، خەڵکی چۆن بێنە ناو شارەوە. هەتاکو کارەساتە دڵتەزێنەکەی ئوتێل سۆما ڕووی نەدا، کەس نەبوو ئاوڕ لە مەسەلەی سەلامەتیی (سەیفتی) بیناو باڵەخانەکانی ناو شار بداتەوە، بەتایبەتی ئەوانەی بۆ خزمەتگوزاریی گشتی بنیاتنراون. کاتێکیش ڕووداوەکان پێشهاتن، ڕۆژنامەنووسان بەڕاست و چەپ کەوتنە وێزەی لایەنە بەرپرسیارەکان و تەڕو وشکیان پێکەوە سووتاند.

بۆیە کاتی ئەوە هاتوو ئێمەی کورد هەڵوەستەیەک لەئاست ئەو مەسەلەیەدا بکەین و چیدی دوای پێشهاتنی ڕووداو بەسەر قوربانییەکاندا نەگرین، لەبری ئەوە ئاوڕ لە هەموو ئەو ئامادەکارییانە بدەینەوە، کە دەبنە هۆکاری بنیاتنانی ژیانێکی سەلامەتی دوور لە قوربانیدان. لەم بوارەشدا چەند پرسیارێکی ڕەوا دەخەمەڕوو، هیوادارم لایەنە پەیوەندیدارەکان بەجیدی وەڵامیانبدەنەوە. تا کەی لایەنە پەیوەندیدارەکان بەدواداچوون ناکەن بۆ ئەوەی بزانن دیزاین و مەرجەکانی بنیاتنانی باڵەخانەیەکی گشتی لە ڕووی تیۆری و واقعییەوە تا چەند لەگەڵ یەکدا تەبان، هەتاکو لە کاتی بومەلەرزە یان هەر کارەساتێکی سروشتیدا بیناکان بەسەر دانیشتوانەکانیاندا نەڕووخێن؟ بۆچی شارەوانی چاودەپۆشێت لەو هەموو باڵەخانانەی پێویستبوو پارکی ڕاگرتنی ئۆتومبیل لە ژێرزمینەکەیاندا بێت و جێبەجێنەکراوەو ئەنجامی ئەوە گرفتی سەلامەتی لەسەر ڕێگەوبانەکان دروستبووە؟ بۆچی لایەنە پەیوەندیدارەکان کۆنترۆڵی ئەوەیان نەکردوە، داخۆ ئوتێل و مۆتێلەکانی شار مەرجی سەلامەتی و دڵنیاییان تێدایە یاخود نا؟ بۆچی لایەنی تەندروستی ڕۆژانە کۆنترۆڵی ڕێستۆرانت

و خواردنگەکان ناکات، بۆ دڵنیابوون لەلایەنی سەلامەتیی خواردنەکان و ڕێگرتن لە کەوتنەوەی پەتا گەورەکان؟ بۆچی بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆ هەڵوەستەیەکی جیدی لەئاست ڕووداوەکانی هاتوچۆدا ناکات و چارەسەری پێویستیان بۆ نادۆزێتەوەو بەتاوانبارکردنی شۆفێرەکان ویژدانی خۆی مورتاحدەکات؟ بۆچی لایەنە پەیوەندیدارەکان ڕێگەدەدەن کوردستان ببێتە زبڵدانی کاڵاکانی وڵاتانی دەوروبەرو چاو لەئاست چاوچنۆکیی بازرگانەکاندا دەقوچێنن؟ هەتاکو کەی خۆڵ و خاشاکی ئەم شارە بەشێوازی خراپ و زیانبەخش بۆ تەندروستیی گشتی کۆدەکرێتەوەو لەناودەبرێت؟

گۆڤاری هەفتانە ژمارە (١٠٥) ٢٥-٣١ تەمموز ٢٠١٠

## کاروانی چاکسازیی درێژخایان لە کوردستان

یەکەمین هەنگاوەکانی کاروانی چاکسازیی درێژخایان لە کوردستان هەڵهێنراونو بەشێوازی جۆربەجۆرو لە بوارە جیاجیاکاندا گوزارشت لەخۆیان دەکەن. ئەوەش بۆتە مایەی دڵخۆشیی لایەنگرانی بنیاتنانی حوکمڕانیی چاک، چونکە ئەوە تاقە ڕێگەیەکە بۆ هێنانەئارای کۆمەڵگەیەکی دروست و دادپەروەرانە. هەروەها بۆتە مایەی نیگەرانییان بەرامبەر بەوەی ئەو هەنگاوانە نەوەستن و قۆرت نەخرێتە ناو ڕەوڕەوەی پرۆسەی چاکسازییەوە. لەلایەکی ترەوە، ئەو هەنگاوانە دڵەڕاوکێی لەناو چەندین توێژو گرووپی بەرژەوەندیخوازدا دروستکردوە، کە لەمێژە خراپکارانە سودمەندبوون لە خێروبێری ئەم وڵاتە و دەسەڵاتیان لە خزمەتی بەرژەوەندییەکانی خۆیاندا خستۆتەگەڕ، لەوانە: لایەنگرانی قۆرخکردنی حکومەت لەلایەن حیزبەوە کە کەوتوونەتە دژایەتیکردنی خواستی جیاکردنەوەی حکومەت و حیزب و دانانی چوارچێوەی ئوسوڵی بۆ هەریەکێکیان، کە تایبەتمەندیی هەرلایەکیان بپارێزێت و هاماهەنگیی نێوانیان ڕابگرێت. ئەو ئەندام و کادیرانەی حیزبەکان کە لەسەر سامانی گشتیی مانگانەی کاری حیزبیان وەردەگرت. پارێزەرانی دەسەڵاتی خێزان و بنەماڵە و دەستە سوودمەندەکان، کە نایانەوێ دامەزراوەبوون جێگیربێتو کۆتایی بەپەیوەندییە کۆنە بەسەرچووەکان بهێنرێت. بازرگانەکانی شەڕی ناوخۆ، کە دەیانەوێ ڕێکەوتنی ستراتیژی هەڵبوەشێتەوەو پێگەو پلەوپایەی جاران بەدەستبێننەوە. هەموو ئەوانەش ڕوویانکردۆتە هەڵمەتی پڕوپاگەندەی ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ، ڕووهەڵماڵراو و دەمامککراو بۆ پشێویخستنەوەو دروستکردنی بێمتمانەیی بەحکومەت و سەرۆکەکەی و سەرقاڵکردنیان بەگرفتی لاوەکییەوە، هەتاکو نەپەرژێتە سەر ئەنجامدانی هەنگاوەکانی چاکسازی.

چاکسازی لە کوردستاندا کارێکی ئاسان نییە و بە خۆشی ناچێتە سەر، بەڵام بۆ ئەوەی هەنگاوەکانی شکست نەخۆن، هیمەتی سەرۆکی حکومەت و سووربوونی لەسەر ئەنجامدانی چاکسازیی پێویستەو واچاکە مانەوەی لە پۆستەکەیدا گرێبداتەوە

بە مەرجی بەردەوامبوونی هەنگاوەکانی چاکسازییەوە، چونکە ئەوە مانای هێنانەدیی ئەو بەڵێنانەیە، کە لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن و کارنامەی حکومەتدا داویەتی بە خەڵکی کوردستان و ڕاستبێژیی وتەکانی دەسەلمێنێ و دەبێتە هۆی بەهێزبوونی متمانەی ئەوان. هەروەها پشتگیریکردنی هەموو ئەوانەی گەرەکە، کە چەندین ساڵە لە بواری ڕاگەیاندن و کاری مەدەنیو تێکۆشانی ڕۆژانەدا جەخت لە چاکسازی و گرنگیی ئەنجامدانی دەکەنەوە. لێرەشدا دەبێت ئەوە بوترێ، کە شکستخواردنی ئەو هەنگاوانەی چاکسازی، دەرگا بەڕووی سەرهەڵدانی حوکمڕانیی ستەمکار و تاکڕەودا دەکاتەوەو دەرفەتی هاتنەئارای کۆمەڵگەیەکی دروستی دادپەروەری خۆشگوزەران لەدەستدەدات.

گۆڤاری هەفتانە ژمارە (١٠٦) ١-٧ ئاب ٢٠١٠

## دەسەڵاتی پێنجەم

گەلێک جار قسە دەربارەی سێ دەسەڵاتەکە: یاسادانان، جێبەجێکردنو دادوەری، دەکرێت و دەسەڵاتی چوارەمیش دەخرێتە سەریان، واتە دەسەڵاتی ڕاگەیاندن، کەچی هیچ کەسێک باسی دەسەڵاتی پێنجەم ناکات، کە گرنگترینی دەسەڵاتەکانە، ئەویش دەسەڵاتی میللەتە. قسەکردن سەبارەت بە دەسەڵاتەکان لەسایەی سیستمی دیموکراتیدا، جیاوازە لەوەی سیستمی نادیموکراتی، چونکە لەوەی دوەمدا قسەکردن دەربارەی دەسەڵاتەکان هیچ مانایەکی نییە، بەوپێیەی تەنیا یەک دەسەڵاتی بەکردوە هەیە، کە هەموو دەسەڵاتەکانی لەخۆیدا چڕکردۆتەوەو لەخزمەتی خۆیدا دەیانخاتەگەڕ و ویستی حوکمڕان پێش هەموو ویستەکانی تر دەکەوێت.

کاتێک دەسەڵاتی پێنجەم: دەسەڵاتی میللەت، دەخەمە پاڵ دەسەڵاتەکانی تر، مەبەستم ئەوەیە جگە لەو چوار دەسەڵاتە، دەسەڵاتێکی دیکە هەیە، کە لە ڕووی شێوەو ناوەڕۆکە سەربەخۆ و دامەزرێنەرانەیە و لای ئێمە فەرامۆشکراوە. دەسەڵاتی میللەت دەسەڵاتی بنەڕەتییەو سەرچاوەی هەموو دەسەڵاتەکانی ترەو دەسەڵاتێکی ڕەسەنە، واتە وەک دەسەڵاتەکانی دیکە بەرهەمی نوێنەرایەتیکردن نییە، دەسەڵاتێکی بەردەوامەو وەک دەسەڵاتەکانی تر کاتی و مەرجدارنییەو پیواری (غیابی) ئەو دەسەڵاتە مانای ستەمکاری (ناڕەوایەتی)یەو بوونی واتای ئازادی و دیموکراسی (ڕەوایەتی)یە.

دۆخی سروشتی ئەوەیە، کە میللەت سەرچاوەی دەسەڵاتەکان بێت، بەڵام دۆخی ناسروشتی ئەوەیە حوکمڕان سەرچاوەی دەسەڵاتەکان بێت. بەوپێیەش دەسەڵاتی ستەمکار لەسەروو دەسەڵاتی میللەتەوەیەو دەسەڵاتی دیموکراتی لەبەر پێی میللەتدایە. کەواتە ئەوەی یەکەم شێوەی هەڵگەڕاوەی ئەوەی دووەمە. جا ئەگەر بمانەوێ ئەو شێوە هەڵگەڕاوەیە ڕاستبکەینەوە، پێویستە مافەکان بگەڕێنینەوە بۆ خاوەن مافەکان، واتە ڕێگەبدرێت میللەت ڕۆڵی سەرەکی ببینێ لە بڕیارسازیداو بەشدارێکی کاری ژیانی سیاسی بێتو خۆی سەرچاوەی دەسەڵاتەکان بێت، نەک ئەو پاشکۆی حوکمڕان بێت.

گۆڤاری هەفتانە ژمارە (١٠٧) ٨-١٤ ئاب ٢٠١٠

**زنجیرەی کتێبە چاپکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ساڵی 2011**

| ناوی کتێب | نووسینی | وەرگێڕانی |
| --- | --- | --- |
| ٥٦٠- چاوی گورگ | جەمیل توران | عەلی حوسێن |
| ٥٦١- هەزار خۆری درەوشاوە | خالید حوسەینی | ئازاد بەرزنجی |
| ٥٦٢-پەرلەمان و دیموکراسی لە سەدەی بیست و یەکەمدا | یەکێتی پەرلەمانتاریی نێو دەوڵەتی | هەڵکەوت عەبدوڵڵا |
| ٥٦٣-بینای شوێن لە دوو ڕۆمانی کوردیدا | تانیا ئەسعەد محەممەد | |
| ٥٦٤- دادگایی | فرانتس کافکا | عەتا نەهایی |
| ٥٦٥- مێژووی وەرگێڕان | | د.ئەبوبەکر خۆشناو |
| ٥٦٦- فڕین بە مەزرای حەرامدا | ڕەئووف بێگەرد | |
| ٥٦٧- بە تەنیشت نمایشەوە | کامەران سوبحان | |
| ٥٦٨-فەرهەنگی زاراوەی هونەری | جەمال عەبدول | |

بابەتەکانی ئەم کتێبە لە ماوەی نێوان (ناوەڕاستی ساڵی ٢٠٠٨- سەرەتای ساڵی٢٠١١)دا، سەبارەت بەو مەسەلانە نووسراون، کە لە ساتەوەختی خۆیاندا هەنوکەیی و هەستیار و پێویست بوون، وەک بەشداریکردنم لە خستنەڕووی خەمەکانی کۆمەڵگەی کوردستان و دەربڕینی باری سەرەنج و تێڕوانین دەربارەیان. لەبەرئەوەی ئەو بابەتانە هێشتا گرنگیی خۆیان لەدەست نەداوەو بەهۆی جەنجاڵی و زۆریی ڕۆژنامەکانەوە زۆرکەس نەیانخوێندونەتەوە، بەچاکم زانی بەم شێوەیە کۆیانبکەمەوە، بۆ سوودلێوەرگرتنیان و پاراستنیان. شایانی باسە، بابەتەکان بەشێوەی کاتی دەرچوونیان ڕیزبەندی نەکراون و هەندێک لەوانەش کاتی دەرچوونیان سەروتاری بێ ناونیشان بوون، بەڵام لێرەدا ناونیشانم بۆ داناون. هەروەها لەبەر کۆکردنەوەیانەوە لەم کتێبەدا، وشەو زاراوەکانی گشت بابەتەکانم یەکخستووە، هەتاکو بەهەڵەتێگەیشتن ڕوونەدات.

ناوی کتێب: نووسین هەڵوێستە
چەند بابەتێک دەربارەی خەمەکانی کۆمەڵگەی کوردستان
نووسینی: هەڵکەوت عەبدوڵڵا
بابەت: کۆمەڵێک وتار
لایەنی هونەری: خودی نووسەر
تیراژ: ٦٠٠ دانە
نرخ: ٣٥٠٠ دینار
چاپخانەی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
چاپی : یەکەم ساڵی ٢٠١١
کوردستان - سلێمانی
www.serdam.org
بۆ پەیوەندیکردن بە زنجیرەی کتێبەوە:
kteb@ serdam.org

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی (١٥٩٩) ساڵی (٢٠١١)ی پێ دراوە

مافی لە چاپدانەوەی بۆ دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم پارێزراوە

کۆمەڵێک وتار

# نووسین هەڵوێستە

## چەند بابەتێک دەربارەی خەمەکانی کۆمەڵگەی کوردستان

هەڵکەوت عەبدوڵڵا

سلێمانی ٢٠١١

**زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم**
**کتێبی سەردەم ژمارە (٥٦٩)**

سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە
**ئازاد بەرزنجی**

# پەیڤێک بۆ ئەم کتێبە

هەر لە مەسەلەکەی «دریفۆس»ەوە تاوەکو ئەمڕۆ، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، خەمە کۆمەڵایەتی و مرۆییەکانی کۆمەڵگاو مرۆڤایەتی بەشێک بوون لە نیگەرانییەکانی هەر ڕۆشنبیرێکی جیددی و مرۆڤدۆست و لە پەیام و گوتاری ڕۆشنبیرییاندا ڕەنگیداوەتەوە. هەڵبەت ئەگەر لە گۆشەنیگایەکی فراوانەوە لە ئەرکی ڕۆشنبیرانی جیددی بڕوانین، دەبینین کە ئەو ڕۆشنبیرانە ڕۆشنبیرانێکن لەئاست مەسەلە گەورەو بچووکەکانی کۆمەڵگادا دەرووەستن. هیچ ڕۆشنبیرێک نییە هەم لە ژێر کاریگەریی ڕووداو و گۆڕانکارییەکانی سەردەمەکەیدا نەبێت، هەم بە جۆرێک لە جۆرەکان کاردانەوەی بەرامبەر بەو ڕووداوو گۆڕانکارییانە نەبێت. شتێکی سروشتییە، کە پەیوەندیی نێوان ڕۆشنبیر و دەسەڵات (یان وا چاکترە بڵێین پەیوەندیی نێوان گوتاری ڕۆشنبیری و گوتاری دەسەڵات) پەیوەندییەکی ئاڵۆزبێت. لەکاتێکدا ڕۆشنبیر دیدو تێڕوانینێکی ڕەخنەییانەی هەیە بۆ واقیع و بۆ دەسەڵات و هەمیشە خوازیارە واقیع و بارودۆخەکان بەرەو ئاقارێکی مرۆییتر بەرێت، ئەوا دەسەڵات دەیەوێت واقیعێکی جێگیر بخولقێنێت و دۆخەکان بە ڕاوەستاوی ڕابگرێت.

ڕۆشنبیری ڕاستەقینە، ئەو ڕۆشنبیرە ڕەخنەگرەیە، کە لە ڕوانگەیەکی مرۆییەوەو لە باوەڕیەوە بە کۆمەڵێک بەهای مرۆیی بەرگری لە مەسەلە ئینسانیەکان دەکات، نەک لە ئایدۆلۆجیایەکی دیاریکراو. چونکە لەکاتێکدا بەهاکان سنووری بەرژەوەندیی چین و توێژەکان تێدەپەڕنن؛ ئایدیۆلۆجیا لە سەنگەری بەرگریکردندا دەبێت لە بەرژەوەندی و بیرو بۆچوونەکانی لایەنێک، هێزێک، یان توێژێکی دیاریکراو. ئەم ڕەخنانەی ڕۆشنبیریش لە دەسەڵات، مەرج نییە بەتەنها بە ئاڕاستەیەکی سیاسیدا بڕوات، چونکە دەسەڵات بریتییە لە کۆی پێکهاتە سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیرییەکان و کۆی سیستمی باڵادەست لە کۆمەڵگادا. هەر بۆیە، بۆ نموونە،

قسەکردنی ڕۆشنبیر لەسەر کایەیەک لەو کایانە، وەک پەروەردە، یان فێرکردن، یان دامودەزگا خزمەتگوزارییەکان و... هتد، بەمانای قسەکردن دێتەوە لەسەر ئەو ئەقڵییەت و میکانزمانەی بزوێنەری دەسەڵاتن. بەڵام لێرەدا نابێ ئەو ڕاستییەشمان لا ونبێت، کە مەرج نییە هەر ڕۆشنبیرێک لە دەزگایەکی حکومیدا کاریکرد، ئیدی بە زەرورەت دەبێ ئەو ڕۆشنبیرە ببێتە دەسکەلایەک بەدەستی دەسەڵاتەوە. لەڕاستیدا ئەم تێڕوانینە، تیڕوانینێکی تەسکڕەهەندەو جۆرە ناهەقیکردنێکی تێدا دەبێت بەرامبەر بە ڕۆشنبیر. بەرهەمی ڕۆشنبیر نووسینەکانێتی و ئەو گوتارە ڕۆشنبیرییەیە کە بەرهەمیدێنێت و هەر لەو نووسینانەشیدا گۆشەنیگای بۆ واقیع و بۆ مەسەلەکان دەخوێنینەوە. کەی نووسینەکانی نووسەرێک یان ڕۆشنبیرێک چوونە خانەی بەرگریکردن لە گوتاری دەسەڵاتەوە؛ هەنگینێ دەکرێ گومان لە میسداقیەتی شوناسی ئەو ڕۆشنبیرە بکەین. دەنا چ لە خۆرئاواو چ لە خۆرهەڵات نموونەی ئەو ڕۆشنبیرانە زۆرن، کە کارەکانیان لە دەزگا حکومییەکاندا بووە؛ بەڵام بەرهەمەکانیان لە خزمەتی ڕۆشنکردنەوەی ڕێگای مرۆڤ و حەقیقەتدا بوون. بەو مەرجەی هەرکاتێک بوونی ڕۆشنبیر لەو دەزگایەدا بووە قەیدوبەندێک لەئاست ئازادیی نووسین و بیروڕا دەربڕیندا، ئەوکات هەڵوێستی خۆی یەکلاییبکاتەوە. چونکە ئازادی ئەو زەمینەو هەلومەرجەیە کە ڕۆشنبیر ناتوانێت بە بێبەریبوون لێی، شوناسی خۆی وەکو ڕۆشنبیرێکی جیددی بپارێزێت. ئەگینا ئەو ڕۆشنبیرە دەکەوێتە دووفاقییەکەوە لەگەڵ خۆی و کۆمەڵگاشدا. کاتێک ڕۆشنبیر هۆشیارییەکی ساختە بەرهەمدێنێت و لای وایە هۆشیارییەکی ڕاستەقینەیە، بەڵام لەڕاستیدا دووچاری وەهمی ڕۆشنبیری دەبێت لە بەرگی ئایدۆلۆجیادا، ئەم وەهمەش وای لێ دەکات لە مەعریفەو ڕەخنەو هەڵسەنگاندنی زانستیانە دووربکەوێتەوەو لەگەڵ گوتاری دەسەڵاتدا تەماهیبکات و بێلایەنیی خۆی لەدەستبدات.

وەکو وتمان، ئەو ڕۆڵەی لەم سەردەمەدا ڕۆشنبیر دەیبینێت یان پێویستە ببینێت، ڕۆڵێکی ڕەخنەگرانەیە. ڕەخنەگرتن لە کۆی سیستمە تەقلیدی و سەرکوتکەرو داخراوەکانی کۆمەڵگا. بەڵام ئەم ڕۆڵە ڕەوایەتی بە ڕۆشنبیر نادات لافی پێغەمبەرایەتی یان بانگەشکار لێبدات، پشتئەستوور بە ئایدیۆلۆجیایەکی دیاریکراوو بە پێدانی گفت و بەڵێن بۆ هێنانەدیی یۆتۆپیایەک. بەڵکو دواجار ئەو تاکێکە خاوەنی دیدو ڕوانین و خوێندنەوەیەکی تایبەتە بۆ واقیع و کۆمەڵگاکەی. هەروەها شتێکی تر، کە پێویستە سەبارەت بە ڕۆشنبیر بگوترێ ئەوەیە، ڕۆشنبیر مەرج نییە بە زەرورەت بوونەوەرێکی سیاسی بێت، بەڵکو ئەوە زیاتر سیفەتێکە

بەسەر ڕۆشنبیری سیاسیدا دەچەسپێت، بەڵام ئەوەی پێویستە ئەوەیە، کە دەبێ ڕۆشنبیر ڕاو بۆچوونی خۆی لەئاست دۆخ و ڕووداوە سیاسیەکاندا هەبێت. دیسانەوە لەمەشدا پێویستە بەچاویلکەیەکی ئایدیۆلۆجیانەوە نەڕوانێتە ئەو دۆخ و ڕووداوانەو ڕاڤەو شیکردنەوەیەکی تاکرەهەندانەیان بۆ نەکات، بەڵکو دەبێت ڕۆشنبیر بە ڕۆحێکی بابەتیانەوە مامەڵە لەگەڵ مەسەلەو ڕووداوەکاندا بکات و تەقەللای لەپێناوی پاراستن و بەرگریکردن لەو بەها ئینسانیانە بێت، کە ئازادی و کەرامەتی مرۆڤیان پێوە پارێزراو دەبێت. هەروەها بۆ چەسپاندنی سیستمێک تێبکۆشێت، کە مافەکانی مرۆڤ و دیموکراسی و ئازادی و عەدالەتی کۆمەڵاتیی تیا بەرقەراردەبێت. ئێمە کە دەڵێین ڕۆشنبیر نیگاو ڕوانینی خۆی بۆ واقیعی سیاسی و ڕووداوە سیاسییەکان هەیە، بەبێ ئەوەی خۆی بەکردەیی لەناو دنیای سیاسەتدا کاربکات؛ لەو گۆشەنیگایەوە ئەمە دەڵێین کە هەردوو بواری ڕۆشنبیری و سیاسەت دووبوارن هەریەکەیان سەربەخۆیی و تایبەتمەندیی خۆی هەیە، گەرچی لە پەیوەندییەکی بەرابەری و جەدەلیشدان لەگەڵ یەکدا. لەکاتێکدا بە شێوەیەکی گشتی بواری ڕۆشنبیری بواری ئازادییە، بواری سیاسەت بواری دەسەڵاتە. لەکاتێکدا ڕۆشنبیر لە ڕێی فیکرو گوتاری ڕۆشنبیرییەوە بەدوا ئاسۆکانی ئازادی و عەدالەت و جوانیدا بۆ ئادەمیزاد هەوڵدەدات، ئەوا سیاسەت دەیەوێ لەڕێی گرتنەدەستی دەسەڵاتەوە ئەو ئاسۆیانە بۆ مرۆڤ دەستەبەربکات. گەرچی ئامانجەکانیش وەک یەک بنوێنن، بەڵام شێوازەکانی وەدیهێنانیان جیاوازن. هەرچەندە لە زۆربەی جارەکانیشدا ئەوە سەلماوە کە دواجار ئامانجەکانیش دژ بەیەک دەوەستنەوە. تا قەڵەمڕەوی دەسەڵات زیاتربێت، بواری ڕۆشنبیری و داهێنان بەرتەسکتردەبێت. بە پێچەوانەشەوە تا قەڵەمڕەوی گوتاری ڕۆشنبیریی مرۆڤدۆستانە فراوانتربێت، بواری پراکتیزەکردنی دەسەڵات و سەرکوتکردن بەری تەنگ دەبێت.

لێرەوەیە ڕۆشنبیری ڕاستەقینە ڕەوایەتیی خۆی نە لە ئایدیۆلۆجیاو نە لە دەسەڵاتەوە وەردەگرێت، بەڵکو لە بەها مرۆییەکان و پرنسیپەکانی مافی مرۆڤ و عەدالەت و ئازادی و یەکسانییەو وەریدەگرێت. هەر لێرەشەوە بەرپرسیارێتیی دەکەوێتە ئەستۆ، بەرپرسیارێتیی لایەنگیری بۆ ئەو بەهاو پرنسیپانە، نەک بەرپرسیارێتیی دروستکردنی بەهەشت و یۆتۆپیا لەسەر زەوی، یان نەهێشتنی تۆوی «خراپە» لە جیهاندا. بەرگریکردن لە ئازادی، ئازادیی ڕۆشنبیران و ئازادیی هاووڵاتیان تا ئەو سنوورەی نابنە دەسدرێژی بۆ سەر ئازادیی مرۆڤەکانی دی. ئەوە سیاسەتمەدارەکانیشن کە پێویستە لە ڕۆشنبیرانەوە وانەکانی عەدالەت و یەکسانی و جوانی فێربن؛ نەک

بەپێچەوانەوە. هەڵبەت لێرەدا مەبەستمان لە ڕۆشنبیرانی ڕەخنەگر و ڕۆشنبیرانی ڕۆشنگەرە، نەک ئەوانەی لەگەڵ ئایدیۆلۆجیای دەسەڵاتدا تەماهیدەکەن.

ئەو بابەتانەی لە لاپەڕەکانی ئەم کتێبەدا دەیانخوێنیتەوە، بابەتگەلێکن سەبارەت بەو مەسەلە زیندووانەی ئەمڕۆ لەناو کۆمەڵگای کوردیدا دەورووژێنرێن، هەر لە مەسەلەکانی چاکسازی، هەڵبژاردن، دیالۆگ، توندوتیژی، عەلمانیەت و مافی مرۆڤەوە تا مەسەلەکانی ڕاگەیاندن، دادپەروەری، گەنجان، ژنان و تیرۆری سپی..هتد. لەم کتێبەدا بە بۆچوون و تێڕوانینەکانی ڕۆشنبیرێک ئاشنادەبین لە بەرخوردیدا لەگەڵ کۆمەڵێک مەسەلەو باسوخواسی هەنووکەیی کە لەمڕۆدا کۆمەڵگاکەمان پێیانەوە گینگڵدەدات و پێویستە هەموو ڕۆشننبیرێک لای خۆیەوە بەهەستی بەرپرسیارییەوە لە تەکیاندا مامەڵەبکات.

خوێنەری ئەم کتێبە، لە ڕێی خوێندنەوەی ئەم وتارانەوە، بەڕاو بیرو بۆچۆنی نووسەرێک سەبارەت بەو مەسەلانە ئاشنادەبێت، کە ئەزموونێکی درێژی لە بواری نووسین و کاری ڕۆشنبیریدا هەیەو دەکرێ سوود لەو ڕاوبیرو بۆچوونانەی سەبارەت بەو پرسانە وەربگرین.

**ئازاد بەرزنجی**

## سێ ڕەهەند بۆ پرسی چاکسازی لە کوردستاندا

ماوەیەکە قسەکردن سەبارەت بە چاکسازیی سیاسی زۆرو بەربڵاوبووەو تێڕوانینی جیاواز دەربارەی دەردەبڕێت. هەندێک لەوانە خواستی دڵسۆزانەو جیدین، بۆ بازدان بەسەر تەنگوچەڵەمەو گرفتەکانداو تێپەڕاندنی قۆناغی گواستنەوەو هێنانەئارای پەرەپێدانی هەمەلایەن، واتە بەمەبەستی بنیاتنانەوەی کۆمەڵگەیە. هەندێکی دیکە بۆ خۆئارایشتکردنە بە چەمکێک، کە لە دوورو نزیکەوە پەیوەندیی پێیانەوە نییە، واتە بۆ پەردەپۆشکردنی گەندەڵیو هەڵە کوشندەکانە. هەندێکی دیکەش بەمەبەستی ڕێکخستنەوەی دەسەڵات و حوکمڕانییە، بەو شێوەیەی تیایدا هەموو جڵەوەکان بکەونە دەستی خۆیان، واتە بەمەبەستی دەسەڵاتگرتنە دەستە نەک بنیاتنانەوە. باسکردنێکی زانستیو مەنهەجیانەی چەمکی چاکسازیی سیاسی و خستنەڕووی هەموو ئەو لایەنانەی بانگەشەی بۆ دەکەن، مەبەستی ئەم وتارە نییەو لێرەدا جێگەی نابێتەوە. چونکە پێویستی بە لێکۆڵینەوەیەکی هەمەلایەن هەیە، بەڵکو ئامانج لێرەدا خستنەڕووی چەند گۆشەنیگایەکە دەربارەی چەمکەکە.

چاکسازیی سیاسی، لە هەلومەرجی کوردستاندا، سێ مەسەلە دەگرێتەوە: گوێزانەوە لە سیستەمی سیاسیی داخراوەوە بۆ سیستەمی سیاسیی کراوە، گوڕینی ڕەوایەتی تەقلیدی بە ڕەوایەتیی سیاسیی نوێ، ئینجا گوێزانەوە لە ژیانێکی سیاسیی پشتبەستوو بە توندوتیژییەوە بۆ یەکێکی دیکەی پشتئەستوور بە پێشبڕکێی سیاسیی ئاشتیخوازانەو دیموکراتیانە.

سەبارەت بە مەسەلەی یەکەم، سیستەمی حوکمڕانی لە کوردستان بەشێوەیەکی گشتی داخراوە، واتە لەلایەن توێژێکی تەسکەوە جڵەوکراوە، کە دەسەڵاتی پاوانکردوەو لەناو خۆیدا ئاڵوگۆڕی پێ دەکات. واتە داخراوە بەڕووی دەرەوەی کۆمەڵایەتیداو گۆشەگیرەو لە کۆمەڵگە دابڕاوە، ئەمەش ئەنجامی تەنگوچەڵەمەی نوێنەرایەتیکردنی کۆمەڵایەتی و سیاسی. هەروەها داخراو لەناو سیاسەتێکی تەقلیدیدا، کە جەغت لەسەر ئەوە دەکاتەوە: سیاسەت و حوکمڕانیکردن تایبەتن

بە توێژێکی هەڵبژاردەی تایبەتی، نەک کۆمەڵگە. ئەم داخرانەش بۆتە هۆی دابڕانی سیاسەت لە کۆمەڵگە و گۆڕانی دەستەبژێری سیاسی بۆ پاوانکاری دەسەڵات. سەرەنجامیش ژیانی سیاسی گەیشتۆتە گوێرەڕێگەیەک، کە پێویستی بە چارەسەرکردن هەیە. کوردستان ئیمڕۆ سیستەمێکی سیاسیی وەهای گەرەکە، کە وەڵامدەرەوەی هەلومەرجەکانی سەردەم بێت و تەبابێت لەگەڵ ئەو گۆڕانو گەشەکردنانەی لەناو خودی کۆمەڵگەدا هاتوونەتەئاراوە. چونکە ئەگەر ئەوە نەکرێت، ئەوا تەقینەوەیەک ڕوودەدات، کە جڵەوناکرێتو کاریگەریی لەسەر خودی هێزەکانی حوکمڕانی و ئەزموونەکە و چارەنووسی گەلەکەشمان دەبێت. ڕێگرتن لەوەو هەنگاونان بەرەو داهاتوویەکی کراوە، پێویستی بە کرانەوەی سیستەمی سیاسی هەیە. مەبەست کردنەوەی دەرگایە بەڕووی بەشداریکردنێکی ڕاستەقینەی سیاسیدا، کە بە دەربڕینی بیرورا و قبوڵکردنو ڕێزگرتنی ئەوی دیکە دەستپێدەکاتو بە دەستاودەستکردنی دیموکراتیانەی دەسەڵات کۆتاییدێت.

دەربارەی مەسەلەی دوەم، لای ئێمە کایەیەکی سیاسی (بەواتا نوێیەکەی) لەئارادانییە، کە تیایدا سیاسەت کاری خۆی تێدا بکاتو ڕەنگدانەوەی ناکۆکییەکانی بونیادی کۆمەڵگەی تیادا بەدیبکرێت. ئەمەش بەشێوەیەک، کە ڕێگربێت لەوەی سیاسەت بەشێوە توندوتیژەکەی گوزارشت لەخۆی بکات. ئەنجامی ئەوەش ناکۆکییەکانی ناو کۆمەڵگە – کە بابەتیانەو سروشتین– بەشێوەیەکی سیاسییانە گوزارشت لەخۆیان ناکەن. واتە ئەو کەناڵە پێویستانە نادۆزنەوە بۆ ڕاییکردنی کارەکان بەشێوەیەک، کە مافەکانو هاوسەنگیی بۆ کۆمەڵگەو تاکەکان بپارێزێت. چونکە گەلێک جار ئەو ناکۆکیانە بەشێوەیەک خۆیان دەخەنەڕوو، سەرتاپای کۆمەڵگە ڕووبەڕووی پارچەپارچەبوونی توندوتیژی وەها دەکاتەوە، کە چارەنووسمان دەداتە دەست نادیار. گرفتی سەرەکی لەم بوارەدا ئەوەیە، سیاسەت لای ئێمە خاوەن ئەو ڕێساو ئەخلاقیاتانە نییە، کە لە سیاسەتی ئەقڵانیدا هەیەو بەشێوەی توندوتیژی خۆی دەنوێنێ. لەبەرئەوەی کاتێک کۆمەڵگە لە مافی سروشتی خۆی بۆ گوزارشتکردن لە سیاسەت بەشێوازی ئاشتیخوازانەو شارستانیانە بێبەشدەکرێتو سەرکوتکردن وەڵامدەبێت بۆ داخوازیو مافەکان، ئەو کاتە لەبری ئەوەی لە دەرگاوە بچێتە ناو کایەی سیاسەتەوە، لە پەنجەرەوەو توندوتیژانە خۆی دەکات بەژووردا. بۆیە دەبێت کایەی سیاسەت بەشێوەیەک ڕێکخرێتەوە، کە تەبابێت لەگەڵ ڕێسا نوێکانداو سنووردانەربێت بۆ توندوتیژیی سیاسی. واتە یاریدەدەربێت بۆ ئەوەی سیاسەت واتای ڕاستەقینەی خۆی، وەک چالاکییەکی کۆمەڵایەتی

ئاشتیخوازانەو پێشبڕکێیەکی شەریفانەو سەرڕاستانە وەربگرێت، بۆ بەدەستهێنانی ڕای گشتیو دەسەڵاتگرتنەدەست، جا ئەو دەسەڵاتگرتنەدەستە گشتی بێت، یان ڕێژەیی، یاخود هاوبەش.

لەبارەی مەسەلەی سێیەمیشەوە، هەتاکو ئێستا سەرچاوەکانی ڕەوایەتی دەسەڵات لە کوردستان، یان تەقلیدیانەی پشتبەستوون بە پەیوەندییە توێژگەریو دەستەگەریو تیرەگەرییەکان، یاخود پشتئەستوورن بە سەروەریی شۆڕشگێڕانەی خەباتی پێش ڕاپەڕین. لە هەردوو باریشدا ڕەوایەتییەکە ڕاستەقینە نییەو ڕێگرە لە بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی دیموکراتیانەدا. بۆیە گرنگە ڕەوایەتی تەقلیدیانەو ڕەوایەتی شۆڕشگێڕانە بگۆڕێت بە ڕەوایەتیەکی نوێی دەستووریی دیموکراتیانەی پشتئەستوور بە پەیمانی کۆمەڵایەتی و هەڵبژاردنی ئازادانەو نوێنەرایەتیکردنی سەرڕاست. مەبەست لەمەش ڕامالّینی حوکمڕانیی ئێستا نییە، بەڵکو بانگەوازە بۆ گەشەپێدانی بنچینەکانی ڕەوایەتی تیایدا، هەتاکو قبولّکراوبێت لەلایەن خەڵکەوەو چاکتر کۆمەڵگە بەرێتەڕێوەو بەرەو داهاتوویەکی گەش و باشی بەرێت.

ئەو سێ مەسەلە سەرەکییەی چاکسازی لە کوردستان چوارچێوەن بۆ دەربڕینی پرنسیپەکانی کارکردن و چەند مەسەلەیەکی دیکە لەخۆدەگرن، کە خودی ناونیشانەکانی چاکسازیی سیاسین، گرنگترینی ئەوانەش:

١/جێگیرکردنی سیستەمی دەستووری، وەک پەیمانی کۆمەڵایەتی نێوان هاووڵاتیان. ٢/پاراستنی ئازادییە گشتییەکانو مافەکانی مرۆڤ. ٣/چەسپاندنی سیستەمی نوێنەرایەتیکردن لەسەر ئاستی پەرلەمانو پارێزگاکانو ڕێزگرتن لە کەسایەتی مەعنەویانو بەتاڵ نەکردنەوەیان لە ناوەڕۆک. ٤/لێک جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانو پاراستنی تایبەتمەندی هەریەکێکیان. ٥/بەشداریکردنی ژنان لە ژیانی سیاسیدا، بەوپێیەی پێوانەیە بۆ ڕەوایەتی هەر سیستەمێکی سیاسیو ڕادەی پابەندبوونی بە مافەکانی مرۆڤو ئازادییە گشتییەکانەوە. ٦/دەستەبەرکردنی بەشداریکردن لە دەسەڵاتدا، چونکە دانان بە مافی دەربڕین و فرەلایەنی سیاسیو هەڵبژاردندا بەبێ بەشداریکردن لە دەسەڵاتدا، واتە بەبێ دەستاودەستکردنی ئاشتیخوانەی دەسەڵات، مانایەکی نابێت.

گۆڤاری هەفتانە ژمارە (٤١) ٥-١١ نیسانی ٢٠٠٩

## چاكسازیی سیاسی بۆ نوێكردنەوەی سیاسی مەیسەرنابێت

بۆ ئەوەی چاكسازیی سیاسی لە كۆمەڵگەی كوردستاندا لە ئاستی دروشم و بانگەشەكردندا نەمێنێتەوەو بێتەدی، پێویستە پرۆسەیەكی نوێكردنەوەی سیاسی هاوشانی بێت.

مەبەست لە نوێكردنەوەی سیاسی، پەرەپێدانی تواناكانی دامەزراوە حكومییەكانە، بۆ بەرزكردنەوەی ئاستی چالاكیو كارپاییكردنیان، هەتاكو بتوانن ئەو ئەركانە جێبەجێ بكەن، كە دەكەونە ئەستۆیان. ئەو گۆڕانكاریانەی نوێكردنەوەكەش پێویستی پێیانە، لە ڕێگەی ئەو كەناڵە سیاسیانەوە دەبێت، كە ڕێكیاندەخەنو كۆنترۆڵی جوڵەیان دەكەنو هاوسەنگی لەنێوان ئاراستەكانیاندا دێننەدی. بەمەش، نوێكردنەوەی سیاسی پەیوەندییەكی توندوتۆڵی لەگەڵ پەرەسەندنی ئابووریو گۆڕانكارییە دەروونی و كۆمەڵایەتییە جۆربەجۆرەكانی دیكەدا هەیە. بۆیە دەبێت گەشەبدرێت بە تواناكانی دامودەزگا حكومییەكان، بەجیاوازیی بواری تایبەتمەندیانەوە، هەتا بتوانن مامەڵە لەگەڵ ئەو فرمانو ئەركانەدا بكەن، كە پرۆسەی گۆڕانكاریی ئابووری، كۆمەڵایەتیو ڕۆشنبیری لەخۆی دەگرێت. بەمجۆرە دەكرێت وێنای سێ خەسڵەتی نوێكردنەوەی سیاسی بكەین:

یەكەم/ چەسپاندنی دەسەڵاتەكانی حوكمڕانیو لاوازكردنی پایەو هێزی دەسەڵاتە تەقلیدییەكان (عەشیرەتگەری، خێزانی و دەسەڵاتی پیاوانی ئایین).

دوەم/ پشتگیریكردنی دەسەڵاتە تایبەتمەندەكانی دامەزراوە سیاسییەكان، بۆ ئەوەی ئەرك و ڕۆڵ و فرمانەكان بە ڕوونی دەیارییبكرێن.

سێیەم/ فراوانكردنی سنووری بەشداریكردنی میللی لە پرۆسەی سیاسیداو فراوانكردنی چوارچێوەی هاماهەنگی و لێكتێگەیشتنو پێكگەیشتنی نێوان هاوڵاتیانو سیستەمی سیاسی بەگشتی.

كەواتە نوێكردنەوەی سیاسی پێویستی بە گۆڕانكاریی گرنگ هەیە لە ناوەند/ ناوەندەكاندی دەسەڵاتی نێو كۆمەڵگەدا. ئەنجامی ئەوەش، لە بۆتەی پرۆسەكانی

نوێکردنەوەی سیاسیدا، سەرکردەو توخمگەلی شایستەو لێهاتووی دەروەست بە ئەقڵانییەتو عەلمانییەتو نیشتیمانپەروەر جێی ئەو سەرکردەو توخمانە دەگرنەوە، کە سەرچاوەی دەسەڵاتی تەقلیدین لە کۆمەڵگەدا. لەگەڵ ئەوەشدا، گرنگترین لایەنی نوێکردنەوەی سیاسی، پەیوەندیی بەو گۆڕانکاریانەوە هەیە، کە دەبێت لە ئاقارە میللییەکاندا ڕووبدەن، بەمەبەستی بەرزکردنەوەی پلەی بەشداریکردنو هۆشمەندیی سیاسیی لای خەڵک. دەشێت ئەم بەشداریکردنە لە چوارچێوەی حیزب و سەندیکاو گرووپەکانی بەرژەوەندیدا بێت، بەڵام گرنگە کاراکردنی ڕۆڵی دامەزراوەو دامودەزگا سیاسییەکانو تایبەتمەندبوونیان پێش ئەم بەشداریکردنە بکــەوێــت.

لێرەدا جەغت لەسەر ئەوەش دەکەینەوە، مەبەست لە بەشداریکردنی سیاسی، قەتیسکردنی نییە لە دەنگدانی هەڵبژاردنەکاندا، بەڵکو گشت ئەو کارو چالاکیو کۆششانە دەگرێتەوە، کە دەکەونە ناو بازنەی پرۆسەی سیاسییەوە (بەواتا فراوانەکەی)و ئامانجی کاریگەریخستنە سەر توێژیان چینی پایەدارو دەسەڵاتدارە. بۆ نموونە، پەیوەندیکردن بە بەرپرسە حکومیەکانەوە، بەشداریکردن لە کۆمەککردنی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا، گفتوگۆکردنی دەربارەی مەسەلە گشتییەکان، ئامادەبوون لە کۆبوونەوە سیاسییەکاندا، هەوڵدان بۆ بڕواهێنان بەوانی دیکە بەمەبەستی لایەنگیریکردنی کاندیدێکی دیاریکراو، کارکردن لە چوارچێوەی حیزبە سیاسییەکاندا، ئینجا دەنگدان لە هەڵبژاردنەکاندا.

نوێکردنەوەی سیاسی کۆمەڵە لایەنێک لەخۆدەگرێت، لەپێش هەموویانەوە ئەقڵانیکردنی دەسەڵاتە. مەبەست ئەوەیە دەسەڵاتێکی سیاسی عەلمانی نیشتیمانیی یەکگرتوو جێی دەسەڵاتە تەقلیدییەکان بگرێتەوە. هەروەها هەڵسەنگاندن لە بوارە حکومیو سیاسییەکاندا لەسەر بنەمای لێهاتوویی بێتو گەیشتنە پۆستەکانیش پشتبەستووبێت بە تواناو شارەزایی، نەک بۆماوە یان شێوازە تەقلیدییەکانی دیکە. بێگومان ئەقڵانیکردنی دەسەڵات، گرێدراوی گۆڕانی باری دەروونیی تاکەکانی کۆمەڵگەیە، چونکە شان بەشانی پەیوەندییان بە دامەزراوە سیاسییەکانەوە، پێویستە ئەو تاکانە هەست بەوە بکەن حکومەتەکەیان بەشێکی پێکهاتەی گشتیی کۆمەڵگەیە، نەک ملکەچی هێزگەلی دیکە یان کاردانەوەی هێزی غەیبی.

پرۆسەی نوێکردنەوە بەشێوەیەکی گشتی هەلومەرجی گونجاو بۆ گەشەکردنی دیموکراسی دەڕەخسێنێت، چونکە بە لەئامێزگرتنی داخوازیی بەشداریکردنی سیاسی، حوکمڕانی ئــەو دامەزراوانە مسۆگەردەکات، کــە ڕێگەدەدەن

بە بەشداریکردنی هاوڵاتیان لە پرۆسەی بڕیارسازیدا. بەوپێیەی ڕاپرسیو کۆمەڵەکانی نوێنەرایەتیکردنو ئامڕازەکانی دیکەی بەشداریکردن لەسەر ئاستی نیشتیمان هەن، بۆ گرێدانەوەی جەماوەر بە مەسەلە نیشتمانیەکانەوە. لێرەدا گرنگە هاوڵاتیان هەست بەوە بکەن شەریکن لە حوکمڕانیداو بەرژەوەندییەکانیان لــە بڕیارسازیدا ڕەچاودەکرێت، واتــە هاوڵاتیان زیاتــر لە دەنگی هەڵبژاردنیان پێویستە، دیموکراسیش بەپلەی یەکەم پشت بە جۆرو ژمارەو هێزو لێهاتوویی ئەو دامەزراوانە دەبەستێت، کە ڕایەڵەی نێوان هاوڵاتیانو حکومەتن. مەبەست ئەو دامەزراوانەیە، کە بەرژەوەندییەکانی تاکەکان لە چوارچێوەی پاراستنی بەرژەوەندیی گشتیدا دەپارێزن.

چاکسازیی سیاسی بەبێ چاکسازیی کارگێڕیش مەیسەرنابێت. واتە پێویستە حوکمڕانی دەستبەرداری ئاکاری باوکسالاری بێت، وازبهێنێت لە دەستوەردانە هەموو کایەکان، خۆی بە بەرپرسیار بەرامبەر بە هەموو ئەو شتانە نەزانێت، کە لە کۆمەڵگەدا ڕوودەدەن و دەستبکات بە چاندنی متمانە بەخۆبوون لەناخی هاوڵاتیاندا. ئەمەش نەک تەنیا لەو بوارانەدا، کە پەیوەندییان بە خزمەتکردنی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیانەوە هەیە، بەڵکو لەوانەشدا کە پەیوەندییان بە چاک هەڵسەنگاندنی بەرژەوەندیی گشتیشەوە هەیە، لەسایەی ڕێساگەل و سەرپەرشتیکردنی دامەزراوەیی گشتیی دیاریکراودا. ئــەم تێڕوانینــە گشتییە کاریگەریی خۆی هەیە، بەتایبەتی لەسەر ئاقاری گشتیی چاکسازیی سیستەمی خزمەتکردنی مەدەنی. هەروەها لە دەستنیشانکردنی ئەو فرمانانەی چاوەڕواندەکرێت دامودەزگا کارگێڕییەکان ئەنجامیانبدەنو ئەوانەش کە جێدەهێڵرێن بۆ چالاکیو کەرتی تایبەت، لەژێر چاودێریی حوکمڕانیداو پشتئەستوور بە پەیمانی نێوان ئەوو کەرتی تایبەت.

پشتبەستوو بەوەی سەرەوە، پێویستە ئامانجەکانی دامودەزگا کارگێڕییەکان تەبابن لەگەڵ ئەو سیاسەتو ڕێسایانەی حوکمڕانی دایاندەڕێژێت، واتە حوکمڕانی (بەدامودەزگای یاسادانان و جێبەجێکردنەوە) پابەندبێت بە ئامانجە بنچینەییەکانی دامودەزگای کارگێڕییەوە. بەوپێیە لەبەردەم پرۆسەیەکی سیاسیداین، کە پەیوەندیی بە سنوری حوکمڕانیو شێوازی کارپێکردنی دەسەڵاتەوە هەیە. ئەمەش پێویستی بە هێنانەئارای شێوازگەلی نوێ و گۆڕانکاریی بنەڕەتی هەیە لە شێوەکانی ئاکاری بۆماوەو تێڕوانینی کۆمەڵگەدا سەبارەت بە ڕۆڵی فەرمانبەر لە دامودەزگاکانو کۆمەڵگــەدا.

بۆیە دەبێت ئاڕاستەی چاکسازیی کارگێڕیو ناوەڕۆکەکەی پشتبەستووبن بە چەمکگەلی ڕوونو دەستنیشانکەری ئەو سیاسەتانەی حوکمڕانی دەیەوێت کاریان پێ بکات. هەروەها گەرەکە فرمانـــە سەرەکییەکانی دامودەزگاکانی کارگێڕی، جێبەجێکردنی دروستی ئەو ڕێسایانە بن، کــە هەردوو دەسەڵاتی یاسادانانو جێبەجێکردن دەریاندەکەن. لە سایەی ئەو ستراتیژەو لەبەر ڕۆشنایی تێگەیشتنی ڕوون دەربارەی سیاسەتەکانی حوکمڕانیو چاکسازییە یاسادانەرییەکان، بنچینەی گشتیی بۆ چاکسازیی کارگێڕی چەند سیستەمێک لەخۆدەگرێت بۆ گەیشتنە ئامانجەکان، لەوانە سیستەم بۆ: پلاندانانی ستراتیژیی گشتی، کۆکردنەوەو بڵاوکردنەوەی زانیارییەکان بەئامرازگەلی سەردەمیانە، بڕیارسازی، کاروباری داراییو ژمێریاریو پێداچوونەوە، بەڕێوەبردنی سامانـــە مرۆییەکانو چاودێریو سەرپەرشتیکردن. ئامانجی ئەوانـەش، زامنکـردنی لێهاتوویــی کارڕاییکردنە بەشێوەیەکی بەردەوامو هێنانەدیی ئامانجەکانە لەسایەی ستراتیژی گشتیی حوکمڕانیدا.

بەگشتی ناکرێت کارگێڕی و سیاسی لێک جیابکرێنەوە. چونکە بڕیارە سیاسییەکان بۆ ئەوە دەردەچن، کە ئامانجەکان دەستنیشانبکرێن و ڕێکبخرێنو پێکبهێنرێن، بڕیارە کارگێڕییەکانیش بۆ ئەوە دەردەکرێن هەتا بڕیارە سیاسییەکان جێبەجێبکرێن، بەوپێیەی بڕیاری کارگێڕی ئامرازە بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتێک.

گۆڤاری هەفتانە ژمارە (٤٢) ١٢–١٨ نیسانی ٢٠٠٩

## دەستاودەستکردنی دەسەڵات لەناو حیزبەکان و حوکمڕانیی کوردستاندا

گرنگترین شتێک، کە وڵاتــە پێشکەوتوەکان لەوانی دیکــە جیادەکاتــەوە، سەقامگیربوونی سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئابوورییە، هەروەها ڕوونی پلانو ستراتیژە ئابووریو سیاسییەکانە. بەرجەستەترین توخمی ئــەو سەقامگیرییەش، بوونی کولتوورو سیستەمی ڕوونە سەبارەت بە دەستاودەستکردنی دەسەڵات، جا ئەوە لەناو خودی حیزبەکاندا بێت، یان لەناو حوکمڕانیدا. ئەنجامی ئەوە، دەبینین لە زۆربەی ئەو وڵاتانەدا چەندین یاساو ڕێسا هەن بۆ ڕوونکردنەوەی میکانیزمو ڕێگای گەیشتنە پلەکارو پۆستە جۆربەجۆرەکانی دەسەڵات لە هەموو بوارو کایەکانداو گەلێک شێوازی ڕوون هــەن بــۆ ڕێگرتن لە مەیین و ڕەقهەڵاتنی ژیانی سیاسیو پاوانکردنی بڕیارسازی لەلایەن کەس و توێژی دیاریکراوەوە. بەو جۆرە لە وڵاتە پێشکەوتوەکاندا بەردەوام، بەپێی ڕێساو میکانیزمی تایبەتی، خولەهەڵبژاردن لەناو حیزبەکان و حوکمڕانیدا ئەنجامدەدرێت، هەمیشەش ئەو کەس یان حیزبانە هەڵدەبژێردرێن بۆ ڕابەرایەتیکردن، کە شایستەو لێهاتوون، جێی متمانەنو خاوەن پرۆژەی گۆڕانکاریو پەرەپێدانی تایبەتین.

## دەستاودەستکردنی دەسەڵات چییە؟

دەستاودەستکردنی دەسەڵات، مانای ئەوەیە هیچ کەسێک بۆ هەتاهەتایە لە سەرکردایەتیی حیزبێکدا نەمێنێتەوەو هیچ حیزبێکی سیاسیش بەردەوام دەسەڵاتی بەدەستەوە نەبێت، بەڵکو سەرکردەگەلی نوێ جێی سەرکردەکانی پێشووی حیزب بگرنەوەو حیزبی دیکەش جڵەوی حوکمڕانی بکات. ئەمەش پشتئەستوور بە پرنسیپی فرەلایەنیی سیاسیو بەدەستهێنانی کەمایەتیو زۆرایەتی لە پرۆسەی دیموکراسیدا. دەستاودەستکردنی دەسەڵات گوزارشتکردنە لە خواستو خەونی تاک و پێکهاتەکانی کۆمەڵگە، بۆ بەشداریکردن لە بنیاتنانی داهاتوواو بۆ گرتنەئەستۆی بەرپرسیارێتی. هەروەها دەربڕی حەزی مرۆڤەکانە

بۆ ڕزگاربوون لە ڕۆتین و ڕەقهەڵاتن، کە ئەنجامی بەردەوامبوونی دەسەڵاتداریێتی تاکەکەس لە حیزبداو قۆرخکردنی تاکەحیزب لە حوکمڕانیدا دێتەئاراوە. دوو میکانیزم یان ڕێگە بۆ دەستاودەستکردنی دەسەڵات لەئارادان: ئاشیتخوانەو توندوتیژانە. دەستاودەستکردنی ئاشتیخوازانە لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوەو پشتئەستوور بە پلورالیزمی سیاسیو بەپێی ویستو خواستی هەڵبژێرەکان دەبێت، دەستاودەستکردنی توندوتیژانەش بۆ ناچارکردنی ئەو سەرکردەی حیزبانە یان دەسەڵاتدارانەی حوکمڕانییە، کە مل بۆ پرۆسەی دیموکراسی نادەنو دەیانەوێت زۆرەملێیانە سەرکردایەتی حیزب یان سەرۆکایەتی دەسەڵات پاوانبکەن.

## قەیرانی دەستاودەستکردنی دەسەڵات:

ئەگەر بڕوانینە دەستاودەستکردنی دەسەڵات لە کوردستان، ئەوا دەبینین ڕەقهەڵاتنێکی سیاسیی کوشندە لە سەردەمێکی پڕ لە گۆڕانکاریی خێردا باڵی کێشاوە بەسەر کۆمەڵگەدا، چونکە زۆربەی سەرکردەی حیزبەکان بۆ ماوەی زۆر درێژ، کە هەندێک جار دەگاتە ڕادەی مردن یان پیریی و پەککەوتەبوون، لە سەرکردایەتیدا دەمێننەوە، یان چەند حیزبێکی دیاریکراو حوکمڕانیان قۆرخکردوەو دەرفەتیان بۆ ئەوانی دیکە نەهێشتۆتەوە. ئەنجامی ئەوەش ململانێی توندوتیژی ئاشکراو دەمامکراو لەناو حیزبەکاندا سەریانهەڵداوە، کە هەندێک جار گەیشتۆتە ڕادەی پێکهێنانی تەکەتولی دیاریکراو لەناو جەستەی حیزبدا، یان لێکترازان و جیابوونەوە، کە بوونەتە مایەی هەڕەشەکردن لە ژیانی حیزب و داهاتووی کۆمەڵگە. هەروەها شەڕی پێگەو پایەداری لەناو کایەی کۆمەڵایەتیدا سەریهەڵداوە، کە تیایدا حوکمڕانی جەغت لەسەر ئامادەبوونی خۆی لە گۆڕەپاندا دەکاتەوە. ئەمەش نەک لە ڕێگەی ئەو خزمەتگوزاریانەوە کە پێشکەشیان دەکات بە کۆمەڵگە یان ئەو دەستکەوتانەی دەیانهێنێتەدی، بەڵکو لە ڕێگەی پەراوێزخستنو سەرکوتکردنی حیزبە نەیارەکانو تەسککردنەوەی مەودای جوڵەیانو توندوتۆڵکردنی مۆنۆپۆڵکردنەوە. لایەنە بێبەشەکانیش (بێبەشکراوەکان) لە ڕێگەی کێشەدروستکردنو خوڵقاندنی گرفتی جۆربەجۆرو توندوتیژیی دەمامککراوەوە گوزارشت لەخۆیان بکەنو خۆیان لە پەراوێزخستنو فەرامۆشکردن بپارێزنو بەشداریکردن لە ژیانی سیاسیو گشتیدا مسۆگەربکەن.

ئەم دۆخەی کوردستان گوزارشتکردنە لە دەستوستان لەئاست چەسپاندنو گشتاندنی کولتورێکدا، کە ڕێزی پرنسیپی دەستاودەستکردنی دەسەڵات لە کایەو

پێکهاتە جۆربەجۆرەکاندا دەگرێتو ئیشکالییەتێکی زۆر مەترسیداری خستۆتەوە، کە بۆتە هۆی بەفیرۆدانی تواناو وزە تاک و بەکۆمەڵەکانی کۆمەڵگە. بەواتایەکی دیکە، هەتاکو پرۆسەی دەستاوەدەستکردنی دەسەڵات لە کوێرەرێگەدا بێت و دەرفەتەکانی دەستاوەدەستپێکردنی دەسەڵات لەنـــاو حیزبەکان و حوکمڕانیدا سنووردار‌بێت، ئەوا سەرەنجام پەککەوتەبوون یان پارچەپارچەبوون چارەنووسی حیزبەکان دەبێت، ستەمکاریو هاتنەئارای ناوەندەکانی پایەداری چارەنووسی حوکمڕانی دەبێت. سەرەنجامیش سەقامگیربوونو پەرەپێدانی کۆمەڵگە ئامادە نابن (غائیب دەبن).

هەر حیزبێکی سیاسی یان حوکمڕانیەک باوەڕی بە دیموکراسی (وەک شێوازی حوکمڕانی و ژیان) هەبێت، پێویستە باوەڕی بە پرنسیپی دەستاوەدەستکردنی ئاشتیانەی دەسەڵات هەبێت. چونکە دیموکراسی سیستەمێکە -بە یەکێک لە دەربڕینەکان- لەسەر چوار پێ ڕادەوەستێت: ئازادیی ڕادەربڕین، ئازادیی ڕێکخستن، سەربەخۆیی دادوەریو دەستاوەدەستکردنی ئاشتیانەی دەسەڵات. بۆیە ناکرێت بەبێ دەستاوەدەستکردنی ئاشتیخوازانەی دەسەڵات قسە لەسەر دیموکراسی، مافەکانی مرۆڤ، ڕێزگرتن لە مافی ئەوی دیکەی جیاواز بکەین. بۆ کارکردن بەو پرنسیپەش، ڕاستە بوونی خولەهەڵبژاردن لە کاتی خۆیدا گرنگ و جەوهەرییە، بۆ هێنانەدیی دەستاوەدەستکردنی ئاشتیانەو دیموکراتیانەی دەسەڵات لەناو حیزبەکان و حوکمڕانیدا، بەڵام بوونی سەرکردەی هەمەجۆری حیزبیو فرەلایەنیی سیاسیی ڕاستەقینەو کێبڕکێی بەکردەوەی نێوان سەرکردەکان لەناو حیزبێکداو حیزبەکان لەناو حوکمڕانیدا، گرنگو هەستیارە. چونکە دەستاوەدەستکردنی ڕاستەقینە لەناو حیزبێکدا نایەتەدی، کە تاقە سەرکردەیەک یان دەستەبژێرێکی سەرکردە جڵەویدەکەن و دەستاوەدەستکردنی ڕاستەقینە لە حوکمڕانیەکیشدا دروست نابێت، کە حیزبێک یان هاوپەیمانیەتێکی بەرتەسکی دیاریکراو بۆ ماوەی درێژ کۆنترۆڵیدەکات.

سەرکردەی حیزبەکانو حوکمڕانەکانی کوردستان دەبێت ئەوەیان لا ڕوون بێت، کە ئەندامەکانی حیزبەکانیانو گەلەکەمان، وەک ئەندامی حیزب و گەلانی دیکەی دنیا، حەز بەو گۆڕانکارییە پۆزەتیڤە سودبەخشانە دەکەن، کە دەبنە هۆی بنیاتنان نەک وێرانکردنو پێیان خۆشە ئەو سیاسەت و دەموچاو پلانانە بگۆڕن، کە واقیع و ڕووداوەکان سەلماندویانە بنیاتنەرو یەکخەرو پەرەپێدەر نەبوونو چاویان بڕیوەتە ئەوەی ئازادانە سەرکردەیەک لەناو سەرکردەکاندا هەڵبژێرێت

کە متمانەی پێ دەکەنو دڵنیان لە لێهاتوویی‌و سەرڕاستیی، بەرنامەیەک لەناو بەرنامە جۆربەجۆرەکاندا هەڵبژێرن، کە بەدڵنیاییەوە دەیانگەیەننە کەناری ئارامی‌و پێشکەوتن و پەرەسەندنو چاکسازیی بۆ دەستەبەردەکەن.

## دەستاودەستکردنی دەسەڵات و چاکسازیی سیاسی:

دەستاودەستکردنی ئاشتیخوازانەی دەسەڵات، بەبێ چاکسازییەکی سیاسیی هەمەلایەن، کە دەکەوێتە ئەستۆی حوکمڕانی‌و کۆمەڵگەی مەدەنی‌و دامەزراوەکانی کەرتی تایبەت، مەیسەرنابێت. چاکسازییەک کە دەبێتە هۆی بنیاتنانی سیستەمێکی دیموکراتیانە، جێگیرکردنی ئازادیی وەک بەهایەکی بنچینەیی، هێنانەدیی سەروەریی بەکردەوەی میللەت، کە لە ڕێگەی فرەلایەنیی سیاسی‌و ئاڵوگۆڕکردنی دەسەڵاتەوە حوکمی خۆی دەکاتو پشت بە ڕێزگرتن لە مافەکانی بیرکردنەوەو دەربڕین و ڕێکخستن دەبەستێت.

گۆڤاری هەفتانە ژمارە (٤٣) ١٩-٢٥ نیسانی ٢٠٠٩

## دیموكراسیی سیاسی بڕبڕەی پشتی چاكسازییە

كۆمەڵگەكەمان ئیمـڕۆ گیرۆدەی دەسـتی پاشكەوتوویی و ستەمكارییە. پاشكەوتوویی و ستەمكاری -وەک هۆو ئەنجام- دیوی دوەمی پێشكەوتنو دیموكراسین، چونكە دیموكراسی مەرجی پێشكەوتنو مسۆگەركاری بەردەوامیەتی، پێشكەوتنیش مەرجی خونچەكردنو گەشەكردنی دیموكراسیە. ململانێی ئیمڕۆی كۆمەڵگەی كوردستان لەنێوان هێزە پێشكەوتنخوازە - داهاتووخوازەكانو هێزە موحافەزەكار- كۆنەپەرستەكاندایە، بەرجەستەكاری ناكۆكیی بنچینەیی نێوان پاشكەوتوویی‌و پێشكەوتنە. لێرەدا هۆكاری بڕیاردەری سـەركەوتنی هێزەكانی پێشكەوتن، بەدەستهێنانی هۆشیارییـە بەرامبـەر بـە دیموكراسی‌و پێڕەویكردنی پرۆژەی گەشەپێدانی كۆمەڵگەكەمان.

پاشـــكەوتوویی كورد لە تێڕوانینی مرۆڤی كورددا، بۆ خۆی‌و ڕابردووەكەی، بۆ مێژوو و كەلەپوورەكەی، بەدەردەكەوێت. لە هەڵوێستیدا بەرامبەر بە سروشت، كۆمەڵگەو مرۆڤ و حوكمڕانیدا ئاشكرادەبێت. لە تێڕوانینیدا بۆ گەردوون، دنیاو بزووتنەوەی پێشكەوتنی مرۆڤایەتی‌و هەڵوێستی بەرامبەر بەوی دیكە دەكەوێتەڕوو. لە دەستەپاچەیی میللەت لەئاست جڵەوكردنی توانستو داهاتەكانو ئاڕاستەكردنی وزەو تواناكان ڕووەو ڕێگەی پێشكەوتنو نائامادەیی تێڕوانینێكی ستراتیژیانەی ئەقڵانیكراوە بە ڕووی سەردەمو جیهاندا دەردەكەوێت.

دیموكراسـی، بەو پێیەی دژی ستەمكارییـە، لـە دەرەوەی چوارچێوەی پرۆژەی پەرسەندنی كۆمەڵگە هیچ مانایەكی نییە. لەم چەند ساڵەی دواییدا زۆر بابەتو لێكۆڵینەوە لەسەر دیموكراسی نووسراونو كۆڕو كۆبوونەوەش بۆ گفتوگۆكردن لە بارەیەوە سازدراون، بەڵام زۆربەیان دووچاری تێڕوانینی یەكلابینانە، یان پارچەپارچەخوازانە بوون. بۆیە نەیانتوانیوە دەرک بە گرنگی و پێگەی دیموكراسی بكەن لە ڕەوتی گەشەكردنی مێژووییداو دەستەوستانبوون لەئاست دۆزینەوەی ڕۆڵی بڕیاردەرانەی هۆشیاریی دیموكراتیانە، عەلمانی، گەردوونی‌و مێژووییدا

بـۆ ڕەتكـردنـی پاشــكەوتـوویی و زەبــروەشــاندن لــە پێگــەكانی ستەمكاری.
قەیرانی هەنوكەیی كۆمەڵگەكەمان، قەیرانی سیاسەتە، قەیرانی كۆمەڵگەو كۆمەڵگەی مەدەنیو شكستەخواردنی هەوڵدانەكانە بۆ نوێكردنەوەی كۆمەڵگەو دیموكرتیزەكردنیو بنیاتنانی فەرمانڕەوایی هەق، یاساو دامەزراوەكان. جا ئەگەر ئێمە لەگەڵ دیموكراسی سیاسیدا بین، ئەوا دیموكراسی لە بنچینەدا لە كۆمەڵگەیەكی پاشكەوتوودا، نەک دژی حوكمڕانی نییە، بەڵكو دژی نەبوونی حوكمڕانییە، بەوپێیەی شۆڕشی ڕاستەقینە دژی حوكمڕانی نییە. بۆیە ئاخاوتن سەبارەت بــە دیموكراسیی سیاسی دەبێت لە ڕەوتی دۆزینەوەی هۆو هۆكارو ڕەگو ڕیشەكانی ئەو قەیرانەدا بێت. لێرەشدا دیاریكردنی بابەتەكە، لە سنووری دیموكراسیی سیاسیدا، گرێدراوی چەند مەسەلەیەكە:

## دیموكراسیی سیاسی و چەند مەسەلەیەک:

١- قووڵیو هەمەلایەنیی قەیرانی ئیمڕۆ لەئاستی سیاسیدا چڕدەبێتەوە، واتە ئەو ئاستە چۆنایەتییەی سیما، ڕووخسارو ڕادەی گەشەكردنی ئاستەكانی دیكەی تیا چڕدەبێتەوە. سەرەنجام، تێڕوانینی سیاسی (بەواتــا فراوانەكــەی) ناوەڕۆكی كۆمەڵایەتی، ڕۆشــنبیری، ئابــووری، دادوەری، بەڕێوەبــردنو پەروەردەكــردن لەخۆدەگرێتو كاتێک تاوتوێی بابەتــی دیموكراســی دەكــرێت، پێویســتە ئەو ناوەڕۆكانە لەیادنەكرێن.

٢ - ناشێت تێڕوانینێكی كۆپیكارانەمان هەبێت بۆ یەكێک لە مۆدێلەكانی دیموكراسی. یەكەم لەبەر مەحاڵیی ئەوە لە ڕووی ئەقڵیو مێژوویيو واقیعیەوە. دوەم چونكە كاریگەریی خراپی لەسەر خودی مەسەلەی دیموكراسی دەبێت.

٣- دیموكراسی-وەک چەمک و پراكتیک- یەكێكە لە دەركەوتەكانی ئەزموونی مرۆڤایەتیو ڕەنگی سەردەمو شوێنو تایبەتمەندییە چۆنایەتییەكانی كۆمەڵگەی كارپێكەر وەردەگرێت.

٤- واقیع و مێژوو بەپێی حەزو خواستو شەوقەكان مامەڵەیان لەگەڵ ناكرێت، بۆیە دیموكراسی نایــەتــەدی، ئەگــەر هەلومەرجی بابەتیی سیاسی، كۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیری و ئابووری پێویستی نەكردبێتو نەبووبێتە پێداویستییەكی مێژوویی.

٥- دیموكراسی چەمكێكی لە دەرەوەڕا هاتوە، بۆ ئەوەی نیشتەجێبێت، پێویستە یەكەم لە بیرو پراكتیكداو لەسەر ئاستی ئەو بنەما سیاسیو ڕۆشنبیرییە نوێیانە یان ئەوانەی خۆیان بە نوێكار دەزانن ڕەنگبداتەوە، بەتایبەتی لەسەر ئاستی حیزبە

سیاسییەکان، بەوپێیەی بەرجەستەکردنی دیموکراسی لە بیرو پراکتیکی حیزبو ڕێکخراوەکاندا گرنگن بۆ چەسپاندنی لەنێو ژیانی کۆمەڵگەدا. دوەم کۆڵەکەکانی جێگیرکردنو چەسپاندنی سازبکـرێن و لە دامودەزگاو دامەزراوەکان و کۆمەڵگەدا بەرجەستەبکرێن.

٦- دیموکراسی یەکێکە لە دەروازە بنچینەییەکانی بنیاتنانی هوشیاریی گونجاوو پەرەسەندنی بزووتنەوەی جەماوەری و دامەزراندنی ڕای گشتیدا، کە زەمینە بۆ بەشداریکردنی پۆزەتیڤانەی سیاسی خۆشدەکەن، ڕێگەیەکە بۆ کۆتاییهێنان بە دۆخی گۆشەگیریی جەماوەر و ڕەتکردنی دۆخی لایەنگیریکردن و ناڕەزاییدەربڕینی نێگەتیڤانە.

٧ - ستەمکاریی سیاسی، هەرچەندە توندوتیژو بەزەبریش بێت، ناتوانێت ئۆپۆزسیۆن لەناوبەرێتو هۆکارەکانی بەرگریکردن لە ڕەگەوە هەڵکێشێت. چونکە لە سێبەری ستەمکاری و پەرەسەندنی چەوساندنەوەدا، هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن ڕواڵەتی دیکــە وەردەگرن و دووچــاری چەندیــن نەخۆشی و لادان دەبن و ڕووەو توندوتیژی هەنگاودەنێن.

لێـرەدا پێویستە هەندێ خاڵی هەڵهێنجراو بخەمەڕوو، کە ناوەڕۆک و چوارچێوەی چەمکەکەو توخمە پێکهێنەرەکانی دەخەنەڕوو:

## چەند خاڵێکی گرنگ:

-دیموکراسی چەمکێکی سیاسیەو لەدایکبووی چرکەساتێکی پێشکەوتووی مێژووی مرۆڤایەتییە، ئەو چرکەساتەی فیکر قۆناخی ئەفسانەو جادووگەرانەی ڕەتکردو گەیشتە وێناکردنی هەمەلایەن سەبارەت بەدنیاو بنیاتنانی دەوڵەتی مەدەنیانە.

-دیموکراسی چەمکێکی شارستانیانەیە، چونکە هاوکات گرێدراوی چەمکی شارو کۆمەڵگەی مەدەنییە. ئەمەش دووپاتیدەکاتەوە ئەو میللەتەی لە پرۆسەی گەشەکردنیدا ئەم ڕەوتەی بەدەست نەهێنابێت، ناتوانێت نوێنەری بەهاکانی دیموکراسی بێت و کێشەی دیموکراسیش بەدرێژایی ڕۆژگار لە ڕۆژەڤی (ئەجیندای) کارەکانیدا دەمێنێتەوە.

-دیموکراسی چەمێکی گرێدراوی ئەقڵانیەتەو بەبێ باڵادەستیی ئەقڵ گەشەناکات، چونکە مەنزلگەی دیموکراسی مەملەکەتی ئەقڵ و ئەقڵانیەتە. لەبەرئەوەش کە ئەقڵ خاڵی هاوبەشی نێوان مرۆڤەکانی دنیایە، کە جیاوازو بیۆێنەن. بەوپێیەش چەمکی

دیموکراسی فـرە، جیاواز، جیاکارەو تەنانەت ناکۆکو دژ بەیەکیش دەبێت.
-ئازادی تایبەتیترین نیشانەی ئەقڵە، بۆیە دیموکراسی ئیشکالیەتگەلێک لەخۆدەگرێت، کە لە خودی «کێشەی ئازادی»یەوە سەرچاوەدەگرن، ئەگەرچی گەلێک بیریار دیموکراسی تەنیا لە سیستەمی حوکمڕانیدا گیریدەکەن. هەروەها چەمکی دیموکراسی بێ چەمکی مرۆڤ - وەک جڵەوکاری سروشت و پێوانەی بەهاکانو ئامانجی گەشەکردن- ڕاست و دروست نابێت.
-دیموکراسی بەشداریکردنی سیاسی، واتە بەشداریکردنی ئازادانەی مرۆڤە لە دروستکردنی ئێستاو داهاتووی خۆیداو هەڵبژاردنی شێوازی ژیانو سیستەمی حوکمڕانیو ئاقاری گەشەکردنی خۆی لەخۆدەگرێت. هیچ تاک، کۆمەڵ، چین یان میللەتێک ناتوانێت بەختەوەری بەسەر کەسانی دیکەدا بسەپێنێت و خودی بەختەوەری لەناونەبات.
-دیموکراسی دژی ئەوەیە کەمایەتییەک دەسەڵات قۆرخبکات، چونکە دیموکراسی لە هەندێ ڕووەوە هاوواتای حوکمڕانیی زۆرایەتیو ڕەتکردنەوەی قۆرخکردنی حوکمڕانییە لەلایەن کەمایەتیەکەوە. کەواتە چەمکی دیموکراسی پێویستی بە چەمکی کەمایەتی- زۆرایەتی هەیە لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتیو سیاسیو مەسەلەی ئۆپۆزسیۆن نەک هەر ڕەوادەکات، بەڵکو پێویستیدەکات.
-دیموکراسی لەو کۆمەڵگەیانەدا پێویست دەبێت، کە کۆمەڵگەی کار، بەرهەمهێنان، هۆشیاری، پێشکەوتن و ژیوارن. لێرەدا کۆمەڵگە بەرخۆرەکان ناتوانن دیموکراسی هەرسبکەن و هەست ناکەن پێداویستیەکی گرنگە. دەرکیش بەوە ناکەن هێز، یەکگرتنی ناوەکی، پێشکەوتنو پەرەسەندن گرێدراوی دیموکراسین.
کەواتە دیموکراسیی سیاسی مەرجێکی بنچینەییە بۆ پاراستنی زیندوێتی کۆمەڵگەو چالاکیی سیاسیو ڕاستو دروستیی پەیوەندیی نێوان حوکمڕانیو خەڵک، دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن، کەمایەتی و زۆرایەتی. بۆیە بڕبڕەی پشتی هەر چاکسازییەکە لە کوردستان ڕوودەداتو لە پێشەوەی ئەرکەکانی سەرشانی هێزە سیاسیەکان و ڕۆشنبیرانی کوردستانە.

گۆڤاری هەفتانە ژمارە (٤٤) ١١ نیسان- ٢ مایس ٢٠٠٩

## هەڵبژاردن لوتکەی دیموکراسییە

لە جیهاندا نزیکەی ملیاردێک مرۆڤ بەشداریدەکەن لە هەڵبژاردنەکاندا، بەمەبەستی دەستنیشانکردنی نوێنەرەکانی خۆیان بۆ دامەزراوەکانی یاسادانان و بڕیارسازی. پاش ئەو شەپۆلی گۆڕانکارییە دیموکراتییەی لە ماوەی بیست ساڵی پێشودا دنیای تەنیوەتەوە، لە زۆر ناوچەی جیهان جۆرەها هەڵبژاردن ئەنجامدەدرێن، بەڵام وەک دەردەکەوێت تەنیا نیوەی وڵاتەکانی دنیا هەڵبژاردنی دیموکراتیانەیان بەخۆوە بینیوەو هەڵبژاردنەکانی دیکە دیموکراتیانە نەبوون، چونکە حوکمڕانەکان پەرەیانداوە بە ئامڕازو شێوازەکانی گەمەکردن بە پرۆسەی هەڵبژاردنەکان. ئەوەش بە مەبەستگەلێک، کە ئامانجی هەڵبژاردنی دیموکراتیانە نەبوون، وەک ڕەوایەتیدانەوە بە حوکمڕانی، کەمکردنەوەی ئەو فشارانەی داوای چاکسازی و ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ دەکەن.

لە کوردستانیش هەڵبژاردنەکانی پێشوو نەک نەبوونەتە هۆی گۆڕانکارییەکی دیموکراتیانەی ڕاستەقینە، بەڵکو گوێزانەوەی دیموکراتیانەشیان بەرهەم نەهێناوە. سەرەنجام دیموکراسی و پلورالیزمی حیزبیی ڕواڵەتکارانە بوونەتە ئاستەنگی بەردەم تێپەڕاندنی دابەشبوونی تەقلیدیی حوکمڕانی و هۆی سەرهەڵدانی «دیموکراسیی ڕواڵەتکارانە» یان «حوکمڕانیی نیمچە دیموکراسی». ئێستاش باسی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان گەرموگوڕەو هەموان بە پەرۆش و ورياييەوە تێیدەڕوانن. بۆیە دەربڕینی ئەم قسانە دەربارەی هەڵبژاردنی دیموکراتیانە بەپێویست دەزانم.

هەڵبژاردنی دیموکراتیانە کۆڵەکەیەکی سەرەکیی دیموکراسییە، چونکە دیموکراسی کۆمەڵێک کارڕایی و دامەزراوەیە، کە بەهۆیانەوە – ئەنجامی پێشبڕکێی ئازادانە – تاکەکان بەشداریدەکەن لە بڕیارسازیداو پێویستە پێش ئەنجامدانی، ئازادیی و مافە دیموکراتییەکان دەستەبەرکرابن. کەواتە ڕیزبەندیی مەسەلەکان بەم جۆرەیە: ئازادیی بەدەستهێنانی زانیاری، ئازادیی دەربڕین، ئازادیی ڕێکخستن و پێکهێنانی دامەزراوەی سەربەخۆ، ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئازادانەی سەرڕاست، کە لوتکەی دیموکراسییە، نەک دەستپێکی دیموکراسی.

## هەڵبژاردن و چەند مەجێک:

هەڵبژاردنی دیموکراتیانە گرێدراوی ئەم مەرجانەیە:

- بوونی مافی دەنگدانی گشتی بۆ هەر هاوڵاتییەکی پێگەیشتوو.
- خولیبوونو ڕێکوپێکیی هەڵبژاردنەکان.
- بێبەش نەکردنی هیچ گرووپێک لە پێکهێنانی حیزبی سیاسی و خۆپاڵاوتن بۆ پۆستە سیاسییەکان.
- بوونی مافی پێشبڕکێکردن لەسەر کورسییەکانی ئەنجومەنی یاسادانان.
- ئازادیی بەڕێوەبردنی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن بەشێوەیەک، کە یاسا تیایاندا پێشێل نەکرێت و توندوتیژی دژی هەڵبژێرەکان بەکارنەهێنرێت.
- تواناسازکردنی هەڵبژێرەکان بۆ دەنگدان لە کەشێکی پڕ ئازادیدا.
- پاڵاوتنی دەنگەکان و ڕاگەیاندنی شەفافانەیان و تواناسازکردنی سەرکەوتوەکان بۆ پۆستەکانیان.

ناوەڕۆکی هەڵبژاردنی دیموکراتیانە بەدەوری دوو پێوانەی سەرەکیدا دەخولێتەوە: ئازادیی هەڵبژاردن و سەرڕاستی پرۆسەی بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنەکان. ئەزموونە هاوچەرخەکان هێما بۆ ئەوە دەکەن، کە هەڵبژاردنە دیموکراتییە پێشبڕکێخوازەکان تەنیا لە حوکمڕانیی دیموکراتیانەدا ڕوودەدەن، چونکە هەڵبژاردن یەکێکە لە میکانیزمە سەرەکییەکانی کارپێکردنی دیموکراسی، نەک ئامانجێک بە خودی خۆی. هەروەها هەڵبژاردنی دیموکراتیانە مەرجێکی پێویستە، نەک تاقەمەرجێک، بۆ حوکمڕانیەکی دیموکراتیانە، بەوپێیەی تەنیا ئەنجامدانی هەڵبژاردنی دیموکراتیانە مانای ئەوە نییە حوکمڕانی دیموکراتییە.

## پێداویستییەکانی هەڵبژاردنی دیموکراتیانە:

ناوەڕۆکی سیستەمی حوکمڕانیی دیموکراتیانە بریتییە لە ڕێکخستنی پرۆسەی بڕیارسازی و کارکردنی دامەزراوەکانی حوکمڕانی، تواناسازکردنی هاوڵاتیان بۆ بەشداریکردن لە پرۆسەی بڕیارسازیدا، ڕێکخستنی پەیوەندیی نێوان دامەزراوەکانی حوکمڕانی و هاوڵاتیان. ئەمانە ئەو سێ مەسەلەیەن، کە دەستووری وڵاتێک لەخۆیان دەگرێت. ئەو دەستوورەی، ئەگەر یاساکانی پێڕەویکران، ئەوا دەکرێت بەو سیستەمە بوترێ دیموکراتی. لێرەدا دەکرێت ناوەڕۆکی ئەو چوارچێوە دەستوورییە بەم شێوەیە پوخت بکەینەوە:

١- ڕێکخستنی پرۆسەی بڕیارسازی و کاری دامەزراوەکانی حوکمڕانی لە ڕێگەی

پشتبەستنەوە بە دەسەڵاتی یاسا. واتە کۆنترۆڵکردنی دەسەڵاتی حکومەت بەهۆی دەستورێکەوە، کە حوکمڕان و حوکمڕانیکراو وەک یەک ملکەچی دەبنو میکانیزمی دیاریکراو بۆ بڕیارسازی و لێپێچینەوە دەستەبەردەکات و سیستەمێکی دادوەری سەربەخۆ بۆ پاراستنی پرنسیپی دەسەڵاتی یاساو ئازادی و مافەکانی تاکەکان دادەمەزرێنێت. ئەمە وێڕای مسۆگەرکردنی ملکەچ نەبوونی ساسیەتمەدارە هەڵبژێراوەکان بۆ دەسەڵات و چاودێری هیچ دەستەیەکی هەڵنەبژێراو. هەروەها پرنسیپی لێک جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانی یاسادانانو جێبەجێکردنو دادوەریو ڕاگرتنی هاوسەنگیی نێوانیان.

٢ -تواناسازکردنی هاوڵاتیان بۆ بەشداریکردن لە بڕیارسازیداو پێڕەوکردنی پرنسیپی دەستاودەستکردنی ئاشتیخوازانەی دەسەڵاتو دابینکردنی مافی گشت هێزە سیاسییەکان بۆ پێشبڕکێکردن لەسەر کورسییەکانی دەسەڵات، پشتئەستوور بە پرنیسیپی «میللەت سەرچاوەی دەسەڵاتە»و حکومەت کار بەدەسەڵات دەکات بۆ هێنانەدیی بەرژەوەندیی گشتیی هاوڵاتیان، نەک بەدەستهێنانی بەرژەوەندیی توێژێک یان حیزبێک.

٣ -ڕێکخستنی پەیوەندیی نێوان دامەزراوەکانی حوکمڕانی و میللەت لەسەر بنچینەی هاوڵاتیبوون، واتە بوونی گشت ماف و ئەرکەکان بۆ هەموو توێژەکانی کۆمەڵگە، بەبێ جیاوازی و بوونی دەرفەتی یەکسان بۆ بەشداریکردن لە بڕیارسازیدا. هەروەها بوونی زامنکارییەکان بۆ ئازادییە تاکەکەسییەکانو مافە سیاسیو ئابووریو سیاسییەکانو دابینکاریی دەستوریو یاسایی بۆ پاراستنی ئازادییو مافەکانی کەمایەتییەکانو توێژە لاوازەکانی کۆمەڵگە.

## مەبەستەکانی هەڵبژاردنی دیموکراتیانە:

هەڵبژاردن بۆ خۆی ئامانجێک نییە، بەڵکو میکانیزمێکە بۆ هێنانەدیی چەند ئامانجێکی پایەدار، گرنگترینیان:

١ -گوزارشتکردن لە پرنسیپی «میللەت سەرچاوەی دەسەڵاتەکانە»و جێبەجێکردنی میکانیزمی نوێنەرایەتیکردنی پەرلەمانتارانە، بە دەرفەت ڕەخساندن بۆ گشت هەڵبژێرەکان بەمەبەستی کارکردن بەیەکێک لە شێوازەکانی بەشداریکردن لە بڕیارسازیدا، کە دەنگدانی گشتییە.

٢ -هەڵبژاردنی حوکمڕانەکان بۆ نوێنەرایەتیکردنی میللەت.

٣ -چارەسەرکردنی ململانێ سیاسییەکان بەشێوازی ئاشتیخوازانە.

٤-دەستەبەرکردن و نوێکردنەوەی ڕەوایەتیی سیاسی، بەوپێیەی هەڵبژاردنەکان ڕەوایەتی بـۆ حکومەتی هەڵبژێراو دابیندەکەن، یان ڕەوایەتی نوێ دەبەخشنەوە حکومەتی پێشوو.

٥- لێپرســینــەوە لــە حوکمڕانــەکــان، بەوپێیەی ئامانجێکی هەڵبژاردنەکان لێپرسینەوەو لێپێچینەوەیە، جا ئەوە لە ڕێگەی هەڵسەنگاندنی پرۆژەکانی لایەنە پێشبڕکێخوازەکانەوە بێـت پێـش هەڵبژاردن، یـان خەڵاتکردن و سازدانی ئەو سیاسیانە بێت، کە خولی پێشوی هەڵبژاردنەکانیان بردۆتەوە.

٦- گۆشـکردنی سیاسی، چونکە هەڵبژاردنەکان سەرچاوەیەکی سەرەکین بۆ مۆبیلیزەکردنی سیاسیو ئامڕازی گرنگن بۆ بەشداریکردنی سیاسی. بۆیە ئەو وڵاتانەی هەڵبژاردن تیایاندا ناکرێت یان درەنگ دەکرێت، توانای نوێکردنەوەی کۆمەڵگە تیایاندا ئەستەمەو توخمی نوێ ناگەنە حوکمڕانیو ناوەندەکانی بڕیارسازیو بۆ ماوەی درێژ لە ســایەی دەســەڵاتی حیزبێک، گرووپێک یان سەرکردەیەکدا ژیان دەباتەسەرو دەرفەت لەبەردەمی چەندین نەوەدا نابێت بەشدارییبکات لە بڕیارســازیــدا.

٧-ڕۆشنبیرکردنی سیاسی، بەوپێیەی هەڵبژاردنەکان هاوڵاتیان هۆشمەنددەکەن دەربارەی کارە گشتی و مەسەلە سیاسییەکان. ئەمەش لە کات و پێش ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان و لە ڕێگــەی ئامڕازەکانی ڕاگەیاندن و ئاشکراکردنی بەرنامەکانی هەڵبژاردنەکانــەوە.

## پێوانەی ئازادیی و سەرڕاستیی هەڵبژاردنەکان:

پێوانەی ئازادی، مانای ڕێزگرتنە لە ماف و ئازادییە سیاسییە بنچینەییەکانو یەکێکــە لــە پێداویستییەکانی هەڵبژاردنی دیموکراتیانــە و چەنـد ڕەهەندێک لەخۆدەگرێت: یەکەم/ ئەنجامدانی هەڵبژاردن لە سێبەری دەسەڵاتی یاسادا، واتە دەســەڵات بەپێی ڕەوایەتی بجوڵێتەوەو هەموان بەپێی یاسا، نەک سەروەریی سەرکردەو سەرۆکەکان، هەنگاوبنێن و ملکەچی یاســاکان بــن، نــەک بڕیارە تاکەکەسییەکان. دوەم/ بوونی پێشبڕکێ لە هەڵبژاردنەکاندا، کە دوو مەسەلە لەخۆدەگرێت: پێوانەی چەندایەتی ڕووت، واتە قەتیس نەکردنی هەڵبژاردنەکان لە تاقە کاندیدکراوێکدا، وەک ئەوەی سیستەمە سەرتاپاگیرەکان. پێوانەی چۆنایەتی، واتە پێویستیی بوونی ئەڵتەرناتیڤی هەمەجۆر بۆ پێشبڕکێی هەڵبژاردنەکانو زیاتر لە کەس و بەرنامەیەک لەبەردەم دەنگدەردا. چونکە لێکچوون یان نزیکی بەرنامە

حیزبیەکان ڕادەی پێشبڕکێ کەمدەکاتەوە. سێیەم/ زامنکردنی ئازادیی زانیاری، دەربڕین، کۆبوونـەوەو ڕاگەیانـدن. چوارەم/ ئازادیـی پێکهێنانی ڕێکخراوگەلی سیاسیی سەربەخۆ لـە دەسـەڵاتی جێبەجێکردن و نەبوونی پێبەندیی ڕەسمیو بەکردەوە لەسەر دامەزراندنی ئەو ڕێکخراوانە و پێشبڕکێی نێوانیان.

پێوانەی سەرڕاستیش گرێدراوی بێلایەنی ئەو دەستانەیە، کە سەرپەرشتیی هەڵبژاردنەکان دەکـەن، لـە کاتی دەنگدانـەوە بیگرە تاکو دەگاتە پاڵاوتنی دەنگەکانو ڕاگەیاندنیان. گرنگترین پێوانەکانی سەرڕاستیش بریتین لە:

١/ بوونی مافی دەنگدانی گشتی. ٢/ تۆمارکردنی دەنگدەرەکان بەشێوەیەکی شەفافو بێلایەن. ٣/ بێلایەنیی سیاسی ئەوانەی سەرپەرشتی هەڵبژاردنەکان دەکەن. ٤/یاسایەکی هەڵبژاردنی دادپەروەرانەو کاریگەر. ٥/خولیی هەڵبژاردنەکان.

گۆڤاری هەفتانە ژمارە (٤٤) ٣-٩ مایس ٢٠٠٩

## کاری ڕۆشنبیر بانگەشەکردن نییە بۆ لایەنێکی سیاسی

سەبارەت بە هەڵوێستی ڕۆشنبیران لە سەردەمی هەڵبژاردنەکانی کوردستاندا، سەرەتا پێویستە ئیشکالییەتی پێناسەی ئەو توێژە چارەسەربکرێت، چونکە «ڕۆشنبیر» خەسڵەتێکە لای ئێمە دەبەخشرێتە هەرکەسێک سەر بە توێژی خوێندەوارەکانە، بەتایبەتی ئەوانەی خوێندنی پەیمانگە و زانکۆیان تەواوکردوە، یان بەردەوامن لەسەر خۆڕۆشنبیرکردن، لە ڕێگەی بەرهەمەکانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە، بۆ بەدەستهێنانی زانیاریی گشتی دەربارەی هەمووشتێک. ئەم توێژە خوێندەوارەی لە ڕوانگەی جەماوەر و دەسەڵاتەوە توێژی ڕۆشنبیر پێکدێنێت، گەورەترین توێژی کۆمەڵگەیە، کە حوکمڕانی پشتی پێ دەبەستێت، بۆ ڕاییکردنی ئیشەکان و بەڕێوەبردنی کاروبارەکانیو پێگەی ناوەندی نێوان جەماوەرو دەسەڵاتە، مەیلی جەغتکردنەوە لەسەر ڕۆتینی ڕۆژانەو بەهانەهێنانەوەی هەیە بۆ فرمانو بڕیارەکانی سەروتر، بەهەموو ڕێگەو شێوازێک دەچێت بەگژ هەر نوێکردنەوە یان گۆڕانکارییەکدا، لەو کاتەدا نەبێت کە لەلایەن دەسەڵاتە باڵاکانەوە ئاڕاستەدەکرێتو ئامادەیە بۆ ساختەکردنی ڕاستییەکان و هەڵخەڵەتاندنی جەماوەر.

لەڕاستیدا ڕۆشنبیر ئەو کەسەیە، کە بەرهەمهێنی مەعریفەیە، بەقوڵی مامەڵە لەگەڵ بیروڕا ڕوتەکان دەکات و بەرهەمیاندێنێت و پێکەوەیان دەبەستێت. هەروەها داهێنەرە، بەدوای حەقیقەتدا دەگەڕێت، هەڵوێستی ڕەخنەگرانەی هەیە بەرامبەر بە بیروڕاکانی خۆیو بیروڕای گرووپە جۆربەجۆرەکانی کۆمەڵگە، دەروەستە بە بەهابەرزە مرۆڤایەتیەکانەوە، تایبەتمەندانە بایەخدەدات بە مەسەلە گشتییەکانو ئاڕاستەکردنی ڕای گشتی، بەمەبەستی کاریگەریخستنە سەر کۆمەڵگەو دەسەڵاتو هێنانەدیی بەها بەرزەکانو دۆزینەوەی شێوازی دەستەبەرکردنی ئازادیی مرۆڤ لەلایەن کۆمەڵگەوە. ئینجا سەربەخۆیەو ماوەیەک دەخاتە نێوان خۆیو دەسەڵاتەوە، هەتاکو بتوانێت تێڕوانینێکی بابەتیانەی هەبێت.

لە ڕۆژگاری ئیمڕۆدا، پێویستە ڕۆشنبیر بەردەوامبێت لەسەر بەرهەمهێنانی

مەعریفە، واتــە ڕۆڵی داهێنەرانەی هەبێت لە بەرهەمهێنانی فیکرو مەعریفەسازیدا، بەتایبەتی دەربارەی مافەکانی مرۆڤ، دیموکراسی، کۆمەڵگەی مەدەنی، هەڵبژاردن‌و پەرلەمان و ڕووبکاتە خوڵقاندنی واقعێکی ڕۆشنبیریی جیاوازو بەرهەمهێنانی تێڕوانینی نوێ و گۆڕینی شێوازی بیرکردنەوەو داهێنانی کارپێکردنی فیکریی سەردەمیانـە، چونکە ئەوە کاری بنەڕەتیی ڕۆشنبیرەو کارەکانی دیکەی سەردەمی هەڵبژاردنەکان، ئەو شتانەن کە دەچنە سەر کارە بنەڕەتییەکەی، وەک چۆن پزیشک یان ئەندازیار هەندێک شت لەبەر دەروەستیی خەباتکارانە دەخاتە سەر کارەکانی پیشـــەکەی خۆی. لێرەشدا بەرهەمهێنانی مەعریفە، مانای گۆشەگیری‌و دابڕانی ڕۆشــنبیر نییــە لە کۆمەڵگەکەمــان و ڕووداوەکانی، داماڵینیشی نییە لە دەروەستی، بەڵکو ئەوە بۆ خۆی دەروەســتبوونە بە: هێڵی ئەقڵ‌و بەرهەمهێنان‌و داهێنان، خەبــات دژی نەفامی و نەخوێندەواری و خورەفەکاری، تێکۆشان دژی ستەمکاری و چەپاندن و سەرکوتکردنی ئازادیی دەربڕین و لێکۆڵینەوەی زانستی، خزمەتکردنی کۆمەڵگە لە ڕێگەی کەڵەکەکردنی مەعریفەوە، کە مەرجی سەرکەوتنی پێشکەوتن و پەرەپێدانە.

هیچ ڕێگرییــەک نییە لەبەردەم ئەوەدا کە ڕۆشنبیر (وەک هاوڵاتییەکی خاوەن مافە مەدەنی‌و سیاسییەکان‌و مرۆڤێک کە بڕوای بــە کۆمەڵێک پرنســیپ هەیەو کاردەکات بۆ هێنانەدیی ئامانجگەلی دیاریکراو) لەم هەڵبژاردنانەدا مەیلی هەبێت بۆ حیزبێک، سەندیکایەک یان ڕەوتێک و بەشدارییبکات لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکاندا، بەڵام کاری ئەو نییە وەک ڕۆشنبیر بانگەشە بۆ تێڕوانینێک یان لایەن‌و کایەیەکی سیاسی بکات، گفتوگۆی ڕۆژنامەوانیانەی بۆ ئەنجامبدات و سیمیناری بۆ سازبکات‌و خوتبەی پڕوپاگەندەکارانەی بۆ بدات. ئیشی ئەویش نییە ڕۆڵی نووسەری حیزبی‌و ئامادەکاری ڕاپۆرتی سیاسی بگێڕێت، چونکە ئەوە مەیلی کەسێکە وەک تێکۆشەر نەک ڕۆشنبیر، بەڵکو داوای لێ دەکرێت دەروەست بێت بە سەرڕاستیی زانستی، بابەتێتی، شیکردنەوەو لێکۆڵینەوەوەو وەک بکەرێکی ڕۆشنبیری بەشدارییبکات لە ئەقڵانیکردنی سیاسەت‌و زانین‌و پراکتیکەکانداو ڕێگربێت لەوەی حیزبەکان، تاکو گرووپەکان بە خەون‌و بەڵێنە ئەرخەوانییەکان لەخشتەبەرن، تاک و گرووپەکانیش ئەنجامی لاوازیی کولتووری هەڵبژاردن‌و جێگیرنەبوونی دیموکراسی وەک شێوازی ژیان بەلاڕێدا ببرێن. ئەمەش لە ڕێگەی بەرپاکردنی دیالۆگی بەپیت و خوڵقاندنی ژینگەیەکی تەندروســتی پێکگەیشتن و پێکهێنانی پانتاییەکەوە بۆ بەرهەمهێنانـی ڕۆشــنبیرانەوە. بەوپێیــەش داواناکرێت ڕۆشــنبیر لەم هەڵبژاردنانەدا سەرکردەو

دەمڕاستی بزووتنەوەی سیاسیو بانگەشەکاری حیزبی بێتو خۆی تەرخانکات بۆ ئەو مەبەستە، بەڵکو وا چاوەڕواندەکرێت تێبکۆشێت بۆ هێنانەدیی هۆشمەندیی ڕەخنەگرانەو ڕۆشنگەری لە کۆمەڵگەدا. مەبەست ئەوە نییە ڕۆشنبیر لە سیاسەت دابڕێت، بەڵکو ئەوەیە پەیوەندییەکە بەجۆرێک بنیاتبنرێتەوە، کە پایەداری بگێڕڕێتەوە بۆ دەسەڵاتی مەعریفە و ڕۆشنبیری، کە لە ژیانی ڕۆژانەی ئێمەدا غائیبە. واتە گەرەکە دوور لە وەهمەکانی دەروەستیی نامەعریفیانە، ڕۆشنبیر ڕۆڵی ڕاستەقینەی خۆی ببینێو لە وەهمی مێژووسازیی ڕزگاربیبێت، هەتاکو بتوانێت لە ڕێگەی مەعریفەوە بەشداریی کاریگەرانە بکات لە مێژووسازیدا.

ئەرکی ڕۆشنبیرە لەم سەردەمەدا هەڵوێستی ڕەخنەگرانەی هەبێت، واتە ڕەخنەگربێت لە دەسەڵات و کۆمەڵگە. مەبەست لە دەسەڵات لێرەدا تەنیا دەسەڵاتی حوکمڕان نییە، بەڵکو ئەوانەشە کە لە ئۆپۆزسیۆندان، لەبەر بەدەستەوەگرتنی بەشێک لە ڕای گشتی و بوونی پرۆژەی دەسەڵاتگرتنەدەست، یان بەشداریکردن لە دەسەڵاتدا. هۆکاری ئەو ڕەخنەگرتنەش زۆرە، وەک مەیلی دەسەڵات بۆ بەرهەمهێنانی سەرکوتکردن و پاوانکردن. مەیلێک کە بەرهەمی نەبوونی ڕەوایەتیی کۆمەڵایەتیو سیاسیی ڕاستەقینەیە. دەسەڵاتی ئۆپۆزسیۆنی ناکۆک بەوانیش ئەو بازنە سیاسییە داخراوە بەرهەمدێنێتەوە، کە سیستەمی سیاسیی حوکمڕانی ئێمە لەسەر ڕاوەستاوەو هەمان مەیلی دەسەڵاتخوازانە لە پەیوەندیی لەگەڵ جەماوەرو لایەنگیرانی خۆی و دەوروبەری کۆمەڵایەتیدا بەرهەمدێنێتەوە.

ئەرکی ڕۆشنبیرە لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا بەدوای حەقیقەتدا وێڵبێت، ئەو حەقیقەتەی خودو پێداویستییە مرۆییەکان نایشێوێنێ، چونکە ڕۆشنبیر گرێدراوی ئەو دەربڕینەیە کە دەڵێت: «ئەو ژیانەی توێژینەوەی لەبارەوە ناکرێت، شایستەی ئەوە نییە بە ژیان دابنرێت.» لێکۆڵینەوەی ڕەخنەگرانەو خولقێنەریش، پێویستی بە بوێری، ڕوونی، دیسپلین و دڵسۆزی هەیە. لێرەدا نابێت ڕۆشنبیر حەقیقەت بکاتە قوربانی لەپێناو بەدەستهێنانی کورسییەکی پەرلەماندا (دەسەڵاتگرتنەدەست)، بیروباوەڕ بکاتە قوربانی لەپێناو پارەو بەرژێرییەکاندا، ترسنۆک بێت و ئامادەی قوربانیدان نەبێت.

پێویستە ڕۆشنبیری کورد لەم ڕۆژگارەدا ماوەیەک بخاتە نێوان خۆیو دەسەڵات بەهەموو شێوەکانییەوە. دەشێت ڕۆشنبیر لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا خزمەتگوزاریگەلی سیاسی پێشکەش بە حیزبە ڕکابەرەکان بکات، بەڵام ئەوانە مەعریفی یان ڕۆشنبیرانە نینو وەک تێکۆشەر پێشکەشیان دەکات، نەک

ڕۆشنبیر. سیاسەتمەداری زۆربەی حیزبەکانی لای ئێمە بانگەشەی ئەوە دەکات، کە بەرنامەکەی پشتئەستووره بە مەعریفە، ڕۆشنبیریش بانگەشەی ئەوە دەکات کە ئەزموونی خۆی دەخاتـــە خزمەتی گۆڕانکارییـەوە. کەچی لەڕاستیدا مەعریفە لە هەردوو بارەکەدا نائامادەیە، ئەو نائامادەبوونەش بەری بەهەدەردانی کەسێتی سەربەخۆی ڕۆشنبیر و مامەڵەکردنە لەگەڵیدا وەک یەکێک لە ئامرازە سیاسییەکان، کە دەشێت بەپێی پێداویستییە سیاسییەکان لەقاڵببدرێت.

ئەرکی ڕۆشنبیری کورده لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا ڕوونەکاتە خیانەت. مەبەست لە خیانەتکردن لەم دەرفەتەدا، پراکتیزەکردنی هەستو سۆزە سیاسییەکانە بە هەموو خەسڵەتەکانییەوە، سەرقاڵبوونە بـــە گرفتـە ڕۆژانەییەکانو ڕووداوە لاوەکیەکانەوە، خواستی بەدەستهێنانی سەرەنجامی خێرایە، سەرقاڵبوونی نائاساییە بە ئامانجە هەنوکەییەکانەوە، زیادەڕۆییو توندڕەویو ڕەقهەڵاتی بیروباوەڕە. ڕۆشنبیر بە دابەزینە نێو مەیدانی ململانێی سیاسییەوە، لەپێناو مسۆگەرکردنی بەرژەوەندیی تایبەتی خۆی یان دەسەڵاتێکی دیاریکراو یان ئەنجامی پەرچەکرداری پشتبەستوو بە یادەوەرییەکان، خیانەت لە فرمانەکەی خۆی دەکات.

ئەرکی ڕۆشـــنبیره لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکاندا سەربەخۆیی خۆی بپارێزێتو نەبێتە پاشکۆی سیاســی، چونکە ئەوە ناکۆکە لەگەڵ پەیام و کاری ئەودا، بەڵام لە بەرژەوەندیی ئەوو کۆمەڵگەدایە کە لەگـەڵ پێکهاتە سیاسییەکاندا بکەوێتە گفتوگۆوەو پێکەوە بەرەو یەکتر تەواوکردن بچنو هەریەکێکیان دەســـت لـەوە هەڵگرێت ئەوی دیکە پشتگوێبخات یان ڕەتبکاتەوە، چونکە ئەو کارانە لە ڕابردوودا بوونە مایەی بەفیڕۆدانی دەرفەت و وەزی زۆری کۆمەڵگەکەمان.

گۆڤاری واڵا ژمارە (٣)/ مانگی ٦- ٢٠٠٩

## جێگیرکردنی دیموکراسی لە کوردستان

دیموکراسی لە کوردستان بەبێ ململانێیەکی بەکۆمەڵی بەردەوام دژی ئەو بیرورِا، هاوسەنگی، هێزو هەلومەرجانە نایەتەدی، کە رِێگرن لەبەردەم بنیاتنانی سیستەمی یەکسانیی یاسایی و دادپەروەری و ئازادییە سیاسییەکاندا. هیچ ململانێیەکیش بەبێ بوونی ستراتیژێکی شایستەو کاریگەر، کە ئامانجەکان دیاریبکاتو سودمەندەکان لە دیموکراسی گۆشبکاتو ویستەکان سازبدات، داهاتووی نابێت. لەبەرامبەر ئەمەیشدا، لاوازیی رِۆحی رِێکخراوەیی لە کۆمەڵگەکەماندا، بۆتە هۆی پرشوبڵاویی هێزە گۆرِانکاریخوازەکان، نەبوونی گرتبوونەوە یان میکانیزمەکانی گرتبوونەوەی سیاسی، لاوازیی بزووتنەوە سیاسییەکانو گۆشەگیریانو زاڵبوونی رِۆحی سەڵتەزەلامی بەسەر سەرکردایەتییەکانیانو باڵادەستیی ناکۆکیو ناتەباییە تاکەکەسییەکان بەسەر رِەفتاریاندا، سەرەنجام بێتوانایی لەئاست خەمڵاندنی ستراتیژێکی گشتیدا کە ئامانجی گۆرِانکاریی بنەرِەتیە، نەک بەدەستهێنانی پێگەو پلەوپایەی لاوەکی لە دەسەڵاتدا.

دانانی ستراتیژێکی پراکتیکی بۆ گوێزانەوەی دیموکراتیانە لە کوردستان، پێویستی بە دیاریکردنی قەبارەو سروشتی ئەو هێزو توێژانەیە، کە بەرژەوەندیان لە گۆرِانکاریی دیموکراتیانەدایەو فۆرِمگەلی رِێکخستنی وەها بخەملێنرێن، کە یاریدەدەرن بۆ گۆشکردنو یەکخستنیانو ئامانجە هەنوکەییەکانو ئەو پێگانە بخرێنەرِوو، کە هەنگاوبەهەنگاو دەبێت بەدەستبهێنرێن، بۆ گۆرِینی تەرازووی هێز بەشێوەیەک، کە دەرفەت بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئازادانەی سەررِاست برِەخسێتو هەنگاو بەرەو قۆناغێکی نوێ هەڵبنرێت، کە زەمینە بۆ هێنانەدیی گۆرِانکاریی دیموکراتیانە خۆشبێت. ئەمەش سەرەتا پێویستی بەوەیە ئەو بەرنامەیە دارِێژرێتو ستراتیژی بنیاتنانو گەشەپێدانی ئەو جەمسەرانە دابنرێت، کە بە دیموکراتخواز ناودەبرێن. بۆ گەیشتنە ئەوەیش، پێویستە دیموکراتخوازان یان ئەوانەی ئامادەی رِێگەی دیموکراسین رِزگاربکرێن لەو ناکۆکی، شڵەژانی

خراپ، هەستەوەریی‌و مەیلانەی ڕیزەکان پارچەپارچەدەکەن و هەنگاوەکە لەباردەبەن‌و کۆششەکان بەهەدەردەبەن. واتە دەبنە ڕێگر لەبەردەمی ئەوەی گرەوی یەکەم لەسەر گۆڕانکاریی دیموکراتیانە بێت. چونکە بەشێکی زۆری ئەو خەڵکەی دەروەستیی خۆی بۆ ئەو ڕێگەیە نیشانداوەو بڕوای پێیەتی، هێشتا گرەو لەسەر ئینتیمایە دەستەگەری‌و عەشیرەتگەری‌و ئایینیەکان دەکات‌و توانای نییە لە گرنگیی بنیاتنانی هاوپەیمانێتیەک بگات، بەبێ گوێدانە بنەچەو ڕەگەزو مەزهەب‌و بیروباوەڕ، لەپێناو هێنانەدیی ئامانجگەلی هاوبەشدا، لەپێش هەموویانەوە یەکسانی‌و دادپەروەری‌و شکۆمەندیی تاکەکەسی.

## دوو مەسەلەی سەرەکیی سەرکەوتن:

بەو جۆرە داهاتووی هەنگاوی دیموکراتیانە لای ئێمە گرێدراوی سەرکەوتنە لە چارەسەرکردنی دوو مەسەلەی سەرەکیدا: یەکەم خەملاندنی بەرنامەیەکی دیموکراتیانە، واتە دەستنیشانکردنی ئەولەویات‌و بەها سەرەکییەکان، دوەم دۆزینەوەی فۆرمی ڕێکخراوەیی داهێنەرانەی وەها، توانای کۆکردنەوەی ئەو هێزە حیزبی‌و ناحیزبیانەی هەبێت، کە بڕوایان بە دیموکراسی هەیەو هانی تاکەکان دەدات ئینتیما لاوەکییەکانیان تێپەڕێنن بۆ بەشداریکردن لە بنیاتنانی کایەیەکی نوێی کارکردن‌و وەبەرهێنانی سیاسی‌و کۆمەڵایەتیی گشتیدا، کە دەبێتە سەرچاوەیەکی نوێ بۆ ئینتیما، ئەویش چوارچێوەی نیشتمانە، کە هێزی لەهی لاوەکییەکە کەمتر نییە. جا ئەگەر هەنگاوی دیموکراتیانە نەتوانێت لەوەدا سەرکەوتووبێت، ئەوا گرتبوونەوەیەکی سنووورداری گۆشەگیری ڕووناکبیران دێتەئاراوە، کە خەڵک بە ئایدیالیست‌و خەونخوازی دەزانێت، نەک هێزی هەڵگری پرۆژەیەک بۆ گۆڕانکاریی گەورەو کاریگەر.

ئەگەرچی ڕزگارکردنی ویستی میللی و هێنانەدیی دیموکراسی و فرەلایەنیی (پلورالیزم) ئیمڕۆ دەروازەی پێویستن بۆ بەرەنگاربوونەوەی گشت کێشەکان، چونکە زەمینەیەکی دروستە بۆ گفتوگۆکردن دەربارەی ئەو کێشانەو خەملاندنی ئەقلانییەت و پێکهێنانی یەکانگیریی نیشتمانیی پێویست بۆ چارەسەرەکان‌و بەرەنگاربوونەوەی کێشەکان، کەچی ئەولەویەتی زۆربەی هەرە زۆری خەڵک هەتاکو ئێستا (تا ماوەیەکی دیکەش) کێشەی پەرەپێدانی کۆمەڵایەتی‌و ئابوورییە، دابینکردنی خۆراک و جلوبەرگ و خانوو و دەرفەتی کارە بۆ هەزاران کەس، کە کۆمەڵگەکەمان ساڵانە دەریاندەهاوێژێ، بەبێ پەروەردەکردنێکی شارستانیانە، یان

قاڵکردنێکی ڕۆشنبیرانە. مەسەلەکە پەیوەندیی بە چارەنووسی ئەوانەوەیە، کە دەکەونە نێوان «بەربەرییەت» و «شارستانیەت»ەوەو هەڕەشە لەوانە دەکەن، کە پێگەیەکیان لە حوکمڕانیدا بۆ خۆیان دروستکردوە. بۆیە دیموکراسی ناکرێت لە کوردستان بچەسپێت، ئەگەر چارەسەر بۆ گرفتە هەمەلایەنە هەڵئاوساوەکان نەدۆزرێتەوە.

## گرەوی خەڵک لەسەر دیموکراسی:

ئۆگریی پەرەسەندوی خەڵک بۆ دیموکراسی و گرەوکردن لەسەری، بەری ئەو باوەڕەیە کە بەشێکی گەورەی پەنگخواردنی ئیمڕۆ بەرهەمی سیاسەتی چەند ساڵی پێشوو و ئەو جیاوازییە مەترسیدارەیە لە داهاتی کۆمەڵایەتیو تەشەنەسەندنی هەژاریدا. چونکە لە سایەی حوکمڕانیی پیواری (غیابی) سەروەریی یاسا، جیاکارەکردنی کۆمەڵایەتیو سیاسی، چەسپاندنی پێگەو ئیمتیازەکانی دەسەڵاتدارانو دەستوپێوەندەکانو گشتاندنی گەندەڵیدا ناکرێت وەبەرهێنانەکان سەرکەوتووبن، بەهرەکان جێگیربن، سەرمایەکان کەڵەکەبنو دادپەروەریی بێتەدی. ئەوەی لەواقیعدا ڕوویداوە، وێرانکردنی دامەزراوەکان و بەهەدەربردنی سەرمایەو ئەزموونەکانو چاندنی بێهیواییو کوشتنی هاندان بوە لای زۆرینەی دانیشتوان. ئەمەش پێویستی بە چاکسازی هەیە.

کەواتە بیرۆکەی دیموکراسی و مەسەلەی بەشداریکردنی سیاسی و فراوانکردنی بازنەی ئازادییەکان و ڕێزگرتنی مافەکانی مرۆڤ نابێت مەسەلەی چاکسازیی کۆمەڵایەتیو ئابووریو سیاسییمان لەبیربەرێتەوە. چونکە ئەو دیموکراسییەی چاوی تێ بڕاوە، دیموکراسییەکی ڕواڵەتکارانە نییە. دیموکراسیی بەتەنیا دابینکردنی ئازادییە تاکەکەسییەکان نییە، بەڵکو بزوێنەری سەرەکیی خواستی خەڵکە بۆ یەکسانی، دادپەروەری، شکۆمەندی و ئازادی. ئەو چەکەیە، کە بەکاردەهێنرێت بۆ شکاندنی بازنەی قۆرخکردنی دەسەڵات لەلایەن گرووپێکەوە. جا ئەگەر چاکسازیی مەرجی چەسپاندن و سەرکەوتنی دیموکراسی بێت، ئەوا ئازادی مەرجی بوژاندنەوەی دینامیکییەتی پەرەپێدانی ئابووریو کۆمەڵایەتیو تەکاندانە بە چاکسازی. خۆ ئەگەر شکستەمانخوارد لە پێکەوە گرێدانی چاکسازی و بەشداریکردنی سیاسیدا، ئەوا ئەڵتەناتیڤ کردنەوەی دەرگایە بەڕووی ڕێگەچارەی دیکەدا، کە یەکێکیان دەشێت توندوتیژیو وێرانکردن بێت. چونکە بەردەوامبوونی قەیرانی سیاسیو ئابووریو کۆمەڵایەتی، پەراوێزکردنی توێژەکانی میللەت زیاتردەکاتو هەستی نیشتمانیو

سیاسییان وێراندەكاتو خەمساردیان دەكات بەرامبەر بە ئێستاو داهاتوومان، لەكاتێكدا پیواری بەشداریكردنی سیاسی هانی دەستەبژێرە دوورخراوەكان دەدات گرەو لەسەر خەڵكی ناڕازی بكــەن و بەكاریانبەرن بۆ خزمەتكردنی پرۆژەكانی خۆیان. بۆیە ئەگەر بەڵێنەكانی لەمەڕ دیموكراسی جێبەجێ نەبن، ئەوكاتە خەڵك هەستدەكات هەڵخەڵەتێنراوە، سەرەنجام هیچ بەربەستێك نابێت بۆ ئەوەی ئەو خەڵكە هەڵوێستی دیكەی هەبێت و بكەوێتە ناو ئاقارگەلی دیكەوە، كە هەندێكیان دەشێت نادیموكراتی و ناشارستانی و ناڕەوا بن.

## گرفتی سەرەكی بۆ چارەسەركردن:

بەكورتی گرفتی سەرەكی، كە پێویستە دیموكراسی چارەسەریبكات، ئازادی یان دابینكردنی ئازادییەكان نییە بە تەنیا، بەڵكو زیاتر لەوە دابینكردنی ژیان و كارو مانەوەیە. لێرەشدا دیموكراسی بەهایەكی نابێتو هیوای بوونی بۆ ناخوازرێت، ئەگەر نەبێتە چوارچێوەیەكی باشتر بۆ چاككردنی هەلومەرجەكانی ژیانو كارو مانەوە. سەرەنجام پێویســتە چاكســازیی دیموكراتیانە بە بەرنامەی لانی كەم دابنرێت، چونكە ئامانجی دابینكردنی مەرجــە بنچینەییــەكانی ئارامیی سیاسی، ئاسایشی كۆمەڵایەتی، یەكسانیی یاسایی، هەستكردن بە شكۆمەندیی تاكەكەسیو پاراستنی نیشتمانییە. ئەمانەش ئەو مەرجانەن، كە چیدی ناكرێت فەرامۆشبكرێن، لەپێناو هێنانەدیی ئامانجگــەلی مەزنی نیشتمانی و نەتەوەیی و هێنانەدیی سیاسەتگەلی دوورمەوداتردا. جا ئەگــەر نەمانتوانی شــەڕی چاكسازیی دیموكراتیانە بەرینەوە، واتە نەمانتوانی كاربكەین بۆ خوڵقاندنی كەشێكی كۆمەڵایەتیو سیاسیو فیكریی گونجاو بۆ پەرەپێدانو پێشكەوتنو كۆششی تەواو بكەین بۆ هاوكاریی نیشتمانیو لێك تێگەیشتنی نێوان لایەنە جۆربەجۆرەكان، ئەوا بێگومان ناتوانین بچینە ناو جیهانی هاوچەرخەوەو بگەینە ئامانجە دوورمەوداكان و نقومدەبین لەناو قەیرانی قوڵتر و كەشی دڵڕەقتردا.

گۆڤاری هەفتانە ژمارە (٤٥) ١٠-١٦ مایس ٢٠٠٩

## پەروەردە ئامرازی گۆڕان و دیموکراتیزەکردنە

پەروەردە ئامرازی ئاشـنابوونە بە تواناکانی مرۆڤ، ئەگەر بە زنجیرە پرۆسەیەک دابنرێت تیایدا تاکەکانی کۆمەڵگە ئەو توانسـتانە بەدەسـتدێنن، کە یارمەتیدەرن بۆ بەکاربردنی وزەکانی خۆیـان، لــە ڕێگــەی تێگەیشتن و جڵەوکردنی توخمە کولتورییەکان و گرتنەئەستۆی هوشیارانەی بەرپرسیارێتییەکانی ناو کۆمەڵگەوە.

بۆ ئەوەی پەروەردە کاریگەریی لەسەر کۆمەڵگە و پەرەسەندنی هەبێت، دەبێت داهاتوخوازبێت، نەک جێگیر و موحافەزەکار. لێرەشدا خەسڵەتی سەرەکیی ژینگەی پەروەرەکردنێکی داهاتووخواز خێرایی گۆڕانە، کە دەیسەپێنێ بەسەر جڵەوکارانی بواری پەروەردەدا، لە کاتی سیاسەتسازیی پەروەردەو دیاریکردنی ئامانجەکانیدا ڕەچاویبکەن. چونکە لەناو جیهانێکی هەمیشە گۆڕاوی گەشەکردودا، کە مەعریفەکان بەخێرایی نوێدەبنەوە، ئەرکــی پــەروەردە تەنیــا گوێزانەوەی ڕێکوپێکی زانیارییــەکان و ئاخاوتن دەربارەی چەســپاندنی ڕۆحی ڕەخنەگرانەو فێرکردنی شــێوازەکانی بیرکردنەوە نییە، لەبەرئەوەی پەروەردەی داهاتووخواز جەغت لەسەر کۆمەڵێک شارەزایی سەرەکی دەکاتەوە، وەک توانای گونجانی تاک، نەرمونیانی، مامەڵەکردن لەگەڵ گۆڕانی خێرا، تێگەیشتن لە گۆڕان و ئامادەبوون بۆ کەوتنە ژێر کاریگەرییەوە.

### پەروەردە پرۆسەی گۆڕانکاریی بەردەوامە:

ئەو پەروەردەیەی لە ڕابردوودا چاوی تێ بڕابوو، واتە وانەپێوتنەوەو تەلقینداندانو پێ لەبەرکردن، ئیمرۆ بۆتە پرۆسەیەکی گۆڕانکاریی بەردەوام، کە گشت تاکەکانی کۆمەڵگە دەکەونــە ژێر کاریگەرییــەوە. هەروەها ئاشنابوون بە چۆنییەتی گۆڕان، بۆتــە یەکێک لە ئامانجە سەرەکییــە نوێیەکانی پەروەردە. وێڕای ئەوە پەروەردە ئەم ئامانجانەش دێنێتەدی: بەدەستهێنانی مەعریفە، بنیاتنانی ژیری، پەرەپێدانی تواناکانی ڕەخنەگرتن، بنیاتنانی توانا ئەقڵییەکان، گەشەپێدانی توانای خۆناسین،

دەرککردن بە بەهەرەکان و سنوورەکانیان، فێربوونی چۆنیەتی زاڵبوون بەسەر مەیل و ڕەفتارە وێرانکارەکاندا، خستنەگەڕی توانستە داهێنەر و خوڵقێنەرەکانی تاک، ئاشـنابـوون بە چۆنییـەتی بەشداریکردن لە بەرپرسیارێتی گرتنەئەستۆ لە کۆمەڵگـەدا، فێربوونی چۆنیەتی پەیوەندی دروستکردن لەگەڵ کەسانی دیکە، یارمەتیدانی تاک بۆ گونجان لەگەڵ گۆڕانکارییەکان و بەدەستهێنانی تێڕوانینێکی هەمەلایەن دەربارەی جیهان، ڕاهێنانی تاک لەسەر ئەوەی پراکتیکیو ئەقڵانی بێتو توانای ناسین و چارەسەرکردنی گرفت و کێشەکانی هەبێت...هتد.

کەواتە پەروەردەکردن ڕۆڵێکی دیاری هەیە لە پرۆسەی نوێکردنەوەو گۆڕانکاریی دیموکراتیانەداو لە کوردستاندا ئەو بایەخە زیاترە، چونکە کاریگەریی لەسەر ئێستاو داهاتووی دەبێـــت. ئەمەش پێویســتی بە کارو کۆششی زۆر هەیە، بۆ ســەرلەنوێ دیاریکردنی پرۆســـە و ئامانجـەکانی پەروەردە. لەلایەکەوە بەرپرسیارێتییەکی گەورە دەکەوێتـــە ئەســتۆی پرۆسەی پەروەردەکردن، بۆ ئامادەکردنی تاکەکان بۆ جیهانی سەردەمی شۆڕشی تەکنیکی و بەجیهانیبوون بە هەموو کاریگەرییە جۆربەجۆرەکانیانەوە، لەلایەکی دیکەوە دەبێت پەروەردە ئامانجی ڕاهێنانی مرۆڤ بێت لەســـەر گۆڕان و پەرەســەندن. جا ئەگەر تێڕوانینی وەها هەبن، کە پێیانوایە پەروەردەکردن سیستەمێکی موحافەزەکارە، واتا ئەرکی ئەوەیە نەوە نوێکان بە زانیارییە پێشوەخت لەسەر ڕێکەوتوەکان ئاشنابکاتو وایان لێ بکات لەگەڵ بەهاو بیرۆڕاکانی کۆمەڵگەدا بسازێن، ئەوا ڕاستییە نوێکان دەریانخستوە مەعریفەیەک نییــە بۆ هەتاهەتایە هەموان لەســەری ڕێکبکەون و هەموو بەهاو بیروڕاکانی ڕابردوو شایانی پیاچوونەوەو تەنانەت ڕەتکردنەوەنو مەعریفەکانی ئیمڕۆش لە داهاتوودا دەگۆڕێن و نوێدەبنەوە. کەواتە پەروەردەکردن یەکێکە لە کەرەستە ســەرەکییەکانی بنیاتنانی مرۆڤ و بەهۆی پرۆسەی پەروەردەکردنو لە ڕێگەی دامەزراوە جۆربەجۆرەکانەوە بەدەستدێت، کە فێرکردنی ڕەسمی گرنگترین کەناڵیەتی.

## پەروەردەو چەند بەهایەکی نێگەتیڤ:

پەروەردە، هاوشانی چەند هۆکارێکی دیکە، ڕۆڵی هەیە لە گۆڕانی کۆمەڵگەدا، چونکە تاکی پەروەردەکراوی هوشــیار ئامرازی کاریگەرە لە پرۆسەی گۆڕانکاریو پەرەپێدانی بەردەوامداو یاریدەدەرە بۆ ئەوەی تاک باشــتر لە ماف و ئەرکەکانی خۆی تێبگات، هاوسەنگیی لەنێوان فرمانە خێزانی و ئەرکە کۆمەڵایەتییەکانی

خۆیدا ڕابگرێت، چاکتر بکەوێتــە کارلێککردنەوە لەگەڵ ئەوانی دیکــە و خواستی زیاتری هەبێت بۆ بەشداریکردن لە هێنانەدیی گۆڕانکاریی پۆزەتیڤانەو بنیاتنانی کۆمەڵگەدا. هەروەها پەروەردە ڕۆڵی هەیە لە بنیاتنانی دیموکراسیدا، لەبەرئەوەی کاریگەریی هەیە لەسەر ئاکاری تاکەکان و پێکهاتنی ئەو بەهایانەی باوەڕیان پێیــەتی.

ئاشکرایە پەیوەندییەکی توندوتۆڵ لەنێوان پەروەردەو دیموکراسیدا هەیە و ناکرێت لەسایەی پیواری ئازادییە تاکەکەسی و گشتییەکان و نەبوونی دادپەروەریو یەکســانی دەرفەتەکاندا، باسی پەروەردە بکەین و ناشــکرێت بەبێ پەروەردەیەکی ڕاســتەقینە و بنیاتنەرانەی ئامانجدار، کە خاوەن خەسڵەتەکانی چاکیو داهێنانو بەرهەمهێنانەو ڕێزی مرۆڤو تواناکانی دەگرێت، باسی دیموکراسی بکەین.

بۆ هێنانەدیــی گۆڕان و دیموکراســی لە کوردســتان، پێویستە پەروەردە کار بۆ لەناوبردنی چەند بەهایەک بکات، کە دەبنە هۆی یەکتر قبوڵ نەکردنو کەوتنەوەی توندوتیژی، لەوانە:

١/ تاکلایەنی، واتــە ڕەتکردنــەوەی حەقیقەتی فرەیی و قبوڵ نەکردنی ئەوی دیکە، جا ئەوە لەســەر ئاستی بیروڕاو فیکر بێت یان ئاستی گرووپو ڕێکخراوەکان. ســەرەنجامی ئەم بەهایــەش لێکترازانی فیکرو واقیع، نەبوونی توانای پێکەوە ژیان لەگەڵ ئەوانی دیکەو بەستەڵەکی بیروباوەڕ دێتەئاراوە.

٢/ دوانەی دژبەیەک، واتە وێناکردنی ئەوەی دوو شت هەن، کە هەرگیز پێکەوە کۆنابنەوە، مەبەست بیرکردنەوەیە بە شێوازی «ئەم یان ئەو»، واتە «ئەوەی لەگەڵمان نییە، دوژمنمانە». ئەم بەهایەش دەبێتــە هۆی ملشکاندنی دیموکراسی، چونکە چارەسەری مامناوەندی و بیرکردنەوەی میانڕەوانە ڕەتدەکاتەوەو ئەگەری هاوکاریکردن لەگەڵ ئەوانیتر قبوڵ ناکاتو ئامادەنابێت لە ڕووی فیکرییەوە لەگەڵ ئەوانیتر هەڵبکات.

٣/ کولتووری یادەوەری، واتە پشتبەستن بە پێکهاتەو ڕووداوەکانی ڕابردوو و دانانیان بە ســەرچاوەی بیرکردنــەوەو بڕیاردان و قبوڵکردنــی چارەســەرە حازبەدەستەکان، لەبری خستنەگەڕی تواناو شارەزاییەکانو دەستپێشکەریکردن.

٤/ کولتووری لێکچوون، واتە دانانی جیاوازی بە خیانەت، ئەمەش پێچەوانەی ئەو ڕۆحەیە، کە لە کولتووری گرووپدا هەیەو هانی هاریکاریکردنو شەریکایەتیکردنو یەکترتەواوکردن و پێکگەیشتن دەدات.

ئەو بەهایانەی پێشەوە دەیسەپێنن، پێداچوونەوە بە سیســتەمی پەروەردەماندا

بکرێت، لەپێناو چەسپاندنی بەهاگەلی دیکە، کە دەبنە هۆی گۆڕان و جێگیربوونی کولتووری دیموکراتیانە، لەوانە کرانەوە بەڕووی یەکتردا، بەشداریکردن لە کاری گشتیدا، قبوڵکردنی ڕای بەرامبەر، توانای پێداچوونەوەو ڕەخنەگرتن، دەربڕینی بیروڕا. هەروەها پێویستی بە چەسـپاندنی ئەقڵ و بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانەیە لە سیستەمی پەروەردەدا، بەوپێیەی ئەم ئەقڵە دژی بەهانەهێنانەوەو ئارایشتکردنی واقیع و شاردنەوەی خەوشی و کەموکورییـەکانەو ئەوەیـە کە سـەتاوەختی ئێستا تێدەپەڕێنێ، چەکـدارە بـە تێڕوانینی مێژووییانـە، حەقیقەتەکان ساختەناکاتو دژی بیرکردنەوەی میکانیکانەیـە. وێڕای ئەوانـە، دەبێت پەروەردە کاربکات بۆ زیادکردنی توانای خوێندکاران بۆ پێکگەیشتن و گفتوگۆکردن لەگەڵ ئەویدیکەی مرۆڤ، نەک ئەویدیکە وەک بابەتێکی ڕووت. چونکە ئەمە یاریدەدەرە بۆ هێنانەدیی نەوەگەلێک، کە لەپێناو کۆمەڵگەیەکی مەدەنی دیموکراتیدا لەگەڵ یەکتر دەکەونە کارلێککردنەوە. مەبەست ئەو نەوانەیە، کە لە ڕێگەی ئاڕاستەکردنی ڕەخنەی بنیاتنەر یان دەربڕینی بیروڕاوە دەربارەی مەسەلە گرنگو هەستیارەکان کاریگەرییان لەسەر ژیانی کۆمەڵگە هەیە، هوشیارانە بەشداریدەکەن لە بڕیارسازیو سیاسەتسازیدا، قبوڵی پرنسیپی پێشبڕکێ دەکەن و ڕێزی ڕای بەرامبەرو جیاواز دەگرن، خاوەن ڕۆحی دەستپێشکەری و هەڵوێستنواندنی پۆزەتیڤانەن.

گۆڤاری هەفتانە ژمارە (٤٧) ١٧-٢٣ مایس ٢٠٠٩

## دیموکراسی بەبێ گۆڕینی کولتووری سیاسی جێگیرنابێت

ئەگەرچی دیموکراسی لای ئێمە، لە ئاستی نووسین و دروشمدا، بایەخی زۆری پێ دراوە، کەچی لە ڕوی کارپێکردنو جێبەجێکردنەوە ئاوڕی پێویستی لێ نەدراوەتەوە، بۆیە گرنگە بزانین هۆکاری ئەوە چییە. واتە تاوتوێکردنی مەسەلەی دیموکراسی، پێویستی بە گەڕانە بەدوای ئەو هۆکارە ڕاستەقینانەدا کە ئاستەنگ دروستدەکەن بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی دیموکراتی لە کوردستانو تەنیا بایەخ نەدرێت بە ڕواڵەتی دەرەوەی گرفتەکە، واتە گێڕانەوەی بنیات نەنانەکە بۆ قۆرخکردنی دەسەڵات لەلایەن تاک و توێژگەلی دیاریکراوەوە. چونکە ئاستەنگی سەرەکی، سروشتی کولتووری سیاسیی باڵادەستە، کە ڕێگرە لە بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی دیموکراتی. بەوپێیەش یەکەمین هەناگاو بۆ بنیاتنانی دیموکراسی، کارکردنە بۆ گۆڕینی سروشتی کولتووری سیاسی باڵادەست، بەجۆرێک کە یاریدەدەربێت بۆ بنیاتنانی دیموکراسی، نەک پەکخستنی.

دیموکراسی، بەیەکێک لە دەربڕینەکان، بوونی مافی بەشداریکردنی هاولاتیانە لە بڕیارسازیدا. هاولاتی بۆ ئەوەی بتوانێت کار بەو مافە بکات، پێویستە دەرک بەوە بکات کە ئەو کارپێکردنە مافی خۆیەتی و خەڵاتێکی پێ بەخشراونییە، چونکە یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی سەرسمدانی دیموکراسی لای ئێمە، پیواری (غیابی) دەرککردنە بەو مافە. لەبەرئەوەی کولتووری سیاسیی باڵادەست، کە بەرهەمی پڕۆسەی پەروەردەکردنی کۆمەڵایەتیو سیاسییە، تاودەرەوەی ئەو بەهاو شێوازی کارانەیە، کە پێچەوانەی دیموکراسین.

### کولتووری سیاسی:

کولتووری سیاسی، کۆمەڵێک ئاڕاستەی سیاسیو ئاقارو شێوازی ڕەفتارە، کە تاک بەرامبەر بە سیستەمی سیاسی و پێکهاتە جۆربەجۆرەکانی و بەرامبەر بە ڕۆڵی خۆی دەیگرێتەبەر. ئەمەش لە ڕێگەی سێ ڕەهەندەوە دیاریدەکرێت: دەرککردن،

مەبەست ڕادەی ئاشنابوونی تاکەکانە بە سیستەمی سیاسیو ئەو بنەمایانەی دەیانگرێتەخۆیو ئەو ڕۆڵە سیاسیەی هەرووڵا (تاک و حوکمڕانی) دیگێڕن. واتە ئەو بنەماو پرۆسانەی لە ڕێگەیانەوە تاکەکان داواکارییەکان دەخەنەڕوو بۆ حوکمڕانی بۆ ئەوەی ببنە بڕیارو چۆنییــەتی جێبەجێکردنی ئەوانە وەک سیاسـەتی گشتی لەلایەن حوکمڕانییەوە. هەستوسۆزەکان، مەبەست هەستی تاکەکانە بەرامبەر بە حوکمڕانیو سیاسەتی گشتی. هەڵسەنگاندن، مەبەست داوەریکردنی سیستەمی سیاسیو ڕۆڵە سیاسییە جۆربەجۆرەکانو هەڵسەنگاندنی کارڕاییکردنی سیستەمی سیاسییە لەلایەن تاکەکانەوە. بەدەربڕینێکی تر، کولتووری سیاسی، ئاشنابوونی تاکەکانە بە مافو ئەرکەکانو چۆنییەتی بەشــداریکردن لە ژیانی سیاســیداو ئەو پێوانانەی بەکاردێن بۆ پێکهێنانی بیروڕاکانیان بەرامبەر بە سیستەمی سیاسی.

کولتووری سـیاسی لای ئێمە شۆانکارانەیە، چونکە خەسڵەتەکانی ئەو کولتوورە بەئاشکرا لە گشت لایەنەکانی ژیانماندا بەدیدەکرێن. ئەو بەهاو ئاڕاستانەی تاکی ئێمە – لە منداڵییــەوە تاکو مردن– لە ڕێگەی کەناڵە جۆربەجۆرەکانەوە فێریاندەبێت، کاردەکەن بۆ چەسپاندنی ڕۆحی دەستەپاچەبوون، پشت بەخۆنەبەستن، ملکەچیو گوێڕایەڵی بۆ ئــەوانەی لەخۆی بەهێزترن. ژیانی کۆمەڵایەتیمان لە چوارچێوەی زنجیرەیەک پەیوەندیی دەسەڵاتخوازنەو ملکەچیی نێوان باوک و منداڵەکان، گەورەو بچووک، سەرۆک و سەرۆکایەتیکراو، حوکمڕان و حوکمڕانیکراودا بنیاتنراوە. ئەوەش ڕەنگدانەوەی لە ژیانی ســیاسـیدا هەیەو تاکی ئێمە ئامادەیە بۆ قبوڵکردنی هەر دەسەڵاتخوازییەک، چونکە بەدرێژایی ژیانی لەسەر ئەوە ڕاهاتوە یان ڕاهێنراوە. بۆیە دەســتەوســتانە لەئاست بەشداریکردن لە بڕیارسازیداو لەبەرئەوەی ڕاهاتوە لەســەر ئەوەی کەســانی دیکە دەربارەی گشت لایەنەکانی ژیان بڕیاری بۆ بدەن، ئامادەیە بۆ ئەوەی کەســانی دیکە لە بواری سیاسیدا لەبری ئەو بڕیاربدەن.

وەک وتمان، دیموکراسی مافی بەشداریکردنی تاکە لە بڕیارسازیدا، بەڵام پیواری دەرککردنی تاک بەو مافە بۆتە هۆی ئەوەی، ئەو تاکە بێتوانابێت لەئاست بەشداریکردن لە بڕیارســازیداو دیاردەی تاکپەرستی و پشتبەستن بە سەرۆکی فریادڕەس زاڵبێت بەسەریدا. لەلایەکی دیکەوە ئەو بەهاو ئاڕاستەی ڕەفتارانەی تاکی ئێمە فێریانبوە، بۆتە ئاستەنگ لەبەردەم بنیاتنانی دیموکراسیدا، ئەمەش لەبەر لاوازیی ڕۆحــی گفتوگۆ و دیالۆگی بابەتیانــە، قبوڵ نەکردن و ڕێزنەگرتنی بیروڕای جیاواز و ڕەخنەگرتن لە پەیوەندییە سیاسیو کۆمەڵایەتییەکاندا.

کەواتە کولتووری سیاسیی ئێمە ئاستەنگە لەبەردەم بنیاتنانی دیموکراسیداو

چەسپێنەری سیستەمی دەسەڵاتخوازانەیە. لەبەرئەوەشە تاکی ئێمە هەمیشە چاوەڕوانی ئەوەیە دەسەڵاتێک لە دەرەوەڕا جڵەوییکات و لەسەر زۆر مەسەلەی هەستیارو بەبێ ڕاوێژپێکردن لە بری ئەو بڕیاربدات، کە شتێکی سروشتییە بەلایەوە، چونکە ژیانی هەمیشــە بەو جۆرە چۆتەڕێوەو بەردەوام کەسانی دیکــە لەبری ئەو بڕیاریانداوە. ئەمەش بەهۆی پەروەردەکردنەوە، کە پرۆسەیەکە لە ڕێگەیەوە کولتووری سیاسی پێکدێتو بریتییە لە جۆرکانی پەروەردەو فێرکردنو ئەو بەهاو شێوازانەی ڕەفتار، کە پەیوەندیان بەژیانی سیاسییەوە نییەو کاریگەرییان لەسەر هەڵسوکەوتی تاک هەیە، وەک ئەو ئاقارە کۆمەڵایەتی و خەسڵەتە کەسایەتیانەی کاریگەریان لەسەر ڕەفتاری سیاسی تاک دەبێت.

کولتووری سیاسی بەرهەمی پرۆسەیەکی پەروەردەکردنــــە، بەهــاو ئاڕاستەو ئاقارە ڕەفتارییەکانی کولتوورەکەش تاودەرەوەی جۆری پەروەردەکردنی تاکەکانە. لێرەشدا هەر حوکمڕانیەک کار بۆ ئەوە دەکات پرۆسەی پەروەردەکردنی تاکەکان چەسپێنەری بەهاو ئاڕاستەو بیروڕاکانی خۆی بێت، ئەوەش لە ڕێگەی دامەزراوەو کەناڵە جۆربەجــۆرە جڵەوکراوەکانەوە، وەک دامەزراوەی پەروەردەکردن، لەگەڵ ئەو کەناڵــــە نارەسمیانەی ڕاستەوخۆ ناکەونە ژێر دەســەڵاتی حوکمڕانەوە، وەک خێزان.

## دوو دامەزراوەی پەروەردەکردن:

زۆرێک لە بەهاو ئاقارو شێوازەکانی ڕەفتار، کە تاک لە پرۆسەی پەروەردەکردنی کۆمەڵایەتیدا فێریاندەبێتو ڕاستەوخۆ پەیوەندیان بە لایەنە سیاسییەکانەوە نییە، یاریدەدەرن بۆ پێکهاتنی کەسایەتی ئەو تاکەو دیاریکردنی ئەو ئاقارانەی کاریگەریان لەسەر هەڵسوکەوتی سیاسیی دواتری دەبێت. خێزان یەکەمین شــوێنە، کــە بەهاو ئاقارەکانو شێوازەکانی ڕەفتارکردن تیایدا دروستدەبێتو دواتر کاریگەریی لەسەر تێڕوانینو هەڵوێستی تاک بەرامبەر بە سیستەمو پرۆسەی سیاسی دەبێت. لە خێزاندا خەسڵەتەکانی کەسایەتی و شێوازەکانی ڕەفتارکردنی تاک بەدەستدێن. خێزانی ئێمەش ئەو شوێنەیە کە تاک تیایدا کەسێتی دەکوژرێت، ملکەچی بەها باوەکان دەکرێت و فێری گوێدێری دەکرێت. واتە ڕۆحی داهێنان و بیرکردنەوەی ئازادانە لە تاکــدا سڕدەبێت و وردەوردە بڕوا بەخۆبوونی تیادەکوژرێتو بیروڕای تایبەتیو بەرپرســیارێتــی گرتنەئەستۆی تیادا لاوازدەکرێت. قوتابخانەش دوەمین جێگەی پێکهاتنی کەسایەتی تاکەو لەبری ئەوەی ئەو بەهاو شێوازی ڕەفتارانە

بگۆڕێت، کە تاک لە خێزانەوە وەریگرتوون، جێگیریاندەکات، ئەوەش لە ڕێگەی شێوازو ئامرازەکانی پەروەردەو فێرکردنەوە، کە کەسایەتیو سەربەخۆییو ئازادیی بیرکردنەوە دەکوژنو ڕۆحی بڕوا بەخۆنەبوونو ملکەچی دەچێنن. چونکە سیستەمی پەروەردەو فێرکردنی ئێمە لە بنچینەدا لەسەر تەلقینداران بە ئاڕاستەیەک (لە مامۆستاوە بۆ خوێندکار) دروستبوەو ڕۆحی گفتوگۆ و دیالۆگ و پرسیارکردنەوەی کوشتوە. کاتێک خوێندکار دەگاتە زانکۆش، ناچێتە کەشێکی جیاوازەوە، چونکە زانکۆکانمان درێژکراوەی خوێندنی پێش خۆیەتیو شوێنی پڕکردنی مێشکی خوێندکارە بە زانیاری، بەبێ ئاوڕدانەوە لە توێژینەوەو بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە.

## گۆڕینی کولتووری سیاسی:

هەنگاوی بنچینەییو گرنگ بۆ بنیاتنانی دیموکراسی لای ئێمە، گۆڕینی کولتووری سیاسییە، بۆ ڕزگارکردنی لەو بەهاو ئاڕاستەو شێوازی ڕەفتارانەی پەیوەندییەکانی دەسەڵاتخوازیو ملکەچی دەچەسپێنن، کارکردنە بۆ چەسپاندنی بەهاو ئاقارو شێوازی ڕەفتارکردنی وەها، کە بایەدەرن بۆ بنیاتنانی کەسایەتی سەربەخۆو ئازاد، خوڵقاندنی کولتوورێکی سیاسیی بەشداریکردنخواز، کە وادەکات تاکی ئێمە مرۆڤێک بێت بڕوای بەخۆیو تواناکانی خۆی هەبێتو ئەو دەسەڵاتخوازییە ڕەتبکاتەوە کە مافی بەشداریکردنی لێ زەوتکردوە. ئەمەش مانای ئەوەیە کوردستان پێویستی بەگۆڕانێکی بنەڕەتی هەیە، کە بگاتە ناخی کولتوورەکەمان، گۆڕانێک کە سیستەمی پەروەردەو شێوازەکانی ڕەفتارکردنمان هەڵتەکێنێو کاریگەرییەکەی بگاتە ناو خێزانو دامەزراوەی پەروەردەکردنو خوێندنو ئامرازەکانی ڕاگەیاندنو شوێنی کارکردن، گۆڕانێک کار بۆ بنایتنانەوەی تاکی کورد بکات، بە شێوەیەک کە ببێتە هۆی گۆڕانی بنەڕەتیانەو پۆزەتیڤانەی بونیادی کولتووری سیاسیمان بە ئاڕاستەی چەسپاندنی بەها دیموکراتیەکانو نەهێشتنی بەهاکانی دەسەڵاتخوازیو ملکەچی. چونکە گۆڕینی حوکمڕانێک بە یەکێکی دیکە مانای گۆڕانکاریی بنەڕەتی نییە، ئەگەر هەمان بەهاو ئاڕاستەو شێوازەکانی ڕەفتارکردنی باو زاڵبن.

گۆڤاری هەفتانە ژمارە (٤٨) ٢٤-٣٠ مایس ٢٠٠٩

## لە هەڵبژاردندا دەنگ بەکێ بدەم؟

لە وڵاتێکدا، کــە هێشــتا دیموکراســی لە سەرەتای ڕێگەدایەو فۆڕمی گونجاوی وەرنەگرتوەو نەبۆتە شێوازی ژیان (وتەو کردار لە هەموو بوارەکاندا)، کولتووری هەڵبژاردن ساوایەو پێی نەگرتوەو پێویستی بە کەڵەکەبوونی ئەزموون هەیە، هاوڵاتی- بەواتا زانستییەکەی- لەدایک نەبوەو ئینتیمای تەسک جێی ئینتیمای نیشتیمانیبوونی گرتۆتــەوە، زۆرینــەی خەڵک خاوەنی هوشــیارییەکی سیاسیی گونجاونین بۆ تێگەیشتن لە سروشتی کاری سیاسی و حیزب و پرۆسەی دیموکراتی، هەڵبژاردنی ئازادانەی ســەرراســت وەک پێویست ئەنجام نادرێت، تاکەکان هەست ناکەن بەرپرســیارێتی دەکەوێتــە ئەســتۆیانو دەبێت بەشێوەیکی ڕاستو دروست بەشــداریی لە هەڵبژاردنــدا بکەن و هۆشــمەندانە دەنگی خۆیان ببەخشنە لایەکو چالاکانە بەشــداربن لە بنیاتنانی دیموکراسیدا.

ئەوەی ئێستاش کارەکەی ســەختترکردوە، سەرهەڵدانی چەندین کایەو ئاقاری سیاسیی نوێیە، هاوشانی ئەو هێزانە هاتوونەتە مەیدانەوە کە لە هەڵبژاردنەکانی پێشوودا بەشداربوون، بوونی ئامرازگەلی ڕاگەیانــدنی هەمەڕەنگ و بەرفراوانە، کە بەشــێکی زۆریان بەرپرسیارانە کارەکانی خۆیان جێبەجێ ناکەنو کاریگەریان لەســەر بیرکردنــەوەو ئاراســتەکردنی تاکــەکان هەیە، گەرموگوڕیی ململانێکانو فراوانیی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنە.

لە دۆخێکی وەهادا، زۆرێک لە تاکەکانی کۆمەڵگە تووشی دۆشدامان و دڵەڕاوکێ بوونو نازانن دەنگ بەکێ بدەن، هەتاکو دەنگەکەیان بەفیڕۆنەڕوات و جێی خۆی بگرێت. بۆیە گرنگە هەڵمەتێکی هوشیارکردنەوەی هەمەلایەن بەرپابکرێت، هەتاکو بەرچاوڕوونی بدرێتــە هەموان و پرۆسەی هەڵبژاردن بە کەمترین زیان و زۆرترین دەستکەوت بچێتەڕێوە. بۆ ئەوەی هەرتاکێکی کۆمەڵگەش بەشێوەیەکی ڕاستەقینەو چالاک بەشداریی لە هەڵبژاردندا بکات، ڕەچاوکردنی ئەم خاڵانە گرنگە:

## ١ – بزانرێت هەڵبژاردن چییە:

هەڵبژاردن پرۆسەی بەخشینی دەنگە بە بریکارێک یان دەسەڵاتدانە بە کاندیدکراوێک بۆ ئەنجامدانی نوێنەرایەتیکردن و بەشداریکردن لە یاساسازیو بڕیارسازیدا. واتە هەڵبژاردن لابردنی کەسێک و دانانی یەکێکی دیکە نییە، بەڵکو بەرپرسیارێتییەکی گەورەیە بەرامبەر بە خودو کۆمەڵگە، دیاریکردنی ئەو پەرلەمانەیە، کە لە بری میللەت کاردەکات و چارەنووسی زۆرێک لەو مەسەلەلانە دیاریدەکات، کە پەیوەندیان بە تاک یان کۆمەڵگەوە هەیە. بۆیە گرنگە هەڵبژێر ئاشنای هەڵبژاردن و یاساکان و شێوازەکانی بەڕێوەچوونی بێت و بزانێت چۆن دەنگدەدات و بەچ شێوازێک فۆڕمی دەنگدان پڕدەکاتەوە، هەتاکو دەنگەکەی بەفیڕۆنەچێت. هەروەها پێویستە خاوەنی هۆشمەندییەکی وەها بێت، وەک بەرپرسیارێتی – واتە ماف و ئەرک– بڕوانێتە هەڵبژاردن، نەک بە کارێکی ڕۆتینی دابنێت، کە دەبێت لەبەر خاتری ئەم یان ئەو کەس و لایەن، لە ترسی ئەم یان ئەو دەسەڵات بەشداریی تێدا بکات و ئەنجامیبدات.

## ٢ – کاندیدکراوەکان بناسرێت:

زۆرجار ئەو دروشمانەی کاندیدکراوەکان بەرزیاندەکەنەوە بریقەدارو سەرنجڕاکێشن و هەستوسۆزی هەڵبژێرەکان بۆ لای خۆیان ڕادەکێشن و دەشێت بەهەڵەیاندابەرن. بۆیە واچاکە بەوردی تێیان بڕوانرێت، هەڵسەنگێنرێن، ڕاستو هەڵەیان لێک جیابکرێتەوە. بۆ ئەمەش دوو ڕێگە لەئارادایە: خۆیی لەلایەن خودی هەڵبژێرەوە، واتە ناسینی کاندیدکراوەکە، ئاشنابوون بە خەسڵەتەکانی، پێشینە، مێژوو و ئەزموونی، ئاگاداربوون لە هاوسەنگیی وتەو کرداری، ڕادەی سەرڕاستیو دڵسۆزییو دڵنیابوون لە ڕاستبێژیی دروشمەکانی. بابەتی، واتە بەپەنابردن بۆ کەسانی شارەزاو بە ئەزموون یان سەرچاوەی جۆربەجۆر بۆ بەدەستهێنانی زانیاریی پێویست دەربارەی کاندیدکراوەکە. پێویستە دەنگدانی هەڵبژێر بە هەر کاندیدکراوێک بەری ناسین و پشتبەستووبێت بەو خەسڵەتانەی لەودا هەن و پێویستن بۆ نوێنەرایەتیکردن لە پەرلەماندا. هەروەها گرنگە هەڵبژێر خەسڵەتی تاکەکەسیی کاندیدکراوو لێهاتوویی تێکەڵ بەیەک نەکات و لەسەر بنچینەی پیشەکارانە دەنگ و متمانەی خۆی پێ بدات.

## ٣ – بەرنامەی حیزبەکان تاوتوێ بکرێن:

حیزبە سیاسییەکان خاوەن پڕۆگرامو ئەزموونو مێژووی جیاوازن، هەریەکەشیان

لە مەیدانی کارکردندا پێگەو قورسایی خۆی هەیە. گرنگە هەڵبژێر پێش ئەوەی دەنگبداتە کاندیدکراوێک، تاوتوێی پرۆگرامی حیزبەکەی بکات و بزانێت تا چەند گوزارشت لە خواست و پێداویستییەکانی ئەو دەکات، بەمەرجێک ئامانجە گەورەو بڕیاردەرو چارەنووسسازەکان نەکرێنە قوربانیی خواست و پێداویستیە کورتمەوداو هەنوکەییەکان. هەروەها هەڵسەنگاندنی هەبێت بۆ ڕادەی جێبەجێبوونی پرۆگرامی حیزبەکە لە واقیعـداو توانای سمبول و سەرکردەکانی حیزبەکە لەئاست هێنانەدیی بەندەکانیدا. ئەگەر حیزبە سیاسییەکە نوێ بوو، ئەوا پێویستـــە هەڵبژێر ئەو سیاسەتمەدارانە بناسێت، کە سەرکردایەتی حیزبەکە دەکەن و بزانێت داخۆ پرۆگرامە دەربڕاوەکەیان بە کەسانی وەک ئەوان جێبەجێدەکرێت و لە کارو تێکۆشانی خۆیاندا سەلماندویانە دەرەقەتی پرۆگرامی وەها دێن. ئەگەر ستراتیژانە نەڕوانرێتە خواستو پێداویستییەکان، ئەوا دەشێت هەندێک ئامانج و دەستکەوتی کاتی بێنەدی، بەڵام بنیاتنانی ڕاستەقینە لەدەست بچێت. ئەگەر ئاوڕ لە هاوسەنگیی نێوان پرۆگرامو پراکتیکو شایستەبوونی سەرکردەکانیش نەدرێتەوە، لەوانەیە بەهەڵەو بەلارێداچوون بێتەئاراوەو دەنگ بە کەسانێک بدرێت دیموکراسی لەسەر دەستیان مرداربێتەوە نەک گەشەبکات.

## ٤ – توانای هەڵبژاردنو لێک جیاکردنەوە هەبێت:

پاش ناسینی کاندیدکراوەکان و ئاشنابوون بە پرۆگرامی حیزبەکانیان، جا ئەوە لە ڕێگەی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنەوە بێت، یان کۆششی تایبەتیو تاکەکەسی هەڵبژێرەوە، بڕیاردان لەسەر کاندیدکراوێکی تایبەتی، ئەو کاندیدکراوەی بەڕاستی گوزارشت لە ویست و ئامانجەکانی هەڵبژێر دەکاتو چاوەڕوانی ئەوەی لێ دەکرێت دڵسۆزبێت بۆ نوێنەرایەتیکردنیو بەوەفادەبێت بۆ بەئەنجامگەیاندنی بەڵێنەکان. ئەمەش لەناو ئەو جەنجاڵییەی هەڵبژاردنی کوردستاندا کارێکی سەختو دژوارەو هەڵوەســتەکردنی ژیرانــەی هەڵبژێری دەوێــت. هەتاکو لێک جیــاکردنــەوەکەی کاندیدکراوەکان هۆشمەندانە بێت و هەڵبژاردنەکە ئەقڵانی بێت و لە ژێر کاریگەریی یادەوەری یــان هەستوســۆزی ڕۆژانەی تاکەکەســیدا نەبێت، ســـەرەنجامەکە باشـترەبێت. لەم بوارەشدا ڕاگەیاندنی ئازادی سەرڕاست و بێلایەن دەتوانێت یاریدەدەرێکی باشی هەڵبژێر بێت، لە ڕێگەی خستنەڕووی زانیاریی ڕاستو تەواو لەسەر کاندیدکراوەکانەوە، بەبێ گوێدانە لایەنداریێتی، پایەی سیاسیو کۆمەڵایەتی، ڕەگەزو بنەچەیان.

## ٥ – سوود له ئه‌زموون و هه‌ڵه‌كان وه‌ربگیرێت:

گرنگه هه‌ڵبژێر سوود له ئه‌زموون و هه‌ڵه‌كانی ڕابردوو وه‌ربگرێت و له كاتی ده‌نگداندا ئه‌و لایه‌نه خه‌ڵاتبكات، كه به‌ڵێنه‌كانی خۆی هێناوه‌ته‌دی‌و هاوسه‌نگی له‌نێوان وته‌و كرداریدا هه‌بوه، ئه‌ویش به به‌خشینی ده‌نگی خۆی، سزای ئه‌و لایه‌نه‌ش بدات، كه ده‌ستخه‌ڕۆیكردوه‌و ئه‌و كارانه‌ی ئه‌نجام نه‌داوه كه له هه‌ڵبژاردنی پێشوودا خستبوونیه‌ڕوو، ئه‌ویش به نه‌به‌خشینی ده‌نگی خۆی.

## ٦ – به‌دواداچوون هه‌بێت:

كاری هه‌ڵبژێر به ده‌نگدان كۆتایی نایه‌ت، به‌ڵكو دوای هه‌ڵبژاردنه‌كان سه‌ختترده‌بێت و پێویسته به‌دواداچوون هه‌بێت بۆ ئه‌و كاندیدكراوه‌ی ده‌نگی پێ دراوه، به‌مه‌به‌ستی دڵنیابوون له باشی ڕاییكردنی كاره‌كانی و ڕاده‌ی ته‌بایی له‌گه‌ڵ ئه‌و دروشمانه‌ی به‌رزیكردبوونه‌وه‌و ئه‌و به‌ڵێنانه‌ی دابوونی. لێره‌شدا مافی هه‌ڵبژێره له ڕێگه‌ی ئوسوڵییه‌وه‌و له‌كاتی بوونی لادان‌و سه‌رپێچی‌و هه‌ڵه‌دا ڕه‌خنه‌بگرێت‌و داوای لێپێچینه‌وه له‌گه‌ڵ كاندیدكراوه‌كه بكات.

گۆڤاری هه‌فتانه ژماره (٤٩) ٣١ مایس–٦ حوزه‌یران ٢٠٠٩

## لە دەسەڵاتی تاکەکەسەوە بۆ دامەزراوەبوون

دامەزراوەکان بایەخێکی گرنگیـان هەیـە بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگەی شێلگیرو گەشەکردنی کۆمەڵایەتی، چونکە ئەو بنیاتنانو گەشەکردنە لە ڕێگەی ئەو دامەزراوە جۆربەجۆرانەوە ڕوودەدەن، کە بەهێزو چالاکن، خاوەن ئامانجی ڕوونو ئاشکران. هەتاکو دامەزراوەکانی ئێمە بەدەست سستی، پارچەپارچەیی، خۆدووبارەکردنەوە، ناکۆکی نێوان ئامانجو کردارەکانو ناتەبایی چالاکیەکانەوە بناڵێنن، ئەستەمە بتوانین هەنگاوی جیدی ڕەوو کۆمەڵگەیەکی پەرەسەندوو هەڵبهێنین.

مەسەلەکە لێرەدا نەبوونی دامەزراوە نییە لە واقیع و بیرکردنەوەماندا، بەڵکو بێتوانایی ئـەو دامەزراوانەیـە لەئاست گەیشتنە ئاستێکی پێکهاتەو کرداری وەها، بتوانـن ئەو ئامانجانـە بهێننەدی کە بۆیان دیاریکراون. لێرەدا یەکێک لە خەوشییەکان، بەردەوامیی میکانیزمە تەقلیدییەکانە لەناو دامەزراوەکانی ئیمڕۆدا، ئەو دامەزراوانەی ئەرکی مەزنی بنیاتنانیان لەئەستۆدایە. خەوشـییەکی دیکە، تێکەڵکردنی ئەو ئامانجانەیە، کە سروشتێکی گشتیان هەیە، لەگەڵ ئەو ئامانجانەی لە ڕووی ماوە، چەندایەتی، شوێن، کات، ئامرازو کەرەستەکانەوە دیاریکراون هەتا بشێت جێبەجێبکرێن. ئەمانەش بوونەتە هۆی ئەوەی دەسەڵاتی کار لە بەرامبەر دەسەڵاتی تاکەکەسیدا دروست نەبێت، مەبەست ئەو دەسەڵاتەیە، کە تاکەکەس تێدەپەڕێنێت، خۆی جڵەودەکات و خاوەن پێوانەو پرنسیپی پراکتیکی خۆیەتی.

## لە دەسەڵاتی کارەوە بۆ کاری دەسەڵات:

لەکاتێکدا پێویستە دەسەڵات لە خزمەتی کارەکانو هێنانەدیی ئامانجەکانی خۆیدا بێت، کە بەشێکە لە ئامانجەکانی دامەزراوە، لای ئێمە لە زۆر دامەزراوەدا کارەکان لە خزمەتی دەســەڵاتداردانداندن و ئامرازێکن بۆ کارپێکردنی دەسەڵات. پێدەچێت تاکو ئێستا زۆر هەبن لە دەسەڵاتی کارکردن نەگەیشتبن، ئەمەش وای کردوە چەمکی دامەزراوە ڕەنگی ناوەندەکانی پایەداری بگرێت. بۆیە بەرپرسی

زۆرێک لە دامەزراوەکان ڕوویانکردۆتە کارکردن بۆ چەسپاندنی دەسەڵات و پایەی خۆیان لە هەموو ئاستەکانی پەیکەری ڕێکخراوەییداو زاڵکردنی شێوازی خۆیان بەسەر تێکڕای کارلێکردن و پەیوەندییەکانی ناو دامەزراوەدا. سەرەنجام هەموو ئاستەکانی کارکردن بوونەتە پێگەی مانۆر بۆ پایەداری. بەوپێیەش زنجیرەیەک پەیوەندیی دەسەڵاتخوازانە–پاشکۆیەتی لەناو جەستەی دامەزراوەکاندا دروستبوون‌و هەرکەسێک خەریکی بەهێزکردن‌و چەسپاندنی پایەی خۆیەتی، ئەمەش لە ڕێگەی ئەو دەسەڵاتی کارکردنەی پێی دراوە. سەرەنجام پاشکۆیەتیەک لە ژێرەوە بۆ سەرەوە دروستبوەو بۆتە هۆی گوێزانەوەی پەیوەندییەکان لە ئاستی کارکردنەوە بۆ ئاستی تاکەکەسی.

## پەیکەری ڕێکخراوەیی و چاککردنی ڕاییکردنی کارەکان:

وێڕای بوونی هەیکەلی ڕێکخراوەیی ڕەسمی، کە پەیوەندییەکانی کارەکانی نێوان سەرۆک و کارمەندەکان و هێڵەکانی دەسەڵات و سنووری بەدواداچوونی دیاریکردوەو لەسەر بنچینەی دەسەڵاتێکی بڕیارساز دامەزراوە، دەبینین لە واقیعدا پەیوەندییەکانی ناو دامەزراوە هەمیشەو بەشێوەیەکی گشتی بە کەناڵە ڕێکخراوەییە ڕەسمییەکاندا تێناپەڕن، چونکە وێڕای ئەو ڕێکخستنە، کەناڵگەلی شاراوەی ناڕەسمی هەن، کە هێڵەکانی دەسەڵات و پەیوەندیی بەکردەوە پێکدێنن، ئەمەش بەشێوازێک کە پەیکەری ڕێکخراوەیی کار تەنیا جلوبەرگێکە بۆ داپۆشینی پەیوەندییە بەکردەوەکان. لێرەدا پەیوەندییەکان بەپێی پەیوەستی‌و ناسیاوەتی نێوان خاڵکانی پایەداریی کەسێتی و پەیوەندیی نزیکی و دووریی نێوان سەرۆک‌و کارمەندەکان دروستبوون. ئەمەش بۆتە هۆی سەرهەڵدانی هاوپەیمانێتی‌و ئینتیمای لاوەکی لەنێو دامەزراوەدا، لەسەر حسابی ئەنجامدانی کارەکانی دامەزراوەکە. بەو شێوەیە پرۆسەی خۆدزینەوە لە پەیکەری کاردا دروستبووە، وەک هەوڵدانێک بۆ نزیکبوونەوە لە دەسەڵات. لەئەنجامدا چەند دەرگایەک لەبەردەم هەندێک کەسدا کراونەتەوە کە نابێت بکرێنەوە، چەندێکی دیکەش لەبەردەم ئەوانی دیکەدا داخراون کە پێویستە کراوەبن. بەو جۆرە پەیوەندییەکە لە پەیوەندییەکی کاری ڕەسمییەوە گۆڕاوە بۆ پەیوەندیی ولا، ئەو وەلائەی ڕادەی نزیکیی کەسێک لە دەسەڵاتەوە نیشاندەدات. ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی دامەزراوەکان جارێکی دیکە بکەونە دەستی ڕەوتی نادامەزراوەیی. ئەم ڕەوتەش بەدوو ئاڕاستەدا ڕۆیشتوە: یەکەمیان پەیوەندیی ڕاستەوخۆی نێوان سەرۆک و هەریەکێک لە کارمەندەکان

بە جیاوازیی ئاســتیانەوە، دوەمیان ئاقاری دروستکردنی پەیکەری پێوەندیی لاوەکی لەناو دامەزراوێکدا، کە لەسەر بنچینەی یەک بەرژەوەندی و یەک ئینتیما دامــەزراوە.

ســەبارەت بە پەیوەندییــە ڕاســتەوخۆکانی نێوان سەرۆک و ئەو کارمەندانەی دەشێت ببنە پاشکۆ، بە پێچ و پەنادا دەڕۆن یان ڕاشکاوانەنو بەئاسانی پەیوەندییە ڕەسمییەکان تێدەپەڕێنن. سەرۆک لەم دۆخەدا جۆرێک پەیوەندیی ڕاستەوخۆی داناوە، کە بەهەموو ناوەندەکانی کارەوە تێدەپەڕێت و هەموویانی ڕاستەوخۆ بەخۆیەوە گرێداوەتەوەو دەربڕی پلەوپایەی خۆین، بەدووپاتکردنەوەی بەردەوامی گرنگیی پاراستنی هەیکەلی ڕێکخراوەیی، کە خۆی لە واقیعدا پشتگوێیخستوە. ئەمەش لە بنەڕەتدا بۆتە هۆی هەڵتەکاندنی چەمکی دامەزراوە، چونکە پێکهاتەکە هەموو تاکەکانی تێپەڕاندوە. بەوجۆرە دامەزراوە بۆتە جۆرێک لە خاوەندارێتی تاکەکەسی، یان بەلای کەمەوە بۆتە بوارێکی زیندوو بۆ کارپێکردنی پایەداری. ئەنجامی ئەمە سەرتاپای دامەزراوە بۆتە بوارێکی کەسێتی بۆ سەرۆک و کارپێکردنی پایەداریی، هەموو پێگە بنچینەییەکانی کاریش بوونەتە پانتاییەکی کەسێتیی ئەو کەسەی بۆ کارپێکردنی پایەداری بەرێوەیدەبات.

لێرەدا خزمەتگوزارییەکانی کارەکە، کە لەسەر بناغەی ئەرک و بەرپرسیارێتییەکان دامەزراون، سروشتی بابەتێتی خۆیان لەدەستداوەو سروشتی بەخشینو یاساخکردنیان وەرگرتوە. جا لەبەرئەوەی پەیوەندییەکان لەسەر بنچینەی وەلائن بۆ سەرۆکی پایەدار، ئەوا وەلا شوێنی کاری گرتۆتەوەو دامەزراوە لە هەموو مانایەکی بەکردەوە بەتاڵبۆتەوە، چونکە هەڵسەنگاندن بەپێی وەلا، کاری هەڵتەکاندوەو بۆتە هۆی چەسپاندنی پەیوەندییەکانی وەلا و گەڕانی کارمەندەکان بەدوای کەناڵەکانی پەیوەندیکردن بە سەرۆک یان بە یەکێک لە پایەدارەکانی خوار ئەوەوە. ئەمەش پێوانەی هەڵسەنگاندن بەپێی وەلائی چەسپاندوەو سەروەریی پایەداری زاڵکردوە بەسەر دەسەڵاتی کاردا. سەرەنجام ئینتیما بۆ دامەزراوە – وەک چوارچێوەیەکی گشتی – لەناوچوە یان بەڕادەی جیاواز لاوازبوەو ڕۆتین، بەهۆی لاوزایی هەستکردن بە ئەرکەکانی کارەوە، زاڵبوەو بەرژەوەندییە تایبەتییەکانو پاراستنیان بۆتە شوێن بایەخپێدانی پلە یەکی کارمەندەکان. هەر لەبەرئەوەشە دروشمی «گرنگ نییە بەرهەمبهێنی، بەڵکو گرنگ ئەوەیە سەرزەنشت نەکرێیت» لەناو دامودەزگاکاندا تەشەنەیکردوە.

## شێوازەکانی دەسەڵاتو هەڵوێستی کارمەندەکانو جەماوەر بەرامبەریان:

دەسەڵاتی کار، لە ڕووی بابەتیەوە، لەلایەن کارمەندەکانو جەماوەرەوە مامەڵەی

لەگەڵ دەکرێتو بەپێی شێوازی بەڕێوەبەرانی، تێڕوانینی خۆیی جیاواز دەخاتەوە. لە دامەزراوەکانماندا ناوەڕۆکی سایکۆلۆژیانەی هەڵوێستی کارمەندەکانو جەماوەر بەرامبەری ڕەوتێکی تایبەتی وەرگرتوە، چونکە لەسەر بنچینەی باڵادەستیی سەرۆک بەسەر هەموو دامەزراوەکەدا دامەزراوە، بەجۆرێک دامەزراوەکە لە ڕێگەی سەرۆکەکەیەوە دەناسرێتەوە، نەک بەپێچەوانەوە. واتە ئەو سەرچاوەیە، نەک دامەزراوەکە.

لێرەدا دۆخێکی دیاری زۆر باو لەئارادایە، ئەویش بوونی دەسەڵاتی تاکەکەسیی سەپێنراوە. ئەم دەسەڵاتە بەزۆر لەلایەن سەرۆکێکەوە جڵەوکراوە، کە پێگەی لوتکەی دامەزراوەکەی بەدەستهێناوە. بەو جۆرە نموونەی سەرۆکی دەسەڵاتخوازی پێکهێناوە، کە پەیوەندییەکانی لەگەڵ کارمەندەکانو جەماوەردا سەرپێشۆڕکردنەو سیاسەتێکی توندڕەوانە پێڕەودەکات. لێرەدا دامەزراوە وەک خاوەندارێتییەکی تایبەتی لێهاتوەو سەرۆک بەپێی خواستە تایبەتیەکانی خۆی مامەڵەی لەگەڵدا دەکات. بەوپێیەش ئەو خزمەتەی پێشکەشیدەکات، وەک بەخشینێک سەیریدەکات کە دەتوانێت بیوەستێنێت، نەک ئەرکێکی سەرشانی کە پێویستە جێبەجێی بکات. هەروەها کارمەند وەک کەسێکی بێگانە ژیان دەباتە سەرو مانەوەو گەشەکردنی لە دامەزراوەدا گرێدراوی ڕازیبوون یان تووڕەبوونی سەرۆکە. واتە پەیوەندییەکە لەسەر بناغەی ترسو هەڕەشە ڕاوەستاوە. لەم بارەدا هەوڵدانی خۆنزیککردنەوەو ماستاوساردکردنەوە گەیشتۆتە بەرزترین پلە، بۆ ئەوەی سەرۆک ڕازیبکرێت، ئەمەش لە ڕێگەی گێڕانی ڕۆڵی هاوپەیمانیی خزمەتکاری دەسەڵاتو پارێزەری لەسەر حسابی پەیوەندیی هاوکارانی تر، تەنانەت خستنەڕووی ئەوان وەک سەرچاوەیەکی مەترسی بۆ ئەو دەسەڵاتە. لێرەدا پێشبڕکێ بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندیی سەرۆک لەوپەڕیدایە، هەریەکێک دەیەوێت لە ڕێگەی گومان دروستکردنەوە بەرامبەر بەوانی دیکە، ڕەزامەندیی ئەو بەدەستبهێنێت. لەڕاستیدا هەریەکێک هەوڵدەدات گومان بەرامبەر بەخۆی دووربخاتەوە، چونکە ئەو پەیوەندییە دەسەڵاتخوازو ملکەچکارە جۆرێک لە شەڕانگیزیی ناوەکیی توندوتیژی بەرامبەر بەمجۆرە دەسەڵاتە بەرهەمهێناوە، کە سەرچاوەی دڵەڕاوکێو مەترسییە بۆ کەسەکە. بۆیە هەوڵدەدات ئەو شەڕانگیزییە بەرامبەر بە دەسەڵات، لە ڕێگەی وەرچەرخانیەوە بۆ دژەکەی، واتە گۆڕینی بۆ بەدڵداچوونو سەرسامبوون بەهەموو سمبولەکانی بەهێزی، تێپەڕێنێت. ئەمەش جۆرێکە لە تەماهیکردن لەگەڵ دەستدرێژکاردا.

لێرەوە لە هەڵوێستی جەماوەریش بەرامبەر بە دامەزراوەکان بەگشتیو تەنانەت ئەرکەکەی تێدەگەین، چونکە ئەوان دەزانن دەسەڵاتخوازیو ملکەچکاریو ڕوەکەی

دیکەش یاساخکردن یان بەخشین نموونەی باون. بۆیە زۆرجار جەماوەر پێی وانییە دەتوانێت ئەو خزمەتگوزارییە بەدەستبهێنێت، کە بە مەسەلەیەکی سروشتی دەزانێتو پێیوایە بۆ ئەوەی بەدەستیبهێنێت -کە مافی خۆیەتی- پێویستە کۆششبکاتو پەنا بەو میانەکارانە بەرێت، کە دەرگاکانی دەسەڵاتی بۆ دەکەنەوە. لێرەشدا هەندێک جار، وێڕای ئەوەی کارمەندی پەیوەندیدار پێی ڕادەگەیەنێت کارەکەی جێبەجێدەبێت، کەچی هەر سووردەبێت لەسەر ئەوەی سەرۆک ببینێ تا دڵنیابێت، چونکە ئەو پێیوایە بەبێ بینینی ئەو ناتوانێت پێداویستییەکەی مسۆگەربکات. لێرەدا پەیوەندیی جەماوەر بە دەسەڵاتەوە هەم گومانو وریایی لەخۆگرتوە، هەم بەدڵداچوونو وەلا.

ئەم نموونەیەی پەیوەندیی دەسەڵاتخوازی و ملکەچکاری، کە بەهیچ جۆرێک بێ نزیکبوونەوەو وەلا داکۆکی لێ ناکرێت، کەشێکی خوڵقاندوە کە کاریگەریی خراپی لەسەر دامەزراوە دروستکردوەو کارمەندەکانی فڕێیداوەتە ناو دۆخێکی فشاری هەمیشەییەوە، کە ڕەنگدانەوەی لەسەر ڕۆحی مەعنەویان هەیەو کاریگەریی لەسەر هەستی ئینتیمابوونو بەرهەمهێنانیان هەیە.

ئەو سیمایانەی دەسەڵات، کە ڕووبەڕووی دامەزراوەکانمان بوونەتەوە دیمەنێکی ڕووناک نابەخشن، بەڵام نابێت تووشی ڕەشبینیمان بکەن، چونکە ڕێگەی گەشەکردن داخراونییەو دەشێت مەسەلەکان بخرێنەسەر ڕێڕەوی ڕاستی خۆیان، ڕێڕەوی جێگیرکردنی دامەزراوەی کارو ڕەتکردنی دامەزراوەی دەسەڵاتدار. ئەمەش بەپێگەیاندنی چوارچێوەی مرۆیی کارکردن، کە وەک سەرچاوەو دابینکارو دەرفەتێک بۆ پێگەیشتن و هێنانەدیی ئامانجەکان مامەڵە لەگەڵ دامەزراوە دەکات، چونکە هیچ پێگەیشتن و ڕزگاربوونێکی ڕاستەقینە، بەبێ بوونی دامەزراوەی بەهێز دابین ناکرێت.

گۆڤاری هەفتانە ژمارە (٥٠) ٧-١٣ حوزەیران ٢٠٠٩

## نوێکردنەوەی سیاسی هۆکاری جێگیرکردنی دیموکراسییە

لەسەروبەندی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستاندا ڕۆژانە چەندین چەمکی وەک نوێکردنەوە، ئاوادانکردنەوە، پەرەپێدان، گۆڕان، چاکسازیو هی تر دەخرێنەڕوو و گفتوگۆیان لەسەر دەکرێت. بۆ ئەوەی ئەو چەمکانە وەک دەستەواژەی نادیارو ئاڵۆز بەئاسـانی بیرکردنەوەی خەڵکەوە نەمێننەوەو هەڵبژێرەکان هوشیاربن دەربارەی واتاو ئامانجەکانیان، کارێکی پێویست و گرنگە ڕوونبکرێنەوەو تێڕوانین دەربارەیان دەرببڕێت.

نوێکردنـەوەی سیاسی- بەواتا زانستییەکەی- کۆششێکە مەبەسـتێتی لەلایەکەوە بونیادو دامەزراوە سیاسییەکان نوێبکاتەوە، لەلایەکی دیکەوە گەشە بە کولتووری سیاسیی باڵادەست بداتو سەرلەنوێ دایبڕێژێتەوە. واتە نوێکردنەوەی سیاسی بەگشتی ئەو پرۆسـەیەیە، کە دەیەوێت جیاکارەبـوونی دامەزراوە سیاسییەکان بهێنێتەدی و سروشتێکی ئەقڵانی ببەخشێتە کولتووری سیاسی، هەتا سیستەمی سیاسیی کۆمەڵگە کارامەتربێت. نوێکردنەوەی سیاسیش لە ڕێگەی چەند سیماو خەسڵەتێکی سەرەکییەوە دەناسرێتەوە، وەک: هۆشمەندکردنی بونیادی دەسەڵاتی سیاسی، جیاکارەبوونی پێکهاتەو فرمانە سیاسییەکان، بەهێزکردنی توانا دامەزراوەییو سیاسییەکانی سیستەمی سیاسی، سەروەریی ڕۆحی یەکسانی لە مافو ئەرکەکانداو چەسپاندنی لە سەرتاپای کۆمەڵگەداو جێگیرکردنی جیاکارەبوون.

### هۆشمەندکردنی بونیادی دەسەڵاتی سیاسی:

مەبەست دامەزراندنی دەسەڵاتی حوکمڕانیی چاکو جێگیرکردنی کۆڵەکەکانییەتی لەسەر بنچینەی ئەقڵانیەتی هۆشمەندانەی سەربەخۆ لە گشت پەیوەندیو گرێدانەوە تەقلیدییەکان، جا ئەوانە ئایینی بن یان ئیتنیکی یاخود تایەفەو عەشیرەتگەری. زیادبوونی توانای سیتەمی سیاسییە، هەتاکو بتوانێت شارەزاییە کارگێڕییەکانو پێویستییەکانی بەرپرسیارێتی سیاسیو پێداویستییەکانی هۆشمەندیو ئەقڵانیەت

بەشێوەی چنراوێکی پتەوی کارا گرێبداتەوە بە ویستی میللییەوە، بۆ ئەوەی ئاکارێکی سیاسیی ڕێکوپێکی گونجاو بەرجەستەبێت، کە تا دواسنوور دەروەست بێت بە پرنسیپەکانی دادوەری، یەکسانی، سەرڕاستیو بێلایەنییەوە، هەروەها هەتا بتوانێت لوتی دەسەبژێری سیاسیی تەقلیدی بشکێنێتو سنوور بۆ ڕەوایەتی باوی حوکمڕانەکان دابنێتو پرنسیپگەلێک بچەسپێنێ، کە حوکمڕانەکان بەرامبەر بە حوکمڕانیکراوەکان بەرپرسیاردەکەنو ڕێگەش بە حوکمڕانیکراوەکان دەدەن لە حوکمڕانەکان بپرسنەوە. هەموو ئەوانە مانای ئەوەن، حکومەت بەرهەمێکی مرۆڤانەیەو دەستکردی سروشت یان خواوەند نییەو کۆمەڵگە خاوەن سەرچاوەگەلی مرۆیی وەهایە، کە سنوور بۆ دەسەڵات دادەنێنو چاودێریکردنی یاسا مرۆڤکردەکانیش پێش گشت دەروەستییەکانی دیکە دەکەوێت.

## جیاکارەبوونی پێکهاتە و فرمانە سیاسییە گشتییەکان:

جیاکارەبوونی پێکهاتـــەو فرمانـــە ســیاســییە گشتییەکان، مانای بەهێزکردنی میکانیزمەکانی لێک جیاکردنەوەی بنــەماو دامــەزراوو دەســتە کارگێڕییەکانو جەختکردنەوەیە لەسەر سروشتی تایبەتکاریی کارو ڕۆڵی هەریەکێکیان. ئەمەش کۆمەڵێک گۆڕانکاریو دەستکاری بنەماییو فرمانی لەخۆدەگرێت، لەوانە: سەرلەنوێ پێکهێنانەوەی شێوازی پلەداریو بەدوای یەکهاتنی کۆمەڵایەتیو دانانی سنووری جیاکەرەوەی نێوان ڕۆڵە پیشــەییەکانو پەیوەندییە خێزانییەکانو مەسەلەکانی ژیانی خێزانی لەلایەک و نێوان دابینکاری و دیاریکارییەکانی یاساو بەها ئایینیەکان لەلایەکی دیکەوە. ئەمە وێڕای هێنانەئارای شــێوازی نوێی کاری جیاکارەو جۆری گەشەکردوی بونیادی سیاسیی تایبەتکاری سەربەخۆ، کە توانای خستنەگەڕی ئەو کارانەی هەبێت. بەکورتی جیاکارەبوونی پێکهاتەو فرمانە سیاسییە گشتییەکان، مانای جەختکردنەوەیە لەسەر لێک جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانی یاسادانانو جێبەجێکردنو دادوەریو چەســپاندنی ســیســتەمی ناناوەندێتی (لامەرکەزیی) دەسەڵاتە بۆ کاراکردنی سیستەمی سیاسیو بەهێزبوونی کاریگەریی لەسەر کەرتە جیاوازەکانی کۆمەڵگە.

## بەهێزکردنی توانا دامەزراوەیی و سیاسییەکانی سیستەمی سیاسی:

ئەمەش مانای زیادبوونی توانای ســـازانو داهێنانی ســیســتەمی سیاسییە، کە بەرهەمی مامەڵەکردنی مرۆڤ و کالێککردنی زیندوویەتی لەگەڵ ژینگەو

دەرهاویشتەکانیدا. ئەمەش لە چەند شتێکدا بەدەردەکەوێت، لەوانە: گەشەپێدانو نوێکردنەوەی هەیکەلی دامەزراوەییو بڕیارو دابینکارییە سیاسییەکان، فراوانکردنی سنووری دەسەڵاتی کۆمەڵگەی سیاسیی ناوچەیی، زۆرکردن و هەمەڕەنگکردنی کردەکانی حوکمڕانی لەلایەک و بەهێزکردنی چالاکیی سیستەمی سیاسیو کاراکردنی ڕاپەڕاندنی کارەکانی خۆی و جێبەجێکردنی بڕیارە سیاسیو کارگێڕییەکان لەلایەکی دیکەوە. ئەمە وێڕای پشتگیریکردنی دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مدنیو کاراکردنی کۆکردنەوەی هاوڵاتیانو دەربڕینی بەرژەوەندییەکانیان. هەروەها چەسپاندنی بنەمایەکی یاسایی هۆشمەند، کە تواناو وزەی ماتی هەیە بۆ گۆڕینی خواستە میللییەکان بۆ واقیعو کرداری جیدیو بەهێزکردنی توانای چارەسەرکردنی کێشەکانی ئێستاو ڕووبەڕووبوونەوەی شێوازە نوێکانی داخوازیی سیاسیو ناسیاسی.

## کارکردن بۆ یەکسانی و جێگیرکردنی بەکردەوەی:

کارکردن بۆ یەکسانی و جێگیرکردنی بەکردەوەی، ناوەڕۆکی نوێکردنەوەی سیاسی پێکدێنێت و بەگشتی بریتیە لە: بیرۆکەی هاوڵاتیو یەکسانی لە ئەرکو مافەکاندا، پێڕەویکردنی یاساو ڕێساکانی بۆ جڵەوکردنی پەیوەندیی نێوان حکومەتو هاوڵاتیان، زاڵکردنی پێوانەکانی لێهاتوویی و شارەزایی بۆ بەدەستهێنانی پێگەی هێزی سیاسی یان دابەشکردنی پلەکار (پۆست)و ڕۆڵە کارگێڕیو ڕابەریکارەکان، توانای چەسپاندنی کۆڵەکەکانی یەکگرتوویی نیشتیمانی و جەختکردنەوە لەسەر دیالەکتیکی سازان و گونجانی گرووپە کۆمەڵایەتیو کولتووریو ئێتنیکیو هێزە سیاسییەکان، بەجیاوازیی بەرژەوەندی و ناکۆکیی ئاڕاستە باوەڕخوازیو ئایدیۆلۆژییەکانیانەوە، شۆڕبوونەوەی بەردەوامی هێزی سیاسیی مات بۆ کەرتە جۆربەجۆرەکانو زۆرینەی هاوڵاتیان لەناو کۆمەڵگەی سیاسیی ناوخۆییدا، کە پێویستی بە بەشداریکردنی میللی زیاتر هەیە لە پرۆسەی سیاسیداو دامەزراندنی ئەو بەشدارییەش لەسەر بنچینەی دەرککردنی هۆشمەندانەی بە کەشی سیاسیی ناوخۆییو ناوچەییو جیهانی. بۆ ئەمەش گەرەکە بایەخێکی چڕوپڕ بدرێت بە گەشەپێدانی میکانیزمەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و دۆزینەوەی شێوازی نوێی پێکهاتەو هەیکەلی دامەزراوەیی بۆ ڕێکخستنی ئەو بەشدارییە. بەواتایەکی دیکە، فراوانکردنی سنووری کارپێکردنی دیموکراسی و هێنانەئارای ئەو دابینکارییە سیاسیو ڕێکخراوەییانەی ماف و ئازادییە گشتییەکان دەستەبەردەکەنو هۆشیاریی جەماوەر دەبزوێننو هانی توێژاڵگەلی فراوان دەدەن بۆ بەشداریکردن لە کاری

سیاسیی گشتیدا. بەوەش زۆربەی تاکەکانی کۆمەڵگــە لە بوونەوەری پاشکۆو خەمساردەوە دەگۆڕێن بۆ هاوڵاتیی چالاکو کارامە، کە دەتوانن کاریگەریان لەسەر بڕیاری سیاسی دابنێن و بەجیدی بەشداربن لە گۆڕینی بنەمای نوێنەرایەتیکردنی سیاسی و هەڵبژاردنی حوکمڕانەکان و داڕشتنی بڕیارە سیاسییە گشتییەکاندا. تێکڕای ئەوانەش دەریدەبڕێت، کە نوێکردنەوەی سیاسی بەواتا گشتییەکەی و لە ناوەڕۆکدا مانای بنیاتنانی دیموکراسی و جێگیرکردنی کۆڵەکەکانییەتی.

هەموو ئەوانەی خرانەڕوو دەریدەخەن، نوێکردنەوەی سیاسی پرۆسەیە نەک دۆخێک و پشت بە کارلێککردنی بەردەوام و گونجاوی میکانیزمەکانی جیاکارەبوونی بونیادی فرمانیو پێداویستییەکانی قوڵکردنەوەی یەکسانی و چەسپاندنی توانای کامڵبوونو سازانو داهێنانی سیستەمی سیاسی هەیە. بەو جۆرەش دەسەڵات هۆشمەنددەبێتو بنەماکان جیاکارەدەبن و بەشداریکردنی میللی دەبێتە خەسڵەتی بنچینەیی جیاکردنەوەی سیستەمە نوێکانی حوکمڕانی لە ڕژێمە تەقلیدی یان پاشکەوتوەکانداو پێوانەیەکی بابەتی بۆ پێوانی گەشەکردنو پێشکەوتنی سیستەمی سیاسی.

گۆڤاری هەفتانە ژمارە (٥١) ١٤-٢٠ حوزەیران ٢٠٠٩

## کۆڵەکەکانی دیموکراسی لە وتەو کرداردا

دیموکراسی بەرهەمێکی «تایبەتکار»ی خۆرئاوا نییە لە مێشکێکی نامۆدا نەبێت، کە بە بیانووی تایبەتمەندی، گۆشەگیری و داخران بەسەر خۆدا دەخاتەوە. لە ئەزموونی هەر میللەتێکدا چەندین توخمی دیموکراسی هەن و لە هەر ڕۆشنبیریەکیشدا توخمگەلی دیموکراسی هەن، کە لە بنکەی کۆمەڵگەدانو ئاقاری گەشەکردنی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ دیاریاندەکەن.

گرنگترین کۆڵەکەکانی دیموکراسی لە بیر و پراکتیکدا ئەمانەن:

### ١ - یەکسانی لە بەردەم یاسادا:

دیموکراسی مانای پشێوی و بەرەڵایی نییەو لەسەر بناغەی یەکسانیی لەبەردەم یاسادا دادەمەزرێت، سەروەریی یاسا بەسەر فەرمانڕەواو فەرمانڕەواییکراودا لەخۆدەگرێت، ئەو سەروەرییەی خەباتی دیموکراتیانەی مرۆڤەکان دژی ئەو یاسا کۆنو زۆردارانە پێویستدەکات، کە بەرژەوەندییەکانی چینێک یان توێژێک دەپارێزنو ڕێگرن لەبەردەم پەرەسەندندا. یەکسانی لەبەردەم یاسادا، دەروازەیەکی بنچینەییە بۆ هاوڵاتیبوونو یەکێکە لە ڕواڵەتەکانی پیادەکردنی سیاسی، بەوپێیەی کۆمەڵێک ئەرکو ماف دەکەونە ئەستۆی هاوڵاتیی ئازاد. یەکسانی بیرۆکەیەکی ڕووت نییەو لەناو کۆمەڵگەو تەنیا لە سایەی حوکمڕانیی هەق و یاسا و دادوەریدا بوونی هەیە، چونکە کۆمەڵگەی مەدەنیو حوکمڕانیی هەقو یاسا کۆڵەکەو زامنکەری یەکسانینو دواتریش کۆڵەکەو زامنکەری دیموکراسین. لێرەدا مەترسیترین شت، کە ڕووبەڕووی یەکسانی دەبێتەوە، گۆڕینێتی بۆ یەکسانییەکی سادە کە مەبەستێتی جیاوازی و جیاکارەییەکان لەناوبەرێت، یان کردنییەتی بە بیرۆکەیەکی ڕووت و دوائەنجام ئایدۆلۆژیایەک، کە واقیعی نایەکسانی دادەپۆشێت، یاخود خۆگێلکرد بەرامبەر بە پەیوەندیی نێوان یەکسانیی ڕێژەیی و یەکسانیی ڕەهاو گۆڕینی ڕێژەیی بۆ ڕەها. ئەو مەسەلەیەی مانای پاراستن و داکۆکیکردنە لە بارودۆخی بابەتیو زۆرداری.

## ٢ - نوێنەرایەتیکردن:

لەبەرئەوەی تاکەکان لەبەردەم یاسادا یەکسانن و هەر یەکێکیان مافی بەشداریکردنی چالاکانەی هەیە لە هەڵبژاردنی شێوازی ژیانی خۆی و سیستەمی حوکمڕانیدا، بۆیە مافی هەر یەکێکە بەپێی ویست و بەرژەوەندیی خۆی فەرمانڕەوایی بکات. جا لەبەرئەوەی ئەمە کارێکی سەختە، چونکە جەنگی هەر کەسێک دژی ئەوی دیکە بەرپادەکات و بوونی کۆمەڵایەتی وێراندەکات، بۆیە نوێنەرایەتیکردن داهێنەرانەترین چارەسەرە، کە ئەقڵی مرۆڤایەتی خوازیاری تەباییو یەکگرتن دۆزیویەتییەوە. لێرەشدا نوێنەرایەتیکردن پێویستی بە هەڵبژاردنی ئازادانەی ڕاستەوخۆ، نهێنیو یەکسان هەیە.

## ٣ - جیاکارەبوون:

بۆ ئەوەی یەکسانی نەگۆڕێت بۆ «سازشکردنێک»، کە بە هۆیەوە ژیان ڕواڵەتکارو بێ جیاوازی و ناکۆکی دەبێت، پێویستە واتای جیاکارەبوون ببەخشێت. مەبەست جیاوازی، جیاکارەیی، ناکۆکی، فرەیی و مافی ئۆپۆزسیۆنبوونە. ئەو جیاکارەبوونەی لە جیاوازی، فرەیی و ناکۆکیی پێداویستی، حەز، خواستو بەرژەوەندییەکانی تاک و گروپەکانی کۆمەڵگەوە سەرچاوەدەگرێت، چونکە هیچ یەکگرتنێک بێ جیاوازی، فرەییو ناکۆکی بوونی نییە. داننان بە حەقیقەتی جیاکارەبووندا، بەرەو قبوڵکردنی پلورالیزم دەچێت، واتە فرەیی هێزو ئاقارو حیزبە سیاسییەکان، چین و توێژە کۆمەڵایەتییەکان، ئاقارە فیکری و ئایدیۆلۆژییەکان. داننان بە پلورالیزمدا یەکێکە لە کۆڵەکەکانی دیموکراسی و بەبێ پرۆسەیەکی هوشیاربوونەوە دەستەبەرنابێت، مەبەست هوشیاریی ڕێژەییبوونی حەقیقەتو شیانی هەڵکردنی خودو هوشیارییە بەرامبەر بە خود لە ڕێگەی ئەوی دیکەوە.

کەواتە یەکسـانی، نوێنەرایەتیکـردن، جیاکارەبوون کۆڵەکەکانی دیموکراسینو هەلومەرجی هێنانەدی پێکدێنن، ئەگـەر یەکێکیان لەناوچـوو و ئامادەنەبوو، دیموکراسی کەموکوڕدەبێت و دەشێت بگۆڕێت بۆ دژەکەی.

## چوارچێوە گرنگەکانی هاتنەدیی کۆڵەکەکانی دیموکراسی:

١ - کۆمەڵگەیەکی یەکگرتـوو کـە تیایـدا هەمـوو بنەماو پێکهاتەکانی پێش نەتەوەبوون لەناوبراین. ئەم کۆمەڵگە یەکگرتوە خاوەنی یەکگرتنێکی ناکۆکدارە، واتە ئاسـۆیی دابەشکراو بەسـەر چین و توێژی کۆمەڵایەتی جیاوازدا. هەروەها

ئاقارگەلی فیکری و سیاسی تیخیدەکەن و گروپی بەرژەوەندی، فشار، هێزو حیزبەکان تیایدا لە ململانێدان و تا ئەم یان ئەو ڕادەیە دەربڕی بەرژەوەندیی چینو توێژی کۆمەڵایەتی دیاریکراون. دەبێت بوترێت، دیموکراسی لە کۆمەڵگەیەکدا نایەتەدی زۆربە هۆشیارنەبن بەرامبەر بە پێویستبوونی دیموکراسی و دەرک بەوە نەکەن یەکگرتن، گەشەکردن و پێشکەوتن گرێدراوی هاتنەدیی دیموکراسینو ئەو هۆشیارییە نەبووبێتە دیاردەیەکی سیاسی، ئەو دیاردەیەی هێزەگەلی چالاک بەرجەستەیدەکەن، کە پرۆسەی گۆڕانکاری (ڕووخاندن و بنیاتنانەوە) بەرپادەکەن.

یەکگرتن لەسەر ئاستی نیشتمان، مانای ڕەتکردنەوەی پلورالیزم و جیاوازییەکان نییە، بەڵکو خستنەوەی پلورالیزم و جیاوازییەکی نوێیە. ئەم هێماکردنە بۆ جیاوازیو پێگەی تایبەتیو ڕەتکردنەوەی نەبزۆکی یان نەمری، شێوەو دۆخو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و دۆخی بەرهەمهێنانن لە ڕەوتی گەشەکردنی مێژووییدا. هەموو ئەوانە دەبنە هۆی ڕەتکردنەوەی هەڵوێستی نەبزۆک و موحافەزەکارانە، کە دەیەوێ بیسەلمێنێ بارودۆخ و هەلومەرج و پەیوەندییە باوەکان یاساو سروشتی نەمرو ڕەگ داکوتاویان هەیە.

٢ – حوکمڕانیی چاک: هەمیشە تاقمگەری و ناوچەگەری دەربڕی بەرژەوەندی کەمایەتین و کۆسپن لەبەردەم دیموکراسیدا. دیموکراسی لەم گۆشەنیگایەوە، مانای هەلومەرجێکی کۆمەڵگەیی و سیاسی، دۆخێکی پێشکەوتن و گەشەکردن، کۆمەڵێک هەلومەرجی بابەتی و خۆیی، کە وادەکەن زۆرداری و پاوانکردنی دەسەڵات لەلایەن کەمایەتییەکەوە مەحاڵ بێت. ئەمەش لە سایەی حوکمڕانییەکدا بەدەستدێت، کە ڕەوایەتیی میللەتی بەدەستهێنابێت و نوێنەری بەرژەوەندیی زۆرینەی میللەت بێت. لێرەدا بەرژەوەندیی نیشتیمانی چەمکێکی ڕووت یان میتافیزیکی نییە، کە بەرژەوەندیی چین و توێژ و تاکەکان ڕەتبکاتەوە، بەپێچەوانەوە چەمکێکی ئاوێتەیەو ڕەتکەری بەرژەوەندییە تاکەکەسی، توێژگەریو چینایەتیەکانەو لەخۆگرتنی ئەوانەیە پاش بەرزکردنەوەیان بۆ ئاستێکی باڵاتر.

٣- کارو بەرهەمهێنان: ئەگەر تێڕوانین و هەڵوێستە ڕووت و ئەخلاقییەکانمان وەلاوەنا، ئەوا دەبێت دان بەوەدا بنێین، کە دیموکراسی بەری کۆمەڵگەی کارو بەرهەمهێنانە. پەیوەندیی ناکۆکداری نێوان تاک و کۆمەڵ، سەربەخۆیی و یەکگرتن، ئەو بزووتنەوە دیالەکتیکییەیە کە لە تاکی ڕووت و کۆمەڵی ڕووتەوە دەمانبات بۆ تاکی بەرجەستەو کۆمەڵگەی بەرجەستەی واقیعی، تاک — مرۆڤ لە ناخی خۆیدا

ئەو هێزە کۆمەڵایەتییە دەگرێتەخۆ، کە ئاستی گەشەکردنێک نیشاندەدات ژینگەیەکی کۆمەڵایەتی پێیگەشتوە. بێگومان ناتوانین دیموکراسی و ئاستی دیاریکراوی گەشەکردنی کارو پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان لێک جیابکەینەوە. کۆمەڵگەی هەژاری، ئابووریی سواڵکردن، بەهای بەرخۆری، بێتوانایی لەئاست جڵەوکردنی سروشتو بەرهەمو هێزەکانی کۆمەڵگەدا.. کۆسپە لەبەردەم دیموکراسیداو هەموو ئەوانە جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، کە زۆرداری دۆخی زاڵ و سزای مێژووە لەو جۆرە کۆمەڵگەیانەدا. بۆیە پرۆسەی سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوەی هوشیاریی مرۆڤ و ڕاستکردنەوەی هەڵوێستی بەرامبەر بە سروشت، کۆمەڵگەو مرۆڤ لە ئەرکە بنچینەییەکانی هەر پەرەپێدانێکە.

٤- *خەباتی سیاسی هەڵگری دیموکراسیی سیاسییە*: ئەو خەباتەی هێز، ئاقارو حیزبەکان پێی هەڵدەستنو دەربڕی بەرژەوەندییەکانیانە، یەکێکە لەو میکانیزمانەی دیموکراسی بەرهەمدێنێت و دیموکراسیش لە سێبەریدا پەرەدەسێنێت، کاتێک سیاسەت بەواتا یۆنانییەکەی بەکاردێت، ئەوا کۆمەڵێک بەرپرسیارێتی و ماف دەکەونە ئەستۆی ئەندامە ئازاد و بەرپرسەکان، ئەوانەی گروپگەلێک پێکدێنن، کە لە شاردا گرتبوونەتەوە.

٥- *هۆشیاریی نوێ و ڕۆڵی بڕیاردەری هۆکاری خۆیی*: هاوشانی خەباتی سیاسی بۆ ڕاستکردنەوەو ئاراستەکردن، گرنگی ڕیزپەڕانەی هۆشیاریی نوێ دێتەئاراوە. ئەو هۆشیارییەی تەبایە لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵگە و پێداویستیەکانی بەعەلمانیکردن، دیموکراتیزەکردن و نوێکردنەوەی کۆمەڵگەدا. ئەم هۆشیارییە نوێیە هۆکاری بڕیاردەرە بۆ چەسپاندنو نیشتەجێکردنی دیموکراسی. هەتاکو ئێستا ئایدیۆلۆژیای تەقلیدی، دواکەوتوویی هۆشیاری، بەسەرخۆدا داخران، سەلەفییەت و ڕابردووخوازی گەورەترین کۆسپن لەبەردەم دیموکراسیدا. هۆکاری خۆیی لە ڕێڕەوی پڕۆسەی گۆڕینی واقیعدا، ڕۆڵی بڕیاردەر دەبینێتو مەبەست لەو هۆکارانەش ئەمانەیە: هۆشیاری، ویست، ڕێکخستن کە لە حیزب، هێز، ئاقارە سیاسییەکاندا بەرجەستەدەبێت، ئەویش شتێکی بێ خەوشی و بێگەرد نییەو بەواقیعی بابەتی دیاریدەکرێ، سەرهەڵدەدات و گەشەدەکات.

لەوەی پێشەوە ڕەچاو ئەوە دەکرێ، دیموکراسی بە ڕیشە عەلمانییەکەیو ناوەڕۆکە مرۆڤانەکەی و سروشتە مێژووییەکەی، پەیوەندییەکی توندوتۆڵی لەگەڵ پڕۆژەی بنیاتنانەوەی کۆمەڵگەدا هەیەو هاوشانی ئەو بنیاتنانەوەیەیە، کە مەبەستێتی سەروەریی میللەت، واتە سەرهەڵدانی دەسەڵات لەلایەن میللەتەوە-

بە هەڵبژاردنی ئازادانەی ڕاستەوخۆی، نهێنی و یەکسان- بچەسپێنێت. هەروەها ئازادییە سیاسییەکان جێگیربکات، مەبەست ئازادی ڕادەربڕین، فیکر، ئینتیماو بڕواو سەربەستیی ڕۆژنامەگەریو بڵاوکردنەوەو ئازادیی پێکهێنانی حیزبی سیاسیو کۆمەڵەو یانە کۆمەڵایەتیو ڕۆشنبیرییەکانو پاراستنی مافەکانی مرۆڤـەو مانای سەروەریی یاساو یەکسانیی تـەواوی دانیشـتوانە، بێ گوێدانە ڕەنگ، ڕەگەز، ئایین، مەزهەب و ئینتیمای فیکری یان ڕۆشنبیری، یاخود سیاسیو توخمی کەسەکە. ئەوەش مانای بوونی دەسەڵاتی زۆرایەتی و ئازادیی کەمایەتی و مافی ئۆپۆزسیۆنبوونە، مانای دەستاودەستکردنی ئاشتیخوازانەی دەسەڵاتو بەشارستانیکردنی سیاسەت و کۆمەڵگەو جڵەوکردنی دیاردەی توندڕەویو ڕێگەگرتنە لە گواستنەوەی ململانێ و ناکۆکییە کۆمەڵایەتیەکان بۆ دەرەوەی چوارچێوەی سیاسی و کەناڵە دیموکراتییەکان، چونکە ئەوە دەبێتە هۆی خۆوێرانکردن، کە هەڕەشە لە کۆمەڵگە، فەرمانڕەوایی، شارستانییەتو ڕۆشنبیری دەکات.

گۆڤاری هەفتانە ژمارە (٥٢) ٢١-٢٧ حوزەیران ٢٠٠٩

## دیالۆگو هەڵکردن:
## مەرجێکی پێکەوەژیان و ڕەتکردنەوەی توندوتیژی

وا هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان دەستیپێکردو هەر پێکهاتەو کایەیەکی سیاسی کەوتۆتە کارکردن بۆ خستنەڕووی بەرنامەکەی خۆی و لە هەوڵی ئەوەدایە سەرنجی هەڵبژێرەکان بەلای خۆیدا ڕابکێشێت و ژمارەیەکی زۆری دەنگەکان بۆ خۆی مسۆگەربکات. لەم بارودۆخەدا قسەکردن لەسەر دیالۆگو هەڵکردن (تۆلەرەنس)، وەک دوو ئامڕازی جێگیرکردنی دیموکراسیو ڕەتکەرەوەی توندوتیژی ڕەمزی و کردەیی پێویستە.

### دیالۆگ کەناڵی مامەڵەکردنە لەگەڵ جیاوازییەکاندا:

پێویستە کایە سیاسییەکان بزانن، بوونی جیاوازی لەسەر ئاستە جۆربەجۆرەکانی کۆمەڵگە ئاساییە و مایەی نیگەرانی نییە، چونکە ناکرێت وێنای ئەوە بکرێت گشت پێکهاتەکانی کۆمەڵگە، بەگشت تێڕوانینە سیاسی و ڕۆشنبیرییەکانو دەروەستییەکانیانەوە، لەسەر تاقە بەرنامەیەک ڕێکبکەون، یان یەک تێڕوانین بگرنەبەر. ئەو کۆمەڵگەیەی ڕێکەوتنێکی وای تێدایە، یان تاقە تێڕوانینێک زاڵە بەسەریدا، کۆمەڵگەیەکی مەنگ و نەبزۆکە و زەمینەی سەرهەڵدانی ستەمکاریو سەرتاپاگیریی تێدایە. واتە کۆمەڵگەی دروست ئەوەیە، کە جیاوازییەکان لەئامێزدەگرێت و مامەڵەیەکی ڕاست و دروستی لەگەڵ دەکات. لێرەدا دیالۆگ، کەناڵی سروشتیی مامەڵەکردنە لەگەڵ جیاوازییەکاندا، ئەڵتەرناتیڤی بەکردەوەی توندوتیژیی سیاسییە، کە لە ڕێگەی گوتاری سیاسی و ئامڕازە جۆربەجۆرەکانی دەربڕینەوە کارییێدەکرێت. ئەو توندوتیژییەی هەندێک نووسەر و ڕۆژنامەنووس -ئاگایانە یان نائاگایانە - بەبیانووی کارپێکردنی مافی ئازادیی دەربڕین پراکتیزەیدەکەن.

من هاوڕام لەسەر ئەوەی پێویستە واقعیانە، بابەتیانەو ڕاستگۆیانە گفتوگۆ

لەسەر مەسەلەکانی ناو کۆمەڵگە و ئەو شتانە بکرێت، کـە ڕوودەدەن‌و کار بۆ گۆڕانیان بکـرێت، جیاوازییەکەم لێرەدا ئەوەیە، بانگەشە بۆ بەدەستەوەگرتنی حەقیقەتی ڕەها بکرێت. واتە خۆ بەڕاستی ڕەها دابنرێت و ئەوانی دیکە بە خراپی ڕەها نیشانبدرێت، خۆ بە فریادڕەس و بەهەشت دروستکەر دابنرێت و بەرامبەر بە کاولکارو دۆزەخە بنیاتنەر وێنابکرێت، ئەوانیتری جیاوازو نەیار دادەماڵرێت لە مافی بیروڕادەربڕین و ڕاستییەکان پەردەپۆشبکرێن، حەقیقەتەکان بەلاڕێداببرێن‌و ساختەکاری بکرێت. ئەمەش هەموو لایەک ناچاردەکات بۆ پرسیارکردنەوە دەربارەی پیواری دیالۆگ لەناو کۆمەڵگەکەمان و نێوان سیاسەتمەدارو ڕۆشنبیرەکانماندا، یان دەربارەی نەچەسپینی شێوازی دیالۆگی دیموکراتیانە، کە بیرو دیدی جیاواز قبوڵدەکات و وەک شەریک و تەواوکەر تێیاندەڕوانێت.

ئەنجامی ئەوە پێویستە بەدوای ئەو ڕێسایانەی پیادەکردنی دیالۆگدا بگەڕێین، کە دەروازەی گونجاون بۆ کارپێکردنی لە کەشـی ڕێزلێکگرتنی دوولایەنەی نێوان پێکهاتەکانی کۆمەڵگەدا.

*یەکەمین ڕێسا*، پێویستیی داننانــە بە مافی جیاوازبوون و هەڵەکردندا. ئەمەش مانای بوونــی مافی بیرکردنەوەو ڕەفتارکردنی جیاوازەو بەهیچ شێوەیەک مانای بوونی مافی بەدەستەوەگرتنی حەقیقەتی ڕەها نییە، بەڵکو مانای ئەوەیە مرۆڤ ئازادبێت بانگەشە بۆ هەرچییــەک بکات، بەمەرجێک ئەو بانگەشــەکردنە نەبێتە هۆی سەپاندنی بیروڕا بەسەر کەسێکی تردا. مانای ئازادیی دەربڕینە، بەڵام بەبێ دەستدرێژکردن و بریندارکردن و ناوزڕاندن. هەروەها مانای ئەوەیە هەریەکێک لە ئێمە هەڵەدەکات و خەوشی نییە هەوڵبدرێت بۆ ڕاستکردنەوەی.

*دووەمین ڕێسا*، تێگەیشتنە لە بیروڕای بەرامبەر لە چوارچێوە مەرجەعیەتی تایبەتی و ڕەوتی مێژوویی خۆیدا، بەوپێیەی ئەو گوتارە سیاسییەی لە ڕێگەی بەرنامە سیاسییە حیزبیەکان و نووسینەکان و ئاخاوتنە ڕۆژنامەنووسییەکانەوە دەردەبڕێن، جیاکارەیەو ناکرێت بشوبهێنرێت بە بەرنامەی تر یان لەقاڵبی دیدێکی دیاریکراو بدرێت. واقیعیش دەریخستوە کۆمەڵگەکەمان ئیمڕۆ فرە دیدو بۆچوون‌و ئاقاری سیاسییە و ئەستەمە قسە لەسەر یەک مەرجەعیبوونی سیاسی‌و ڕۆشنبیری بکرێت.

*سێیەمین ڕێسا* بریتییە لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەوی دیکەی نەیار، لە ڕوانگەی تێگەیشتن و دەروەستبوون بە بابەتیبوونەوە. لێرەدا با ڕاشکاوبین و لەخۆمان بپرسین: چەند لە ئێمــە بڕوای بەم ڕاســتییە هەیە؟ ئایا لە کاتی بیروڕادەربڕین‌و ئاخاوتندا ئەم ڕێسایەی دیالۆگ پێڕەویدەکەرێت؟

*چوارەمین ڕێسا*، باوەڕبوونە بە ڕێژەییبوونی حەقیقەت و شیانی پێشکەوتن، چونکە زۆر شت هەبوون وەک بەڵگەنەویست و سەلمێنەی گومان هەڵنەگر وابوون، کەچی ئیمڕۆ شایانی گفتوگۆ لەسەرکردن و بەدرۆخستنەوەن. بۆ نموونە، لەبواری سیاسیدا چەندین بابەت لەئارادابوون، کە لایەنەکان قبوڵیانکردبوون و کۆکبوون لەسەریان، کەچی ئیمڕۆ وا نەماوە.

## هەڵکردن بەردی بناغەی دیالۆگە:

هەڵکردن ڕێزگرتنی ئازادیی ئەوی دیکەو شێوازی بیرکردنەوەو ڕەفتارکردنو بیروڕاکانییەتی. هەروەها مانای قبوڵکردنی بیروڕای ئەوانی دیکەو ڕەفتاریانە لەسەر بنچینەی پرنسیپی جیاوازی و ناکۆکە لەگەڵ چەمکی دەسەڵاتخوازیو سەرکوتکردن و توندوتیژیداو یەکێکە لە خەسڵەتەکانی کۆمەڵگەی دیموکراتی. واتە هەڵکردن دەربڕی ڕێزگرتنی هەستوسۆزو بڕواکانی ئەوانی دیکەو مامەڵەکردنە لەگەڵیان وەک مرۆڤ، بەبێ گوێدانە ڕەنگ و ئینتیماو تێڕوانین و پێشینەی کۆمەڵایەتیان و پێچەوانەی دەمارگیرییە، کە مانای ڕەتکردنەوەی بڕواهێنانە بە بوونی ئەوانی دیکەی هاوبڕوانین و خواستی زاڵبوونی تەواوە بەمەبەستی پاراستنی بیروڕاو پێگەی کۆمەڵایەتی و سیاسی، یان سەرخستنی ئاقارێکی سیاسی. سەرەنجام لێبوردەنەبوون، مانای ڕەتکردنەوەی جیاوازی و گەڕانە بەدوای لێکچووندا، قبوڵنەکردنی هەرشێوازێکی سەربەخۆبوون و فرەڕەنگییەو ڕەتکەرەوەی ئاڵوگۆڕکردنی بیروڕاو پێکەوەژیانە.

لێبوردەیی بەبێ دیالۆگ و پێکگەیشتن و بەشداریکردنی ڕاستەقینە نایەتەدی، چونکە بوونی دیالۆگی بنیاتنەر و خوڵقاندنی پانتایی بۆ ڕەخنەگرتن و بیرکردنەوەی سەربەخۆیانە دەبێتــە هۆی سەقامگیربوونی کۆمەڵگەو پێکەوەژیان و چەسپاندنی ئاشتی. لێرەشدا لێبوردەیی مانــای بڕواهێنان نییە بە تێڕوانین و بۆچوونەکانی ئەوانیتر، بەڵکو داننانە بە مافی بوونــی جیاواز و قبوڵکردنی جیاکارەبووندا، بەمەرجێک ئەوانە لەسەر حسابی ماف و بوونی ئەوی دیکە نەبێت.

پێویستە توندوتیژی بەهەموو جۆرو شێوازەکانییەوە لەناو کۆمەڵگە و نێوان کایە سیاسییەکاندا ڕەتبکرێتەوەو گەرەکە ئەم پرنســیپە لە ڕیــزی پێشەوەی بایەخدانەکانی ئەو کایانە بێت، جا دەسەڵاتیان بەدەستەوەبێت، یان لەبەرەی ئۆپۆزسیۆندا بن. بۆ هێنانەدیی ئەو ئامانجەش، گرنگە گشت گفتوگۆکانی نێوان هێزە سیاسییەکان و لایەنگرانیان بەشێوەی دیالۆگی ئاشتیخوازانە بچنەڕێوەو ڕێگە بەوە بدرێت بیروڕاو بۆچوونەکان بەشێوەی مەدەنیانە گوزارشت لەخۆیان بکەن.

ئاشکرایە ئیمڕۆ جێگیرکردنی دیالۆگ و هەڵکردن پێداویستییەکی بنچینەییە بۆ تێپەڕاندنی قۆناغەکە بەبێ گرفت و توندوتیژی و پێویستە نەوەکانمانی پێ گۆش و پەروەردەبکرێن، چونکە دیالۆگ و هەڵکردن ڕێگەی ڕاستی چارەسەرکردنی مەسەلە هەڵواسراوەکان و ئەڵتەرناتیڤی ڕاستی بیروڕاسەپاندنەو لە ڕێگەی ئەوانەوە پەیوەندیو خۆشەویستیو ئاشتی دەپارێزرێنو بەهاکانی دیموکراسیو هاریکاریکردن دەچەسپێنرێن. لێرەشدا چەسپاندنی دیالۆگ و هەڵکردن بە بانگەشەکردن مەیسەرنابێت، بەبێ گرتنەبەری هەنگاوگەلی پراکتیکی بۆ خستنەگەڕی خاڵەکانی ڕێکەوتن، کە دەبێتە هۆی بنیاتنانی متمانە لەنێوانیان کایە جیاوازەکاندا.

کۆمەڵگەی هاوسەنگ ئەوە کۆمەڵگەیەیە، کە خاوەنی هێزی تایبەت بەخۆیەتیو کەشێک دەخولقێنێت تیایدا کولتووره جۆربەجۆرەکان بەشداری لە دیالۆگی بەرهەمداردا دەکەن، ئەو دیالۆگەی سوودی بۆ هەموان هەیە و یاریدەدەرە بۆ هێنانەئارای هەستی پێکەوە ژیان و پێکەوە هەڵکردن.

گۆڤاری هەفتانە ژمارە (٥٣) ٢٨ حوزەیران-٤ تەمموز ٢٠٠٩

# هەڵبژاردن پرۆسەیەکی دیموکراتی
# بۆ دەستنیشانکردنی نوێنەری شایستە

ئیمڕۆ کە ڕۆژگاری هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان بەسەردەبەین، چالاکیگەلی سیاسی و کۆمەڵایەتیی فراوان دەستیانپێکردوە، بزووتنەوەیەکی فراوانی پەیوەندی پێوەکردن و کۆبوونەوەی فراوانو نمایشکردن سەرتاپای کۆمەڵگەی گرتۆتەوەو هەڵبژاردن بۆتە تەوەرەی قسەکردنو گفتوگۆو ئاخاوتنی ناو خێزانەکان، سەر شەقامەکان، نێو دامودەزگا حکومی و دامەزراوە ناحکومییەکانو دیدارو پێکگەیشتنی تاکەکان لە میدیاکاندا، ئەمەش لەبەر گرنگیی هەڵبژاردنەکانو دانانی بە سەنگی مەحەکی ڕاستەقینەی ڕادەی سەربەخۆبوونی ویستو دەربڕینی ئازادانەی هەڵبژێرەکان، بەتایبەتی لەکاتێکدا کە دیموکراسی لای ئێمە بۆتە پێداویستییەکی بنچینەیی بۆ پەرەپێدانو مسۆگەرکردنی داهاتوویەکی خۆشگوزەران بۆ گشت تاکەکانو هاوڕێکردنی کۆمەڵگەکەمان لەگەڵ گۆڕانکاریو گەشەکردنەکانی جیهانی سەردەمدا.

لەم ڕۆژگارەدا هەست بە گرنگیی تاک (وەک هەڵبژێر) دەکرێت و دەنگی بەهایەکی گەورەی هەیە، بۆیە دەبینین هەموولایەک دڵی ڕادەگرن و پێشبڕکێیانە بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندیی، بۆ ئەمەش سودوەردەگرن لە گشت میکانیزمەکانو پەنادەبەن بۆ ئامرازگەلی جۆربەجۆر. سەرەنجام ئەو تاکە توشی دڵەڕاوکێو دۆشدامان بووەو هەڵبژاردنی لەلا سەخت و ئاڵۆزبووە، چونکە پێش ئەم ڕۆژگارە ئەو تاکە هەرگیز بەو جۆرە جێی بایەخپێدان و ئاوڕلێدانەوەی جیدی نەبووەو ئەوەندە لیستی جۆراوجۆری دژ بەیەکیشی لەبەردەمدا نەبووە. بۆیە چەند پرسیارێکی لا دروستبووە، کە دەبێت وەڵامیان بۆ بدۆزێتەوە:

-لە هەلومەرجی ئیمڕۆدا دەنگ بە کێ بدەم؟

-لەبەر ڕۆشنایی ئەزموونەکانی ڕابردوو و چوارچێوەی هەڵبژاردندا کێ هەڵبژێرم؟

-ئەو لیستە هەڵبژێرم، کە لە خولی پەرلەمانیی پێشوودا باڵادەستبووە، یان ئەوەی ڕابردوو دەسفرێنیّو مژدەی ئایندەیەکی بەهەشتئاسا دەدات بە گوێماندا؟
-دەنگ بەو لیستە بدەم کە ڕۆحی هەڵکردن، لێبوردەیی، خۆشەویستیو هەستی نیشتیمانیم تیا بەهێزدەکات، یان ئەوەی ڕۆحی ڕەهاخوازیو شەڕانگێزیو ناوچەگەریم تیا دەچێنێ؟

وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە، گرێدراوی هۆشمەندیی هەڵبژێر و ڕادەی ئازادبوونو سەرڕاستیی هەڵبژاردنەکانەو بەرپرسیارێتییەکی هاوبەشیشە.

## هەڵبژاردنی دیموکراتیانە و بەرپرسیارێتیی هاوبەش:

هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان پرۆسەیەکە لەو ماوەیەدا ئەنجامدەدرێت، کە بەپێی یاسا بۆ خستنەڕووی بەرنامەی لیستەکان دیاریکراوە، واتە بۆ دەستنیشانکردنی وردی کێشەو گیروگرفت و ئاستەنگەکانی خولی پێشوو و پێشکەشکردنی چارەسەری واقعیانەو وێناکردنی تایبەتی بۆ خولی داهاتوو. لێرەدا سەرکەوتنی هەڵمەتەکە پێویستی بە بوونی دەزگایەکی سەربەخۆی سەرپەرشتیکردن، لیستە جۆربەجۆرەکان و هەڵبژێری هوشیار هەیە، بۆ بەڕێوەبردنی بەشێوەیەکی ئازادانەو سەرڕاست. واتە سەرخستنی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان بەشێوەیەکی دروست، بەرپرسیارێتیەکی هاوبەشەو پەلدەهاوێژێت بۆ هەریەکێک لە کاندیدکراوو هەڵبژێرو لایەنی سەرپەرشتیکاری هەڵبژاردنەکان.

سەبارەت بە ڕۆڵی کاندیدکراو، پێویستە مەبەستی کاندیدکردن بەپلەی یەکەم، خواستی ڕاستەقینە بێت بۆ خزمەتکردنی کۆمەڵگە و نوێنەرایەتیکردنی ڕاستگۆیانەی دانیشتوان. لێرەدا، پێش دیاریکردنی ئەرک و مافەکانی کاندیدکراو، پێویستە بەرپرسیارێتی ئەو چوارچێوەیە دیاریبکرێت، کە کاندیدکردنەکەی تیادا ئەنجامدەدرێت، مەبەست لیستی کاندیدکارە. چونکە ئەم لیستە بەرپرسیارێتی هەڵبژاردنەکەی دەکەوێتە ئەستۆ و پێویستە ڕەچاوی ئەوە بکات، کە هەڵبژاردن ئامرازێکی سیاسییە و دەبێت بخرێتەگەڕ بۆ چەسپاندنی دیموکراسی، نەک بەکاربردنی وەک میکانیزمێک بۆ هێنانەئارای دیموکراسیی ڕواڵەتکارانە، کە هۆی لاوازبوونی بەشداریکردنی سیاسی بووە لە ڕابردوودا. گرنگە هەڵبژاردنی کاندیدکراو لەلایەن هەر لیستێکەوە، پشتبەستووبێت بە تواناو لێهاتوویی و بەپێی پێوانەگەلێک بێت، کە بەشێوەیەکی زانستیانە دانراون. گەرەکە لیستەکە کاریش بۆ جێگیرکردنی کولتووری هاوڵاتیبوون و کۆنترۆڵکردنی میکانیزمەکانی پێکگەیشتن بکات، کە دیالۆگی شارستانیانەی بنیاتنەرانە گرنگترینیانەو ڕاستگۆیانەو سەرڕاستانە

بەرپرسیارێتیەکانی خۆی جێبەجێبکات و خەمی کۆمەڵایەتی زاڵبکات بەسەر بەرژەوەندیی تایبەتیدا.

بەگشتی، ڕۆڵگێڕانی کاندیدکراو لە خولقاندنی کەشێکی دیموکراتیانەدا، بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی سەرڕاست، پێویستی بەوەیە کاندیدکراو بەباشی بزانێت ماف و ئەرکەکانی چین، کە گرنگترینیان دەروەستبوونییەتی بە یاساکانی هەڵبژاردن و کاراکردنیانە، لە ڕێگەی خستنەڕووی بەرنامەی لیستەکەیو دەستکەوتەکانیو خۆناساندنەوە. لە بەرامبەر ئەمەش، پێویستە بزانێت، ئەو بەرپرسیارە بەرامبەر بە ڕاییکردنی ئەرکێکی نیشتیمانیو داوای لێ کراوە بەشداربێت لە ڕەخساندنی ژینگەی کارپێکردنی دیموکراسیو پاراستنی هەڵکردنی کۆمەڵایەتیی دوور لە ڕواڵەتەکانی توندوتویژی، گوشار، ڕووتاندنەوە، بەرتیلدانو ڕەفتارە نابەرپرسیارەکانی دیکە.

دەربارەی ڕۆڵی هەڵبژێر، هوشمەندیی سیاسی و کۆمەڵایەتیی تاکەکانی کۆمەڵگە لە ڕێگەی پەروەردەکردنی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ڕۆشنبیرییەوە پێدەگات، خێزانو پەروەردەو کۆمەڵگەو ڕادەی بەدەستهێنانی ڕێساو پرنسیپەکانی کولتووری هاوڵاتیبوونو ڕاهێنانی سیاسی و بەکۆمەڵیش بەشداریدەکەن لە خەملاندنی هۆشمەندییەکی بەپرسیارانەدا، کە وایان لێ دەکەن دەرک بەوە بکەن، هەڵبژاردن چرکەساتێکی سیاسی نییە، بەڵکو ڕێگە هەڵبژاردنێکی ستراتیژییە داهاتووی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسیش دیاریدەکات.

پێویستە هەڵبژێر ئیمڕۆ بزانێت، کە هەڵبژاردنەکان قوتابخانەگەلی ڕاستەقینەن بۆ فێربوونی دیموکراسی و ئەو بەشداریدەکات لە هەڵمەتی هەڵبژاردنێکی سەرڕاستو شەفافدا. ئەمەش دەیسەپێنێت بەسەریدا، کە پابەندی یاساکانی هەڵبژاردن بێت، بۆ خۆبەدوورگرتن لە هەر پرۆسەیەکی ساختەکاری و گەندەڵکردن، وەک فرۆشتنی دەنگ و دەنگدانی دووبارە. هەروەها پێویستە هۆشمەندبێت بەرامبەر بە مافەکانی لە پێش و پاش و کاتی هەڵبژاردنەکاندا. بۆ نموونە، مافی خۆیەتی کاتی هەڵمەتی هەڵبژاردن- پێش دەنگدان دەربارەی بەرنامەی هەڵبژاردن پرسیار لە کاندیدکراوەکان بکات و ئاشنای مەرجەعیەتی سیاسیو فیکرییان بێت، بەڵکو مافی خۆیەتی لە کەسایەتی و خەسڵەتە ئەخلاقییەکان و سەرمایەی مەعریفیو ڕۆشنبیری و ڕادەی چالاکی و لێهاتوییان بکۆڵێتەوە. ڕۆژی هەڵبژاردنیش مافی ئەوەی هەیە هاوسەنگانە دەنگبداتە ئەو لیستەی مەرجەکانی متمانەپێبوون، لێهاتوویيو ڕێزگرتنی بەرپرسیارێتیان تێدایە و خاوەن بەرنامەیەکی واقعیی هەمەلایەنە. چونکە کارپێکردنی سەرڕاستانەی

هەڵبژاردنەکەی، وەک مافێکی دیموکراتی، تاقە شێوازی نموونەییە بۆ گوزارشتکردن لە بیروڕاو ویستی خۆی و دەستنیشانکردنی نوێنەری شایستە بەشێوەیەکی شارستانیانەی دوور لە گوشارو بەکاربردنو بانگەشەخوازییە، کە خەمخۆری زیاترە بۆ سەرخستنی بەرژەوەندیی گشتی، نەک بەرژەوەندیی تایبەتی. مافە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی دوای هەڵبژاردنیش بریتییە لە میکانیزمەکانی پێکگەیشتن، چاودێریکردنی کاندیدکراوەکانو میکانیزمەکانی کارکردنو نوێنەرایەتیکردنیان، هەروەها فشاردروستکردنە بۆ لێپێچینەوەی سەرپێچیکاران.

سەبارەت بە ڕۆڵی سەرپەرشتیکاری هەڵبژاردنەکانیش، پێویستە لایەنی سەرپەرشتیکاری هەڵبژاردنەکان پابەندبێت بە بێلایەنی سیاسی، سەرپێچی بنەما ڕەسەنەکانی هەڵبژاردنی سەرڕاست نەکات، یەکسان مامەڵە لەگەڵ کاندیدکراوەکاندا بکات، خەمخۆربێت بۆ ئەوەی دانیشتوان لە دانگداندا ئازادانە گوزارشت لە ویستی خۆیان بکەن. لێرەدا ڕواڵەتەکانی بێلایەنیی سەرپەرشتیکاری هەڵبژاردن بە درێژایی هەڵمەتی هەڵبژاردن لەمانەی خوارەوەدا بەرجەستەدەبێت: پێویستیی کارپێکردنی یاساکانی هەڵبژاردن بەشێوەیەکی دادپەروەرانە، بەیەکسانی مامەڵەکردن لەگەڵ گشت کاندیدکراوەکانداو دەرفەت ڕەخساندن بۆ پراکتیزەکردنی مافەکانیان، بەرزکردنەوەی سکاڵانامە دژی هەر هەراسانکردنو گوشاربۆهێنانێک و بەدواداچوونی ئەو سکاڵانامانە. هەروەها بیلایەنی مانای چاودێریکردنی هەڵمەتەکە و بەگژاچوونەوەی سەرپێچییەکانە، وەک کڕینی دەنگ، بەکارهێنانی شوێنە گشتییەکان بۆ مەبەستی ڕیکلامکردن و کۆبوونەوەی بانگەشەکردن، بەڵێندانی دامەزراندن، ڕووتاندنەوە ...هتد. هەروەها سزادانی هەر ساختەکارییەک، کە لە کاتی دەنگداندا ڕوودەدات. ئەمە وێڕای دانانی بەرنامەیەکی واقعی، کە ڕەچاوی ئەمانەی خوارەوە بکات:

- پابەندبوونی هەڵبژێر و کاندیدکراو بە ڕێزگرتنی یاساکانی هەڵبژاردنەوە.
- هەڵمەتێکی هوشیارکردنەوە بۆ خستنەڕووی سزاکانی سەرپێچیکردن.
- ئاشناکردنی هەڵبژێر و کاندیدکراو بە ماف و ئەرکەکانیان.
- دەستنیشانکردنی کار و ڕەفتارە قەدەغەکراوەکان بەدرێژایی هەڵمەتی هەڵبژاردن.
- هێنانەئارای لیژنەیەکی بێلایەن، کە ئەندامەکانی پێکهاتبن لە کاراکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و کەسانی خاوەن ناوبانگی باش و سەرڕاست و بێلایەن بۆ چاودێریکردنی هەڵبژاردنەکان.

بەگشتی جێبەجێکردنی جیدی و توندی یاسا لەلایەن شەرپەرشتیکارەوە، پاراستنی چالاکیی کاندیدکراوی لێهاتوە لە گشـــت جۆرەکانی تەنگپێهەڵچنینو کاری نابەرپرسیارانە لەلایەن کاندیدکراوی نابەرپرسیارو ناسەرڕاستەوە. هەروەها ئاڕاستەیەکی دروستە، کە کاردانەوەی باشی لەسەر دەروونی تاکەکان دەبێتو جۆرێک لە ئارامیان پێ دەبەخشێت، بۆ کارپێکردنی مافی خۆیان لە هەڵبژاردنی ڕاست و دروستدا. هەموو ئەوانەش بەشداریدەکەن لە بنیاتنانی متمانە لەنێوان کۆمەڵگەی سیاسی و کۆمەڵگەی مەدەنیداو داکۆکیدەکات لەبەشداریکردنی سیاسی، نەک تەنیا لەماوەی هەڵبژاردنەکاندا، بەڵکو لە سەرجەم کاروبارە گشتییەکاندا.

بەوپێیە، ڕایەڵـــەی نێـــوان ئەو مەرجـــە بابەتیانەی ئەنجامدانی هەڵبژاردنە دیموکراتییەکان، میکانیزمگەلی پێکگەیشتنی سیاسی و کارگێڕی و کاراکردنی ڕاگەیاندنە، بەتایبەتی کاتێک بانگەشەکردن بۆ هەڵبژاردن کارێکی سادەو ئاسان نییە، بەڵکـو داخوازییـــەکی بەرنامەکارانەی پشتبەســتووە بە کەســانی خاوەن ئەزموونو شارەزاو ناوەندە زانستیەکان، بۆ ئەوەی ئەقڵانیتربێتو سەرنجی هەڵبژێر ڕاکێشێت و پەیوەندییەکی بەکردەوە بخوڵقێنێت بۆ بڕواپێهێنانی بە بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکاندا.

گۆڤاری هەفتانە ژمارە (٥٤) ٥–١١ تەمموز ٢٠٠٩

## دوای هەڵبژاردنەکان دەبێت چی بکرێت؟

لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی کوردستاندا، هەر لیستێک بەرنامەیەکی خستۆتەڕوو و بانگەشەی بۆ دەکاتو بەڵێنی ئەوە بە هەڵبژێرەکان دەدات خاڵەکانی جێبەجێدەکاتو بەهۆیەوە کوردستان دەباتە ئاستێکی دیکەی گەشەکردنەوە. بەبێ ڕۆچوونە ناو بەندەکانی ئەو بەرنامانەوە، هەندێک لەو ئەرکە هەنوکەییانە دەخەمەڕوو، کە پێویستە لە دوای هەڵبژاردنەکان دەستوبرد کاری جیدی بۆ جێبەجێکردنیان بکرێت.

### ١ – دەستکردن بە چاکسازیی هەمەلایەن:

چاکسازیی هەمەلایەن لە ڕیزی پێشەوەی ئەو کارانەیە، کە دەبێت لە خولی نوێی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمدا بەگەڕبخرێت. یەکەمین پرنسیپەکانی ئەو چاکسازییەش، دانانی پێوانەی شایستەبوونە لەجێی پێوانەی دەروەستبوون، جا ئەو دەروەستبوونە بە حیزبەوە بێت یان عەشیرەت یاخود تۆڕەکانی بەرژەوەندیی تایبەتی. دوەمین پرنسیپ ئەوەیە، لە ڕێکخستنی کایەی گشتیو ژیانی سیاسیو شارستانیدا، دەسەڵاتی یاسا جێی دەسەڵاتی حیزب بگرێتەوە. سێیەمین پرنسیپیش، بەرپرسیارێتییە، واتە هەستکردن بە ئەرکەکان و کارکردن بەشێوەیەکی پیشەکارانە.

### ٢ – لەناوبردنی کولتووری ستەمکاری:

لەناوبردنی کولتووری ستەمکاری و پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ، جا ئەوە لە پرۆگرامەکانی خوێندندا بێت، یان لە دامەزراوە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکاندا، بنیاتنانی کولتوورێکی پشتبەستووە بە جێگیرکردنی هاوڵاتیبوون، پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و بەرجەستەکردنی ئەو دەربڕینەی دەڵێت «حکومەت خزمەتکارو ئاڕاستەکاری میللەتە، نەک ئاغایەکی ستەمکار». هەروەها چەسپاندنی کولتووری خۆشەویستی، هەڵکردنو هاریکاریکردن، کە گرنگە بۆ ژیانکردنێکی کۆمەڵایەتیو سیاسیی دروست. چونکە

لە سایەی کولتووری ستەمکاریدا هیچ پێشکەوتن‌و گەشەکردنێک نابێتە خواستێکی بەکۆمەڵ، بەڵکـو دەبێتـە کارێکی زۆرەملێ‌و میللەت لە ترسدا، نەک بەخواستی خۆی، بەشداریی تێدا دەکات. ئەمەش نابێتە هۆی بنیاتنانی نیشـتمانێکی دروست و یاریدەرنابێت بۆ تەقێنەوە بەهرەو تواناکانی تاکەکان، چونکە داهێنان و ئازادی دەست لەملانی یەکن‌و ناکرێت لێک جیابکرێنەوە.

## ٣ – پەیمانێکی کۆمەڵایەتی خۆویستانە:

گرنگە پەیمانێکی کۆمەڵایەتی خۆویستانەی ڕاستەقینە لەنێو گشت پێکهاتەکانی کۆمەڵگەی کوردستاندا بێتەئاراوە، کە بەهۆیەوە ئەو پێکهاتانە- بێ گوێدانە قەبارە یان بەدەستهێنانی زۆرینەو کەمینە- دان بەبوونی یەکو جیاوازیان لەگەڵا یەکتردا بنێن‌و ئەو زمانە ڕەتبکەنە کە دەڵێت: «ئێمە نیشتیمانپەروەری ڕاستەقینەین، ئێمە پاکو بێ خەوشین، تەنیا ئێمە بنیاتنەرو فریادڕەسین»، چونکە ئەوە زمانێکی ترسناکی ژەهراوییەو لە ماوەی ڕابردوودا هۆکاری ململانێ‌و شەڕی خوێناوی زۆربوەو گەلێک هەلو دەرفەتی زێڕینی لە کیس میللەتەکەمان داوەو ئێستاش هەڕەشە لە چارەنووسمان دەکات.

## ٤ – جێگیرکردنی حکومەتێکی هاوچەرخی کارامە:

مەبەست لەو حکومەتەیە، کـە سێ خەسڵەتی سەرەکی تێدایە: حکومەتێکە بەشێوەیەکی بنچینەیی بایەخدەدات بە وەرگرانی خزمەتگوزارییەکان، واتە گوێیان لێ دەگرێت و ڕەخنەو پێشنیارەکانیان بەهێند وەردەگرێت، بۆ داڕشتنی پلانەکان و بڕیارسازی، بەوپێیەی ئەوانە سودمەندی سەرەکین لە کارەکانی. حکومەتێکە خولیای هێنانەدیی ئامانجەکانە، واتە مەبەستی هێنانەدیی ئامانجگەلی هەستپێکراوو ئەنجامدانی کارەکانە بە باشترین چۆنایەتی و کەمترین تێچوو. حکومەتێکی شەفافە، واتە هەموان ئاگاداری بەڕێوەچوونی کارو بڕیارەکانی ئەون، کار بە پەردەپۆشکردن‌و نهێنیبوون ناکات، ئەو داتایانەی دەیانخاتەڕوو بڕواپێکراوو ڕاست‌و کاتدارن.

## ٥ – بەدامەزراوەبوون:

بنیاتنانی حوکمڕانی لەسەر بنچینەی کولتووری دامەزراوەبوون، کە تیایدا دادپەروەرانە ئەرک و مافەکان دابەشدەکرێن و تاقە مەرجی بنچینەیی بۆ بەدەستهێنانی کارو پۆستەکان، لێهاتوویی و شارەزایی و سەرڕاستی دەبێت. جەغتکردنەوە لەسەر

ئەوەی پۆستی حکومی خزمەتکردنی کۆمەڵگەیە، نەک دەرفەتێک بۆ دەسەڵاتخوازی و دەوڵەمەندبوون و تاڵانکردنی سامانی گشتی. دووپاتکردنەوەی ئەوەی دامودەزگاکانی حوکمڕانی موڵکی تاکەکەسی و حیزبی نین، بەڵکو هی میللەتن بەبێ جیاوازی و مانەوەی هەر کەسێک لە پۆستێکی دیاریکراودا، گرێدراوی گرێبەستێکی یاسایی تایبەتییە، کە شایانی نوێکردنەوەو هەڵوەشاندنەوەیە.

## ٦ – چەسپاندنی ناناوەندێتی:

ئەزموونەکانی ڕابردوو دەریانخستوە، ناوەندێتی دەبێتە هۆی لاوازیی بەشداریکردنی خەڵک، کوشتنی ڕۆحی هاریکاریکردن و هەستکردن بە بەرپرسیارێتی، بێبەشبوونی ناوچەکانی کەنار لە زۆر خزمەتگوزاریو مافو بەهەدەرچوونی کات و وزەی زۆر بۆ ڕاییکردنی کارەکان. بۆیە گرنگە ناناوەندێتی بچەسپێنرێت، دەسەڵات و کارەکان لەنێوان ناوەند و ناوچەکانی هەرێمدا دابەشبکرێن و ئەنجومەنی پارێزگاکانو شـارەوانییەکان کارابکـرێن، بەمەرجێک ئەو ئەنجومەنانـە بـەری هەڵبژاردنێکی ئازادانەی سـەرڕاسـت بن.

## ٧ – سیستەمێکی چاودێریی کارامە:

دامەزراندنی سیستەمێکی چاودێریکردنی کارامـە بـۆ کۆنترۆڵکردنی وردو دادپەروەرانەی گشـت دامودەزگاو دامەزراوەکـان و چالاکییـەکانی تاکەکانو لێپێچینەوە لە سەرپێچی و خراپەکارییەکان، بەمەرجێک ئەو سیستەمە بەڕوونیو شەفافی جێبەجێبکرێت و بەدووربێت لە دەستێوەردانی دەسـەڵاتەکان. چونکە تەشەنەسەندنی گەندەڵیی سیاسی، کارگێڕی، داراییو تەنانەت ئەخلاقیش پێویستی بە هەڵوەستەکردنێکی جیدی و دامودەزگای چاودێریکردنی سەرڕاستی لێهاتوو هەیە، کە لە ڕووی یاساییەوە پارێزراوبێت و دەسەڵاتی تەواوی پێ درابێت.

## ٨ – ئابوورییەکی هاوسەنگ:

دامەزراندنی ئابوورییەکی هاوسەنگ لەسەر بنچینەی سیاسەتگەلی ئابووریی زانستی و سەردەمیانە، کە ڕەچاوی سەرچاوە ڕەخساوەکان و پێداویستییەکانو تایبەتمەندییە کولتوورییـەکانی کۆمەڵگەکەمان دەکەن و کوێرانە تاقیکردنەوەی ئەوانی دیکە کۆپی ناکەنەوە. کۆششکردن بۆ بنیاتنانی ئابوورییەکی بەرهەمهێنو دوورکەوتنەوە لە ڕەوتی بەرخۆری. لێرەدا دەبێت بوترێت کە بێکاری، هەژاری،

گەندەڵی، پاشکەوتنی پیشـەیی و زانسـتی، کەمی کەرەسـتەو ئامرازەکانی پیشەسازکردن ئاستەنگی گەورەن لەبەردەم گەشەکردنی ئابووری و پرۆسەی پەرەپێداندا. بۆیە پرۆسەی وەبەرهێنانی هۆشمەندانەو دادپەروەرانەی سامانە سروشتییەکان، پاراستنی مافی نەوەکانی داهاتوو، ڕەچاوکردنی هاوسەنگیی سروشتیو ژینگەیی، خەمخواردن بۆ دروستکردن و بەرهەمهێنانی پێداویستییە سەرەتاییەکان، پشت نەبەستنی یەکجارەکی تەنیا بە نەوت و بوژاندنەوەی کەرتی کشتوکاڵ گرنگ و پێویستن.

## ٩ – پەرەپێدانی کەرتی تایبەت و کۆمەڵگەی مەدەنی:

حکومەت هێزێکی گەورەیە بۆ هێنانەدیی پەرەپێدان، بەڵام تاقە هێز نییەو پەرەپێدانی هەمەلایەن پشتبەستووە بە خوڵقاندنی دەرفەتی کارکردن بەجۆرێک، کە شیاوبێت بۆ چاککردنی ئاستی بژێوی، بۆ هاندانی کەرتی تایبەتیش ئەمانە گرنگن: خوڵقاندنی ژینگەیەکی ئارام بۆ ئابووری، پاراستنی بازاڕە پێشبڕکێکارەکان لە ڕێی یاسایەکی تایبەتییەوە، دابینکردنی قەرز بۆ پرۆژە مامناوەندیو بچووکەکان، بایەخدان بەو پرۆژانەی دەرفەتی کاری زیاتر دەخوڵقێنن، ڕاکێشانی وەبەرهێنانو یارمەتیدانی گوێزانەوەی مەعریفەو تەکنۆلۆژیا بۆ وڵات. هەروەها پەرەپێدان ئەرکی سەرشانی کۆمەڵگەی مەدەنیشـە. بۆیە گرنگـە کـار بۆ هێنانەدیی کۆمەڵگەیەکی مەدەنیی کاراو بەرپرسیار بکرێت، لە ڕێگەی یاسـایەکی تایبەت بە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنییەوەو بەپێی ستانداردتە جیهانییەکان و سندوقی هاوکاریکردن لە وەزارەتە جۆربەجۆرەکاندا دابنرێت، بۆ ئەنجامدانی بەشێک لە پلانی ساڵانەی حکومەت، لە ڕێگەی ئەو ڕێکخراوانەوەو کاربکرێت بۆ خوڵقاندنی کولتووری کاری خۆبەخش لەناو کۆمەڵگەدا.

گۆڤاری هەفتانە ژمارە (٥٥) ١٢–١٨ تەمموز ٢٠٠٩

## هەڵبژاردنی پەرلەمان: پراکتیکێکی کۆمەڵایەتی پڕواتا

شیکردنەوەی پرۆسەی هەڵبژاردن لەو وڵاتانەی هەڵبژاردنی پەرلەمان تیایاندا ئەنجامدەدرێت، ڕۆشنایی تەواو دەخاتە ســەر بونیادی کۆمەڵگە و پەیوەندییە ناوەکی و دەرەکییەکان بەشێوەیەکی گشتی و سروشتی ژیانی سیاسی و ڕۆشنبیری بەشێوەیەکی تایبەتی، بەشێوەیەکی ڕوونیش زیندوویّتی کۆمەڵگەو خونچەکردنی تواناو وزەکانی یان سڕبوون و مەیینی مێژووی ناوەکیی کۆمەڵگە دەخاتەڕوو. جا ئەگەر کۆمەڵگەیەک بــەوە جیاکارەبکرێت، کــە لەسەر ئاستی مادی و ڕۆحی بەرهەمیدێنێت، ئەوا هەڵبژاردنی پەرلەمان پراکتیکێکی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵگەییە، ئەو مەرجە مادی و بابەتی و خۆییانەی پرۆسەی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی تێدا دەردەکەوێت، کە چییەتی کۆمەڵگە و ناسنامەی نیشتیمانی و بونیادی سیستەمی گشتیی تێدا دیاریدەکرێت.

لەم ســاتەدا، کــە نوێکردنەوەو چاکســازی بوونەتە پێداویستییەکی گرنگو هەنوکەیی کۆمەڵگەی کوردستان و دەسەڵاتی سیاسیی حوکمڕان و نەیارەکانی باسی پێویستبوونیان دەکەن، هەڵبژاردنی ئەمجارە دەرفەتێکە بۆ بەرجەستەکردنی هەندێک نیشــانەی وێناکردنی نوێکارو چاکسازیخوازانە و خستنەگەڕی پڕۆژەیەکی نوێکردنەوەو چاکسازی، کە بەلای هەموانەوە پەسەندبێت و بتوانێت دەرگا بەڕووی قۆناغێکی نوێ و پەرەپێدانی هەمەلایەندا بکاتەوە.

## هەڵبژاردن: پراکتیکێکی پڕواتا

هەڵبژاردنی پەرلەمان یەکێکە لە پراکتیکــە پڕ واتاکان، بەو پێیەی پراکتیکێکی بەکۆمەڵە ئاستی هوشیاریی کۆمەڵایەتی و ناوەڕۆکی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی تێدا دەردەکەوێت و ئەوە دەخاتەڕوو، کە کۆمەڵگەکە بۆ ئیمڕۆ و داهاتوی خۆی دەیەوێت، دیمەنی ئەو داهاتووە نیشاندەدات کە ئامانجیەتی، ئەو بناغە مەعریفیو ئەخلاقیەش پێشکەشدەکات کە پشتی پێ دەبەستێ. بەڵێ، هەڵبژاردن پراکتیکێکی کۆمەڵایەتی و

کۆمەڵگەییــە ڕادەی چەسپین و نەچەسپینی مافــە مەدەنییەکانو ئازادییە بنچینەییەکانی کۆمەڵگە ئاشکرادەکات. ئەو ماف و ئازادییانەش پێوانەگەلی بابەتیان هەیە، کــە بریتین لە ئازادیی تاک و مافەکانی مرۆڤ و یەکسانیی گشت هاوڵاتیان لەبەردەم ئەو یاسایەدا، کە دەبێت سەرجەم مافە مەدەنی و ئازادییە بنچینەییەکان بۆ گشت هاوڵاتیان و بەبێ جیاوازی دەستەبەربکات. هەروەها ڕادەی چەسپین و نەچەسپینی پرنسیپی هاوڵاتیبوون و نەشونماکردن و نەکردنی هاوڵاتیبوون دەخاتەڕوو. هاوڵاتیبوون بەواتای پەیوەندییەکی مەدەنیانەی خاوەن ناوەڕۆکی کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی، ڕۆشنبیریو ئەخلاقی، ئەو پەیوەندیانەی پێش نیشتیمانیبوون- وەک عەشیرەتگەری و تیرەگەری- تێدەپەڕێنێت، کە ڕێگرن لەبەردەم تێوەچوون و یەکگرتوویی کۆمەڵگەدا.

هەڵبژاردنی پەرلەمــان داننــانی ڕاشــکاوانە و ئاشکرایە بە فرەیی و جیاوازیو جیاکارەبووندا، داننانە بە جیاوازییو ناکۆکیو یەکگرتوویی بەرژەوەندییەکانی تاکو توێژە کۆمەڵایەتیەکاندا، لــە چوارچێوەی بەرژەوەندیی هاوبەشــدا (بەرژەوەندیی نیشتیمانی)، چونکە بەبێ ئــەوە، هەڵبژاردن بێسوودەو پێویست نییە. بە دووبارەبوونەوەی خولیی هەڵبژاردنیش، یەکگرتوویی نیشتیمانی- لە ڕووی شێوەو ناوەڕۆکەوە - دەچەسپێت و جیاوازی و ناکۆکیی بەرژەوەندییەکان دەبنە هۆکاری سەرەکی بۆ پێشکەوتن و پەرەسەندن. ئەمەش کاتێک کە تاکەکانو توێژە کۆمەڵایەتییەکات دەرک بــەوە دەکەن بەرژەوەندییەکانیان تەنیا لە چوارچێوەی بەرژەوەندیی گشتی و بەپاڵپشتیی یاسا دێنەدی. لێرەشدا دەسەڵاتی یاسادانان ئەو لایەنە پەیوەندیدارەیە، تەنیا ئەو یاسایانە دەرناکات کە بەرژەوەندییەکانی هەموان دەپارێزن، بەڵکو ئاڕاستەو ناوەڕۆکی گەشەکردنی کۆمەڵایەتیش دیاریدەکات. بۆیە هەڵبژاردن بەرژەوەندیی بەکردەوەی گشت تاکەکانی کۆمەڵگەو توێژە کۆمەڵایەتیەکان، بەبێ جیاوازی، لەخۆدەگرێت. هەڵبژاردنی پەرلەمان کاتێک شایانی ئەو ناوە دەبێت، کە جەغت لەســەر ئەوە بکاتەوە، گشــتی کۆمەڵایەتی یاسازیی بۆ خۆی دەکات، چونکە سەروەریی حوکمڕانی بەبێ سەروەریی میللەت مانایەکی نییە. بۆیە هیچ یەکێک لە بەشەکانی کۆمەڵگە، جا چیــن بێت یان حیــزب یاخود هاوپەیمانێتی حیزبەکان، ناتوانێت و مافی ئەوەی نییــە گشت دیارییبکاتو یاسا بۆ هەموان دەربکات.

## کارتی دەنگدان بەهایەکی سیاسیی هەیە:

لەڕاستیدا هەڵبژاردنی پەرلەمان گوزارشتکردنی ڕاستەوخۆیە لــە ویســتی گشت

تاکەکانی کۆمەڵگە و دەرخەری خواستیانە بۆ بەشداریکردنی سیاسی و بۆ ئەوەی ببنە ئەندامی خاوەن ئەندامێتی تاوەوەتیی جەستەی سیاسی. لێرەشدا بەشداریکردن‌و بەرپرسیارێتی بڕبڕەی پشتی ئەندامێتییەکەیە. بۆیە کارتی دەنگدان بەهایەکی سیاسی هەیە و گرنگیی کەمتر نییە لـــە بەهای دراوی نیشتیمانی بۆ ئابووری‌و نابێت هەڕەمەکیانە بەکاربهێنرێت، یان بەفیڕۆبدرێت. چونکە ئەو فۆرمە سیاسییەی کۆمەڵگە بۆ خۆی بەرهەمدێنێت، دوا شێوەی کارایی بەرهەمهێنانیەتی لەسەر هەردوو ئاستی مادی و ڕۆحی. بەم پێیەش هەڵبژاردن دەروازەیەکە بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵگە، لەبەر ڕۆشنایی ئەو ئەزموونانەی لەنێوان دوو هەڵبژاردندا کەڵەکەیاندەکات‌و پشتئەستوور بەوە دەستکاری سیستەمی گشتی و ئەو یاسایانە دەکرێت، کە جڵەوی کایەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی، ئابووری، ڕۆشنبیری‌و سیاسی دەکەن. چونکە لەماوەی نێوان دوو خولی هەڵبژاردنی پەرلەماندا، ئەو بەرنامەو ئاڕاستانە تاقیدەکرێنەوە، کە بەهۆیانەوە ئەندامانی پەرلەمان هەڵدەبژێردرێن‌و پێداویستی بۆ دەرکردنی یاساگەلی نوێ و نوێکردنەوەی یاسا کۆنەکان سەرهەڵدەدات. دەسەڵاتی یاسادانانیش، کە میللەت ئازادانەو سەرڕاستانە ئەندامەکانی هەڵدەبژێرێت بۆ نوێنەرایەتیکردنی، ئەو دەسەڵاتەیە کە یاسادازی دەکات و چاودێریی جێبەجێبوونیان دەکات، لە حکومەت دەپرسێتەوەو متمانەی پێدەبەخشێت‌و لێی دەسێنێتەوە.

ئەو دەسەڵاتی یاسادانانەی میللەت بەو جۆرە هەڵیدەبژێرێت تەنیا بەرامبەر بە میللەت بەرپرسیارە و میللەت دەتوانێت متمانەی بداتێ و لێی بسێنێتەوە. بەمەش ئەو ڕاستییە دووپاتدەبێتەوە، کە میللەت بەگشتی‌و هەر هاوڵاتییەک بەتایبەتی حوکمڕان‌و حوکمڕانیکراوەو یاسا دەبێتە هوشیاری‌و هێزێکی ڕۆحیی تاکو کۆمەڵگە، بەڵکو دەبێتە توخمێکی زیندووی ویژدانی تاکو بەکۆمەڵ. لێرەشدا زیندوێتی کۆمەڵگەو ژیانی ڕۆشنبیریی‌و سیاسی، زیاتر لە هەر شتێکی دیکە، لە چاودێریکردنی گشت دەسەڵاتەکان‌و ڕەخنەلێگرتنیان‌و لێپرسینەوەیاندا دەردەکەوێت.

## هەڵئاوسانی گرفتەکان:

پێدەچێت هۆکارێکی ئەو هەڵئاوسانە هەمەلایەنەی وڵاتەکەمان بەدەستییەوە دەناڵێنێت، ڕواڵەتکاریی هەڵبژاردنەکان بێت. واتە ئامانج لێی گوزارشتکردن نەبووبێت لە پرنسیپی «میللەت سەرچاوەی دەسەڵاتەکانە»، تواناسازیی هاوڵاتیان نەبووبێت بۆ بەشداریکردن لە بڕیارسازیدا، جێبەجێکردنی پرنسیپی دەستاودەستکردنی ئاشتیخوازانەی دەسەڵات نەبووبێت، بۆ لێپێچینەوەی حوکمڕانەکان و ڕێکخستنی

پەیوەندیی نێوان دامەزراوەکانی حوکمڕانی و میللەت نەبوو‌بێت. هۆکارێکی دیکە کارنەکردنی دەسەڵاتی یاسادانان بێت بەو شێوەیەی چاوەڕوانکراوەو ڕایی نەکردنی ئەو کارانە بێت، کە کەتوونەتە ئەستۆی. کەواتە، بۆ ئەوەی هەڵبژاردنی ئەمجارە دەروازیەک بێت بۆ نوێکردنەوە و چاکسازیو هێنانەدیی پەرەپێدانی هەمەلایەن، دەبێت سەرەتا حیزبە باڵادەستەکان خۆیان لەو وەهمە ڕزگاربکەن، کە نوێنەرایەتیی گشت میللەت دەکەن و دەتوانن بەتەنیا کۆمەڵگەو حوکمڕانی بەڕێوەبەرن. پێویستە هەڵبژاردنیش سەرڕاست بێت و گوزارشت لە ویستی ئازادانەی هەڵبژێرەکان بکات و پارێزراوبێت لە دەستێوەردانی دەسەڵاتی جێبەجێکردن و هێزی پارە، پرۆسەی بانگەشەکردن بۆ هەڵبژاردن ئاشتیخوازانەو بەپێی پرنسیپە دیموکراتییەکان بێت، دووربێت لە توندوتیژیو ڕەتکردنەوەی بەرامبەر.

لەکوتاییدا دەبێت جەغت لەسەر ئەوە بکرێتەوە، کە هەڵبژاردن پێشبڕکێی شارستانی و ئاشتیخوازانەی لایەنەکانە بۆ خزمەتکردن، نەک بەدەستهێنانی دەسەڵات و پارە، بۆ دەستەبەرکردنی توخمگەلی لێهاتوو و شایستەیە بۆ بڕیارسازی و بنیاتنان بەشێوەیەک، کە هاوتابێت لەگەڵ پێداویستییەکانی کۆمەڵگە، نەک پیرۆزکردنی کەسایەتی و پاوانکردنی دەسەڵات.

گۆڤاری هەفتانە ژمارە (٥٦) ١٩-٢٥ تەمموز ٢٠٠٩

## حوكمڕانیی چاك پێداویستییەكی نوێبوونەوە و بنیاتنانە

حوكمڕانیی چاك (good Governance) ئەو حوكمڕانیەیە، كە كاروبارەكانی كۆمەڵگە ڕووەو پەرەپێدان و پێشكەوتن ئاڕاستەدەكات. واتە حوكمڕانییەكە سەركردەی هەڵبژێردراو و كادیری شارەزاو لێهاتوو دەیبەنەڕێوەو كاردەكات بۆ خۆشگوزەرانیی هاوڵاتیان، فراوانكردنی تواناكانیان، ڕەخساندنی دەرفەتەكانی بەردەمیان، دابینكردنی ئازادییە سیاسی و ئابووری و كۆمەڵایەتیەكانیانو بەشداریاندەكات لە پرۆسەی پەرەپێدان و پێشكەوتندا.

بەڕێوەبردنی كاروبارەكانی كۆمەڵگە، بەهۆی حوكمڕانییەكی چاكەوە، سێ ڕەهەندی تێكئاڵاو لەخۆدەگرێت: ڕەهەندی سیاسی، كە پەیوەندیی بە سروشتی دەسەڵاتی سیاسی و ڕەوایەتیی نوێنەرایەتیكردنییەوە هەیە. ڕەهەندی تەكنیكی، كە پەیوەندیی بە كاری بەڕێوەبردن و تواناو لێهاتوییەوە هەیە. ڕەهەندی ئابووری-كۆمەڵایەتی، كە پەیوەندیی بە سروشتی پێكهاتەی كۆمەڵگەی شارستانیو ڕادەی زیندوویێتی و سەربەخۆییەوە هەیە، هەروەها پەیوەندیی هەیە بە سروشتی سیاسەتە گشتییەكانی بواری ئابووری و كۆمەڵایەتی و كاریگەریی لەسەر هاوڵاتیان لە ڕووی هەژاری و چۆنییەتی ژیانكردنەوە.

ئەو ڕەهەندانە پێكەوە كاریگەریان لەسەر بەرهەمهێنانی حوكمڕانیی چاك هەیە، چونكە ناكرێت بەبێ سەربەخۆیی بەڕێوەبردن لە دەستتێوەردانی سیاسییەكان، وێنای بەرێوەبردنێكی گشتیی كارامە بكرێت. بەڕێوەبردنی سیاسیش بەتەنیاو بەبێ بەڕێوەبردنێكی گشتیی كارامە، ناتوانێت دەستكەوت لە سیاسەتە گشتیەكاندا بەدەستبهێنێت. هەروەها كۆنترۆڵكردنی كۆمەڵگەی مەدەنی لەلایەن كۆمەڵگەی سیاسییەوەو پەككستنی دەبێتە هۆی نائامادەیی پێكهاتەیەكی سەرەكی گرنگ بۆ كاریگەریخستنە سەر سیاسەتە گشتییەكان و چاودێریكردنو لێپرسینەوەی دەسەڵاتی سیاسی و كارگێڕی. لەلایەكی دیكەشەوە سیاسەتە ئابووری-كۆمەڵایەتییەكان بەبێ بوونی بەشداریكردن و لێپێچینەوەو شەفافیەت، نابنە هۆی

چاککردنی بارودۆخی هاولاتیان و وایــان لێ ناکــەن بەشداربن لە ڕاستکردنەوەی ئەو ســیاســەتانەدا.

## حوکمڕانیی خراپ:

حوکمڕانیی چاک ئەوەیە خۆی لە خەسڵەتەکانی حوکمڕانیی خراپ دەپارێزێت، کــە ئەمانــەیــە:

١/ جیانەکردنەوەی ڕوونو ئاشکرای بەرژەوەندیی تایبەتیو گشتی، پارەی گشتیو تایبەتیو بەکارهێنانی بەردەوامی سامانی گشتی بۆ بەرژەوەندیی تایبەتی.

٢/ نەبوونی چوارچێوەی یاسایی و جێبەجێکردنی یاسا تەنیا بەسەر خەڵکیداو دەربازبوونی بەرپرسان لە جێبەجێکردنی یاساکان.

٣/ بوونی ژمارەیەکی زۆری ئاستەنگی یاسایی و کارڕایی لەبەردەم وەبەرهێنانی بەرهەمهێنەرانەداو ڕووکردنە چالاکییەکانی قازانجکردن لە ڕێگەی پرۆژەی بەرخۆریو جامبازییەوەو پشتبەستنی تەواو بەو کالایانەی لە دەرەوە دێن.

٤/ لاوازیی بنەمای دامەزراوە سیاسیو کارگێڕییەکانو بەکەسایەتیکردنی دەسەلات.

٥/ پیواری (غیابی) هاولاتیبوون، بەوپێیەی سروشت و ڕەوایەتی حوکمڕانی پشتئەستوور نییە بە پەیمانی نێوان حوکمڕان و حوکمکراوەکان، لەسەر بنچینەی ماف و ئەرکەکان.

٦/ بوونی ئەو ئەولەویاتانەی ناکۆکن لەگەڵ پەرەپێداندا و سامانەکان بەفیڕۆدەدەن یان بەخراپ بەکاریان دەبەن.

٧/ بوونی بنکەیەکی بەرتەسک یان داخراو و ناشەفاف بۆ بەدەستهێنانی زانیارییەکان و پرۆسەی بڕیارسازی بەشێوەیەکی گشتی.

٨/ پەرەسەندنی دامودەزگا بیروکراتیەکان، پیربوونی کارگێڕیی گشتی، هەڵئاوسان، قەرزاربوونی زۆرو هاتنەخوارەوەی ئاستی بەرهەمهێنان و بەکارهێنانی حوکمڕانی وەک شوێنێک بۆ دابەشکردنی دەستکەوتەکان لەسەر حسابی ئابووریی نیشتیمان.

٩/ تەشەنەکردنی گەندەڵی و بوونی کولتووری هەڵکردن لەگەڵ گەندەڵیدا.

١٠/ لەرزۆکیی ڕەوایەتی حوکمڕانی و بێبڕوایی خەڵک پێی.

## خەسڵەتەکانی حوکمڕانیی چاک:

کەواتە حوکمڕانی چاک، حوکمڕانییەکی دیموکراتیانەیە پشت بە بەشداریکردن، سەروەریی یاسا، شەفافیەت و لێپێچینەوە، بەپیرەوەچوون، سازان، یەکسانی،

کارامەبوون، تێڕوانینی ســـتراتیژی، بنیاتنانی ئارامـیی سـیاســی و ئاشــتیی ناو کۆمەڵگە دەبەستێ.

١ - *بەشداریکردن*: مانای ئەوەیە هەر تاکێک ڕۆڵی هەبێت لە بەرهەمهێنانی ئەو بڕیارانەی کاریگەریان لەسەر ژیانی هەیە، جا ئەوە ڕاستەوخۆ بێت، یان لە ڕێگەی دامەزراوەو ڕێکخراوگەلی ڕایەڵەکارەوە بێت، کە یاسا ڕێگەیان پێ دەدات. بەم واتایە، چەمکی بەشداریکردن پەیوەندییەکی توندوتۆڵی لەگەڵ کۆمەڵگەی دیموکراتیدا هەیەو یەکێکە لە پێکهاتە بنچینەییەکانی پەرەپێدانی مرۆیی، کە سێ ڕەهەند لەخۆدەگرێت: پەرەدان بە مرۆڤ، پەرەپێدان لەپێناو مرۆڤدا، پەرەپێدان بەهۆی مرۆڤەوە. ڕەهەندی یەکەم جەغت لەسەر ئامادەکردنی مرۆڤێک دەکاتەوە، کە بەتواناو لێهاتوو بێت و چالاکانە بەشداریی لە گشت بوارەکانی ژیاندا بکات. ڕەهەندی دوەم مانای ئەوەیە هەر مرۆڤێک مافی ئەوەی هەیە دادپەروەرانە بەشێک لە خێروبێری پەرەپێدانی بەربکەوێت. ڕەهەندی سێیەمیش مانای دابینکردنی دەرفەتەکانە بۆ هەموو تاکەکان هەتا بەشداریی لە پەرەپێداندا بکەن. بێگومان کۆمەڵگەی پشتبەستوو بە بەشداریکردن ئەوەیە، کە دەتوانێت پەرەپێدان ئەنجامبدات، چونکە بەشداریکردن یارمەتی کۆمەڵگە دەدات بەباشترین شێوە وزەو تواناکانی تاک و گرووپەکان بخاتەگەڕ، ڕۆڵێکی زیاتر بداتە کۆمەڵگەی مەدەنی، خۆبەڕێوەبردن لەسەر ئاستی بەڕێوەبردنی گشتی یان حکومی بچەسپێنێ، یارمەتی هاوڵاتیان بدات کاریگەریی بخەنە سەر دەسەڵات و سیاسەتەکانی و دەرفەت بۆ خستنەگەڕی تواناکانی ژنان و بەشداریکردنیان لە پەرەپێداندا برەخسێنێ. بەشداریکردن پێویستی بە بوونی چەندین یاسا هەیە، کە ئازادیی پێکهێنانی ڕێکخراو و حیزب، ئازادیی دەربڕین و هەڵبژاردن، ئازادییە گشتییەکانو چەسپاندنی ڕەوایەتی سیاسی مسۆگەردەکەن.

٢ - *سەروەریی یاسا*: بوونی یاسای دادپەروەرانە، سەرەتایەکی پێویستە بۆ خۆڵقاندنی ژینگەیەکی دڵنیاو ئارام بۆ ژیان و کارکردنی هاوڵاتیان. یاسا ئەو چوارچێوەیەیە، کە پەیوەندیی نێوان خودی هاوڵاتیان، نێوان هاوڵاتیانو حوکمڕانیو نێوان دامەزراوە جۆربەجۆرەکانی حوکمڕانی ڕێکدەخات. لێرەشدا پێویستە یاسا لە سەروو خودی حوکمڕانییەوە بێت، ئاشکراو ناسراوبێت لەلایەن هەموانەوە، بەسەر گشت هاوڵاتیاندا، بەبێ جیاوازی، جێبەجێبکرێت. بۆ جێبەجێکردنی یاساش، پێویستە دامەزراوگەلی تایبەتمەند هەبن، وەک دادگاکان، ئاسایش و دامەزراوی سزادان. هەتا ئەم دامەزراوانە بەچاکی ڕێکبخرێن و کەسانی شارەزاو لێهاتوو و سەرڕاست بیانبەنە ڕێوە، سەروەریی یاسا جێگیرتر دەبێت. بێگومان دەبێت لە

دەرکردنی یاساکاندا ڕەچاوی مافە بنچینەییەکانی مرۆڤ بکرێت و بۆ سەروەربوونی یاساش گرنگە دەسەڵاتەکان لێک جیابکرێنەوەو دادوەری سەربەخۆبێت و بەدووربێت لە دەستێوەردانی دەسەڵاتەکانی دیکە.

٣- **شەفافیەت و لێپێچینەوە**: ئەمانە دوو چەمکی پێکەوە گرێدراون و پێکەوە کۆڵەکەیەکی حوکمڕانیی چاک پێکدێنن. شەفافیەت مانای ڕەفتارکردنە بە ڕوونیو ئاشکراو ڕێگەدان بە بەدەستهێنانی زانیارییەکان، هەتا کەسی بایەخدەر بە بابەتێکی تایبەتی، یان بەرژەوەندییەکی دیاریکراو، بتوانێت زانیاریی پێویست بۆ دیاریکردنی ڕەفتار و هەڵوێستی خۆی بەرامبەر بەو بابەت و بەرژەوەندییە بەدەستبهێنێ. هەروەها شەفافیەت مانای ئەوەیە بڕیارە گشتییەکان بەڕوونیو ئاشکرا بدرێن و کەناڵی کراوەی پەیوەندیی لەنێوان خاوەن بەرژەوەندییەکانو دەسەڵاتدراندا هەبێت. لێپێچینەوەش مانای گرتنەئەستۆی بەرپرسیارێتی بڕیاردان و سەرەنجامەکانی و بوونی دەرفەتی پرسینەوەیە لە بەرپرسان سەبارەت بەکارو ڕەفتارەکانیان. شەفافیەت و لێپێچینەوە یاریدەدەرن بۆ کارکردنی چالاکانەو بەرپرسیارانەی دامەزراوە گشتیەکان و ڕێگەگرتن لە تەشەنەکردنی گەندەڵیو کەمکردنەوەی کەوتنەوەی هەڵەکان. کارپێکردنی شەفافیەت و لێپێچینەوە پێویستە هەموو ئاستەکانی حوکمڕانی و کۆمەڵگە بەبێ جیاوازی بگرێتەوە. یەکێک لە مەترسیدارترین ئەو ئاستانە، ژیانی دارایی حوکمڕانییە، چونکە دارایی شادەماری بەڕێوەچوونی حوکمڕانییەو دارایی دروست، هێمایە بۆ ئابوورییەکی دروستو دارایی نادروست، هێمایە بۆ بڵاوبوونەوەی گەندەڵی بە جەستەی حوکمڕانیدا.

٤- **بەڕێوەچوون**: مانای توانای دامەزراوەکانی حوکمڕانییە بۆ دابینکردنی خزمەتگوزارییە جۆربەجۆرەکان بۆ هەموانو خزمەتکردنی هاووڵاتیانە وەک یەک، بەبێ گوێدانە پلەو پایەی کۆمەڵایەتی، سیاسیو ئابووریو ئینتیمای تایبەتی.

٥- **سازان**: مانای توانای میانەکاری و داوەریکردنە لەنێوان بەرژەوەندییە جۆربەجۆرەکانی ناو کۆمەڵگەدا، لەپێناو گەیشتنە یەکانگیریو ڕێکەوتنێکی فراوان سەبارەت بە بەرژەوەندیی گشتی و سیاسەتە گشتییەکان.

٦- **یەکسانی**: مانای ئەوەیە هەموو هاوڵاتیان وەک یەک ماف و ئەرکیان هەبێت، بەبێ گوێدانە ڕەگەز، توخم، ئایین، بیروڕای سیاسی، پایەی کۆمەڵایەتیو ئابووری، ئامانجیشی ڕەخساندنی دەرفەتی یەکسانە بۆ هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە بۆ گەشەکردن و چاککردنی بارودۆخی خۆیان.

٧- **کارامەبوون**: مەبەست بوونی توانای جێبەجێکردنی پرۆژەکانە بەپێی

گرێبەستی یاسایی لە بەرژەوەندیی کۆمەڵگەداو پاراستنی بەندەکانی گرێبەستەکەو سزادانی سەرپێچیکاران. هەروەها مانای توانای ئەنجامدانی ئەو پرۆژانەیە بەجۆرێک، کە پێداویستیەکانی هاوڵاتیان دەستەبەربکەن و بەپێر خواست و حەزەکانیانەوە بچن، ئەوەش لەسەر بنچینەی بەڕێوەبردنێکی ئەقڵانیو هۆشمەندانەی سامان و کەرەستەکان.

٨ - *تێڕوانینی ستراتیژی*: واتە ئەو تێڕوانینەی پشت بە دەرهاویشتە کولتووریو کۆمەڵایەتییەکان دەبەستێت، نەک مەزەندە و قەبڵاندن و ئامانجی چاککردنی کاروبارەکانی خەڵک و پەرەپێدانی کۆمەڵگە و توانا مرۆییەکانە، نەک پاراستنی دەسەڵات و دەسەڵاتداران.

٩ - *بنیاتنانی ئارامی سیاسی و ئاشتی کۆمەڵایەتی*: واتە بنیاتنانی ئەو دامەزراوە دیموکراتیانەی دەرفەت دەرەخسێنن بۆ دەستاودەستکردنی ئاشتیخوازانەی دەسەڵات، بەبێ پەنابردن بۆ توندوتیژی و هەڕەشەکردن لە ئارامیی سیاسیو ئاسایش. ئەمەش جۆرێک ڕێکەوتنی نێوان هێزەکانی گەرەکە لەسەر پرنسیپەکانی پێشبڕکێ و قبوڵکردنی بردنەوەو دۆڕاندن و ڕێکخستنی ژیانی سیاسی لەسەر بنچینەی هەڵبژاردنی ئازادانە.

گۆڤاری هەفتانە ژمارە (٥٧) ٢٦ تەمموز-١ ئاب ٢٠٠٩

## بەرپرسیارێتی و ڕێکخستن لە دیموکراسیدا

پەیوەندییەکی ئۆرگانیکیی زیندوو ئازادی و بەرپرسیارێتی پێکەوە دەبەستێت، چونکە بەرپرسیارێتی و ئازادی بەبێ یەکتر بوونێکی ڕاستەقینەیان نابێت. مەبەست لێرەدا ئەوەیە، هەریەکێک لە سنووری خۆی و بەپێی تواناو بەهرەو ویستی خۆی کاریگەریی لەسەر کۆمەڵگە هەبێت و سوودی پێ بگەیەنێت، نەک تەنیا کارتێکراوبێت و سوودی لێ وەربگرێت.

یەکێک لە نیشانەکانی ژیانی دیموکراتیانە ئەوەیە، وڵات لەلایەن ئەو نوێنەرانەوە ببرێتەڕێوە، کە زۆرینەی میللەت لە ڕێگەی دەنگدانی گشتییەوە هەڵیبژاردون. لای ئێمە گرفتەکە لەو زۆرینەیەو ڕادەی گوزارشتکردنیەتی لە ویستی ڕاستەقینەی میللەت. چونکە هەر ئەو زۆرینەیەی بەناوی ئەوەوە بڕیارو یاساکان دەردەکرێن ناڕازییە بەرامبەر بە دۆخی باوی کۆمەڵگە و ڕەخنەی لێ دەگرێت و هێرشدەکاتە سەر ئەوانەی بەناوییەوە بڕیارو یاسا دەردەکەن و بەرپرسیارێتیان ناگرێتەئەستۆ. بەهانەشی ئەوەیە، بەشدارییپێکردنەکەی ڕواڵەتکارانەیەو هەر کە هەڵبژاردن تەواوبوو زۆربەی نوێنەرەکان ڕەوتی تاکڕەوی دەگرنەبەرو مافی چاودێریکردنو لێپرسینەوەیان لێ زەوتدەکەن. بۆیە ئەگەر بۆی بکرێت ئەو زۆرینەیە لەکاردەخات، کە بەناوی ئەوەوە کاردەکات.

هەستێکی قوڵ لای زۆرینەی میللەت هەیە، کە کەلێنێکی گەورە لە نوێنەرەکانیانو حوکمڕانەکان جیایدەکاتەوەو بە چاوی گومانەوە سەیری ئەو کارانە دەکەن، کە ئەوان ئەنجامیاندەدەن، تەنانەت ئەگەر باشترین ناونیشانیشیان پێ بەخشرابێت. گومانکردن کارێکی چاک نییە، بەڵام هەیەوە ناکرێت فەرامۆشبکرێت. ئەوەی گومانەکەش تۆخدەکاتەوە، ڕەفتاری خودی نوێنەرو حوکمڕانەکانە، چونکە زۆربەی هەڵسوکەوتەکانیان هاوسەنگ نییە لەگەڵ ئەوەی خەڵک چاوەڕوانیدەکات لێیان یان خۆزگەی پێ دەخوازێت. ئەگەر یەکێکمان بڕوانێتە کاردانەوە ڕۆژانەکانی خەڵک، دەرک بەوە دەکات پەیوەندیی توندوتۆڵی نێوان حوکمڕانەکان و ئەوان

بەدیناکرێت. بەوجۆرە زۆرینە لای ئێمە ڕازیکەر نییەو ڕازیش نییە. کەواتە ئایا دەتوانین بڵێین حوکمڕانی لای ئێمە گوزارشت لە میللەت دەکات؟ یان چۆن دەتوانین پشتئەستوور بە میللەت حوکمڕانییەکی دروست بنیاتبنێین؟

## بەرپرسیارێتی بڕبڕەی پشتی دیموکراسییە:

سەرەتا پێویستە دان بەوەدا بنێین، کە بەرپرسیارێتی بڕبڕەی پشتی ئەو حوکمڕانییەیە، چونکە بەرپرسیارێتی گوزارشت لە ئازادی و توانای خوڵقاندنی مرۆڤەکان دەکات. مەبەست لە بەرپرسیارێتی لێرەدا تەنیا بەرپرسیارێتی حوکمڕانەکان نییە، بەڵکو بەرپرسیارێتی ئەوانەشە کە سەرچاوەی ڕەوایەتین، واتە بەرپرسیارێتی میللەتیشە. لەبەرئەوەی کاتێک میللەت دەستبەرداری بەرپرسیارێتی دەبێت، زۆرایەتی چیدی زۆرایەتییەکی ڕاستەقینە نابێت و خۆی خاوەنی خۆی نابێت و ئەو حوکمڕانیەش، کە لە سایەیدا ژیان دەباتە سەر، سەرچاوەکەی میللەت نابێت.. بەڵام خۆ میللەت و زۆرینە داماڵراونین لە ڕەهەندی مرۆیی‌و هیچ یەکێکیان کۆی تاکەکانی نییە، بەڵکو هەردووکیان کۆمەڵێکن و بەهاکانی هەریەکێکیان گرێدراوی بەهاکانی کەسەکانی کۆمەڵەکەیە. هەروەها بەرپرسیارێتی لە دوائەنجامدا بەرپرسیارێتیی میللەتە، ئەگەرچی زۆرینە وەک کەس و کۆمەڵ گوزارشتی لێ دەکات. بەو جۆرە بەرپرسیارێتیی میللەت کۆی بەرپرسیارێتیی تاکەکانی نییە، بەڵکو پوختەی بەرپرسیارێتیی تاکەکەسی و کۆمەڵگەیی هاوڵاتیانە پێکەوە. لێرەشدا بەرپرسیارێتی بەدوو شێوە گوزارشت لەخۆی دەکات: متمانەو دیالۆگی نێوان حوکمڕانەکان‌و میللەت، شیانی چاودێریکردنی ڕاستەوخۆو بەردەوامی حوکمڕانەکان لەلایەن میللەتەوە.

بیروڕاو مەیلەکانی ناو کۆمەڵگە هەمەڕەنگ و فرەلقن و خێرایی سەرهەڵدانی ڕووداوەکانی جیهانی ئیمڕۆ و زانیاری و ڕاستییەکان بەو ڕادەیەن، کە تەنیا حوکمڕانەکان، بەتایبەتی سەرکردەکان، دەتوانن ئاگاداریبن و مەحاڵە ڕێکەوتنی پێشوەخت لەنێوان حوکمڕانەکان و میللەتدا لەسەر گشت بابەت و مەسەلەکان بێتەئاراوە. بۆیە پێویستە میللەت متمانەی بەو کەسانە هەبێت، کە نوێنەرایەتیی دەکەن و بەناوی ئەوەوە قسەدەکەن. ئەو متمانەیەی بەڕادەی کەمبوونەوەی سڵکردنەوەو گومانی زاڵ زیاتردەبێت. چونکە متمانە مانای بڕوابوونی میللەتە بە نوێنەرەکان و حوکمڕانەکانی. هەروەها مانای ئەوەیە نوێنەرەکان و حوکمڕانەکان متمانە بە میللەت و نییەتچاکیی بکەن و ڕێزی بگرن و گوێ بۆ هەر چرپەیەک بگرن، کە لەوەوە

دەردەچێت. بێگومان متمانەی دوولایەنە نایەتەدیی، ئەگەر نوێنەرو حوکمڕانەکان لەگەڵ میللەت لە دیالۆگ و کارلێککردنی بەردەوامدا نەبن و پەیوەندییەکی ئۆرگانیکی لەجیابوونەوە نەهاتوو پێکەوەیان نەبەستێت.

دیالۆگ شادەماری پێکگەیشتنە، چونکە ویستی حوکمڕان کۆپییەکی کتومتی ویستی میللەت نییە، بەوپێیەی مەیلەکانی حوکمڕان هەمان مەیلەکانی میللەت نین. حوکمڕانی کامێرەیەکی فۆتۆگرافیی نییە واقیع وەک خۆی بگوێزێتەوە، بەڵکو حوکمڕانی بەدەست کەسانێکەوەیە، کە چاکە و کەموکوڕییان هەیەو خاوەن تێڕوانینی تایبەتن. ئەمە وێڕای ئەوەی ئەو زانیاری و ڕاستیانەی لەبەردەستیاندایە، ناکەونە دەست میللەت. بۆیە دیالۆگ دەرفەتی وەرگرتن و دان لەنێوان ئەوان و میللەتدا دەڕەخسێنێت. هەروەها ڕۆڵی هوشیارکردنەوەو ڕۆشنبیرکردن دەڕەخسێنێت و میللەت بەرزدەکاتەوە بۆ ئاستی بەشداریکردن لە بیرکردنەوەی دیموکراتیانەی دروستدا. کەواتە کاتێک دەڵێین حوکمڕانی دەبێت خەون و ئاواتەکانی میللەت بێنێتەدی، مەبەست سەپاندنی ویستی لایەنێک نییە بەسەر ئەوی دیدا، بەڵکو مانای ئەوەیە حوکمڕانی ئەو ویستە میللییە دێنێتەدی کە گفتوگۆو دیالۆگ و بڕواکردن و بڕواپێهێنان دەیخەمڵێنن.

متمانەو دیالۆگی نێوان حوکمڕانەکان و میللەت لەکاتێکدا کامڵدەبێت، کە شیانی چاودێریکردنی ڕاستەوخۆی بەردەوامی حوکمڕانەکان لەلایەن میللەتەوە لەئارادابێت، چونکە ئەو کەسانەی حوکمڕانیدەکەن وەک ئەوانی دیکە مرۆڤن، بیرکردنەوەو تێڕوانینیان بۆ مەسەلەکان سنوردارەو دەشێت نیشان بپێکن‌و نەیپێکن، دەکرێت دوای حەزو ئارەزووی خۆیان بکەون و خۆپەرسیتیش بن. پرنسیپی دەسەڵاتی پاک لە سیستەمە سیاسییەکاندا هەڵەو مەترسیدارە بۆ ژیانی گشتی، بۆیە دەبێت دەسەڵات چاودێریبکرێت. لێرەشدا میللەت لە هەموو کەس زیاتر مافی چاودێریکردنی هەیە، چونکە خاوەن و سەرچاوەی سەروەرییە. مەبەستیش لە چاودێریکردن لێرەدا ئەوەیە، کە لە کاتی پێویستدا توانای کارکردنی هەبێت و چاودێریکردنێکی دەنگ دلێرو چاونەترسی ڕاستەوخۆی میللەت بێت، نەک ئەو چاودێریکردنەی کەوتۆتە سەر ئەژنۆو سەرشۆڕە.

متمانەو دیالۆگ و شیانی چاودێریکردن پێویستیان بە ئامرازێک هەیە، کە بتوانن بەهۆیەوە بەرپرسیارێتی بێتەدی، ئەو ئامرازەش ڕێکخستنی دامەزراوەییانەیە. ئەم ڕێکخستنە بڕبڕەپشتی دەستەواژەی «حوکمڕانیکردنی پشتبەستوو بە میللەت» دەکاتە واقعێکی ڕاستەقینەی زیندوو. ڕێکخستنی دامەزراوەییانە شـێوازی ئەو

گرتبوونەوە ڕێکوپێکانەی مرۆڤەکانە، کە خاوەن ڕووخسارو ئامانجگەلی ڕوونو کەسایەتیی مەعنەویی سەربەخۆن. هەروەها ڕێکخەری هێزی تاکەکانە لەپێناو خولڤاندنی هێزی بەکۆمەڵدا.

هۆکاری بڕوابوون بە کاریگەریی چاکی ڕێکخستنی دامەزراوەییانە لەسەر چەسپاندنی دیموکراسی، پشتئەستوور بە بنەمای بەرپرسیارێتی ئەوەیە، ئەم جۆرە ڕێکخستنە وا لە تاکەکانی میللەت دەکات ئەو ئامرازانە بەدەستەوەبگرن، کە گرنگن بۆ هێنانەدیی متمانەو دیالۆگ و شیانی چاودێریکردن. چونکە ڕێکخستنی دامەزراوەیی تاکەکان لە تاکخوازیی خۆی دادەماڵێت و دەیکاتە هاوڵاتییەک کە تەنیانییە لەبەردەمی حوکمڕانیدا. لێرەشدا چەندین جۆری ئەو ڕێکخستنە لەئارادایە، وەک حیزبە سیاسییەکان بەواتا ڕاستەقینەکەی، ئەنجومەنی پارێزگاو شارەوانییەکان، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی...هتد.

## مەرجەکانی دیموکراسیی ڕاستەقینە:

ئەو دیموکراسییە ڕاستەقینەو تەبایە لەگەڵ دەرهاویشتە مێژووییەکانی ئیمڕۆدا، کە چوار مەرجی تێدایە: بڕوای حوکمڕانی مرۆڤانە بێت، هاوڵاتیان خۆیان لە دامەزراوەی جۆربەجۆردا ڕێکبخەن، میللەت بەشێوەیەکی مەدەنیانە پەروەردەبکرێت و حوکمڕانی سیاسەتی نەخشەبۆکێشراو پێڕەوبیکات.

ڕێکخستنی هاوڵاتیان لە دامەزراوەی جۆربەجۆردا مەرجێکی بنچینەیی بنیاتنانی دیموکراسییە، بەڵام بەتاقی تەنیا بەس نییە. چەند مەرجێکی دیکە هەن، کە پێویستە هاوشانی ڕێکخستنی دامەزراوەییانە بن، وەک: سروشتیبوونی ڕێکخستنەکە نەک دەستکردی و زۆرەملێبوونی، ئەندامەکانی هەڵگرو جێبەجێگەری بەها بەرزەکان بن، گوزارشت لە زۆربەی کۆمەڵگە بکات و ئامانجەکانی زۆرینە بهێنێتەدی.

دیموکراسی نیشـانەیەک نییە بە ناوچەوانی کەسێکەوەو تابلۆیەک نییە بە سیستەمێکی کۆمەڵایەتیەوە هەڵواسرابێت، دیموکراسی گرێدراوی پێگەیشتنی کۆمەڵایەتییەو پێویستی بەوەیە ئەوەی بڕوای پێیەتی خۆی بە بەرپرسیاربزانێت بەرامبەری، بەوپێیەی بەرپرسیارێتی بنچینەی دیموکراسیی ڕاستەقینەیە. بۆ بەشداریکردن لە خولڤاندنی ئەو بەرپرسیارێتیەشدا، گەرەکە کۆششی زیاتر بکرێت بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵگە لە گشت بوارەکانداو لەسەر بنچینەی دامەزراوەبوونو وەک دەستپێکێک بۆ بنیاتنانی قەوارەیەکی نیشتیمانیی کۆکەرەوەی هەموان.

گۆڤاری هەفتانە ژمارە (٥٨) ٢-٨ ئاب ٢٠٠٩

# حیزبی دیموکراتی و قەیرانی حیزبایەتی لە کوردستان

یەکێک لە گرفتەکانی گوێزانەوە بەرەو دیموکراسی، پیواری (غیاب) ئەو هێزانەیە، کە دەشـێت گرەوی بەڕێوەبردنی پرۆسـەی گۆڕانکاریی هەمەلایەنیان لەسەر بکرێت. مەبەسـت نائامادەیی ئەو حیزبانەیە، کە بەڕاستی دیموکراتین. واتە هۆکاری سەرنەکەوتنی پرۆسەی گۆڕانکاریی دیموکراتیانە بەتەنیا ناگەڕێتەوە بۆ کولتووری باڵادەست لە کۆمەڵگەدا، بەڵکو گرێدراوی بوونی ئەو ڕێکخراوە سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتووریانەشە، کە ڕۆڵیان هەیە لە پیوارکردنی پرۆسەی دیموکراتیزەکردندا.

پلورالیزمی (فرەلایەنیی) سیاسی، مانای داننانە بە بوونی هەمەڕەنگیی تێڕوانینو بەرژەوەندی و بایەخپێدانی سیاسیدا. بۆ گوزارشتکردن لەو پلورالیزمەش، حیزبە سیاسییەکان ئامرازگەلێکن، کە ناکرێت لە سیستەمە سیاسییەکاندا فەرامۆشبکرێن، چونکە ئەوانە یاریدەدەرن بۆ: گۆشکردنی تاکەکانی کۆمەڵگەو کاراکردنی ڕۆڵی سیاسیان و بەشدارییپێکردنیان لە ژیانی سـیاسـیدا، دۆزینەوەو پێکەوە گرێدانی بەرژەوەندییە هاوبەشەکان و کۆکردنەوەی خەڵک لە چواردەوریان، ئاشنابوون بە سیاسەتە گشتییەکان و خەملاندنیان لە چوارچێوەی بەرنامەیەکدا، کە شایانی هێنانەدییە، پێگەیاندنی سەرکردە سیاسییەکان و پەرەپێدانی تواناکانیان لە بواری بەڕێوەبردن و حوکمڕانیکردندا، کێبڕکێکردن لە هەڵبژاردنەکانداو بەدەستهێنانی سەرکەوتن. بۆیە حیزبەکان- بەتایبەتی حیزبە دیموکراتییەکان- دەتوانن ڕۆڵێکی گرنگ لە ژیانی دیموکراسیدا بگێڕن.

حیزب ڕێکخستنی کۆمەڵە تاکێکە، کە خاوەن هەمان تێڕوانینی سیاسینو کار بۆ بڵاوکردنەوەی ئەو تێڕوانینەو هێنانەدیی ئامانجگەلێکی نزیک و دوورمەودا دەکەن کە لە پرۆگرامدا هاتوون و دەشێت لە دەسەڵاتگرتنەدەست یان کاریگەریخستنە سەر دەسەڵاتی سیاسیدا چڕبکرێنەوەو بەپێی ئەو پرنسیپانە کارەکانی ناوخۆی ڕێکدەخات، کە لە پێڕەوی ناوخۆدا هاتوون.

## حیزبی دیموکراتی:

خەسڵەتی دیموکراتیبوونی حیزب شتێک نییە بە ناو لەخۆنان و بانگەشەکردن‌و دروشم بەرزکردنەوە بەدەستبێت، بەڵکو بەرهەمی کارپێکردنی بنەماکانی دیموکراسیە. واتە حیزبی دیموکراتی ئەو حیزبەیە لانی کەمی ئەو پرنسیپ‌و دامەزراوەو میکانیزمانە دەستەبەردەکات، کە خەسڵەتی دیموکراتیبوونی پێ دەبەخشن، وەک:

١ -ئەندامێتی بەپێی پرنسیپە دیموکراتییەکان بێت، ئەندامەکان سەرچاوەی دەسەڵات بن و بڕیارسازی لەلایەن تاکەکەسێک یان کەمایەتییەکەوە قۆرخ نەکرێت.

٢ -باڵادەستبوونی پێڕەوی ناوخۆو یەکسانبوونی گشت ئەندامەکان لەبەردەمیدا.

٣- ڕێزگرتنی تواناو شارەزاییەکانی دەزگاکان و پێکەوە کۆنەکردنەوەی دەسەڵاتەکان لە دەستی کەسێک یان کەمایەتییەکدا.

٤- بوونی ئازادیی دەربڕینی بیروڕاو دەرفەتدان بە گەشەکردنی ئاقارو ئاڕاستەی جیاواز لەناو حیزبدا و ڕێگەدان بە بوونی فراکسیۆنی جیاواز بۆ ڕێگرتن لە سەرهەڵدانی دەستەگری و پارچەپارچەبوون.

٥ -کارپێکردنی پرنسیپی دەستاودەستکردنی دەسەڵات بەپێی خولە کۆنگرەو هەڵبژاردنی ئازادانەی سەرڕاستی سەرکردەکان لە بنکەوە بۆ لوتکە.

٦ -قبوڵکردنی بوونی حیزبی دیکەو پێشبڕکێی سیاسی و دەستاودەستکردنی دەسەڵاتی حوکمڕانی‌و دوورکەوتنەوە لە ڕەتکردنەوەی لایەنەکانی دیکەو پاوانکردنی حەقیقەت و دەسەڵات.

٧ - کارکردنی شەفافانەو لە ڕووناکیدا نەک ژوورە تاریکەکانداو پابەندبوون بە سەرکردایەتی بەکۆمەڵ لە بنیاتنان و چالاکی و ڕاییکردنی کارەکاندا.

٨ -بوونی دادگای باڵای سەربەخۆی حیزبی بۆ یەکلاییکردنەوەی ناکۆکی‌و کێشەکانی نێوان ئەندامان.

## قەیرانی ژیانی حیزبایەتی:

پەیوەندییەکی توندوتۆڵ هەیە لەنێوان ژیانی ناوخۆی حیزب و دیموکراتیبوونی سیستەمی سیاسیداو چاوەڕوانی مامەڵەکردنێکی دیموکراتیانە لە حیزبێک ناکرێت لەناو خۆیدا دیموکراتی نەبێت، واتە ناکرێت دیموکراسی بە ڕێکخراوگەلی نادیموکراتی بنیاتبنرێت.

ژیانی حیزبایەتی لای ئێمە بەدەست قەیرانێکی هەمەلایەنەوە دەناڵێ، کە گشت ڕەهەندە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕێکخراوەییەکانی تەنیوەتەوە. ئەمەش بۆتە هۆی سستی ئەندامەکانی حیزبەکان، دوورکەوتنەوەی خەڵک لە کاری سیاسی‌و

حیزبایەتی، لاوازبوونی پێگەو پایەی حیزبەکان لەناو کۆمەڵگەداو کەمبوونەوەی ڕێژەی نوێنەرایەتیکردنیان لەناو پەرلەماندا. بێگومان قەیرانێکی لەو جۆرە بەبێ دیالۆگێکی هەمەلایەنی فراوان و لە گۆشەنیگای جیاوازەوە چارەسەرناکرێت. بۆیە گرنگە حیزبەکان پێداچوونەوەیەکی ڕەخنەگرانەی هۆشمەندانە بەرپابکەن بۆ چارەسەردۆزینەوە، لەبەرئەوەی هیچ ئەڵتەرناتیڤێکی دیکە نییە بۆ قوتاربوون لەو کوێرەڕێگەیەی ڕووبەڕوویان بۆتەوە. کەواتە پرۆژەی سەرلەنوێ بنیاتنانەوەی حیزبەکان، لەسەر بنەمایەکی هاوچەرخ و بەپێی پرنسیپە دیموکراتییەکان، ئامانجێکی گرنگی ئەم قۆناغە و ئامرازێکی پێویستە بۆ دیموکراتیزەکردنو پەرەپێدانی کۆمەڵگە و فەرامۆشکردنی ڕاستە دەسەڵاتی جڵەوکارانی ئەو حیزبانە بۆ ماوەیەکی دیکە درێژدەکاتەوە، بەڵام دەبێتە مایەی لاوازبوونی ڕێکخراوەییو پێگەیان لە کۆمەڵگەداو بچووکبوونەوەو گۆڕانیان بۆ هێزی بچووکی بێ بایەخ. بۆ ئەو مەبەستەش ئەم هەنگاوانەی خوارەوە دەخەمەڕوو:

یەکەم: پێداچوونەوە بە مەرجەکانی کاری حیزبایەتیدا، لە ڕێگەی لێکۆڵینەوەیەکی لەسەرخۆوە، چونکە بەبێ تێگەیشتن لە ڕەهەندەکانی ئەو واقیعە سیاسی و کۆمەڵایەتییەی ئیمڕۆ حیزبەکان کاری تێدادەکەن، مەحاڵە گۆشەنیگایەک بۆ بنیاتنانەوەو نوێبوونەوەیان بەدەستبێت.

دووەم: چارەسەرکردنی ئەو کەلێنەی کەوتۆتە نێوان حیزبەکان و کۆمەڵگەوە. چونکە ئەنجامی شێوازی کارکردنی حیزبەکان، زۆرێک لە ئەندامانی حیزبەکان تووشی بێمتمانەیی بوون، یان لە حیزبدا خەمساردو بێ بەرهەم ماونەتەوە، یان لەناو حیزبدا کەوتوونەتە ناو گەمەی دەستەگەرییەوە، یاخود بڕوایان بە حیزبایەتی و بەشداریکردنی سیاسی نەماوە. ئەو چارەسەرکردنەش پێویستی بە بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە، ڕاستگۆیی، واقعیبوون، گرێدانەوەی سیاسەت بە ئەخلاقەوە، داڕشتنی پرۆگرامی سیاسیی گونجاوو قبوڵکردنی جیاوازییە ناوخۆییو دەرەکییەکان هەیە.

سێیەم: چارەسەرکردنی گرفتە ڕێکخراوەییەکان، وەک:

١ -خۆڕزگارکردن لە کارپێکردنی ئەزموونی حیزبـایەتی وڵاتانی دیکەیە، بەتایبەتی ئەزموونی لینینی (بەلشەفێکی) لە بواری بنیاتنان و کارکردنی حیزبدا، کە هۆکاری پیواری دیموکراسیی ناو حیزبـەکان و دروستکردنی پەیوەندیی نادروستی نێوان ئەوان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنییەو سیاسەتی کردۆتە کارێکی ئیرادەگەرانەی دابڕاو لە هەلومەرجی بابەتی. هەروەها گۆڕینی بونیادی ناوەندخوازیی ڕێکخراوەیی بۆ بونیادی بازنەیی کرانەوەخواز.

٢-ڕەتکردنـــەوەی چەمکی «یەکگرتوویی پۆڵایینی حیـــزب» و دەرفـــەتـــدان بە خونچەکردنی تێڕوانینە جۆربەجۆرەکان و گوزارشتکردن لەخۆیان لە ڕێگەی فراکسیۆنی جۆربەجۆرەوە، بۆ دەرگا داخستن بەڕووی چەپاندنی ڕێکخراوەیی‌و سیاسی و زەمینەخۆش نەبوون بۆ دەستەگەری و جیابوونەوەو لێکترازان.

٣ -کۆتاییهێنان بە پیرۆزکردنی تاقەسەرکردەو مانەوەی چەند سەرکردەیەک لە پۆستەکانیاندا بۆ ماوەی درێژ، چونکە ئەوە بۆتە هۆی قۆرخکردنی دەسەڵاتو بڕیارسازیی لەلایەن تاقەسەرکردەیەک یان کەمایەتییەکەوە -مەکتەبی سیاسی-و بێبەشکردنی ئەندام و کادیرەکانی تر لە دەستاودەستکردنی دەسەڵاتو حیزبەکانی بەرەو ڕەقهەڵاتنی فیکری و پیربوون بردوەو بۆتە هۆی سەرهەڵدانی جیابوونەوەخوازی.

٤ -بەهێزکردنی کەناڵەکانی وەگەڕخستنی ئەندامان و کارکردن بەشێوازی هەڵبژاردن، وەک ئامرازێکی دیموکراتیانـــەی بنیاتنانـــی ڕێکخستنەکانی حیزبو ڕێگەیـــەک بۆ نوێکردنـــەوەی حیزب، لە ڕێگـــەی دەرفەتڕەخساندنەوە بۆ توانا نوێکان و دوورکەوتنەوە لە ڕەوتی دیاریکردن و دەسنیشانکردنی پێشوەختو بەدەر لە پرنسیپەکانی پێڕەوی ناوخۆ بۆ پۆستەکان یان بەشداریکردن لە کۆنفرانسو کۆنگرەکاندا، چونکە بەوە کەسی شیاو لە شوێنی شیاو دادەنرێت و ولائی ئەندام بۆ حیزب و نیشتیمان دەبێت، نەک سەرکردە یان دەستەیەکی دیاریکراو.

٥ -کەمتەرخەمی نەنواندن لەئاست پێگەیاندنی سەرکردەی نوێداو ڕێگەدان بە گشت ئەندامەکانی حیزب بۆ گەیشتنە سەرکردایەتی گشـــت ئاســـتەکان، چونکە ئەوە ڕێگە بە نوێکردنەوە دەدات و خوێنی نوێ دەکاتە جەستەی حیزبەوە.

٦ -بایەخدان بە ڕەخنەو ڕەخنە لەخۆگرتن و دۆزینەوەی میکانیزم و ئامرازگەلی گونجاوە بۆ کارپێکردنی، لەبەرئەوەی ئەنجامی ئەوە کەموکوڕی و هەڵەکان دەستنیشاندەکرێن و دەرفەت بۆ چاکسازیکردنی حیزب و قوتارکردنی لە قەیران دەڕەخسێت.

٧ -سنووردانان بۆ ئەقڵیەتی پیلانگێڕی، گومانکردن، پەراوێزخستنو ڕەوتی ڕەهاخوازیی کە بۆتە هۆی بەرهەمهێنانی خۆپیرۆزکردن و ئەوانی دیکە بێبایەخکردن.

٨ -کۆتاییهێنان بە فەرامۆشکردنی پێڕەوی ناوخۆو گرێدانی کۆبوونەوەکانو بەســـتنی کۆنگرەکان لـــە کاتی خۆیانـــدا، لەپێناو پەرەپێدانی ڕێکخستنو بەدەستهێنانەوەی ڕەوایەتی و نوێکردنەوەی سەرکردایەتیدا.

٩ -ڕەتکردنەوەی ئەوەی حیزب سەرچاوەی بژێویی ئەندامەکان، یان کایەی

بەدەستهێنانی بەرژەوەندی و بەربژێری (ئیمتیازات) بێت و زیندوکردنەوەی ڕۆحی خۆبەخش کارکردن و تێکۆشانی ڕاستەقینە بۆ هێنانەدیی ئامانجەکان و خزمەتکردنی کۆمەڵگە.

گۆڤاری هەفتانە ژمارە (٥٩) ٩-١٥ ئاب ٢٠٠٩

## حیزبی فەرمانڕەوا و پێوانەی مامەڵەکردن

حیزبی سیاسی بوارێکە بۆ ئەوەی زۆرینە بیروڕای خۆی دەربڕێت و دەرفەتێکە بۆ ئەوەی ئەو زۆرینەیە بەرپرسیارێتی دەرکردن و ئاڕاستەکردنی بڕیار بگرێتەئەستۆ، یان یاریدەدەربێت بۆ هەڵبژاردنی چاکترین و گونجاوترین بڕیار، ئەمەش بەپێی هەلومەرجی مێژوویی باوو ئەو ئامرازە جێبەجێکاریانەی لەبەردەستدان. هەروەها حیزبی سیاسی گۆڕەپانی کۆششکردنی هاوبەشە بۆ هێنانەئارای گۆڕانکارییەکی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووریی خواستراو، کە تەبایە لەگەڵ ئەو وێناکردنانەی بۆ داهاتووی کۆمەڵەکە هەڵبژێردراون. ئەم گۆڕانکارییەش ڕەوایەتیدەداتە ئەو بڕیارانەی لەلایەن زۆرینەوە دەردەکرێن و ڕاستیی ئەو دەستپێشکەرییانەی دەکات بە بەردا، کە بەری کۆششکردنی دەستەبژێرەو دەرفەتی دەستکاریکردنی ئـــەو دەستپێشکەریانەو ڕاستکردنەوەی ئەو بڕیارانە لە بەرژەوەندیی ویستراوداو بەپێی هۆکارە نوێکان و هەلومەرجە کتوپڕەکان دەستەبەردەکات.

حیزب گۆڕەپانێکی فراوانە بۆ دەرهاویشتنی دەستەبژێری بە کەڵک و تەبا لەگەڵ ئەو ئەرکانەی مەبەستن و خزمەتی ئەو پەیامە دەکەن، کە پێویستە بگیرێتە ئەستۆ، ڕێکخراوێکیشە یارمەتی زۆرینە دەدات بەشێوەیەکی ڕاستگۆیانەو ئازادانە ئەو دەستەبژێرە هەڵبژێرێت و بەپرسیارێتی بسپێرێ بەوانەی بەچاکترو تواناتریان دەزانێ و مسۆگەرترن بۆ سەرخستنی ئەو بەرپرسیارێتییە. هەروەها حیزب چوارچێوەی گونجاو دادەنێ بۆ لێپرسینەوەی لەم دەستەبژێرەو چاودێریکردنی کۆششەکەی و ڕاستکردنەوەی میتۆدی پەیڕەوکراو لەلایەنیەوەو بەپێی پێداویستیی ئامانجە دیاریکراوەکان. شان بەشانی ئەوە دەرفەت دەڕەخسێنێ بۆ ئاڵوگۆڕکردنی ئەو دەستەبژێرە لە ئاستەکانی ڕابەرایەتیکردندا، بەو جۆرەش حیزب چالاکییەکی ناوەکی وەها بۆ لایەنگرانی خۆی زامندەکات، کە لەباریدایە چەمکەکان و هێزە گۆشکراوەکان بۆ گرتنەئەستۆی بەرپرسیارییەکان نوێبکاتەوە.

کارامەیی دیموکراتیانەی حیزبە تێکۆشەرەکان پاش بەدەستهێنانی دەسەڵات

تاقیدەکرێتەوە، یەکەمین ڕواڵەتەکانی ئەو تاقیکردنەوەیەش، ڕاستبوونەوەیەتی بۆ فەرمانڕەواییکردن و بەڕێوەبردنی کاروبارەکان، وەک تەواوکردنی قۆناغی خەباتی پێشوو و دەرگاکردنەوە بەڕوی قۆناغی بنیاتنانی سیاسی و بەردەوامبوونی لەسەر ڕاپەڕاندنی بەرپرسیارێتی مەزن. بێگومان دەستەبژێری سەرکردایەتی ئەو حیزبانە بەپێی ڕەوایەتییەکی مێژوویی، کە لە خەباتی سەرکەوتووەوە بەدەستهاتوە، بەهانەیەکی بنچینەیی بەدەستەوەیە بۆ پاراستنی ئەو مۆنۆپۆڵکردنەی هیچ ڕەوایەتییەکی دەستووری نییەو وای لێدەکات ئاوێتەکردنی ساختەکارانە یان ئاڵوگۆڕئامێزی نێوان جۆرە جیاوازەکانی بەرپرسیارێتی بەڕەوا ببینێ. بەڵگەنەویستە، لۆژیکی ڕاییکردنی کاروبارە گشتییەکان پشت بە کۆمەڵێک خەسڵەتی مرۆیی دەبەستێت، کە جیاوازە لەگەڵ پێداویستییەکان و شێوازەکانی خەباتی شاخداو دەیسەپێنێ بەسەر ئەوانەی کاروبارە پەروەردەیی و کۆمەڵایەتیو دیبلۆماسییەکان ڕادەپەڕێنن، جۆرەها شارەزایی و توانایان هەبێت، کە لۆژیکی خەباتی ڕزگاریخوازانەی پێشوو گەرەکی نەبوە. چونکە ئەمەیان پێویستی بە ئیرادەی بەهێزو سووربوون لەسەر بیروڕاو ئازایەتی لە کاتی میحنەت و خۆڕاگریی لەساتی بێهیواییدا گەرەک بوو، لەکاتێکدا ئەویتریان پێویستی بە مەعریفەی چەسپێنراو بەئەزموون و لێهاتوویی پشتئەستوور بە مەشقکردن و نەرمونیانییە بۆ ڕاستکردنەوەی ئاڕاستەی کارکردن.

لای ئێمە، دوای ڕاپەڕین، ژمارەی کەسە لێهاتوە هونەرییەکان کەم بوو لەناو تێکۆشەرانی حیزبە باڵادەستەکاندا. ئەو کەسانەی خاوەن ڕووخساری پیشەییو ئاستەکانی مەعریفەو ئەزموونی وەهابوون، کە بەرپرسیارییە نوێکان پێویستی پێیان هەبوو. بۆیە حیزبە فەرمانڕەواکانمان ناچاربوون لەو تێکۆشەرانەی لەبەردەستیاندابوون، بەپەلەو لە کەشی مەستبوون بە سەرکەوتن و بەقەڵەمبازێک لە پەرۆش بۆ خۆهەڵقورتاندن لە گرفتەکان، چەند دانەیەک هەڵبژێرن بۆ ئەنجامدانی کارەکان. لێرەشدا سەرمەستبوون بە سەرکەوتن هۆی بچووککردنەوەی کێشەکانی هەڵسوکەوتکردن و کەم بایەخکردنی مەسەلەکانی بنیاتنانی نیشتیمانی بوو، ئەمەش پشتئەستوور بە بەراوردکردن لەنێوان ئەو گرفتانە و گرفتەکانی خەباتی شاخدا، کە بەراوردکردنیان ڕاست نییە، چونکە لە دوو ڕەگەزی جیاوازن.. بەو جۆرە حیزبەکانمان جارێکی دیکە تاقیکرانەوە، کاتێک هەڕەمەکیانە مامەڵەیان لەگەڵ هەڵبژاردنی مرۆڤەکاندا کرد و بەرپرسیارێتیان خستە ئەستۆی ئەوانەی شایستەی نەبوون و جیاوازیان لەنێوان دەروەستبوونی سیاسی (کە زۆرجار دادەخزێتە خوارەوە بۆ ئاستی دەروەستی تاکەکەسی) و لێهاتوویی پیشەییان

نەکردو سڵیان لەوە نەکردەوە، کە مەرجی یەکەم پێش ئەوەی دوەم بخەن. بۆ ئەمەش بەهانەی ئەوە دێننەوە، کە سەردەمی سەربەخۆیی هێشتا پڕ مەترسییەو ڕیزەکانیان پڕە لە دوژمن و چاوە چێنراوەکان. هەروەها ئەوە دەردەبڕن، کە ڕژێمی نوێ هێشــتا بەهێزنییەو هەڕەشەی ســەربازە چاوتێبیرپیوە نهێنییەکانو بەرژەوەندخوازەکان و دەرەبەگی سیاسی و ئابوورییەکانی لێدەکرێت، کە ترسی لەدەستدانی پلەکارو دەستکەوتەکانیان لێ نیشتوە.

ئەنجامی ئەوەش نەوەی نوێمان گەیشتۆتە ئەو بڕوایەی کە: کارتی ئەندامبوونی حیزب باشتر و سوودبەخشترە لە بڕوانامەی کۆلیژەکان و کۆششکردنی بێوچان بۆ بەدەستهێنانی ئەو بڕوانامانەو مەعریفەو شارەزاییەکان کات و کۆشش و وزە بەفیڕۆدانە. سەرەنجامیش بەدگومانی پەیوەندیی ئەو حیزبانــەی بەنەوەی نوێوە تێکداوەو هەستی ڕێزگرتنی خاوەن بڕوانامەکانی لای تێکۆشەرو لایەنگرانی خۆیان لاوازکردوەو لەناخی حیزبییەکاندا وریایی و بەدگومانیان بەرامبەر بەوانە چاندوە کە شانازی بە مەعریفەوە دەکەن و خۆیان بە لێهاتوویی هونەرییەوە بادەدەن. هەروەها ئەنجامی ئەوە دیالۆگی نێوان حیزبی فەرمانڕەواو پەیمانگە زانستییەکانو ڕابەرانی گەندەڵبوە. ئەمەش بۆتە هۆی دوورکەوتنەوەی نەوەی نوێ لە ژیانی سیاسیی نیشتمانەکەیان، کە دەشێت ببێتە هۆیەک بۆ هەوڵدانی ئاشکراو نهێنی بۆ دامەزراندنی گروپی دابڕاو یان حیزبی نوێ. بێگومان ئەمانەش بەری ڕێبازی ستەمکارانەو هەڕەمەکیانەیە، کە بەتەنیا شکۆمەندیی فەرمانڕەوایی جڵەوکردوەو گەورەترین هۆکاری بەرپرسیارە لە کۆچکردنی توانا پیشەیی و زانستیەکانمان بۆ دەرەوەی نیشتیمانو جێگیربوون لە ئاوارەییو بەگەرخستنی وزە داهێنەرەکانیانو پاڵاوتەی کۆششەکانیان لە ژینگەیەکی سیاسیی کراوەداو لە خزمەتی کۆمەڵگەیەکی نامۆدا، کە فلسێکی سەرف نەکردوە بۆ پێگەیاندنو خوێندن تەواوکردنیان.

## ئایا ڕێکخراوی جەماوەری پاشکۆی حیزبی سیاسییە؟

زۆرێک جیاوازی ناکەن لەنێوان کاری حیزبی سیاسی و کاری ڕێکخراوی جەماوەریدا، لە کاتێکدا جیاوازیی زۆر لەنێوان کاری ئەو دوو جۆرە ڕێکخراوەدا هەیە، بەڵام ئەو جیاوازییە مانای ناکۆکی و لێکدابڕانی کاری ئەو دوو جۆرە ڕێکخراوە نییە.

جیاوازیی نەکردن لەنێوان چەمکی حیزب و چەمکی ڕێکخراوی جەماوەریدا، گەلێک مرۆڤ بەرەو ئاڕاستەی پێک یەکسانکردنی حیزب و ڕێکخراوی جەماوەری دەبات، ئەمەش هەڵەیەکی زیانبەخش یان مەترسیدارە. بەوپێیەی حیزب ڕێکخستنی کۆمەڵە تاکێکە، کە خاوەن هەمان تێڕوانینی سیاسین و کار بۆ بڵاوکردنەوەی ئەو تێڕوانینەو هێنانەدیی ئامانجگەلێکی نزیک و دوورمەودا دەکەن‌و دەشێت لە دەسەڵاتگرتنەدەست یان کاریگەریخستنە سەر دەسەڵاتی سیاسیدا چڕبکرێنەوە، بەڵام ڕێکخراوی جەماوەری شێوازی ڕێکخستنی فراوانی جەماوەرە لەپێناو هێنانەدیی ئامانج و داخوازیی کۆمەڵایەتی (ڕێکخراوەکانی لاوان، ژنان‌و پاراستنی مافەکانی منداڵ)، یان پیشەیی (سەندیکاکان)، یان توێژگەریی دیاریکراو (مامۆستایان، جوتیاران، ژینگەپارێزان)، یاخود لیژنەی میللی خاوەن ئامانجی کاتی و کورتمەودا.

بنچینەی بابەتیی دامەزراندنی ڕێکخراوە جەماوەرییەکان، پێویستیی یەکخستنی جەماوەرە لەپێناو خزمەتکردنی بەرژەوەندییەکی تایبەتی، یان دەستەبەرکردنی پێداویستییەکی دیاریکراوداو لەهەمبەر سیاسەتگەلی نادادپەروەرانەی حکومەت لە گشت بوارەکانی ژیانی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، کولتووری‌و بۆ بەشدارییپێکردنی فراوانی جەماوەر لە گۆڕانکاریی دیموکراتیانەدا.

لە کۆمەڵگەی کوردستاندا، ئەنجامی سیاسەتی حیزبەکان، جۆرێک بەهەڵە تێکەڵکردنی کاری حیزب و ڕێکخراوی جەماوەری لەئارادایە، چونکە حیزب لەمێژەو لەژێر کاریگەریی ئەزموونی لینینیزمدا ڕوویکردۆتە دامەزراندنی چەندین

ڕێکخراوی جەماوەریی پاشکۆی خۆی، کە زیاتر دەشێت بە ڕێکخراوی حیزبی خاوەن سروشتی جەماوەری ناویان بەرین، نەک ڕێکخراوی جەماوەری. ئەو ڕێکخراوانە هەمیشە پابەندبوون بە بەرنامەی حیزبەکەیانەوەو چەتری حیزب بوون لەناو جەماوەردا، بۆ کۆکردنەوەو گۆشکردنی حیزبیانە، بەبێ گوێدانە ئەوەی هەندێک لە ئەندامەکانی ئەو ڕێکخراوانە ناحیزبین یان ئینتیمایان بۆ ئەو حیزبە نییە. بەوجۆرە ئەو ڕێکخراوانە گۆشەگیربوون و بەپێی سروشتەکەیان داخراوبوون بەڕووی جەماوەری فراوانی دیاریکراوداو ئەندامەکانی ناچاربوون بڕیارەکانی حیزب جێبەجێبکەن، نەک خاوەن بڕیارو یست و جێبەجێکردنی خۆیان بن.

شان بەشانی ئەو ڕێکخراوە حیزبیانە، چەندین ڕێکخراوی جەماوەری لەئارادابوون، کە لە سێبەری هیچ حیزبێکدا کاریان نەکردوە، بەڵکو تێکۆشاون بۆ بەرگریکردن لە داخوازییەکانی توێژەگەلی جیاوازو کۆششیانکردوە بۆ چاککردنی بارودۆخی ئەوان. بۆ جیاکردنەوەی ئەو ڕێکخراوانە لە ڕێکخراوە حیزبیەکان، دەکرێت بڵێین ڕێکخراوە حیزبیەکان ئەوانەن، کە کاردەکەن بۆ گەیاندنی دەنگی حیزب بە جەماوەرو هێنانەدیی ئامەنجگەلی حیزبی لە ڕێگەی ڕێکخراوی جەماوەرییەوە، ڕێکخراوە جەماوەرییەکانیش ئەوانەن کە کاردەکەن بۆ هێنانەدیی ئامانجگەلی جەماوەری و جەماوەری فراوان–نەک حیزبیەکان– بەشداریدەکەن لە دامەزراندنو دیاریکردنی جۆری تێکۆشان و ئامانجەکانیداو هەر لەئامێزگرتنێکی ڕێکخراوەکان لەلایەن حیزبەکانەوە بە لاوازکردنی کاری جەماوەری و لەدەستدانی سەربەخۆیی بیرکردنەوەو بڕیاردان و کارکردن لەقەڵەمدەدەن.

## ئامانجەکانی حیزب و ئامانجەکانی ڕێکخراوی جەماوەری:

ئامانجەکانی حیزب بریتین لە: گۆشکردنی چینێکی دیاریکراو یان زیاتر بۆ کۆبوونەوە لە دەوری حیزب، بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی سیاسیی حیزب لەناو ئەو چینانەی مەبەستن، باوەڕهێنان بە جەماوەر بەگشتی و جەماوەری دیاریکراو بەشێوەیەکی تایبەتی بۆ قبوڵکردنی بەرنامەی حیزب، سەرکردایەتیکردنی ململانێی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی لەپێناو دەسەڵاتگرتنەدەست یان فشارهێناندا، بنیاتنانی میکانیزمەکانی پاراستنی بەردەوامیی حیزب...هتد. لەکاتێکدا ئامانجەکانی ڕێکخراوە جەماوەرییەکان بریتین لە: بنیاتنانی بنکەیەکی جەماوەری، کە باوەڕی بە گۆڕان هەیەو بۆی تێدەکۆشێت، یارمەتیدانی جەماوەر بەگشتیو جەماوەری دیاریکراو بەشێوەیەکی تایبەتی بۆ بەدەستهێنانی هۆشمەندییەکی یاساکارانە بەو شێوەیەی

لە بەڵگەنامە نێودەوڵەتیەکاندا سەبارەت بە مافە ئابووری، کۆمەڵایەتی، کولتووری، سیاسیو شارستانیەکان هاتوون، هاوکاریکردنی جەماوەر بۆ بەدەستهێنانی هوشیارییەکی پەروەردەکارانە، کە یاریدەدەربێت بۆ ئەوەی پەروەردەکردن و ڕاهێنانی نەوەکانی داهاتوومەیسەربێت و وایان لێ بکرێت لە بەرژەوەندییەکانی خۆیان تێبگەن و کاربکەن بۆ چاککردنی هەلومەرجی مادیو مەعنەوی خۆیان، لە ڕێگەی فشارخستنە سەر دەسەڵاتی سیاسی، یارمەتیدانی جەماوەر بۆ تێگەیشتن لە ڕۆڵی ڕێکخراوەکان لە سەرکردایەتیکردنی خەباتە پیشەییەکاندا.

پەیوەندیی نێوان ئامانجەکانی حیزب و ئامانجەکانی ڕێکخراوە جەماوەرییەکان، پەیوەندیی بەشە بە گشتەوە، کە دەشێت پەیوەندییەکی ڕاکێشەر یان دەرپەڕێن بێت. ئەگەر ئامانجی حیزب چەسپاندنی واقیعی باو بێت، ئەوا ناکۆک دەبێت بەو ئامانجانەی ڕێکخراوە جەماوەرییەکان تێدەکۆشن بۆیان و سەرەنجام دەرپەڕێن دەبێت، بەڵام ئەگەر ئامانجی حیزب گۆڕینی واقعی باو بێت، ئەوا ڕاکێشەر دەبێتو پەیوەندیی نزیکبوونەوەی لەگەڵ ڕێکخراوە جەماوەرییەکاندا دەبێت. بەو جۆرە ئەگەر حیزب خاوەنی ئەو ئامانجانە بێت کە گوزارشت لە ویستی گۆڕانکاریی ڕاستەقینە دەکەن، ئەوا حیزب ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە پشتگیریکردنی ڕێکخراوە جەماوەرییەکاندا، بۆ هێنانەدیی ئەو ئامانجانەی پەیوەندیان بە چاککردنی بارودۆخی مادی و مەعنەویی جەماوەرەوە هەیەو زۆرجار ئەو پشتگیریکردنە لە هەندێک قۆناغدا دەگاتە ڕادەی بەناویەکداچوون و یەکگرتن. بۆیە هەندێک بەهەڵە ئەم بەناویەکداچوون و یەکگرتنە لێکدەدەنەوەو ڕێکخراوە جەماوەرییەکان بە حیزب ناودەبەن، کە ڕاست نییە. چونکە پێکەوەگرێدانی کۆشش لەپێناو هێنانەدیی ئامانجگەلی حیزبی و جەماوەریدا لە چوارچێوەی بەرەیەکی نیشتیمانیدا دەبێت، بۆ دەستەبەرکردنی دیموکراسی و لەقاڵبدانی کۆششی ڕێکخراوە جەماوەرییەکان لەلایەن حیزبەوە، خستنەگەڕێکی ناشەریفانەو ناپیشەکارانەیە لەپێناو ئامانجگەلی تەسکی حیزبایەتیدا، کە پەیوەندییان بە چاککردنی هەلومەرجی جەماوەرو خواستی گۆڕینی واقیعەوە نییە.

## کاری جەماوەری و کاری حیزبی:

کاری جەماوەریی ڕاست و دروست ئەو کارەیە، کە داماڵراوە لە کۆتوبەندی تەسکی حیزبایەتی، کراوەیە بەڕووی جەماوەردا، ئامانجی چاککردنی بارودۆخی هەمەلایەنی جەماوەرو کارلێککردنی ئەو پێکهاتانەیە، کە خاڵی هاوبەشی

لەگەڵیاندا هەیە، هاوکاریکەری گشت ئەو ڕێکخراوانەیە کـــە لـــە ڕووی ئامانج و بەرنامەو پرنسیپەوە لێوەی نزیکن. ئەم کارەش ڕێکخراوە جەماوەرییەکان، لەسەر پێگەو نوێنەرایەتیکردنی جەماوەر، فرێناداتە ناو ململانێ یان پێشبڕکێوە لەگەڵ حیزبە سیاسییەکان. کاری حیزبیی ڕاست و دروستیش پشتگیریکەرو یاریدەدەری ئەو ڕۆڵەیە، کە ڕێکخراوە جەماوەرییەکان دەیگێڕن و شێوازگەلی پەیوەندیی (دامەزراوە بۆ دامەزراوە) لەگەڵیان بنیاتدەنێت، ئەمەش پشتئەستوور بە تەبایی تێڕوانینو ئامانجەکانیان. هەروەها ئەوەیە، کـــە ســـوود لە تێکۆشان و چالاکی و خزمەتگوزارییەکانی ڕێکخـــراوە جەماوەرییـــەکان وەردەگرێتو بەکاریاندەبات بۆ خزمەتکردنی ئەو چین و توێژە کۆمەڵایەتیانەی کۆششدەکات بۆ نوێنەرایەتیکردنیان، ئەوەش لە ڕێگەی ئەو ئەندامانەیەوە کە لەناو ڕێکخراوە جەماوەرییەکاندا کاردەکەن، بەبێ دەستێوەردانی زۆرەملیانەوە لە کاروبارەکانیان یان هەوڵدان بۆ قۆرخکردن و جڵەوکردنیان. پێویســـتە یەکخستنی کۆششو جوڵانەوەکانی ڕێکخراوە جەماوەرییە جۆربەجۆرەکان لە خەباتی دیموکراتیانەی گشتیدا ئامانجێکی حیزبە دیموکراتییەکان بێت، ئەوەش لە ڕێگەی بەشداریکردنی ئەندامەکانی حیزبەکانەوە لە ڕێکخراوە جەماوەرییەکاندا و کارکردن بۆ هێنانەدیی ئامانجەکانیان، بە پاراســـتنی ســـەربەخۆیی ڕێکخراوەیی و پابەندبوون بە ڕێسا دیموکراتیەکانی کارکردنیان و دوورکەوتنەوە لە باوکایەتیکردن و کۆنترۆڵکردنیان. ئەندام حیزبی کارکردو لەناو ڕێکخراوە جەماوەرییە دیموکراتییەکاندا دەتوانێت ڕۆڵی سەرکردایەتی بگێڕێت، لە ڕێگەی پابەندبوونەوە بە پرنسیپە دیموکراتییەکانو بەرنامەی کاریانەوەو بەدەســـتهێنانی متمانەیـــان ئەنجامی کـــاری بێوچـــان، بەڕەچاوکردنی ئەوەی ڕێکخراوی جەماوەری زۆرینەیەکی ناحیزبی لەخۆگرتوەو دەشـــێت کەسانی دیکەش لەئامێزبگرێت، کە ســـەر بە حیزبی دیکەن. بەو جۆرە کارکردن بۆ پاراستنی یەکگرتوویی ڕێکخراوە جەماوەرییەکان، لە ڕێگەی پاراستنی سەربەخۆیی و پێڕەوی ناوخۆو کاری دیموکراتیانەوە زۆر پێویست و هەستیارە.

لەکۆتاییدا، پێویستە جەغت لەسەر ئەوە بکرێتەوە، کە دەسەڵاتی سیاسی زۆرجار کۆششی بێوچانی کردوە بۆ جڵەوکردنی جوڵەی ڕێکخراوە جەماوەرییەکان. ئەوەش لە ڕێگەی پارەپێدان و دامەزراندنەوە دروشمی «دەستوەرنەدانە سیاسەت»ی ئەو ڕێکخراوانەوە، بەمەبەستی ئیفلیجکردنی جوڵە یان بەلاداڕێبردنیان، سەرەنجامیش گۆڕینیان بۆ ئامڕازگەلی ملکەچ و گوێڕایەڵ، بەشێوەیەک کە ناکۆک بێـــت لەگەڵ بەرژەوەندی و پێداویستییەکانی ئەو توێژە کۆمەڵایەتیانەی ڕێکخراوەکان

نوێنەرایەتیاندەکەن. بۆ سەرخستنی ئەو کارەش، ئەندامە ناحیزبیەکان یان ئەوانەی سەر بە حیزبە دیموکراتیەکانن لەو ڕێکخراوانە دەردەپەڕێنن، یان بە بەهانەگەلی جۆربەجۆر لە پێگەی دەسەڵاتی ڕێکخراوەکان دووریاندەخەنەوە. بۆیە گەرەکە ئەندامە هوشیارەکان وریای ئەو کۆششانە بن و بەرەنگاریان ببنەوەو جەغتبکەنەوە لەسەر دیموکراتیبوونی ڕێکخراوەکان و گرنگیی بوونی کۆمەڵگەیەکی مەدەنیی ڕاستەقینە، نەک ساختە.

گۆڤاری هەفتانە ژمارە (٦٠) ١٦-٢٢ ئاب ٢٠٠٩

## ململانێی نێوان ئامانجەکانی زانکۆ و دەسەڵات

لێکدابڕانی دامەزراوە کۆمەڵایەتیـەکان و حوکمڕانی مەحاڵە، تێوەچوونی تەواوەتیشیان ئەستەمە، چونکە هەر دامەزراوەیەک بواری چالاکیی خۆی هەیەو شانازی بە ئامانجەکان و بەهاکانی خۆیەوە دەکات. بۆیە بوونی جۆرێک لە تەبایی حاشاهەڵنەگرە، لەبەرئەوەی ئەو دامەزراوانە – جا ڕادەی جیاوازیو پلەی پەیوەندییان هەرچەندێک بێت – بەهۆی کۆمەڵێک پەیوەندیی دوولایەنەوە پێکەوە گرێدراون. لەلایەکی دیکەوە، هۆکارەکانی تەبایی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کارلێککردنی حوکمڕانەکان و زانکۆ بایەخێکی گرنگی بۆ هەردوولا هەیە، چونکە ئەو مەعریفە زانستییەی زانکۆکان بەرهەمیدێنن، گرنگە بۆ حوکمڕانی و زانکۆکان ئامڕازی نوێکردنەوەی کۆمەڵگەن.

وێڕای هۆکارەکانی تەبایی نێوان زانکۆکـان و حوکمڕانـەکان، هۆکاری زۆری ناتەبایی لەنێوان هەردوولایەندا هەن، ئەو هۆکارانەش دەگەڕێنەوە بۆ جیاوازیی سروشت و ئامانجەکانی هەرلایەک، کە لەمانەدا دەردەکەوێت:

– *کەم تەمەنیی زانکۆکان*: زۆربەی زانکۆکانی کوردستان نوێن و هەتاکو ئێستا نەیانتوانیوە نەریتە ئەکادیمییەکان بخەملێنن. هێشتاش زۆرینەی کۆمەڵگەکەمان، بەتایبەتی حوکمڕانەکان، گرنگیی ڕۆڵی زانکۆکانی فەرامۆشکردوە. ئەمە وێڕای ئەوەی زانکۆکان ژیانی پڕ قەیرانی خۆیان دەگوزەرێنن. هەموو ئەو ڕاستیانە پەیوەندییەکی لەرزۆکی پڕ شڵەژانیان لەنێوان زانکۆکان و حوکمڕانەکاندا بەرهەمهێناوە.

– *باڵادەستیی حوکمڕانەکان*: یەکێک لە ڕووخسارەکانی کۆمەڵگەکەمان، باڵادەستیی هێزە سیاسییە باڵادەستەکانە، کە بەشـێکی فراوانی کۆمەڵگەیان بەسیاسـەتی خۆیان ڕەنگکردوە، لەوانە زانکۆکانیش. زۆربەی دەسەڵاتدارانی سیاسیی ئەو هێزانە ئامادەنین چالاکیی سیاسیی جیاواز لەناو دامەزراوە فێرکارییەکاندا هەبێتو لەوەش خۆش نابن ڕەخنە لەناو زانکۆکانەوە ئاڕاستەیانبکرێت. ئەگەرچی ئەو دەسەڵاتدارانە وای دەردەبڕن، کە دان بە تایبەتمەندیی زانکۆکاندا دەنێن و

پایەیەکی تایبەتیان پێ دەبەخشن و بڕوایان بــە ســـەربەخۆیی زانکۆکان هەیە، کەچی هێشتا زانکۆکان سێبەر و پاشکۆی سیاسین.

لەڕاستیدا ناشێت زەمینــەی بوونــی زانکۆکانمان خۆشتربکرێت، بەبێ بوونی دەسەڵاتێکی بەکردەوەی مامۆستایان و بەڕێوەبەرانی زانکۆ سەبارەت بەو مەسەلانەی تایبەتن بە دامەزراندن و پلەدان بە کارمەندان، وەرگرتنی خوێندکاران لە زانکۆکان و دانانی پرۆگرامی خوێندن. لێرەدا دەپرسین: زانکۆکانمان چ سوودێکیان هەیە، ئەگەر نەبنە سەکۆ بۆ گەشەپێدانی گیانی توێژینەوە، سەرچڵی ئەزموونگەرانەو تێڕامان؟ زانکۆکانمان چییان بەسەردێت، ئەگەر نەبنە پارێزەرو چەسپێنەری دەسەڵاتی ئەقڵ؟

پرنسیپەکانی ئازادیی ئەکادیمیانە ئەو بنچینە ڕاستەقینانەن، کە بوونی زانکۆکانیان لەسەر ڕاوەستاوەو بەبێ ئەوانە ژینگەی ئەکادیمی بەهایەکی ڕاستەقینەی نابێت. ئەگەر حوکمڕانەکانیش دان بە ســەربەخۆیی زانستیی ڕاستەقینەی زانکۆکاندا نەنێن و وەک سەربەخۆیی دادگاکان تێی نەڕوانن، ئەوا سەرلێشێواوی باڵدەکێشێت بەسەر ژیانی زانکۆکاندا. بێگومان ئەم ئازادییە ئەگەری سەردەرکردن بۆ هەندێک تاک دەڕەخسێنێت، کە لایەنداری حوکمڕانەکان نابن، بەڵام ئەمە ئەو نرخەیە دەبێت بیدەن، ئەگەر مەبەستیان بێت کۆمەڵگەی نوێ دابمەزرێت.

بەوجۆرە ئەگەر دەسەڵاتی حوکمڕانەکان زاڵبێت بەسەر دامەزراوە ڕۆشنبیریو فێرکارییەکانی کۆمەڵگەدا، ئەوا ڕۆشنبیران دەگۆڕێن بۆ فەرمانبەر یان کارمەندێک، کە پشتئەستوور بەکەسانی دیکە دەژین، زانکۆکانیش نابنە مەنزلگەی ڕۆشنبیرە سەربەخۆکان و مامۆستایانی زانکۆش دەبنە فەرمانبەری ڕووت و پاشکۆو پێوانەکانی هەڵوەستەکردنی ئەکادیمیانەو داوەریکردنی بابەتیانەی مەسەلەکان لەدەستدەدەن و دەبنە کۆسپ لەبەردەم فیکری سەربەخۆدا. لێرەدا دەبێت هێما بۆ ئەوە بکەین، ئەگەرچی سەربەخۆیی زانکۆکانمان بەپێی یاسا پارێزراوە، بەڵام لەواقیعدا ئەو سەربەخۆییە هێشتا ساوایە.

## ململانێی نێوان هێزەکانی ناو زانکۆ و دەرەوە:

وێڕای کاریگەریی هەندێک هێزی دەرەکی لەسەر زانکۆکان، وەک دەسەڵاتدارانی سیاسی یان دۆخی کۆمەڵایەتی، هۆکارەکانی ناو زانکۆ کە تایبەتن بە دەسەڵاتی زانستیو مەعنەویو ئەخلاقی بۆ بینینی ڕۆڵی کاریگەر زۆر گرنگن. ئەمەش پشتئەستوور بەو ڕاستییەی هۆکارە ناوەکییەکان هەمیشە کاریگەرترن لە هۆکارە دەرەکییەکان.

هۆکارە ناوەکییە بنچینەییەکانی شکستخواردنی زانکۆکان: یەکەمین خەوشیی ژینگەی ئەکادیمی، ئەو هەستکردنە کوشندەیەیە بە کامڵیو چاکیی خودو ناتەواویو خراپیی ئەوانی دیکە. بێگومان ئەم هەستکردنە یەکێکە لە خەوشییە باوەکان، بەڵام دەشێت تاکە ڕۆشنبیرە جیاکارەو هەستیارەکانیش گیرۆدەی دەستی ببن. لێرەدا دەبێت هێما بۆ ئەوە بکەین، کە هەمان ئەو هۆکارانەی دەبنە هۆی پەرەسەندنی زانکۆکان و بەهێزکردنی پێگەیان، دەبنە هۆی دارمانیان. چونکە هەتاکو زانکۆ زیاتر تووشی لەخۆباییبوون ببێت و هەوڵبدات بۆ بەدەستهێنانی ناوبانگی خۆی لە ڕووی ئامانج و بەرهەمەکانییەوە، لاوازتردەبێت. هەتاکو دەسەڵاتی دەرەکی زیاتربێت، دەسەڵاتی ناوەکی لاوازتردەبێت. هەتا لە ڕووی زەوی و زارو خانووبەرەوە دەوڵەمەندتربێت، لە ڕووی ڕۆحی فیکرییەوە هەژارتردەبێت. دووەمین خەوشیی ئەکادیمی، ترسنۆکیی زانکۆکانە. چونکە ئەگەرچی مامۆستایانی زانکۆ بایەخ بە چاکی و پاکی دەدەن، بەڵام بەداخەوە هەوڵدەدەن لە ئاستێکی بەرتەسکدا گیربیکەن، لەبەرئەوەی ئەکادیمیستەکان بەسروشتی خۆیان وریاو بەگومانن و زیاتر ژیانی ئارام هەڵدەبژێرن و خۆ لە مەسەلە مەترسیدارو «بڤەکان» نادەن.

## هۆکارە ناوەکییە بنچینەییەکانی سەرکەوتنی زانکۆکان:

ئەگەر بڕوامان بەوەهێنا، کە زانکۆکان ڕۆڵێکی زیندوویان هەیە لە پەرەپێدانی کۆمەڵگەدا و زانکۆکانی خۆیشمان هەتاکو ئێستا وەک پێویست بەوەفانەبوون بۆ بینینی ڕۆڵی چاوەڕوانکراوی خۆیان، ئەوا دەپرسین: چۆن دەتوانین هەڵوێستی زانکۆکان چاکتربکەین؟ چۆن زانکۆکان دەتوانن پشت بەخۆ بەستو گەشە بەخۆیان بدەن؟ لەڕاستیدا دۆخەکە ڕەشبینانە نییە و لێرەدا هەندێک پرنسیپی گشتی دەخەینەڕوو، کە دەشێت کلیلی چارەسەربن:

١-ڕیفۆرمی زانکۆکان گرنگن، بەڵام ناکرێ لە دەرەوەڕا بسەپێنرێت. چونکە (بۆ نموونە) دەکرێت کۆڕو کۆنگرە دەرەکییەکان یاریدەدەربن، بەڵام ناشێت جێگرەوەی هەوڵدانە ناوەکییەکان بن بۆ خۆڕێکخستنەوەو خۆنوێکردنەوە. بەواتایەکی دیکە، دەبێت ڕیفۆرمی زانکۆ لەناو خودی زانکۆوە هەڵقوڵێت.

٢- ئامانجی بنچینەیی بەهێزکردنی ویستی فیکریی مامۆستایانی زانکۆیە. ئەم بەهێزکردنە تەنیا سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی دامەزراوەیی و کارپێکردنی بایەخپێدانو بەرپرسیاری لەلایەن زانکۆکانەوە نییە، بەڵکو پێویستیشی بە بەهێزکردنی لایەنی ئەخلاقیی (بەواتا فەلسەفییەکەی) دەستەی مامۆستایان هەیە، چونکە پێویستە

ئەوانە خاوەن بڕوایەکی ڕاستگۆیانە بن و خۆ لە دەم چەورکردن و تەڵەی سیاسی بەدووربگرن. ئەگەر ئەوانە ئەنجامدران، ئەوا وێڕای ژمارە زۆریی خوێندکاران‌و هەلومەرجی سەختی کارکردن و جیاوازی و ناکۆکییە سیاسییەکان، داهاتوویەکی گەش چاوەڕوانیاندەکات.

٣- ئەگەر زانکۆ مەنزلگەی ئەقڵ‌و ویژدان بێت، ئەوا پێویستە مامۆستای زانکۆ هەوڵبدات شایستەی ئەو مەنزلگەیە بێت و لە کەسێتی و ڕەفتارەکانی خۆیدا ئەو بەها فیکری و ئەدەبیانە بەرجەستەبکات، کە زانکۆ دەپارێزن، چونکە زانکۆ لە دەرەوەڕا ناپارێزرێت، بەڵکو لەناوەوەڕا قایمدەکرێت.

٤- ئەرکی سەرشانی زانکۆکانە بێلایەنی و بابەتیخوازی و سەرڕاستی بپارێزن، بۆ ئەوەی ئەو کەشە دەستەبەربکەن، کە مامۆستایان و خوێندکارەکان بتوانن لە سایەیدا گفتوگۆو ئاخاوتن و هەڵسەنگاندن و ڕەخنەگرتن سەبارەت بە دیاریکردنی ئاقارو پراکتیکی جوڵانەوە ئەنجامبدەن.

٥- زۆر لاوی بەهرەدار لە ژیانی زانکۆکاندا هەڵدەکەون، کەچی زۆری پێ ناچێت لە ڕووی ئەکادیمییەوە لاوازو سستدەبن، لەبەر گواستنەوەیان بۆ بەڕێوەبەرێتیەکان یان لەدەستدانی وزەو خواستی گەشەکردن و گۆڕانیان بۆ بیروکراتیی نێو زانکۆکان. ئەمەش مەسەلەیەکە دەبێت هەڵوەستەی لەئاستدا بکرێت و چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە.

گۆڤاری هەفتانە ژمارە (٦١) ٢٣-٢٩ ئاب ٢٠٠٩

## چاکسازیی بواری هاتوچۆ
## پاراستنی گیانی هاووڵاتیانو بەهەدەرنەدانی سامانێکی زۆرە

### دەستپێک:

ملیۆنەها ئۆتومبیلی جۆربەجۆری بچووک و گەورەو ماتۆڕی هەمەڕەنگ لەسەر شەقامەکانی دنیا هاتوچۆدەکەن. ئەگەرچی ئەوانە یارمەتیدەری مرۆڤنو ئاسانکاریی زۆری بۆ دەکەن، بۆ ڕاییکردنی کاروباری ڕۆژانەو خێراکردنی ئەنجامدانی کارەکان، کەچی ساڵانە دەبنە هۆکاری مردنی نزیکەی ملیۆن و سەد هەزار کەسو برینداربوونی زیاتر لە چــل ملیـــۆن کەس. دەکرێت ژمارەی مردنی ڕووداوەکانی هاتوچۆ بشوبهێنین بە کەوتنـــەخوارەوەی ڕۆژانەی دە فڕۆکەی بۆینگ ٧٤٧. لێرەشدا مرۆڤ هۆکاری سەرەکیی پێشهاتنی ڕووداوەکانە، ئەنجامی سنووردارییی توانا هەستەکی و دەروونی، هەڵسوکەوت و ئاکاری لە کاتی ئۆتومبیل لێخوڕیندا، چونکە مرۆڤ ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ، دەبێتە هۆکاری پێشهاتنی زیاتر لە سێ لەسەر چواری کۆی ڕووداوەکان.

ئەگەرچی وڵاتە پێشکەوتــووەکان تەنیا ١٥٪ی ڕێژەی دانیشتوان پێکدێننو زیاتر لە ٦٠٪ی کۆی ئۆتومبیلەکانی جیهانیان هەیە، کەچی ڕێژەی ڕووداوەکانی هاتوچۆ تیایاندا ١٤٪کۆی مردوەکانی ڕووداوەکانی هاتوچۆ تێناپەڕێنێ، لەکاتێکدا دەوڵەتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست خاوەنی ٢٪ی ئۆتومبیلەکانی جیهانن، کەچی ٦٪ی ڕێژەی مردوەکانی ڕووداوی هاتوچۆ لەخۆدەگرن. بەپێی زانیارییەک، تێچوی ڕووداوەکانی هاتوچۆی ســـاڵی ١٩٩٦ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســـتدا ٧ملیار دۆلاری ئەمریکی بووە، ئەمەش ئێستا زیاتربووە.

لای ئێمەش لە کوردستان ڕێژەی ڕووداوەکانی هاتوچۆ لە هەڵکشان و زۆربووندایەو ئەگەر بانکێکی زانیاریی ڕاســـتەقینەی هاوچەرخمان هەبوایەو هەموو ڕووداوە بچووک و گەورەکانی هاتوچۆی تۆماربکردایە، بۆمان دەردەکەوت مەترسییەکەی

لە چ ئاستێکدایەو حکومەتیش هەڵوەستەیەکی جیدیو بەرپرسیارانەی لەئاستدا دەکرد. ئەمەش دەیسەپێنێ بەسەر لایەنە پەیوەندیدارەکاندا گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە شێوازو ئامرازەکانی بەڕێوەبردنی هاتوچۆی هەرێمدا بکەن و گەشە بەلایەنە جۆربەجۆرەکانیان بدەن و کارمەندی پێویستیان بۆ دەستەبەربکەنو دەسەڵاتی جێبەجێکردن و کۆنترۆڵکردنی زیاتریان بدەنێ.

## کابینەی شەشەم و هاتوچۆ:

کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کارنامەی خۆیدا خاڵێکی بۆ چاکسازیی بواری هاتوچۆ تەرخانکردوە، کە ئەمە دەقەکەیەتی: « چاککردنی ڕەوشی هاتوچۆ لە کوردستان و جێگیرکردنی سیستەمێکی هاوچەرخی یەکگرتوو لە هەرێمداو دابینکردنی پێداویستییەکانی بەمەبەستی پاراستنی ژیانی هاوڵاتیانو کەمکردنەوەی قوربانییەکانی هاتوچۆ.» بەداخەوە هەتاکو ئێستا ئەو خاڵە کاری جیدی بۆ نەکراوەو نەکەوتۆتەگەڕ. بەحوکمی ئەوەی لە ســاڵی ٢٠٠٣وە یەکێک بووم خۆبەخشانە بەشداریمکردوە لە چاککردنی ڕەوشی هاتوچۆی سلێمانیداو بەهۆی شارەزاییەکی متەوازیعانەی بوارەکەوە، بەپێویستی دەزانم ئەم بابەتەی خوارەوە بخەمە بەردەستی حکومەتی هەرێم و لایەنە پەیوەندیدارەکان، بەمەبەستی بەشداریکردن لەو چاکسازییەی حکومەتی هەریم بەدەستییەوەیە بیکات.

سەرەتا دەبێت ئەوە بڵێم، چەند هۆکارێک ئاستەنگن لەبەردەم جێبەجێبوونی چاکسازیی بواری هاتوچۆدا، کە دەکرێت بەم شێوەیە بیانخەمەڕوو:

١-بوونی دوو شێوازی مۆڵەتپێدان لە هەرێمی کوردستاندا، یەکێکیان لە ناوچەی هەولێرو دهۆک، ئەویتریان لە ناوچەی سلێمانیو گەرمیان. ئەوەی یەکەمیان سیستەمێکی سەرەتاییەو لەگەڵ سەردەمی ئیمڕۆدا ناگونجێ و ئەوەی دوەمیش ئەگەرچی لە ســەرەتای دەستبەکاربوونیدا لە ســاڵی ٢٠٠٥دا هەنگاوی باشی نا، کەچی بەداخەوە لە ناوەڕۆکەکەی بەتاڵکراوەتەوەو هیچی لەوەی یەکەم جیاواز نییە. هەروەها بەلێشاو پێدانی مۆڵەتی شۆفێری بەکەسانێک، کە نەبوونەتە شۆفێر، ئەوەش شەقامەکانی کوردستانی پڕکردوە لە ئوتومبیل لێخوڕی نەشارەزاو ناشایستە.

٢-پشتبەستن بە یاساکانی هاتوچۆی عیراق، کە هەموو بەندەکانیو میکانیزمەکانی جێبەجێکردنیان بۆ ڕۆژگاری ئیمڕۆ ناشێنو وەک هەرێمێکی تایبەتمەند دەکرێت یاساگەلی وەها بهێنینەئاراوە، کە نموونەبن بۆ سەرجەم ناوچەکانی تری عیراق.

٣–بەڕێوەبردنی هاتوچۆ زیاتر دەدرێتە دەست پلەداری سەربازی، بەبێ ئەوەی ئەو پلەدارانە شارەزای بواری هاتوچۆ بن، بۆ دانانی پلەدارەکانیش پشت بە ئینتیمای حیزبی دەبەسترێت، نەک پسپۆڕبوون لە بوارەکەدا. لەکاتێکدا لە وڵاتە پێشکەوتوەکاندا ئەم بوارە لە بەشی سەربازی جیاکراوەتەوەو تەنیا دەرکردنی کارتی مۆڵەتپێدان و کۆنترۆڵکردنی جێبەجێکردنی یاساکان دراوەتە دەست پۆلیس.

٤-بەشێکی زۆری کارمەندانی بەڕێوەبەرایەتیەکانی هاتوچۆ شارەزای سادەترین لایەنەکانی یاساکان و مانۆرەکان و ڕێساکانی هاتوچۆ نین، هەتاکو بتوانن کارامانە کارەکانی خۆیان ڕاییبکەن. لەبەر نەبوونی هەیبەت و دەسەڵاتیش لەبەردەم بەرپرسان و کەسوکارو شۆفێرەکانیاندا، زاتی ئەوەیان نییە کۆنترۆڵی یاساشکێنییەکان بکەن.

## بەرەو چاکسازی:

بۆ ئەوەی کابینەی شەشەم بتوانێت، لە ماوەی دەستبەکاربوونی خۆیدا، کارنامەکەی خۆی لە بواری هاتوچۆدا جێبەجێبکات، دەتوانێت سوود لەم تێبینیانەی خوارەوە وەربگرێت:

### ١ - مۆڵەتپێدان:

شۆفێر ئەو کەسە نییە کە دەتوانێت لەناو ئوتومبیلێکدا دانیشێت و ئاوێنەکانو کورسییەکەی ڕێکبخات و بزانێت چۆن سوکان و پایدەرەکانی بەنزین و ئیستۆپو کلاج بەکاردێنێت، بەڵکو ئەو کەسەیە کە بەخولێکی فێربوونی شۆفێریدا تێپەڕبێت بۆ فێربوونی ئەو خاڵانەی لای خوارەوەو بەتاقیکردنەوەی تیۆری و پراکتیکیی بەڕێوەبەرایەتیەکانی هاتوچۆدا تێپەڕبێتو دەرچووبێت. خاڵەکانیش بریتین لە:

١–شارەزابوون و تێگەیشتن لە مەترسی و سەختییەکانی ئوتومبیل لێخوڕین.

٢-ئاشنابوون بە ڕێساکانی ئوتومبیل لێخوڕین و یاساکانی هاتوچۆ.

٣-بەدەستهێنانی زانیاریی سەبارەت بە ئوتومبیل و چۆنێتی بەکارهێنانیو تێڕوانین بەرامبەر بەو خەوشیانەی پەیوەندیان بە لایەنی توندوتۆڵییەوە هەیە.

٤–تێگەیشتن لە کاریگەریی دۆخی دەروونیی مرۆیی لەسەر کارامەیی لێخۆڕینی ئوتومبیل.

٥-لێهاتوویی لە بواری هەڵسەنگاندنی ئوتومبیل لێخۆڕین لە بارودۆخی مەترسیداردا.

٦-کارامەبوون لە لێخوڕینی ئوتومبیلدا، بێ دروستکردنی سەختڵەتی و مەترسی بۆ خۆو ئەوانی تر.

٧ –هەڵوێستوەرگرتنی هوشیارانە و بەرپرسیارانە بەرامبەر بە مانۆڕەکانی سەر ڕێگەوبان.

٨ –بەدەستهێنانی زانیاری دەربارەی پیادە سست و لاوازەکان (منداڵاو پیرەکان).

بەداخەوە لە هەرێمی کوردستان مۆڵەتپێدان پشتبەستوو نییە بەو خاڵانەی سەرەوەو لە ڕووی تیۆرییەوە فێرخواز بەشێوەیەک پەروەردەناکرێت، کە ببێتە شۆفێر. لە ڕووی پراکتیکیشەوە، مەشقی ئەوتۆی پێ ناکرێت، کە شارەزای مانۆڕەکانی هاتوچۆ بێت، لە هەموو بارودۆخ و کاتەکاندا. هەروەها گەلێک جار لەبەر هۆکاری ئینتیمای سیاسی و کۆمەڵایەتی کارئاسانی دەکرێت و تاکەتاکەش بەبێ ئەنجامدانی هیچ کارێکی تیۆریو پراکتیکی مۆڵەت دەبەخشرێت. ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی مۆڵەتی شۆفێری بدرێتە زۆر کەس، کە شۆفێر نینو مینی چێنراون و هەرکاتێک بێت بە کەسانی تردا دەتەقەنەوە. ئەگەر لایەنە پەیوەندیدارەکان لێکۆڵینەوە بکەن سەبارەت بەو ژمارە زۆرەی مۆڵەت، کە دراوە بە هاوڵاتیان و هەڕەمەکیانە سەد نموونە لە هەر ناوچەیەک وەربگرن و جارێکی تر تاقیانبکەنەوە، بۆیان دەردەکەوێت کارەساتی مۆڵەتپێدان لە هەرێمی کوردستان لە چ ئاستێکدایە.

لە وڵاتە پێشکەوتوەکاندا مۆڵەتی شۆفێری بەسێ قۆناغدا تێدەپەڕێت:

١/شایستەبوون لە ڕووی تەندروستییەوە، واتە پشکنین لە هەموو ڕوویەکەوە، بۆ دڵنیابوون لەوەی فێرخواز چاوی کز نییە، شەوکوێر نییە، ڕەنگ کوێر نییە، بیستنی تەواوە، نەخۆشیی ترسناکی لەگەڵ نییە وەک پەرکەم، هیچ جۆرە کەمئەندامییەکی نییە.

٢/خوێندنی تیۆری و شارەزابوونی لە بواری ئوتومبیل لێخوڕینداو دەرچوون لە تاقیکردنەوەی تیۆریدا، لایەنی کەم بە پلەی ٧٥٪.

٣/مەشقکردنی پراکتیکی لە شوێنی داخراو و سەرشەقامەکان و گۆڕەپانی خلیسکداو ئەنجامدانی تاقیکردنەوەو دەرچوونی بەبێ بوونی هەڵەی گەورەی مەترسیدار.

*بۆ چارەسەرکردنی مۆڵەتپێدان پێشنیاری ئەم خاڵانەی خوارەوە دەکەم:*

١ –چاککردنی تاقیکردنەوەی تیۆری، بەپێڕەویکردنی ڕێبەرێکی ئوتومبیل لێخوڕینی یەکگرتوو بۆ ئاشنابوونی فێرخواز بەلایەنی تیۆری.

٢ –چاککردنی تاقیکردنەوەی پراکتیکی، بەڕەچاوکردنی فێربوونی گشت مانۆڕەکانی ئوتومبیل لێخوڕین و ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکە، بەپێی فۆڕمی دیاریکراو، نەک میزاجی ئەفسەر.

٣–هەڵسەنگاندنی توانای نووسینگەکان و ڕاهێنەرەکان لە ڕێگەی کۆنترۆڵکردنی

ئەنجامدانی کارەکانیان و سەرپێچییەکان و تاقیکردنەوەی تایبەتیەوەو داخستنی نووسینگە ناشایستەکان و ڕاگرتنی کاری ڕاهێنەرە نەشیاوەکان.

٤ –دانان و کارپێکردنی شێوازی مۆڵەتی ماتۆڕلێخوڕین و مۆڵەتی گشتی بەشێوەیەک، کە گونجاوبێت لەگەڵ سیستەمی نوێدا.

٥ –گۆڕینی سەرتاپای ئەو ئەفسەرانەی تاقیکردنەوەی تیۆری و پراکتیکی دەکەن و ڕاهێنانی ئەفسەرە نوێکان لە ڕێگەی کۆرسێکەوە بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە. ئەم هەنگاوە مۆڵەتپێدان لە میزاجی شەخسی و ڕقی سیاسی و گەندەڵی بەدووردەگرێت.

٦–دابینکردنی کارمەندی شایستەو پێویست بۆ ڕاییکردنی کارەکان، تەنانەت ئەگەر بە دوو شەفتیش بێت، بۆ دوانەکەوتنی مۆڵەتپێدان، بەمەرجێک حساب بۆ ماندوبوون و کاری زیادەی ئەو کارمەندانە بکرێت.

لێرەشدا واچاکە بەڕێوەبەرایەتییەکانی هاتوچۆی کوردستان خۆیان لە چەند بیروڕایەکی هەڵە بەدووربگرن، لەوانە:

یەکەم: مەرج نییە ئەو کەسانەی دەچنە تاقیکردنەوەوە بۆ یەکەمین جار یان دواتر دەربچن، بەڵکو دەبێت ئەو کاتە دەربچن، کە نیشانیبدەن تێگەیشتوون‌و شارەزای بوارەکەو مەرجەکانی مۆڵەت وەرگرتنن. لێرەشدا دەبێت خۆ لە فشاری دانیشتوان بەدووربگیرێت‌و نەکەونە ژێر هەست‌و سۆزی دانیشتوانەو هۆکاری سیاسی (وەک پشتگیریکردنی هەڵبژاردن و شتی تر) نەکرێتە بەهانە بۆ دەستکردنەوەو لاوازکردنی سیستەمی هاتوچۆ و مۆڵەتپێدانی هەڕەمەکی.

دووەم: خزمەتکردنی خەڵک و کارئاسانیکردن بۆ داواکارییەکانیان، مانای ئەوە نییە دوای هەستە بەرژەوەندیخوازو کۆنەپەرستەکانی ئەوان بکەوین‌و تاقیکردنەوەکان لە ناوەڕۆکی زانستیی خۆیان بەتاڵبکەینەوە. مۆڵەتی شۆفێری وەک بەدەستهێنانی بەڵگەنامەی ڕەگەزنامە یان پاسپۆرت نییە، کە تەنیا پێویستی بە چەند بەڵگەنامەیەک هەبێت، بەڵکو بە بڕوانامەی پزیشکی دەچێت، ئەگەر کەسێک بەباشی بەدەستی نەهێنێت، دەبێتە هۆی کوشتنی مرۆڤ.

سێیەم: تێکەڵکردنی کاری حیزبی و حکومەتایەتی کاریگەریی خراپی هەبوە لەسەر مۆڵەتپێدان و پێویستە کاری حیزبی لە دەرەوەی چوارچێوەی بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆ بێت‌و هیچ کەسێک مۆڵەتی پێ نەدرێت کە شایستە نەبێت، جا پلەی حیزبی هەرچییەک بێت. واتە پێویستە کار بۆ سەروەرکردنی یاسا بکرێت، نەک ڕازیکردنی دڵی بەرپرسەکان.

## ٢ - ڕووداوەکانی هاتوچۆ:

ڕوواوەکانی هاتوچۆ خەمێکی ڕۆژانەی خەڵک و سەرچاوەی دڵەڕاوکێیانە، یەکێکە لەو گرفتانەی وزەو تواناو سامانی زۆری کۆمەڵگە قوتدەدات و بەنرخترین سەرمایە کە مرۆڤە بەفیڕۆدەدات. بۆیە کەمکردنەوەی ڕووداوەکانی هاتوچۆ بەتەنیا ئەرکی سەرشانی بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆ نییە، بەڵکو ئەرکێکی گشتییەو پێویستە گشت کۆمەڵگە، بە هەموو دامودەزگاو چینو توێژەکانەوە، بەشداریی تێدا بکەن. لێرەشدا بۆ کەمکردنەوەی ڕووداوەکانی هاتوچۆ ئەمانە پێویستن: هۆشمەندیی تاکەکانی کۆمەڵگە، ڕێنمایی ڕوونی هاتوچۆ، سزای یاسایی ڕێگر لە سەرپێچی، ڕێگەوبانی شیاو و ئوتومبیلی توندوتۆڵ. دەبێت سەرنج بۆ ئەوە ڕابکێشین، کە هۆکارەکانی ڕووداوی هاتوچۆ لای خۆمان ئەمانەن: شۆفێر، ڕێگەوبان، ئوتومبیل، پیادەکان، یاساو لێپرسینەوە.

- شۆفێر:

هەڵەکانی مرۆڤ هۆکاری ڕێژەیەکی زۆری ڕووداوەکانی هاتوچۆن لای ئێمە. دەرکەوتوە لە هەر ١٠ ڕووداوێک ٦-٧یان مرۆڤ هۆکارەو ٣-٤یان دەگەڕێنەوە بۆ توندوتۆڵی ئوتومبیل یان ڕێگەوبان. هۆکاری مرۆیی تەنیا ئەنجامی نەشارەزایی ئوتومبیل لێخوڕین نییە، بەڵگو بەری نەبوونی مۆڵەتـی ئوتومبیل لێخوڕینو نەبوونی وریایی و هەڵوێستی ڕەخنەگرانەو ئاگادارنەبوونە لەسەر ڕێگەوبان و کاتی هاتوچۆ. نەبوونی مۆڵەت مانای ئەوەیە، کە مرۆڤەکە لە بنەڕەتدا مۆڵەتی ئوتومبیل لێخوڕینی پێ نییە، یان مۆڵەتەکەی بەسەرچوە، یاخود مۆڵەتی جۆرێک ئوتومبیل بۆ جۆرێکی تر بەکاردێنێ (وەک بەکارهێنانی مۆڵەتی تایبەتی بۆ تەکسی و پاسو لۆری). هۆکاری مرۆیی سەرەکی سەرپێچیکردنی یاساو ڕێنماییەکانی هاتوچۆیە. بۆ نموونە، خێرا لێخوڕین، مۆبایل بەکارهێنان لـــە کاتـــی ئوتومبیل لێخوڕیندا، سەرپێچیکردنی یاساکان و گوێ نەدان بە هێماکانی هاتوچۆو ترافیک لایت.

**بۆ چارەسەرکردنی ئەم لایەنە، ئەم خاڵانەی خوارەوە گرنگن:**

١-بوونی کۆنترۆڵی بەردەوامی پۆلیسی هاتوچۆ بۆ پاراستنی یاساو ڕێنماییەکانی هاتوچۆو سزادانی سەرپێچییەکانی شۆفێران و بێ مۆڵەتەکان.

٢-دانانی ماوەی «شۆفێر لە ژێر تاقیکردنەوەدا» بۆ ماوەی ساڵێک، بۆ ئەوانەی تازە مۆڵەتی شۆفێری وەردەگرن و کاتی ڕوودانی سەرپێچیی مەترسیدار مۆڵەتەکەیان ڕابگیرێ و بنێردرێنەوە بۆ تاقیکردنەوەی تیۆری، ئەگەر دەرچوون

مۆڵەتەکە وەربگرنەوە، ئەگەرنا بـــە کۆرسی فێربوونی شـــۆفێریدا تێپەڕێتەوە.

٣ -دانانی سیستەمی کونکردنی مۆڵەت (٢٥ خاڵ بۆ هەر مۆڵەتێک و چەند خاڵێک بۆ هەر سەرپێچییەک، کە دەبێت بەڕێنمایی دیارییبکرێت) و کاتی تەواوبوونی ئەو خاڵانە شۆفێر بنێردرێتەوە بۆ تاقیکردنەوەی تیۆری، ئەگەر دەرچوو مۆڵەتەکە وەربگرێتەوە، ئەگەرنا بە کۆرسی فێربوونی شۆفێریدا تێپەڕێتەوە.

٤ -چارەسەرکردنی کێشەی دوو جۆر شێوازی ئوتومبیل لێخوڕین لەسەر شەقامەکان، لە ڕێگەی تاقیکردنەوەی تیۆریی ئەوانەی مۆڵەت تازەدەکەنەوەو سزادانی سەرپێچییەکان بەپێی سیستەمی نوێی هاتوچۆ.

## - ڕێگەوبان:

بەشێکی زۆری ڕێگەوبانەکانی کوردستان هێشتا مەرجەکانی ڕێگاوبانی سەلامەتخوازانەیان تێدانییە و هۆکارێکی گرنگی پێشهاتنی ڕووداوەکانن. بەشێکیش لە نەخشەسازیی بنەڕەتیی ڕێگەوبانەکانی کوردستان گرفتهێنەرن‌و نەبوونی ڕووناکیی پێویست لەسەر شەقامەکانی ناوشار و بوونی تاسەی دەستکردی هەڕەمەکی هۆکاری تری سەرهەڵدانی کارەساتن. ئەمە وێڕای خراپیی ئەو قیرەی ڕێگەوبانەکانی پێ دروستدەکرێت و سەرهەڵدانی ڕەگلەی زۆر ئەنجامی ئەو خراپیە یان ئەو بارهەڵگرانەی نایاساییانە بار هەڵدەگرن، یاخود کەمیی هێماکان‌و هێڵەکانی هاتوچۆو بە هەڵەدروستکردن و دانانیان.

بۆ چارەسەرکردنی ئەم لایەنە، ئەم خاڵانە دەخەمەڕوو:

١-کارکردن بۆ ئەوەی لایەنە پەیوەندیدارەکان بەشێوەی زانستی و یاسایی ڕێگەوبانەکان بنیاتبنێن، لە ڕووی بەکارهێنانی جۆری قیرو کەرەستەو ئەستووریی ڕێگەکەوە.

٢-پێداچوونەوە بە نەخشەسازیی بنەڕەتیی شار و شارۆچکەکانداو چاکسازیکردن تیایدا بەشێوەیەک، کە یاریدەدەری هاتوچۆیەکی هاوچەرخ و سەلامەتخوازانە بێت. هەروەها دەستکاریکردنی ڕێڕەوی هاتوچۆ لەناو شارداو گۆڕینی هەندێک شەقام بۆ یەک ئاڕاستە و کوێرەڕێگە، بۆ ڕێکخستنی هاتوچۆ.

٣ -ڕووپێوکردنی تێکڕای ئەو هێمایانەی دانراون و ئەو هێڵانەی نەخشێنراون‌و سەرلەنوێ دانانەوەو نەخشاندنەوەیان بەپێی ڕێساو ستاندارتە جیهانییەکان‌و بەو شێوەیەی سەرلێشێوان‌و هەڵەخستنەوە نەخەنەوە. لێرەشدا پەیوەندیی بە بەڕێوەبەرایەتی ڕێگاوبانەوە بکرێت، کە هێماکانی دەرەوەی شار بەسەرپەرشتی بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆ بێت، نەک مەزەندە.

٤-لابردنی تاسەدەستکردەکان و قەدەغەکردنی دانانیان و بەکارهێنانیان بەپێی یاساو ڕێنماییەکان لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆوە.

٥-کۆنترۆڵکردنی قورسایی بارهەڵگرەکان و سزادانی سەرپێچیکاران.

## - ئوتومبیل:

مەبەست توندوتۆڵی و لایەنی سەلامەتیی ئوتومبیلە. لێرەشدا ئەگەرچی دامودەزگای پشکنینی هاوچەرخی ئوتومبیل هەن بۆ کاتی تۆمارکردنو مۆڵەت نوێکردنەوە کاری پێویست ئەنجامدەدەن، بەڵام زۆرێک لەو ئوتومبیلانەی لە دەرەوەی هەرێم هاتوون و مۆدێلی کۆنن لەسەر شەقامەکانن و گرفت و مەترسی دروستدەکەن، کە پێویستە مەفرەزەکانی هاتوچۆ بایەخی زۆری پێ بدەن. لایەنی توندوتۆڵیی ئوتومبیل بریتییە لەمانە:

١-بوون و ئیشکردنی گشت لایتەکان.

٢-بوون و ئیشکردنی ئامرازەکانی ورریاکردنەوە (هێمای پێچکردنەوەو هۆڕن).

٣-بوونی تایەی یاسایی لە ڕووی قەبارەو جۆرەوە کە شیاوبێت بۆ مۆدێلەکە.

٤-بوونی ئاوێنەکانی بەردەم و ئەملاوئەولای شۆفێر.

٥-بوونی فلچەی پاککردنەوەی جامەکان.

٦-بوون و ئیشکردنی سیستەمی ئیستۆپی یاسایی.

٧-بوون و کارکردنی پشتێنی سەلامەتی.

٨-جامەکان درزیان تێدا نەبێت و لەو جۆرە بن کە کاتی ڕووداو وردنابن.

٩-سەلامەتی لاشەی ئوتومبیلو نەبوونی شکانو پارچەی تیژ بە ئوتومبیلەکەوە.

١٠-بوونی کەرەستە پێویستەکان لە ئوتومبیلدا: تایەی سپێر، حەریق، سێ گۆشە، لایت، سندوقی تەندروستی.

## - پیادەکان:

لەبەر کەمیی هوشیاریی هاتوچۆ لای خودی پیادەکان و نەبوونی لێپرسینەوە لە سەرپێچیەکانیان و ڕێزنەگرتنیان لەلایەن شۆفێرەکانەوە، پیادەکان سەرچاوەی پێشهاتنی ڕووداوی هاتوچۆن بۆ خۆیان یان شۆفێرەکان، لە هەمان کاتدا هۆکاری قوربانیی ڕووداوەکانی هاتوچۆشن. کەمیی هێڵەکانی پەڕینەوە، نەبوونی پرد یان تونێل بۆ پیادەکان لەو شوێنانەی پێویستن، سەرچاوەی دروستبوونی سەغڵەتیو هەڵەن لەسەر شەقامەکان. کەمیی

هێماکانی وریاکردنەوەو شـــوێنی پەڕینەوە هۆکارێکی تری پێشهاتنی ڕووداوی هاتوچۆیە.

بۆ چارەسەری ئەم لایەنەش ئەم خاڵانە دەخەمەڕوو:

١-نەخشەکێشانی شوێنی پەڕینەوە لە سەرتاپای ئەو شوێنانەدا کە بۆ پەڕینەوەی خاڵک پێویست و گرنگن، ئەمەش بەپێی ستاندارتە جیهانیەکانی نەخشەکێشان.

٢-دروستکردنی بەربەست لە شۆستەی ناوەڕاستی ئەو ڕێگایانەی پەڕینەوەی هەڕەمەکیی پیادەکان تیایاندا مەترسیدارەو ڕاهێنانی خەڵک لەسەر پەڕینەوە لە شوێنی تایبەتەوە.

٣-بنیاتنانی تونێل یان پردی پەڕینەوەو دانانی هێمای وریاکردنەوەو شوێنی پەڕینەوە لەو شوێنانەدا کە گرنگ و پێویستن.

٤-بەرزکردنەوەی ئاستی هوشیاریی هاتوچۆی پیادەکانو دانانی سزا بۆ ئەوانیش لە کاتی سەرپێچیکردن و دروستکردنی مەترسیدا.

٥-بەرزکردنەوەی ئاستی بەرپرسیارێتی شۆفێرەکان بەرامبەر بە پیادەکانو ڕێزگرتنی هێڵەکانی پەڕینەوەو سزادانی ئەو شۆفێرانەی سەرپێچیدەکەن.

٦-ڕێکخستنی ترافیک لایتی چوارڕیانەکان بەشێوەیەک کە مافی پیادەکانی تیادا نەخورابێت و سەلامەتیان پارێزراوبێت.

## ٣- سەرپێچییەکانی هاتوچۆ:

یەکێک لە هۆکارەکانی پێشهاتنی ڕووداوەکان و کەوتنەوەی کارەسات، سەرپێچییەکانی هاتوچۆیە. لای ئێمە لەبەر نزمیی هوشیاریی دانیشتوانو بەشێک لە شۆفێرەکان و سەرچڵی و گوێ نەدان بە یاساکانی هاتوچۆ لەلایەن بەشێکی دیکەی شۆفێرەکانەوە، ڕۆژانە ڕووداوی دڵتەزێن ڕوودەدەن، یان سەغڵەتی ناپێویست دروستدەبێت. لێرەشدا، لەبەر نزمیی ئاستی هوشیاریی زۆربەی پۆلیسەکانی هاتوچۆ لەسەر شەقامەکان، ئەو سەرپێچیانە کۆنترۆڵ ناکرێن و وەک هەڵەی ئاسایی سەیردەکرێن. لەم دەرفەتەدا سەرنج بۆ هەندێک لەو سەرپێچیانە ڕادەکێشم، تا بەراوردبکرێن بەو سەرپێچیانەی لەلایەن بەڕێوەبەرایەتییەکانی هاتوچۆوە سزادراون:

١-پابەندنەبوون بە هێماکانی هاتوچۆوە، وەک ڕاوەستان لەو شوێنانەی ڕاوەستان قەدەغەیە، لێدانی ترافیک لایتی سوور، بڕینی هێڵی ناوبڕی ناوەڕاست، جێبەجێ نەکردنی پابەندبوونی ڕەهاو ڕاوەستان، لێخوڕین بە پێچەوانەی ئاڕاستەوە..هتد.

٢-نەپاراستنی خێرایی لێخوڕینی یاسایی.
٣-نەپاراستنی ماوەی نێوانی گونجاو لەنێوان ئوتومبیلەکاندا.
٤-ڕاوەستانی کتوپڕ و بەکارنەهێنانی هێمای پێچکردنەوە.
٥-ئوتومبیل لێخوڕین بەشەو بەبێ لایت یان بە تاک لایتەوە.
٦ -سوارکردنی منداڵ بەشێوەیەکی نایاسایی (پشتێنی سەلامەتی، کورسی، پشتی پیکابو لۆری).
٧-توند نەبەستنەوەی باری ئوتومبیل.
٨-بەکارهێنانی مۆبایل لەکاتی ئوتومبیل لێخوڕیندا.
٩-ئوتومبیل لێخوڕین بە سەرخۆشی.
١٠-سوارکردنی سەرنشینی زیاد لە پێویست.
١١-ئوتومبیل لێخوڕین بەبێ مۆڵەت (گەنجی خوار ١٨ساڵان، تەکسیو پاس بە مۆڵەتی تایبەت).
١٢-لێخوڕینی ئوتومبیل بەبێ ژمارە یان بە ژمارەی ناڕوون.
١٣-یوتێرن لە سایدی دوور لە سایدی دەستە چەپەوە.
١٤-لێخوڕینی ئوتومبیلێک کە خێراییناماکەی کارناکات.
١٥-لێخوڕینی ئوتومبیلی تایە سواو لە کەشی زستاندا.
١٦-لێخوڕینی ئوتومبیل بە سەنەوییەی تەواوبووەوە.
١٧-لێخوڕینی بەردەوام لە سایدی تێپەڕاندنو ئاستەنگ دروستکردن بۆ ئەوانەی پشتەوە.
١٨-پاشەوپاش گەڕانەوە لەسەر شەقامی سەرەکیو بەشێوەیەکی مەترسیدار.
١٩-بەکارنەهێنانی پشتێنی سەلامەتی.
٢٠-تێپەڕاندن لە شوێنی قەدەغەدا.
٢١-فڕێدانی خۆڵو خاشاک لە پەنجەرەی ئوتومبیلەوە.
٢٢-لێخوڕینی ئوتومبیلێک کە ژینگە پیسدەکات.
٢٣-بەکارهێنانی هۆڕن لە کاتی ناپێویستدا.
٢٤-بەکارهێنانی هەڵەی چواریی ئوتومبیل.
٢٥-لێخوڕینی سەرشێتانەی ئوتومبیل.
٢٦-لێخوڕینی ئوتومبیل بە ئیستۆپی خراپ.
٢٧-ڕاکێشانی ئوتومبیلی پەککەوتە بەشێوەیەکی نایاسایی.
٢٨-بەکارهێنانی لایتی زیادەی ڕەنگی شین کە کوێرکردنی کاتی دروستدەکات

یان بەکارهێنانی لایتی تـــەم لە کەشـــی ڕوون و ئاســـاییو ناوشـــاردا.
٢٩-نەپاراستنی پابەندبوونی دەستەڕاست.
٣٠-بەکارهێنانی لایتی بەرز لەناوچەی نیشتەجێبوونی چڕو ناوچەی ڕووناکدا.

## ٤- نەخشەسازیی ئەندازە:

حاشاهەڵنەگرە کە ئەندازەی بەڕێوەبەرایەتییەکانی هاتوچۆ لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا کاری باشیان کردوە لە بواری هێڵکاریی ڕێگەوبانەکان و هێماسازیی هاتوچۆدا، لەگەڵ ئەوەشدا چەندین هەڵـــە ڕوویانداوە لـــە بواری دروستکردنی تابلۆکان و شێوازی دانانیان و جۆری هێڵەکانی سەر ڕێگەوبانو شێوازی دانانیاندا. هێماکانی هاتوچۆش ستاندارتی جیهانین و ناکرێت بە ویستی خۆمان دروستیان بکەین یان دایان بنێین، بەڵکو دەبێ پابەندی ڕێساو یاساکانی دروستکردن و دانانیان بین. ئینجا پێویستە دانانی هێماکان بەپێی ڕێبەری تیۆری فێرکردنی شۆفێری بێت، بۆ ئەوەی سەرلێشوان و بەهەڵەتێگەیشتن لای شۆفێران و ئەوانە دروست نەکات کە مۆڵەت وەردەگرن. بۆ ئەوەی نەخشەسازیی ئەندازە هاوچەرخو یاسایی بێت، پێویستە هێماکانی هاتوچۆو هێڵەکان لەو شوینانەدا بەکاربهێنرێن، کە گرنگن بۆ سەلامەتی و هارمۆنیکردنی هاتوچۆ، ئەگەرنا ڕێزیان لێ ناگیرێتو فەرامۆشدەکرێن. هەروەها قەبارەی هێماکان بەو شێوەیە بن و بەشێوازی گونجاون بۆ شەقامەکە دابنرێن.

*ئەو هەڵانەی هێماکان و هێڵەکانی ڕێگەوبان کە دەبێت چارەسەربکرێن:*

١-نەبوونی ستاندارتی یەکگرتووی هێماکان و دروستکردنی هێما بەشێوازی جۆربەجۆر.
٢-نەگونجاندنی هێماو هێڵەکان لەگەڵ کتێبی ڕێبەرداو فەرامۆشکردنی زۆرێکیان کە هەم بۆ خەڵک و هەم بۆ فێرخوازەکان پێویستن.
٣-دروستکردنی هێمای هەڵە و دانانی هێما لە شوێنی هەڵەدا.
٤-بەکارهێنانی هێمای زۆر لە هەندێک ناوچە و فەرامۆشکردنی دانانیان لە ناوچەی دیکە کە گرنگە.
٥-بەکارهێنانی هێڵکاریی بەشێوەیەکی هەڵە لە ڕووی درێژی و ماوەی نێوان هێڵەکانی سایدەکانەوە.
٦-بەرزیی بۆریی هێماکانو ڕووبەری هێماکان گونجاونین لەگەڵ شەقامەکەو خێرایی ناوچەکەدا.

٧ –کارنەکردنی بەڕێوەبەرایەتیەکانی هاتوچۆ بۆ ڕێزگرتن لە هێماو هێڵەکان لەلایەن شۆفێرەکانەوەو جێگیرکردنیان‌و سزادانی ئەوانەی فەرامۆشیاندەکەن.

## ٨- هوشیاریی هاتوچۆی کارمەندانی هاتوچۆو دانیشتوان:

هوشیاریی هاتوچۆ زۆر گرنگە بۆ جێگیرکردنی هاتوچۆیەکی هاوچەرخی سەلامەتخواز. هێنانەدیی ئەو هوشیارییەش، لەلای دانیشتوان بەگشتی، ئەرکی سەرشانی بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆ نییە بەتەنیا، بەڵکو ئەرکی سەرشانی هەموو لایەکە: قوتابخانەو زانکۆکان، دامودەزگاکانی ڕاگەیاندن، دامودەزگاو دامەزراوە گشتی و تایبەتیەکان، پیاوانی ئایینی، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی. ئەوەش لە ڕێگەی بەرنامەو بڵاوکراوەی تایبەت بە بوارەکەوە.

هوشیاریی هاتوچۆی کارمەندانی هاتوچۆ لەئاستێکی پێویستدا نییە و ئەرکی سەرشانی بەڕێوەبەرایەتیەکانی هاتوچۆیە و پێویستە بەشێوەیەک ئەنجامبدرێت کە شایستەبێت و هەموو کارمەندەکان بگرێتەوەو کاتی هاتنی کارمەندی نوێش پێڕەویی هەمان شت بکرێت. جێگەی داخیشە ئاستی هوشیاریی هاتوچۆی دانیشتوان دڵخۆشکەرنییەو بەرپرسیارانە مامەڵە لەگەڵ هاتوچۆدا ناکەن. جێی نیگەرانیشە کە تاکو ئێستا لە سیستەمی خوێندندا بایەخ بە هوشیاریی هاتوچۆی قوتابی و خوێندکارەکان نادرێ و نەبۆتە خەمێکی گرنگ و پرۆژەیەک. ڕاگەیاندنی کوردیش بەبایەخەوە ئاوڕ لە هاتوچۆ نەداتەوە. تاکو ئێستا ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیش هوشیاریی هاتوچۆ بە خەمێکی خۆیان نازانن و پیاوانی ئایینیش نەخراونەتە گەڕ بۆ بەشداریکردن لە هەڵمەتی هوشیارکردنەوەی تایبەت بە هاتوچۆدا. لێرەشدا ئەگەرچی بەرنامەکانی هاتوچۆی تەلەفزیۆنەکان باش ڕۆڵی خۆیان دەگێڕن لە هوشیارکردنەوەی خەڵکدا، بەڵام زۆرجار پرۆفشنالانەو زانستی نین‌و بە میزاجی تاکەکەسی دەبرێنەڕێوە.

بۆ چارەسەری ئەم لایەنەش ئەم خاڵانە پێویستن:

١ –هەوڵدان بۆ ئەوەی هوشیاریی هاتوچۆ ببێتە بەشێک لە پرۆگرامی خوێندن.

٢ –ئەنجامدانی کۆرسی پەروەردەکردنی کارمەندانی هاتوچۆ لە پلەی بەرزەوە بیگرە بۆ پۆلیسی سەر شەقامەکان.

٣ –کارکردن بۆ خستنەگەڕی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و پیاوانی ئایینی‌و ڕاگەیاندن بۆ چەسپاندن‌و گشتاندنی هوشیاریی هاتوچۆ.

٤ –بەرپاکردنی هەڵمەتی هوشیاریی هاتوچۆ لە ڕێگەی پۆستەرو ڕیکلامەوەو

سوودوەرگرتن لە ئاسیاسێل و کۆڕەک تیلیی کۆم، وێڕای ڕاگەیاندنەکان بۆ ئـــەو مەبەستە.

٥ -پێکهێنانی گرووپی هاوڕێیانی هاتوچۆ بۆ هاوکاریکردنی بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆ بۆ جێگیرکردنی هوشیاریی هاتوچۆو سزادانی سەرپێچیکاران.

٦ -بڵاوکردنەوەی مانگانەی ئاگادارینامەی هەمەجۆر دەربارەی بابەت و گرفتەکانی هاتوچۆ.

## ٦- نوسینگەکان و ڕاهێنەرەکان:

یەکێک لە پێداویستییەکانی جێگیرکردنی هاتوچۆیەکی هاوچەرخی سەلامەتخوازانە، بوونی نووسینگەکانی هاتوچۆیە، بەپێی ئەو ڕێنماییانەی بۆیان دیاریکراوەو بوونی ڕاهێنەری لێهاتوو و کارامەیە بۆ ئەنجامدانی کۆرسی ڕاهێنانی شۆفێرەکان بەستاندارتی جیهانی و بەپێی یاساو ڕێنماییە هاوچەرخەکان. بەداخەوە لە ماوەی ڕابردوودا، ئەنجامی هاتنەئارای نووسینگەی خراپ و پەیدابوونی ڕاهێنەری ناشایستە، بەهۆی هێنانەخوارەوەی ئاستی تاقیکردنەوەکانی بوون بەڕاهێنەر، گەلێک کاری چەوت و نایاسایی و گەندەڵی لەناو هەندێک نووسینگەدا ڕوویانداوە. بۆیە کاتی ئەوە هاتوە چارەسەرێک بۆ ئەم مەسەلەیە بدۆزرێتەوەو کۆڵەکەیەکی تری سیستەمەکە کارابکرێتەوە. بۆ ئەمەش:

١ -هەڵسەنگاندنەوەی گشت نووسینگەکان و ڕاهێنەرەکان، پشتئەستوور بە سەیرکردنی بەدەستهێنانی مۆڵەتیان، کاری مەیدانیان، فایلی سەرپێچیو سزاکانیانو ڕادەی پابەندبوونیان بە یاساو ڕێنماییەکان. ئینجا سزادانی ئەوانەی سەرپێچیی بچووکیان هەبوەو لێسەندنەوەی مۆڵەت لەوانەی خراپەکارو گەندەڵ بوون.

٢-بەهێزکردنی لیژنەی بەدواداچوونی نووسینگەکان و دانانی کەسانی دەستپاکو پشت پێ بەستراو بۆ بەڕێوەبردنی. لێرەشدا دانانی سیستەمی بەسەرکردنەوەی هەفتانەی ئاشکراو نهێنی نووسینگەکان و ڕاپرسیکردن لەناو فێرخوازەکاندا بۆ بەدەستهێنانی زانیاری و ڕاستییەکان.

٣-ڕاهێنانەوەی ڕاهێنەرەکان لە ڕێی کۆرسێکەوەو تاقیکردنەوەیان بۆ ئەنجامدانی کارەکان بەشێوەیەکی شایستە.

## ٧ - زۆربوونی ئوتومبیل:

یەکێک لە هۆکارەکانی تێکچوونی ڕەوشی هاتوچۆ لە هەرێمی کوردستانو

پەرەسەندنی ڕووداوەکانی هاتوچۆو پیسبوونی بێئەندازەی ژینگەی وڵاتەکەمان، هاوردەکردنی بێ سەروبەرو زۆری جۆرەکانی ئوتومبیلە. ئەم دیاردەیە بەشێوەیەکە، ئەگەر چارەسەری باشی بۆ نەدۆزرێتەوە، ئەوا کوردستان لە چەند ساڵی داهاتوودا دەبێتە گەراجێکی گەورەی ئوتومبیل و ناوچەیەکی پڕ مەترسی لە ڕووی ژینگەوە. نابێت لایەنە پەیوەندیدارەکان لە بواری هاوردەکردنی ئوتومبیلدا تەنیا ڕەچاوی ڕێساکانی بازاڕی ئازاد بکەن و گوێ نەدەن بەلایەنەکانی دیکە. هەروەها دەبێت چوارچێوەیەک بۆ موڵکدارێتی ئوتومبیل دابنرێت، هەتاکو کارەساتەکە گەورەترنەبێت. لە وڵاتانی پێشکەوتوودا، بۆ کۆنترۆڵکردنی هاوردەکردنی ئوتومبیل، باجێکی زۆر دەخرێتە سەر ئوتومبیلەکان و هاوڵاتیان ناچاردەکرێن تەنیا وەک پێداویستییەکی گرنگ ئوتومبیل بکڕن، نەک وەک کەرەستەیەکی کەمالی. هەروەها باجی جۆربەجۆری ژینگەپارێزی و تەندروستی دەخرێتە سەر فرۆشتنی بەنزین، کە هەمووکەسێک لەبەر هەرزانی سوتەمەنی ئوتومبیل نەکڕێت. شان بەشانی ئەوانەش دوو جۆر بیمە بۆ ئوتومبیل بەکارهێنان دانراوە، یەکێکیان زەویانە (نرخی بەکارهێنانی زەوی) و بیمەی تەئمین بۆ ئوتومبیلە، ئەمەش بڕە پارەیەکە هەمووکەسێک بۆی هەڵناسوڕێت. لەپاڵ ئەوانەداو بۆ کارئاسانیکردنی گواستنەوەی هاوڵاتیان، سیستەمی گواستنەوەی گشتی بەشێوازی پاس و میترۆو تەکسی نەفەرات دەستەبەر و چالاککراوە.

## دواوتە:

ئەگەرچی ئوتومبیل لێخوڕین شارەزاییەکە لە ڕێگەی وانەو کۆرسی تایبەتەوە بەدەستدێت، بەڵام پێویستە هەڵسوکەوت و ئاکاری شۆفێرەکان سەبارەت بە گەلێک مەسەلە کۆنترۆڵبکرێت، بەتایبەتی لێخوڕینی دوژمنکارانەو توندوتیژ، بەسەرخۆشی لێخوڕین و یاساشکێنی. بەپێی زانیارییەکان دەرکەوتووە، ئەو شۆفێرانەی تەمەنی ئوتومبیل لێخوڕینیان دووساڵ زیاتر نییە، دەبنە هۆی ڕێژەیەکی زۆری کەوتنەوەی ڕووداوەکانی هاتوچۆ. هەروەها ئاشکرابووە ئەو شێوازانەی ئێستا مۆڵەتیان پێ دەدرێت نابێتە هۆی بەرهەمهێنانی شۆفێر بەواتا زانستییەکەی. بۆیە پێویستە لایەنی پەیوەندیدار چاوێک بەشێوازی مۆڵەتپێداندا بخشێنێتەوەو سیستەمێکی یەکگرتووی هاتوچۆ بهێنێتەئاراوەو کۆمەڵگە نەکاتە قوربانیی یاساو شێوازگەلێکی مۆڵەتپێدان، کە هی سەردەمێکە بۆ ئەمڕۆ گەشەکردنی ڕێگەوبانەکان و زیادبوونی ژمارەی ئوتومبیلەکان شیاونییە. هەروەها گەرەکە بایەخ بە دەروونناسیی مرۆڤی

تایبەت بە بەکاربەرانی ڕێگەوبانەکان بدرێت، بەتایبـــەتی شـــۆفێرەکان، چونکە لێکۆڵینەوەکان دەریانخستووە قوتاربوونی هەر شۆفێرێک لە ڕووداوێک بەبێ زیان، بەدرێژایی ڕۆژگار ئاکاری خراپی ئۆتومبیل لێخوڕینی لا بەهێزدەکات.

وێڕای ئەوانە، گەشەپێدانی بونیادی ژێرخان بەشێوەیەکی دیراسەکراو، یەکێکە لە مەسەلە بنچینەییەکان بۆ کەمکردنەوەی ڕووداوەکانی هاتوچۆ، چونکە زیاتر لە پەنجا هۆکاری تایبەت بە بونیادی ژێرخان هەن، کە دەبنە هۆی پێشهاتنی ڕووداوی هاتوچۆ. هەروەها دەبێت هاوشانی گەشەکردنە نوێکانی بواری هاتوچۆ ڕێبکەین، بۆ جڵەکردنی سیستەمی هاتوچۆ. بۆ نموونە، دانانی کامێراکانی کۆنترۆڵکردنی خێرایی و لە ترافیک دان، ڕۆڵی گەورەی هەیە لە کەمکردنەوەی ڕووداوەکانی هاتوچۆداو شۆفێرەکان ناچاردەکات بەخێرایی دیاریکراو لێبخوڕنو ڕێزی هێماکانو ترافیک لایتەکان بگرن. کارمەندانی هاتوچۆش کەسانێک نین تەنیا لەسەر شەقامەکان ئاڕاستەی لێخوڕین لە چوارڕیانەکاندا بکەن، بەڵکو ئەرکیانە ڕەوتی هاتوچۆ بەپێی سیستەمێکی هاوچەرخ ڕێکبخەنو هەموو ئەوانە سزابدەن کە سەرپێچیی ئەو سیستەمە دەکەن، جا پلەو پایەیان هەرچییەک بێت.

ڕۆژنامەی ئاسۆ سەرەتای مانگی ١٠/ ٢٠١٠

## گۆڕانو نوێبوونەوە خەسڵەتی سەرەکی پەروەردەیە
## سوودوەرگرتن لە ئەزموونەکانی دیکەش یاریدەدەرن

پەروەردە کلیلی ئاشنابوونە بە تواناکانی مرۆڤ، بەمەرجێک پەروەردە بە زنجیرە پرۆسەیەک دابنرێت، کە ئامانجیان چەکدارکردنی تاکە بەو توانستانەی یارمەتیدەدەن بۆ بەکاربردنی وزەکانی خۆی لە ڕێگەی تێگەیشتن و جڵەوکردنی توخمە کولتورییەکانەوەو گرتنەئەستۆی هوشیارانەی بەرپرسیارێتییەکانی ناو کۆمەڵگەوە.

خەسڵەتی سەرەکیی ژینگەی پەروەرەکردنێکی داهاتووخواز بریتییە لە خێرایی گۆڕان. ئەمەش دەیسەپێنێ بەسەر جڵەوکارانی بواری پەروەردەدا، لەکاتی سیاسەتسازیی پەروەردەو دیاریکردنی ئامانجەکانیدا، ئەو خەسڵەتە ڕەچاوبکەن. چونکە لەناو جیهانێکی گۆڕاوی گەشەکردودا، کە مەعریفە بەخێرایی نوێدەبێتەوە، ئەرکی پەروەردە تەنیا گوێزانـــەوەی ڕێکوپێکی زانیارییەکان نییەو ئاخاوتن دەربارەی چەسپاندنی ڕۆحی ڕەخنەگرانەو فێرکردنی شێوازەکانی بیرکردنەوە تێدەپەڕێنێ، بەوپێیەی پەروەردەی داهاتووخواز دەبێت جەغت لەسەر کۆمەڵێک شارەزایی سەرەکی بکاتەوە، وەک توانای گونجان، نەمونیانی، مامەڵەکردن لەگەڵ گۆڕانی خێرا، تێگەیشتن لە گۆڕان و ئامادەبوون بۆ کەوتنە ژێر کاریگەریی.

ئەو پەروەردەیەی لە ڕابردوودا چاوی تێ بڕابوو و بریتیی بوو لە وانەپێوتنەوەو تەلقینداندان، ئیمڕۆ بۆتە پرۆسەیەکی گۆڕانکاریی بەردەوام، کە گشت تاکەکانی کۆمەڵگە دەکەونە ژێر کاریگەرییەوە. هەروەها ئاشنابوون بە چۆنییەتی گۆڕان بۆتە یەکێک لە ئامانجە سەرەکییە نوێیەکانی پەروەردە. وێڕای ئەوە پەروەردە ئەم ئامانانەشی هەیە: بەدەستهێنانی مەعریفە، بنیاتنانی ژیری، پەرەپێدانی تواناکانی ڕەخنەگرتن، بنیاتنانی توانا ئەقڵییەکان، گەشەپێدانی توانای خۆناسینو دەرککردن بە بەهەرەکان و سنوورەکانیان، فێربوونی چۆنییەتی زاڵبوون بەسەر مەیلو ڕەفتارە وێرانکارەکاندا، خستنەگەڕی توانستە داهێنەرو خولقێنەرەکانی تاک، ئاشنابوون بە چۆنییەتی بەشداریکردن لە بەرپرسیارێتی گرتنەئەستۆ لە

کۆمەڵگەدا، فێربوونی چۆنییەتی پەیوەندی دروستکردن لەگەڵ کەسانی دیکەدا، یارمەتیدانی تاک بۆ گونجان لەگەڵ گۆڕانکارییەکانداو بەدەستهێنانی تێڕوانینێکی هەمەلایەن دەربارەی جیهان، ڕاهێنانی تاک لەسەر ئەوەی پراکتیکی و ئەقڵانی بێت و توانای ناسین و چارەسەرکردنی گرفت و کێشەکانی هەبێت.

کەواتە پەروەردەکردن ڕۆڵێکی دیاری هەیە لە پرۆسەی نوێکردنەوەو گۆڕانکاریی دیموکراتیانەدا و لە کوردستان بایەخێکی زیاتری هەیە، چونکە کاریگەریی لەسەر ئێستاو داهاتووی دەبێت. ئەمەش پێویستی بە کارو کۆششی زۆر هەیە بۆ سەرلەنوێ دیاریکردنی پرۆسەو ئامانجەکانی پەروەردە. لەلایەکەوە بەرپرسیارێتیەکی گەورە دەکەوێتە ئەستۆی پرۆسەی پەروەردەکردن بۆ ئامادەسازیکردنی بۆ جیهانی شۆڕشی تەکنیکی بە هەموو کاریگەرییە جۆربەجۆرەکانیەوە. لەلایەکی دیکەوە پەروەردەکردن دەبێت ئامانجی ڕاهێنانی مرۆڤ بێت لەسەر گۆڕان. جا ئەگەر گوتەگەلی وەها هەبن، کە پێیانوابێت پەروەردەکردن سیستەمێکی موحافەزەکارانەیە، واتا ئەرکی ئەوەیە نەوە نوێکان بە زانیارییە پێشوەخت لەسەر ڕێکەوتوەکان ئاشنابکاتو وایان لێ بکات لەگەڵ بەهاو بیرۆڕاکانی کۆمەڵگەدا بسازێن، ئەوا ڕاستییە نوێکان دەریانخستوە، کە مەعریفەیەک نییە بۆ هەتا هەتایە هەموان لەسەری ڕێکبکەون و هەموو بەهاو بیروڕاکانی ڕابردوویش شایانی پیاچوونەوەو تەنانەت ڕەتکردنەوەن و مەعریفەکانی ئیمڕۆش لە داهاتوودا دەگۆڕێنو نوێدەبنەوە. بەوپێیە پەروەردەکردن یەکێکە لە کەرەستە سەرەکییەکانی بنیاتنانی مرۆڤ و بەهۆی پرۆسەی پەروەردەکردن و لە ڕێگەی دامەزراوگەلی جۆربەجۆرەوە بەدەستدێت، کە فێرکردنی ڕەسمی گرنگترین کەناڵیەتی.

بۆ بنیاتنانی سیستەمێکی پەروەردەی داهاتووخواز لە جیهانێکی کارلێکردوودا، نابێت لە خاڵی سەرەتای ئەزموونی میللەتانی پێشکەوتووی دنیاوە دەستپێبکەین، بەڵکو دەبێت سوود لەو سیستەمی پەروەردەکردنەی میللەتانی دیکە وەربگرین کە ئیمڕۆ کاریان پێ دەکرێت، بەوپێیەی ئەوانە ئەزموونی مرۆڤایەتین دەکرێت بە ڕەچاوکردنی خەسڵەتەکانی کۆمەڵگەی کوردستان و ئاستی گەشەکردنی سوودیان لێ وەربگیرێت. بۆ ئەم مەبەستەش وەرگێڕانی بابەت لەسەر ئەزموونی پەروەردەی وڵاتانی پێشکەتوو یان نووسین دەربارەیان ڕێگەیەکە بۆ ئەو سوود لێ وەرگرتنەو ئەرکی سەر شانی هەموو ئەوانەیە، کە لە وڵاتە پێشکەوتوەکان ژیاون، ئەزموونی پەروەردەی ئەو وڵاتانە بگوێزنەوە، هەتاکو سیاسەتسازانی بواری پەروەردە و پەروەردەکاران سوودیان لێ وەربگرن بۆ جێگیرکردن و پەرەپێدانی

ئەو ڕیفۆرمی پەروەردەیەی لەلای ئێمە هەنگاوی هەڵهێناوەو دەستیپێکردوە، هەتاکو بەسەلامەتی و باشی بگاتە کەناری ئامانجەکانی خۆی.

لێرەشدا سوودوەرگرتن لە سیستەمی فێرکردنی وڵاتە ئەسکەندەناڤییەکان، کە لە ڕووی پەروەردەوە بەوڵاتگەلی زۆر پێشکەوتوو دادەنرێن‌و سیستەمی پەروەردە تیایاندا کۆمەڵێک بەهای لەخۆگرتوە، سوودبەخشن بۆ سیستەمی پەروەردەی داهاتووخواز کە پێویستە لە کوردستاندا نیشتەجێبکرێت. ئەو بەهایانەش بریتین لە:

١/تاک سەنتەری فەلسەفەی پەروەردەکردنە و پێویستە هەموو تواناو ڕێگاکان بخرێنەگەڕ بۆ ئەوەی تاک تواناکانی خۆی بخاتەڕوو و دەرفەتی گەشەکردن‌و دەوڵەمەندبوونی بۆ برەخسێت.

٢/بنیاتنانی ئەقڵی ڕەخنەگرانەی دوور لە کۆپیکردن و پێ لەبەرکردن و ڕەفتاری بەشداریکردنی بەردەوام لە پرۆسەی پەروەردەداو ڕەتکردنەوەی پەراوێزکەوتنی پەروەردەکراو.

٣/ڕەتکردنەوەی ئەقڵی موتڵەقگەرای ڕەتکەرەوەی ئەویترو بنیاتنانی هەمەلایەنی و فرەڕەنگی.

٤/ڕەتکردنەوەی بیرکردنەوەی «ئەم یان ئەو»، واتە ڕەش یان سپی و کارپێکردنی پرنسیپی ڕێژەییبوونی حەقیقەت.

٥/بڕوابوون بە سیستەمی هەمەلایەن کە لە دایەنگەوە دەستپێدەکات و بە خوێندنی باڵا کۆتایی دێت و چەندین جۆری خوێندن لەخۆدەگرێت.

٦/بایەخدان بە کەسانی خاوەن پێداویستیی تایبەتی و دەستەبەرکردنی خوێندن بۆ ئەوەی ئەوانیش سوود لە سیستەمی پەروەردە وەربگرن. هەروەها دەرفەت ڕەخساندن بۆ ئەو گەورانەی لە سەردەمێکی دیاریکراوداو لەبەر گرفتی تایبەتی ماوەی خوێندنیان نەبوە.

٧/کارپێکردنی پرنسیپی «فێربە بۆ ئەوەی فێربکەیت» لەلایەن پەروەردەکارانەوە. واتە فێربوونی بەردەوامی پەروەردەکاران هەتاکو بتوانن بە گۆڕانکارییەکاندا ڕابگەن و زیاتر لەوانە تێبگەن کە پەروەردەدەکرێن.

٧/جێبەجێکردنی بنەمای سێ کوچکە، واتە ئەو بنەمایەی پێیوایە پەروەردەکردن ئەرکی سەرشانی خوێندنگە- خێزان- کۆمەڵگەیەو هاماهەنگی و پێکەوە کارکردنی ئەو سێ لایەنە گرنگە.

٨/دانانی پەروەردە بە ئامرازی جێگیرکردنی دیموکراسی وەک شێوازی ژیان‌و تەرخانکردنی بڕێکی چاکی سامانی نیشتیمانی بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکانی پەروەردە.

# تورک و کورد
# کولتوور و بەهای هاوبەش

پیواری لێک تێگەیشتنی کورد- تورک و ڕوانینە یەک بە چاویلکەی ڕۆژگارەکانی پێشوو، یەکێکە لــە هۆکارەکانی ناکۆکی، پێکدادان، چاندنی تۆوی ڕق و لێک دوورکەوتنەوەو پێشهاتنی کارەسات و ڕووداوی ناخۆش. بۆیە ئەلتەرناتیڤی گونجاو بۆ خۆپاراستنی هەردوولا لە مەینەتییەکانی ڕابردوو، دەرگاکردنەوەیە بەڕووی لێک تێگەیشتن و یەکتر خوێندنەوەدا، بەهێزکردنی مەیلی کرانەوەیە بەڕووی یەکتردا، ئەوەش بە بەرپاکردنی دیالۆگێکی شارستانیانەی هەمەلایەن لەپێناو یەکتر ناسینەوەو پێکەوە ژیان و هاوکاریکردندا. چونکە بێئاگابوون لە کولتوورو بەهاکانی یەکتر یان یەکترنەناسین وەک هەین، نەک وەک وێنادەکرێین، دەبێتە مایەی بەهێزبوونی ململانێکانی نێوانمان و گرژبوونی ڕووبەڕووبوونەوەکانمانو زیان بە بەرژەوەندییەکان و داهاتووی هەردوولامان دەگەیەنێت. بێگومان لەم بوارەدا گەرەکە دیالۆگ لەسەر بنچینەی بڕوابوون بێت بە فرەڕەنگیی کولتووری و پاراستنی ئەو فرەییەو کرانەوە بێت بەڕووی کولتوورێکی فراوانتردا، کە دەبێتە هۆی قبوڵکردنی یەکترو چەسپاندنی ڕۆحی لێبوردەیی و ڕێزگرتنی یەکترو ڕەتکردنەوەی گشت جۆرەکانی داخران و گوشەگیری و لوتبەرزی. چونکە فرەڕەنگیو جیاوازی سەرچاوەی هێزو دەوڵەمەندبوونی مرۆڤو کولتوورەکانە، ڕێگەیەکە بۆ خۆدوورخستنەوە لە حوکمی پێشوەخت، دۆزینەوەی لایەنە پۆزەتیڤەکانی کولتووری هەردوولامانەو پەرەپێدانی ڕۆحی ڕەخنەگرتنە بەمەبەستی پاککردنەوەی ڕۆژگارەکەمان لە تەڵخییەکانی ڕابردوو و دانانی ڕێگەچارەیەک بۆ لێک تێگەیشتنی قووڵی دوولایەنەو چەسپاندنی کاری هاوبەش لەسەر بنچینەی بەها مرۆییەکان.

کولتوور یەکێکە لەو بوارانەی دەتوانێت ڕۆڵێکی کاریگەر لەم پرۆسەیەدا بگێڕێتو یاریدەدەرە بۆ پێکگەیشتنی مرۆڤ و کۆمەڵەکانمان و نەهێشتنی ئەو ئاستەنگو دیوارانەی لێکیان جیادەکەنەوە. چونکە کولتوور سەرجەمی ئەو بڕوایانەیە، کە

کۆمەڵەکانمان باوەڕیان پێیان هەیە و مانا دەبەخشێتە شتەکانی دەوروبەرو ڕەفتارەکانمان و پەیوەندییەکان سەرچاوەیان لێوە دەگرن. واتە کولتوور فەلسەفەی کۆمەڵو تێڕوانینی هەردوولامانە بۆ هەبوونی دەوروبەرو خۆمانو پەیوەندییەکانمان. لێرەشدا ئەگەرچی هەریەکێک لە کولتوورەکانمان مۆدێلی تایبەتی و سیستەمی بەهاکانی خۆی هەیە، کە لەوی دیکەی جیادەکاتەوە، بەڵام ئەنجامی جیهانیبوون مەودای بەها کولتوورییـــە هاوبەشەکانمان فراوانتربوەو دەرفەتی بەهاگەلی هاوبەش ڕەخساوە. کولتوورەکان بە دوو شێواز تێکهەڵکێش دەبن و کار لەیەک دەکەنو دەکەونە پەیوەندییەوە لەگەڵ یەکتر: شێوازی باڵادەستیی زۆرەملێیانەو گوێزانەوەی شارستانیانە. شێوازی یەکەم گوێزانەوەی کولتووری باڵادەستە بۆ کولتووری ژێردەست، کە دەبێتە هۆی مەسخبوون و گۆڕانی ناسنامەکەی. شێوازی دوەم ئەنجامی بەریەک کەوتنی کولتوورەکان ڕوودەدات، وەک بەریەک کەوتنی خۆرهەڵات و خۆرئاوا. ئەنجامی ئەوەش گۆڕان بەسەر کولتوورەکەدا دێتو کۆمەڵێک تێروانین و چەمکو بەهای نوێ لەخۆدەگرێت. لەم دەرفەتەدا بۆ پەیوەندیی تورک- کورد شێوازی دوەم ڕاستترو سەرکەوتووترە.

توانای کۆمەڵ بۆ بەرهەمهێنانی کولتوورو دامەزراندنی ژیوار ئەو شتەیە، کە کۆمەڵی مرۆڤەکان لە بوونەوەرەکانی تر جیادەکاتەوە، ئەمەش لایەنی پۆزەتیڤە، بەڵام خۆبەستنەوەی کۆمەڵ بەو تۆڕی مانایانەوە، کە خۆی چنیویەتی پاڵی پێوە دەنێت خەسڵەتی پیرۆزی و پایەبەرزی پێ ببەخشێت و تاکڕەوانە مامەڵە لەگەڵ کولتوورەکانی دیکەدا بکات. بەو پێیەش خۆی تەنیا هەڵگری واتاو ئامانج دەبێتو حەقیقەت تەنیا لای خۆی دەبێت. ئەنجامی ئەوەش بەکەم سەیرکردنی کولتوورەکانی تر سەرهەڵدەدات. گرفت لەوەدا نییە کولتوورێک تایبەتمەندیی هەبێت، بەڵکو لەوەدایە کۆمەڵێک بەرگی ئایدیۆلۆژیانەی بەبەردابکرێت و خەمی پاراستنی شوناسی تایبەتی تیا دروستبێت و وای لێ بێت خۆی لە کولتوورەکانی دیکە دابڕێت و ڕێگە لە گۆڕان بگرێت. هەروەها بەهاکان ڕۆڵێکی باشیان هەیە لە پرۆسەکەدا، بەوپێیەی بەهاکان ئەو وێناکردنانەن، کە ئاکار ئاڕاستەدەکەنو داوەریی قبوڵکردن یان ڕەتکردنەوەی دەکەن و توخمێکی هاوبەشی پێکهێنانی بینای کۆمەڵایەتیو کەسایەتی تاکەکانە. بەهاکان چەمکن بۆ دیاریکردنی هەڵوێست بەرامبەر بەشتو دۆخو ڕەفتارێکی دیاریکراوو دانانی یەکێک بە باشتر لەوی تریان.

کولتوورو بەهاکانی میللەتان گۆشەگیرنینو لە کارلێککردنو بەریەک کەوتندان لەگەڵ ئەوانی تر، بەتایبەتی لە سەردەمی جیهانیبووندا کە چەندین بەهای مرۆڤانەو

کولتووری هاوبەش دروستبوون، وەک لێبوردەیی، ڕێزگرتنی کولتووره جیاوازەکان، ڕەچاوکردنی ماف و پێداویستیەکانی منداڵ و گەنج و ژنان، ژینگەپارێزی، زامنی کۆمەڵایەتی، نەهێشتنی بێکاری، پاراستنی یەکسانی نێرو مێ.

ناکرێت فۆڕمێکی هاوبەش بۆ بەرەنگاربوونەوەی گرفت و مەترسییەکان بدۆزینەوە، ئەگەر لە چوارچێوەی بەهاگەلی هاوبەشدا نەبێت، بەهاکانی ئازادیو دیموکراسی و لێبوردەیی و دادپەروەری. ئەو بەهایانەی هەردوولامان بڕوامان پێیان هەیەو پێویستن بۆ سەردەمەکەمان. دیالۆگ گرنگە بۆ:

- هاندانی لێک نزیکبوونەوەو لێک تێگەیشتن و کارلێککردنو لێبوردەیی و ڕێز لێک گرتن.
- دەوڵەمەندکردنی مەعریفەی دوولایەنەو دۆزینەوەی خاڵە هاوبەشەکان و بەها هاوبەشەکان.
- چەسپاندن و پاراستنی گشت مافەکانی مرۆڤو ئازادییە بنچینەییەکان.
- دۆزینەوەی تێگەیشتنی هاوبەش بۆ پێوانە ئەخلاقیەکانو بەها مرۆییە گشتییەکان.
- زیادکردنی ڕێزی هەمەرشەنگیی کولتووری.
- هاندانی بنیاتنانی متمانەو زیادکردنی پێک ئاشنابوون و لێک تێگەیشتنو بەرەنگاربوونەوەی مەترسییە هاوبەشەکان.
- ڕێزگرتنی بڕواو پرنسیپەکانی هەرلایەک و چەسپاندنی پرنسیپی هاوکاریکردنو کاری هاوبەش.
- ڕێزگرتنی پرنسیپە مرۆییە هاوبەشەکان وەک ئازادیو دیموکراسیو مافەکانی مرۆڤ.
- ڕێزگرتن لە ویستی ئازادانەی میللەتەکان.

کولتوورێک نییە تەنیا تایبەت بێت بەم یان بەو کۆمەڵگە، بەڵکو کولتوورەکان پێکدەگەن و کار لێک دەکەن و کاریگەری دەخەنە سەر یەکتر.

ڕۆژنامەی ئاسۆ

# توندوتیژی یان هەڵکردن

توندوتیژیی دوولایـەنـە لە ململانێکانـــدا کێشـــەکان چارەســـەرناکات، بەڵکـــو ئالۆزتریاندەکات، چونکە هەستی رق و لێک دابڕان لای خود برەپێدەدات و هەستی ترسو گومان لای ئەویدیکە گەشەپێدەدات. توندوتیژی پەنادەبات بەر تێکشکاندنی ویستی بەرامبەر یان سڕینەوەی بوونی ئەویتر، نەک کۆکردنەوەی دوو ویستو هاوکاریکردنیان بۆ دەستەبەرکردنی بەرژەوەندیی دوولایەنە. لەکاتێکدا هەڵکردن (تۆلەرەنس) شێوازێکی گونجاوە بۆ مامەڵەکردنی دروستی نێوان لایەنە ململانێکارەکان و چارەسەرکردنی کێشەکان بەرێگەیەکی ئاشتیخوازانە، چونکە مانای داننانە بە خودو ئەویدیکەدا، بەبێ سڕینەوەی جیاوازییەکان، یان کەوتنە سەر ئەژنۆیێ لایەنێک لەبەردەم لایەنەکەی دیکەدا.

قسەکانی سەرۆک وەزیرانی تورکیا، ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، کاتی گەڕانەوەی لە سەردانی تورکمانستان، هەنگاوێکی پۆزەتیڤانەیە بۆ سنووردان لەبەردەمی مامەڵەکردنی توندوتیژانەو قبوڵکردنی شێوازی هەڵکردن لەگەڵ یەکیریداو پێویستە لە چوارچێوەیەکی ئەقڵانیدا تێیبڕوانرێو زیاد لە پێویست باری لێ نەنرێ و تەنیا بە چاوی هەستوسۆزی نەتەوەیی ســەیری نەکرێــت، جا ئەوە لەلایەن نەیارانی هەڵکردن و خوێندنەوەی سەردەمی ناو دەوڵەتی تورکیاوە بێت، یان ئەوانەی لای خۆمان کە تاکو ئێستا لەوە تێنەگەیشتوون سیاسەت کارکردنە لەناو شیاودا، نەک لەناو خواست و نموونە بەرزەکاندا.

ئەمڕۆ تورکیا و هەرێمی کوردستان لە بارودۆخێدا دەژین، کە ناچارن ڕێگەی هەڵکردن لەگەڵ یەکتردا بگرنەبەر، نەک ڕێگەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژانەوەو سڕینەوەی یەکتر. تورکیا بۆ ئەوەی بتوانێ لە بواری ئابووریدا بەهێزو گەشەکردوبێت و ڕێگە لە هەڵئاوسان و تەنگوچەڵەمەی دارایی بگرێتو پێگەی سیاسیی بەهێزی لەناوچەکەدا هەبێت و ببێتە بەشێک لە یەکێتیی ئەورووپا، پێویستی بەوەیە سنوورێکی دڵنیاو ئابوورییەکی گونجاوی هەبێت. بۆ ئەمەش هەرێمی کوردستان شیاوە بۆ دەستەبەرکردنی هەردوو پێداویستییەکە. بەوپێیەی کوردستان یەکێکە

لەو ناوچانەی عیراق، کە تیرۆریزم تیایدا ئیفلیجەو مەڵبەندێک نییە بۆ بەرهەمهێنانی تیرۆریستان و توندوتیژی بۆ دراوسێکان. ئەمە لەلایەک، لەلایەکی دیکەوە کوردستان سەرچاوەیەکی چاکە بۆ بەدەستهێنانی کەرەستەی خاوو بازڕێکی بەرهەمدارە بۆ وەبەرهێنان و ساخکردنەوەی کاڵاکانی تورکیا. کوردستانیش بۆ ئەوەی بتوانێ خۆی لە پیلانی هەڵوەشاندنەوەی ئەزموونەکەی بپارێزێ و دەرفەتی پەرەپێدانی بۆ بڕەخسێ، پێویستی بەوەیە وەک دراوسێیەکی خاوەن بەرژەوەندیی مامەڵ لەگەڵ تورکیادا بکات و سوود لەو توانایانە وەربگرێت کە لەو وڵاتەدا هەن، بۆ هێنانەدیی ئامانجەکانی خەڵک و هەنگاونان ڕووەو پێگەیشتنو جێگیرکردنی قەوارەی تایبەتی. بۆیە ئەگەر تورکیا و کوردستان لەو ڕاستییە تێنەگەن، بەتایبەتی لە سەردەمێکی مێژوویدا، کە بە کەرەستەو میکانیزمەکانی قۆناغی شەڕی سارد ناچێتەڕێوەو گوێ شلکەن بۆ ئەو دەگانەی بە قوڕگی سەردەمێکی کۆن دێنە قسەو بە ئەقڵی ڕۆژگارێکی جیاواز بیردەکەنەوە، ئەوا دووچاری لێکترازان و ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژانە دەبنەوەو هەردوولا زەمینە بۆ لاوازبوون و تێکشانی خۆیان خۆشدەکەنو دەرفەت بۆ نەیارانی خۆیان دەڕەخسێنن مەرامەکانی خۆیان جێبەجێبکەن.

بۆ ئەوەی لەسەردەمی بەجیهانیبووندا پەیوەندیی نێوان لایەنەکان بەهێزو جێگیربێت و دووچاری هەڕەشەی لێکدابڕان نەبێت، هەڵکردن لەگەڵ یەکترداو دروستکردنی تۆڕی بەرژەوەندیی هەمەلایەنی نێوان لایەنەکان باشترین شێوازە. چونکە کاتێک لایەنێک بەکردەوە دڵنیادەبێت بوون و گەشەکردنی خۆی بەشێوەیەک لە شێوەکان گرێدراوی لایەنەکەی ترە، ئەوکاتە بە هەمووشێوازێک تێدەکۆشێت بۆ پاراستن و بەرگری لێکردنی. ئەگەر تورکیا لەو ڕاستییە گەیشتبێ، هەرێمی کوردستان ئەو ناوچە هەستیارەیە، کە بەردەوامبوون و گەشەکردنی پێیەوە بەندە، ئەوا ناچارە سیاسەتەکانی خۆی بەپێی ئەوە دابڕێژێتەوەو ڕێگەی هەڵکردن بگرێتەبەر نەک سەرچڵیی توندوتیژانە. ئەگەر کوردستانیش لەوە تێگەیشتبێ ڕاگرتنی تورکیا وەک هاوسێیەکی کاریگەر زامنکەری ئارامی و پەرەسەندنە، ئەوا پێویستە خۆی لە بەرزکردنەوەی ئەو دروشم و هەڕەشانە بەدووربگرێت، کە لە واقیعی بەکردەوەدا توانای ئەوەی نییە بیانپارێزێ.

دواجار واچاکە ئەوە دووپاتبکرێتەوە، کە هەڵکردن باشــترە لە توندوتیژیو لە بەرژەوەندیی هەردوولادایە، بەڵام نابێت ئەوە بە لاوازبوونی لایەک یاخود هەڕەشەکردن لە لایەنێک لێکبدرێتەوە، بەڵکو پێویستە بە تێگەیشتنی واقعبینانەی دۆخەکەو خوێندنەوەی ئەقڵانی هەلومەرجەکە بنرخێنرێ.

## دیموکراسی و گۆڕینی کولتووری سیاسی

ئەگەرچی مەسەلەی دیموکراسی، لەسەر ئاستی نووسین و دروشمەکان، بایەخی زۆری پێ دراوە، بەڵام هێشتا ئەو مەسەلەیە، لە بواری کارپێکردن‌و جێبەجێکردندا، سەرکەوتنی بەرچاوی بەدەست نەهێناوە. ئەمەش ناچارماندەکات بپرسین بۆچی؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە دەڵێین، چەندین هۆکار هەن ئاستەنگ لەبەردەم بنیاتنانی کۆمەڵگەی دیموکراتیدا دادەنێن، گرنگترینیان سروشتی کولتووری سیاسیی باڵادەستە، کە دەبێت گۆڕانی بنەڕەتیی بەسەردابێت.

گرنگە سەرەتا ئەوە ڕوونبکەینەوە، دیموکراسی بە یەکێک لە ماناکانی، مافی هاوڵاتییە بۆ بەشداریکردن لە بڕیارسازییدا، دەربارەی مەسەلە گشتییەکان. بەم دەربڕینەش بێت، دیموکراسی مافی بەشداریکردن دەداتە هاوڵاتی و یەکەمین مەرجیش بۆ کارپێکردنی ئەو مافە، دەرککردنی هاوڵاتییە بەوەی، ئەوە مافێکی سروشتییەو دیاریی نییە کەس و لایەنێک یان حیزبێک پێی ببەخشێت.

یەکێک لە هۆکارەکانی سەرسمدانی دیموکراسی لای ئێمە ئەوەیە، هاوڵاتی دەرک بە سروشتیبوونی ئەو مافە ناکات و کولتووری سیاسیی باڵادەست، کە بەرهەمی پرۆسەیەکی پەروەردەکردنی کۆمەڵایەتی و سیاسییە، ئەو بەهاو شێوازی مامەڵەو ڕەفتارانەی تێدا چاندووە کە پێچەوانەی شێوازی دیموکراسین و چەسپێنەری شێوازە دەسەڵاتخوازە باڵادەستەکانن. بۆیە سەرکەوتنی ڕاستەقینەی دیموکراسی‌و جێبەجێکردنی پێویستی بەگۆڕینی ئەو کولتوورەو نەهێشتنی ئەو بەهاو شێوازی ڕەفتارانەیە، کە ئاستەنگن لەبەردەم دیموکراتیزەکردندا.

کولتووری سیاسی کۆمەڵێک ئاڕاستەی سیاسی‌و ئاقارو شێوازی ڕەفتارە، تاک بەرامبەر سیستەمی سیاسی و پێکهاتە جۆربەجۆرەکانی و بەرامبەر ڕۆڵی تاک لەو سیستەمەدا دەیگرێتەبەر. واتە شێوازگەلی ئاڕاستەکردن و سازانە لەهەمبەر چالاکی‌و کاری سیاسی لە کۆمەڵگەداو لە ئەزموونی میللەتانەوە سێ جۆر کولتووری سیاسیمان دەستکەوتووە: کولتووری سیاسیی بەشداریخوازانە، کولتووری سیاسیی پاشکۆخوازانە (شوانکارانە) و کولتووری سیاسیی ناوچەگەرانە.

وردبوونەوە لە بارودۆخی کوردستان دەریدەخات، کولتووری سیاسیی باڵادەست پاشکۆخوازانەیە، چونکە خەسڵەتەکانی ئەو جۆرە کولتوورە: دەسەڵاتخوازیو ملکەچکردن، بەدیدەکرێن. ئەمەش شێوازێکی ڕەفتارو مامەڵەکردنی خستۆتەوە، کە بەردەوام ئاستەنگ بۆ دیموکراتیزەکردن دروستدەکات و ڕۆحی دەستەوستانبوونو ملکەچی و پشت بەویدی بەهێز بەستن دەچەسپێنێ. ژیانی کۆمەڵایەتیی کوردەواری کەوتۆتە ناو چوارچێوەی زنجیرەیەک پەیوەندیگەلی دەسەڵاتخوازانە و ملکەچانەوە، لەنێوان باوک و منداڵەکان، براو خوشکەکان، گەورەو بچووکەکان، بەڕێوەبەرو کارمەندەکان، هەتا دەگاتە پەیوەندیی نێوان حوکمڕان و حوکمڕانیکراوەکان. ئەو جۆرە پەیوەندیانەش سەرەنجام تاودانەوەیان لە خودی ژیانی سیاسیدا هەبووە. بۆیە سروشتیبووە تاکی کورد هەر سیستەمێکی دەسەڵاتخوازانە قبوڵبکاتو دەستەوستانبێت لەئاستیانداو توانای بەشداریکردنی نەبێت لە بڕیارسازیدا. چونکە ئەو تاکە لەسەر ئەوە ڕاهێنراوە، کە کەسانی تر هەن لە بواری کۆمەڵایەتیدا بڕیار لەبری ئەو دەدەن، بۆیە قبوڵی ئەوە دەکات لە بواری سیاسیشدا لەبری ئەو بڕیاربدرێت.

وەک وتمان، دیموکراسی مافی هاوڵاتییە بۆ بەشداریکردن لە بڕیارسازیدا، بەڵام دەرک نەکردنی هاوڵاتی بەو مافەو هەستکردنی بەبێتوانایی لەو بەشداریکردنەدا وای لێ کردوە قبوڵی هەر سیستەمێکی دەسەڵاتخوازانە بکات و بە سروشتیی بزانێتو دەستەوستانبێت لەئاست گۆڕینی یان گۆڕینی سیاسەتەکانیدا. ئەمەش بەڕوونی لەو ڕۆحی ملکەچی و پشت بەویدی بەستنەدا بەدەردەکەوێت، کە لە کولتووری سیاسیماندا هەیە. مەبەست ڕۆحی ملکەچبوونە بۆ دەسەڵات و بێتوانایيە لەئاستی گۆڕینیدا، ڕۆحی پشت بەویدی بەستن و چاوەڕوانیکردنی پاڵەوانی فریادڕەسە بۆ ڕزگارکردنی.

ئەو بەهاو ئاڕاستە و شێوازانەی تاکی کورد فێریانبووە، لەلایەکەوە ئاستەنگیان بۆ بنیاتنانی دیموکراسی دروستکردوە، لەلایەکی ترەوە بوونەتە هۆی نائامادەیی ڕۆحی گفتوگۆ و دیالۆگی بابەتیانەو قبوڵکردن و ڕێزگرتنی بیروڕای جیاواز لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکاندا. بۆیە دەبینین ئەو تاکە دیالۆگی بابەتیانە پێڕەوناکات و ڕێزی بیروڕای جیاواز ناگرێت و ڕەخنە قبوڵ ناکات. سەرەنجامیش پەیوەندییەکان ملکەچکردن دەبن بۆ کەسی باڵاترو دەسەڵاتدارتر یان کۆنترۆڵکردنی کەسی خوارتر.

لەو دەربڕینەوە دەردەکەوێت، کولتووری سیاسیی باڵادەست لە کوردستان، کولتوورێکی ڕێگری بنیاتنانی دیموکراسیەو بەهێزکەری سیستەمی دەسەڵاتخوازانەیە. بەو جۆرەش تاکی کورد بەکارێکی سروشتیی دەزانێت دەسەڵاتێکی سیاسی هەبێت

کۆنترۆڵی بکات و لەبری ئەو بڕیار لەسەر ئەو مەسەلانە بدات، کە پەیوەندیان بە ژیانو چارەنووسی ئەوەوە هەیە. ئەوەش لەگەڵ سروشتی ئەودا تەبایە، چونکە هەمیشە لە خێزان و قوتابخانەو زانکۆو شوێنی کار، لەبری ئەو بڕیاردراوە. ئەمەش ڕاماندەکێشێت بۆ قسەکردن دەربارەی پەروەردەکردنی سیاسیی هاوڵاتیان.

پەروەردەکردنی سیاسی ئەو پرۆسەیەیە تاک بەهۆیەوە بەهاکانی خۆی، ئاڕاستە سیاسییەکانی، زانیاری و هەستوسۆزی، هەڵسەنگاندنەکانی بۆ ژینگەکەیو دەروبەرو سیستەمی سیاسی بەدەستدێنێت. واتە پەروەردەکردنی سیاسی پرۆسەیەکە لە ڕێگەیەوە کولتووری سیاسیی کۆمەڵگە پێکدێت و ئەمانە لەخۆدەگرێت: جۆرەکانی فێرکردنی سیاسیی ڕەسمیو نارەسمیو پلان بۆ دانراوو دانەنانراو لە هەر قۆناغێکی ژیانی تاکدا. ئەمانەش جۆرەکانی بەهاو شـێوازەکانی ڕەفتار لەخۆدەگـرن، کە پەیوەندیی ڕاستەوخۆیان بەژیانی سـیاسـییەوە نییە، بەڵام کاریگەریان لەسـەر ڕەفتاری سیاسیی تاک هەیە. وەک بەدەستهێنانی ئاقارە کۆمەڵایەتیەکانو ئەو خەسڵەتە تاکەکەسیانەی کاریگەریان لەسەر ڕەفتاری سیاسیی تاک هەیە.

هەنگاوی بنچینەیی و گرنگ بۆ بنیاتنانی دیموکراسی، بەگۆڕینی ئەو کولتوورە سیاسییە دەستپێدەکات، بۆ پاککردنەوەی لەو بەهاو ئاڕاستەو شێوازی ڕەفتارانەی پەیوەندییەکانی دەسەڵاتخوازیو ملکەچیان چەسپاندوەو کارکردن بۆ جێگیرکردنی ئەوانەی یاریدەدەرن بۆ بنیاتنـانـی کەسـایەتیی ئازادی سەربەخۆو خوڵقاندنی کولتوورێکی سیاسیی بەشداریخوازانە، کە وا لە تاکی کورد دەکـات بڕوای بەخۆیو تواناکانی خۆی هەبێت و هەموو جۆرە مەیلێکی دەسـەڵاتخوازانە ڕەتبکاتەوەو قبوڵی نەکات دووربخرێتەوە لە بەشداریکردن لە بڕیارسازیدا.

کەواتە کوردستان پێویستی بە شـۆڕشـێک هەیـە لە ناخی کولتوورەکەیدا، کە سیستەمی پەروەردەی باوکسالارانەو شێوازی ڕەفتاری باو هەڵتەکێنێو کاریگەرییەکەی بگاتە خێزان، دامەزراوەکانی پەروەردەو فێرکردن، شوێنی کارکردنو ئامرازەکانی ڕاگەیاندن. شۆڕشێک تاکی کورد سەرلەنوێ بەشێوەیەک بنیاتبنێتەوە، کە کاربکات بۆ گۆڕینی بونیادی کولتووری سیاسی و بەپیرەوەچوونی بەهاکانی دیموکراسی و ڕەتکردنەوەی بەها دەسەڵاتخوازو ملکەچکارەکان. چونکە گۆڕینی حوکمڕانێک بەیەکێکی دیکە، بەپاراستنی هەمان بەهاو ئاڕاستەو شێوازەکانی ڕەفتاری باڵادەست، مانای گۆڕینی دەسەڵاتخوازێکە بەیەکێکی تر.

دیموکراتیبوونی ژیانی سیاسی دەبێت لە دیموکراتیبوونی ژیانی کۆمەڵایەتیەوە هەڵقوڵێت. جا لەبەرئەوەی پەیوەندی و دامەزراوە کۆمەڵایەتیەکان نادیموکراتین،

بۆیە دیموکراسی هێشتا جێگیرنەبووەو پەیوەندییە دەسەڵاتخوازو ملکەچکەرەکان بەردەوامن. هەوڵدان بۆ کارپێکردنی شێوازەکانی دیموکراسی لە پەیوەندییەکانو دامەزراوە سیاسییەکاندا سەرکەوتوونابێت، ئەگەر لە پەیوەندی و دامەزراوە کۆمەڵایەتیەکاندا کاریان پێ نەکرێت، چونکە بەبێ خوڵقاندنی کولتوورێکی دیموکراتی، دیموکراسی لەسەر ئاستی سیاسی تێکدەشکێ و دامەزراوە سیاسییە جۆربەجۆرەکان دەبنە قاوغی بێ ناوەڕۆکو لەلایەن ئەم تاک یان توێژی حوکمڕانەوە بەکاردەبرێن بۆ چەسپاندنی دەسەڵات و باڵادەستی.

ڕۆژنامەی ئاسۆ ژمارە (١٣٧٣)/ ٢٧-١٢-٢٠١٠

## عەلمانیەت دەروازەی دیموکراسییە

تێکهەڵکێشی و یەکبڕینی عەلمانیەت و دیموکراسی و کارلێککردنیان، دەگەڕێتەوە بۆ بارودۆخی دنیایی و واقعیی دژ بە مرۆڤو ئازدی لەلایەک. لەلایەکی ترەوە دانانی مرۆڤ بە جڵەوکاری سروشت، تەوەری دنیا، پێوانەی بەهاکان و دروستکەری مێژووی تایبەتی و چارەنووسسازی خۆی. لەم ڕەوتەدا بەعەلمانیکردن پرۆسەی گەشەکردنی مێژوو و مەعریفەیە ڕووەو بەدەستهێنانەوەی خودی مرۆڤ لەلایەن خۆیەوەو لەناوبردنی ستەمکارییە بەهەموو شێوە «پیرۆز»و ناپیرۆزەکانیەوە، هێنانەدیی ئازادییە لەهەمبەر سروشت، کۆمەڵگەو حوکمڕانی. لێرەشدا لەناوبردنی ستەمکاریی مانای نەهێشتنی جیابوونەوەی مرۆڤو سروشت، واقیعو فیکر، مادەو ڕۆحە.

دیموکراسی، لە یەکێک لە ئاستەکانیدا، مانای یەکسانیی سیاسی، دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و ئابووری و ئەخلاقییە. تێکڕای ئەمانەش ڕەگی عەلمانیان هەیە، چونکە لە بنەچەیەکەوە سەرچاوەدەگرن، کە ناشێ پشتگوێبخرێ یان وەلاوەبنرێ، ئەویش یەکسانیی بوونخوازە. بۆیە هەموو شێوازەکانی نایەکسانی لە ستەمکاریی دژی مرۆڤ و بێبایەخکردنی گیانی مرۆڤانەوە سەرچاوەدەگرن.

یەکسانیی بوونخواز، لە یەکسانیی کاری مرۆڤانە و هاوشێوەیی ماهیەتیدا بەرجەستەدەبێت. یەکسانییەک لە بەهای مرۆڤانە و گرنگیی تاک و ئەوەوە سەرچاوەدەگرێ، کە ئەقڵ خەسڵەتێکی چۆنایەتیە و خاڵی هاوبەشی نێوان تاکەکانی جۆرێک پێکدێنێ. یەکسانییەک لە مرۆڤبوونی تاکەکان و مافو ئازادییەکانیەوە هەڵدەقوڵێت.. ئەم یەکسانییەش عەلمانییەت دابیندەکات، چونکە ئەوەی بنەڕەتی و خاوەن بەهایەکی بڕیاردەرە لە دنیای مرۆڤدا، تەنیا خودی مرۆڤە، مرۆڤی کار، بەرهەمهێنان، مەعریفە، داهێنان، خوڵقاندنو ژیوار، دژ بە مرۆڤی ئیمان، دەستەپاچەیی، خواپارێزی، بێگوناهی، موحافەزەکار، وێناکردن، ملکەچی، گوێڕایەڵی، ڕازیبوون و خۆبەدەستەودان، واتە مرۆڤی کۆیلایەتی. بەوپێیەش یەکسانی، یەکسانییە لە ئازادیدا، نەک یەکسانیی لە کۆیلایەتیدا.

دیموكراسی، بەرەگە عەلمانییــەكەی و ناوەڕۆكــە مرۆڤانەكــەی و ناواخنــە كۆمەڵایەتییەكەی، داننانە بە ڕێژەییبوونی حەقیقەت و شیانی هەڵكردندا (تۆلەرەنس)، ڕێزگرتنی ڕای ئەویدیكەیەو گوێگرتنو كارلێككردنە لەگەڵیدا، بەكافرنەكردنو تاوانبارنەكردنیەتی. ئەمەش داننانە بە حەقیقەتی سەربەخۆ لە زەیندا، كە هەموان هەوڵدەدن بۆ پێگەیشتنی، بێ ئەوەی بابەت بكرێتە قوربانی خود.

تەنگوچەڵەمەی دیموكراسی لای ئێمە، دەگەڕێتەوە بۆ نائامادەیی گفتوگۆی بابەتیانە، بەهۆی نائامادەیی ئازادی و دەستپێكە بابەتییەكانی دیالۆگ. لێرەشدا ڕەگەكانی تەنگوچەڵەمەی ئازادی و دیموكراسیش لە ویژدانی هاوچەرخماندا دەگەڕێتەوە بۆ پێنج دانە:

یەكەم/ لێكدانەوەی پیت بەپیت، واتە ئەو دەقخوازییەی ئازادیی ڕەتدەكاتەوە، لەپێناو پابەندبوون بە حەقیقەتی ڕەهای پێشوەخت ئامادەكراو، كە بە فۆڕمێكی هەتاهەتایی داڕێژراوەو ئەقڵییەتی دەسەڵاتی سیاسی لەگەڵ ئەقڵییەتی دەسەڵاتی ئایینی دژی مرۆڤ یەكدەخات، چونكە هەردووكیان پشت بە شۆڕكردنەوە دەبەستن. مەبەست شۆڕكردنەوەی فرمانە لە دەسەڵاتەوە بۆ میللەتو شۆڕكردنەوەی مەعریفەیە لە ئاسمانەوە بۆ زەویو لە دوائەنجامدا ڕەتكردنەوەی مافی پێداچوونەوەو مشتومڕو دیالۆگە.

دووەم/ بەكافركردن یان تاوانباركردنی جیاوازی و ئۆپۆزسیۆنە، بەپێی كۆمەڵێك دەق كە بۆ مەبەستی سیاسی و ئایدیۆلۆژی و كۆمەڵایەتی دادەڕێژرێن.

سێیەم/ دەسەڵاتخوازیی وێناكردن. وێناكردنی دنیا لە تێڕوانینی ئیسلامیدا، وێناكردنێكی دەسەڵاتخوازانە، ناوەندی و ڕەهاخوازانە بووەو دواتریش بۆتە بناغەی وێناكردنێك بۆ دنیاو بنچینەی پێكهاتە سیاسییەكان. لەو وێناكردنەدا ویستی مرۆڤانە وندەبێو كردارو ئەقڵ لاوازدەبن و مرۆڤ بەو ئیمانە دەستنیشاندەكرێ كە گومانهەڵگر نییە. لەم وێناكردنەشەوە بیرۆكەی تاكە سەركردەی فریادڕەسی مەزن و بلیمەت سەرچاوەدەگرێت. هەروەها ئەم وێناكردنە مرۆڤەكان دابەشدەكات بۆ گشت و عەوام لەلایەك، خانەدانو شوانەكان لەلایەكی دیكەوە. ئەم وێناكردنە هەمووشتێك دەداتە لوتكەو گشت شتێك لە بنكە زەوتدەكات، بەڵكو هەمووشتێك لە بنكە دەسەنێ و دەیداتە لوتكە.

چوارەم/ پاكانەكردن بۆ هەندێك دەرهاویشتە. واتە كاری ئەقڵ پاكانەكاریی ڕووت دەبێت، هەندێ دەرهاویشتە وەردەگرێ و دەیانگێڕێتەوە بۆ چەند دەرهاویشتەیەك، كە شایانی تێگەیشتنن و دەشێ بسەلمێنرێن، بەڵام دوورن لە بێلایەنی و ڕۆحی زانستی و چاونەترسیی ڕەخنەگرتن. لە بەرامبەر بەم ئەركەی ئەقڵ، كە خواوەند

سەرچاوەکەیەتی، دیالۆگ مەحاڵدەبێ، چونکە دەرهاویشتەکان پێشوەخت قبولّکراون و ناخرێنە ژێر گومان و ڕەخنەوە.

پێنجەم/ تێکشـاندنی ئەقڵ، واتـە هێرشـکردنـە سـەر زانسـتە ئەقڵییەکانو لەناوبردنی فەلسەفە و دوژمنایەتیکردنی هەر ئاقارێکی ژیواریی ئەقڵانی.

ئایا ئەم پێنج مەسەلەیە، کە ڕیشەی تەنگوچەڵەمەی دیموکراسین لە ویژدانی هاوچەرخماندا، دەربڕی نائامادەیی هوشیاریی نییە بەرامبەر بە گرنگیی عەلمانییەتو دواجاریش نائامادەیی عەلمانییەت نییە لە بیرو پراکتیکدا؟

لێرەدا دەبێت جەغت لەسەر ئەوە بکەینەوە، کە دیموکراسی، ئەوەی بە دیالۆگو ئازادی و داننان بەویدیکەی جیاواز دەرمانبڕیوە، مەحاڵە ئەگەر عەلمانییەت دەروازەو ناوکی نەبێت. لە دەرەوەی چوارچێوەی پڕۆژەیەکی سیاسیی دیموکراتیانەو چوارچێوەی ستراتیژێکی کراوەی ئەقڵانی، مەسەلەی دیموکراسی بێ ناوەڕۆک دەبێت، نابێ بەهانەی بۆ بهێنرێتەوە، لاوازدەبێ و وەک جلوبەرگێکی ئایدیۆلۆژیانەی «نوێ» بەکاردەبرێ، بۆ خزمەتکردنی ئامانجێکی سیاسیی موحافەزەکارانە. هەمان مەسەلە بۆ عەلمانییەتیش ڕاستە. لە دوائەنجامیشدا، دیموکراسی و عەلمانییەت دەگۆڕێن بۆ دوو گوتاری ناکۆک و بێ ناوەڕۆک لە مەیدانی مشتومڕی ئایدیۆلۆژیانەو ململانێی دەستەواژەخوازداو دوو دروشمی بارگاوی بە وروژاندنو بەرەنگاربوونەوەو سۆزی تایەفەگەری و پەرچەکردار دەبزوێنێ، زیاتر لەوەی هوشیارییەکی نوێ دامەزرێنێ. ئەو هوشیارییەی خزمەتی ڕەتکردنەوەی واقیعی باو و ڕەخنەلێگرتنی دەکات.

لە دەرەوەی پڕۆژەی دیموکراسی و بەبێ هوشیارییەکی عەلمانی- دیموکراسیی مێژوویی نوێ و شۆڕشگێڕانە، عەلمانییەت و دیموکراسی دەگۆڕێن بۆ بتێکی کەڕو لاڵی بەتاڵ لە هەر شڵەژانێک، واتە بەتاڵ لە بزووتنەوەی ژیان. چەمکگەلێک- بتگەلێکی ناکۆک، کە هیچ شتێک پێکەوەیان نابەستێ و هیچ ناوەڕۆکێکیان نییەو نەمرن و بیرۆکەی مێژوو و چەمکی پێشکەوتن ڕەتدەکەنەوەو خۆ لەسەروو واقیعەوە ڕادەگرن. بتگەلێک کە ماهیەتیان لەگەڵ شوناسیان جووتە، جوتبوونی شوناس، ماهییەتیش مانای ڕەتکردنەوەی جیاوازی و لەسێدارەدانی هەمەڕەنگی، فرەیی، جیاوازی و جیاکارییە. جوتبوونێک لەنێوان ماهییەت و شوناس لە زەینی پیران- بتپەرستاندا، بنچینەی دان نەنانە بەویدیکەداو بناغەیە بۆ: قبوڵ نەکردنی فرەیی، جیاوازی، بەکافرکردنی ئۆپۆزسیۆن، بێسوودیی دیالۆگ، بنچینەی توندوتیژیو وێرانکاریی ڕاپسکاو لە سانسۆری ئەقڵ. ئەو توندوتیژییەی لە گوتار، ڕەفتار، بیرو پراکتیکدا بەدیدەکرێت.

ئەوە پڕۆژەی دیموکراسییە، کە دەتوانێت ناوەڕۆک و ڕێکوپێکیو ڕەوتگەی پەیوەندی ببەخشێتە چەمکەکان و ئەویشە گرنگیی ئەم یان ئەو چەمک، وەک پێداویستییەکی مێژوویی و لۆژیکی، نەک مۆدەیەک، دەسەپێنێ.

ڕۆژنامەی ئاسۆ ژمارە (١٣٧٧)/ ٣-١-٢٠١١

## چەسپاندنی کولتووری مافەکانی مرۆڤ مەرجی پاراستنیانە

یەکەمین هەنگاو ڕووەو هێنانەدیی مافەکانی مرۆڤ و بەرگریکرن لێیان، ئاشنابوونە بەو مافانەو چەسپاندنی کولتووری مافەکانی مرۆڤە. چونکە زۆرێک هەن لە کۆمەڵگەی کوردستاندا بەو مافانە ئاشنانین کە هەیانەو نازانن مافەکانی ئەوانی دیکە کامانەن کە دەبێت ڕێزیان لێ بگیرێت. بۆیە سەرەنجام داوای ئەو مافانە ناکەن کە هەقی خۆیانەو ڕێز لەو مافانەش ناگرن کە هی ئەوانی دیکەیە.

کولتووری مافەکانی مرۆڤ هێشتا بەشێک نییە لە ژیانمان و لە هەموو ئاستەکاندا، چونکە خۆڕسکانە و خەمساردانە ژیانی کۆمەڵایەتیو سیاسیی خۆمان بەڕێدەکەین، بەبێ ئاوڕدانەوە لەو واقیعەی چەندین دەستدرێژیی بۆ سەر مافەکانی مرۆڤ تێدایەو شکۆمەندیی مرۆڤی تێدا فەرامۆشدەکرێتو ملکەچی واقیعی باوین. بۆیە لە سیستەمی خوێندندا بەرنامەیەک بەدی ناکەین کە لە ڕێگەیەوە قوتابییەکان ئاشنابن بە مافەکانی خۆیان. فەرمانبەران نازانن مافەکانیان لە دامەزراوەکانیاندا چییە. ژنو مێرد، بەبێ تێگەیشتن لە ماف و ئەرکەکان، ژیانی خێزانی پێکدێنن. لەسەر ئاستی سیاسیش خەڵک وەک هاوڵاتی نازانن مافەکانیان لە هەر دامەزراوەیەکی حوکمڕانیدا کامانەن و ئاشنای ئەو ڕێسایانە نین، کە پەیوەندیی ئەوان و ئەو دامەزراوانە ڕێکدەخات. ئەمە لەکاتێکدا یاساو ڕێساگەلی تایبەت بەو دامەزراوانە لەئارادانو کێشەکە لە نەبوونی بەرنامەی هوشیارکردنەوەدایە سەبارەت بە مافەکانمان لە کۆمەڵگەدا.

لە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکانی دنیادا، کولتووری مافەکانی مرۆڤ بەشێکی بنچینەیی پرۆگرامەکانی خوێندن، بەرنامەکانی ڕاگەیاندن، پەروەردەکردنی خێزانی و سیستەمی پەیوەندییە پیشەییەکانەو بەشێوەی گرێبەست یان پەیمانی دوولایەنە پارێزگاریان لێ دەکرێت. بۆیە (بۆ نموونە) دەبینین پۆلیسێکی هاتوچۆ لە کاتی تۆمارکردنی سەرپێچییەکدا ئەو دەرفەتانە دەخاتە بەردەمی هاوڵاتی، کە یاسا بۆی ڕەخساندووە. کاتێک کەسێک دەستگیردەکرێت، دەربارەی مافەکانی ئاگاداردەکرێتەوە،

دامەزراندنیــش لــە دامــەزراوەیــەکــدا بەبێ گرێبەستی تایبــەت ئەنجام نادرێــت.

ئیمڕۆ لە کوردستان پێویستمان بە کۆششکردنی زۆر هەیە، بۆ بڵاوکردنەوەی کولتووری مافەکانی مرۆڤ، ئەوەش بە خوێندنەوەی بەڵگەنامەکانی جاڕنامەی گەردوونیی مافەکانی مرۆڤ و یاساو ڕێسا ناوخۆییەکان، بۆ ئاشنابوون بە چوارچێوەی پەیوەندییەکانمان. ئینجا گشتاندنی مافەکانی مرۆڤ و ئەو یاساو ڕێسایانە، بۆ دەربازبوون لە وتەو خستنەگەڕی کارپێکردن.

ئەو پێشکەوتنەی کۆمەڵگەکانی دیکە لە بواری مافەکانی مرۆڤدا بەدەستیهێناوە، بە شەو و ڕۆژێک نەهاتۆتەدی، بەیەکجار ڕووی نەداوەو کارێکی ئاسان و بێ گرفت نەبووە. چونکە ئەو کۆمەڵگانە بۆ ماوەیەکی درێژ بەدەست ستەمکاریی ئایینی کڵێساکان و چەوساندنەوەی دەسەڵاتە سەرتاپاگیرەکانەوە دەیناڵاند، بیروڕای ئازادیخواز و چاکسازیخوازیش لە هەناوی پێوەناڵاندنە زۆرەکانەوە هاتەدەرەوەو کاتێکی زۆرو کۆشش و قوربانیدانی زۆری پێویست بوو، بۆ ئەوەی بەری خۆی بدات و بگاتە ئاستی جاڕی گەردوونیی مافی مرۆڤ.

کاتێک کۆمەڵگەی کوردستان چاودەبڕێتە ئەو پێشکەوتنە، دەبێت بزانێت کە کۆششی بێوچان و چڕو کاری کۆڵنەدەرانەی گەرەکە، بۆ هێنانەدیی ئەو ئامانجە. لێرەشدا لەسەر سێ ئاست پێویستمان بەکارکردن هەیە:

یەکەم/ لەسەر ئاستی یاساکان و یاسادانانەکان، کە دەبێت یاساو سیاسەتە دانراوو کارپێکراوەکان تەبابن لەگەڵ بەڵگەنامە جیهانییەکانی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤ و پێداچوونەوە بە هەموو ئەو یاسایانە بکرێت، کە دەبنە مایەی دەستدرێژیکردنە سەر مافەکانی مرۆڤ، یان کەلێنێک لەو مافانەدا دروستدەکەن. لێرەدا ڕۆڵی پەرلەمانی کوردستان دێت، کە دەبێت وەک مەسەلەیەکی بنچینەییو یەکەمین ئامانج مامەڵە لەگەڵ مافەکانی مرۆڤ بکات و نەیکاتە قوربانیی خواستی زۆرینەو ململانێکانی نێوان زۆرینەو ئۆپۆزسیۆن و کاریگەریی ئەوەش لە گشت یاسادانانەکاندا ڕەنگدانەوەی بەدیبکرێت. ڕووناکبیران جەغت لەسەر سەرەتاییبوونی مافەکانی مرۆڤ بکەنەوەو هەرگیز ڕازی نەبن سازشیان لەسەر بکەن. ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیش، بەتایبەتی مافپەروەران و یاساناسان چاودێریی یاسادانانەکان بکەن و بزانن تا چەند لەگەڵ مافەکانی مرۆڤدا تەبان، لە کاتی ناتەبابوونیشدا هەڵوێستی جیدی و بەکردەوەیان هەبێت.

دووەم/ کارڕاییکردن لەلایەن دامودەزگاکانی حکومەت و فەرمانبەرەکانەوە، چونکە ڕێژەیەکی زۆری پێشێلکارییەکانی مافەکانی مرۆڤ لە کوردستان ئەنجامی ڕەفتاری هەڵەو چەوتی هەندێک بەرپرس و فەرمانبەرە لە دامودەزگاکانی حکومەتدا، کە ڕەچاوی ئاکارەکانی ئیشکردن ناکەن و پلەو پۆستی خۆیان خراپ بەکاردێنن و بەرژەوەندخوازانە سوود لە کەلێنەکانی یاساو ڕێساکان وەردەگرن. لێرەدا پێویستە دامەزراوەکانی نەزاهەت و چاودێریکردن و وردبینی کارابکرێن و داواکاری گشتیو ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بەهێزبکرێن. هەتاکو بتوانن هێزێکی بەربەست لەبەردەم پێشێلکارییەکاندا دابنێن و مافەکانی مرۆڤ بپارێزن. ڕەفتارکردنی هەر دامودەزگایەکی حکومەت، یان هەر فەرمانبەرێک بەشێوەیەکی دەسەڵاتخوانەو ڕەهاکارانە، دەبێتە مایەی هاندانی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ و دەستدرێژیکردنە سەر بەرژەوەندییەکانی خەڵک. لێرەشدا خەمساردیی هاوڵاتیان ڕۆڵێکی گەورەی هەبووە لە چەسپاندنی ئەو بارودۆخەدا، کاتێک بێدەنگبوون لەئاست پێشێلکارییەکانداو ملکەچی واقیع بوون، لەکاتێکدا دەبوایە ئەو پێشێلکاریانە ئاشکراو ڕیسوابکەن و بەرپرسیارێتی چارەسەرکردنیان بخەنە ئەستۆی دەسەڵاتدارە پەیوەندیدارەکان. شایانی باسە، باڵادەستبوونی هەندیک بیرورای چەوت، ڕێگربووە لەبەردەم کۆششکردنی زۆر کەس بۆ بەرگریکردن لە مافەکانی خۆیان و خستنەڕووی سکاڵاکانیان، چونکە پێیانوابووە داواکاریو سکاڵانامە پێشکەشکردن بێسوودەو ئەو فەرمانبەرانە پشتقایمو پارێزراونو سکاڵا پێشکەشکردن کێشەکە ئاڵۆزتردەکات و زیانبەخشدەبێت. لەبەرامبەر ئەو بیرورا چەوتانەدا، پێویستە کولتووری بەرپرسیارێتی بەرامبەر بە نیشتیمان و حکومەتو مافەکانی مرۆڤ بڵاوبکرێتەوە، چونکە ئەو هاوڵاتییەی ناڕەزایی بەرامبەر بە ڕەفتاری خراپ یان هەڵەیەکی فەرمانبەرێک دەرنابڕێت، خزمەتی نیشتیمانو حکومەتیش ناکات، لەبەرئەوەی خراپکاریی فەرمانبەرێک خزمەت بەحکومەت ناکات، بەڵکو زیانی پێ دەگەیەنێت.

سێیەم/ لە بواری پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکاندا، کە پێشێلکاریی زۆرو ترسناکی مافەکانی مرۆڤ لەئارادایە. بۆ نموونە، خۆهەڵقورتاندن لە ژیانی تاکەکەسیی خەڵک، دانانی چوارچێوە بۆ هەڵسوکەوت و ڕەفتاری خەڵک لە گۆشەنیگای ئایینیەوە، سوکایەتیپێکردن و ئابڕووبردنی تاکەکەسەکان لەلایەن میدیاکانەوە، توندوتیژیی خێزانی کە دەستدرێژیکردنی مێردە بۆ سەر مافەکانی ژن، ڕەفتاری باوکان دەرهەق بە منداڵەکان، هەڵسوکەوتی چەوتی بەرپرس یان بەڕێوەبەر لەگەڵ فەرمانبەر یان خزمەتگوزارەکانداو ئەوان لەگەڵ هاوڵاتیانداو دەستدرێژیی

تویژێک بۆ سەر تویژێکی تر. ئەوەش پێویستی بە کۆششی زۆر هەیە، بۆ پاراستنی مافەکانی مرۆڤ لەو ئاستانەدا، بە بڵاوکردنەوەی هوشیاریی کۆمەڵایەتی‌و رۆشنبیریی مافەکان‌و جەغتکردنەوە لەسەر رەچاوکردنی بەرژەوەندییەکانی ئەوانی ترو رێزگرتن لە هەستوسۆزیان و چارەسەرکردنی کێشەکانیان.

رۆژنامەی ئاسۆ ژمارە (١٣٨٢)/ ١٠-١-٢٠١١

## لەخۆباییبوونی حوکمڕان دەردێکی کوشندەیە

کوشندەترین دەردی حوکمڕان لەخۆباییبوونە، کەچی بەدەگمەن حوکمڕانەکان دانادەبن و هەمیشە ویستی دەسەڵاتخوازی و پاوانکردن و پەراوێزکردنی ئەوانی دیکە لەلایان بەهێزدەبێت. بۆیە ئەو بەلێنانەی دەیدەن، کاتێک لە دەرەوەی حوکمڕانین، دەبنە بەشێک لە ڕابردوو و فەرامۆشدەکرێن، لەکاتێکدا ئەوانە لە بیری خەڵک ناچنەوەو بەردەوام بەڵێنەکان و واقیع پێک بەراورددەکرێن و بۆیان دەردەکەوێت کەلێنێکی فراوان لەنێوان وتە و کرداردا هەیە، ئاشکراش دەبێت بەڵێنەکان لای ئەو حوکمڕانانە تەنیا دروشمی ڕووتن، وشەگەلی هەڵخڕێنن، پێپلیکانەی هەڵکشانن بۆ شادبوون بە پێگەو پایەی بەرزتر.

دەردێکی دیکەی کوشندە ئەوەیە حوکمڕانەکان، لەبەر هەڵبژاردنیان لەلایەن «زۆرینەی خەڵک»ـەوە، یان سەرکەوتن لە هەندێک مانۆری سیاسیدا، یاخود نواندنی دەستپێشکەریی شایستە، پێیانوابێت نەمرن و بۆ هەتاهەتایە جڵەوی حوکمڕانی دەکەن و کەسێک نییە جێیان بگرێتەوەو شایانی پلەوپایەی ئەوان بێتو دەرک بەوە ناکەن، لە ئەزموونەکانی مێژووشەوە ئەقڵ وەرناگرن، کە حوکمڕانی هەتا سەر بۆ هیچ کەسێک نامێنێ، جا لە سیستەمی دیموکراتیدا بێت، یان سیستەمی دیکتاتۆری. ئەوەی زیندوێتی حوکمڕانێکیش ڕادەگرێت، ڕادەی نزیکبوونیەتی لە خەڵک و ئەو کارە باشانەیە، کە بۆ خزمەتکردنی کۆمەڵگە ئەنجامیداون و ئەو دەستکەوتانەی بۆ پێشکەوتنی وڵات بەدەستیهێناون. ئەوەش لەیاددەکەن ستەمو زۆرداری بێزاریی دەروونی خەڵک پڕدەکەن و وەک تەقەمەنییەکی ترسناکی لێدێت، کە تەنیا گڕی شقارتەیەکی بەسە. نزیکترین نموونەش تەقینەوەی میللەتی تونسە لە دژی «ستەمکاریی دادپەروەرانە»ی زەین ئەلعابدین بن عەلی، کە بە خەیاڵی ئەو و عەرەبیشدا نەدەهات بەو شێوەو خێراییە ڕوویدات.

حوکمڕانەکان دەبێـــت ئەوەیان لا ڕوون بێـــت، خەڵک بـــەدوای ناو ناوبانگ، خۆشگوزەرانی و ئاسوودەیی حوکمڕانەکانەوە نین، هەتا سـەر بـە دروشـم

هەڵناخەڵتێن و بەردەوام بڕوا بە بەڵێندان ناکەن، بەڵکو ژیانێکی ئاسوودەیان دەوێت، لەسایەی ئازادییەکی کۆتوبەندنەکراودا، سەلامەتی و دڵنیاییان گەرەگە، گەشەکردنی ئاستی ژیانیان پێویستە، بۆ ئەوەی وەک باوباپیران ژیان بەسەرنەبەنو ئەزموونە تاڵەکانی ئەوان دووبارەنەکەنەوە. کەچی لەخۆباییبوونی حوکمڕان وادەکات هەموو ئەوانە لەیادبکرێن و هەمیشە تەنیا قسەگەلی وەک «خزمەتی میللەت دەکەین»و «بەرژەوەندییە باڵاکان دەپارێزین» دووبارەبکەنەوەو نەچن بەپیر پێداویستییە بنچینەییەکانی خەڵکەوەو پاساوی جۆربەجۆر بۆ دەستەبەرنەبوونیان بهێننەوە.

لەخۆباییبوونی حوکمڕان، بەپێی میکانیزمی بەرگری، دەبێتە هۆی بنیاتنانی شووراو قەڵایەکی داخراو بەڕووی «دوژمنان»داو ئەوە فەرامۆشدەکرێت، کە هیچ قەڵایەک نییە هەتاهەتایە بەهێزبێت و کەس نەتوانێت بیبڕێت و بەرگرییەکانی تێکبشکێنێ. ئەزموونەکانی نزیک خۆمان و دوور سەلماندویانە قەڵا تۆکمەکان، دامودەزگای ئاسایش و پاراستنی بەهێزو خاوەن چەک و کەرەستەی پێشکەوتوو، پارەو توانای ئابووریی زۆر، دەمکوتکردن و سەرکوتکردنی خەڵک...هتد ناتوانن هەتاسەر حوکمڕانێک لە هەرەسهێنان و ڕووخان بپارێزن.

لەخۆباییبوونی حوکمڕان دەبێتە هۆی گاڵتەکردن بەهەر بیروڕایەک ڕاست بێت، هەر ئەزموونێک دەوڵەمەند و بەخشندە بێت، هەر دڵسۆزییەکی بێ مەبەست هەرچەند سووبەخش بێت. ئەمەش دەبێتە مایەی ئەوەی حوکمڕان پشت بە گروپێک دەستوپێوەندی حیزبی و ناحیزبی ببەستێ، کە بەردەوام گەورەییو بلیمەتی و بێوێنەیی و پیرۆزیی ئەو دووپاتدەکاتەوەو بەخۆی و خەسڵەتەکانو کارەکانیدا هەڵدەدات و هانیدەدات بۆ بەرتەسککردنەوەی ئازادییەکان و هێنانەئارای ستەمکاری و خراپەکاریی زیاترو دەبێتە دیوارێکی بەربەست لەنێوان حوکمڕانو خەڵکدا. لێرەشدا، لەبەر ئەوەی حوکمڕان لە لوتکەی دەسەڵاتدایەو سامان و هێزی زۆری بەدەستەوەیە، بۆیە زۆر کەس، کە پێشتر نەیان ناسیوەو پەیوەندیان پێوەی نەبووە، پێویستیان پێی دەبێت بۆ دەستەبەرکردنی قازانجەکانو پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان. سەرەنجامو ڕۆژبەڕۆژ حوکمڕان هاوسەنگیی خۆی لەدەستدەداتو پێگەکەی خۆی جێدەهێڵێتو دەچێتە ناو پێگەیەکی نوێوە، کە بە وەرچەرخانی بارودۆخەکان تاکەکانی پشتی تێدەکەن و لە کاتی کارەساتو نەهامەتیەکاندا بەهانایەوە نایەن و ڕووی لێ وەردەگێڕن.

لێرەشدا لەخۆباییبوونی حوکمڕان دەبێتە مایەی شانازیکردنی ئەو بەهێزی پۆلیس و سەربازییەوەو ئەوە لەیاددەکرێت ئەوانە ملکەچی هەرکەسێکن دەسەڵاتی

بەدەستەوە بێت و ئامادەن بچنــە ژێر فەرمانــدەیــی هــەر دەســەڵاتدارێکی تــر.

خراپترین شتی لەخۆباییبوونی حوکمڕان ئەوەیە، بڕوای بەوە هەبێت هەرچی شتێک بیڵێ یان بیکات ڕاستەو شایستەی تاوتوێکردنو ڕەخنەگرتن نییەو ئەوە فەرامۆشدەکات هەر کەسێک، جا سەرکردە بێت یان تاکێکی کۆمەڵگە، هەڵەدەکاتو هەندێک هەڵەش وەک ژەهر کوشندەیەو باشترین ڕێگە بۆ خۆپاراستن لە هەڵەکردن، ئاڵوگۆڕکردنی بیروڕایەو چاکترین بیروڕاش ئەوەیە، کە پشت بە قەبڵاندن نابەستێ، بەڵکو پشتئەستوورە بە زانیاری و بەڵگە و داتای ڕاستی دڵسۆزەکان، نەک پشتبەستووە بە بیروڕاو قسەی دووڕوو و دووفاق و درۆزنەکان، کە دوورن لە ڕاستییەوەو تەنیا بۆ ڕازیکردنی حوکمڕانەکان دەریاندەبڕن.

دەشێت حوکمڕانێک خاوەن جەماوەرێکی زۆر بێت و ناووناوبانگی باشی هەبێت، بەتایبەتی ئەگەر ئەنجامی شۆڕشێکی ڕەوا یان پاش ڕووخانی ڕژێمێکی دیکتاتۆر و ستەمکار هاتبێتە سەر کار، بەڵام ئەو جەماوەرییبوونو ناوبانگیە کاتیە و بەردەوامبوونی گرێدراوی کردارو هەنگاوەکانی دواتر و جێبەجێکردنی بەڵێنەکانە. بۆیە حوکمڕان، ئەگەر دەیەوێ ناوبانگی خۆی و جەماوەرییبوونەکەی بپارێزێت، پێویستە هەمیشە لەگەڵ خواستەکانی خەڵکدا بێت، بەپیر خەمو پێوەناڵاندنەکانیانەوە بچێت، چارەسەر بۆ گرفتەکانیان بدۆزێتەوە، لێیان دەنابڕێتو نەچێتە ناو کۆشکێکی داخراوەوە.

لەکۆتاییدا، هەر حوکمڕانێک، بەم یان بەو ڕێگەیە، دەگۆڕێت یان لەناودەچێت، بەڵام جیاوازیی لەنێوان ئەوەی ئەنجامی لەخۆباییبوون دەگۆڕێت یان دەڕواتو ئەوەی بەسەربەرزی دوای پرۆسەی هەڵبژاردن دەسەڵات دەستاودەستدەکات، زۆر جیاوازە. بۆیە گرنگە حوکمڕانەکانی کوردستان سوود لە ئەزموونەکانی دنیاو تاقیکردنەوەکانی حوکمڕانیی دوورو نزیک وەربگرن و خۆیان بە ڤاکسینی دژی لەخۆباییبوون بکوتن، هەتاکو کۆمەڵگەکەمان ڕووبەڕووی قۆناغێکی نوێی ستەمکاری نەکەنەوەو تراژیدیای تر یەخەمان نەگرێتەوەو خۆشیان هەمان چارەنووسی ئەو دیکتاتۆرانەیان نەبێت، کە ئەنجامی لەخۆباییبوون بوونە مایەی شەڕو کوشتارو وێرانکردنی زۆری ناوخۆیی و هەرێمایەتی و ڕووخانی حوکمڕانییەکەیان.

ڕۆژنامەی ئاسۆ ژمارە (١٣٨٧)/ ١٧-١-٢٠١١

## فرەڕەنگی و ڕێزلێگرتن زامنی سەقامگیرییە

کۆمەڵگەی کوردستان، وەک کۆمەڵگەکانی دیکەی دنیا، فرەڕەنگی لەخۆدەگرێت، ئەگەر بە باشی مامەڵەمان لەگەڵ ئەو فرەڕەنگییەدا کرد، ئەوا دەبێتە مایەی دەوڵەمەندبوون و زیندوێتیی کۆمەڵگەکەمان. بوونی ئەو فرەڕەنگییەش خەوشییەک نییە پێویست بە شاردنەوە بکات، گرفتێک نییە چارەسەرکردنی گەرەک بێت، هەڵەیەکیش نییە ڕاستکردنەوەی بووێت، لەبەرئەوەی بەشێکی سروشتیی ژیانی کۆمەڵایەتیمانە، بەڵکو یەکێکە لە خەسڵەتەکانی بوونی کۆمەڵایەتیمان. لێرەشدا نەگبەتیی کۆمەڵگەی کوردستان لە بوونی فرەڕەنگیدا نییە، بەڵکو لە بێتواناییدایە بەرامبەر بە دارشتنی سیستەمگەلی کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیری، سیاسیو یاسایی وەها، کە بتوانن ئەو فرەڕەنگییە، بەبێ لێکدابڕان و پێکدادان، ئاراستەبکەن. بۆیە فەرامۆشکردنی فرەڕەنگی، یان دەستدرێژیکردنە سەری، زیانی گەورە بە سەقامگیریی کۆمەڵگەکەمان دەگەیەنێ و فڕێیدەداتە ناو ململانێو ڕووبەڕووبوونەوەی وەهاوە، کە زەبری کوشندە لە ئاسایشی سیاسیو کۆمەڵایەتیمان دەوەشێنێت.

قبوڵکردنی فرەڕەنگی، مانای ئەوە نییە بیروڕاو تێڕوانینەکانی هەموان دەربارەی تێکڕای شتەکان هاوجووتن، چونکە مافی هەر کەس و لایەنێکە بیروڕاو تێڕوانینی جیاوازی هەبێت، بەمەرجێک ئەو جیاوازییە نەبێتە هۆی دەستدرێژیکردنە سەر تایبەتمەندییەکان و ئازادیی بەرامبەر. بۆیە گرنگە هەموو ئاقارو ئاراستەو لایەنە جۆربەجۆرەکانی کۆمەڵگە ڕێبازێکی نیشتیمانیی وەها بگرنەبەر، کە دان بە ڕاستیی فرەڕەنگیدا دەنێت و پرنسیپی ڕێزلێگرتن، لەسەر ئاستی بوون و بیروڕا، دەچەسپێنێ. لەبەرئەوەی ئێمە داوامان لێ نەکراوە هەمان بیروڕاو تێڕوانینمان هەبێت دەربارەی ڕووداوەکان، کێشەکان، چارەسەرەکان و مەسەلە جیاجیاکانی کۆمەڵگە، بەڵکو داوامان لێ دەکرێت ڕێزی بیروڕاو تێڕوانینەکانی یەکتر بگرینو ڕێگە بەخۆمان نەدەین دەستدرێژی بکەینە سەر بیروڕاو تێڕوانینەکانی ئەوانی تر. واتە ڕەوتی سوکایەتیپێکردن، ناوزڕاندن، ڕیسواکردن و سەپاندنی بەها ڕەهاخوازەکان ڕەتکراوەیەو دەبێت دان بە جیاوازیی فیکری، فرەلایەنیی سیاسی، هەڕەنگیی کولتووری و هەمەجۆریی کۆمەڵایەتیدا بنرێت.

لەم بوارەدا، پابەندبوون بە پرنسیپی ڕێزلێگرتنەوە زۆر گرنگە، چونکە فرەڕەنگی بەشێوەیەکی چاک ئاڕاستەناکرێت، ئەگەر ئەو پرنسیپە لەئارادانەبێت. ئەمە مانای ئەوەیە، هەر مرۆڤێک مافی ئەوەی هەیە شانازی بە بڕواو بۆچوونو بەهاکانی خۆیەوە بکات، بەمەرجێک ئەو شانازیکردنە نەبێتە مایەی زیان و خراپە بۆ ئەوانی دیکە. چونکە مرۆڤ بەڕادەی شانازیکردنی بە بڕواو بۆچوونو بەهاکانی خۆیەوە، پێویستە ڕێز لە بڕواو بۆچوون و بەها جۆربەجۆرەکانی ئەوانی دیکە بگرێت و شانازیکردنی ئەوانی دیکە قبوڵبکات. بەو جۆرە سروشتی پەیوەندیی نێوان جیاوازەکان لە بازنەی مشتومڕو گومان و تاوانبارکردنی یەکتر دێتە دەرەوەو دەچێتە ناو بازنەی پەیوەندییەکی مرۆڤانەی بابەتییەوە، کە لەسەر بنچینەی داننان بە مافی جیاوازی و ڕێزلێگرتن دادەمەزرێت.

لە بواری کارکردندا بۆ پێکەوەگرێدانی فرەڕەنگی بەهەموو ئاستەکانییەوەو پرنسیپی ڕێزلێگرتن، ئەم چەند خاڵە دەخەینەڕوو:

١-هەر مرۆڤێک لەسەر گۆی زەوی، وەک لە کوردستان، خاوەن چەندین جۆری دەروەستییە. ئەو توخمە زیندووەی دەبێتە هۆی کامڵبوونی ئەو دەروەستیانە، بە هەموو ناکۆکی و دژایەتیانەوە، ڕێزلێگرتنە. چونکە هەر مرۆڤێک گرێدراوی خێزانێک، گرووپێک، ڕەوتێک، ئایینێک، حیزبێکە ...هتد، هەموو ئەو بازنانەی ژیانی تاک و کۆمەڵگەش تەواوکەری یەکترن و دژی یەکتر نین. دەروازەی ڕاستەقینەی ئەو دەروەستبوونەش، پابەندبوونە بە مەرجەکانی ڕێزلێگرتنەوە، بەجۆرێک کە هەریەکێک ڕێز لە بڕواو تێڕوانین و ئایین و خێزانی ئەوی دیکە بگرێت و شانازیکردنی هەریەکێک بەو بازنانەوە بەڕەوا بزانێ. لەبەرئەوەی شانازیکردنی خەڵک بە دەروەستییەکانی خۆیانەوە، مانای دەستدرێژیکردنە سەر ئەوانی دیکەو بازنەو دەروەستییەکانیان نییە. بەوپێیەی ناکۆکیی نێوان ئەو دەروەستیانە ناکۆکییەکی خودی نییە، بەڵکو لابەلایە. واتە کاتێک بەهای ڕێزلێگرتن ئامادەنابێت، ئەوا کەشوهەواو ژینگەی دژی یەکتر تەواوکردنی بازنەکانی دەروەستی دێتەئاراوە، کەچی ئەگەر ڕێزلێگرتن لەگۆڕێ بێت، ئەوا یەکتر تەواوکردنی بازنەکان سروشتیو بەرهەمدار دەبێت. چونکە شانازیکردن بە خێزان و هەر بازنەیەکی دەروەستی لە ژیانی مرۆڤدا، سروشتییەو تاوان نییە، بەمەرجێک نەبێتە هۆی ڕەتکردنەوەی پێکەوە ژیان و پێداویستییەکانی ڕێزلێگرتن.

٢ - لەبەر چەند هۆکارێک، ئیمڕۆ ساتەوەختێکی زۆر هەستیار تێدەپەڕێنین، کە دەشێت بە ساتەوەختی تەقینەوەی شوناسە لاوەکییەکان لە ژیانی خەڵکو

کۆمەڵگەدا ناوزەدیبکەین. پێویستە دانایانەو هوشیارانەو بە ئەقڵییەتی لێک تێگەیشتنەوە مامەڵە لەگەڵ ئەو ساتەوەختەدا بکرێت. ئیمڕۆ لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی و سیاسی و نیشتیمانی داوا لە خەڵک ناکرێت خۆیان لە شوناسە لاوەکییەکانیاندا قەتیس بکەن، چونکە ئەو قەتیسکردنەو شڵەژانەکانی بەدوایدا دێن دەبنە مایەی سەرهەڵدانی تەنگوچەڵەمەی زۆرتر. داواکراو ئەوەیە، هۆشمەندانەو شارستانیانە مامەڵە لەگەڵ شوناسە لاوەکییەکانی خەڵکدا بکرێت، بۆ ئەوەی کەناڵگەلی گونجاوو چوارچێوەگەلی وەها دەستەبەربن، کە توانای لەباوەشگرتنی هەموو شوناسەکانیان هەیەو هەموو بەهەڵەتێگەیشتن و دڵەڕاوکێیەک دەڕەوێننەوە، هەتاکو بەجۆرێک مامەڵە لەگەڵ ئەو شوناسانەدا نەکرێت، کە چوارچێوەگەلی هەتاهەتایین و ناکرێت خۆیان لێ ڕزگاربکرێت.

٣ -چەمکی ڕێزلێکگرتن هەڵوێستێکی پۆزەتیڤانە بەرامبەر بەویدیکەی جیاواز لەخۆدەگرێت، کە بە کەم سەیرکردنی تێڕوانین و بیروڕاکانیان و ڕێک نەخستنی پەیوەندیی لەگەڵیان قایل نابێت. چونکە کاتێک باسی ڕێزلێکگرتن دەکرێت، تەنیا مەبەست لایەنی ئەخلاقی نییە، بەڵکو پێداویستییەکانی ئەو ڕێزگرتنەشە، جا ئەوە لەسەر ئاستی ڕەفتاری تاکەکەسی بێت، یان تێڕوانینە ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتیەکان و دەروەستبوونی سیاسی و پاراستنی یاسایی. ئێمە باسی پێویستیی پاراستنی ڕاستیی فرەڕەنگی دەکەین، بە هەموو ئاستەکانییەوە، ئەمەش لە ڕێگەی ڕێزلێکگرتنەوە.

بە کورتی، بۆ ئەوەی حەقیقەتی فرەڕەنگی نەبێتە مایەی سەرهەڵدانی شڵەژانو تەنگوچەڵەمەکان، پێویستمان بە چەسپاندنی بژاری ڕێزلێکگرتن هەیە، هەتاکو بتوانین هەمەڕەنگیی خۆمان بپارێزین و پارێزگاریی سەقامگیریی کۆمەڵایەتیو سیاسیی کۆمەڵگەکەشمان بکەین.

ڕۆژنامەی ئاسۆ ژمارە (١٣٩٢)/ ٢٤-١-٢٠١١

## ڕەخنە مەرجی بەخۆداچوونەوە و نوێبوونەوەیە

گەلێک پێیانوایە، سیاسەت تەنیا کۆمەڵێک دەستەواژەو دروشمە، کە سیاسی دووبارەیاندەکاتەوە، یان بەدەستهێنانی توانای خوتبەدان و دووبارەکردنەوەی وشەگەلی بریقەدارە. بۆیە هەر کەسێک ئەو توانایەی هەبێت، بە سیاسییەکی هوشیار دادەنرێ و لە بوارەکەدا بە نموونە دەهێنرێتەوە. ئەنجامی ئەم تێگەیشتنە چەوتەی زۆربەی کۆمەڵگە دەربارەی هوشیاریی سیاسی، گەلێک بەدوای ئەوانەدا ڕادەکەن، کە قسەزان و خەوتبەدەرێکی چاکن. بۆیە گرنگە بزانرێت هوشیاریی سیاسی مانای چییە، هەتاکو لە واقیعدا کارییپێبکرێت.

هوشیاریی سیاسی، کۆمەڵێک چەمک و بیروڕا و تێڕوانینی ڕۆشنبیرانەیە، سیاسییەکان بەرەو کەناری ئارامی ئاڕاستەدەکەن و داوایان لێ دەکەن ئەو دروشمانەی کاتی هەڵبژاردنەکان بەرزیانکردبۆوە بکەنە ڕاستیگەلی کۆمەڵایەتیو ڕۆشنبیریی وەها، کە پەرە بەواقیع دەدەن و گەلێک لە گرفتەکانی چارەسەردەکەن. لێرەشدا هیچ هوشیارییەکی سیاسی بەبێ تێڕوانینێکی ڕەخنەگرانە نوێ نایەتەدیو هیچ تێڕوانینێکی ڕەخنەگرانەش بەبێ بوونی چوارچێوەگەلی کۆمەڵگەیی، کە ئەو بیروڕایەنە لەخۆبگرن، نایەتەدی. بەو جۆرە تێڕوانینی ڕەخنەگرانە مەرجێکی هوشیاریی کۆمەڵایەتیی نوێیە، بەواتای ئەوەی هوشیاربوونی کۆمەڵگە بەرامبەر بە خودی خۆی و ئەوانی دیکەو ڕۆڵی مێژوویيان، بەبێ بناغەیەکی ڕەخنەگرانە هەمەلایەن نایەتەدی، کە لە بەرپرس دەپرسێتەوەو دەیخاتە سەر مێزی نەشتەرگەریو هەڵسەنگاندن، بەپاراستنی سەقامگیریی کۆمەڵایەتی و سیاسیو بەبێ تێکدانی ئاشتیی کۆمەڵایەتی. ئەمەش بەهیچ شێوەیەک مانای زۆرهێنان بۆ ئەوانی دیکەو ناچارکردنیان نییە بە شێوازێکی سیاسیی دیاریکراو، بەڵکو مانای زیندوێتی هەمەڕەنگی و کاریگەرییەتی لەسەر دەوڵەمەندبوونی سەقامگیریی کۆمەڵایەتی و سیاسی بە کۆمەڵێک بیروڕاو تێڕوانین و ئاسۆی نوێ.

بەوجۆرە کارپێکردنی ڕەخنە لە کۆمەڵگە دیموکراتیەکاندا، یەکێکە لە پرنسیپە

سەرکی و ژیارییەکان، کە ناکرێت فەرامۆشبکرێ یان وەلاوەبنرێ، بەڵکو پێویستە کۆششی بێوچان بکرێت بۆ چەسپاندنی لە ڕێگەی ئەو میدیا بنیاتنەرەوە، کە دەروەستە بە مەسەلەو خەم و خواستەکانی کۆمەڵگەکەیەوە، وەک ڕۆژنامەکانو وێستگەکانی ڕادیۆی سەربەخۆ، کە ملکەچی حیزبەکان نین، یان بەهۆی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنییەوە. بەتایبەتی ئەو ڕەخنەیەی ئاڕاستەی حکومەت دەکرێت وەک دەسەڵاتی جێبەجێکردن و ڕووبەڕووی پەرلەمان دەکرێتەوە وەک دەسەڵاتی یاسادانان و ڕەخنە لەخۆگرتنی دامەزراوە حیزبیو حکومییەکان لە کاتی هەر سەرسمدان و شکستخواردنێکدا. ئەمەش لەو بڕوا بەهێزەوە هاتووە، کە ڕەخنە تەکاندەرێکی سەرەکییە بۆ هەنگاونانی پرۆسەی سیاسی بەرەو پێشەوەو ڕاستکەرەوەی ڕێڕەوە، لە کاتی لادان لە ڕێڕەوی نەخشەبۆکێشراوی خۆی.

بەداخەوە هەندێک لایەنی سیاسیو سیاسەتمەدارو کەسایەتیی ڕەسمیو ناڕەسمی ڕقیان لە ڕەخنەگرتن دەبێتەوەو چەند بۆیان بلوێ و بچێتەسەر بەشێوازی جۆربەجۆر دەچن بەگژیدا یان فەرامۆشکردن پێڕەویدەکەن لەگەڵیدا، بەبێ ئەوەی دەرک بەوە بکەن، دەستنیشانکردنی کەموکوڕی و هەڵەکان و دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو پێداویستیی گرنگە بۆ چاکسازیی لە دەسەڵاتی جێبەجێکردندا، یان بۆ چاککردنی کارڕایی سیاسی بەشێوەیەکی گشتی. بۆیە ئەوەی لەم بوارەدا ڕەخنە ڕەتدەکاتەوە، ئامانجی پەردەپۆشکردنی ڕاستییەکانو پاراستنی دەستکەوتی تایبەتییە لەسەر حسابی ئەوانی دیکە. تەنانەت بارودۆخەکە لای هەندێک سیاسەتمەدار گەیشتۆتە ئەو ڕادەیەی، داوای ڕاگرتنی ڕەخنە بکەن و ئاستەنگ لەبەردەمیدا دروستکەن، چونکە دەبێتە سەرلێشێواندنی خەڵک، ناشرینکردنی ئەزموونی میللەتەکەمان، لاوازکردنی کۆمەڵگەی کوردستان لەبەردەمی ئەو دوژمنە ناوخۆیی و هەرێمایەتیانەی چاویان تێ بڕیوینو بۆ دەرفەت دەگەڕێن زەفەرمان پێ بەرن. ئەمە لەلایەک، لەلایەکی ترەوە ئەوانەی ڕەخنەدەگرن ڕووبەڕووی تۆمەتبارکردن بوونەتەوەو هەندێک جار بە دژی پرۆسەی سیاسی و دیموکراتیی کوردستان دادەنرێنو هەندێک جاری دیکەش بە کافرو خائین دەکرێنو سکاڵایان لەسەر تۆماردەکرێت.

گرنگە لێرەدا جەغت لەسەر ڕەخنەی بنیاتنەرانە بکەینەوە، کە ئامانجی سوکایەتیکردن نییە بە کەسێک، لەپێناو دەستکەوتی تایبەتیی تاکەکەسیو گرووپیدا، بەڵکو مەبەستی ڕاستکردنەوەی ڕەوتی کارەکانە لە خزمەتی هەمواندا. لێرەشدا کەسانێک هەن ڕەخنە بەکاردێنن بۆ لەکەدارکردنی هەندێک کەسایەتیی

گشتی، بەبێ ئەوەی هیچ بەڵگەیەکیان پێ بێت، بەڵام ئەوە لەلایەن ڕووناکبیرانو کەسە هوشیارەکانەوە ڕەتکراوەیەو بایەخیان پێ نادرێت و بەرەنگاریاندەبنەوەو لای ڕای گشتی ڕیسوایاندەکەین.

ئەوەی کاری سیاسی و حیزبایەتی و حوکمڕانی دەکات، پێویستە لە هەر ساتەوەختێکدا ڕەخنە لەپێش چاوی خۆی دابنێ، بەسنگی فراوانەوە قبوڵی بکات، بە ئاڕاستەیەکی ڕاستی دابنێ و سوودی باشی لێ وەربگرێت. بەوپێیەی ڕەخنە پێداویستییەکی زۆر گرنگە بۆ سەلامەتیی کۆمەڵگەو دامودەزگاو دامەزراوە جۆربەجۆرەکان، لەبەرئەوەی ئاڕاستەی ئەو خاڵە لاوازانە دەکرێت، کە دەبێت ئاشکراو ڕیسوابکرێن و ویستی گشتیی کۆمەڵگە بەهێزدەکات بۆ چارەسەرکردنیانو خۆ تیمارکردن و نوێکردنەوە. بەوپێیەی کۆمەڵگە هێزی ڕاستەقینەی خۆی لەدەستدەدات، کاتێک پرۆسەی ڕەخنەگرتن و ڕاستکردنەوە وەدەردەنرێتو ئاستەنگی بۆ دروستدەکرێت، چونکە هێز گرێدراوی توانای نەوەکانی کۆمەڵگەیە بۆ لێپێچینەوە لە دەسەڵاتدارەکان و هەڵسەنگاندنی بڕوا گشتییەکانیان. ئەمەش نەک بۆ خستنەوەی پشێوی و وێرانکردن، بەڵکو بۆ کردنەدەرەوەی هەموو ئەو نەخۆشیانەی لە کۆمەڵگەدا سەرهەڵدەدەن و هەڕەشە لە بوون و بەردەوامیمان دەکەن.

لەبەر هەموو ئەوانە، گرنگە سڵ لە ڕەخنە نەکەینەوە، بەڵکو زەمینەی بۆ بڕەخسێنین و بە لێکۆڵینەوەو توێژینەوەی زانستی دەربارەی واقعی سیاسیو کۆمەڵایەتیی خۆمان دەوڵەمەندیبکەین، بۆ ئاشنابوون بە توخمەکانی بەهێزیو لاوازیی خۆمان و کاربکەین بۆ دووپاتکردنەوەی توخمەکانی بەهێزی و دەرپەڕاندنی توخمەکانی لاوازی، لەبەرئەوەی بەبێ ڕەخنەگرتن زیندوێتی لە کۆمەڵگەکەماندا ئامادەنابێت و ناتوانین خۆمان لە خەوشییەکان قوتاربکەین و ڕووەو داهاتوو هەنگاوبنێین.

ڕۆژنامەی ئاسۆ ژمارە (١٣٩٧)/ ٣١-١-٢٠١١

# سەقامگیریی پشتبەستوو بە دادپەروەری
# مەرجی مانەوەو گەشەکردنی کۆمەڵگەیە

پەیوەندییەکی توندوتۆڵی چەند ئاستی لەنێوان سەقامگیریی سیاسیو کۆمەڵایەتی و دادپەروەریدا هەیە. گشت کۆمەڵگەکان خوازیاری سەقامگیرینو تێدەکۆشن بۆ هێنانەدیی، بەڵام هەموویان لە ڕووی ئەو ڕێگایانەی بۆ هێنانەدیی ئەو سەقامگیرییە دەیانگرنەبەر وەک یەک نین و جیاوازیان هەیە لەگەڵ یەکتردا.

کۆمەڵگە پێشکەوتووەکان، بۆ بنیاتنانی سەقامگیریی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ناوخۆیی خۆیان، پشتدەبەستن بە ڕازیبوون، بەشداریکردن، دیموکراسی، پەیوەندیگەلی پۆزەتیڤانە و کراوەی نێوان دامەزراوەکانی حوکمڕانی و دەسەڵاتو کۆمەڵگە بە گشت دامەزراوە مەدەنییەکان و توێژە کۆمەڵایەتیەکانیەوە. بۆیە سەقامگیری، وەک سەرەنجامێکی سروشتیی تەبایی و تێکهەڵکێشیی بژارەکان حوکمڕانی و بژارەکانی کۆمەڵگە وایە، بەجۆرێک کە کۆمەڵگە ببێتە ئاوێتەیەکو بەپێی ئەجیندای هاوبەش کاربکرێت لەپێناو بەرژەوەندی و خواستە هاوبەشەکاندا. لەبەرئەوە دەبینین شپرزەیی سیاسیو پشێوی کۆمەڵایەتی لەو جۆرە کۆمەڵگانەدا ڕوونادەنو ئەگەر سەریشهەڵبدەن، ئەوا زیندوێتیی سیستەمی سیاسیانو نەرمونیانیی کارڕاییەکانی ئاسایشو کارابوونی دامەزراوەکانیانو چوارچێوە شارستانیەکانیان، ئەو توخمانەن، کە دەتوانن چارەسەرە ڕاستەقینەو هۆشمەندەکان بۆ ئەو هۆکارانە بدۆزنەوە، کە بوونەتە مایەی پشێوی و گرفتەکان. بەو جۆرە کاتێک سەقامگیریی ڕەگداکوتاوو دامەزراو لەسەر بنچینەیەکی توندوتۆڵ لە هەر ئەزموونێکی مرۆڤایەتیدا دێتەدی، ئەوا زەمینەیەکی لەبار بۆ هەنگاونانی ئەو کۆمەڵگە یان ئەزموونە بەرەو پرۆژەی بنیاتنان و ئاوەدانکردنەوەو پێشکەوتن لەئارادادەبێت.

ئەزموونی نەتەوەو میللەتەکانی دنیا سەلماندویانە، پەیوەندییەکی توندوتۆڵو ژیاری لەنێوان سەقامگیری و دادپەروەریدا هەیە، بەجۆرێک کە سەقامگیری وەچەی ڕاستەقینەی دادپەروەرییە بەهەموو ئاستەکانییەوە. کاتێک سەقامگیریی سیاسی و کۆمەڵایەتی لەسەر بنچینەی توندوتۆڵو ڕەگداکوتاو دادەمەزرێت، ئەوا دەرفەتی بەرەنگاربوونەوەی مەترسییە ناوخۆیی و دەرەکییەکان ڕەخساودەبێت. چونکە

گەشەکردن لەو کۆمەڵگانەدا ڕوونادات، کە لە ئاژاوەو پشێویدا ژیان بەسەردەبەن، بەڵکو لە کۆمەڵگە سەقامگیرەکاندا ڕوودەدات، کە لە سروشتی بژارەکان و شێوەی پەیوەندیی نێوان حوکمڕانی و کۆمەڵگەدا، گیرۆدەی دەستی کێشەگەلی بنەمایی نین. کەواتە دەستپێکی پێویست بۆ پرۆسەی گەشەکردنی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری، سەقامگیریی سیاسی و کۆمەڵایەتییە. گشت تاقیکردنەوەکانی مرۆڤایەتیش ئەو ڕاستییەیان سەلماندوە. ئەوەی بەدەر لە دەستپێکە ڕاستەقینەو پێویستەکەی بەدوای گەشەکردندا دەگەڕێت، تەنیا کێشەو گرفتگەلی زیاتر دەچنێتەوە، کە دەبنە مایەی ئاڵۆزبوونی پەیوەندیی نێوان حوکمڕانی و کۆمەڵگەو کەوتنە ناو دۆزەخی لێک تێ نەگەیشتن و بێ متمانەییەوە.

لە بەرامبەر ئەو کۆمەڵگە شارستانییە پێشکەوتوانە، کە لە ڕێگەی ئامرازەکانی بەشداریکردن، دیموکراسی و فراوانکردنی بنکەی کۆمەڵایەتیی دەسەڵاتەوە سەقامگیریی سیاسی و کۆمەڵایەتی بەدەستدێنن، چەندین کۆمەڵگەی تر هەن، کە ئامرازەکانی ساختەکردن، زەوتکردن، سەرکوتکردنو چەوساندنەوە بەکاردەهێنن بۆ بەدەستهێنانی سەقامگیریی سیاسی و کۆمەڵایەتی. واتە هێزی سەرکوتکردنی زاڵمانە بەهەموو شێوەکانییەوە ئامڕازی چەندین میللەتە بۆ بەدەستهێنانی سەقامگیری و ڕێگەگرتن لە پشێوی و ئاژاوەی کۆمەڵایەتی و سیاسی. ئەوەش ئامرازێکە، بێسوودی و بێتوانایی لەئاست هێنانەدیی ئەو سەقامگیرییەدا سەلماوە. چونکە ئامرازەکانی سەرکوتکردن و توندوتیژی، لە ڕووی کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە، دەبێتە هۆی دامەزراندنی هەموو ئەو هۆیانەی دەبنە مایەی لێک دوورکەوتنەوەی حوکمڕانی و کۆمەڵگەو بنیاتنانی سەقامگیریی سیاسی و کۆمەڵایەتی لەسەر بنچینەی فشۆڵو لاواز، کە زۆری بەسەردا تێناپەڕێ لەناودەچێت و دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی کارەساتێکی سیاسی یان کۆمەڵایەتی.

تاقیکردنەوەکانی یەکێتیی سۆڤییەت و یۆگۆسلافیای لە ڕابردوودا و تونسو میسرو وڵاتە عەرەبییەکانی تر لەئێستادا، حاشاهەڵنەگرانە دەیسەلمێنن کە سەرکوتکردن و توندوتیژی سەقامگیری بنیات نانێن و هێزی چەوسێنەرانە زەمینەی گونجاو ناڕەخسێنێ بۆ بەدەستهێنانی دەستکەوتە ژیاری و پێشکەوتنخوازەکان. بەوپێیەی سەقامگیری بەبێ دادپەروەری لەئارادانابێت و ئەوەی دوور لە دادپەروەریو پێداویستییەکانی بەدوای سەقامگیریدا بگەڕێت، تەنیا لاوازی و چەوساندنەوەی زیاتر دەچنێتەوە. بەوپێیەی تاقیکردنەوەکانی میللەتەکانی دنیا سەلماندویانە، پەیوەندیی نێوان سەقامگیری و دادپەروەری، پەیوەندییەکی ڕەگداکوتاوو ژیارییە،

بەجۆرێک کە سەقامگیریی ڕەگداکوتاو، وەچەی ڕاستەقینەی دادپەروەرییە بە هەموو ئاستەکانییەوە. کاتێکیش سەقامگیریی سیاسیو کۆمەڵایەتی لەسەر بنچینەی توندوتۆڵو قوڵ دادەمەزرێت، ئەوا توانای بەرەنگاربوونەوەی هەر هەڕەشەیەکی ناوخۆیی و دەرەکی لەئارادادەبێت. چونکە ناکرێت بەبێ تەبایی قوڵی نێوان حوکمڕانیو کۆمەڵگە، بەرەنگاربوونەوەی هەڕەشە ناوخۆییەکان سەختە. هەروەها ناکرێت، بەبێ پێکـــەوە گونجانی بژارەکانی حوکمــڕانی و حکومــەت، بەرپەرچی هەڕەشە دەرەکییەکان بدرێتەوە. هەموو ئەوانەش، بەبێ بنیاتنانی سەقامگیریی سیاسی و کۆمەڵایەتی، لەسەر بنچینەی دادپەروەری، نایەتەدی.

کاتێک مرۆڤێک یان کۆمەڵگەیەک هەست بەوە دەکات لە ژینگە یان بارودۆخی خۆی ڕازییە، ئەو کاتە بەهەموو هێزو توانای خۆی بەرگریی لێ دەکات و خۆی دەکاتە قوربانی لەپێناویدا. هەر کۆمەڵگەیەکیش بگاتە ئەم بارودۆخە، ئەوا سەرسەختترین هێز ناتوانێ زەفەری پێ ببات و تێکیبشکێنێ. بەوپێیەی ئەوە سەقامگیریی سیاسی و کۆمەڵایەتیی پشتبەستووە بە دادپەروەری، کە دەتوانێت هێزی ڕاستەقینەی میللەت و کۆمەڵگە دروستبکات. بەو جۆرە ئەو کۆمەڵگانەی لەو سەقامگیرییەدا ژیان بەسەردەبەن کە بەپێی ئەو تێڕوانینە دامەزراوە، کۆمەڵگەگەلی بەهێزو بەتوانان بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەڕەشە ناوخۆییو دەرەکییەکان.

ئێمەش وەک کۆمەڵگەی کوردستان، لەسایەی ئەو هەلومەرجە ناوخۆییەی تیایدا دەژینو ئەو ئەرکە گرنگانەی بۆ بنیاتنانی دیموکراسی کەوتۆتە ئەستۆی حوکمڕانیو کۆمەڵگە. هەروەها لەبەر ئەو هەڕەشانەی لەسەر چەندین ئاست لەناوەوەو دەرەوە ڕووبەڕووماندەبنەوە، پێویستیمان بەو جۆرە سەقامگیرییە هەیە کە لەسەر بنچینەی دادپەروەری دادەمەزرێ. ئەمەش بۆ ئەوەی بتوانین پارێزگاریی خۆمان بکەین، زاڵبین بەسەر کێشەکانماندا، ڕزگارمان بێت لە هەموو ئەو کەلێنانەی ناکۆکن لەگەڵ پێداویستیەکانی سەقامگیریداو هەنگاو بەرەو پێشکەوتن و گەشەکردن هەڵبهێنین. ئەگەر بەپێچەوانەوەمان کرد، واتە سووربووین لەسەر بنیاتنانی سەقامگیری بەدەر لە دادپەروەری و لە ڕێگەی ترساندنی نـــاوەوە بە هەڕەشـــەکانی دەرەوەو ڕازی نەبووین واقیع وەک خۆی بخوێنینەوەو بەپیر پێداویستییە بنچینەییەکانەوە بچین، ئەوا کۆمەڵگەی کوردستان دووچاری پشێوی و هەڕەشەی لێکترازان دەبێت و پێ دەنێتە قۆناغێکی مەترسیدارەوە، کە چارەنووسی حوکمڕانی و کۆمەڵگە بەیەکەوە دەکەوێتە سەر کەناری هەرەسهێنان و تێکشکان.

ڕۆژنامەی ئاسۆ ژمارە (١٤٠٢)/ ٧-٢-٢٠١١

## هاوڵاتیبوون تەنیا مافەکان نییە

مافەکانی هاوڵاتی یەکێکە لەو مەسەلانەی لای ئێمە خراپ بەکاردەهێنرێ، چونکە تەنیا مافەکان زەقدەکرێنەوەو ئەرکەکان فەرامۆشدەکرێن، لەکاتێکدا مافەکان و ئەرکەکان دوو مەسەلەی پێکەوە گرێدراون. بۆیە ڕۆژنامەنووسانو نووسەران لەسەر مافەکانی هاوڵاتیان دێنەدەنگ و لە دوورو نزیکەوە هێما بۆ ئەرکەکانی سەرشانی ناکەن. لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن خەمخۆریی خۆیان بۆ مافەکانی هاوڵاتیان نیشاندەدەن و هاوسۆزیی بەرامبەر بەهەر کەمتەرخەمییەک نیشاندەدەن دەرهەق بە مافەکانیان بکرێت، کەچی لانی کەمی ئەو ئەرکانەش ناخەنەڕوو، کە دەکەوێتەی ئەستۆی هاوڵاتیان. هاوڵاتیان بۆ خۆشیان هەمیشە گلەیی لەوە دەکەن مافەکانیان پێشێلدەکرێت و وەک پێویست دەستەبەرناکرێن، بەڵام توخنی ئەو ماف و بەرپرسیارێتیانە ناکەون، کە دەکەوێتە ئەستۆیان.

لێرەدا دەبێت جەغت لەسەر ئەوە بکەینەوە، ڕۆڵی هاوڵاتی لە هەر کۆمەڵگەیەکدا، هۆیەکی بنچینەییە بۆ سەرکەوتنی هەر سیاسەتێکی گشتیی، کە حکومەت بیەوێ لە ڕێگەی دامودەزگاکانییەوە بیخاتەگەڕو ئەو ڕۆڵە تەواوکەری ڕۆڵی حکومەتەو هیچ ناکۆکییەک یان لێکدژییەک لەنێوانیاندا نییە. ئەمەش پێویستی بە پێوەکارکردنی چەند هۆکارێک هەیە، لەوانە: سروشت و قەبارەی ئەو ڕۆڵەی هاوڵاتی، وەک تاکو کۆمەڵ، دەیگێڕێت بۆ داڕشتنی ئەو سیاسەتانە. ئەو شێوازەی ژیان کە هاوڵاتی لەسەری ڕاهاتووەو توانای گۆڕینی بەپێی هەلومەرج و گۆڕانکارییەکان. پلەبەندیی ئەولەویاتەکان و ئەو بڕیارانەی لێی دەکەونەوە. تێگەیشتنی هاوڵاتی لە سروشتی ڕۆڵی خۆی و ئەرکی سەرشانی بۆ سەرخستنی ئەو سیاسەتانە. چۆن؟

ڕاستە حکومەت بۆ دابینکردنی لایەنەکانی تەندروستی چەندین سیاسەتو دابینکاری دادەنێ و تواناو دەرامەتی دارایی و مرۆیی پێویست بۆ جێبەجێکردنیان دەخاتەگەڕ، بەڵام سەختە تەندروستییەکی گونجاو چاک بۆ هاوڵاتیان دابینبکرێت، ئەگەر خۆیان لە بنەڕەتدا بایەخ بە پێداویستییەکی تەندروستی و خۆپاراستن لە

نەخۆشی نەدەن و پیادەی پرنسیپی «خۆپاراستن لە خۆچارەسەرکردن باشترە».
ڕاستە حکومەت چەندین بەرنامە دادەنێت بۆ پاراستنی ژینگە لە سەرچاوەکانی پیسی و دەستدرێژییەکانی مرۆڤەکان، بەڵام ناتوانێت ئەو بەرنامانە جێبەجێبکات، ئەگەر هاوڵاتیان بایەخ بە پاکوخاوێنیی ژینگەکەیان نەدەن و بەرپرسیارنەبن بەرامبەری.
ڕاستە حکومەت چەندین ستراتیژ دادەنێ بۆ کەمکردنەوەی بێکاری، بەڵام ئەوە بە حکومەت چارەسەرناکرێت و پێویستی بەوەیە هاوڵاتیی داواکاری کار ئامادەبێت واقعیانە مامەڵە لەگەڵ دەرفەتەکانی کارکردندا بکات و ئامادەبێت پیشەی خۆی بگۆڕێت و لە ژێر کاریگەریی کولتووری کۆمەڵایەتیدا هیچ پیشەیەک بە عەیب و بێبەها دانەنێت. هەروەها هاوڵاتیی پارەداری کەرتی تایبەت بەرپرسیارێتیی خۆی بەرامبەر بەو کێشەیە نیشانبدات و ڕۆڵی خۆی لەو مەسەلەیەدا بگێڕێ. ڕاستە حکومەت مەبەستێتی بژێویی هاوڵاتیان چاک بکات و سنوور بۆ هەژاری دابنێ، بەڵام ئەوە سەختە لەکاتێکدا گەندەڵی هەبێت و هاوڵاتیی وەها هەبن گەمە بە قوتی خەڵک بکەن و لەپێناو دەوڵەمەندبوونی خێرادا هەموو بەهاکان وەلاوەبنێنو گەمە بەنرخی کاڵاکان بکەن...هتد.

بەو شێوەیە، ئەگەر هاوڵاتی هاوکاریی دامودەزگاکانی حکومەت نەکاتو بەرپرسیارێتی بەرامبەر سیاسەتە گشتییەکان نیشاندەدات، ئەوا دامودەزگا حکومییەکان دەستبەستراودەبن لەئاست دابینکردن و بەڕێوەبردنی کاروبارە گشتییەکانداو سەرکەوتوونابن لە جێبەجێکردنی ئەو بەرنامانەی بۆ خۆیان داناونو وەک پێویست ئامانجەکانی خۆیان ناپێکن. بەواتایەکی تر، حکومەت پێویستی بە هاوڵاتیبوونی هوشیار، واتە ئەو هاوڵاتییەی هۆشیارە بەرامبەر بە مافەکانو ئەرکەکانو بەرپرسیارێتییەکانی خۆی.

لێرەدا گرنگە هێما بۆ چەند خەسڵەتێک بکەین، کە پێویستە وەک ئەرک هاوڵاتیان ڕەچاویان بکەن، هەتاکو بتوانن ڕۆڵی گونجاو و شایستەی خۆیان لە کۆمەڵگەدا بگێڕن:

١ -هاوکاریکردن و دەروەستبوون، واتە هاوڵاتی کەسێکی هاوکاری ئەوانیتر بێتو دەروەستبێت بە نیشتیمان و مەسەلە گشتییەکانییەوە.

٢ -بوێری و ئازایەتی، واتە هاوڵاتی هەڵسەنگاندنی بۆ ئەوانە هەبێت، کە لە پۆستە گشتییەکاندان، بەبڕواوە بەشدارییبکات لە گفتوگۆ گشتییەکاندا، بیروڕاو تێڕوانینی خۆی هەبێت سەبارەت بە هەموو ئەو شتانەی لە کۆمەڵگەدا ڕوودەدەن، ئازادانە بیربکاتەوەو ڕادەربڕێت و کاربکات و ڕەخنەبگرێت. ئەم خەسڵەتە دەکەوێتە

ناو چوارچێوەی ئەوەی پێدەوترێ چاودێریکردنی میللی بەسەر کارەکانی دەسەڵاتە جۆربەجۆرەکانەوە، کە کۆمەڵگە دیموکراتییەکانی پێ لەوانی تر جیادەکرێتەوە. ئەو مەسەلانەش پێویستە بەبێ موجامەلە و خاترگیری و بەهوشیاریی تەواوە جێبەجێبکرێن و لە چوارچێوەی یاسادابن و نەگۆڕێت بۆ جۆرێک لە یەکلاکردنەوەی کێشە لەگەڵ ئەوانی تر یان ناوزڕاندن و تۆمەتبارکردن.

٣-دادپەروەری و ویژدان، کە یارمەتیدەرن بۆ دەرککردن بە مافەکانی ئەوانیترو ڕێزگرتنیان و زیادەڕۆی نەکردن لە ماف و بەرژەوەندییەکانی خوددا. ئەمانە لەو خەسڵەتانەن، کە لە کۆمەڵگەکەمان و ناو هاوڵاتیاندا ئامادەنییە، چونکە لای ئێمە ئاسانە مرۆڤ دەرک بە مافەکانی خۆی بکات و داوا لەوانی تر بکات ڕێز لە مافەکانی بگرن و دەستدرێژیی نەکەنە سەری، بەڵام سەختە بەلایەوە ڕێزی مافەکانی ئەوانیتر بگرێت، بەتایبەتی ئەگەر ئەو مافانە لەگەڵ مافەکانی خۆیدا یەکتریان بڕی. هەروەها سەختە مافەکان و ئەرکەکانی خۆی لێک جیابکاتەوە.

٤-شارستانیبوون و ڕەوشتبەرزیو لێبوردەیی. ئەمەش مانای ئەوەیە بەئاگابێت بەرامبەر هەر قسەیەک دەیکات و هەر کارێک دەینوێنێ و هەر هەڵوێستێک وەریدەگرێت، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندیی بەوانیترەوە هەیە. ئەم خاڵە تەواوکەری خاڵەکەی پێشووە. پێدەچێت یەکێک لەو حەقیقەتانەی ناکرێت خۆمانی لێ لابدەین و کێشەیەکی گەورەیەو لەمێژە کۆمەڵگەکانمان بەدەستییەوە دەناڵێنێت، بێتوانایی هاوڵاتیانە لەئاست لێک جیاکردنەوەی ئەوەی هی خۆیانەو ئەوەی هی ئەوانیترە، ئەوەی مافی خۆیانە و ئەوەی مافی ئەوانیترە.

لەواقیعدا ئەو خەسڵەتانە خۆبەخۆ دروست نابن و لەکاتی لەدایکبوونەوە لەگەڵ مرۆڤدا نین، بەڵکو ئەنجامی پەروەردەکردن و ڕاهێنان لەناو دامەزراوە جۆربەجۆرەکانی کۆمەڵگەدا دێنەئاراوە. ئەوەش لە خێزانەوە دەستپێدەکات، بە سیستەمی پەروەردەو خوێندن و دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیدا تێدەپەڕێت، کە تاک لەسەر ئەو خەسڵەتانە ڕادەهێنن. بۆیە دەشێت بپرسین: ئایا هەریەکێک لەو دامەزراوانە لە ڕۆڵی خۆیان تێگەیشتوون و ئامادەن ڕۆڵی خۆیان بگێڕن، بۆ پەرەپێدان و چەسپاندنی خەسڵەتەکانی هاوڵاتیبوون؟

ڕۆژنامەی ئاسۆ ژمارە (١٤٠٤)/ ٩-٢-٢٠١١

## توندوتیژی و کولتووری دیالۆگ

کاتێک هەفتەی ڕابردوو لە تەلەفزیۆندا ڕووداوەکانی سلێمانیم بینی و لە توندوتیژیی ئەو لاوانە ڕامام، کە وێرانکارانە ڕەفتاریاندەکرد و ڕێگەیان بەخۆیان دەدا بەدەر لە ڕێساو شێوازە مەدەنییەکان گوزارشت لە خۆیان بکەن، ناچاربووم ڕابمێنم و بیربکەمەوەو بزانم لاوان بۆچی بەو شێوەیە هەڵسوکەوتدەکەن. ئەگەرچی دەشێت ئەو لاوانە کەوتبنە ژێر کاریگەریی پەتای ڕووداوەکانی تونسو میسرو ناوچەکانی ترو ویستبێتیان لاسایی لاوانی ئەو وڵاتانە بکەنەوە، بەڵام پێموایە توندوتیژی لە سەردەمی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستانەوە بۆتە دیاردەیەک و پێویستە هەڵوەستەی لەئاستدا بکرێت و چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە، ئەگینا کارەسات و ماڵوێرانیی زۆری بەدوادا دێت. لێرەدا ڕاستە ئەو مەسەلەیە توێژینەوەیەکی مەیدانیی کۆمەڵناسانەی گەرەکە، بەڵام حەزدەکەم هێما بۆ چەند هۆکارێکی بکەم:

یەکەم: پیواری (غیاب) کولتووری دیالۆگ، بەواتا زانستییەکەی، لە کۆمەڵگەی کوردستاندا، بۆتە هۆی تەشەنەکردن و چەسپینی کولتووری توندوتیژیو هەڕەمەکیبوونی ئاقارەکان لە کەسێتیی لاوی کورددا، تەنانەت ئەگەر هەندێک کەناڵی دیالۆگیش لەئارادابێت، ئەوا ڕواڵەتکارانە یان میدیاکارانەیەو پشتئەستوورنییە بە بڕوابوونی تەواو بە دیالۆگ، وەک ڕێگەیەک بۆ ڕزگاربوون لە دیاردەی توندوتیژی. ئەمەش بۆتە مایەی بەهێزبوونی هەستکردن بە زوڵم و چەوساندنەوەی لاوانو چەسپینی هەستوسۆزی دڵشکاوی و بێزاری، کە دواتر بوونەتە هۆی کەوتنەوەی توندوتیژی دەمامکرکراوی تاکەکەسیی ڕۆژانە و توندوتیژیی بەربڵاوی سیاسی لە کاتی خۆپیشاندانەکاندا.

دوەم: قوڵبوونەوەی گرفتەکانی قۆناغی گوێزانەوە، وەک: جێگیرنەبوونی دیموکراسی، سستی خزمەتگوزارییەکان، هەنگاونانی خاوی پرۆسەی پەرەپێدان، دابەش نەکردنی دادپەروەرانەی سامان و پێداویستییەکان، سەروەرنەبوونی یاساو گەندەڵیی دارایی و کارگێڕی.

سێیەم: گرفتی بێکاری. ژمارەیەکی زۆری لاوان خوێندنیان تەواوکردوەو دامودەزگاکانی حکومەت ناتوانێت لەباوەشیان بگرێت، کەرتی تایبەتیش ئەوەندە بەهێزنییەو بایەخ بەلایەنی پیشەسازی و کشتوکاڵی پێشکەوتوو نادات، هەتا پێویستی بە دەستی کاری زۆربەیان هەبێت. ئەو لاوانە ئەنجامی ئەوە تووشی چەندین گرفتی دەروونی و کۆمەڵایەتی و ئابووری بوون و لە ژێر کاریگەریی کۆمەڵگەی «قازانجی نەوت»دا، کە حکومەت باوکی کۆمەڵگەیە، پێیانوایە حوکمڕانی کوردستان هۆکاری ئەو ژیانە ناخۆشەیانە، بۆیە بێزاری و ڕقلێبوونەوە زاڵبووە بەسەریانداو بەرەو ئاقاری توندوتیژی هەنگاویان ناوە. ئەمە وێڕای ژمارەیەکی زۆری لاوانی پەراوێزخراو، کە لەبەر هۆکاری جۆربەجۆر خوێندنیان تەواونەکردوەو ئەنجامی بەسەربردنی ژیانی سەختی کارو گوزەران، هەست بە چەوسانەوەو زوڵم لێکردن دەکەن و هۆکاری ئەوەش دەبەستنەوە بە سیستەمی سیاسیی کوردستانەوەو توڕەبوون و بێزاریی خۆیان لە ڕێگەی کاری توندوتیژییەوە ئاڕاستەی ئەو دەکەن.

چوارەم: لاوازیی ئاشکرای دامەزراوەکانی پەروەردەکردن، دامودەزگاکانی خوێندن، چالاکییە ئەکادیمییەکان و پەککەوتەیی پرۆگرامەکانی خوێندن، کە لە زۆربەیاندا پشت بە پێ لەبەرکردن و کۆپیکردن و دووبارەکردنەوە دەبەستێتو دوورە لە گەشەپێدانی تواناکانی داهێنانی خوێندکارو بەرهەمهێنانی ئەقڵی ڕەخنەگرانە. ئەو سیستەمانەی خوێندن کار بۆ ئەوە دەکەن خوێندکار ئازادی پیادەنەکات، ئەقڵی خۆی نەخاتە کار، واقیع بەشێوەی ڕاست و دروست نەبینێو ڕووبکاتە چەپاندن. هەموو ئەوانەش بوونەتە مایەی پێگەیشتنی توندوتیژی لە ناخی خوێندکاراندا، کە لاوانی میللەتەکەمانن.

پێنجەم: کارکردن بە بنەمای بینینی شتەکان بە «ڕەش یان سپیی»، «چاک یان خراپ»، «هەڵە یان ڕاست». ئەمجۆرە بیرکردنەوە ڕەقهەڵاتوە، یەکێکە لە دەرکەوتووترین هۆکانی سەرهەڵدانی توندوتیژی، چونکە ئەوە سەرچاوەی دەمارگیریو توندڕەویی تێڕوانین و هەڵسوکەوتە.

شەشەم: دەمارگیریی بیروباوەڕ، یەکێکە لە مەترسیدارترین سەرچاوەکانی توندوتیژی و بۆتە مایەی سەرهەڵدانی کۆمەڵێک هەڵە لەسەر ئاستی بیرکردنەوەو ڕەفتارکردن، ئەوەش ئەنجامی بەخشینی بیانووی ڕەوا یان دەمامکی حەقیقەت بە دیاردەی توندوتیژی، پشتئەستوور بە بڕواو تێڕوانینی سیاسی، حیزبی یان ئایینی لە دەرەوەی هەردوو حیزبە دەسەڵاتدارەکەی کوردستان و بڕوابوون بە پاکیو ڕاستو دروستیو فریشتەبوونی خودو سەیرکردنی دەسەڵات بە پیسو هەڵەو چەوت و ئەهریمەن.

حەوتەم: هەرەسهێنانی نموونە و بەها ژیوارییە مرۆڤایەتییەکان لە مێشکی لاواندا، کە بۆتە هۆی هەژانی بیروبڕواو کولتووری و ژەنگگرتنی ئەقڵیو دەروونی. ئەنجامی ئەوەش لاوان هەست بە بۆشاییەکی ڕۆشنبیری دەکەن و وایان لێ هاتووە بەرەو مەنزڵگەی ڕەتکردنەوەو یاخیبوون و توندوتیژی هەڵبێن، بۆ بەدەستهێنانی دڵنیایی وەک پێداویستییەکی دەروونی و بەدەستەوەگرتنی شوناس وەک پێداویستییەکی مەعنەوی و ناڕەزاییدەربڕین بەرامبەر بە واقعی جێگیر، کە دوورە لە نوێکردنەوە و گۆڕانکاریی ڕیشەیی.

هەشتەم: پیواری ڕەخنە لەخۆگرتن، کە هەندێک جار دەگاتە ڕادەی بێبەشکردن لەلایەن دایک و باوک و مامۆستاکانەوە، کاتێک دەرگای دیالۆگ و گفتوگۆی ڕەخنەگرانە بەڕوویاندا دادەخرێت. ئەمەش بۆتە مایەی سەرکوتکردن، کە لە ئاگایی و نائاگایی لاواندا کەڵەکەبوون و بوونەتە هۆی کەوتنەوەی توندوتیژیو یاخیبوون و ڕووبەڕووبوونەوە.

لەبەرامبەر ئەو بارودۆخە، کولتووری دیالۆگ بۆ هەموان داواکراو و پێویستە، تەنانەت ئەگەر لە ڕووی تەمەن و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتییەوە جیاوازبن، چونکە دان نەنان بە دیالۆگدا و داخستنی کەناڵەکانی دەربڕینی بیروڕا، دەبێتە مایەی پەرەسەندنی توندوتیژی لای توێژگەلی فراوانی کۆمەڵگە، بەلاوانیشەوە. لەلایەکی ترەوە زۆربەی لایەنگرانی توندوتیژی و توندڕەوی لەڕاستیدا دوورن لە میتۆدی دیالۆگ، بۆیە گومان بە تێڕوانینەکان و لاوازیی دەروەستیان بۆ نیشتیمان دەکرێت، ئەمەش هانیاندەدات بکەونە ژێر کاریگەریی کاری نهێنی و هاندانی مەبەستکارانەی لایەنگەلی سیاسی و ڕەفتاری سەرکوتکەرخوازانەوە، چونکە توانای پێشکەشکردنی ئەڵتەرناتیڤی ڕاست و قبوڵکراویان نییە، بۆ چاکسازیی سیاسی و ڕووبەڕووبوونەوەی کێشە ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتییە کەڵەکەبووەکان.

پێویستە جەغت لەسەر ئەوە بکەینەوە، کردنەوەی کەناڵەکانی دیالۆگو پلاندانان بۆ دیالۆگی جدیانە و کاریگەر و بەرهەمدار، لەسەر هەموو ئاستەکانی سیاسی، پەروەردە، کۆمەڵایەتی و ئابووری، مەسەلەیەکی چاک و داواکراوە، چونکە لە ڕووی دەروونناسییەوە ئارامبەخشتر، هێمنتر، شەفافترەو لایەنگرانی دەمارگیری و داخران ڕادەکێشێت بۆ ئاخاوتنی کراوەو دەیانخاتە ژێر لۆژیکی کرانەوەو ڕەخنەگرتنی بنیاتنەرانەوە.

هەر دیالۆگێک لە کۆمەڵگەکەماندا، جا شێوەکەی چۆن بێت و لایەنەکانی هەرکامێک بن، پێویستی بە جیاوازی نێوان دوو تێڕوانین هەیە، کە دوولایەنی

دیالۆگ پێکدێنن. پیواری جیاوازیی نێوان بیروڕای لایەنەکانی دیالۆگ، مانای ڕێککەوتنی تەواوەتی هەردوولایەنەکەیە. لەم کاتەشدا دیالۆگ لە بنچینەدا پێویست نابێت، بەڵکو لەبری ئەو ئاڵوگۆڕکردنی بیروڕا لەگۆڕیدەبێت.

دیالۆگی سەرکەوتوو و کاریگەر، پێویستی بە چەند کۆڵەکەیەکی بنچینەیی هەیە، هەتاکو کاراو جدی بێت. ئەو کۆڵەکانەش کارلێکدەکەن و سەرەنجام دیالۆگی پۆزەتیڤانە بەرهەمدێنن. دانایی، ئەقڵانیەت، دان بەخۆداگرتن، مەعریفەو دووربینی ئەو مەسەلانەن، کە دیالۆگ پێویستی پێیانە. ئەمە وێڕای ڕاشکاوبوون و ڕاستبێژیی دەربڕین، دوور لە خۆپەرستی و نەرجسییەتی زیادەڕۆیانە. دەستەبەربوونی ئەو کۆڵەکانە لە هەر دیالۆگێکدا ڕەوایەتی و بەردەوام و سەرکەوتنی پێ دەبەخشێت. ئەمەش پێویستی بە ڕۆڵی چڕوپڕی سیاسەتمەداران، پەروەردەکاران، ڕووناکبیران، ئەکادیمیستەکان و ئامرازەکانی ڕاگەیاندن هەیە لەسەر هەموو ئاستەکان، بەتایبەتی لەسەر نەوەی لاوان، کە بنیاتنەری سبەینێ و سەرکردەکانی داهاتوون.

ڕۆژنامەی ئاسۆ ژمارە (١٤١٢)/ ٢١-٢-٢٠١١

## چاكسازیی سیاسی یەكەمین هەنگاوە

لەم ساتەوەختەو لە ناوجەرگەی گرفتە سیاسییەكانی ئەم ڕۆژگارەدا، زۆربەی هێزە سیاسییەكانی كوردستان، بە دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆنەوە، لەسەر ئەنجامدانی چاكسازی كۆكن. ئەوەی ماوەتەوە، لێك نزیككردنەوەی دیدو بۆچوونەكانە دەربارەی چاكسازی و میكانیزمەكانی و داڕشتنی پڕۆژەیەكە، كە هەموو لایەنەكان قبوڵیبكەن و كار بۆ جێبەجێكردنی بكەن.

چاكسازی فرە ڕەهەندو لایەنە، واتە چاكسازیی سیاسی، ئابووری، كۆمەڵایەتیو ڕۆشنبیری لەئارادان، بەڵام ناكرێت هەموو ئەوانە پێكەوەو لە یەك ئاستدا مامەڵەیان لەگەڵ بكرێت و هەموو پێكەوە بخرێنەگەڕ، بەڵكو پێموایە ئەوە پڕۆسەیەكی هەمەلایەنەو یەكەمین هەنگاوی بە چاكسازیی سیاسی دەستپێدەكات، چونكە ئەو چاكسازییە دەستپێك و ڕێگەخۆشكەرە بۆ چاكسازییەكانی تر. بۆیە لەم دەرفەتەدا چەند تێبینییەك دەخەمەڕوو، بە مەبەستی بەشداریكردن لە پڕۆسەی چاكسازیی هەمەلایەندا.

مەبەست لە چاكسازیی سیاسی، هەموو ئەو هەنگاوە ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆیانەیە، كە ئەركی جێبەجێكردنیان دەكەوێتە ئەستۆی پەرلەمان، حكومەت، ئۆپۆزسیۆن، ڕێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی و دامەزراوەكانی كەرتی تایبەت، بەمەبەستی ئەوەی كۆمەڵگەی كوردستان بەبێ خەمساردی و دوودڵیو بەرجەستەكارانە سیستەمێكی دیموكراتی بنیاتبنێ.

مەبەست لە سیستەمی دیموكراتی ئەوەیە كە دیموكراسیی ڕاستەقینە پیادەدەكات و تیایدا ئازادی باڵاترین و بنچینەییترین بەهایە، ئەوەیە كە دەبێتە هۆی هاتنەدیی سەروەریی بەكردەوەی میللەت لە ڕێگەی پلورالیزمی سیاسییەوەو دەرفەتی دەستاودەستكردنی دەسەڵات دەڕەخسێنێ و پشتبەستووە بە ڕێزگرتن لە گشت مافەكانی بیركردنەوەو دەربڕین و ڕێكخستن، هەروەها زەمینەخۆشدەكات بۆ بوونی دامەزراوەگەلی سیاسیی كارا، واتە پەرلەمانێكی هەڵبژێردراو، دادوەرییەكی

سەربەخۆ، حکومەتێکی ملکەچی لێپێچینەوەی پەرلەمانتاری و میللی و حیزبە سیاسییە جۆربەجۆرەکان.

ئەو دیموکراسییە ڕاستەقینەیە پێویستی بە ئازادیی دەربڕینە، بەهەموو شێوازەکانییەوە، لەپێش هەموویانەوە ئازادیی ڕۆژنامەگەری و ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی بیستراوو بینراوو ئەلکترۆنی. پشت بە خولەهەڵبژاردنی ئازادانەی سەرڕاستی سەرتاسەری و ناوچەیی دەبەستێ، بۆ مسۆگەرکردنی دەستاودەستکردنی ئاشتیانەی دەسەڵات و حوکمڕانیی میللەت. پەنا بۆ هێنانەدیی ئەوپەڕی ناناوەندێتی دەبات، چونکە دەرفەت بۆ دەسەڵاتە ناوچەییەکان دەڕەخسێنێ گوزارشت لەخۆیان بکەن و وزە داهێنەرەکانیان لە چوارچێوەی تایبەتمەندییە ناوچەییەکاندا بتەقێننەوە. هەروەها ئەو دیموکراسییە گرێدراوی دەستەبەربوونی شەفافییەتە لە ژیانی گشتیدا، بەواتای لەناوبردنی گەندەڵی. ئەوەش لە چوارچێوەیەکدا، کە جەختدەکاتەوە لەسەر حوکمڕانیی چاک و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ، بەپێی پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان، لەپێش هەموویانەوە مافەکانی ژنان و منداڵانو کەمایەتییەکان. ئینجا مافی دابینکارییە بنچینەییەکانی دادگاکانی تاوانو مسۆگەرکردنی مامەڵەکردنێکی مرۆڤانەی دەسەڵاتەکان لەگەڵ هاوڵاتیاندا.

*چاکسازیی سیاسی پێویستە ئەم لایەنانەی خوارەوە دەگرێتەوە:*

## ١ –چاکسازیی دەستووری و یاسادانان:

بەوپێیەی دەستوور بناغەی یاساکانی حوکمڕانییە، بۆیە نابێت بەندەکانی ناکۆکبن لەگەڵ ئەو مۆدیلەی سیستەمی سیاسی، کە کۆمەڵگەی کوردستان خوازیاریەتی و پێویستە تەبابێت لەگەڵ پەیماننامەو بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکانی مافەکانی مرۆڤدا. ئەمەش مانای ئەوەیە، دەبێت دەستووری هەرێمی کوردستان هەمواربکرێتەوە، پاش گفتوگۆکردن لە پەرلەمانی کوردستان و ناو کۆمەڵگەو تیایدا جەغت لەسەر ئەم خاڵانە بکرێتەوە: چەسپاندنی سیستەمی پەرلەمانی نەک سەرۆکایەتی یان نیمچە سەرۆکایەتی، لێک جیاکردنەوەی ڕوونی دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری، نوێکردنەوەی شێوازەکانی حوکمڕانی بەشێوەیەک کە دەستاودەستکردنی ئاشتیخوازانەی دەسەڵات مسۆگەربێت، ئەنجامدانی خولەهەڵبژاردنی ئازادانەو لەکاتی خۆیدا، بۆ پاراستنی پیادەکردنی دیموکراسیو قۆرخ نەکردنی دەسەڵات.

## ٢ – چاکسازیی دامەزراوە و پێکهاتە سیاسییەکان:

لەبەرئەوەی سیستەمی دیموکراتی گرێدراوی بوونی دامەزراوگەلی بەهێزە

لە هەر سێ بەشە ناسراوەکەی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەریدا، وێڕای ڕۆژنامەگەری و ڕاگەیاندن و کۆمەڵگەی مەدەنی، بۆیە پێویستە پێداچوونەوە بۆ ئەو دامەزراوانە بکرێت، بەمەبەستی مسۆگەرکردنی کارڕاییکردنی دروستیان. ئەمەش شەفافییەتی تەواوەتی و هەڵبژاردنی سەرکردایەتیی کاراو دیاریکردنی ماوەی دیاریکراوی ئەنجامدانی کارەکان و کارپێکردنی بەکردەوەی پرنسیپی سەروەریی یاسا پێویستدەکات.

## ٣ – دەستەبەرکردنی ئازادییەکان:

دەستەبەربوونی ئازادیی پێکهێنانی حیزبی سیاسی لە چوارچێوەی دەستوورو یاساداو بەشێوەیەک کە پێکهێنان و کارەکانی بەپێی بنەماکانی دیموکراسی بن و ناکۆک نەبن بە سیستەمی سیاسیی کوردستان و بەجۆرێک، کە گشت ئاقارە فیکرییەکان و هێزە سیاسییە مەدەنییەکان دەرفەتی ئەوەیان هەبێت بەرنامەکانی خۆیان بخەنەڕوو و بچنە ناو پێشبڕکێیەکی ئازادانەی سەرڕاستەوە. ئەوەش لەسایەی ئەو ئازادیانەی لە بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکاندا هاتوون. لێرەدا پێویستە حوکمڕانیی کوردستان ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بەڵگەنامەو پەیماننامە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤ و مافەکانی ژنان و منداڵان واژۆبکات و پابەندیان بێت.

## ٤ – ئازادیی ڕۆژنامەگەری و ئامرازەکانی ڕاگەیاندن:

هەروەها دووربوونیان لە دەستێوەردان و کاریگەری و هەژموونی حکومەت، چونکە ئەمجۆرە ئازادییە کۆڵەکەیەکی بەهێزی سیستەمی دیموکراتییەو بەرجەستەکردنی ڕوونی ئازادیی دەربڕین و پاڵپشتێکی بەهێزی شەفافییەتە. ئەمەش بە شێوازەکانی ڕێکخستنی شارستانیانەی دیموکراتیانەی کاری ڕاگەیاندن، لە ڕێگەی یاسایەکی ڕۆژنامەگەریی هاوچەرخەوە، کە پێویستی بە هەموارکردنەوەی یاسای ڕۆژنامەگەریی ئێستای کوردستان هەیە.

## ٥ –ئازادکردنی پێکهێنانی دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی:

ئەمەش بە ڕەتکردنەوەی هەموو ئەو یاساو ڕێنماییانەی ئازادیی پێکهێنانی کۆمەڵەو ڕێکخراوو سەندیکا خۆبەخشە قازانج نەویستەکان کۆتوبەنددەکەن، جا سروشتی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیری و ئابووریان هەرچۆنێک بێت. هەروەها هەموارکردنی یاسایەکی نوێ بۆ مسۆگەرکردنی دامەزراندن و چالاکی و پارەپێدانو

لێپێچینەوەی ئەو دامەزراوانە. بێگومان دانانی چوارچێوەیەکی یاسایی دیموکراتیانە بۆ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە پێشەوەی هەموو ئەو مەسەلانەیە، کە پەیوەندییان بە دیموکراتیبوونی کۆمەڵگەو کاراکردنی شێوازەکانی بەشداریکردنی سیاسییەوە هەیەو دەرفەتی ڕزگاربوون لە هەستی نامۆبوون و پەراوێزخستن لای هاوڵاتیان دەڕەخسێنی. سەرەنجام کۆمەڵگەی مەدەنی بەشدارییەکی چالاکانە دەکات لە بەرەنگاربوونەوەی ئەو گرفت و کێشانەی کاری دەستەجەمعیو شێوازەکانی کاری خۆبەخشیان گەرەکە.

## ٦ –هاندانی ڕاپرسیی ڕای گشتی و ڕزگارکردنی لە هەموو جۆرە ئاستەنگێک:

بەوپێیەی ئەوە یەکێکە لە ئامرازە دیموکراتییە بنچینەییەکان. هەروەها کارکردن بۆ دامەزراندنی دامودەزگاو ناوەنگەلی توێژینەوە، بەمەبەستی ڕووپێوکردنی ڕای گشتیی کوردستان بەشێوەیەکی هەمیشەیی و لە گشت بوارە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکاندا. ئەوەش بۆ دەستەبەرکردنی زانیاریی وردبینانە، کە بڕیارسازانو نەخشەدانەرانی کۆمەڵگە سوودیان لێ وەردەگرن و دەتوانن بەهۆیانەوە ئاشنابن بە نەخشەیەکی ڕوونی ڕاستگۆیانەی ڕای گشتی و ئەو گۆڕانکاریانەی دەبێت ڕەچاوبکرێن و فەرامۆش نەکرێن.

بێگومان ئەو هەنگاوانەی سەرەوە پێویستیان بە دانانی میکانیزمگەلی هەمەجۆر و پێکەوە گرێدراوی جێبەجێکردن هەیە، کە دەبێت بەری لێک تێگەیشتنو دیالۆگی فرەلایەنە و بڕیاردانی دەستەجەمعیی سیاسەتمەداران و شارەزایانی بوارە جۆربەجۆرەکان بێت.

ڕۆژنامەی ئاسۆ ژمارە (١٤١٧)/ ٢٨-٢-٢٠١١

## ڕاگەیاندن لە ژیانی سیاسیماندا

ئاشکرایە ڕاگەیاندن دەسەڵاتەو وەک دەسەڵاتی چوارەم، پاش دەسەڵاتەکانی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری، مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت. لە سەردەمی بەجیهانیبووندا، کە جیهانی کردۆتە گوندێکی گەردوونی، پاش گەشەکردنی خێراو سەرنجڕاکێشی تەکنۆلۆژیای ڕاگەیاندنیش، دەکرێت بڵێین ڕاگەیاندن بۆتە دەسەڵاتی دوەم، چونکە ئێستا دەسەڵاتی یەکەم دەسەڵاتی ئابوورییەو دەسەڵاتی دوەم ڕاگەیاندنە و دەسەڵاتی سێیەمیش سیاسەتە. یەکەم کۆنترۆڵی دوەم دەکاتو دوەمیش کاریگەریی زۆری لەسەر سێیەم هەیە. ئەمجۆرە پەیوەندییە لای ئێمە بۆتە هۆی سەرهەڵدانی ڕاگەیاندنی پاشکۆی ڕەوتی سیاسی و ئەنجامی کۆنترۆڵکردنی ڕاگەیاندن و دادوەری لەلایەن سیاسەتمەدارانەوە، ڕاگەیاندنی ئازادی سەرڕاست نائامادەیە. ئەو جۆرە کۆنترۆڵکردنەش زۆر مەترسیدارە، چونکە لە دیموکراسیی بەکردەوەوە دەمانبات بۆ دیموکراسیی ئاڕاستەکراو، کە بە ستەمکاری دەچێت. ئەم واقیعەی ڕاگەیاندن دەشێت مێژوویەکی تراژیدیانە، واتە یادەوەرییە قێزەوەنەکانی شەڕی ناوخۆ، دووبارەبکاتەوە. بۆیە پێویستە هەموولایەک هۆشیاربن بەرامبەر بەمەترسییەکانی ئەوەی ڕوودەدات.

لێرەدا هەندێک ئامرازی ڕاگەیاندن، وەک تەلەفزیۆنەکان (لۆکاڵی یان ئاسمانی)، بەحوکمی کاریگەریان لەسەر مێشک و دەروونی بینەران، بەرپرسیارێتیی زۆری ئەو دۆخە دەکەوێتە ئەستۆیان، بۆیە دەبێت هەڵوەستەیان لەئاستدا بکرێت. ڕاستە ئیمڕۆ تەلەفزیۆنەکان لە کوردستاندا زۆربوون و گەشەیانکردوە، بەڵام لە دەرەوەی چوارچێوەی ڕاست و دروستی ڕۆژنامەوانین. چونکە بێلایەنانە بەپەرۆش نین بۆ بیروڕای توێژەکانی کۆمەڵگە و زیاتر بەپێی داخوازیی سیاسی و بەرژەوەندیی دامەزراون و کاردەکەن. ئەو تەلەفزیۆنانەی لەسەردەمی سەقامگیریی سیاسیدا هەبوون، جۆرێک میانڕەویان پێوە دیاربوو، بەڵام ئێستاو پاش هاتنەئارای تەلەفزیۆنەکانی ئوپۆزسیۆن، زۆربەیان ڕوویان لە ڕیزبەندی، تاکڕەهەندی، ڕەهاخوازی، توندوتیژیخستنەوەو شڵەژاندنی سەقامگیری کردوەو بوونەتە سەنگەری

پێشەوەی شەڕو پێکدادان و تا ڕادەیەکی زۆر بابەتیبوونیان لەدەستداوەو لە بەهاکانی کاری ڕۆژنامەگەری دوورکەوتوونەتەوە. لەکاتێکدا ڕۆڵی ڕاگەیاندنکارانەی تەلەفزیۆن، ڕاستکردنەوەی واقیع نییە، بەڵکو گوێزانەوەی واقیعە وەک هەیە، نەک وەک دەخوازرێت. ئەوەش بەپێی ئەو پرنسیپە پیشەییە جیهانیانەی لە ڕاگەیاندنی کوردستاندا ئامادەنین.

واچاکە کاری ڕاگەیاندنی تەلەفزیۆنەکانی کوردستان میانڕەوانە بێت. ئەوەش مانای ئەوە نییە ئەو تەلەفزیۆنانە خۆویستانە دەستبەرداری هەندێک ئازادیی دەربڕین یان پراکتیزەکردنی پیشەکارانە بن و خۆبەدووربگرن لە هەڵوێستوەرگرتنو بگونجێن لەگەڵ هەموان و جیاوازییەکان ڕەتبکەنەوە، بەڵکو بەپلەی یەکەم مانای ئەقڵانیکردنو ڕێزگرتنی ئەویترو دیالۆگە لە وڵاتێکی فرەڕەنگ و هەمەلایەندا، کە ئیمرۆ چەپرەوی و توندڕەوی و دەمارگیری تیایدا هەڕەشە لە ئاشتیی کۆمەڵایەتیو سەقامگیریی دەکات. میانڕەوی هەڵوێستێکی مەعریفی و ئەخلاقییە، ڕێساکانی ڕەفتارکردنی پیشەکارانە لە ڕاگەیاندنی تەلەفزیۆنەکاندا دووپاتدەکاتەوە، ئەوانەی پشتبەستوون بە پرنسیپگەلێک، کە بەڵگەنەویست خۆیان دەخەنەڕوو. چونکە میانڕەوی پشتئەستوورە بە مافی زانین و دەربڕینی بیروڕا هەمەڕەنگەکان و پلە یەک دەداتە تێگەیشتنی واقیعەکان، کە پلە یەک تیایدا بۆ هەواڵە نەک بیروڕا. بۆیە میانڕەوی پێویستی بەوەیە تەلەفزیۆنەکان واز لە بڵاوکردنەوەی هەرشتێک بهێنن، کە توندوتیژی و ڕقوکینە لەناو هاوڵاتیاندا دەخاتەوە، بانگەشە بۆ تۆڵەسەندنەوە دەکات و زمانی شەڕ، سوکایەتیپێکردن، جنێوپێدان، ناوزڕاندن...هتد بەکاردێنێت. لەبەرئەوەی ئەوە جێی مەراق و بایەخپێدانی هاوڵاتیان نییەو زیاتر خزمەتی بەرژەوەندی و خواستە شەڕەنگێزەکانی سیاسەتمەدارانی پشتی سەری ئەو تەلەفزیۆنانە دەکات.

لەسایەی گەشەکردنی جیهانیی خێرای تەکنۆلۆژیای ڕاگەیاندن و بڵاوبوونەوەی بەرفراوانی ئامڕازە ناوچەیی و ئاسمانییەکانی ڕاگەیاندن و پەرەسەندنی کەناڵەکانی پێگگەیشتنی بیستراوو بینراوو نوسراو، مافی هاوڵاتییە ئەو هەواڵانە وەربگرێت کە بەهیچ فلتەرێکی پاڵاوتندا تێنەپەڕیون و لێکدانەوەی ئایدیۆلۆژیائاسایان بۆ نەکراوەو بەهیچ تێڕوانینێکی سیاسی بارگاوی نەکراون. کەواتە ڕاگەیاندنی تەلەفزیۆن جۆرێکە لە ویژدانی ئازادانە و لە ڕێگەیەوە شەفافانە و ڕاشکاوانە ڕەنگدانەوەی هەموو ئەو شتانە بەدیدەکەین کە لەواقیعدا ڕوودەدەن. لەبەرئەوەی مافی هاوڵاتییە زانیارییەکان، بەبێ کەمکردن و زیادکردن بەدەستبێنێت، بەوپێیەی ئەرکی تەلەفزیۆنە هەواڵەکان بەبێ ئیجتیهادکردن یان زیادکردنی ڕای تاکەکەسیی

ڕۆژنامەنووس و بیروڕای لایەنی سیاسی بداتە هاوڵاتی، ئەمەش بەبێ ساختەکردن و بەلادارێبردنی هەواڵەکان و دەرفەت بۆ هاوڵاتی بڕەخسێت خۆی دوا حوکمی خۆی بەسەریاندا بدات. چونکە تەنیا لەم بارەدا ڕاگەیاندنی تەلەفزیۆنەکان ڕۆڵی بێلایەنی ئازادانەی خۆی دەگێڕێت، بۆ گەیاندنی هەواڵ یان زانیارییەکان بە هاوڵاتیان.

ڕێگە لەوە نەگیراوە، هەر تەلەفزیۆنێک ڕووبکاتە ئاڕاستەکردنی بەکردەوە، بەمەرجێک ڕاگەیاندنێکی ئاڕاستەکراوی پێشکەوتووی پۆزەتیڤانە پراکتیزەبکات، نەک بەشێوەیەکی نێگەتیڤانەو هاندەری لایەندارێتی و جیاوازیخوازیی سیاسی کارەکانی خۆی ئەنجامبدات. چونکە لەم ڕۆژگارەدا تەلەفزیۆن کاریگەریی بەهێزو بەرجەستەی لەسەر مێشک و ڕەفتاری نەوە جیاوازەکان هەیەو دەشێت ئەنجامی کارکردنی چەوتی تەلەفزیۆنەکان ئەوان ببنە قوربانیی شێوەی ناوک پوچەڵ، یان قوربانیی ناوەڕۆکی مینرێژکراو. هاندان، وروژاندن، سوکایەتیپێکردن و بەخائینکردن هیچ پەیوەندییەکیان بە کاری ڕاگەیاندن و پێشبڕکێی دیموکراتیانەوە نییە. ئازادیی ڕاگەیاندن بۆ بڵاوکردنەوەو چاودێریکردن و بەدواداچوونی هەر هەواڵ و بیروڕایەک لەو کاتەدا کە نەچنە ناو بازنەی هاندان و وروژاندنەوەو نەبنە مایەی پەرەسەندنی گیانی ناکۆکی و دوژمنکاری لەسەر شەقامەکان ڕەواو قبوڵکراوە، بەتایبەتی لەسەر شەقامەکانی کوردستان، کە بۆ خۆیان هەڵئاوساون بە کێشەو قەیرانەکانو ئامادەن بۆ کەوتنەوەی کێشمەکێش و پێکدادان. بۆیە گەرەکە تەلەفزیۆنەکانی کوردستان وریابن بەرامبەر بەوەی بابەتەکانی ڕاگەیاندن، شێوازی خستەنەڕوویانو زمانی گوزارشت لێ کردنیان پیشەییانە بن و نەبنە مایەی ئاڵۆزکردنی بارودۆخەکەو تێکدانی ئاسایش و سەقامگیری و هەڵگیرسانی شەڕو پێکدادانی خوێناوی. چونکە ئەوە تەنیا هەڕەشە لە بوونی دەسەڵات ناکات، بەڵکو هەڕەشە لە ئۆپۆزسیۆن و سەرتاپای ئەزموونی کوردستانیش دەکات.

ڕۆژنامەی ئاسۆ ژمارە (١٤٢٢)/ ٧-٣-٢٠١١

## چوار پرنسیپی گرنگ بۆ ئەم رۆژگارەمان

ئەنجامی قوڵبوونەوەی ناکۆکییەکانی نێوان دەسەڵات و لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن‌و پەرەسەندنی خۆپیشاندانە جەماوەرییەکان، باسکردن و جەغتکردنەوە لەسەر چەند پرنسیپێکی بنچینەیی، کە بۆ دیموکراسی و بنیاتنانی دیموکراسی لە کوردستان گرنگن، کارێکی پێویستە. بۆیە لێرەدا هەوڵدەدەم بەکورتی باسی هەریەکێک لە فرەلایەنی، هەڵکردن، کۆدەنگی و یەکلاکردنەوەی زۆرینە بکەم.

**فرەلایەنی**: مانای جیاوازی و هەمەڕەنگیی ئەو تاک، گرووپ، ڕێکخراوو هێزە سیاسیانەیە، کە کۆمەڵگەیان لێ پێکدێت. هەروەها مانای ئەوەیە هەر یەکێک لەوانە مافی ئەوەی هەبێت گوزارشت لە بیروڕاو تێڕوانینەکانی خۆی و جیاوازییەکانی لەگەڵ ئەوانیتر بکات و کۆششبکات بۆ هێنانەدیی ئامانجەکان و دەستەبەرکردنی بەرژەوەندییەکانی. دەشێت جیاوازی لەنێوان ئەو تاک، گرووپ، ڕێکخراوو هێزە سیاسیانەدا لەسەر بنەمای ئابووری، کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیری، سیاسی و دامەزراوەیی بێت. بەوجۆرەش هەر یەکێکیان دەتوانێت خودی خۆی بهێنێتەدی‌و ئەو شوناسەی خۆی بپارێزێت، کە لەوانیتری ناو حوکمڕانیی جیایدەکاتەوە. فرەلایەنی مانای ئەوە نییە ئازادیی ڕەها بدرێتە هاوڵاتیان، یان گرووپەکان، یاخود لایەنەکان بەدڵی خۆیان و بەدەر لە پەیمان و ڕێککەوتنی کۆمەڵایەتی ئامانج‌و بەرژەوەندییەکانی خۆیان بهێننەدی، چونکە ئەوە دەبێتە مایەی سەرهەڵدانی پشێوی و بێ سەروبەری. بۆیە گرنگە سنوور یان پێبەندیگەلی تایبەتیی وەها بۆ گرووپە جۆربەجۆرەکان دابنرێت، کە بتوانن ئامانج و بەرژەوەندییەکانی خۆیان بەشێوەیەک بهێننەدی، نەبێتە مایەی دەستدرێژیکردنە سەر ئامانج‌و بەرژەوەندییەکانی ئەوانیترو تێکدانی سەقامگیریی کۆمەڵگە.

فرەلایەنی دەربڕی چەند پێکهاتەیەکی دیموکراسییە، وەک: دانانان بە مافی هەمەڕەنگبوونی تاکەکان و گرووپ و ڕێکخراوو لایەنە سیاسییە جۆربەجۆرەکاندا، کە لە ڕووی پێداویستییەکان و بەرژەوەندییەکان و تێڕوانینەوە جیاوازن لە یەکتری. دابەشکردنی هێز لە کۆمەڵگەداو خوڵقاندنی هاوسەنگیی نێوان دەسەڵاتە جۆربەجۆرەکانی

حوکمڕانی و ڕێکخراوە خاوەن بەرژەوەندییە جیاوازو دژبەیەکەکان. ڕەوایەتیبەخشین بە ململانێکانی پایەداری و هێز لەنێوان حیزبەکان و ڕێکخراوە جیاوازەکاندا، کە لە ڕووی ئامانج و بەرژەوەندییەکانەوە لێک ناچن. بەشداریکردنی هاوڵاتیان لە ژیانی سیاسیدا، بەپێی پرنسیپی حوکمڕانیی میللەت. بوونی پێشبڕکێی ئازادانە لەنێوان گرووپ و لایەنە جۆربەجۆرەکاندا.

**هەڵکردن (تۆلەرەنس)**: بەهایەکە، بەرهەمی داننانە بە شکۆمەندی مرۆڤو ئازادیی بۆ ئەوەی لەوانی دیکە جیاوازبێت و خاوەن بڕواو ڕەفتارو پراکتیکی تایبەت بەخۆی بێت. هەڵکردن مانای ئامادەبوونە بۆ قبوڵکردنی جیاوازو ڕێزگرتن لە مرۆڤە جیاوازەکان لە ڕووی ڕووخسار، ڕەنگی پێست، ڕەگەز، ئایینو بڕواوە. ڤۆڵتێر بەبەشی گوزارشتی لە هەڵکردن کردوە، کاتێک وتویەتی: «من هاوڕانیم لەگەڵتدا، بەڵام ئامادەم گیانی خۆم بەختبکەم، بۆ ئەوەی بیروڕای خۆت دەربڕیت». واتە هەڵکردن مانای قایلبوون نییە بە تێڕوانین و بیروبۆچوونەکانی بەرامبەر، جا ئەو بەرامبەرە تاک بێت یان گرووپ و ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی و لایەنی سیاسی، بەڵکو دەرفەت ڕەخساندنە بۆ ئەوەی بەبێ هەڕەشەلێکردنو چەپاندن و ترساندن گوزارشت لە خۆی بکات و لە ڕێگەی دیالۆگی دیموکراتیانەوە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت.

هەڵکردن پرنسیپێکی گرنگی دیموکراسی و کۆمەڵگە دیموکراتییەکانی، ئەوەش لەبەر ئەم هۆیانە: بەهۆی هەڵکردنەوە تاک و گرووپ و لایەنەکان دەتوانن لە حوکمڕانیدا مافەکانی وەک ئازادیی دەربڕین و ڕێکخستن و یەکسانی دەستەبەربکەن. هەڵکردنی سیاسی دەرفەت بۆ پێشبڕکێی ئازادانە و کرانەوەی داموەزگا سیاسییەکان بەڕووی بیروڕا جیاوازەکاندا دەرەخسێنێ، تەنانەت ئەگەر ئەو بیروڕایانە مایەی قبوڵکردنیش نەبن. هەڵکردنی سیاسی ڕەوایەتی دەداتە بیروڕای نوێنەری گرووپە جیاوازەکان (لەوانە ئۆپۆزسیۆن)، کە دەبێتە مایەی دانانی بەردی بناغەی ڕەوایەتیی دەستاودەستکردنی دەسەڵات. هەڵکردن بەشداریدەکات لە هێنانەدیی سەقامگیریی دەسەڵاتو کۆمەڵگەدا، چونکە دەرفەت بۆ گفتوگۆی بیروڕا جیاوازەکان – بەپێی ڕێساکانی گەمەی دیموکراتی و بەبێ توندوتیژی – دەڕەخسێنێت، تەنانەت لە هەستیارترین مەسەلەکانی وەک جیاوازیی بیروڕا ئایدیۆلۆژییەکاندا.

**کۆدەنگی**: بەهاو پرنسیپێکی زۆر گرنگە بۆ سیستەمی دیموکراتی، بەتایبەتی لەو کۆمەڵگانەدا، کە لە ڕووی نەتەوەیی و بڕواوە هەمەڕەنگن. بۆ ئەوەی تاکەکانو گرووپە جۆربەجۆرەکان، لە ڕووی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووریو پەروەردەییەوە، بتوانن لەناو چوارچێوەی نیشتیمانێکدا پێکەوە بژین، پێویستە ئەو خاڵە هاوبەشانە

لەنێوانیاندا هەبێت، کە یاریدەدەرن بۆ ژیان لە کۆمەڵگەیەکی سیستەماتیککراودا. بەوجۆرە حوکمڕانیی دیموکراتیانە ژینگەی گونجاو بۆ گرووپە جۆربەجۆرەکان دەڕەخسێنێ، هەتاکو بتوانن- بەپێی ڕێساگەلێکی پێشوەخت قبوڵکراو لەلایەن هەموانە- پێکەوە بژین. کۆدەنگی مانای ئەوەیە هاوڵاتیان لەسەر چەند مەسەلەیەکی بنچینەیی و جەوهەری ڕێکدەکەون، بۆ نموونە دەستوور، شێوەی حوکمڕانی و بەهاو ڕێساکانی گەمەی دیموکراتی. چونکە بەبێ بوونی ئەو کۆدەنگییە، کۆمەڵگە پێش ناکەوێت و پەرەناستێنێ. بۆیە کۆدەنگی بەیەکێک لە واتاکان، مانای کۆتاییهێنانە بە فرەلایەنی لەو مەسەلانەدا کە فرەلایەنی قبوڵ ناکەن‌و بنچینەی سەقامگیریی کۆمەڵگەن. دەبێت لێرەدا جەغت لەسەر ئەوە بکرێتەوە، کۆدەنگی مانای سڕینەوەی جیاوازییەکان، سڕکردنی ناکۆکییەکان و دروستکردنی کۆمەڵگەی یەک ڕەنگ نییە. چونکە ئەوانە دژی بنەماکانی دیموکراسین، کە کۆدەنگی لە هەندێک مەسەلەی جەوهەری و بنەڕەتیدا بناغەیەتی.

**یەکلاکردنەوە لەلایەن زۆرینەوە**: پرنسیپێکی زۆر گرنگەو گرێدراوی فرەلایەنییەو مانای ئەوەیە زۆرینە لە کۆمەڵگەدا حوکمڕانە و ئەو سیاسەتانە پیادەدەکات کە گونجاون لەگەڵ تێڕوانین و ئامانجەکانی خۆیدا، بەمەرجێک نەبێتە مایەی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ و مافی کەمایەتی بۆ پێشبڕکێکردن لەسەر دەسەڵاتو گۆڕان بۆ زۆرینە لە داهاتوودا. یەکلاکردنەوە لەلایەن زۆرینەوە زۆر گرنگە، چونکە گوزارشت لە ڕێساکانی گەمەی دیموکراتی دەکات و بەری هەڵبژاردنی ئازادانەی سەرڕاستە. لێرەشدا چەند هۆکارێک هەن بۆ دەرخستنی گرنگیی یەکلاکردنەوە لەلایەن زۆرینەوە بۆ سیستەمی دیموکراتی. بۆ نموونە، ئەوە مافێکی ڕەوایەو بەری پێشبڕکێی دیموکراتیانەیە، کە دەبێت کەمینەش (ئۆپۆزسیۆن) ڕێزی لێ بگرێت. ئەو جۆرە یەکلاییکردنەوەیە سەقامگیریی دەسەڵات و کۆمەڵگە دەپارێزێت و ڕێگە لە تێکچوونی ئاسایشی کۆمەڵایەتی دەگرێت. ناکرێت کەمینە (ئۆپۆزسیۆن) ئەو یەکلاکردنەوەیە لەلایەن زۆرینەوە پەکبخات، یان هەوڵبدات خۆی جێبەجێیبکات، چونکە ئەوە دەبێتە مایەی پشێوی و کەوتنەوەی ئاژاوەو سەرهەڵدانی ستەمکاری. دەبێت لێرەدا جەغت لەسەر ئەوە بکرێتەوە، زۆر چاکە لە گەمەی دیموکراسیدا زۆرینەی ڕەها بەکاربهێنرێت، چونکە زیاتر گوزارشت لە خواست و بەرژەوەندییەکانی میللەت دەکات و دەبێتە هۆی هاتنەدیی پرنسیپی حوکمڕانیی میللەت، بەوپێیەی زۆرینەی ڕێژەیی گوزارشت لە ڕای ڕاستەقینەی میللەت ناکات.

ڕۆژنامەی ئاسۆ ژمارە (١٤٢٧)/ ١٤-٣-٢٠١١

## ڕیاكاریی سیاسی خەسڵەتێكی كوشندەیە

كولتووری ڕیاكاریی سیاسی لەلای ئێمە بەربڵاوەو بۆتە مایەی وێرانكردنی پەیوەندییە مرۆڤایەتییەكان و هەڵوەشاندنەوەی ڕایەڵەكانی پێكەوەگرێدانی كۆمەڵایەتی و نیشتیمانی، چونكە بۆتە هۆی تەشەنەكردنی بێمتمانەیی لەنێوان تاك و توێژەكان و لایەنە سیاسییەكان و حوكمڕانی و ئاستەنگ لەبەردەم گەشەكردنی كۆمەڵگەكەماندا. لێرەدا لایەنەكانی ڕیاكاریی سیاسی سیانن: دەسەڵات، بانگەشەكاران و خەڵك.

**دەسەڵات** لای ئێمە بەرپرسیارە بەرامبەر بە كولتووری باڵادەستی كۆمەڵگە، چونكە لانی كەم ئەو پرۆسەی پەروەردەكردن و خوێندن و ڕۆشنبیریی ڕەسمی بەڕێوەدەبات. هەر ئەویش كۆششدەكات بۆ كۆكردنەوەی خەڵك لە دەوری سیاسەتەكانی خۆی، بەبێ گوێدانە ئەوەی داخۆ لایەنگیریكردنی ئەوان ئەنجامی بڕوابوون و دڵسۆزییە یان ڕیاكاری و بەرژەوەندی. واتە دەسەڵات لای ئێمە بەرپرسیارە بەرامبەر بە كولتووری ڕیاكاریی سیاسی لە كۆمەڵگەدا، بەوپێیەی لەلایەكەوە لەسەر بنچینەی لایەندارێتی چەندین كەسی لە خۆی كۆكردۆتەوەو پۆستی هەستیاری پێداون، كە هەلپەرست و پێگەخواز و بەرژەوەندیخوازن و لە چاوی كەسانێكەوە سەیری كۆمەڵگەو ڕووداوو گۆڕانكارییەكان دەكات و زانیارییەكان بەدەستدێنێ و هەڵوێست وەردەگرێت و هەنگاودەنێت، كە دووفاقنو لانی كەمی سەرڕاستی و ڕاستبێژییان نییە. لەلایەكی تریشەوە توێژە سیاسی و ڕۆشنبیرە خەمخۆرو دڵسۆزەكان، كە ڕاشكاوانەو بێ مەبەست و دوور لە بەرژەوەندیی تایبەتی بیروڕاكانی خۆیان دەردەبڕن، بە مەترسی بۆ سەر خۆی دادەنێ و كاردەكات بۆ دوورخستنەوەیان لەو پێگانەی كاریگەرییان لەسەر ژیانی گشتی هەیە، چونكە لە ڕوانگەی دەسەڵاتەوە ئەو توێژانە، بەهۆی ڕەخنەگرتنو تێڕوانین دەربڕین و هەڵوێستوەرگرتنەوە، دژی سیاسەت و ڕەفتارەكانی ئەون، كە «ڕاست»و «پیرۆز»ن و نابێت دژایەتی بكرێن.

**بانگەشەكاران** (ئەو توێژەی لە بواری ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیری و ئەكادیمیدا كاردەكەن) ئامرازی پڕوپاگەندەكردن و جێبەجێكردنی سیاسەتەكانی دەسەڵاتنو

ئەوانەن، کە ژیانی سیاسی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتیان وێرانکردوەو دیمەنی کۆمەڵگەیان شێواندوە، چونکە تیۆریزەی سیاسەتە چەوتەکانی دەسەڵات دەکەنو پاساو بۆ کارە ناڕەواکان دێننەوەو بەرگریدەکەن لە مەیلی پەراوێزخستنی توێژە بێگەردەکان لە ڕۆڵبینینی خۆیان لە کۆمەڵگەو تەنانەت ژیاندا. دەسەڵات لای ئێمە زیاتر توانیویەتی قەڵەم بەدەستە ڕیاکارو خاوەن بڕوانامە کارتۆنییەکان بخاتەگەڕو ئەوانیتر پەراوێزبخات، یان وایان لێ بکات گۆشەگیربن. بۆیە سەیرنییە، وێڕای کاربەدەستی باڵای حکومەت و پەرلەمانتار، هەندێک «ڕووناکبیر»و «ڕۆژنامەنووس»و «ئەکادیمی» سەرگەرمی ئەو جۆرە نووسین و وتارانەبن، کە ڕیاکاری و درۆیان لێ دەتکێ و خۆشیان دەزانن زۆربەی خەڵک بڕوایان پێ ناکەن و قێزیان لەو جۆرە ڕەفتارە دەبێتەوە. تەنانەت هەندێک جار ئەوانە لە دانیشتنە تایبەتییەکاندا هێما بۆ ئەوە دەکەن، بە پێگەی باڵاو پایەداری نەگەیشتوون و ساڵانێکی زۆرە فەرامۆشکراون. ئەمەش درۆیەکی ئاشکرایە، چونکە ئەگەر ڕاستگۆبوونایە، ئیمڕۆ لەو پێگانەی ئێستایاندا نەدەبوون. هەروەها ساویلکەییەکی گەمژانەیە، چونکە گەلێک سیاسەتمەدار مامەڵەی دەسڕی کاغەزیان لەگەڵ دەکەن و پاش ئەوەی پێویستیان پێیان نامێنێ، بێباکانە فڕێیاندەدەن. ئەو توێژە بانگەشەکارە ڕیاکارن و زاتی ئەوەیان نییە هێمای جیدی و بەرجەستەکراو بۆ هەڵەکانی دەسەڵات بکەن، چونکە دەترسن ئەو پۆست و بەربژێریانە (ئیمتیازات) لەدەستبدەن، کە بەهۆی دەسەڵاتەوە بەدەستیانهێناوە. خەسڵەتی ڕیاکاریی ئەو توێژەش لەوەوە هاتوە، کە ناتوانن ڕۆڵی سەربەخۆیانە بگێڕن، لەبەرئەوەی بڕیارسازیی ئەو بەدەست لایەنگەلێکەوەیە بەردەوامیی لە پێگەکەیاندا بەوانەوە بەندە. ئەو پەروەردەیە گیانی بەنگەشەکارانی هەنجن هەنجن کردوەو چەندین توێژی بەرهەمهێناوە، کە لەواقیعدا هیچ دەسەڵاتێکیان نییە.. لە ڕواڵەتدا خۆیان هەڵدەکێشن، کەچی هیچ کێش و قورساییەکیان نییەو لە ژێر پێی دەسەڵاتدان، تەنانەت لەو پێگە ڕووناکبیری و ئەکادیمی و ڕۆژنامەگەریانەی هەیانە ناتوانن ڕۆڵی بەکردەوەی خۆیان بگێڕن، لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵدەدەن لە ڕێگەی دیداری پاڵەوانبازی و وتاری بەهانەهێنەرەوە خەڵک لە خشتەبەرن و بڵێن ئێمە هەین، لەکاتێکدا ئەوان لەواقیعدا پێوانەکانی کەسایەتیی بەکردەوەو پراکتیکیان لەدەستداوە، بەتایبەتی لەو ڕۆڵەی پێیان سپێردراوەو لە بڕیارسازیشدا.

**خەڵکی بێدەسەڵاتیش**، لەبەر پیواری (غیابی) حوکمڕانیی دامەزراوەیی و ئەو یاسایانەی داپەروەری دەپارێزێن و خزمەتگوزاری و دەستکەوتەکان کارامانەو دادپەروەرانە دابەشدەکەن، دۆخەکە ناچاریکردون بۆ ڕاییکردنی کارە ژیاریو

خزمەتگوزارییەکانیان هانا بۆ ئەم یان ئەو بەرپرس و دەسەڵاتدار بەرن. جا لەبەرئەوەی ئەو بەرپرس و دەسەڵاتدارانە لە ژێر کاریگەریی کولتووری ڕیاکاریی سیاسیدان، بۆیە خەڵکی چارەڕەش ناچارە نرخی ئەو کولتوورە بدات و ڕووبکاتە ڕیاکاری، کە نیشانەی هاتنەخوارەوەی ئاستی سیاسی و ئەخلاقیی دەسەڵاتە لە دوولایەنەوە: ئەو بەرپرسەی جێبەجێیدەکات و ئەو خەڵکەی ناچارن پەنای بۆ بەرن. بێگومان خەڵکیش بەرپرسیارێتیی بەردەوامبوونی کولتووری ڕیاکاریی بانگەشەکاران دەکەوێتە ئەستۆیان، چونکە ئەرکی سەر شانیانە پەردە لە ڕووی ئەو ڕەفتارە ناڕەوایانە هەڵماڵن و بەرەنگاری ڕۆڵە خراپەکانیان ببنەوە، کە دەرهەق بە مافەکانی ئەوان و نیشتیمان دەیکەن، بەوپێیەی ڕیاکاریی سیاسی زیانبەخشە بۆ نیشتیمان و خەڵکیش.

پێویستە بەرەنگاری کولتووری ڕیاکاریی سیاسی و ڕۆشنبیری ببینەوە، چونکە کولتورێکی وێرانکارەو زەبر لە ناخی کۆمەڵگە دەوەشێنێ و لەو توێژانەوە سەرچاوەدەگرێت، کە دەبێت لایەنگری کۆمەڵگە بن، نەک باری گران بن بەسەر شانییەوەو هۆکاری ئەو بارودۆخەن، کە کۆمەڵگە پێی گەیشتووە. ئەگەر بکرێت بیانو بۆ هەر دەسەڵاتێک بهێنینەوە کۆششبکات بۆ کۆکردنەوەی لایەنگرو هەواداران، ئەوا مافی سیاسی و ئەخلاقیی ئەو نییە سیاسەتی ماکیافیلیانەی ناو کتێبی «میر» پیادەبکات، چونکە شاشییە بۆ بنیاتنان و پێشکەوتنی هەر میللەتێک. ئێمە دەبێت خوازیاری کولتووری سەرڕاستی و ڕاستگۆیی و دەروەستبوون بە ئەخلاقو بەها جوانەکان بین، نەک کولتووری بەرژەوەندییە تاکەکەسی و خۆپەرستییەکانو لەسەر حسابی بەرژەوەندییەکانی خەڵک. ئەگەر دەسەڵات هەڵقوڵاوی ژینگەکەی خۆی بێت، ئەوا دەبێت گوزارشت لە بەرژەوەندییەکانی خەڵکی ئەو ژینگەیە بکات، چونکە کولتووری پاراستنی مافەکانی گشت کۆمەڵگە، نەک دەستەبەرکردنی بەرژەوەندییە تاکەکسییەکان، دەبێتە مایەی پێشکەوتنی کۆمەڵگەو سیستەمە سیاسییەکان.

لێکدابڕانێکی زۆر لەنێوان وتەو کرداری دەسەڵات و بانگەشەکاراندا بەدیدەکرێتو خەڵک چیتر بڕوای بە ڕستەی بریقەدارو دەستەواژەی هەنگوینی نەماوە، چونکە بەچاوی خۆیان دەبینن چ ڕیاکاری و بانگەشەکارییەک باڵادەستەو چ جۆرە وتارگەلێگ لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا بڵاودەبنەوەو دەزانن ئەو زماندرێژانەی وتارەکان دەنووسن کورتەباڵان لەئاست دەسەڵاتدا. جا دەپرسین: ئایا هۆکاری ئەوە دەسەڵاتە، یان بونیادە ڕۆشنبیری و پەروەردەییەکەی سیاسەتمەدارانو بانگەشەکارانە، یاخود ئەو خەڵکەی بەردامبوونی داوەتە ئەو جۆرە ڕەفتارانە؟

ڕۆژنامەی ئاسۆ ژمارە (١٤٣٢)/ ٢٨-٣-٢٠١١

# ناتوندوتیژی شێوازی هاوچەرخی خەباتە

کاتێک گوێمان لە کەسێک دەبێت باسی خەباتی ناتوندوتیژی دەکات، بە گومان و وریاییەوە یان دەم بە زەردەخەنەی گاڵتەجاڕییەوە تێی دەڕوانین. ئەو کاردانەوەیەش سروشتی نییە، بەڵکو کولتوورییە. چونکە ئەزمونەکانی کۆمەڵگەی کوردستان هەمیشە چارەسەرکردنی توندوتیژانەیان خستۆتەڕوو، نەک خەباتی ناتوندوتیژانە، زۆرجاریش ناتوندوتیژی وەک ترسنۆکی و خۆبەدەستەوەدان و چۆکدادان لێکدراوەتەوە.

یەکەمین هەنگاو ڕووەو ناتوندوتیژی، هۆشمەندبوونە بەرامبەر بەو دۆخە سیاسیو کۆمەڵایەتی و کولتوورییەی باری شانی گرانکردوین و وای لێ کردوین توندوتیژی نەک هەر بە پێویست بزانین، بەڵکو بە پیرۆزی دابنێین. بەوپێیەی زۆربەی ڕەوتە زاڵەکانی ناو کۆمەڵگەکەمان توندوتیژییان بەرزڕاگرتووەو گرێیانداوەتەوە بە چەمکەکانی وەک ئازایەتی، جوامێری، بوێری، قوربانیدان، پیاوەتی، دادپەروەری و ئازادییەوە. ئەمەش بەجۆرێک، کە توندوتیژی هەر لە ئاگاییماندا نیشتەجێ نییە، بەڵگو لە نائاگایشماندا جێگیرە. بێگومان بارودۆخی زاڵی ناو کۆمەڵگەو ڕووبەڕووبوونەوەی کێشە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانیش یاریدەدەربوون بۆ چەسپاندنی ئەو تێڕوانینە.

دەکرێت بەچەند شێوازێک پێناسەی ناتوندوتیژی بکەین، لەوانە:

١/ناتوندوتیژی ڕەفتارێکی ئاشتیخوازانەی هێمنانەیە، بۆ هەڵکردن و گونجان لەگەڵ ئەوانی دیکەو خۆ بەدوورگرتنە لە بەکارهێنانی هێزو پێکدادان لەگەڵ نەیارو ناکۆکەکاندا، تەنانەت ئەگەر ئەوە زیانی ماددیشی لێ بکەوێتەوە.

٢/ناتوندوتیژی ڕەفتارێکی ئەقڵانییە بۆ خۆپاراستن لە ململانێی توندوتیژ لەگەڵ ئەوانی دیکە، بەمەبەستی هێنانەدیی ئاشتی، تەبایی و ڕێککەوتن و دوورکەوتنەوە لە شەڕو پێکدادان، کە زیانی زۆری لێ دەکەوێتەوە.

٣/ناتوندوتیژی جۆرێک هوشیاریی کۆمەڵایەتی و کولتوورییە، کە وا لە تاک دەکات دان بە مافی خۆی و ئەوی دیکەدا بنێ‌و سنوور بۆ پێکدادان و شەڕ دابنێ.

٤/ناتوندوتیژی پراکتیکێکی شارستانیانەیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەو ململانێکان

لەگەڵ ئەوانی دیکە، بەگرتنەبەری شێوازی مرۆڤانەی ئاشتیخوازانە، کە دەبێتە هۆی ئارامکردنەوەو هەڵکردن لەگەڵیاندا.

٥/ناتوندوتیژی بەرپاکردنی ململانێیەکی بڕیاردەرانەیە دژی دوژمنێکی سەرسەخت، بەگرتنەبەری پلانی تۆکمە و بەکارهێنانی ئامڕازی سیاسی بۆ تێکشکاندنی ویستی بەرامبەر، بەگرتنەبەری ئامڕازی ناتوندوتیژی کاریگەر.

دەکرێت ناتوندوتیژی لە سێ ئاستدا بەدیبکەین: ئاستی خود، پەیوەندیی نێوان تاکەکان، پەیوەندییە سیاسیو کۆمەڵایەتییەکان.

ناتوندوتیژی لەسەر ئاستی خود، مانای کۆششکردنە بۆ یەکگرتوویی ژیان لە ڕووی هەستوسۆز، بیرو کردارەوە. واتە بەخشینی مانایەک بە ژیان، بوونو پەرەسەندنی سروشتیمان.

ناتوندوتیژی لەسەر ئاستی پەیوەندیی نێوان تاکەکان، مانای پەنابردنە بۆ دیالۆگ و پێکگەیشتن، بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشەو گرفتەکان. هەروەها هەڵکردنە لەگەڵ جیاوازی و فرەڕەنگیداو پێکەوەژیانە بەپێی پەیمانێکی کۆمەڵایەتی.

ناتوندوتیژی لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی و سیاسیش، مانای داننانە بەمافی کەسە بێدەرەتانەکانداو ڕێزگرتنی ئەو مافانەیە. هەروەها مانای بوونی دادپەروەریو بەشداریکردنە.

ناتوندوتیژ (وەک شێوازێکی هاوچەرخی خەبات) چەندین ئامڕازی هەیە، کە دەکرێت لە ژێر سێ ناونیشاندا کۆیانبکەینەوە: ناڕەزایی دەربڕین و بڕواهێنان، هاریکاری نەکردنی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی، دەستێوەردانی ڕاستەوخۆ.

## یەکەم/ ناڕەزایی دەربڕینو بڕواهێنان:

وەک ڕاگەیاندنی ڕەسمی (نامەی ناڕەزایی و لایەنگیریکردن، بەیاننامەو یاداشتنامە)، ئاخاوتن لەگەڵ خەڵک (دروشم یان کاریکاتێر، لافیتە، نامیلکەو کتێب، ڕۆژنامە، ڕادیۆو تەلەفزیۆن)، ناڕەزایی دەربڕینی بەکۆمەڵ (وەفدی خەڵک، گرووپی فشارو مانگرتن)، کاری سمبولکارانەی گشتی (پۆشینی جلوبەرگی تایبەت، بەکارهێنانی ڕووناکی بەمەبەستی تایبەتی، نیشاندانی تابلۆی شێوەکاریو وێنەو بەکارهێنانی دەنگ وەک سمبول)، فشارهێنان بۆ تاکەکان (ڕەخنەگرتن لە بەرپرسان و گفتوگۆی ڕاستەوخۆ لەگەڵیان)، شانۆو مۆسیقا (بەکارهێنانی شانۆی ڕەخنەگرانەو مۆسیقاو گۆرانی) و ڕێپێوان.

## دوەم/ هاریکاری نەکردن:

١/*هاریکاری نەکردنی کۆمەڵایەتی*: وەک بایگۆتکردنی کۆمەڵایەتی، نیشان نەدانی هەستوسۆز، حەرامکردن، هەڵپەساردنی چالاکیی کۆمەڵایەتی و وەرزشەوانی، بایگۆتکردنی مەسەلە کۆمەڵایەتییەکان، مانگرتنی خوێندکاران، کشانەوە لە دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان، لە ماڵەوە مانەوە، نەچوونە سەر کار، گۆشەگیری، ونبوونی بەکۆمەڵ و کۆچکردنی ناڕەزایی.

٢/*هاریکاری نەکردنی ئابووری*: وەک بایگۆتکردنی ئابووری (بایگۆتکردنی بەرخۆران، بەکارنەبردنی بەرهەم، سیاسەتی تەقەشف، نەدانی میرانە، بەکرێ نەگرتن، نەکڕینی بەرهەمی خۆماڵیو بیانی). مانگرتن (ناڕەزایی جوتیارانو کرێکاران) و کارنەکردن.

٣/*هاریکاری نەکردنی سیاسی*: وەک ڕەتکردنەوەی دەسەڵات (لێسەندنەوەی وەلا، لایەنگیریی نەکردن و بانگەشەکردن بۆ بەرەنگاربوونەوە)، هاریکاریی نەکردنی حکومڕانی (بایگۆتکردنی پەرلەمان، هەڵبژاردن، کاری حکومەت و دامودەزگاکانو لابردنی تابلۆو هێمای شوێنەکان) و مانگرتنی جەماوەری و مانەوە لە ماڵەوە.

## سێیەم/ دەستێوەردانی ڕاستەوخۆ:

دەستێوەردانی دەروونی (مانگرتنی نان نەخواردن)، جەستەیی (مانگرتن بەپێ و دانیشتن و پاڵکەوتنەوە، دانانی لەمپەر لەسەر ڕێگەکان، داگیرکردنی ناتوندوتیژانەی شوێنێک)، کۆمەڵایەتی (دروستکردنی شێوازی کۆمەڵایەتیی نوێ، دەستی دەستی پێکردن، بایگۆتکردنی قسەکردن)، ئابووری (مانگرتن، پڕکردنی بازاڕ لە کاڵا، بازاڕو هاتوچۆی ئەڵتەرناتیڤ)، سیاسی (دەرخستنی ناوی گەندەڵەکان و بەکرێگیراوان، خواستی زیندانیبوون، سەرپێچیکردنی یاسا).

ناتوندوتیژی (وەک شێوازێکی هاوچەرخی خەبات) چەند بنچینەیەکی هەیە، لەوانە:

-تێکۆشانی ناتوندوتیژانە، بەرەنگاربوونەوەیە، نەک ناڕەزایی دەربڕین، چونکە دەشێت مرۆڤ ناڕەزایی بەرامبەر بە شتێک دەربڕێت و دواتر بچێتەوە ماڵەوە، بەڵام بەرەنگاربوونەوە بەردەوامبوونە هەتاکو بەدەستهێنانی ئامانج.

-تێکۆشانی ناتوندوتیژانە، بەدەستهێنانی لایەنی سێیەمە، چونکە ململانێی نێوان دوو لایەن تەنیا بە دوو لایەنەکە یەکلاناکرێتەوە، بەڵکو پێویستە لایەنی سێیەم بەدەستبێت، ئەویش کۆمەڵگەیە.

-تێکۆشانی ناتوندوتیژانە سەروو دەستوورە، واتە پەنابردنە لە کاتی پێویستدا بۆ

سەرپێچیکردنی یاسا، کە لەلایەن چەوسێنەرانەوە جڵەودەکرێت و لێکدەدرێتەوە، ئەمەش کاتێک ئاراستەی تێکۆشان لە خاوەوە بۆ گەرم دەچێت.

-تێکۆشانی ناتوندوتیژانە، ئاشکرایە نەک ژێرزەمینی.

-تێکۆشانی ناتوندوتیژانە، کارێکی ڕاستەوخۆی کاریگەرە، واتە پەنابردنە بۆ کاری وەک مانگرتن و خۆپیشاندان و بایگۆتکردن...هتد.

-تێکۆشانی ناتوندوتیژانە، بەرکەوتنی ناڕاستەوخۆیە، واتە ڕووبەڕوونەبوونەوەی ڕاستەوخۆیە بۆ لاوازکردنی بەرامبەرو پەرەپێدانی خۆیی.

-تێکۆشانی ناتوندوتیژانە پەنانەبردنە بۆ توندوتیژی.

-تێکۆشانی ناتوندوتیژانە مامەڵەکردنە لەگەڵ شیاو و ڕاستدا، واتە ئەوەی دەشێت بکرێت و ڕاستە لەلایەن چالاکوانانەوە، نەک ئەوەی لە ڕوانگەی دەسەڵاتو کۆمەڵگەوە شیاو و ڕاستە.

لەکۆتاییشدا پێویستە هێما بۆ چەند تێڕوانینێکی چەوت بکەین، کە لەناو خەڵکدا باڵادەستن، لەوانە:

١/خەباتی توندوتیژانـــە کاریگەرترەو خێراتر دەگاتـــە ئامانج، بەڵام تێکۆشانی ناتوندوتیژانە لاوازی و ملکەچی و خۆبەدەستەوەدانە.

٢/بوونی سەرکردەیەکی کاریزمی گرنگە بۆ تێکۆشانی ناتوندوتیژانە.

٣/تێکۆشانی ناتوندوتیژانە ناوچەگەرانەیە، نەک سەرتاسەریانە.

٤/بوونی بڕوایەکی ئایینی گرنگە بۆ تێکۆشانی ناتوندوتیژانە.

٥/تێکۆشانی ناتوندوتیژانە تەنیا بۆ ئەو سـیستەمانە باشە کە مافەکانی مرۆڤ دەپارێزن.

ڕۆژنامەی ئاسۆ ژمارە (١٤٤٢)/ ١١-٤-٢٠١١

## کولتووری ڕەتکردنەوەی ئەوی دیکە

کولتووری ڕەتکردنەوەی مافی هەڵوێستوەرگرتنی جیاواز لە بیروڕای باو یان ناکۆک بوون لەگەڵیدا، مانای دەرفەت نەڕەخسانە بۆ فرەدیدەیی و پێکەوە ژیانی بیروڕا جیاوازەکان. ئەم کولتوورەش دژی چەمکی کۆمەڵگەی مەدەنییە، چونکە ئەمجۆرە کۆمەڵگەیە، بەبێ فرەدیدەیی، مەحاڵە سەرهەڵبدات و دابمەزرێت. ئەو ڕەتکردنەوەیە یەکێکە لە خەسڵەتەکانی سیستەمی جەنگەڵستان، کە تیایدا بەهێز لاواز لەناودەبات، یەکێکیشە لە خەسڵەتەکانی توندڕەوی و دەمارگیری، کە ڕێگە بە سەرهەڵدانی فرەدیدەیی نادەن. هەروەها ئەو ئینکارکردنە نیشانەی داخرانی ئەقڵی و فیکرییە، چونکە داخرانە بەسەر خۆدا. وێڕای ئەوانە، ئەو ئینکارکردنە مانای سەرکوتکردنی ئازادیی بیروڕاو سیاسی و زمان و قەڵەم بەستنەو هەڕەشەیە بۆ سەر هەر تێڕوانینێکی جیاواز.

کولتووری ڕەتکردنەوەی بیروڕاو هەڵوێستوەرگرتنی جیاواز لە زۆربەی کۆمەڵگەکانی وڵاتە تازەپێگەیشتووەکاندا - بە کوردستانیشەوە - باڵادەستە، ئەوەش بەبیانوی مسۆگەرکردنی کۆدەنگیی گشتی. ئاشکرایە هەتاکو ژمارەی ئەو مەسەلانەی گفتوگۆیان لەسەر دەکرێت کەمبن، ئەوا هێنانەدیی کۆدەنگی ئاساندەبێت، بەڵام هەرکاتێک ئەو ژمارەیە زیاتربوو، ئەوا هێنانەدیی کۆدەنگی سەختدەبێت. یەکێک لە نیشانەکانی ئازادیی سیاسی و کۆمەڵایەتی و بیروڕا، زۆربوونی ئەو مەسەلانەیە کە هاوڵاتیان دەتوانن ڕایان لەسەر دەربڕن و گفتوگۆیان دەربارە بکەن، بەمەبەستی قبوڵکردن یان ڕەتکردنەوە، ئەوەش بەبێ ترسو سڵەمینەوە لە تۆڵەسەندنەوەی دەسەڵاتدارانی ڕەسمی و ناڕەسمی، حکومیو ناحکومی. چونکە لە ڕێگەی ئەو ئازادییەوە دەکرێت کارلێککردن و گفتوگۆی بەرهەمدار دەستەبەربێت و دەرگا بەڕووی داخرانی ئەقڵی و فیکریدا دابخرێتو دەرفەت بۆ کرانەوەی ئەقڵی و فیکری بڕەخسێت.

لە سایەی کولتووری ڕەتکردنەوەو دەمکوتکردندا، ئەوانەی جڵەوی تاکەبیروڕا دەکەن، دەتوانن خەسڵەتی «کۆدەنگیی نیشتیمانی» ببەخشنە بیروڕاکانی خۆیان،

ئەوەش دەبێتە هۆی پەراوێزخستنی بیروڕای ئەوانی دیکە و شێواندنی وێنەکەیان و ناوزڕاندن و تاوانبارکردنیان. بێگومان یەکگرتوویی میللەت بە سەپاندنی تاقە بیروڕایەک نایەتەدی، بەڵکو کاتێک دێتەدی کە بنکەی کۆدەنگی بەجۆرێک فراوانبکرێت، جێگەی گشت بیروڕا جیاوازەکانی تێدا ببێتەوە. «یەکدەنگی» لە ڕێگەی تاقە بیروڕایەکەوەو دوورخستنەوەی بیروڕاکانی دیکە، مانای پارچەپارچەکردن و تەفروتوناکردنی دەنگەکان و بەهەدەردانی وزەو کۆششە جیاوازەکانە، بەوپێیەی خاوەن بیروڕا جیاوازە دوورخراوەکان هەست بە دڵشکاوی دەکەن و گۆشەگیری هەڵدەبژێرن، بەوەش وەزەو تواناى زۆر لە کیس میللەت دەچێت، یان کەناڵی تر بۆ بەتاڵکردنەوەی توڕەوبوون و بێزاری خۆیان دەدۆزنەوە، بەوەش گرفت و قەیرانی گەورە سەرهەڵدەدات.

دەرفەت نەدان بەوەی خاوەن بیروڕا جیاواز یان ناکۆکەکان گوزارشت لەخۆیان بکەن، نیشانەی خەوشییەکی گەورەیە لە کولتووری باڵادەستداو مانای خۆپەرستی، کورتبینی، نادیموکراتیبوون و توندوتیژییەو کەشێکی ترسی دەروونی و فیکری دەڕەخسێنێت، کە ناکرێت لە سایەیدا ژیانێکی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و فیکریی بەهێز دەستەبەربێت.

بێگومان دەستەواژەگەلی وەک (قۆرخکردن، تاکڕەوی، ناردن بەبێ وەرگرتن) دەبێتە مایەی شڵەژان و ناکۆکی لەگەڵ ئەو توێژانەی باوەڕیان بە فرەدیدیو هەمەڕەنگی و بەشداریکردن و ئازادی هەیەو بانگەشەیان بۆ دەکەن. بۆیە ڕاست نییە هیچ کەسێک تۆمەتباربکرێت و سوکایەتی پێ بکرێت، تەنیا لەبەرئەوەی بیروڕاو تێڕوانینی جیاوازی هەیە، یان ناکۆکە لەگەڵ ڕەوتی باودا. هەروەها هەڵەیە تەنگ بە ڕۆژنامە یان گۆڤارەکان هەڵبچنرێ یان، هەوڵی داخستنیان بدرێت، تەنیا لەبەر ئەوەی خاوەن پەیامی جیاوازن و ڕازی نین بەپێی ڕێسا باوە باڵادەستەکان سەمابکەن. پێویستە حوکمڕانی هی هەموان و گشت هاوڵاتیان بێت، نەک تەنیا هی ئەوانەی دەسەڵاتیان بەدەستەوەیە. حوکمڕانی ئەگەر هی هەمووان نەبێت، حوکمڕانییەکی کەموکوڕ دەبێت. لە ڕوانگەی بیروڕای دیموکراتیو پێشکەتنخوازیشەوە، نابێت ڕێگە بەهیچ توێژ و لایەنێک بدرێت بە زەوق و ویستی خۆی مامەڵە لەگەڵ کۆمەڵگە بکات و بەبێ بەشداریکردنی گشت توێژەکان چارەنووسی کۆمەڵگەو داهاتووەکەی دیارییبکات. لەو بارودۆخەدا کە تاقە گرووپێک چارەنووسو داهاتووی کۆمەڵگە دیاریدەکات و بڕیارسازی قۆرخدەکات، پێویستە خاوەن بیروڕا پێشکەوتنخوازەکان و دیموکراتخوازەکان دژی بوەستنەوەو ئەڵتەرناتیڤی گونجاو بخەنەڕوو.

لە وڵاتە تازەپێگەیشتووەکاندا– بەکوردستانیشەوە– کەشوهەوای سەرکوتکردنی تاکلایەنانە لەئارادایە، کە پەراوێزێک بۆ هەڵەکردنی خودو ڕاستبوونی ئەوانی دیکە ناهێڵێتەوە. نەبوونی پەراوێزێک بۆ هەڵەکردن دەشێت ئەنجامی بڕوابەخۆبوونی ڕەهای خاوەن بیروڕا تاکڕەوەکان و بەهەڵەدانانی بیروڕاکانی ئەوانیتر بێت. ئەو سەرکوتکردنەش بەشێوەی تاوانبارکردن و بەخائینکردن و ناوزڕاندن و سوکایەتیپێکردنی نووسەرو ڕۆشنبیران خۆی نواندوە. بێگومان سەرکوتکردنی بیروڕای جیاواز، ئاستەنگ لەبەردەم پەرەسەندن و داهێنانی ڕۆشنبیریدا دروستدەکات و ناکرێت دیموکراسی لە کۆمەڵگەیەکدا بەرقەراربێت، کە سەرکوتکردنی بیروڕا پیادەبکرێت و تاقە توێژێک بڕوای وابێت حەقیقەت بەدەست ئەوەوەیە و هەر خۆی وەڵامی تەواوی گشت پرسیارەکانی لایەو چارەسەری تێکڕای گرفت و کێشەکان بەدەست خۆیەوەیە و توێژەکانی دیکە هەڵەن و دەبێت فەرامۆشبکرێن.

ڕۆژنامەی ڕووداو ژمارە (١٤٠)/ ٦–١٢–٢٠١٠

## هاوڵاتی ناوکی ڕەوایەتیی نوێیە

ئەو گۆڕانکاریانەی لە واقیعی ئیمڕۆی کۆمەڵگەی کوردستاندا هاتوونەتەئاراوە، پێویستە ببنە هۆی خولقاندنی بیرکردنەوەیەکی نوێ، کە کۆڵەکەکانی بریتین لە دیموکراسی، کرانەوە، پێکگەیشتن لەگەڵ ئەوی دیکە، ڕێزگرتنی تێڕوانینو بۆچوونە جۆربەجۆرەکان و دەرفەت برەخسێنرێت بۆ دیالۆگی هەمەلایەن و کراوە سەبارەت بەهەموو مەسەلەکان. چونکە بەبێ چەسپاندنی ڕێساو بەهاکانی دیموکراسی لە کۆمەڵگەکەمان و گشت کایەو بوارەکاندا، مەحاڵە لە دەرفەتە ڕەخساوەکان بگەین و بەرەنگاری تەحەدا گەورەکان ببینەوەو ئەستەمە حوکمڕانی هی هەموو هاوڵاتیان بێت و کۆمەڵگە بەهەموو جیاوازی و فرەڕەنگییەوە یەکڕیزبێت، بەشێوەیەک کە هەموان بەشداریی لە ژیانی گشتیدا بکەن و هیچ لایەنێک لە دەرەوەی پرۆسەی بنیاتنان نەبێت و هەست بە زوڵملێکردن و پەراوێزخستن نەکات، بەڵکو هەموولایەک بەکردەوەو واقعیانە بڕوا بەوە بهێنن، کە کوردستان هی هەموانە بەبێ جیاوازی و ئەو جیاوازی و جیاکارییە وەلاوەنراون، کە هۆکاری کینەو شڵەژانو ململانێی دوژمنکارانە بوون.

کوردستان، لەسایەی ئەو گۆڕانکاریانەی ڕوویانداوە، تەنیا لەسایەی ڕەوایەتییەکی نوێدا دەتوانێ بەردەوامبێت، ئەو ڕەوایەتییەی ئەنجامی چاکسازیی سیاسیو فراوانکردنی بنکەی بەشداریکردن و جێگیرکردنی بەهاو دامەزراوەکانی دیموکراسی لە پەیوەندییەکانی نێوان حوکمڕانی و کۆمەڵگە دێتەئاراوە. ئەم پرۆژەهەنگاوەش پێویستی بە ناوکێکی توندوتۆڵ هەیە، کە ئەرکی هێنانەدیی ئەو ئامانجانە و بەرجەستەکردنیان لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا دەکەوێتەئەستۆ، ئەویش هاوڵاتیی هوشیارو ئازادو چالاکە. ئەمەش بەبێ گێڕانەوەی بایەخی سیاسیو مافداری بۆ هاوڵاتیان، بەشێوەیەک کە ڕۆڵی خۆیان ببینن و مافەکانی خۆیان بەدەستبهێنن و ئەرکەکانی سەرشانیان جێبەجێبکەن، نایەتەدی.

لێرەشدا گەیشتن بە پرنسیپی هاوڵاتیبوون و دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانی لە ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا، لەسەر ئاستی پراکتیکی، پێویستی بە کارو

تێکۆشانی زۆر هەیە، بۆ ڕزگاربوون لەو بازنەو ڕەفتارانەی ڕێگرن لەبەردەم شادبوون بەو پرنسیپەی جەغت لەسەر ئازادی و یەکسانی دەکاتەوە. پێدەچێت لاوازبوونی ویستی سیاسی بەرامبەر بەو پرنسیپە، هۆکاری تێکچوونی بارودۆخی کۆمەڵگەکەمان و پاشەکشە بێت لە زۆر بوارو کایەدا. چونکە ئەگەر مرۆڤی کوردستان هەست بە مرۆڤبوونی خۆی نەکات و مافەکانی خۆی لە فەوتانو گەمەپێکردن نەپارێزێ، ئەوا پەیوەندیی چاوەڕوانکراوو خوازراوی لەگەڵ واقعی سیاسی و کۆمەڵایەتیی خۆی نابێت. سەرەنجامیش کەلێنی نێوان دەستەبژێری سیاسیی باڵادەست و سەرجەم میللەت، بەپێکهاتە جیاوازەکانیەوە، فراوانتردەبێتو بێمتمانەیی و ناکۆکیی قوڵ سەرهەڵدەدەن. ئەوەش دەبێتە مایەی هاتنەئارای شڵەژان و نائارامی و لەناوچوونی سەقامگیری و دەرکەوتنی زیاتری ڕواڵەتەکانی توندوتیژی، کە هەڕەشە لە چارەنووسی هەموولایەک دەکات.

لەم دەرفەتەدا گرنگە جەغت لەسەر چەند مەسەلەیەک بکەینەوە:

یەکەم: دادپەروەریی لە بوارە جۆربەجۆرەکانی ژیانی کۆمەڵگەدا، ڕێگەچارەیە بۆ هێنانەکایەی چەمکی هاوڵاتیبوون لە واقیعی کۆمەڵایەتیماندا، چونکە هاوڵاتیبوون هاوسێیەتیی جوگرافیانە نییە، بەڵکو بنیاتنانی ڕۆشنبیری و دەروونییە، بەشێوەیەک کە گشت هۆکارەکانی گومانی دوولایەنەو ململانێی دوژمنکارانەو بەکژداچوونەوە تێدەپەڕێنێ. ئەم خواستەش بەبێ دادپەروەریی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیو ڕۆشنبیری مەیسەرنابێت. لەبەرئەوەی هاوڵاتیبوون، بەبێ دادپەروەری و یەکسانیو دەرفەتی وەک یەک بوونی نابێت و بەبێ بنیاتنانی دیموکراسی و بەشداریکردنی گشتیو دادپەروەریی لە کۆمەڵگەدا هەستی هاوڵاتیبوون گەشەناکات و بەهاکانی دەروەستبوونی نیشتیمانیی دروست ناخەملێن. بەوپێیەش ستەمکاری و دەمگرتنی خەڵک و زەوتکردنی ئازادییە گشتییەکان دژی پرنسیپی هاوڵاتیبوونن و هاوڵاتیبوون لە کۆمەڵگەیەدا گەشەناکات، کە بەدەست ئەو دەردانەوە دەناڵێنێ. ئەمەش پێویستی بە بەرنامەیەکی نیشتیمانیی هەمەلایەن هەیە، بۆ چاکسازیو گەشەپێدانی بارودۆخی سیاسی و ئابووری، بەشێوەیەک هاوڵاتی گشت پێداویستییەکانی بۆ دەستەبەرکرابێت و هەست بە دڵنیایی و ئاسوودەیی بکات و متمانەی بە ئێستاو داهاتووی وڵاتەکەی هەبێت. دادپەروەریش، لە یەکێک لە ڕووەکانیەوە، مانای ڕزگاربوونە لە هەژاری و نەفامی و نەخۆشی و بەدەستهێنانی ئاستێکی شایستەو شیاوی بژێوی و خزمەتگوزارییە.

دووەم: کۆمەڵگەی کوردستان پێویستی بە دەستورێکی هەموارکراوە لەلایەن هاوڵاتیانەوە، بۆ ڕێکخستنی گشت کاروبارەکانی کۆمەڵگە و دەستنیشانکردنی

دەسەڵات و بەرپرسیارێتییەکان و وادەکات گشت دامەزراوەکانی حوکمڕانی ملکەچی یاساکانی بن. زیادەڕۆیی نییە ئەگەر بڵێین، پەرەسەندنی پاوانکردن و تاکڕەویی بیروڕا لای ئێمە، لە یەکێک لە ڕووەکانیەوە، دەگەڕێتەوە بۆ نائامادەیی دامەزراوەیی دەستوری، کە ئەرکی کۆنترۆڵکردنی حوکمی ڕەها و ستەمکاری و ڕەوتی تاکڕەوی لەئەستۆیە . لێرەشدا چاکسازیی سیاسی بە بانگەشەکردن یان هەنگاوگەلی تەکتیکی مەیسەرنابێت، بەڵکو پێویستی بە دەستورێکی هەموارکراوە لەلایەن خەڵکەوە، کە تیایدا ویستی چاکسازی ڕەنگبداتەوەو دامەزراوەکانی حوکمڕانی تەبادەکات لەگەڵ ویستیی گشتیی هاوڵاتیاندا. بەوپێیەی چاکسازیی سیاسی هەمیشە پێویستی بە بناغەیەکی یاساییە و ئەو بناغەیەش دەستوری هەموارکراوە. بەو جۆرە پرۆژەی چاکسازیی سیاسی پێویستی بە سەرچاوەیەکی دەستوری و شەفافیەت و پابەندبوونی گشت هێزەکانی کۆمەڵگەو ناوەندەکانی هێزە بە یاساکان و دەستورەوە. چونکە بەبێ دەستورێک و سیستەمێکی یاسایی، کە ئازادییەکان دەستەبەردەکات و مافەکان و دەستکەوتەکان دەپارێزێ‌و پرۆسەی پێشبڕکێ و ململانێ ڕێکدەخات، مەحاڵە وێنای چاکسازییەکی سیاسیی ڕاستەقینە بکەین. بەوپێیەی دەستور بەرگرییە دژی دووبارەبوونەوەی هەڵەو تراژیدیاکانی ڕابردوو و داخوازییەکی نیشتیمانی هەموانەو تەبایە لەگەڵ سەردەمی هاوچەرخدا.

سێیەم: بێگومان یەکڕیزیی نیشتیمانی لەسایەی هەلومەرجی ئێستاو هەڕەشە گەورەکاندا پێداویستییەکی مێژووییەو دەبێت بایەخێکی زۆری پێ بدەین، بەڵام هەڵەیە بەدەر لە پێویستیی چاکسازی و داڕشتنەوەی ئەو یەکڕیزییە بەشێوەیەک کە تەبابێت لەگەڵ بەهاکانی دادپەروەری و ئازادی و لێبوردەییدا، مامەڵە لەگەڵ ئەو چەمکەدا بکەین. چونکە ئەو یەکڕیزییەی زۆرەملێیانە بنیاتدەنرێ تەمەن کورت دەبێت. هەروەها ئەو یەکڕیزییەی ڕێزی مافەکانی مرۆڤ و تایبەتمەندییەکانی پلورالیزم (هەمەلایەنی) ناگرێت، بناغەیەکی پتەوی نابێت. بۆیە پێویستە جەغت لەسەر پێویستیی نوێکردنەوەی بنەماکانی یەکڕیزی بکرێتەوەو کاربکرێت بۆ داڕشتنی خودی نیشتیمانی لەسەر بنچینەگەلی دادپەروەرانەتر و مرۆڤانەتر. لەبەرئەوەی نابێت ئەو هەڕەشانەی ڕووبەڕوومان بوونەتەوە وامان لێ بکەن ئەو پێویستییە فەرامۆشبکەین، چونکە بونیادی ڕاست و دروست، یاریدەدەرە بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەڕەشەکان و بەپیرەوەچوونی پێداویستییە هەنوکەییەکان.

## هەڵوەستەیەک لەئاست بزووتنەوەی ڕیفراندۆمدا

دوای ڕووخاندنی ڕژێمی سەدام، بەدەستپێشخەریی دەستەیەک ڕۆشنبیری باشووری کوردستان، بزووتنەوەی ڕیفراندۆم هاتەئاراوە بۆ: بەرەنگاربوونەوەی هەڕەشەکانی قۆناغەکە، هوشیارکردنەوەی خەڵکی کوردستان، پەرەدان بەبەشداریکردنی سیاسی، ڕێگەگرتن لە دووبارەبوونەوەی ئەو پلان و تراژیدیانەی دەیان ساڵ بوو بەدەستیانەوە گیرۆدەبووین.

بزووتنەوەی ڕیفراندۆم بە فیت و هاندانی هیچ کەس و لایەنێک دانەمەزرا، بۆ زۆرکردنی دەنگی سندوقەکانی هەڵبژاردنی هیچ حیزبێکیش نەبوو. هەروەها مەبەست ئەوە نەبوو وەک هێزێکی سیاسی جەماوەر بۆ گەمەیەکی هەنوکەیی کۆبکاتەوەو بەڵگە بۆ بوونمان بهێنینەوە. کاتێکیش دەستکرایە هەڵمەتی وریاکردنەوەی جەماوەرو کۆکردنەوەی ئیمزاکان، خواست ئەوە نەبوو فریای هێزە سیاسییەکانی کوردستان بکەوین و تەرازووی هێزی ململانێکانی ناو ئەنجومەنی حوکمی ئەو سەردەمە بەلای نوێنەرانی کوردستاندا بشکێنینەوە.

بەرپاکردنی بزووتنەوەی ڕیفراندۆم بەری پێداویستییەکی بابەتی بوو، ئەنجامی هاتنەئارای چەندین مەترسی و نیگەرانیەکانی زۆرینەی خەڵکی کوردستان بوو. بۆ ئەوە بوو دەربیبڕین شێوازی خەباتی پێشوو، ئەو شێوازەی مافی بڕیاردان تەنیا بەدەست هێزە سیاسییەکان و سیاسەتمەدارانەوە بوو، کۆتاییهات و سەردەمی بەشداریکردنی ڕاستەقینەی جەماوەر لە دروستکردنی ئیمڕۆ و داهاتووی وڵاتەکەماندا سەری لە بێشکە دەرهێناوەو بڕیاریداوە هەنگاو بەهەنگاو گەورەبێت، نەک لە پڕێکدا لەناوبچێت. بۆ ئەوە بوو بە سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان بڵێین چیدی ڕەوانییە، بێ گەڕانەوە بۆ جەماوەرو لە ژوورە داخراوەکاندا، بڕیار لەسەر مەسەلە چارەنووسسازەکان بدات و دەسەڵات لەناو خودی حیزبێک و نێوان حیزبە باڵادەستەکاندا دابەشبکرێت، چونکە ڕۆژگاری ئەوە هاتوە دیموکراسی لە کوردستاندا جێگیربکرێت. بۆ ئەوە بوو بە ئۆپۆزسیۆنی جاران و دەسەڵاتدارانی ئیمڕۆی عێراق بڵێین، چیدی ڕازی نابین وەک هەشتاوسێ ساڵی جاران سەیرمان بکەن و مامەڵەمان

لەگەڵدا بکەن و بەخواستی خۆیان مافەکانمان بۆ دیاریبکەن‌و ئاڕاستەی داهاتوومان دەستنیشانبکەن، هەرگیز ڕازیش نابین بمانکەنەوە هاوڵاتیی پلە دووی بێ ویست و ئیرادە. بۆ ئەوە بوو بە وڵاتە خۆرئاواییەکانی ڕابگەیەنین نەوەی سەرەتای سەدەی پێشوونین، هەتا بە خواستی خۆیان و بۆ مسۆگەرکردنی بەرژەوەندییەکان لە بازاڕی سیاسەتدا هەڕاجمانبکەن و هەرگیز ڕازی نین ببینە قوربانی ئاسایشی نەتەوەیی ئەوان و ئامرازی بەدەستهێنانی ئامانجەکانیان. بە دەنگی بەرز بیدەینە گوێی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا، کە چیدی لێیان قبوڵ ناکەین لەئاست مەینەتیەکانماندا بێدەنگبن و پوشێک نەجووڵێنن، وەک لەسەردەمی هەڵەبجەو ئەنفالدا کاردیان.

یەکێکی تر لە ئامانجەکانی بزووتنەوەی ڕیفراندۆم، دروستکردنی ڕای گشتی بووە، هەتاکو چیدی چارەنووسمان بەبێ ویستی خۆمان، لە هیچ مەسەلەیەکی بچووک و گەورەدا، دیارینەکرێت و نابەرابەرییەکان لە کوردستاندا بەردەوام نەبن. دروستکردنی ڕای گشتیش ئەرکێک بوو دەکەوتە ئەستۆی هەموو ئەوانەی بانگەشەیان بۆ نوێکاری، پەرەسەندن، ئەقڵانیەت، عەلمانیەت، دیموکراسی، کۆمەڵگەی شارستانی و بەها جوانەکانی دیکە دەکرد. بۆیە پێویستی بەبوونی ڕەنگ و بۆنی جیاوازو توخم و فیکری هەمەڕەنگ بوو، وێڕای ناتەبایی و فرەدیدەییەکان بۆ هێنانەدیی ئامانجەکان تێبکۆشن، ئەگینا نەوەکانی داهاتوو ئەوەمان لێ ناکرن، لەبەر جیاوازییەکان، نەمانتوانی بناغە بۆ داهاتوویەکی زامنکار دابنێین.

ڕاستە بزووتنەوەی ڕیفراندۆم هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدا بوو پەیوەندیی باشی لەگەڵ هێزە سیاسییەکانی کوردستان هەبێت و پشتگیری و کۆمەکی ئەوان بەدەستبێنێت، بۆ ئەنجامدانی ئەو ئەرکانەی لەئەستۆیگرتبوو، کە بەبێ هاوکاریی دارایی و لۆجستی ئەوان لە هەردوو ئیدارەی سلێمانی و هەولێر نەدەکارا بەچاکی ڕاپەڕینرێن، بەڵام هەرگیز لایەنگری هیچ لایەنێک نەبوو و ئامانجەکانی خۆی نەخستبووە ناو باوەشی ڕۆژەڤی هیچ لایەنێکەوەو سووربوو لەسەر هێنانەدیی ئامانجەکانی خۆی، کە سەرەکیترینیان ئەمەبوو: با لە ڕێگەی ڕاپرسییەوە لە خەڵکی کوردستان بپرسن و بزانن چۆن دەیەوێ چارەنووسی خۆی دیارییبکات. ئەوەبوو لە کاتی ڕیفراندۆمە ناڕەسمییەکەی خەڵکی کوردستان لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٥دا ڕاشکاوانەو بێ ئەملاوئەولا ٩٨٪ی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان ڕایانگەیاند مافی چارەنووسیان پێ باشەو دەیانەوێ وەک میللەتانی دیکە شێوازی ژیان‌و حوکمڕانیی خۆیان دیارییبکەن. ئەو داخوازییەش بەشێوەیەکی ڕەسمی گەیەنرایە لایەنەکانی حوکمڕانیی عیراق، دامودەزگا نێودەوڵەتیەکان و هاوپەیمانەکان.

ئاشکرایە بەرهەمی کارەکانی بزووتنەوەی ڕیفراندۆم یاریدەدەربوو بۆ ئەوەی بکەرە سیاسییەکانی کوردستان لە بەغدا پێگەی کورد بەهێزبکەن و هەندێک لە ئامانجەکانی خەڵکی کوردستان جێگیربکەن، بەڵام خواستی دیاریکردنی چارەنووس نەبووە ڕۆژەڤی ئەوان، بەڵکو لەبری خستنەگەڕی ئەو داخوازییەی خەڵکی کوردستان، کار بۆ بەرنامەی بنیاتنانەوەی عیراقی فیدرالی خرایە گەڕو بایەخێکی ئەوتۆ بە خواست و میکانیزمەکانی بزووتنەوەی ڕیفراندۆم نەدرا. ئەمەش بەبڕوای من لە دوو لاوە سەرچاوەیگرتبوو:

یەکەم/ لەو ترسەوە کە هێزە سیاسییەکان بەرامبەر بەگەشەکردنی بزووتنەوەکە هەیانبوو و لە ناوەوەو دەرەوەی وڵات پەیامی شێوازێکی نوێی خەباتکردنی دەدا بەگوێی هەمواندا.

دوەم/ بزووتنەوەی ڕیفراندۆم بەلای هێزە سیاسییەکانەوە ئامڕازێکی کاتی بوو بۆ فشارخستنە سەر هێزە عیراقییەکان و هاوپەیمانەکان، بەمەبەستی ملدانیان بۆ داخوازییەکانی ڕۆژەڤی ئەو هێزانە، کە هەرگیز نەدەگەیشتە ئاستی دیاریکردنی چارەنووس.

هەرگیز خواستی کاراکانی بزووتنەوەی ڕیفراندۆم ئەوە نەبوو لە سنووری پرۆژەی سیاسیی هێزە باڵادەستەکانی کوردستاندا گیربخۆن و خەمسارد پاڵی لێبدەنەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی ژمارەیەکی زۆری ئەندامانی بزووتنەوەکە، بەتایبەتی ئەنجومەنی باڵا، ئەندامی ئەو هێزە سیاسیانەی کوردستان بوون و ڕاییکردنی کارەکانی بزووتنەوەکەش بەپلەی یەکەم پشتی بە هاریکاریی هەردوو ئیدارەی ئەو کاتەی سلێمانی و هەولێر بەستبوو، دوای ڕیفراندۆمە ناڕەسمییەکەی ٢٠٠٥و هەڵبژاردنی پەرلەمان و پێکهێنانی حکومەتی عیراق، ناڕاستەوخۆ دەستنرایە بینەقاقای بزووتنەوەکە و سەرەتا سستکراو دواتریش بەبیانووی تەواوبوونی ئەو ئامانجەی بۆی دامەزرابوو: ئەنجامدانی ڕاپرسی، وەک ئامڕازێک کۆتایی بە کارەکانی هێنرا. بەوجۆرەش بزووتنەوەی ڕیفراندۆم، کە مۆدێلێکی نوێو کاریگەری خەباتی کۆمەڵگەی مەدەنی بوو، لەدەست میللەتەکەمانو هێزە سیاسییەکانیش چوو، لەکاتێکدا دەبوایە زیندوو و چالاک ڕابگیرێ و پشتگیریبکرێت، چونکە گەلێک کێشەی وەک ناوچەکانی جێناکۆکەکان و پێشمەرگە و بودجە و سامانە نەوتییەکان و پێگەی کورد لە عیراقدا یەکلانەکراونەتەوەو بکەرە سیاسییەکانی کوردستان لە بەغدا بەبێ بەشداریکردنی کاراو چالاکانەی میللەت ناتوانن ئەو کێشانە یەکلابکەنەوە.

ئیمڕۆ، ئەنجامی گەشەکردنی بارودۆخ و تواناکان لە هەرێم و پەرەسەندنی

داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان، بەهێزبوونی هەڵمەتی شۆڤێنیستانە لەناو هێزە سیاسییە دەسەڵاتدارەکانی عیراقدا و برەوسەندنی مەیلی کۆنترۆڵکردنەوەی نیشتیمانەکەمان و بنیاتنانەوەی دەوڵەتێکی عیراقی ناوەندیی بەهێزو ئەو گۆڕانکاریانەی بەسەر مەسەلەی کورددا دێت لە تورکیا، دەنگی جۆربەجۆر سەبارەت بە مافی دیاریکردنی چارەنووس لەناو هێزە سیاسییەکان و ڕۆشنبیرانو خەڵکدا بەرزدەبێتەوەو خواستی پیادەکردنی ئەو مافە سەریهەڵداوەتەوە. ئەمەش جارێکی دیکە گرنگیی بزووتنەوەیەکی هاوشێوەی ڕیفراندۆم دەسەپێنێت. چونکە کاراکردن و هێنانەدیی ئەو مافە، پێویستی بە پشتگیریکردنی جەماوەرو ڕاپرسی هەیە، هەتاکو وەک دروشمێک بەئاسمانەوە نەمێنێتەوە. هەروەها هوشیارکردنەوەی خەڵک و بەهێزکردنی بەشداریکردنی سیاسیی ئەوانی گەرەکە، لەناو بزووتنەوەیەکی جەماوەریی فراواندا، کە هەموو ڕەنگ و بۆچوون و ئاقارەکان لەخۆدەگرێت.

ڕۆژنامەی ڕووداو ژمارە (١٤٣)/ ٢٧-١٢-٢٠١٠

## هەتاکو کەی خەمساردی بەرامبەر بە تیرۆری سپی؟

لە دوارۆژەکانی ساڵی ڕابردوودا، بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی هاتوچۆی هەرێم ئامارەکانی ڕووداوەکانی هاتوچۆی بۆ ٢٠١٠ خستەڕوو، کە بەم شێوەیە بوو: سلێمانی (٢٣٩ مردن و ٣٢٦٣ بریندار)، هەولێر بەسۆرانەوە (١٨٣ مردن و ٢٢٤٨ بریندار)، کەرکوک (٩٧ مردن و ٦٥٤ بریندار)و دهۆک (٩٢ مردنو ٦٩٨ بریندار). ئەو ئامارانەش، ئەگەرچی وردبینانەنین، چونکە لەلایەکەوە گوزارشت لە واقیعی حاڵی سەر شەقامەکان ناکەن و گەلێک ڕووداوی تریش هەن لەبەر ڕێکەوتنی عەشایەریی لایەنەکان نەبراونەتە لای لایەنە پەیوەندیدارەکان و تۆمارنەکراون، لەلایەکی دیکەشەوە ڕوون نەکراوەتەوە چەند لەو بریندارانە زیندووی مردوون (پەککەوتەبوون) و زیانە مادییەکان بۆ خێزانەکان و سامانی گشتی چەندە، بەڵام بۆ خۆیان شایانی هەڵوەستەکردنن و مایەی نیگەرانین و گرنگە حکومەتی هەرێمی کوردستان خەمساردنەبێت بەرامبەریان و چارەسەری جیدیی بۆ ڕووداوەکانی هاتوچۆ بدۆزێتەوە، لەبەرئەوەی بە هەڵمەتی تیرۆری سپی دەچێت، کە مەترسییەکان و ئاسەوارەکانی لە تیرۆری سوور کەمترنییە.

لە ڕاگەیاندنەکەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی هاتوچۆی هەرێمدا مرۆڤەکان، واتە شۆفێرەکان و پیادەکان، کراونەتە هۆکاری سەرکیی پێشهاتنی ڕووداوەکانی هاتوچۆ، لەبەر پابەندنەبوونیان بە یاساکان و ڕێنماییەکان و لە دوورو نزیکە هێمانەکراوە بۆ بەرپرسیارێتی خودی بەڕێوەبەرایەتییەکەو لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێم بەرامبەر بەو ڕووداوانە، کە ئەگەر بخرابایەتەڕوو، ئەوا هەنگاوێک لە چارەسەری ئەو گرفتە مەترسیدارە نزیکدەکەوتینەوە. هەروەها ئەگەر ئاوڕ لەو بابەتە دوولاپەڕەییەم بدرابایەتەوە، کە لە سەرەتای مانگی ١٠/٢٠١٠دا بە دوو لاپەرەی ڕۆژنامەی ئاسۆ بڵاوبۆتەوە، ئەوا بەخۆداچوونەوە لای ئەو بەڕێوەبەرایەتییە ڕوویدەداو حکومەتی هەرێمیش هەنگاوێکی بۆ کارنامەکەی خۆی (لەمەڕ چاکسازیی هاتوچۆ) هەڵدەهێنا.

لەگەڵ ئەوەدا هاوڕام، کە مرۆڤەکان (شۆفێرەکان و پیادەکان) هۆکاری ڕێژەیەکی زۆری ڕووداوەکانی هاتوچۆی کوردستانن، بەڵام پێموانییە بەرپرسیارێتییەکە تەنیا لەئەستۆی ئەواندا بێت، بەڵکو بەشێکی دەکەوێتە ئەستۆی بەڕێوەبەرایەتیی گشتی هاتوچۆو لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێم و ناکرێت فەرامۆشبکرێت. سەرەکیترینی ئەو مەسەلانە مۆڵەتپێدانە. مۆڵەتپێدان لە کوردستان هەتاکو ئێستا بەشێوەیەکی تەقلیدی و سەرەتاییە و ئەو چوارچێوەیەی بۆی دانراوە نابێتە هۆی بەرهەمهێنانی شۆفێر بەواتا زانستییەکەی. شۆفێر کەسێک نییە، کە دەزانێت چۆن سوکان و پایدەرەکانی بەنزین و کلاچ و ئیستۆپ بەکاردێنێ و لە تاقیکردنەوەیەکی چەند خولەکیدا پیشانی ئەفسەرێکی هاتوچۆی دەدات، بەڵکو شۆفێر کەسێکە بەخولێکی فێربوونی شۆفێریدا تێپەڕبووبێت و هوشیاریی هاتوچۆی بەدەستهێنابێت و لە تاقیکردنەوەی تیۆریی‌و پراکتیکیدا دەرچووبێت. هوشیاریی هاتوچۆ مانای ئاشنابوونە بە ئوتومبیل و مەرجەکانی توندوتۆڵیی، تێگەیشتنە لە یاساو ڕێساکانی هاتوچۆو خەمساردی نەنواندنە بەرامبەر جێبەجێکردنیان، وریابوونە بەرامبەر بە جۆرەکانی ڕێگەوبان، کارپێکردنی هێڵ‌و هێماکانە، بەکردەوە ئەنجامدانی مانۆرەکانی ئوتومبیل لێخوڕینە، بەبێ دروستکردنی مەترسی و سەغڵەتیی ناپێویست.

لێرەدا ئایا شێوازی مۆڵەتپێدانی هەرێمی کوردستان دەتوانێت ئەو هوشیارییەی هاتوچۆ مسۆگەربکات و فێرخواز لە کۆرسێکی تایبەتیداو بەشێوەیەکی ئوسوڵی‌و هاوچەرخ بەدەستیدێنێ و ئەزموونی پراکتیکیی تەواو بەدەستدەهێنێ، تا ببێە شۆفێر؟ ئەگەر وەڵامەکە نا بێت، کە بەداخەوە وایە، ئەوە مانای ئەوە نییە بەڕێوەبەرایەتییەکانی هاتوچۆی هەرێم مۆڵەتی ئوتومبیل لێخوڕینیان داوە بە هەزاران کەس کە شۆفێر نین؟ ئەمەش بۆ خۆی نەبۆتە هۆی هەڵئاوسانی شەقامەکان بەو کەسانەی ئوتومبیل لێدەخۆڕن و شارەزای ئوتومبیل لێخوڕین نین و وەک مینی چێنراو بەیەک و ئەوانیتردا دەتەقەنەوەو دەبنە مایەی پێشهاتنی ڕووداوەکانی هاتوچۆ؟ کارەساتەکەش گەورەترنییە، کاتێک مۆڵەتەکە گشتییە، واتە بۆ لێخوڕینی تاکسی و پاس و لۆرییەو پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە سەلامەتیی هاوڵاتیانەوە هەیە، نەک بە سەلامەتیی تاکەکەسیی خودی «شۆفێر»ەوە؟ ئایا بوونی دوو شێوازی مۆڵەتپێدان، دوو جۆر تێگەیشتنی بۆ ئوتومبیل لێخوڕین بەرهەم نەهێناوەو جۆرێک لە سەرلێشێوانی نەخستۆتەوە؟

لایەنێکی دیکە، کۆنترۆڵکردنی سەرپێچییەکانە، چونکە ئەوە یاریدەدەرە بۆ کەمکردنەوەی ڕووداوەکانی هاتوچۆ. ئەوەی لەم بوارەدا بەدیدەکرێت، سەرەتا

خودی ئەو کارمەندانەی هاتوچۆ، کە ئەرکی کۆنترۆڵکردنیان دەکەوێتە ئەستۆ، خاوەن هوشیاریی هاتوچۆی گونجاو نین و لە بارودۆخی سیاسیی کوردستانیشدا ناتوانن کارەکانی خۆیان وەک پێویست و بێ جیاوازیکردن لەنێوان دەسەڵاتدارو بێدەسەڵاتدا جێبەجێبکەن. بۆیە زۆرجار سەرپێچیی زەق بەبەردەمیاندا تێدەپەڕێو فەرامۆشیدەکەن یان بایەخی پێ نادەن. ئەمەش ئەو تێڕوانینەی دروستکردوە، کە یاساشکێنی بێ سزاو لێپێچینەوە تێدەپەڕێت و نابێت خەمی بخورێت. ئینجا مەفرەزەکانی هاتوچۆ وەک پێویست بەدیناکرێن و تەنیا لە بارودۆخی شڵەژاوی ئاسایشدا دەبینرێن، کە پەیوەندیی بە هاتوچۆوە نییە. ئەگەر بەدیشبکرێن لەو سەرپێچیانە ناکۆڵنەوە، کە مەترسیی پێشهاتنی ڕووداو زیاتردەکەن. بۆ نموونە، لێخوڕینی ئوتومبیل بەبێ مۆڵەت یان بەخێرایی، لێدانی ترافیک لایتی سوور، بەکارهێنانی مۆبایل لە کاتی ئوتومبیل لێخوڕیندا، بەسەرخۆشی لێخوڕین، سوارکردنی منداڵ بەشێوەی نایاسایی، بەکارهێنانی ئوتومبیلێک کە مەرجەکانی توندوتۆڵی تێدانییە. لە کاتی لێپێچینەوەشدا سزاکان ئەوەندە بێبایەخن، نابنە بەربەست لەبەردەم دووبارەنەکردنەوەی سەرپێچییەکاندا.

لایەنێکی دیکە، نەخشەسازیی ئەندازەیە. ئەگەرچی ئەندازەی هاتوچۆی بەڕێوەبەرایەتیەکانی هاتوچۆ لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا کاری باشیان لە بواری هێڵکاریی ڕێگەوبانەکان و هێماسازیی هاتوچۆدا کردوە، بەڵام چەندین هەڵە ڕوویانداوە لە بواری دروستکردنی تابلۆکان و شێوازی دانانیان و جۆری هێڵەکانی سەر ڕێگەوبان و شێوازی کێشانیاندا. ئەنجامی ئەوەش، لەلایەکەوە بەهەڵەتێگەیشتن کەوتۆتەوە، لەلایەکی دیکەوە ڕێزیان لێ نەگیراوە. لە هەردوو حاڵەتیشدا دەرفەتی پێشهاتنی ڕووداوی هاتوچۆ زیاتربووە. ئەم مەترسییەش زیاتربووە، کاتێک هەوڵ نەدراوە ئەو لایەنانەی هێماکاریو هێڵکاریی ڕێگەکانی دەرەوەی شار دەکەن، بەپێی ستانداردی جیهانی و ڕێنمایی بەڕێوەبەرایەتییەکانی هاتوچۆ کارەکانیان ئەنجامبدەن، چونکە ئەوە یەکێکە لە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ڕووداوەکانی هاتوچۆ لەسەر ڕێگەکانی دەرەوەی شار.

سەبارەت بە لایەنە پەیوەندیدارەکانیش، دەکرێت ئەم چەند خاڵە بخەمەڕوو:

١/ پشکنینی تەندروستی بۆ بەدەستهێنان یان نوێکردنەوەی مۆڵەت بەشێوەیەکی ئوسوڵی نییەو تەنیا بایەخ بە چاوەکان دەدرێت، لەکاتێکدا چەندین لایەنی تر هەن کە مەترسیان بۆ ئوتومبیل لێخوڕین هەیە، وەک: ڕەنگ کوێری، شەوکوێری، سەلامەتیی دەست و قاچەکان، پەرکەم و هاوسەنگیی مرۆڤ کە پەیوەندیی بە

گوێچکەوە هەیە. ئەگەر کاتی پێشهاتنی ڕووداوی هاتوچۆ پشکنینی ورد بکرێت، دەردەکەوێت هەندێک جار لایەنی تەندروستی هۆکارێکی سەرەکی بووە.

٢/ ڕێگەوبانەکانی کوردستان مەرجەکانی سەلامەتخوازانەیان تێدا نییەو هۆکارێکی گرنگی پێشهاتی ڕووداوەکانن، بەشێکیش لە نەخشەسازیی بنەڕەتیی ڕێگەوبانەکانی گرفتهێنەرن، نەبوونی ڕووناکیی پێویست لەسەر شەقامەکانی ناوشارو بوونی تاسەی دەستکردی هەڕەمەکی و نادروستیش هۆکارێکی تری سەرهەڵدانی کارەساتن. ئەمە وێڕای خراپیی ئەو قیرەی ڕێگەوبانەکانی پێ دروستدەکرێتو سەرهەڵدانی ڕەگلەی زۆر ئەنجامی ئەو خراپیە یان ئەو بارهەڵگرانەی نایاساییانە بارهەڵدەگرن...هتد.

٣/ بایەخ نەدان بە هێماکاری و دابینکردنی مەرجەکانی لێخوڕینی سەلامەتخوازانە لەسەر ئەو ڕێگەیانەی کاری چاکسازیان تێدا دەکرێت و لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان سەرچاوەیەکی مەترسیداری پێشهاتنی گەلێک ڕووداوی دڵتەزێنی هاتوچۆیە.

٤/نەبوونی نەخشەیەکی گونجاو بۆ هاوردەکردنی ئوتومبیل و هەڵئاوسانی شەقامەکانی بە ئوتومبیل، بەشێوەیەک، کە هاوسەنگ نییە لەگەڵ ڕووبەری ڕێگەوبانەکان و شێوازی دروستکردنیاندا.

لەکۆتاییداو بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆری سپی، گرنگە ئەمساڵ کابینەی شەشەم کارنامەی خۆی لە بواری هاتوچۆدا جێبەجێبکات و چیدی خەمساردی بەرامبەر بەو گرفتە نەنوێنرێ، کە زیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و مرۆیی زۆری خستۆتەوە. بۆ ئەمەش پێشەکی سازدانی کۆنفرانسێک، بە ئامادەبوونی بەڕێوەبەرایەتیی گشتی هاتوچۆو لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێم و کەسانی پسپۆڕی ناوخۆیی و جیهانی، بۆ پێشکەشکردنی پێشنیارو ڕاسپاردەگەلی گونجاو بە حکومەت و پرۆژەیاسای هاتوچۆ بە پەرلەمانی کوردستان، یارمەتیدەرێکی باشە بۆ ئەو کارە.

ڕۆژنامەی ڕووداو ژمارە (١٤٥)/ ١٠-١-٢٠١١

## چەند پرسیارێک بۆ ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان؟

دیاریکردنی ئەولەویاتەکانی هەر حکومەتێکی کارا، کارێکە دەبێت بەری لێکۆڵینەوەی زانستی و ئەنجامی خوێندنەوەی واقیعی بابەتی بێت، نەک ویستی ئیرادەگەرانە و بەپیرەوەچوونی بەرژەوەندیی تاکەکەسی و گرووپی لە کۆمەڵگەدا. بێگومان ئەولەویاتەکان لە ڕووی گرنگییەوە یەکسان نین و وەک یەکیش نایەنەدیو جێبەجێ نابن، چونکە ئەولەویاتی وا هەیە لەبەر هەنوکەیی و گرنگی و پێداویستیی ناکرێت فەرامۆشبکرێت یان دوابخرێت و دەبێت دەستوبرد بەپیرییەوە بچیت، لەکاتێکدا ئەولەویاتی دیکە هەیە پەلەنییەو دەکرێت لەسەرخۆو ئەنجامی پلانو نەخشەی زانستی و ستراتیژیی درێژخایان کاری لەسەر بکرێت.

ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە یەکەمین کۆبوونەوەی ساڵی نوێدا (ڕۆژی ٢٠١١/١/٢٤) چەند بڕیارێکی دەرکردووە، کە دەکرێت لە ڕۆژنامەکاندا بخوێنرێنەوە. بێگومان هەر بڕیارێک کێشەیەک چارەسەربکات یان بەپیر توێژو کایەیەکی کۆمەڵگەوە بچێت، شایانی پێزانین و دەستخۆشی لێ کردنە، بەڵام ئەگەر لە ڕووی پرنسیپی ئەولەویاتەوە تێیان بڕوانین، دەکرێت هەڵوەستەیان لەئاستدا بکرێت و بیروڕایان لەسەر دەربڕدرێت. لێرەدا نامەوێ شیکردنەوەیەکی زانستیی ئەو بڕیارانە بکەم و بەپێی ئەو پرنسیپە هەڵیانسەنگێنمو دەریبخەم کامیان گونجاوەو کامەشیان ناشیاوە، چونکە ئەوە مەبەستی بابەتەکەم نییە. تەنیا دەمەوێ چەند پرسیارێک ئاڕاستەی بەڕێزان لە ئەنجومەنی وەزیران بکەم:

بۆچی لە یەکەمین کۆبوونەوەی ساڵی نوێدا کێشەیەکی گرنگ و مەترسیداری وەک ڕووداوەکانی هاتوچۆی هەرێم لە ساڵی ٢٠١٠دا ڕای نەچڵەکاندن و هانی نەدان بڕیارێک دەربکەن بۆ لێکۆڵینەوەکردن دەربارەی گرفتەکە و چۆنییەتی چارەسەرکردنی؟ ئەمە لەکاتێکدا لەکۆتایی ساڵدا بەڕێوەبەری گشتی ڕاگەیاندنی هاتوچۆی هەرێم لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەگەریدا ڕایگەیان ساڵی ڕابردوو (بە ڕووداوەکانی هاتوچۆ ٦١١ هاوڵاتی گیانیان لەدەستداوەو ٦٨٦٣یش بریندابوون)و

وەزیری تەندروستیی حکومەتی هەرێمیش ڕۆژی ٢٠١١/١/٢٣، واتە تەنیا یەک ڕۆژ پێش کۆبوونەوەکە، لە کۆنگرەیەکی ڕۆنامەگەریدا ئاشکرایکرد ساڵی ڕابردوو بەرزترین ڕێژەی تۆمارکراوی مردوو لە نەخۆشخانەکاندا ئەنجامی ڕووداوەکانی هاتوچۆ بووە (٨٣٨ هاوڵاتی گیانیان لەدەستداوەو ١٢٠٠٠یش برینداربوون، کە زۆربەیان گەنجن و کەمئەندام و پەککەوتە بوون) و وەک پەتایەک دەریبڕی، کە مەترسییەکەی لە پەتای ئینفلوەنزای بەراز کەمترنییە. ئایا هەردوو وەزیری ناوخۆو تەندروستی بەلایانەوە گرنگ نەبووە ئەو مەسەلەیە بخەنە ئەجیندای کۆبوونەوەکەوەو گیان و ماڵی هاوڵاتیانیان پێ هەرزان و بێبایەخ بووە، یان بەلایەنەوە گرنگ بووەو لە کۆبوونەوەکەدا بەهێند وەرنەگیراوەو بەکێشەیەکی بچووک دانراوە، کە دەکرێت لە بەڕێوەبەرایەتیەکانی هاتوچۆدا چارەسەربکرێت؟ ئایا لەبەر بێئاگایی وەزیرە بەڕێزەکان لەو گرفتە مەترسیدارە بووە، چونکە ڕۆژانە ئەوان بە ڕەتل هاتوچۆدەکەن و شەقامەکانیان بۆ چۆڵدەکرێت و هەست بە گرفتو ئاستەنگەکانی هاتوچۆ ناکەن؟ ئایا نەدەکرا ١٠٪ی ئەوەی بۆ مەترسییەکانی ئینفلوەنزای بەراز خرایەگەڕ، بۆ ئەم مەسەلەیە بەکاربهێنرێ، لەکاتێکدا قوربانییەکانی ئەو نەخۆشییە ١٠٪ی قوربانییەکانی ڕووداوەکانی هاتوچۆ نییەو هەندێک جار بەتیرۆری سپی ناودەبرێت و ئاسەوارەکانی لە کارە تیرۆریستییەکان زیاترە؟ ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە کابینەی شەشەم ئەو بەندەی کارنامەکەی خۆی سەبارەت بە چاکسازیی هاتوچۆ جێبەجێبکات، بۆ پاراستنی ژیان و سامانی هاووڵاتیان، بۆ ئەو مەبەستەش کۆنفرانسێک سازبکات، بەبەشداربوونی لایەنە پەیوەندیدارەکان و کەسانی شارەزای ناوخۆیی و دەرەوە، بۆ تاوتوێکردنی گرفتەکەو چۆنییەتی چارەسەرکردنی؟ ئایا نەدەکرا لەو کۆبوونەوەیەدا چوارچێوەیەکی وەها بۆ هاوردەکردنی ئوتومبیل دابنرێت، لەپێناوی کەمکردنەوەی قوربانییەکانی هاتوچۆو ژینگەپارێزیداو سنوورێک بۆ مەترسیی گۆڕینی هەرێم بۆ گەراجێکی گەورەی ئوتومبیل دابنێن؟ یان لانی کەم لەو کۆبوونەوەیەدا نەدەکرا بڕیاری دەستپێکردنی هەڵمەتی هوشیارکردنەوە لەسەر بودجەی حکومەت بۆ شۆفێرەکانو هاوڵاتیان لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندندا دەربکرێت، هەتاکو کاتی هەنگاونانی جیدی بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکە؟ ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە هاتوچۆی هەرێم لەدەست ڕەوتی سەربازی ڕزگاربکرێت و چیدی نەکرێتە قوربانیی پۆستبەخشین لەسەر بنچینەی ئینتیمای سیاسی و بدرێتە دەست کەسانی شارەزای مەدەنی، وەک ئەوەی وڵاتە پێشکەوتووەکان؟

ڕۆژنامەی هاوڵاتی ژمارە (٧٠١)/ ٣٠-١-٢٠١١

## پاکوخاوێنی خەمێکی گشتیی ڕۆژانەیە

پاکوخاوێنی ڕۆڵێکی کاریگەری هەیە لە پرۆسەی گەشەکردن و شارستانیبوونی کۆمەڵگەداو هیچ کۆمەڵگەو حوکمڕانییەک، بەبێ ڕەچاوکردنی چاکوخاوێنیو دانانی لە بازنەی بایەخپێدان و ئەولەویاتەکانی خۆیدا، ناتوانێت پێگەیەکی شایستەو پێشکەوتوو بەدەستبهێنێت.

پاکوخاوێنی لای ئێمە بۆتە مەراقێکی ڕۆژانە، جا ئەوە پاکوخاوێنی شارو شارۆچکەکانمان بێت، یان پاکوخاوێنی ژیان و خۆراکەکانمان. چونکە گوزەرکردنێک بەناو بازاڕو کۆڵانی گەڕەکەکان و شەقامەکانی ناوەوەو دەرەوەی شارو شوێنە گەشتیارییەکاندا، دەریدەخات تا چ ئەندازەیەک نقومین لەناو ژینگە پیسیداو تەنانەت ئەوە دێت بەمێشکماندا، کە پیسی ژینگە ئاساییەو شایانی ئاوڕلێدانەوە نییەو ئەگەر کەسانێکیش هەبن خەمخۆری پاکوخاوێنی بن و بەوتەو کردەوە داکۆکیی لێ بکەن، دەبنە مایەی توانج و گاڵتەپێکردنی ئەوانی دیکە.

ئەگەر ڕۆژانە بڕوانینە ڕەفتارو هەڵسوکەوتی هەر توێژێکی ئەم کۆمەڵگەیە، دەبینین زۆرینە هەڵوێستی خەمساردانە بەرامبەر بە پاکوخاوێنی وەردەگرنو بەوەوە ناوەستن، بەڵکو خۆیان هۆکارێکی لەناوبردنی پاکوخاوێنین. بۆیە ئەوە بەدیدەکەین کەسێک خۆڵی ماڵەکەی فڕێدەداتە سەرکۆڵانی گەڕەکەکەی، یەکێکی تر قوتوی ساردییەکەی لە جامی ئوتومبیلەکەیەوە فڕێدەداتە سەر ڕێگەوبانەکە، گەشتیارەکان پاشماوەی سەیرانەکەیان لە شوێنی خۆیانو بێ کۆکردنەوە جێدەهێڵن، پیادەیەک بە گوڵەبەڕۆژ یان پاکەتی جگەرەکەی شەقامەکان پێسدەکات، دوکاندارەکان پاشماوەی کاری ڕۆژانەی خۆیان لەسەر ڕیگە گشتییەکان کەڵەکەدەکەن...هتد.

گەلێک وڵات و میللەت بەدەست ئەم گرفتە گەورەو مەترسیدارەوە ناڵاندویانە، بەڵام توانیویانە بە دانانی پلانی ڕاست و دروستی دیراسەکراو، بڕیاری گونجاو، وەزەو توانای شایستە، تەرخانکردنی پارەی پێویست، ویستی بەهێز، لەخۆبوردوییو کاری بەرپرسیارانە زاڵبن بەسەریدا. بۆیە پێویستە ئێمەش هوشیاربین بەرامبەر

بەو گرفتە مەترسیدارە و دەستەجەمعی كاربكەین بۆ بەرزكردنەوەی ئاستی هۆشمەندیی پاكوخاوێنی لای هاوڵاتیان.

با سەرەتا لە قوتابخانەو خوێندنگەو زانكۆكان و دامەزراوەكان و مزگەوتەكانەوە دەستپێبكەین، هەتاكو هانی قوتابیان و خوێندكاران و كارمەندان و خەڵكی بدەن كار بۆ پاكوخاوێنی بكەن و پاكوخاوێنی شوێنە گشتییەكان وەکماڵی خۆیان بپارێزن. ئینجا پێویستە دامەزراوە ڕەسمی و ناڕەسمییەكان دەستوبرد كاربكەن بۆ دانانی ستراتیژێكی بەئاگاهێنانەوە، بەمەبەستی هوشیاركردنەوەی خەڵكی بەگشتی سەبارەت بە پاكوخاوێنی و گرنگیی و ڕوونكردنەوەی ئەوەی چۆن ئەم مەسەلەیە ڕەهەندێكی شارستانی و مرۆڤانەی هەیەو ڕۆڵدەبینێ لە خستنەڕووی ڕووخسارێكی جوانی ژیواریانەی كۆمەڵگەكەماندا. چونكە پاكوخاوێنی وەک ئاوێنە وایەو بەهۆیەوە ڕادەی پێشكەوتن و گەشەكردن و دەروەستیی بەنیشتمانەوە تاودەداتەوە. داواكراویشە لە گشت ئامڕازەكانی ڕاگەیاندن هەڵمەتی هوشیاركردنەوە سەبارەت بە پاكوخاوێنی بەرپابكەن و شوێنێكی باشی لە پانتایی كارەكانی خۆیاندا بۆ تەرخانبكەن.

پاكوخاوێنی دەستەواژەیەكی ئاوێتەیە لە كۆمەڵێک بەهای تەواوكەری یەكتریو دیمەنی دەرەوەی شوێنێک دەرخەری ناوەڕۆكی شوێنێكە و ڕواڵەت تاودانەوەی ناوەڕۆكە. واتە پاكوخاوێنی شوێنێک دەرخەری ناوەڕۆكی خەڵكەكەیەتیو پاكوخاوێنی شوێنە گشتییەكانیش نیشانەی پاكوخاوێنی میللەتەكەیەتی. بۆیە پێویستە ئەو بڕوایە لای هاوڵاتیان بەگشتی دروستبێت، كە پاكوخاوێنی شوێنە گشتییەكان دەرخەری ژیانی ڕۆژانە و خەمە بەردەوامەكانیانەو پێویستە وەک ماڵی خۆیان بیپارێزن و جوان ڕایبگرن. هەروەها داواكراوە لە لایەنە پەیوەندیدارە جۆربەجۆرەكان بایەخی زیاتر بەم بابەتە بدەن و بەجیدی ئاوڕی لێ بدەنەوە. پێویستە ئەو لایەنانە (بەتایبەتی شارەوانییەكان) ئەركی سەرشانی خۆیان بەباشی جێبەجێبكەن و ڕێساو ڕێنماییە پێویستەكان بۆ هاوڵاتیان بخەنەڕوو و بەرنامەیەكی گونجاوی شایستە بۆ پاكوخاوێنی گشتی دابڕێژن.

دەشێت كەسانێک هەبن بڵێن جێبەجێكردنی یاساو ڕێساو ڕێنماییەكان، سزادانی سەرپێچیكاران بەپارەو زیندانیكردن، دەستبەسەراگرتنی شمەكو كاڵا مەترسیدارەكان بۆ ژینگەو پاكوخاوێنی، هەڵوێستوەرگرتنی توند بەرامبەر بەو دوكاندارانەی شەقامەكان پیسدەكەن و ئەو گەشتیارانەی ناوچەكان ناشریندەكەن دەبێتە هۆی كۆنترۆڵكردنی گرفتەكە، بەڵام من پێموایە ئەوە بەتەنیا بەس نییە، بەڵكو پێویستە هاوشانی ئەوە كولتووری پاكوخاوێنی لەناو كۆمەڵگەدا بچەسپێنرێ و

بگشتێنرێ. چونکە چەمکەکانی لێهاتووی و شەفافیەت و سەرڕاستی و دەستپاکی بەشێوەیەکی ئۆرگانیکی گرێدراوی چەمکی پاکوخاوێنین. بەوپێیەی لە هەرشوێنێک گەندەڵی دارایی و کارگێڕی و ئەخلاقی هەبوو، لێهاتوویی وندەبێت، کاتێک ئەویش ونبوو، ئەوا گشت جۆرەکانی پاکوخاوێنی هەڵدێن و ئەخلاق و ئاکارە جوانەکان پاشەکشەدەکەن و جێگە بۆ پیسی و پشێوی و گەندەڵی و بۆگەنی چۆڵدەکەن.

ئەگەر بمانەوێ پێگەیەکی شایستە لەناو نەتەوەکاندا بەدەستبێنین، ئەوا دەبێت لەم چرکەساتەوە، نەک چاوەڕوانی داهاتوو بین، بایەخ بە وردەکارییەکانی ئەو مەسەلەیە بدەین و مل نەدەین بۆ ڕەشبینی و ناشرینی دۆخەکەی، چونکە پاکوخاوێنی لایەنی جوانکاریی خۆی هەیە و کورتترین ڕێگەیە بۆ گەیشتنە دڵ و مێشک.

ڕۆژنامەی هاوڵاتی ژمارە (٦٨٥)/ ٥-١٢-٢٠١٠

## نوێکردنەوە پرۆسەیەکی هەمەلایەنە

هەندێک لای ئێمە پێیانوایە نوێکردنەوە مەسەلەیەکی تەکنیکی و هونەریو ئیرادەگەرانەیەو گرفتەکە لەوەدایە خاوەنی ئەو توخمە لێهاتوانە نین، کە بڕوایان بە نوێکردنەوە هەیە و ئامادەن بیگەیەننە دوامەنزلگە خۆی و قوربانی لەپێناویدا بدەن. لەکاتێکدا نوێکردنەوە (بەواتا گشتییە هەمەلایەنەکەی) پشتبەستووە بە کۆمەڵێک توخمی کۆمەڵگە، کە دەبێت کار لەیەکتری بکەن و پشتگیریی یەکتربکەن و یەکتری تەواوبکەن، چونکە تاکە هۆکارێک لەئارادانییە بۆ یەکلاکردنەوەی پرۆسەی نوێکردنەوە، بەوپێیەی توخمەکانی کۆمەڵگەو حوکمڕانی کارلێکدەکەنو هەریەکەیان ئەکێکی نوێکردنەوەی دەکەوێتەئەستۆ، بۆیە پەککەوتەییو کەمتەرخەمی و ڕەقهەڵاتنی هەر توخمێکی کۆمەڵگە، کاریگەریی لەسەر تێکڕای پرۆسەی نوێکردنەوە دەبێت.

کەواتە پێویستە ئاخاوتن دەربارەی هەر پرۆژەیەکی نوێکردنەوە، ئاخاوتن بێت دەربارەی تێکڕای توخم و کایەو ڕەوتەکانی کۆمەڵگە بەگشتی و تێپەڕاندنی ئامانجە لاوەکییەکان یان ستراتیژە لێک دابڕاوەکان. چونکە پرۆسەی نوێکرنەوە بەرهەمی هاتنەدیی کۆمەڵێک ئامانجی هەمەڕەنگی تیکهەڵکێشە (ئابووری، سیاسی، کولتووری، کۆمەڵایەتی، تەکنیکیو...هتد) و لەو ڕوانگە گشتییە هەمەلایەنەوە نەبێت، کە ئاستەکانی کۆمەڵگەو حوکمڕانی بابەتیانە پێکەوە دەبەستێت، ناتوانێت ئامانجە چاوەڕوانکراوەکانی پەرەپێدان بهێنێتەدی. بەواتایەکی دیکە، پەرەپێدانی ئابووری و بیناسازی بەتەنیا ناتوانێت نوێکردنەوە دەستەبەربکات، ئەگەر بوارەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتووریی کۆمەڵگە دواکەوتووبن. دیموکراسیش بەتەنیا، بەبێ پشتبەستن بە پەرەپێدانی ئابووری و کۆمەڵایەتیو کولتووریی کۆمەڵگەو دەستەبژێرەکان، ناتوانێت نوێکردنەوە مسۆگەربکاتو «شۆڕشی ڕۆشنبیری»یش، ئەگەر هاوشانی پرۆسەی کەڵەکەکردنێکی باش نەبێت لە بواری پەرەپێدان و پەرەسەندنی سیاسیی کۆمەڵگەو حوکمڕانیدا، لەتوانایدا نابێت نوێکردنەوە بهێنێتەئاراوە.

بەکورتی و پوختی، مەحاڵە نوێکردنەوە لە بوارێک یان کایەیەکی دیاریکراودا بێتەدی و ئەستەمە پرۆسەی نوێکردنەوە لە ئاستێکی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیدا قەتیسبکرێت، چونکە نوێکردنەوە بە سروشتی خۆی هەمەلایەنانەیەو گشت کایەو ئاستەکانی کۆمەڵگە لەخۆدەگرێت و ناکرێت نوێکردنەوە لەسەر بنچینەی تێڕوانینێکی کورتکراوەو پارچەپارچەخواز بێتەدی. بۆیە دەبێت جەغت لەسەر ئەوە بکەینەوە، کە پرۆسەی نوێکردنەوە بێسوودو بێئاکام دەبێت، ئەگەر هەمەلایەن نەبێت و سەرتاپای کۆمەڵگە و حوکمڕانی نەتەنێتەوەو لە چوارچێوەی ستراتیژێکی هەمەلایەنی کامڵدا دانەڕێژرابێت. هەروەها دەبێت ئەوە دووپاتبکەینەوە، کە نوێکردنەوە دەبێت بەشێوەی هەنگاوبەهەنگاوی گونجاو بێت، نەک کتوپڕانە و ئەنجامی بڕیارگەل و کارڕاییگەلی ڕیزپەڕانەو بەبێ زەمینەخۆشکردنی کۆمەڵایەتی گونجاو. چونکە نوێکردنەوەی سەرکەوتوو ئەوەیە، کە لەتوانایدایە توخمە جوربەجۆرەکان ببزوێنێ و نزیکبێتەوە لە ئامانجە دیاریکراوەکان، لەکاتێکدا نوێکردنەوەی ناتەواو و پەککەوتە ئەوەیە، کە جەغت لەسەر لایەنێک یان کایەیەک دەکاتەوەو ئەوانی دیکە فەرامۆشدەکات و سەرەنجام هەنگاوی پەرەپێدانی شڵەژاوو بێ سەروبەر دەخاتەوە.

زۆر نووسەر و ڕۆژنامەنووس– لە ڕووی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیری، تەکنیکیو بەهاکانەوە– باس لە واقیعی قەیراناویی کۆمەڵگەی کوردستان دەکەن و ڕەشبینن بەرامبەر بە ئەگەری نوێکردنەوەو پەرەپێدانی کۆمەڵگە. هەندێکی دیکەش پێیانوایە بوونی قەیران نیشانەی ژیان و زیندوێتی کۆمەڵگەیە، چونکە قەیران تەنیا لە بواری جوڵەو ژیاندا سەرهەڵدەدات. ئەگەر ئاستەنگەکانی نوێکردنەوەو هۆکارەکانی جێگیرکردنی واقیع و توخمەکانی ئیفلیجکردنی پەرەپێدان لەئارادابن، ئەوا زیندوێتی کۆمەڵگە و توخمە چالاکەکانی هێزی تەکاندەرن و بێگومان سەرەنجامەکانی بەشێوازی فیکری، سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی جۆربەجۆر دەردەکەون.

پرسیاری جەوهەری لێرەدا، هەڵبژاردنی یەکێکە لەم دوو شێوازە: یەکەم پشتدەبەستێت بە چاکسازی و دەستکاریکردنی توخمو ڕەوتە کۆمەڵایەتی و سیاسیو ئابوورییەکانی ئێستا، بەبێ دەستبردن بۆ ناوەڕۆک و بنچینەو کۆڵەکەکانی. واتە جەغت لەسەر پرۆسەی کەڵەکەکردنی وردە چاکسازییەکان دەکاتەوە. شێوازی دوەم پشئەستووورە بە هەڵوەشاندنەوەو سەرلەنوێ بنیاتنانەوەو هێنانەئارای گۆڕانکاریی بنەڕەتی، واتە گۆڕانکاریی هەمەلایەن لە گشت بوارەکانی ژیانی کۆمەڵگەدا.

دوور لە دەمەقاڵێ و مشتومڕی نێوان شارەزایان، دەبێت بڵێین کە پرۆسەی

نوێکردنەوە گەمەیەکی تیۆری یان مەسەلەیەکی فیکری و وێناکردنێکی زەینی نییە، بەڵکو پێداویستیەکی کۆمەڵگەیی زۆر زیندووی هەنوکەیی و پێویستەو ئامانجی چاککردنی کواڵیتی ژیانە لە هەموو ڕوویەکەوە، بەشێوەیەک کە لە ڕووی ماددی و کولتوورییەوە پەرە بە مرۆڤ بدات و مافەکانی و شکۆمەندی و مرۆڤبوونی بپارێزێت.

ڕۆژنامەی هاوڵاتی ژمارە (٦٨٨)/ ١٥-١٢-٢٠١٠

## هەڵکردن و قبوڵکردنی جیاوازی

حشاهەڵنەگرە، جێگیرکردنی کولتووری هەڵکردن (تۆلەرەنس) و پێکەوەژیانو قبوڵکردنی ئەویدیکەی جیاواز پێداویستییەکی بنچینەیی و هەنوکەییە، بەتایبەتی لەم هەلومەرجە هەستیارەو ناسکەدا، کە لە گشت ڕوو و لایەنێکەوە لە کوردستان پیایدا تێدەپەڕین. پێویستە ئەو کولتوورە لە ناخ و مێشکی نەوەکانی ئەم سەردەمەدا بچەسپێنرێت، چونکە ئەوە دەبێتە هۆی خوڵقاندنی نەوەیەکی هوشیار، کە دەتوانێت باری گرانی بەرپرسیارێتی لەکۆڵبگرێ و بەشێوەیەکی باش و دروست سەرکردایەتیی قۆناغی ئێستاو داهاتوو بکات. بەوپێیەی ئەمجۆرە کولتوورە چەسپێنەری مەرجەکانی یەکرێزیی نیشتیمانیە، کە دەبێت پشتبەستوو بە متمانەی لایەنەکان و دوور لە زاڵکردنی بەرژەوەندیی تەسکی تایبەتی بنیاتبنرێ.

هەڵکردن و قبوڵکردنی ئەویدیکە تەنیا بە دیالۆگ و پێکگەیشتن و بەشداریکردنی ڕاستەقینە مەیسەردەبێت، چونکە بە بەرپاکردنی دیالۆگی بنیاتنەرانە و خوڵقاندنی کەشوهەوایەک بۆ ڕەخنەگرتن و بیری سەربەخۆیانە، ئاشتی و سەقامگیریو پێکەوەژیان باڵدەکێشێت بەسەر کۆمەڵگەدا. دیالۆگ و پێکگەیشتن ڕێگەیەکی ڕاستە بۆ چارەسەرکردنی گشت مەسەلە هەڵواسراوەکان و ئەڵتەرناتیڤی ڕاستو دروستی سەپاندنی زۆرەملێیانەی بیروڕایشە. بە دیالۆگ دەتوانین پێکگەیشتنو خۆشەویستی و ئاشتی بپارێزین و بەهاکانی دیموکراسیو هاریکاریکردن بچەسپێنین. لێرەشدا تەنیا بانگەشەکردن، بەبێ هەنگاونانی جیدی بۆ جێبەجێکردنی ئەو خاڵانەی لایەنەکان لەسەری ڕێکدەکەون، بەس نییە بۆ سەرخستنی دیالۆگ. چونکە ئەگەر لایەنەکانی دیالۆگ متمانە بە گرنگی و پێویستیی ئەنجامدانی دیالۆگ نەکەن و ئاستەنگ و ڕێگرەکانی وەلاوەنەنێن، ئەوا دیالۆگ بێ ئامانج دەبێت و لەپێناو دیالۆگدا دەبێت. ئەگەر بمانەوێ کۆمەڵگەیەکی شێلگیری خاوەن هێزێکی جیاکارەی تایبەت بەخۆمان هەبێت، ئەوا دەبێت کەشوهەوایەکی باش بڕەخسێنرێت بۆ ئەوەی کولتوورە جیاوازەکان لە دیالۆگی بەرهەمداردا بن، چونکە ئەوە سوودی بۆ

هەموولایەک دەبێت و یارمەتیدەر دەبێت بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی هاوکاریخواز، بەوەش پرۆسەی پێکگەیشتنی نێوان پێکهاتەکانی کۆمەڵگە بەهێزدەبێت.

قبوڵکردن ئەویدیکەی جیاواز مانای بڕواهێنان نییە بە بیروڕاو تێڕوانینەکانی، بەڵکو داننانە بە بوونی جیاوازیی ئەودا و قبوڵکردنی بوونیەتی. پێویستە ئەو قبوڵکردنەش بەبێ گوێدانە ڕەگەز، ئایین، نەتەوە، پێشینەی کۆمەڵایەتی و ئاقاری سیاسی بێت و ڕێزی جیاوازییەکە بگیرێت و کار بۆ چەسپاندنی کولتووری قبوڵکردنی ئەویدیکەی جیاواز بکرێت، جا ڕادەی جیاوازییەکە هەرچەندێک بێت.

هەڵکردن و دیموکراسی دوو ئاڕاستەن (واتە دان و وەرگرتن) و بەشێوەیەکی پۆزەتیڤانە لەگەڵ بەها مرۆڤایەتییە نوێکاندا کارلێکدەکەن و دوورن لە ڕۆحی دەمارگیری و ڕق و کینەو سڕینەوەی ئەویدیکەی جیاواز. چونکە پیواری دیموکراسی دەبێتە هۆی نەبوونی هاوسەنگی لەنێوان دەربڕینی بیروڕاداو نائامادەیی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی.

داننان بە کولتووری هەڵکردن و قبوڵکردنی ئەویدیکەی جیاوازدا بەوتە باشو قبوڵکراوە، بەڵام چەسپاندن و گشتاندنی لە ژیانی ڕۆژانەماندا بەشێوەیەک کە سوودی بۆ هەموان هەبێت، پێویستی بە کارو تێکۆشانی زۆر و بێوچانە. بۆ ئەو کار و تێکۆشانەش گرنگە ڕەچاوی ئەم هەنگاوانە بکرێت: پێڕەوکردنی بەرنامەی پراکتیکی بۆ پەرەپێدانی هوشیاریی هەڵکردن و قبوڵکردنی جیاوازی لای کۆمەڵگە، دانانی بەرنامەی فێرکردنی نوێ بۆ پەروەردەکردنی ئەو نەوە هوشیارانەی ئەرکەکانی قۆناغ دەگرنەئەستۆ، دەستەبەرکردنی ئامرازی ڕاگەیاندنی پیشەکارو پێشکەوتوو، ڕەتکردنەوەی گشت جۆرەکانی توندڕەوی و پاشکەوتوویی لە ڕێگەی کۆرس و کۆڕ و ۆرکشۆپی جۆربەجۆرەوە.

بیرۆکەی هەڵکردن و قبوڵکردنی ئەویدیکەی جیاواز و پێڕەویکردنی دیالۆگو وەلاوەنانی بیرۆکەی ڕەتکردنەوەی ئەویدیکە و تۆڵەسەندنەوە، پشتئەستوورە بە ئامادیی ئەو لایەنانەی دەیانەوێ داهاتووی خۆیان لەسەر بنچینەی زاڵکردنی بەرژەوەندیی گشتی بەسەر ناکۆکییە تاکەکەسییەکان و هەستوسۆزە نائەقڵانییەکاندا بنیاتبنێن.

ڕۆژنامەی هاوڵاتی ژمارە (٦٩٠)/ ٢٢-١٢-٢٠١٠

# کەسی شیاو لە شوێنی شیاو

لە کوردستان کولتووری دانانی کەسی شیاو لە شوێنی شیاو بەدیناکرێت، دانانی کەسەکان بۆ پۆستە جیاجیاکانی حکومەتیش لەسەر بنەمای ئینتیمای حیزبی، یان لایەنگیریی سیاسی، یاخود ناسین و خزمایەتییە. ئەگەر چاوێک بگێڕین بە زۆربەی دامودەزگانی حکومەتدا، نموونەی زۆرمان دەستدەکەێت، سەبارەت بە دانەنانی کەسی شیاو لە شوێنی شیاودا. بۆیە دەبینین کەسێک کراوەتە بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتیەکی گرنگ، کە پەیوەندیی بە ژیانو سەلامەتیی هاوڵاتیانەوە هەیە، کەچی ئاشنای لانی کەمی بنەما و ڕێساکانی ڕاییکردنی کارەکانی ئەو بەڕێوەبەرایەتییە نییە. کەسێکیش کراوەتە بەڕێوەبەری فەرمانگەیەک، کە لە ڕووی شارەزایی و لێهاتوویی و ئەزموونی کارکردنەوە، کەسانی زۆر لەو باشتر و شایستەتر لە فەرمانگەکەدا هەن. ئەمە جگە لەوەی دامەزراندن لە هەرێمی کوردستان هێشتا لە ڕێگەی فەرمانگەیەکی شارەزاو بەئەزموون و خاوەن پێوانەو ڕێسای دیاریکراوەوە نییەو لە دوای ڕاگەیاندنی ئاشکراو پێشکەشکردنی داواکارینامە و سیڤی ئەنجام نادرێت، بەڵکو بەپێی سەلیقەی تاکەکەسی و زیاتر بۆ ئەو کەسانەیە، کە کەسوکاری ئەنفال و شەهیدانن، یان ئەندامی ئەم یان ئەو لایەنی سیاسین. بەوپێیەش پلەی سەروو هاوڵاتیبوون بەخشراوەتە ئەو کەسوکارو ئەندامانەو زۆر کەسی شایستە و موستەحەق، پاش بەسەربردنی تەمەنێکی زۆر لە خوێندنداو بەگەڕخستنی پارەو توانای تاکەکەسی و خێزانی، بێبەشکراون لە دامەزراندن.

سیاسەتی دانانی کەسی شیاو بۆ شوێنی شیاو، مانای هەڵبژاردن و پۆڵێنکردنی تاکەکانە بەپێی بنەماگەلی زانستی و ئەو پێوانەو خەسڵەتانەی ئامادەکراون بۆ ئەوانەی پۆستێک یان کارێک بەدەستدێنن، بۆ دانانی ئەو کەسەی شارەزاییە پیشەییەکان و توانا کەسێتییەکانی ڕێگەی پێ دەدەن ئەو پۆست یان کارە بەرێتەڕێوە. چونکە سەرکەوتنی هەر حکومەت، دامەزراوە یان فەرمانگەیەک پشتبەستووە بە لێهاتوویی کارمەندەکانی و هەڵبژاردنی کەسی شیاو ئەنجامی

لێکۆڵینەوەو هەڵسەنگاندنی زانستی و بەپێی پێوانە و مەرجگەلی پێشوەخت ئامادەکراو و بڕواپێکراو.

پێڕەونەکردنی سیاسەتی دانانی کەسی شیاو لە شوێنی شیاو، بەشێوەیەکی گونجاو و دروست، چەندین کاریگەری و ئاسەواری ئابووری و کارگێڕیی خراپی لە کوردستاندا خستۆتەوە، لەوانە: تەشەنەکردنی دیاردەی گەندەڵیی کارگێڕی، بەفیڕۆدانی سامانی مرۆیی لەبەر وەبەرنەهێنانی ڕاستی وزەو تواناکانو پەرەپێدانی لە خزمەتی تاک و کۆمەڵگەدا، بەهەدەردانی بەرهەمی ناوخۆیی لەبەرئەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی تاکە نەشیاوەکان هاوسەنگ نین لەگەڵ توانا مادی و مەعنەوییە بەکاربراوەکانی ڕاهێنانیاندا، خراپبوونی بەڕێوەبردن لە لایەنە جۆربەجۆرەکانی ژیانی ئابووریدا، کە ڕەنگدانەوەی خراپی هەیە لەسەر بارودۆخی ئابووری، لەناوچوونی کۆشش و کاتی حکومەت و پارەیەکی زۆری دامەزراوە یان فەرمانگەکەکان...هتد.

باشترین چارەسەر بۆ کێشەی دانەنانی کەسی شیاو لە شوێنی شیاو، خۆپاراستنە لە کەوتنە ناوییەوە، نەک گەڕان بەدوای ڕێگەچارەدا پاش ڕوودانی. واتە ئەگەر بمانەوێ خۆمان لە کێشەکە و ڕەهەندە ئابوورییە خراپەکانی بپارێزینو کۆششبکەین بۆ بنیاتنانی ئابووری و کارگێڕییەکی دروستی گەشەکردوو، پێویستە کولتووری دانانی کەسی شیاو لە شوێنی شیاو بهێنینەئاراوەو پێڕەوییبکەین، بەمەبەستی خوڵقاندنی زەمینەی دروست و ڕاست بۆ هەڵبژاردن و پۆلێنکردنی تاکەکان. هەروەها کاربکەین بۆ دۆزینەوەی باشترین ڕێگەی هێنانەدیی ئەو کولتوورە، بۆ گەیشتنە بنیاتنانی دامەزراوەیەکی زانستی وەها، کە توانای دیاریکردنو کارپێکردنی پێوانە زانستییەکانی دامەزراندنی هەبێت و پشت بە تاقیکردنەوەی پیشەیی و دەروونی ببەستێت بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە. هەروەها تێبکۆشین بۆ ڕەتکردنەوەی جیاوازیخوازی لەسەر بنەمای پێشینەی خەباتی دایک و باوک یان ئینتیما بۆ هێزێکی سیاسی و پیادەکردنی دادپەروەری و بەخشینی دەرفەتی یەکسان بە هەموو هاوڵاتیان.

ڕۆژنامەی هاوڵاتی

## هوشیاریی سیاسی پێداویستییەکی گرنگە

هوشیاریی سیاسی، دەرککردنی تاکە بە واقیعی کۆمەڵگەیی و هەرێمایەتیو نێونەتەوەیی، ناسینی سروشتی هەلومەرجی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریی چواردەورە، ئاشنابوون بە کێشە جۆربەجۆرەکانی سەردەم و ئەو هێزانەی کاریگەرییان لەسەر بڕیارسازیی نیشتیمانی و جیهانی هەیە. هوشیاریی سیاسی ڕێگەی تاکە بۆ ئاشنابوون بە ماف و ئەرکەکانی خۆی.

کۆمەڵگەی کوردستان، وەک یەکێک لەو کۆمەڵگانەی لە قۆناغی گواستنەوەدایە بەرەو دیموکراسی، پێویستیی بە ئاوێتەیەکی زانیارییە سیاسییەکان هەیە، کە بەهاو ئاقارگەلی سیاسیی جۆربەجۆر لەخۆدەگرێت و تاکی کورد لە ڕێگەیەوە دەتوانێت ئاشنابێت بەو هەلومەرج و گرفتانەی لەسەر ئاستی ناوخۆو جیهانی دەوریانداوەو هەڵوێستی خۆی بەرامبەریان دیاریبکات و بەشداربێت لە گۆڕینو گەشەپێدانیاندا. بۆیە ئەو تاکە پێویستی بە تێڕوانینێکی سیاسیی هۆشمەندانەی هەمەلایەن هەیە، دەربارەی هەلومەرج و قەیرانەکانی ناو کۆمەڵگە، بۆ ئەوەی هەست بە بەرپرسیارێتی خۆی بکات و ڕەخنە لە ڕەفتارە خراپەکانی لایەنەکانو حوکمڕانی بگرێت.

پێکهاتنی هوشیاریی سیاسی لە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکاندا، گۆڕانکاریی ڕۆشنبیری و سیاسی و کۆمەڵایەتیی گەورەی خوڵقاندوە، سەرەنجام هوشیاریی سیاسیی تاکیش گەشەیکردوە. گرنگترین سەرچاوەکانی هێنانەدیی هوشیاریی سیاسی، ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی سەربەخۆو ڕێکخراوە جۆربەجۆرەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بووە. ئەمە وێڕای خۆ ڕۆشنبیرکردن لە ڕێگەی خوێندنەوەی کتێب، ڕۆژنامە، گۆڤارە هەفتانەو مانگانەو وەرزییەکان، کۆڕو دیدارە جۆربەجۆرەکانەوە. هەروەها بنکەی هوشیاریی سیاسیی تاک ئەنجامی بەشداریکردنی سیاسی، وەک بەشداریکردن لە ڕێپێوان و خۆپیشاندان و دەنگدان و ڕاپرسی و مانگرتنەکانو ئەوانی تردا، فراوانتربووە. ئەو جۆرە چالاکیانە تاکیان دەوڵەمەندکردوە بە

ئەزموونی سیاسی و فیکری و بەشداریانکردوە لە پەروەردەکردنی سیاسیانەو کۆمەڵایەتیانداو ڕاستکردنەوەی تێڕوانین و بیروڕا سیاسییەکانیان و کەشوهەوای سیاسیی پۆزەتیڤانەو بەهاگەلی کۆمەڵایەتی دیموکراتیانەیان خوڵقاندوە.

هوشیاریی سیاسی لە کۆمەڵگە تازەپێگەیشتووەکاندا، زۆر گرنگە بۆ بنیاتنان و چەسپاندنی دیموکراسی و بەهێزکردنی وێناکردنی تاک بۆ مەسەلەکانی نیشتیمانەکەی. کوردستانیش، کە یەکێکە لەو جۆرە کۆمەڵگانە، پێویستی بە هوشیارییەکی ڕۆشنبیری و سیاسیی هەمەلایەن و فراوان هەیە، بۆ ئەوەی لە ڕێگەیەوە ئەو خەسڵەت و چەمک و بەهایانە ڕێکبخات، کە بەرەو دیموکراسی دەبەن‌و کۆمەڵگە لە ڕووی سیاسی و ڕۆشنبیرییەوە گۆشبکرێت، بۆ بەهێزکردنی بەرەی ناوخۆو یەکڕیزیی نیشتیمانی و جێگیرکردنی حوکمڕانیی باش. گرنگیی هوشیاریی سیاسی لە کۆمەڵگەکەماندا لەوەوە سەرچاوەدەگرێت، کە مەرجێکی هێنانەدیی دیموکراسییە و ماناکانی دەروەستبوون بە نیشتیمان و خۆشەویستنی نیشتیمان بەهێزدەکات. هەروەها چالاککردنی هوشیاریی سیاسی گرنگە بۆ ئاشنابوونی هاوڵاتیان بە مافە شارستانی و یاساییەکان و ئەرکەکانیان لە کۆمەڵگەدا. پێویستە بازنەی هوشیاریی سیاسی زیاتر توێژی لاوان بگرێتەوە، چونکە زۆر پێویستن بۆ کاراکردنی ڕەفتاری سیاسی و دیموکراتیانە لە کۆمەڵگەدا، لەبەرئەوەی لاوان وزەیەکی لەبن نەهاتوون، یارمەتیی کۆمەڵگە دەدەن بۆ نەهێشتنی دیاردەکانی توندوتیژی، زۆربۆهێنان، دوورخستنەوەو پەراوێزخستن‌و پەنابردن بۆ زمانی ئەقڵ‌و دیالۆگ لە هەموو قەیرانەکانداو بەپێی بنەماکانی دیموکراسی. بانگەوازی بەشداریکردنی لاوان، بە هەردوو ڕەگەزەوە، لە کاری سیاسی و لە ڕێگەی دامودەزگاکانی حکومەتەوە، ڕۆڵی ئەزموونی دیموکراتی لە بوارەکانی کاری سیاسی و کارگێڕیدا دەچەسپێنێ.

پیواری (غیاب) هوشیاریی سیاسی کاریگەریی خراپی لەسەر بنیاتنانی سیاسی‌و دیموکراتی کۆمەڵگە دەبێت و دەبێتە هۆی لەدەستدانی تێڕوانینی ڕوون بەرامبەر بە سیاسەت و ڕۆشنبیریی لە کۆمەڵگەداو وادەکات بەهاکانی ژیان هەرەسبێنن و لە پانتایی کۆمەڵگەدا ڕەونەقیان نەمێنێ. هەر پاشەکشەو چوونەخۆیەک لە ڕێڕەوی بنیاتنانی هوشیاریی سیاسیدا، ڕۆڵی کۆمەڵگە پەکدەخات و پشکۆی ئەقڵی مرۆڤەکان دادەمرکێنێتەوە. لەسایەی پیواری هوشیاریی سیاسیدا هیچ گەل و کۆمەڵگەیەک ناتوانێت ئاشنای واقعەکەی خۆی بێت و لایەنەکانی بەهێزی‌و لاوازیی و ئەو هۆکارانە دیاریبکات، کە کاریگەرییان لەسەری هەیە. هەروەها پیواری هوشیاریی سیاسی، دیموکراسی دەخاتە مەترسییەوەو واتاکەی پارچەپارچەدەکاتو دەرفەتی

گونجاو بۆ ئەوەی میللەتەکەمان بە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا ڕابگات لەناودەبات.
لێرەشدا ئەرکی هێنانەدیی هوشیاریی سیاسی دەکەوێتە ئەستۆی هێزە سیاسییەکان و کۆمەڵگەی مەدەنی و ئامرازەکانی ڕاگەیاندن. کۆمەڵگەش دەبێت دەرک بە بەهاو گرنگیی هوشیاریی سیاسی بکات و پشتگیریی ئەو دەنگ و هێزانە بکات، کە بانگەشە بۆ چاکسازی و گەشەپێدانی کۆمەڵگە دەکەن.

ڕۆژنامەی هاوڵاتی ژمارە (٦٩٩)/ ٩-١-٢٠١١

## نەوەکان: دژایەتیکردن یان تەواوکردنی یەکتر

هەمیشــە کەلێن لەنێوان نەوە جۆربەجۆرەکاندا بەدیدەکرێــت و مامەڵەکــردن لەگەڵیدا سێ ئاڕاستە دەگرێتەبەر: ململانێ، گۆشەگیری و یەکتر تەواوکردن. ئەوەی جێی داخە پەیوەندیی نێوان نەوەکان لای ئێمە سروشتی ململانێ و گۆشەگیری زاڵە بەسەریدا، نەک هاوکاریکردن و یەکتر تەواوکردن.

بۆ ئەوەی هەر کارێک سەرکەوتووبێت، پێویستە ململانێی نێوان نەوەکان بگۆڕێت بۆ کارێکی بنیاتنەرانەو پێشبڕکێیەکی شەریفانەو ڕێگەنەدرێت ناکۆکیەکان و کەلێنە سروشتییەکانی نێوان نەوەکان بگۆڕێت بۆ ناکۆکی و کێشە لەنێوانیاندا. بۆ ئەو مەبەستەش کارکردن بۆ هاتنەدیی چەند مەرجێک گرنگە:

یەکەم/بڕوابوون بە پرنسیپی لێکئالأن و یەکتر تەواوکردنی نەوەکان، نەک گۆشەگیری و ململانێی نێوانیان. واتە کاتێک باسی «سەرکردایەتی تێکۆشان» دەکرێت، نابێت مەسەلەکە ئەوە بێت: کێ ڕابەرایەتی کێ دەکات؟ بەڵکو دەبێت ئەوەبێت: کێ دەتوانێت چی بکات؟ چونکە مەسەلەکە پیواری (غیاب) سەرکردایەتی گەنج نییە لە کایەکانی کارکردندا، بەڵکو کارکردن و خۆتەرخانکردن و بەخشندەییە. ئەگەر گەرەکمان بێت کارێک سەرکەوێت، ئەوا پێویستە پێکگەیشتن و یەکتر تەواوکردنی نەوەکان لەئارادابێت. بەوپێیەی دانایی، زانین و ئەزموونی گەورەکان گرنگن بۆ سەرکەوتنی کۆششی گەنجەکان و توانا و ئامادەیی گەنجان گرنگن بۆ قوربانیدان، خۆبەختکردن و بەخشندەیی لەپێناو هێنانەدیی خەون و ئاواتەکانی نەوەی پێشوودا.

دووەم/هەمەڕەنگی و هەمەلایەنی لە کارکردندا. هەمەڕەنگی دیاردەیەکی دروست و پێویستە بۆ ژیانێکی باش. ئەمەش مانای ئەوەیە چارەسەری کێشەو گرفتەکانمان هەمەڕەنگ و هەمەلایەنن. مەبەست کۆششکردنە بۆ دۆزینەوەی چوارچێوەو میکانیزم و چارەسەرگەلی وەها کە گشتمان دەرەقەتیان دێین و گونجاون بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ناکۆکیەکانمان و تواناکانمان لەئامێزدەگرن و هانی دەستپێشکەرییەکان دەدەن.

سێیەم/جەغتکردنەوە لەســەر ئامانجەکان زیاتــر لــە ئامڕازەکان. زۆربەی دیالۆگەکانمان جەغت لەسەر ئامڕازەکان دەکەنەوە نەک ئامانجەکان. ئەگەر بڕوامان بەوە هێناوە هەمووومان لەسەر یەک ئامانج کۆکین، ئەویش هێنانەدیی حوکمڕانییەکی چاکە، بۆچی هەریەکەمان شێوازو میکانیزمەکانی خۆی پێ باشەو دەچێت بەگژی ئەوەی ئەوانی دیکەدا؟ ئامانجە ناکۆکەکان ململانێ دەخەنەوە، بۆیە گرنگە سەرەتا جەغت لەسەر مەسەلە سەرەکییەکەمان بکەینەوە، نەک کەسایەتی و شێوازەکان، ئینجا ڕەخنەی بنیاتنەرانە پێڕەوی بگرین و ڕەخنەی ڕووخێنەر وەلاوەنێین، دواتریش ڕێزی تێڕوانین و بیروڕای ئەوانی دیکە بگرینو خۆمان لە ڕەتکردنەوەو برینداركردنیان بەدووربگرین.

چوارەم/ دۆزینەوەی میکانیزمو شێوازگەلی بەکردەوە بۆ هێنانەدیی پێکگەیشتنی نەوە جۆربەجۆرەکان. پیواری ئەو میکانیزم و شێوازانە بۆتە هۆی گەورەبوونی کەلێنی نێوان نەوەکان. بۆیە ئەگەر مەبەستمان بێت سەرکەوتن بەدەستبێنین، دەبێت ئامڕازەکانی پێکگەیشتن بخەینەگەڕ بــۆ یەکترناسین، پێکــەوە کارکردنو یەکگــرتــن.

مەسەلەی نەوەکان ئاڵۆزو تێکچڕژاوەو دەکرێت بە چاک و خراپ بەکارببرێت. ئەگەر نەوەکانمان هاوکاریکردن، یەکتر تەواوکردن و پێشبڕکێیان پێڕەویکرد، ئەوا سەرەنجامەکە باش دەبێت. ئەگەر چوون بەگژی یەکداو ناکۆک بوون و کەوتنە ململانێوە، ئەوا سەرەنجامەکە خراپ و وێرانکار دەبێت. بێگومان بەبێ داناییو ئەزموونی گەورەکان و تواناو وزەی گەنجەکان سەرکەوتن بەدەست نایەت. لێرەشدا پێویستە کارکردن سەنگی مەحەک بێت، نەک تەمەن.

گۆڤاری هەفتانە ژمارە (١) ١-٧ حوزەیران ٢٠٠٨

## چەند خەسڵەتێکی حیزبی کوردی

حیزبی سیاسی لە کۆمەڵگە پێشکەوتوەکاندا ڕێکخراوێکی کۆمەڵگەیی نوێیە، کە چەند هێزێکی کۆمەڵایەتی لەخۆدەگرێت و گوزارشت لە بەرژەوەندییەکانیان دەکات، ئامانجی چارەسەرکردنی ناکۆکییە کۆمەڵایەتیەکانە بەشێوازی ئاشتیخوازانەی هەنگاوبەهەنگاو، کە بەپێی ڕێژەی تەرازووی هێزە کۆمەڵایەتیەکان لە هەلومەرجێکی دیاریکراودا دەستنیشاندەکرێت. بۆیە بە گرنگترین دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دادەنرێت و چاکترین بەڵگەی بەشداریکردنی سیاسیی چالاکانەو ئامادەبوونە لە بڕیارسازیدا. جا ئەوە لە ڕێگەی دامەزراوەکانی یاسادانانەوە بێت، یان چاودێریکردنی دەسەڵاتی جێبەجێکردن، یاخود دەستاودەستکردنی ئاشتیخوازانەی دەسەڵاتەوە. هەروەها حیزبی سیاسی ئامرازێکە بۆ هەڵکشانی توێژو چینە کۆمەڵایەتیەکان لە لاوەکێتی و دەستەگەریی بەرژەوەندییەوە بۆ باوەشی گشتبوونی کۆمەڵایەتی و بەرژەوەندیی نیشتیمانی گشتی.

حیزبی کوردی بەشێوەیەکی گشتی خاوەن خەسڵەتی عەقیدەخوازانەیە، واتە خاوەنی کۆمەڵێک ئامانج و داخوازی و تێڕوانینی خۆییە، کە بینینی واقیع وەک خۆی بۆ خاوەنەکەی سەخت و مەحاڵ دەکات. واتە خەیاڵپڵاوییەکی پێ بەخشیوە گوایە ویستی ئیرادەگەرانە شوێنی حەقیقەتە واقعیەکان و یاسا بابەتیەکان دەگرێتەوەو بەش (حیزب) دەتوانێت گشت (کۆمەڵگە) دیارییبکات، بڕوای خۆیی زاڵبێت بەسەر هەلومەرجی بابەتیدا، خەون و خواستە تایبەتیەکان ببنە ڕاستیی ڕەها بۆ تێکڕای کۆمەڵگە. لەم ڕوانگەیەوە حیزبی کوردی خاوەن چەند خەسڵەتێکی ئیشکالیەتئامێزە، کە دەبێت بخرێنەڕوو بەمەبەستی ڕەخنەلێ گرتن و چاکسازی:

١/بڕوابوونی ڕەهاخوازانەی ئەندام و لایەنگرانی بە حیزبەکەو دەروەستبوونی بێ قەیدو مەرجیان بە ڕێبازەکەیەوەو ڕەتکردنەوەی هەرشتێک بکەوێتە دەرەوەی ئەو ڕێبازەو بەرەنگاربوونەوەی هەر بۆچوونێک نیشانەی پرسیار بخاتە سەر یەکێک لە جومگەکانی.

٢/بوونی خواستی بەدەستهێنانی دەستکەوت، کە بۆتە هۆی قۆرخکردنی دەسەلات، بەو پێیەی حیزب ئامرازێکە بۆ مۆنۆپۆلکردنی سامان و هێز، جڵەوکردنی گشت کایەکانی ژیانی کۆمەلایەتی و دارشتنەوەی بونیادی کۆمەڵگە بەشێوەیەک کە لەگەل بەرژەوەندیی توێژگەرانەی خۆیدا دەگونجێت.

٣/پەیوەندییەکانی ناوخۆو دەرەوەی لەسەر بنچینەی دەستەخوازانە دامەزراوە، نەک بوونی پرۆژەیەکی خاوەن ئامانج و قازانج. بەمجۆرەش ئەو حیزبە زیاتر لە عەشیرەتەوە نزیکە، چونکە وازهێنانی ئەندامێک و چونە ناو ڕێکخستنێکی ترەوە لادانێکی ئەخلاقیە و بەخیانەت دەژمێرێت.

٤/کاملبوونی بروای سیاسی هەستێکی بەخشیوە، کە حیزب مێژوویەکی نوێ بەرپادەکات لەوەوبەر نەبوەو جیهانێک بنیات دەنێت نوێ و بێوێنەیە.

٥/کورتکردنەوەی گشت بەهاو ڕەفتارە چاکەکان لە شەرەفی بوونە ئەندام لە ڕیزەکانیداو بڕوابوون بە پەیامەکەی و قوربانیدان لەپێناویدا، نەک لەپێناو پرۆژەیەکدا کە ئامانج و بەرژەوەندییە گشتییەکانی تێکرای کۆمەڵگە لەخۆدەگرێت.

٦/خۆ نەزانین بەبەشێک لە گشت و خۆ دانان بەگشتێک کە گوزارشت لە سەرجەم پێکهاتەکان دەکات و مافی نوێنەرایەتیکردنی کۆمەڵگەو گەل و میللەت بەخۆی دەبەخشێت.

٧/قۆرخکردنی حەقیقەت و ڕەوایەتی و نیشتیمانپەروەرێتی بەخۆشی، یان لە ڕێگەی بەکارهێنانی هێزەوە.

٨/گشت ئەو خەسڵەتانە بوونەتە هۆی ئامادەبوونی پیرۆزی لە حیزبی کوردیدا. واتە حیزب، دروشمەکانی، پرۆگرام و پێرەوی ناوخۆکەی دەکەونە ناو بازنەی پیرۆزەوەو هیچ ویستێکی تاکەکەسیی ناتوانێت دەستیان بۆ بەرێت، یان گومان بە چەند خاڵێکی بکات.

گۆڤاری هەفتانە ژمارە (٣) ١٥-٢١ حوزەیران ٢٠٠٨

# مافەکانی مرۆڤ

ئاخاوتن دەربارەی بابەتی مافەکانی مرۆڤ، قسەکردنە دەربارەی کەشی گشتیی پەرەپێدانی ڕۆشنبیری و نوێکردنەوەی کۆمەڵگە، چونکە پەرەپێدان و نوێکردنەوە بەبێ دابینکردنی مافی خوێندن و فێربوون، ئازادیی دەربڕین، مافی جیاوازی، یەکسانی، دیموکراسی، شکۆمەندی و هەڵکردن، واتە بەبێ دەستەبەرکردنی بونیادێکی گشتیی بۆ کولتووری مافەکانی مرۆڤ و ئەو بەهاو ئاکارانەی سەرچاوەیان لێوە دەگرن، نایەنەدی.

لەم ڕوانگەیەوە، پەروەردەکردنی تاکەکانی کۆمەڵگە لە ڕووی مافەکانی مرۆڤەوە گرنگ و پێویستە، چونکە دەبێتە هۆی جێگیربوونی کولتوورێک، کە داکۆکی لە مرۆڤ و بوون و بیرکردنەوەو کارپێکردنەکانی دەکات. بەوپێیەش دەستپێکێکی لۆژیکی و واقعییە بۆ هەر کارێک، کە ئامانجی پەرەپێدانی توخمی مرۆڤ و جێگیرکردنی بەهاو هەڵسوکەوتەکانی بێت و دەروازەیەکی پێویستیشە بۆ پەرەپێدان و نوێکردنەوەی کۆمەڵگە. سەرەنجام بایەخدان بە مافەکانی مرۆڤ، سنووری ئەو بۆنەو ئاهەنگانە جێدەهێڵێت، کە ساڵانە دێنەپێشەوە، وەک ڕۆژی جاڕی گەردوونی مافەکانی مرۆڤ، ڕۆژی منداڵان و ژنان و هەڵکردن. بایەخدانیش بە مافەکانی مرۆڤ دەبێتە خەمێکی ڕۆژانەی بەرپرسیارانەی ئەقڵانیی ڕێکخراو. بێگومان هەڵبژاردنی پەروەردە وەک دەروازەیەک بۆ بڵاوکردنەوەو چەسپاندنی کولتووری مافەکانی مرۆڤ، ستراتیژێکی بەهێزە بۆ هێنانەدیی ئەو پرۆژەیە.

پەروەردەکردنی تاکەکان لە ڕووی مافەکانی مرۆڤ پەروەردەکردنێکی مەعریفیانەی ڕووت نییە، بەڵکو بەپلەی یەکەم پەروەردەکردنێکی بەهاخوازانەیە، چونکە بایەخدانی ئەو پەروەردەیە بە لایەنی مەعریفی دوائامانج نییە، بەڵکو لە بنچینەدا ڕوودەکاتە ڕەفتار. خۆ ئەگەر هەندێک جار وا دەرکەوێت بایەخ بە لایەنی مەعریفی دەدات، ئەوە وەک دەروازەیەکی بنچینەییە بۆ گەیشتنە بڕواو ڕەفتارەکانی تاکەکان. ئەو پەروەردەکردنەش بایەخ نادات بە پڕکردنی مێشکی تاک بە زانیاری

دەربارەی شکۆمەندی، ئازادی، یەکسانی، جیاوازی و چەمکەکانی دیکە، بەڵکو لە بنچینەدا بایەخدەدات بەوەی مرۆڤ کار بەو مافانە بکات، بڕوای پێیان هەبێت، بۆ ئەوانی دیکەشی بە ڕەوا بزانێ و وەک پرنسیپگەلی پایەدار ڕێزیان لێ بگرێت. واتە ئەو چەمکانە زانیاری نین تەنیا بۆ فێربوون، بەڵکو بەهاگەلی گرنگن بۆ ژیان. واتە ئەو پەروەردەکردنە مانای دامەزراندن و جێگیرکردنی ئەو مافانەیە وەک بەهاگەلی گرنگ لەسەر ئاستی هۆشمەندی، ویژدان و هەستوسۆزو وەک ڕەفتاری کردەیی لەسەر ئاستی پراکتیکی. ئامانجی ئەو پەروەردەکردنەش دروستکردنی هاوڵاتیەکە بڕوای بە بەها دیموکراتیەکان و مافی مرۆڤ هەبێت، ڕێزیان لێ بگرێت، لە ژیانی ڕۆژانەدا بیانپارێزێت و جێبەجێیان بکات.

پەروەردەکردن لە ڕووی مافەکانی مرۆڤەوە پەروەردەکردنێکی مرۆڤانەیە، واتە ڕوو لە مرۆڤ دەکات وەک بوونێک. ڕۆشنگەرانەی ئەقڵانییە، واتە پشتئەستوورە بە چەمکگەلی وەک خود، ئەقڵ، ئازادی، هەڵکردن، جیاوازی، شکۆمەندی، یەکسانی و دیموکراسی. ڕەخنەگرانەیشە، واتە بەگشت ئەو بەهاو پرنسیپو ڕەفتارانەدا دەچێتەوە، کە ناکۆکن لەگەڵ مافەکانی مرۆڤدا و ڕێگرن لەبەردەم کارپێکردنیاندا. هەروەها ئەو پەروەردکردنە تەنیا ئاستی خوێندن و قوتابخانەکان ناگرێتەوە، بەڵکو شۆڕدەبێتەوە بۆ ناو خێزان، کایە جۆربەجۆرەکانی کۆمەڵگەو ئامرازەکانی ڕاگەیاندن. واتە کارێکی هاوبەشە خێزان، خوێندنگە و سەرتاپای کۆمەڵگە بەشداریی تێدا دەکەن.

گۆڤاری هەفتانە ژمارە (٤) ٢٢–٢٨ حوزەیران ٢٠٠٨

## گەنج و دامودەزگا و ڕێکخراوەکان

له کۆمەڵگەی کوردستاندا ئەرکێکی گرنگ، سەبارەت بە گەنجان، دەکەوێتە سەر شانی دامودەزگا ڕەسمی و ڕێکخراوە سیاسییەکان، ئەویش زەمینەخۆشکردنە بۆ ئەوەی چەکداربن بە زانیاری و زانست، نەوەی سەردەمەکەی خۆیان بن، تواناکانی خۆیان بخەنەکار، ئەزموونی هەمەلایەن و چاک بەدەستبێنن. کەچی بەداخەوە، زۆربەی ئەو دامودەزگاو ڕێکخراوانە خاوەن ڕۆحی پێشوازیکردن نین لە گەنجان و سڵدەکەنەوە لەوەی بیانهێننە ناو جومگە گرنگەکان و بەشداریانکەن لە بڕیارسازیدا. ئەمەش بۆتە هۆی پیربوونی جەستەی ڕێکخراوەییان و لاوازبوونی کارکردنیان. بۆ ئەوەی گەنجان هێزی بزوێنەرو وزەی لەبن نەهاتوو و داهاتووی کۆمەڵگەکەمان بن، گرنگە ئەو دامودەزگاو ڕێکخراوانە، لە مامەڵەکردن لەگەڵ گەنجاندا، ڕەچاوی چوار ڕەهەندی سەرەکی بکەن:

-**گفتوگۆکردن**: واتە بەڕێوەبەری دامودەزگاکان و سەرکردەی ڕێکخراوەکان تەنیا فرمان بۆ گەنجان دەرنەکەن، بەڵکو گوێیان لێ بگرن، گفتوگۆیان لەگەڵ بکەنو شێوازی بڕواهێنان، بەڵگەهێنانەوەو جیاوازیی بیروڕا بگرنەبەرو سروشتی باوکسالارانەی پەیوەندیی بگۆڕن بە ئەقڵانی، تاکخوازی بگۆڕن بە دیموکراتیانەو مۆنۆپۆڵکردن بگۆڕن بە بەشدارییپێکردن. چونکە پەیوەندییەکانی ناو دامودەزگاو ڕێکخراوەکان ئەنجامی گفتوگۆو پێکگەیشتن پتەودەبێت و دەبێتە هۆی بەهێزبوونی ڕۆحی کاری بەکۆمەڵ و هاندانی زیاتری گەنجان بۆ کارکردن و داهێنان.

-**فراوانکردنی ڕووبەری بەخشندەیی**: یاساو ڕێنماییەکان ڕۆڵی گرنگیان هەیە لە دیاریکردنی ڕووبەری بەخشندەیی گەنجاندا، جا ئەوە لە ڕێگەی توانای هاندانی بەڕێوەبەرو سەرکردەکانەوە بێت، یان لە ڕێگەی سروشتی ئەو ئەرکانەوە بێت کە دەکەونە ئەستۆی کارمەندو ئەندامان. لێرەشدا خەڵات و پاداشتکردن بنچینەیە، نەک پەیوەندیی تاکەکەسی و خزمایەتی. فراوانکردنی ئەو ڕووبەرە مانای ڕێزگرتنو نرخاندنی بیروڕاو کۆششەکانیانە، هەتاکو بەری ماندووبوونی ئەوان لە خزمەتی

توێژێکی پاوانکار یان دەستەیەکی بەرژەوەندخوازدا نەبێت، کە دەیەوێ بەسەر شانیاندا سەرکەوێت. نرخی ڕاستەقینەی بەخشندەیی لە پلەبەرزکردنەوەو موچە زیادکردندا نییە، بەڵکو لە ڕێزگرتن، بەهێندوەرگرتن و ئەو پێگەیەدایە، کە گەنج بەدەستیدێنێ.

–**گەشەپێدانی تواناکان**: زۆربەی دامودەزگاکان و سەرکردەی ڕێکخراوە سیاسییەکان گلەیی ئەوە لە گەنجان دەکەن کە ڕواڵەتکار، بێ ورەو پشوکورتن‌و ئەرکەکانی خۆیان جێبەجێ ناکەن و نابەرپرسیارو خەمساردن. ئەگەر ئەو خەسڵەتانە ڕێژەییانەش هەبن، بەتەنیا ناگەڕێنەوە بۆ کەسایەتی گەنج، بەڵکو بۆ شێوازی سەرکردایەتیکردن و بەڕێوەبردنی دامودەزگاو ڕێکخراوەکان، فەرامۆشکردن یان لاوازیی بەرنامەی گۆشکردن، ڕاهێنان و پێگەیاندنی گەنجان، دەرفەت نەڕەخساندن بۆ کەوتنەکاری ئەوان لە جومگەو ئاستە جۆربەجۆرەکانی کارکردنداو بەرزنەکردنەوەی پلەکاری بەتواناکانیان وەک هاندەرێک بۆ کارابوونی ئەوانی دیکەش.

–**نموونەی بەرزو ڕەخنەگرتن**: گەنج کاتی کارکردن لە دامودەزگا یان ڕێکخراوێکدا کەسایەتیەیەک یان زیاتر دەکاتە نموونەی بەرزی خۆی. نموونەی ڕاستەقینەش ئەوەیە، کە دوورە لە مەیلی پیاهەڵدان و موجامەلەکردن و ناکەوێتە ژێر کاریگەریی فشارو ترسەوە. هەروەها ئەوەیە بە کردەوە دەبینرێت نەک بە قسە دەخرێتەڕوو. ڕەخنەش ئامرازی بەردەوامبوونی دەستپێشکەری، گڕوتینی داهێنان، چاککردنی خەوشی و کەموکوڕییەکانە و گرنگە دامودەزگاو ڕێکخراوەکان لەگەڵ گەنجاندا پێڕەوی بکەن و لێیانی قبوڵی بکەن و میکانیزم بۆ کارپێکردنی دابنێن.

گۆڤاری هەفتانە ژمارە (٥) ٢٩ حوزەیران–٥ تەمموز ٢٠٠٨

## پەرەپێدانی هەمەلایەن

ئەزموونی هاوچەرخی مرۆڤایەتی ئەوەی سەلماندوەم کە هەموو کۆمەڵگەیەک دەتوانێت پەرەپێدانی هەمەلایەن بهێنێتەدی، ئەگەر سەرچاوە ئابووری و مرۆییەکانی خۆی چاک وەبەربهێنێ و پلانی واقعیی شایستەی جێبەجێکردن بگرێتەبەر.

پەرەپێدان پرۆسەیەکی هەمەلایەنی خاوەن ڕەهەندی ئابووری، کۆمەڵایەتی، کولتووری و سیاسییە، ئامانجی هێنانەدیی خۆشگوزەرانییە بۆ گشت دانیشتوان و تاکەکانی کۆمەڵگەو دەستەبەرکردنی ماف و ئازادییە بنچینەییەکانی مرۆڤە.

پەرەپێدان پرۆسەیە نەک حاڵەت، بۆیە بەردەوامە و بەپێی گۆڕانی پێداویستییەکانی کۆمەڵگە نوێدەبێتەوە. پەرەپێدان پرۆسەیەکی کۆمەڵگەییە گشت توێژو چینەکان بەشداری تێدا دەکەن و ناکرێت پشت بە تاقە توێژو سەرچاوەیەک ببەسترێ. پەرەپێدان پرۆسەیەکی هۆشمەندانەی مەبەستداری خاوەن ستراتیژی درێژخایان و ئامانج و بەرنامەگەلی کورتخایانە، نەک هەنگاوێکی هەڕەمەکیانەی بێ سەروبەر. پەرەپێدان بەپێی ویستێکی تایبەتی ئاڕاستەدەکرێت، کە وریایە بەرامبەر بە ئامانجەکانی کۆمەڵگە، توانای باش بەکارهێنانی سەرچاوەکانی هەیەو بەشێوازێکی شارستانیانەی هاوچەرخ دەبزوێ. پەرەپێدان پێویستی بەبنیاتنانی بناغەیەکی توندوتۆڵ و دۆزینەوەی وزەیەکی بەرهەمهێنانی خۆییە، بەمەرجێک ڕێکخراوێکی کۆمەڵایەتی دروست، توانایەکی دامەزراوەیی چەسپیو، سەرچاوەیەکی مرۆیی مەشقکراو، توانایەکی تەکنۆلۆژی خۆیی، کەڵەکەبوونێکی چەندایەتیو چونایەتی سەرمایەی بۆ دەستەبەربێت. پەرەپێدان زیادکردنی بەهەمهێنانی تاکەکانی کۆمەڵگەیە، کە بە تێکڕای داهاتی ڕاستەقینەی تاک دەپێورێت. پەرەپێدان بەرزکردنەوەی توانا کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری و تەکنۆلۆژییەکانە بۆ گەیشتنە ئامانجەکان.

هێشتا پەرەپێدان لە کوردستان نەبۆتە ستراتیژی حوکمڕانەکانی کوردستانو ڕووبەڕووی کۆمەڵێک گرفتی جیدی بۆتەوە، لەوانە:

١ – *قەیرانی بەشداریکردن:* لێرەدا مەبەست لایەنی سیاسی نییە بەتەنیا، بەڵکو بەشدارکردنی خەڵکە بە هەموو توێژو چینەکانەوە لە پرۆسەی پەرەپێداندا، چونکە ئەوە یەکەمین مەرجی هاتنەدیی پەرەپێدانی هەمەلایەنە. بەشداریکردن مانای بەشداربوونی خەڵکە لە گفتوگۆکان و بڕیارسازی و جێبەجێکردندا، هەتاکو هەمووان هەستبکەن ڕۆڵی گرنگیان هەیەو پرۆسەکە لە بەرژەوەندیی ئەمڕۆ و داهاتووی ئەواندایە.

٢ – *لاوازیی کۆمەڵگەی مەدەنی:* چونکە ئەگەرچی چەندین ڕێکخراوی پیشەیی، سەندیکایی، کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری لەئارادان کە چالاکن، بەڵام هێشتا ئەوانە لەئاستی پێویستدا نین و دەرەقەتی گرفتەکان نایەن و توانای دەستەبەرکردنی پێداویستیەکانیان نییە.

٣– *باڵادەستی ناوەندێتی و لاوازیی دەسەڵاتە ناوچەییەکان:* لەبەرئەوەی سیستەمی کارگێڕیی کوردستان بەشێوەیەکی گشتی گرێدراوی ویستی ناوەندێتیو بێدەسەڵاتیی ئەنجومەنە ناوچەییە سەربەخۆکانە.

٤ – *لاوازیی ئامادەبوونی حوکمڕانیی هەقو یاسا:* بەوپێیەی دەرفەتی وەک یەک و یەکسانی لەبەردەم یاسادا زۆر گرنگە و دڵنیایی و بەردەوامی دەبەخشێتە وەبەرهێنەرو هاوڵاتیان و بەبێ ئەوە بێ متمانەیی لەنێوان هاوڵاتیان و حوکمڕانیدا سەرهەڵدەدات، ئەمەش ئاستەنگ بۆ پەرەپێدانێکی بەکردەوە دروستدەکات.

٥ – *سروشتی ڕەیعی ئابووریی کوردستان:* ئەمەش پێویستی بە داڕشتنی ستراتیژێکی بەکردەوەی چالاک هەیە، بۆ گوێزانەوەی ئەو ئابوورییە لە ڕەیعییەوە بۆ بەرهەمهێنان، کە پشتئەستووورە بە فرەڕەنگکردنی داهات و زیادکردنی تواناکانی پێشبڕکێ.

هێمای زۆر هەن بۆ خستنەڕووی لاوازیی پەرەپێدان لە کوردستان، لەوانە: نەبوونی ئازادی، تەشەنەکردنی هەژاری و نایەکسانی و بێکاری، لاوازیی چاودێریکردنی تەندروستی، کەمیی دەرفەتی خوێندن و پەروەردەکردنی چاک، نائامادەیی سیاسەتی زامنکردنی کۆمەڵایەتی، پیسبوونی مەترسیداری ژینگە ...هتد.

گۆڤاری هەفتانە ژمارە (٦) ٦–١٢ تەمموز ٢٠٠٨

## مەسەلەی ژنان

مەسەلەی ژنان، لەلایەکەوە مەسەلەیەکی مرۆڤانەی کۆمەڵایەتی کومەڵگەییە، لەلایەکی دیکەوە مەسەلەیەکی تایبەتیەو پەیوەندیی بە چەوساندنەوەی ژنو ئەو شێوازانەی بەکاربردن و جیاوازیکردنی ڕەگەزی و یاساییەوە هەیە، کە ژنان لە بوارەکانی ژیاندا بەدەستیانەوە دەناڵێنن.

مەسەلەی ژنان، وەک مەسەلەیەکی گشتی، مەسەلەی ژنان و پیاوانە بەیەکەوە. واتە مەسەلەی گشت کۆمەڵگە و ئەقڵانیکردن، عەلمانیکردن و دیموکراتیکردنیەتی، چونکە مەحاڵە نیوەی کۆمەڵگە بەبێ نیوەکەی دیکەی پێشکەوێ و گەشەبکات. لێرەدا نابێت ئەم دابەشکردنە لە گۆشەنیگایەکی چەندایەتی یان ئامارکاریی ڕووتەوە ببینرێت، بەڵکو دەبێت لە ڕوانگەی یەکترتەواوکردنی ئەو دوو ڕەگەزەوە سەیرببکرێت. ئەمەش بۆ جەغتکردنەوە لەسەر ئەوەی ئەندامێتی ژن لە کۆمەڵگەو حوکمڕانیدا هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ ئەندامێتی پیاودا نییەو کۆششەکانی پەرەپێدانی کۆمەڵایەتی گەرەکە ڕوو لە پەرەپێدانی وەک یەکی هەردوو ڕەگەزەکە بکات. مەسەلەی ژنانیش، وەک مەسەلەیەکی تایبەتی، خەباتی ژنانە لەپێناو ئازادبوون و یەکسانیداو دەستپێکێکی پێویستە بۆ ئەو ئازادییەی مەسەلەی ژنان دەگەیەنێتە پلەی مەسەلەیەکی گشتی. لێرەشدا هیچ لێک جیاکردنەوەیەکی میکانیکی لەنێوان گشتی و تایبەتیدا نییە، چونکە یەکەم بەبێ دوەم بوونێکی بەکردەوەی نابێت، دوەمیش لەناو یەکەمدا نەبێت ماناو بەهایەکی نابێت. بەوپێیەی هەر دەستکەوتێکی ژنان لەبواری ئازادیدا، دیارییەکە پێشکەشی کۆمەڵگە دەکرێتو هەر گەشەکردنێکی کۆمەڵگە بەئاڕاستەی ئازادیی ڕاستەقینەدا، ژنان سودمەنددەبن لێی. ئەمەش مانای ئەوەیە مەسەلەی ژنان لە دوائەنجامدا لەسەر ئاستی کۆمەڵگەو سیستەمە گشتییەکەی و شێوەی بوونی یاسایی و سیاسیی یەکلادەکرێتەوە.

بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی ژنان، بڵاوکردنەوەی هۆشمەندییەکی هاوتا گرنگە. بۆیە سەرەتا دەبێت وێنەی ژن لە زەینی خودی ژندا بەدەستبهێنرێت، چونکە

وێناکردنی ژن سەبارەت بەخودی خۆی، وێناکردنی ئەو دەربارەی پیاو و کۆمەڵگەو حوکمڕانی دەستنیشاندەکات. واتە ئەوەیە کە دیاریی هەڵوێستی ژن بەرامبەر بە پیاو دەکات وەک دایک، پەروەردەکار، مامۆستاو هاوسەری لە خێزاندا. هەروەها گەرەکە بارودۆخی ژن لە کۆمەڵگە و پێگەی لە گشت بوارەکانی ژیانی گشتیدا دەستنیشانبکرێت و بزانرێت ڕەنگدانەوەی لە یاسا بەکارەکاندا بەدیدەکرێت، ئینجا هەوڵبدرێت بەجۆرێک گەشە بەو یاسایانە بدرێت، کە گونجاوبێت لەگەڵ کەسایەتی یاسایی، کۆمەڵایەتی، ئەخلاقیی ژن و یەکسانیی لەگەڵ پیاودا. هەروەها کاربکرێت بۆ ئەوەی مەسەلەی ژنان لە مەسەلەیەکی ژنانەوە بکرێتە مەسەلەیەکی کۆمەڵایەتیی ژنان و پیاوان پێکەوە. بەوپێیەی ژن و پیاو لە کۆمەڵگەدا هاوشانن و دیمەنی پیاو لە زەینی ژندا دەبێت وەک دیمەنی ژن بێت لە زەینی پیاودا. بەوپێیەی مێبوونی ئازادانە مەرجی نێربوونی ئازادانەیە.

کەواتە دەکرێت بەشداربین لە سەرلەنوێ بنیاتنانەوەی مەسەلەی ژن و ئازادیی ژندا. ئەمەش بەپێی پرنسیپی ئازادیی تاک و مافەکانی مرۆڤ و هاوڵاتیو بەهەنگاوهەڵهێنان لەو ڕاستییەوە کە مرۆڤ بۆ خۆی ئامانجەو ئازادیی ئەو گرنگترین ڕواڵەت و ناوەڕۆکی مرۆڤبوونیەتی. بێگومان داننان بەوەدا، کە ژن خودێکی مرۆڤانەی ئازادو تاکێکی سەربەخۆی یەکسانە بەپیاو–لە گشت مافەکاندا – یەکەمین دەستپێکی ئازادی و پێشکەوتنی کۆمەڵگەیە و ئازادیی ژنانیش مەرجی پێویستە بۆ ئازادبوونی پیاوان.

گۆڤاری هەفتانە ژمارە (٧) ١٣–١٩ تەمموز ٢٠٠٨

## ڕۆشنبیرو حوکمڕانی

ڕۆشنبیران ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لە هوشیارکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگەو گەشەپێدانی سیاسی و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە و حوکمڕانیدا، ڕوەو هێنانەدیی پەرەپێدانی هەمەلایەن، بەڵام بەمەرجێک حوکمڕانی بایەخ بە ڕۆشنبیران بداتو ئەو کەشەیان بۆ دەستەبەربکات، کە پێویستە بۆ گێڕانی ئەو ڕۆڵە.

هەلومەرجی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری، مێژوویی کۆمەڵگە و پێکهاتەی فیکری و دەروونیی تاکەکانی کاریگەریان لەسەر هەڵوێستی ڕۆشنبیر و تێڕوانینو ڕۆڵەکەی هەیە. ئەگەرچیش ڕۆشنبیر بەشێکە لە کۆمەڵگەو بەری هەلومەرجی کۆمەڵایەتی گۆڕاویەتی، بەڵام تاڕادەیەکی دیاریکراو جیاوازە لەگەڵ توێژەکانی ترداو بەهۆی هۆشمەندییەوە دەتوانێت ڕۆڵێکی کاریگەرتر و جیاکارەتر لە کۆمەڵگەدا بگێڕێت. سەرچاوەی ئەو کاریگەریی و جیاکارییەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، ئەوان دەتوانن لە ڕێگەی وتەو نووسینەکانیانەوە دیاردە جۆربەجۆرەکان بخەنەڕوو، گرفتەکانی کۆمەڵگە دیارییبکەن و شیانبکەنەوەو چارەسەریان بۆ دەستنیشانبکەن. هەروەها لەبەرئەوەی ئەو توێژەی کۆمەڵگە پێکدێنن کە چاکتر لە سیاسەت و کارەکانی حوکمڕانی، ئاقارە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان، ڕەوتە ناوچەیی و هەرێمایەتی و نێودەڵەتیەکان تێدەگات.

بێگومان هەڵەیە بڵێین ڕۆشنبیر دەتوانێت - یان پێویستە - چارەسەر بۆ هەموو ئەو کێشەو گرفتانە بدۆزێتەوە، کە ڕووبەڕووی تاکەکانی کۆمەڵگە دەبنەوە، چونکە ئەوە بەدەرە لەتواناو وزەی ئەو، بەڵام هەر ڕۆشنبیرەو لە بواری شارەزایی خۆیدا دەتوانێت لە کایە یان چەند کایەیەکدا بکۆڵێتەوە. ڕۆشنبیر دەتوانێت ئەو توێژینەوانەش ئەنجامبدات، کە حوکمڕانی دەتوانێت بۆ دارشتنی سیاسەتو بڕیارسازی سودیان لێ وەربگرێت و لە خزمەتی کۆمەڵگەدا بیانخاتەگەڕ.

سروشتی کەشی ئازادیی فیکری کاریگەریی خۆی هەیە لەسەر دیاریکردنی ناوەڕۆکی بەرهەمەکانی ڕۆشنبیران. بۆ هێنانەدیی ئەو کەشەش کۆمەڵێک هۆکار

گرنگن، لەوانە ئازادیی دەربڕین و هەڵکردن لەگەڵ بیری ئەوانی دیکە و بوونی دەرفەتەکانی چاپ و بڵاوکردنەوە. لێرەشدا ئەوانەی دەسەڵاتی حکومڕانیان بەدەستەوەیە، ڕۆڵیان هەیە لە هاندانی ئازادی فیکری یان سنوور بۆ دانانیدا. هەروەها پەیوەندییەکی دوولایەنی لەنێوان سروشتی حوکمڕانی و قەبارەی ئەو ڕۆڵەدا هەیە، کە ڕۆشنبیر دەیگێڕێت. ڕۆشنبیر دەتوانێت ڕۆڵی زیاتر لە سایەی حوکمڕانیەکی دیموکراتیدا بگێڕێ و ڕۆڵێکی سنووردار لە سێبەری حوکمڕانی سەرتاپاگیرو نادیموکراتیدا ببینێ. چونکە لە سایەی حوکمڕانیی دیموکراتیدا دەرفەتی باشتر و فراوانتر بۆ دەستپێشکەریی ڕۆشنبیر دەڕەخسێ و بواری ئازادیی دەربڕینی فراوانتر لەئارادادەبێت. بۆیە ڕۆشنبیر لە حوکمڕانیی دیموکراتیدا ڕۆڵێکی گەورەتر دەگێڕن لە هێنانەدیی پەرەپێدانی ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسیداو باشتر بەشدارییدەکەن لە بڕیارسازیی حوکمڕانیدا.

ڕۆشنبیران لە ڕووی پەیوەندییەوە لەگەڵ حوکمڕانیدا جیاوازن، تیایاندا هەیە ملکەچی حوکمڕانیەو بەهێمای ئەو هەڵدەسوڕێت و هەنگاودەنێت، تیاشیاندا هەیە ملکەچی حوکمڕانی نییەو خاوەن هەڵوێستی خۆیەتی و ڕەخنە لە شاشییەکانی دەگرێت. هەڵوێستی هەریەکێکیشیان گرێداروی ئەوەیە، تا چ ڕادەیەک لە ڕووی داراییەوە گرێدراوی حوکمڕانیە. ئەوەی پشتی تەواو بە حوکمڕانی دەبەستێت، جیاواز هەڵسوکەوتدەکات لەوەی پشتی پێ نابەستێ. هەروەها ئەو هەڵوێستە گرێدراوی ڕادەی هۆشمەندیی خودی ڕۆشنبیرەو پەیبردنێتی بەوەی دەبێت ماوەیەک لەنێوان خۆی و حوکمڕانیدا هەبێت و پەیام و کاری ڕۆشنبیر لەوەی حوکمڕانی جیابکاتەوە.

گۆڤاری هەفتانە ژمارە (٨) ٢٠-٢٦ تەمموز ٢٠٠٨

## گەنج و بێکاری

گەنجان نەوەی کار، بەرهەمهێنان، هێز و توانا، وزە، بەهرەو شارەزایین و بیر لە بنیاتنانی دۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی خۆیان دەکەنەوە، ئەمەش پشتئەستوور بەخۆیان و لە ڕێگەی کارو بەرهەمهێنانەوە، بەتایبەتی ئەوانەی خوێندنیان تەواوکردوەو بەشێکی زۆری ژیانی خۆیان لە خوێندندا بەسەربردوە. بێکاری نەبوونی دەرفەتی کارە بۆ ئەوانەی توانا و خواستی کارکردنیان هەیەو کێشەیەکی ئابووری، کۆمەڵایەتی، دەروونی و سیاسییە، هەزاران گەنج بەدەستیەوە دەناڵێنن، کە گیرۆدەی دەستی نەبوونی پلانی گونجاوی دامەزراندن و ڕاهێنانی حکومەت بوون.

بیکاری کاریگەریی زۆری هەیە لەسەر تەندروستیی دەروونی و جەستە، چونکە ڕێژەیەکی زۆری بێکارەکان بڕوابەخۆبوون لەدەستدەدەن، ڕێزیان بۆ خۆیان کەمدەبێتەوەو هەست بە تێکشکان دەکەن. هەروەها خەمساردی، بێهیوایی، دڵەڕاوکێ، خەمۆکی و نائارامی زاڵدەبێت بەسەریانداو تووشی چەندین نەخۆشی جەستەش دەبن و جێهێشتنی وڵات و کۆچکردن دەبێتە چارەسەری نموونەیی بۆ دۆخی ئاڵۆزو مەترسیداریان.

دەستەوستانی کۆمەڵگە، واتە حکومەت و کەرتی تایبەت، لەئاست دابینکردنی دەرفەتی کارکردن بۆ گەنجان، سەرەنجامی خراپی هەیە بۆ ئینتیمای ئەوان بۆ نیشتیمانەکەیان و دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی توڕەبوونیان لە کۆمەڵگەو پەنابردنیان بۆ توندوتیژی، وێرانکردن و هۆشبەرەکان. بۆیە گرنگە بایەخی تەواو بە خستنەکاری گەنجان بدرێت، بەتایبەتی کە ئێستا بێکاری بۆتە دەردێکی کوشندەی وەهای چارەسەری دەستوبرد و هەمەلایەنی گەرەکە. لێرەشدا گرنگە حکومەت سیاسەتێک بگرێتە بەر کە هاوسەنگیی لەنێوان خستنەکارو بەرهەمی خوێندندا ڕابگرێت، بۆ ڕێگرتن لەوەی ناکۆکی لەنێوان ئەو دوو کایەیەدا هەبێتو خاوەن بڕوانامەی زۆر بەرهەم نەیەن، کە دەرفەتی کارکردنیان نەبێت. هەروەها پێویستە بایەخ بە خوێندنە پیشەییەکان و ڕاهێنانی پیشەیی بدرێت و هانی کەرتی

تایبەت بدرێت، بەتایبەتی کەرتی بەرهەمهێنەر، بۆ دابینکردنی دەرفەتی کاری فراوان و هەمەجۆر بۆ گەنجان. ئینجا سودبەخشیشە سیاسەتی خانەنشینکردنی نەوەکانی پێشوو بگیرێتە بەر، بۆ ڕەخساندنی شوێنی کار بۆ گەنجان، بەمەرجێک ئەو سیاسەتە پرۆسەی گوێزانەوەی ئەزموون و شارەزایی نەوەکانی پێشوو بۆ گەنجان مسۆگەربکات و ماندوبوونی نەوەکانی پێشوویش بەفیڕۆنەڕوات.

فراوانبوونی مەودای تێڕوانین سەبارەت بە ڕۆڵی گەنجان لە چارەسەرکردنی کێشە نیشتیمانیەکان و پەرەپێداندا مەسەلەیەکی گرنگ و بنچینەییە نابێت فەرامۆشبکرێت، چونکە گەنجان تەنیا هێزی کار نین لە بازاڕی کارکردندا، بەڵکو گەرەکە هەڵوەستەبکرێت لەئاست ڕۆڵیان لە ژیانی گشتیدا و ڕۆڵیان قەتیس نەکرێت لە بواری دامودەزگا حکومیەکان و بەرهەمهێنانی پیشەسازیو کشتوکاڵی و ئاوەدانکردنەوەدا، بەڵکو بایەخ بە ڕۆڵی جیاکارەیان بدرێت لە مەسەلەکانی نەهێشتنی نەخوێندەواری، ڕێکخستنی خێزان، پرۆژەکانی خزمەتگوزاریی تەندروستی و کۆمەڵایەتی و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیدا..هتد.

بۆیە ئەوە هانماندەدات بڵێین چاکترین چارەسەر بۆ کێشەکانی گەنجان، جگە لە دابینکردنی کار، بەشداریپێکردنیانە لە پرۆسەی پەرەپێدان و بەڕێوەبردنی سیاسیی دیموکراتیانەدا، لەسەر ئاستی سیاسی و کۆمەڵایەتی و سەندیکایی. هەروەها مەشقپێکردن و ڕاهێنانیان بۆ گرتنەئەستۆی بەپرسیارێتی ڕێکخراوەییو ڕابەرایەتیکردنی ئەو دامەزراوانەی تیایاندا دەخوێنن، ڕادەهێنرێن، یان کاتی دەستبەتاڵی بەسەردەبەن، جا ئەوانە لەناو زانکۆو پەیمانگەکاندا بێت، یان ڕێکخراوە ناحکومیەکان و یانە جۆربەجۆرەکاندا.

گۆڤاری هەفتانە ژمارە (١١) ١٠-١٦ ئاب ٢٠٠٨

## شەرەفپارێزی

شەرەف چەمکێکە بەپێی کولتوورو ئاستی گەشەکردنی کۆمەڵگە دەگۆڕێتو مانایەکی ڕێژەیی هەیە، ناکرێت پێناسەیەکی بۆ بکەین، کە ڕاست بێت بۆ هەموو کۆمەڵگە و سەردەمێک.

لە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکاندا شەرف لە سەرووی هەموو بەهاکانی دیکەوەیەو کۆمەڵێک خەسڵەت لەخۆدەگرێت، وەک: خۆشەویستی نیشتیمان، ڕاستگۆیی، سەرڕاستی، دەستپاکی، وەفاداری، چاکەکاری و ئەوانی دیکە، کە مرۆڤ پایەداردەکەن و دەیگەننە ئاستی شکۆمەندی. کەچی لە کۆمەڵگە دواکەوتوەکانی وەک کوردستاندا شەرف قەتیسدەکرێت لە بەشێکی بچووکی جەستەی ژنو ڕەفتاری سێکسیدا. بەوپێیەش پیاو لە دەرەوەی جەستەی ژن شەرەفی نییەو ژنیش پارێزەری شەرەفی خۆی و خێزانەکەیەتی. سەرەنجام پیاوی شەریف ئەو کەسەیە، کە ژنەکەی خیانەتی لێ ناکات و کچەکەی یان خوشکەکەی پەیوەندیی لەگەڵ هیچ نێرینەیەکدا نابەستێت، نەک ئەوەی کە دزی ناکات، دەستی خەڵکی نابڕێت، کارەکەی خۆی بەچاکی ڕاییدەکات، بەرتیل وەرناگرێت، شتی بەسەرچوو نافرۆشێت، پارەی ناڕەوا ناخوات، ساختەکاری و فێڵ ناکات، ئازادیی تاکەکەسیی کەسانی دیکە زەوت ناکات...هتد.

ئەو جۆرە تێڕوانینە نێرسالارە باوە، وایکردوە ژن هەست بە کەمایەتی خۆی بکات و هەمیشە لە دۆخی دڵەڕاوکێ و ترسدا بژی و جەستەی خۆی- ڕوونتر پەردەی کچێنی خۆی- بپارێزێت، هەتا زیانی پێ نەکەوێت و نەبێتە مایەی سەرشۆڕی بۆ خێزانەکەی. پیاویش لەلایەکەوە ژن بە موڵکی خۆی دابنێو لەلایەکی دیکەشەوە جەستەی ژن بە سمبولی شەرەفی خێزان بزانێت. بەو جۆرە دەستکاریکردنی پاکیزەیی ئەو جەستەیە بە دەستدرێژی بۆ شەرەفی خێزان بەگشتی دابنرێت و سزای سەختی ژن بدرێت و بەبیانوی شەرەفپارێزی بکوژرێت و ئەتکبکرێت، تەنانەت زۆرجار تەنیا لەبەر گومانپێکردن یان قسەوقسەلۆکی خەڵکی.

دەبێت جەغت لەسەر ئەوە بکرێتەوە، کە کێشەی توندوتیژی دژی ژنان و ئەو تاوانانەی بەبیانوی شەرەفپارێزییەوە ڕوودەدەن، تەنیا بە دەستکاریکردنی دەقێکی یاسایی یان سزادانی بکەرەکان چارەسەرنابێت، بەڵکو گۆڕینی سیستەمی بەهاکانو ئەخلاقی کۆمەڵگەی گەرەکە، دەستکاریکردنی پاشخانی کولتووری و کۆمەڵایەتیو ئایینی تاکەکانی کۆمەڵگەی پێویستە، هەتا لە پاشکەوتووییەوە بگوێزرێتەوە بۆ نوێگەری و ڕاگەیشتن بە گەشەکردنی هاوچەرخدا. ئەگەر ڕاپرسییەک دەربارەی تاوانی کوشتن بەبیانوی شەرەف بکەین، دەردەکەوێت زۆرێک دژی ئەو کوشتنە ڕادەوەستن و بە کارێکی خراپی دادەنێن، کەچی هەر بەردەوامەو لەبرەوسەندندایە. واتە کێشەکە پەیوەندیی بە میکانیزمی بیرکردنەوەی بەکۆمەڵەوە هەیەو لەبەرامبەر کێشەی کۆمەڵگەیەک ڕاوەستاوین، کە بەدەست شڵەژانی فیکری، کولتووری، کۆمەڵایەتی و ئایینیەوە دەناڵێنێت.

دەبێت ئەوە دووپاتبکرێتەوە، هەتاکو پیاو تاقە بڕیاربەدەست بێت لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی، ئابووری، ڕۆشنبیری و یاسادانان، ئەوا کوشتنی ژنان بەبیانوی شەرەف وەک خۆی دەمێنێتەوەو ژنیش قوربانی دەبێت. بۆیە گرنگە هەوڵبدرێت بۆ فراوانکردنی بنکەی کارکردن، هەتاکو ژن بەشێکی سەرەکی بێت لە گەشەپێدانی کۆمەڵگەو وەک پیاو ئەرک و مافی هەبێت. پێویستیشە کوشتن بەبیانوی شەرەف وەک مەسەلەیەکی دادوەریی ئاسایی سەیربکرێت، کە دەبێت کۆتایی پێ بێتو وەک هەر تاوانێکی دیکە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، چونکە پەیوەندیی بە کوشتنی مرۆڤەوە هەیە.

گۆڤاری هەفتانە ژمارە (١٢) ١٧–٢٣ ئاب ٢٠٠٨

## بەرپرسیارێتی تاکەکەس

ئەزموونە کۆمەڵایەتیەکان دەریانخستوە، ئەگەر بتەوێ گۆڕان بەسەر ژیانی کۆمەڵایەتیدا بهێنی و تاکەکانیش بەپیر گۆڕانکارییەکەوە بچن، ئەوا گەرەکە تێڕوانینی کۆمەڵگەو شێوازی مامەڵەکردنی لەگەڵ ژیان بگۆڕێت. لە کۆمەڵگەی ئێمەدا خواستی گۆڕانکاری لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی برەویسەندوە، کەچی ئەو خواستە هەمیشە ڕووبەڕووی شکستخواردن دەبێتەوە، چونکە تاکەکان گەیشتونەتە ئەو بڕوایەی ڕەخنەگرتن بێسوودەو ڕۆڵی خۆی ناگێڕێت، بەڵام هیچ کەسێک ناپرسێت: بۆچی ئەو ڕەخنەگرتنە زۆرەی لە کۆمەڵگەدا هەیە ڕۆڵی نییە لە چاککردنی کارڕاییکردن لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی؟ بۆچی ڕۆژانە دەیان و بگرە سەدان جۆری ڕەخنە بەرچاودەکەون و ناپرسین کێ بەرپرسیارە لە بەرامبەر فەرامۆشکردنیان؟ بۆچی ڕۆژانە ڕۆژنامەکان چەندین ڕەخنە دەربارەی بابەتی هەمەجۆر دەخەنەڕوو، کەچی کاریگەرییەکی ئەوتۆیان نییە لەسەر واقیعی کۆمەڵایەتی؟

لە کۆمەڵگەیەکدا کە خواستی ڕەخنەگرتن دەبێتە ڕەفتارێکی بەردەوامو ڕۆژانە، سەلیقەی ڕەخنەگرتن لە واقیع لای تاکەکانی تەشەنەدەکات. ئەو سەلیقەیەی بەم شێوەیەش پێکدێت تاکەکەسی نابێت، بەڵکو سەلیقەی ڕەخنەگرتن دەبێت لە سەرتاپای کۆمەڵگە. بەم جۆرەش ڕەخنەگرتنی تاک لەخۆی دەگۆڕێت بۆ تەنیا ڕەخنەگرتنی تاک لە کۆمەڵگەکەی، چونکە ئەوە باشترین ڕێگەچارەیە بۆ پەردەپۆشکردنی سەرسمدان و تێکشکانە خودییەکان.

ڕەخنەگرتن لە تاکەکەس بناغەیە بۆ ئەوەی کۆمەڵگە بتوانێ ڕێبازەکانی گۆڕانکاری بنیاتبنێ، چونکە ئەگەر تاک گۆڕانی بەسەر ئاکارو شێوازی تێڕوانینی خۆیدا هێنا، جا ئەوە لە بواری کارکردندا بێت یان بیرکردنەوە، ئەوا کاریگەریی گۆڕان لەسەر واقیعی کۆمەڵایەتی خێراتردەبێت. ئەمەش ئەوە لێکدەداتەوە، کە بۆچی ئەو هەموو ڕەخنەیەی دەخرێنەڕوو گۆڕانکاریی ناهێننەئاراوە. بەشێوەیەکی دیکە، کاتێک تاکەکان دەبنە ڕەخنەگر لە کۆمەڵگە بەتەنیا، ئەوا گۆڕانکاری سەختدەبێت.

کاتێک تاکێکی کۆمەڵگە، وەک بەرپرسێکی حکومی، ئامادەنابێت ڕەخنە لەخۆی بگرێت و ڕەخنەی ئەوانی دیکەش قبوڵبکات، بەتایبەتی لەو مەسەلانەدا کە پەیوەندیان بە کۆمەڵگەوە هەیە، ئەوە نیشانەیەکی ڕوونە بۆ ئەوەی کۆمەڵگە نەیتوانیوە سنووری کاریگەریی تاکەکەس تێپەڕێنێ و بەرپرسیارێتیەکە دەبێتە وشەگەلی ڕەخنەگرانە و بە کۆڕوکۆبوونەوەو ئامرازەکانی ڕاگەیاندندا پرشوبڵاودەبنەوە. واتە کاتێک کۆمەڵگە ناتوانێت بەرپرسیارێتی سەبارەت بە مەسەلەیەک ئاڕاستەی ئەوانە بکات، کە پێویستە بیگرنەئەستۆو داوا لە بەرپرسیاری یەکەم ناکرێت هەڵوێستی خۆی دەبڕێ و ڕای خۆی بەرامبەر بە ڕەخنەکە بخاتەڕوو و ڕەفتارو هەڵوێستی خۆی بگۆڕێت، یان پێگەی بەرپرسیارێتی جێهێڵێت، ئەوا دامەزراو یان تاکەکەس دەگەڕێت بەدوای ئامرازی بەهێزو کاریگەرتردا، بۆ ڕاگرتنی ڕەخنە بەهۆی یاساو ڕێساکان یان پەنابردن بۆ ئەوانەی لە پلەکاردا باڵاترن.

ئەو کۆمەڵگەیەی دەیەوێ بەشێوەی چاکتر بچێتەڕێوە ئەوەیە، کە وادەکات بەرپرسیارێتی تاکەکەس بریتی بێت لە ڕەخنەگرتن لەخۆی پێش ڕەخنەگرتن لە کۆمەڵگەکەی، چونکە تاک بەپێی پێگەی کۆمەڵایەتی خۆی-وەک تاکو بەرپرس-دەبێت دان بەو کەموکوڕیانەدا بنێ، کە لە بوارەکەیدا ڕوودەدەن، ئەوەش لە ڕێگەی ڕەخنەگرتنەوە. ئەگەر ئەوەشی نەکرد، ئەوا پێویستە لەکاربخرێت و کەسانی شیاوو شایستە بخرێتە جێگەی.

گۆڤاری هەفتانە ژمارە (١٣) ٢٤-٣٠ ئاب ٢٠٠٨

## تەنگوچەڵەمە و ڕیفۆرمی سیستەمی پەروەردە

سیستەمی پەروەردەی کوردستان سیستەمێکی هاوچەرخ نییە، چونکە بڕبڕەی پشتی پێ لەبەرکردنە و ڕۆڵی خوێندکاران تیایدا کۆپیکردن و وەبیرهێنانەوەو دووبارەکردنەوەی ئەوەیە کە وەریانگرتوە، بەبێ قوڵبوونەوە لە ناوەڕۆکەکەی، کەڵەکەکردنی زانیارییەکانە، بەبێ هەڵوەستەکردنی هۆشمەندانە لەئاستیاندا. واتە ئامانجی سیستەمەکە یارمەتیدانی خوێندکارە بۆ لەبەرکردنی زانیارییەکانو تۆمارکردنیان لەسەر لاپەڕەکانی تاقیکردنەوەکان، بەبێ گوێدانە ئەوەی ڕادەی تێگەیشتن و سوودوەرگرتن چەندەو بەبێ ڕەچاوکردنی ئەوەی پەروەردەی ڕاستەقینە پشتئەستوورە بە گفتوگۆکردن، لێکدانەوە، شیکردنەوەو ئەزموونکردن بەمەبەستی بزواندنی مێشک، بەهێزکردنی بەڵگە، زیادکردنی بڕوابەخۆبوون، پەرەپێدانی توانای دەربڕین، ڕاهێنانی خوێندکاران لەسەر پشت بەخۆبەستنو چاککردنی توانای ڕەخنەگرتن و بڕواپێهێنان و بیرکردنەوەی ئازادانە. ئەوەش بۆتە هۆی خستنەوەی خەمساردی و پشت بەخۆ نەبەستن، کەمکردنەوەی مەیلی خوێندکاران بۆ بابەتە زانستیەکان، لاوازکردنی توانای تێگەیشتن، شیکردنەوەی کێشەکان و بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە، هاندانی قبوڵکردنی کوێرانەی مەسەلەکان، قەتیسکردنی ڕۆڵی مامۆستا لە گەیاندنی زانیاریداو لاوازبوونی پەیوەندیی کارلێککەرانەی نێوان ئەو و خوێندکاران و فەرامۆشکردنی توانا تاکەکەسییەکانی هەر خوێندکارێک.

وێڕای ئەوانە، چەند گرفتێکی دیکەی ئەو سیستەمە هەن، وەک: زاڵبوونی دەسەڵاتخوازی و توندوتیژی لە پانتاییەکانیدا، پاشکەوتوویی شێوازەکانی وانەوتنەوە لە هەموو ئاستەکانی خوێندندا، لاوازیی پرۆگرامی پێگەیاندنی مامۆستایان پێش تەواوکردنی خوێندن و کەمی ڕاهێنانی بەردەوامی ساڵانەی مامۆستایان پاش تەواوکردنی خوێندن، تەقلیدیبوونی پرۆگرامەکانی خوێندنی ئاستە جۆربەجۆرەکان و ناتەبەییان لەگەڵ قۆناغی ئیمڕۆی کۆمەڵگەدا، کەم بایەخکردنی پیشەی مامۆستاو هەڵئاوسانی بەو خوێندکارانەی لە هەموو بوارەکانی دیکەی خوێندنی باڵا ناکام دەبن.

ئەو دەربڕینانە مانای ئەوەیە تەنگوچەڵەمەیەک لە بوارەکەدا هەیە . واتە وەزارەتی پەروەردە، پەروەردەکاران و کۆمەڵگەش هەست بەوە دەکەن سیستەمی پەروەردە لای ئێمە ژیانی تەنگوچەڵەماوی بەسەردەبات، بۆیە سیستەمێکی گونجاونییە بۆ ئەم سەردەمەو ئەگەر چارەسەرێکی بۆ نەدۆزرێتەوە، ئەوا لە بری بەشداریکردن لە پەرەپێداندا، دەبێتە ئاستەنگ لەبەردەمیدا . تەنگوچەڵەمەکەش مانای بوونی کۆمەڵێک ئاستەنگ، بەربەست و کێشەیە کە سیستەمەکە بەدەستیانەوە دەناڵێنێو بۆتە هۆی ئیفلیجکردنی جووڵەی ئاسایی، تێکچوونی ڕیتمی سروشتیی، لاوازیی کاریگەریی گشتیی، کەم بەرهەمی و بەپیرەوەنەهاتنی ئەو ئامانج، خواستو مەبەستانەی لەپێناویاندا دروستبوە .

چارەسەرکردنی تەنگوچەڵەمەی سیستەمی پەروەردە، پێویستی بە خۆپاراستن لە دوو مامەڵەکردن هەیە: یەکەم/مامەڵەکردن لەگەڵ تەنگوچەڵەمەکەدا وەک شێوانێکی فرمانی، کە بۆ چارەسەرکردنی هەندێک دەستکاریی چاکسازیخوازی سادە پێویستن . دوەم/مامەڵەکردنی تەکنیکخوازو بچووککردنەوەخواز، کە گشت بە بەش لێکدەداتەوەو لەو بڕوایەدایە بۆ چارەسەرکردنی تەنگوچەڵەمەکە، دەستکاریکردنی پڕۆگرامی خوێندن، شێوازی وانەوتنەوەو تاقیکردنەوەکان و باشکردنی پەیوەندیی نێوان مامۆستاو خوێندکاران بەتەنیا بەسن .

هەروەها بۆ چارەسەرکردنی تەنگوچەڵەمەکە، دوو جۆر ڕیفۆرم گرنگ و پێویستن، یەکێکیان لەئاستی بچووکدا کە خودی سیستەمی پەروەردە دەگرێتەوە، ئەویتریان لەئاستی گەورەدا کە ڕیفۆرمەکە لەناو ئەو سیستەمەدا گرێدەداتەوە بە ڕیفۆرمی هەمەلایەنی گشتیی لەناو کۆمەڵگەدا . واتە ئەگەر مەبەستە ڕیفۆرمەکە ئەقڵانیو پۆزەتیڤانە بێت، پێویستە لە دەستنیشانکردنی وردکارانەی تەنگوچەڵەمەی پەروەردەو ئاشنابوونی زانستیانە بە هۆکار، پێکهاتە، سەرەنجام و زیانەکانیەوە سەرچاوەبگرێت و گرێبدرێتەوە بە ڕیفۆرم لە گشت کایەکانی کۆمەڵگەدا .

گۆڤاری هەفتانە

## شارێکی نموونەیی

نزیکەی ساڵێک لەمەوبەر باسی ئەوە دەکرا، سلێمانی دەکرێتە پایتەختی ڕۆشنبیریی هەرێمی کوردستان. ئێستاش باسی ئەوە دەکرێت، کە سلێمانی دەکرێتە شارێکی نموونەیی. هیوادارم ئەو دەربڕینەی دوەم چارەنووسی وەک ئەوەی یەکەم نەبێت، کە لە ڕووی واقعییەوە هەنگاوی بۆ هەڵنەهێنراو وەک مرەکەبی سەر کاغەز مایەوە.

سەرەتا واچاکە بانگەشەکارانی بەنموونەییکردنی شاری سلێمانی پێناسەیەک بۆ چەمکی نموونەیی بکەن، هەتاکو واتاکەی ئاڵۆزنەبێت و سەرەنجام نەبێتە پڕوپاگەندەکردن، یان خۆ قوتارکردن لە بەرپرسیارێتی و ببێتە هەوێنی پڕۆژەیەکی گەورە، کە شایستەی ئەو شارە بێت. لەبەرئەوەی هەر شارەو بەپێی خەسڵەتە جوگرافی، کۆمەڵایەتی، مێژوویی، ئابووری و سیاسییەکانی توانایەکی دیاریکراوی هەیە بۆ گەشەکردن و ناکرێت بارێکی لێ بنرێت، کە توانای هەڵگرتنی نەبێت. هەروەها گرنگە خەسڵەتەکانی ئەو نموونەییبوونەو کایەکانی دەستنیشانبکرێن، هەتاکو بەرچاوڕوونی هەبێت و ئامانج بەرجەستەبێت، چونکە ئەوە هەنگاوهەڵهێنانەکە واقعی و ئاسانتر دەکات.

شار بریتییە لە خەڵکەکەی، بازرگانی، ئابووری، کشتوکاڵ، هونەرو بیناسازی، ڕێگاوبان و هاتوچۆ، هەستوسۆزو پەیوەندییەکان، حکومەت و سیاسەت، کولتوورو چێژوەرگرتن و ژینگە، ڕاستگۆترین گوزارشتیشە لە کولتووری میللەتێکو گەشەکردنی. بەو پێیەش شاری نموونەیی:

–ئەو شارەیە هوشیاریی خەڵکەکەی لە ئاستێکدایە، کە تەبایە لەگەڵ شارستانیبووونداو یاریدەدەرە بۆ هەستکردنیان بە بەرپرسیارێتی بەرامبەر بە شارو کۆمەڵگەکەیان.

–ئەو شارەیە، کە کایەکانی بازرگانی و ئابووری و کشتوکاڵ لەسەر بناغەی ئەقڵانیبوون و سوودی گشتی بنیاتنراون و بەدوورن لە هەڕەمەکیبوون و چاوچنۆکیی

تاک و توێژی بەرژەوەندخوازی دیاریکراو و بەپێی یاسا ڕێکخراوو کۆنترۆڵکراون.

-ئەو شارەیە، کە بایەخ بە هونەر دەدات لە هەموو ئاستەکانداو سیمای هونەری بە هەموو شوێنێکیەوە دیارەو پیسبوونی بینین لە نزمترین ئاستدایە.

-ئەو شارەیە، کە بیناسازیی تیایدا پشتئەستوورە بە کولتووری تایبەتی ناوچەیی و توانا نوێ هاوچەرخەکان و بەپێی ڕێسای تایبەتی ئەنجامدەدرێت، هەتا پشێوی و ناتەبایی و ناشرینی نەکەوێتەوە.

-ئەو شارەیە، کە هەستوسۆز و پەیوەندییەکان سەردەمیانەن و دوورن لە کاریگەریی سیستەمە بەسەرچوەکان و دابونەریتە کۆمەڵایەتیە دواکەوتووەکانی سەردەمی پێش بەشاربوون.

-ئەو شارەیە، کە حکومەت تیایدا دیموکراتیانە کارەکانی خۆی ڕاییدەکاتو دوورە لە دەستێوەردانی حیزب و دامودەزگاکانی وەک دامەزراوە کاردەکەن و پشت بە خواست و میزاجی تاکەکەسی نابەستن.

-ئەو شارەیە، کە خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان تیایدا مسۆگەرن، وەک: ئاو، کارەبا، پاکوخاوێنی، تەندروستی، ڕێگەوبان و شوێنەکانی بەسەربردنی کاتی دەست بەتاڵی.

-ئەو شارەیە، کە تیایدا گواستنەوەی گشتی زاڵە بەسەر گواستنەوەی تایبەتیداو ژینگەپارێزی لە ئاستێکی بەرزدایەو بۆتە نەریتێکی پێڕەویکراو لەلایەن هەموانەوە.

-ئەو شارەیە، کە شێوازێکی ژیانی پێشکەوتوو بۆ گشت دانیشتوانەکەی و بەبێ جیاوازی دەستەبەردەکات.

بۆ بنیاتنانی شاری نموونەیی پارە بەتەنیا بڕیاردەرنییە، بەڵکو هاوشانی پارە چەند خاڵێک گرنگن بۆ بەهەدەرنەچوونی پارەکە، لەوانە: ١/پلانگەلی گونجاو بەپێی ئەولەویاتی پێداویستیەکان. ٢/سیستەمێکی تۆکمەی پێ سپاردنی کار، کە پارێزراوبێت لە دەستێوەردانی حیزب و سیاسەتمەداران، زامنکەری جێبەجێکردنێک بێت دوور لە گەندەڵی و کەمکردنەوەی چۆنایەتی، خاوەن دەزگای بەدواداچوونو لێپێچینەوەی بێلایەنی سەرڕاست بێت. ٣/پشتبەستن بە ناناوەندێتی دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن و لێک جیاکردنەوەی کارە هاوشێوەکانی دامودەزگا جیاوازەکانو چەسپاندنی هاماهەنگی نێوانیان.

گۆڤاری هەفتانە ژمارە (١٥) ٧-١٣ ئەیلول ٢٠٠٨

## کولتووری خوێندنەوە

خوێندنەوە پێداویستییەکی ژیانی مرۆڤە، خۆراکی ڕۆحە، کلیلی بەدەستهێنانی زانین و زانیارییە، کەرەستەی دەوڵەمەندکردنی کاتی دەستبەتاڵییە. خوێندنەوە یارمەتی مێشکی مرۆڤ دەدات بۆ وردبوونەوە، لێکۆڵینەوە، تێڕامان، بەراوردکردن، پەیوەندیکردن و پەرەپێدانی توانا ئەقڵییەکانی وەک: داهێنان، وێناکردن، خەیاڵکردنەوە، دۆزینەوەو ئاشکراکردنی شتە ئاڵۆز و پەنهانەکانی دەوروبەر، بەمەبەستی گەیشتنە هەقیقەت و لێکدانەوەی گەلێک دیاردەی سروشتی، کۆمەڵایەتی و ژینگەیی بۆ گەیشتنە ژیانێکی باشتر و تێرکردنی ئەو پێداویستیانەی بۆ بەردەوامبوونی مرۆڤ گرنگن. خوێندنەوە ئامرازی پێکگەیشتنی کولتووریی نێوان نەتەوەکانی جیهان و بەدەستهێنانی ئەزموونی ئەوانی دیکەو پردی پەیوەندیی نێوان ڕابردوو، ئیمڕۆ و داهاتوو و زاخاودانی ئاکاریی تاکەکەسی و چارەسەرکردنی گەلێک نەخۆشیی دەروونییە.

خوێندنەوە لای ئێمە هێشتا نەبۆتە کولتوورێک و لەئاستی تاکەکەسیدا گیریخواردوەو تاکو ئێستا بازنەی ڕۆژنامە و گۆڤاری تێنەپەڕاندوە، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ شێوازی پەروەردەکردنی خێزان و سیستەمی خوێندن. چونکە خوێندنەوە نەریتێکە دەکرێت لە منداڵییەوە لەناو مرۆڤدا بچێنرێت. یەکەمین بەرکەوتنی تاکی ئێمە لەگەڵ کتێب، کاتی چوونە قوتابخانە و لەگەڵ کتێبەکانی خوێندندایە، کە گرێدراوی ئامادەکردن و تاقیکردنەوەو زۆربۆهێنانن، واتە سەرچاوەی ترس و تاڕادەیەک ڕقلێبوونەوەن. لە زۆربەی خێزانەکاندا، دایک و باوکان بایەخ نادەن بە ڕاهێنانی منداڵ لەسەر خوێندنەوە. بۆ خۆشیان ناخوێننەوە، هەتاکو ببنە نموونەی چاولێکردن بۆ منداڵەکانیان. سیستەمی خوێندنیش پێشوەخت چوارچێوە بۆ دانراوەو لەسەر بنچینەی پێ لەبەرکردن دامەزراوەو مێشکێکی کراوەی گفتوگۆخوازی بەرهەمهێن ناهێنێتەئاراوەو جگە لە کتێبی دیاریکراو، ئاوڕ لە سەرچاوەی دیکە ناداتەوەو هاندەرنییە بۆ خوێندنەوە.

وێڕای ئەو هۆکارانە، سستی خوێندنەوە دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی خەمی زانستی و فیکری و ڕۆشنبیری لای زۆرێک لە تاکەکان، پیواری (غیابی) کتێبخانەی

گەڕەک و ناوچەکان، کەمیی تیراژی کتێبەکان و هەژاریی ناوەڕۆکی زۆرێکیان، کە وەڵامدەرەوەی پێداویستیەکانی ئەم سەردەمە نین، نزمیی ئاستی بژێوی خەڵکو سەرقاڵبوونیان بە گرفتەکانی ژیانەوە، کە ڕێگرن لەبەردەم کڕینی کتێبو دۆزینەوەی کاتی خوێندنەوەدا. هەروەها ئەو سستیە ئیمڕۆ دەگەڕێتەوە بۆ زاڵبوونی کولتووری بیستەکی، واتەی پشتبەستنی تاک بەوەی لە ڕێگەی ئاخاوتنو گوێکرتنەوە دەستی دەکەوێت و سەرهەڵدانی خوێنەری چاوەکی، واتە پەنابردن بۆ ئامرازەکانی وەک تەلەفزیۆنە لۆکاڵی و ئاسمانیەکان و دانانیان بە سەرچاوەی سەرەکی بەدەستهێنانی زانین و زانیاری، لەکاتێکدا ئەو ئامرازانە زیاتر جەغت لەسەر لایەنی سەرگەرمکردن دەکەنەوە، تاوەکو لایەنی ڕۆشنبیری و فیکری.

بۆ چاککردنی دۆخی خوێندنەوە، پێویستە هەڵمەتی هوشیارکردنەوە دەربارەی خوێندنەوە لەناو خێزانەکاندا بەرپابکرێت و سوودو گرنگیی خوێندنەوە بۆ داهاتووی نەوەکان بخرێتەڕوو. وەزارەتی پەروەردەش خوێندنەوە بکاتە بەشێکی گرنگی سیستەمی خوێندن و کتێبخانەی پڕ کتێبی پێویست لە قوتابخانەکاندا دابمەزرێنێتو کاتی خوێندنەوە دیاریبکات. هەروەها پێشبڕکێ بکرێت لەنێوان قوتابیەکاندا، سەبارەت بە بڕی خوێندنەوەو ئاستی تێگەیشتن و بەتواناکان خەڵاتبکرێن. ئینجا حکومەت لە هەموو گەڕەکەکاندا کتێبخانە بکاتەوە، هەتا ڕێگەوبان ئاستەنگ نەبێت لەبەردەم وەرگرتنی کتێب و خوێندنەوەیدا. شان بەشانی ئەوە پشتگیریی چاپبوونی کتێب بە تیراژی زۆر و نرخی هەرزان بکرێت، هەتا کڕین و دەستکەوتنی کتێب ئاسانبێت.

گۆڤاری هەفتانە ژمارە (٢١) ٢٦ت١-١ت٢ ٢٠٠٨

# پیسبوونی بینین

پیسبوونی بینین، شێواندنی هەر دیمەنێکە، کە چاوی مرۆڤ دەکەوێتە سەری‌و دەبێتە هۆی خۆڵقاندنی نائارامی و بێزاریی دەروونی. واتە یەکێکە لە جۆرەکانی بێزەوقی و نەبوونی چێژی هونەری، یان لەناوچوونی دیمەنی جوانکاریی ئەو شتانەی لە دەوروبەری مرۆڤن، وەک بیناو ڕێگەوبان و شۆستەکان و ئەوانی دیکە. مرۆڤ بەسروشتی خۆی حەزدەکات هەست بە جوانیی بۆشایی و پانتاییەکانی دەوروبەری خۆی بکات، جا ئەوانە سروشتی بن یان دەستکرد. بۆیە پێویستە ژینگەی دەرەکیی جوان و سەرنجڕاکێش بێت، ئەگەر وانەبێت، ئەوا پیسبوونی بینین سەرهەڵدەدات.

لە شارەکانی کوردستان پیسبوونی بینین بەڕوونی بەدیدەکرێت و کاریگەریی خراپی لەسەر باری دەروونی و جوانکاریی تاکەکانی کۆمەڵگە جێهێشتووە. نموونەکانی ئەو پیسبوونەش:

–خراپی نەخشەکێشانی بیناسازیی زۆرێک لە خانوو و تەلارەکان و نەبوونی هاوسەنگی لەنێوانیاندا.

–عەمودەکانی ڕووناکی بەشێوەو بەرزییەکن، کە گونجاونین لەگەڵ شەقامەکاندا.

–دانانی تەنەکەکانی خۆڵ و خاشاکی شەقامەکان بەجۆرێکی ناشایستەو کەڵەکەبوونی پیسایی زۆر لە دەوری تەنەکەکان و لەسەر شەقام و ناو بازاڕەکان. هەروەها گەمارۆدانی گەڕەکەکان بە ناوچەی کۆبوونەوەی پاشماوەی خێزانەکان.

–جیاوازیی ڕەنگی ڕووی دەرەوەی بیناکان و نەبوونی هارمۆنی لەنێوانیاندا.

–بەکارهێنانی زۆری پەنجەرەی ئەلەمەنیۆم و شووشە، کە دەبێتە هۆی هەستکردنی زیاتر بە گەرمایی.

–دەرکەوتنی ئامێرەکانی وەک موبەریدە و سپلیت و سینییەکانی سێتەلایت بەڕووی بیناکانەوەو وایەری زۆری موەلیدەکان بە عەمودی کارەباکانەوە.

–نۆژەنکردنەوەی بیناکانی ناوچەکانی شار بەجۆرێک، کە هاوسەنگیی نێوان کۆن و نوێ بەدی ناکرێت و گۆڕینی زۆرێک لە ناوچەکانی نیشتەجێبوون بۆ ناوچەگەلی بازرگانی کە دەبێتە هۆی پیسبوونی ژینگە.

-هەڵواسینی تابلۆی زۆر بە دوکان و بازاڕەکانداو نەبوونی هاماهەنگی لەنێوان بینا و تابلۆکانـــدا. هەروەهـــا دانانی ڕیکلامەکان لە شوێنی نەگونجاو و بەشێوەی ناهونەری.

-بوونی بینای کۆن و وێران لەنێوان باڵەخانە و تەلارە بەرزەکاندا.

-بڵاوبوونەوەی عەرەبانەکانی دەستگێڕی و ماتۆڕەکانی گواستنەوەو زۆریی دەستفرۆشەکان لەناو بازاڕەکان و بەنزینفرۆشەکان لەسەر شەقامەکان.

-ڕاگرتنی ئوتومبیل لەسەر پیادەڕێیەکانی شەقامە سەرەکیەکان و جێهێشتنی ئوتومبیلی پەککەوتە لەناوچەکانی نیشتەجێبوون.

-کەمبوونی سەوزایی و باخچەکان لەناوچە جۆربەجۆرەکانی شارداو زاڵبوونی پانتایی بیناکان بەسەر ئەو بۆشاییە سەوزەدا، کە پێویستە بۆ تەندروستیو چێژبەخشین.

-هێشتنەوەی ئەو ناوچانەی بۆ مەبەستی تایبەتی هەڵدەکەنرێن بەچاک نەکراویو هێنانەئارای پیسی و ئاستەنگ بۆ هاوڵاتیان و بوونی کەرەستە، یان پاشماوەکانی بیناسازی لەسەر شەقامەکان.

- زۆربوونی سواڵکەر لەسەر شەقام و ناو چوارڕیانەکانی شاردا.

پیسبوونی بینین- وەک یەکێک لە پێکهاتەکانی پیسبوونی ژینگە- لە کوردستان بەڕادەیەکە، کە پێویستی بە ئاوڕلێدانەوەو چارەسەرکردن هەیەو گرنگە لایەنە پەیوەندیدراەکان چیدی فەرامۆشی نەکەن. بۆ ئەمەش گرنگە چاوێک بە نەخشەی بیناسازیی شاردا بگێڕێتەوەو کۆمەڵێک یاساو ڕێسا هەبن بۆ کۆنترڵکردنی ئەو گرفتانەی سەرەوەو سزای سەرپێچیکاران بدرێت و خەڵاتی هاوکاران بکرێت. هەروەها هەڵمەتی هوشیارکردنەوە بەرپابکرێت بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی جوانکاریی و چێژوەرگرتنی دانیشتوان و هانی کەرتی تایبەت بدرێت بۆ بەشداریکردن لە جوانکردنی دیمەنی بینین لەناو شارەکاندا.

گۆڤاری هەفتانە ژمارە (٢٢) ٢-٨ ت٢ ٢٠٠٨

## کابینەی شەشەم و ئۆپۆزسیۆن:
## لەگەڵ یەک هەڵکردن یان لێکترازان؟!

شەشەمین کابینەی حکومەتی هەرێم، بە سەرۆکایەتیی د. بەرهەم ئەحمەد ساڵح، پاش متمانە پێبەخشینی لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە، دەستی بەکارەکانی خۆی کرد. یەکێک لەو تەحەدایانەی لەبەردەمی کابینەکەدایەو پێویستە مامەڵەیەکی ئەقڵانیو دروستی لەگەڵدا بکرێت. بوونی ئۆپۆزسیۆنێکی تازپێگەیشتووی خاوەن ٢٥ کورسیی پەرلەمانە، کە هێشتا بەتەواوی شکڵی نەگرتوەو ناسنامەکەی و ئاڕاستەکەی ڕوون نییە.

واچاکە کابینەی نوێی حکومەت، گەشبینانە بڕوانێتە سەرهەڵدانی ئۆپۆزسیۆنو وەک دوژمن مامەڵەی لەگەڵ نەکات. چونکە ئۆپۆزسیۆن، ئەگەر بەشێوەی ئوسوڵی و بەوپێیەی لە وڵاتە دیموکراتیەکاندا هەیە ڕەفتاربکات، ئەوە دەرفەتی بینینی واقیع و کارەکان لە گۆشەنیگایەکی دیکەوە دەڕەخسێنێت، چاودێرێکی تر دەخاتە سەر چاودێریکردنی خودی حکومەت بەسەر کارڕاییکردنەکانی دامودەزگا جۆربەجۆرەکانەوە، فلتەرێکی دیکە بۆ زیاتر تۆکمەکردن و چاککردنی هەنگاوە جۆربەجۆرەکان دەستەبەردەکات. لەپێناو ئەوەشدا گرنگە کابینەکەی نوێ دەرفەت بۆ دیالۆگ، ئاڵوگۆڕکردنی تێڕوانین، لێک تێگەیشتن و دۆزینەوەی میکانیزمگەلی مامەڵەکردن لەگەڵ ئۆپۆزسیۆن بڕەخسێنێت، بەبێ ئەوەی ڕێساکانی حوکمڕانی وەلاوەبنێ یان سەروەری و سەربەخۆیی خۆی بخاتە ژێر نیشانەی پرسیارەوە.

لەبەرامبەریشدا پێویستە ئۆپۆزسیۆن هێمنانە و بەبێ پەلەپڕوسکێو هەناسەسواری ڕووبەڕووی قۆناغەکە ببێتەوەو خۆی لە مۆدێلی بەلشەفیکیانەی کارکردن و هەڵوێستوەرگرتن بەدووربگرێت. ئەو مۆدیلەی هەموو کایەو پانتاییەکانی حوکمڕانی بەکاردەبات بۆ ڕیسواکردنی بەرامبەر، ئاژاوەو پشێوینانەوە، خۆ پیرۆزکردن و ئەویدیی چروککردن، جڵەوکردنی حەقیقەتی ڕەهاو ڕەتکردنەوەی تەواوەتیی بەرامبەر. لەبری ئەوە مۆدێلی وڵاتە دیموکراتییە پێشکەوتوەکان

بگرێتەبەر، کە ئۆپۆزسیۆن تیایدا بەشدارێکی چالاکی یاساسازییە، چاودێرێکی باشە بەسەر حکومەت و کارڕاییەکانی دامودەزگاکانیەوە، لە ڕوانگەی بەرژەوەندییە گشتییەکانەوە، نەک خواستە گرووپیە تەسکەکان. هەروەها هاوکاری بنیاتنان‌و پەرەپێدانی کوردستان و پاراستنی دەستکەوت و مافە نەتەوەییەکان بێت.

ئەگەر کابینەی نوێ و ئۆپۆزسیۆن لەگەڵ یەکدا هەڵبکەن، مامەڵەیەکی واقعی‌و ئەقڵانی لەگەڵ یەک بکەن و بکەونە کارلێککردنی پۆزەتیڤانەوە، ئەوا دەرگای بەڕووی قۆناغێکی کراوەو بەرهەمداردا دەکرێتەوەو دیموکراسی لە وڵاتەکەماندا هەنگاوێکی تر دەچێتە پێشەوە، بەڵام ئەگەر بەو شێوەیە نەکەن، ئەوا ڕۆژگارێک چاوەڕوانمان دەکات، کە کۆتاییەکەی نادیار و مەترسیدار دەبێت.

گۆڤاری هەفتانە ژمارە (٧١) ٨-١٤ ت٢ ٢٠٠٩

## ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان

بڕیاردان لەسەر تاوتوێکردنی ئەنجومەنێک بەناوی «ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان»، بەسەرۆکایەتیی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەنجومەنێکی خاوەنی کەسایەتیی مەعنەوی بۆ بایەخدان بەو کاروبارانەی پەیوەندیان بە مەسەلەکانی خانمانەوە هەیەو مەرجەع دەبێت بۆ گشت دامودەزگا حکومیەکان و ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بیروڕا دەربارەی ئەو مەسەلانە دەردەبڕێت، کە پەیوەندیان بەپێگەی خانمانەوە هەیەو پێویستە گشت لایەنە ڕەسمییەکان، پێش بڕیاردان لەسەر هەر مەسەلەیەک یان دەرکردنی هەر فرمایشێک ڕای وەربگرن، هەنگاوێکی گرنگەو مانای بەتەنگەوەهاتنی کێشەیەکی هەستیاری کۆمەڵگەی کوردەوارییەو کاریگەریی زۆری لەسەر پەرەپێدان دەبێت. چونکە ئەو ئەنجومەنە کاردەکات بۆ چەسپاندنی یەکسانی نێوان هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ لە گشت بوارەکانداو کەمکردنەوەی کەلێنی نێوان دانپیانانی ڕەسمی بە مافەکانی خانماندا و هەڵوێستی بەکردەوەی کۆمەڵگە بەرامبەر بەوان. ئەوەش لە ڕێگەی چەندین هەنگاوەوە، لەوانە:

١-پێشنیارکردنی سیاسەتی گشتی لە بواری پەپێدانی کاروبارەکانی خانمانو بەگژاچوونەوەی توندوتیژیدا بۆ کۆمەڵگە و دامەزراوە دەستورییەکانی.

٢-تواناسازیی خانمان بۆ بینینی ڕۆڵی خۆیان لە ژیانی گشتیداو خستنەگەڕی کۆششەکانی لە بەرنامەکانی پەپێدانی هەمەلایەندا.

٣-دانانی پڕۆژەی پلانێکی نیشتیمانی بۆ گەشەدان بە خانمان و چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی لە گشت بوارەکاندا ڕووبەڕوویاندەبێتەوە.

٤ -هەڵسەنگاندنو بەدواداچوونی سیاسەتە گشتییەکان لە بواری خانمانداو پێشکەشکردنی تێبینی و پێشنیار سەبارەت بەو سیاسەتانە بەلایەنە پەیوەندیدارەکان.

٥ -بیروڕادەربڕین دەربارەی ئەو پڕۆژەیاساو بڕیارانەی پەیوەندیان بە خانمانەوەوە هەیە، پێش ئەوەی بخرێنە بەردەمی لایەنە پەیوەندیدارەکان و

پێشنیارکردنی ئەو پڕۆژەیاساو بڕیارانەی گەشە بە بارودۆخی خانمان دەدەن.

٦ -چاودێریکردنی جێبەجێکردنی ئەو یاساو بڕیار و جاڕنامە و ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتیانەی پەیوەندیان بە ژنەوە هەیە، بۆ دڵنیابوون لە جێبەجێکردنیان‌و مسۆگەرکردنی جیاوازیی نەکردن.

٧-نوێنەرایەتیکردنی خانمانی کوردستان لە دامودەزگاو ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکانی تایبەت بە کاروبارەکانی خانمان.

٨-دامەزراندنی بانقێکی زانیاری بۆ کۆکردنەوەی زانیاری، داتا، ئامارو توێژینەوەکانی تایبەت بە ژنان و ئەنجامدان لێکۆڵینەوەو توێژینەوەی تر لە بوارەکەدا.

گۆڤاری هەفتانە ژمارە (٧٦) ٢٠-٢٦ ت٢ ٢٠٠٩

## لەساڵڕۆژی جیهانیی ژندا

یەکێک لەو ئەرکە سەرەکی و بنچینەییانەی پێویستە لە ڕۆژی جیهانیی ژناندا جەختی لەسەر بکەینەوە، زەمینەخۆشکردنە بۆ گۆڕانی ژنی کورد لە شتەوە بۆ مرۆڤ، واتە لە بابەتەوە بۆ خودێک، کە خۆی دەناسێ و هۆشیارە بەرامبەر بە خودی خۆی وەک مرۆڤ و تاکێک، بەرامبەر بە کۆمەڵگە وەک سەکۆیەکی کارکردن بۆ هێنانەدیی ئامانجە تایبەتییەکانی خۆی و ئامانجە گشتییەکانی کۆمەڵگە. واتە گۆڕینی ژن بۆ هاوڵاتییەک، کە هەموو مافێکی هەبێت، لەپێش هەموویانەوە مافی کردار. بە دەربڕینێکی دیکە، گۆڕینی ژن لە کارپێکراوەوە بۆ بکەر، واتە ئەو مرۆڤەی مافی کرداری هەیەو بۆی هەیە ئەو کارە هەڵبژێرێ، کە پێی باشەو خۆیشی بەرپرسیارێتی بەرامبەر بە ئەنجامەکانی بگرێتە ئەستۆو بەرهەمەکانی کارەکەی، بە تاڵو شیرینەوە، بچنێتەوە.

دانانی ژن بە مرۆڤ، نەک بە شت یان ئامراز، بە پێویست مافە بنچینەییەکانی مرۆڤی پێ ڕەوادەبینێ. ئازادی بە مانــای، ئازادیی پاراســتنی ڕۆح و فیکــرو جەســتەی خۆی، ئازادیی هەڵبژاردنی ئەو خوێندنەی خوازیارێتی و ئەو کار یان پیشەیەی حەزی لێ دەکات، ئازادیی خۆشــەویستی و هاوژینێتـــیو دیاریکردنی ئەو پیاوەی خۆی مەبەستێتی. یەکسانیش بە مانای یەکســـانی لەبەرامبەر یاسای نووســـراوو نەنووسراوو چنینەوەی بەری کار بەشێوەیەکی یەکسان لەگەڵ مرۆڤەکانی دیکەدا. بەو جۆرە کارێک بەسەر ژندا ناسەپێنرێ لەبەر ژنبوونی، هیچ کارێکیش لە ناوەوەو دەرەوەی خێزان بە «کاری ژنانە» دانانرێ، گشــت پیشــەکان بە مووچەی یەکســـان دیاریدەکرێن و هەموو کارەکـــانی ناو خێزانیش، بە پەروەردەکردنی منداڵیشەوە، بەشێوەیەکی یەکسان لەنێوان ژنو پیاودا دابەشدەکرێ. بەم پێیـــەش کۆتایـــیدەهێنرێ بە دابەشکردنی کار لەسەر بنچینەی توخم، هەموو بوارەکانی کارکردنیش بەپێی تواناو شارەزایی لەبەردەم ژنو پیاودا کراوەدەبنو گشت جۆرەکانی خوێندن و مەشقکردن، بەبێ ڕەچاوکردنی توخم، لەبەردەم گشت منداڵەکاندا واڵادەبن.

ئەمەش پێویستی بەوە هەیە ژنان، وەک تاک و گروپ، خۆیـــان ڕزگاربکەنو بزووتنەوەیەکی سەربەخۆ لە بزووتنەوەکانی دیکە بەرپابکەن، چونکە ژنان ناتوانن لە ڕێگەی بزووتنەوەیەکەوە مافەکانی خۆیان دەستبەربکەن، کە پیاوو ئەقڵی پیاوسالاری جڵەویدەکات، بەڵکو پێویستیان بە ژینگەیەک هەیە، کە تیایدا هەست بە بوونی جڵەوکردن نەکەن و پیاوو ئەقڵی پیاوسالاری چاودێرییان نەکات، یان هەڕەشەیان لێ نەکات، یاخود ئاڕاستەیان نەکات. ژینگەیەکی نوێ، کە پەیوەندیی یەکسان و شارەزایی هاوچەشن و ئازاریی هاوشێوە تیایدا زاڵە، واتە بزووتنەوەیەکی ژنانەی سەربەخۆ لە ئەقڵی پیاوسالاری، کە تیایدا ژنان هەست بەوە بکەن لاوازی و شەرم و نەفامی نیشانەی تایبەت و سروشتی نین بەوان و دەتوانن خۆیان و کێشەکانیان دەربڕن، بەبێ ئەوەی ڕووبەڕووی ڕەخنە، هەڕەشە، سوکایەتیپێکردن، فەرامۆشکردن و لەبیربردنەوە ببنەوە. بەمجۆرەش ژنان دەتوانن وەک مرۆڤ بڕوابەخۆبوون بۆ خۆیان بگێڕنەوەو هاوشانی هاوتوخمەکانی خۆیان نموونەی تێکۆشانی چاکتر و مرۆڤانەتر بدۆزنەوە بۆ خوێندن، کارکردن، هاوسەرێتی، مێیەتی و دایکایەتی.

گرنگترین شتێکیش پێویستە ئەو بزووتنەوە نوێیەی ژنان ڕەچاویبکات، خۆبەستنەوەیە بەو واقیعە زیندووەوە، کە زۆربەی ژنـان تیایدا دەژین. بەواتایەکی دیکە، بزووتنەوەکە بەشـــێوەیەکی دیموکراتیانـــە دەســـتپێبکات و لـــە ڕێگـــەی دیموکراسیشەوە گەشەبکات و سـوود لە هەڵەو ئەزموونەکانی بزووتنەوەکانی دیکە وەربگرێت، کە دیموکراسی تیایاندا میوان نەبووەو ئەنجامی ئەوەش لە جەماوەری خۆیان دابڕاون.

دیموکراسیی ڕاستەقینە ئەوەیە، هەموو تاکێک لەناو بزووتنەوەی ژناندا بەشداربێت لە بیرکردنەوەو پلاندانان و بڕیارسازیدا، نەک تەنیا ڕابەرەکان بیربکەنەوەو پلان دابنێن و بڕیاربدەن و ئەوان تەنیا جێبەجێکردنیان لەسەربێ. سەختترین کارێک لەبەردەمی ئەو بزووتنەوەیەشدا، هێنانەدیی ئەمجۆرە ڕاستەقینەیەی دیموکراسییە. کێشەکە لێرەدا تەنیا نەخوێندەواری، نەفامی، هەژاری و ماندوبوون نییە، کە زۆربەی ژنانی کورد بەدەستیانەوە دەناڵێنن، بەڵکو نەخوێندەواریی سیاسی و دەروونییە، کە زاڵە بەسەر زۆربەی ژنانداو خوێندنی قوتابخانە و زانکۆکان چارەسەری ناکەن، لەبەرئەوەی خوێندن لە لای ئێمـە خوێندنێکی ڕۆشنگەرو هۆشیارکەرەوە نییە.

دیموکراتیبوونی ئەو بزووتنـــەوە نوێیەی ژنانی کوردستان گرێدراوی پرۆسەی گۆڕینی ئازار و ناڵاندنەکانی ژنە بۆ جۆرێک لە هۆشیاری. ئەمەش کارێکی ئاسانو

بێ گیروگرفت نییە، چونکــە ڕۆژگارێکــی دوورودرێژی ناڵانــدن و ســەرکوتکردن، گۆڕانی بەسەر ژندا هێناوەو سروشتی شێواندوەو گۆڕیویەتی بۆ بوونەوەرێکی لاوازو ترسنۆک و سەرکوتکردن بۆتە بەشێک لە پێکهاتەی دەروونی، ئەقڵی و جەستەیی ئەو. بەو جۆرەش ژن لە کەسێکی چەوساوە لەلایەن پیاو و ئەوانی دیکەوە، گۆڕاوە بۆ کەسێکی چەوسێنەری خۆی. هەروەها گۆڕاوە بۆ دەروونێکی نەخۆش، کە چێژ لە چەوساندنەوە وەردەگرێت و پیاوێکی دڵڕەقی پێ باشترە، تاکو ئەو پیاوە میهرەبانەی بە یەکسانی مامەڵەی لەگەڵدا دەکات و پێشیوایە بەختەوەریی ئەو لە ملکەچیدایە بۆ پیاو. واتە هۆشیارییەکی ساختەی تیا دروستبووە، کە وادەکات چەوساندنەوە بەشتێکی سروشتی بزانێ و ئەو کەسە بە هەڵە نەزانێ، کە دەیچەوسێنێتەوە. بەو جۆرەش ڕابوون لە دژی بێدادی و بۆ چاککردنی دۆخی خۆی بەپێویست نەزانێ.

گۆڤاری هەفتانە ژمارە (٨٧) ١٤–٢٠ ئازاری ٢٠١٠

## کابینەی شەشەم و متمانەی خەڵک

یەکێک لەو گرفتانەی ڕووبەڕووی کابینەی شەشەم بۆتەوە، لاوازیی متمانەی خەڵکە بە توانای حکومەت بۆ جێبەجێکردنی ئەو بەڵێنانەی لە کارنەمەکەی خۆیدا خستویەتیەڕوو. هۆکاری ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ لاوازیی حکومەت لە ڕووی پێکهاتە ئابووری و کۆمەڵایەتیەکانەوە، بێتوانایی دامەزراوەکان، سستی پرۆسەی دیموکراتیزەکردن، پیواری شەفافیەت و لێپێچینەوە، پەککەوتەیی کەرتی گشتی، مشەخۆریی کەرتی تایبەت و پەراوێزکەوتنی کۆمەڵگەی مەدەنی.

متمانە مانای بوونی سازانی بنچینەیی بیرِوای تاکەکانی کۆمەڵگەیە دەربارەی بەهاکان، ئەولەویاتەکان و جیاوازییە هاوبەشەکان و قبوڵکردنی ناوەکیی کۆمەڵگەیە، هێماکردنیشە بۆ چاوەڕوانیی ئەوان لەو حکومەتەی پێویستە هەیان بێت و چۆنیەتی کارلێککردنی لەگەڵ دامەزراوە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان و تێکڕای دانیشتواندا.

پێویستە کابینەی شەشەم پشت بە متمانەی دانیشتوان ببەستێت، چونکە ئەوان چاوەڕوانی ئەوەن فەرمانبەرەکان سەرڕاستانە خزمەتی بەرژەوەندییە گشتیەکان بکەن و ڕۆژانە سامانی گشتی بەشێوازێکی گونجاو بەکاربەرن. گرنگە دانیشوانیش متمانەیان بە حکومەتی خۆیان هەبێت، چونکە کاتێک متمانەی گشتی بە حکومەت لاوازدەبێت، ئەوا تاکەکانی کۆمەڵگە بەشداری ناکەن لە پرۆسەی حوکمڕانیکردندا. ئەمەش دەبێتە هۆی لاوازبوونی یەکگرتوویی کۆمەڵگەو بێتوانای لەئاست هێنانەدیی ئامانجە هاوبەشەکاندا.

بەوپێیە متمانە پێداویستییەکی بنچینەییە بۆ بنیاتنانی توانستو شەریکایەتیەکان و بناغەیە بۆ هاوکاریی کۆمەڵایەتی و هێنانەدیی ئەو ئامانجانەی بەقەزانجی گشت لایەک دەکەوێتەوە.

گۆڤاری هەفتانە ژمارە (٧٢) ١٥-٢١ ت٢ ٢٠٠٩

## کورد و هەڵبژاردنەکانی عیراق

پاش هەموارکردنی یاسای هەڵبژاردنەکانی عیراق، میللەتی کورد ڕووبەڕووی چەند گرفت بۆتەوە، کە کاریگەریی زۆریان لەسەر چارەنووس و داهاتووی دەبێت و پێویستی بەوەیە، هەم سەرکردایەتیی سیاسی کوردستان و هەم توێژە جۆربەجۆرەکانی کۆمەڵگە فەرامۆشیان نەکەن و هەڵوەستە لەئاستیاندا بکەنو هەڵوێست بەرامبەریان وەربگرن.

یەکەمین گرفت، زۆرکردنی ژمارەی ئەندامەکانی پەرلەمانی عیراقە، گوایە لەبەر زیادبوونی ڕێژەی دانیشتوانی ناوچەکانی عیراق، بەبێ ڕەچاوکردنی واقعیانەی ڕێژەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان. ئەمەش مانای زۆربوونی ژمارەی ئەندام پەرلەمانەکانی دەرەوەی هەرێمە، کە کاریگەریی زۆری لەسەر پێگەی کورد لە دەوڵەتی عیراقدا دەبێت و دەبێتە مایەی گۆڕینی تەرازوی هێز و لەدەستدانی ئەو دەستکەوتانەی لەماوەی پێشوودا بۆ میللەتەکەمان بەدەستهاتوون، وەک ئەوەی یاساکان بەشێوەیەک هەمواربکرێن، کە کاریگەریی کوردیان لەسەر نەبێت. ئەمەش، لەژێر باڵادەستیی بیرکردنەوەی شۆڤێنیستانە لەناو کایە و حیزبە عیراقیەکاندا، ئەگەری هاتنەئارای هەموارکردنی گەلێک یاسا دێنێتەئاراوە، کە دژ بە میللەتی کورد و دەستکەوتەکانی دەبن.

دووەمین گرفت، وەلاوەنانی پرنسیپی تەوافقە و سەرهەڵدانی کارپێکردنی پرنسیپی زۆرینە و کەمینەیە لەناو پەرلەمانی عیراقدا. ئەمەش لەسایەی ئەو دەستکارییەی ژمارەی ئەندام پەرلەمانەکاندا، کاریگەریی زۆری لەسەر داهاتووی کوردو دەسەڵاتەکانی دەبێت و زەمینەخۆشدەکات بۆ لەدەستدانی زۆر دەستکەوت. بۆ نموونە، دەستکاریکردنەوەی دەستووری عیراق، ئەگەری بەدەست نەهێنانەوەی هەندێک لە پۆستە سیادییەکان، دەستکاریکردنی ڕێژەی بودجەی هەرێم، کۆنترۆڵکردنی فرۆشتنی سامانە سروشتییەکان و لاوازکردنی پێگەی پێشمەرگەو ناوزەدکردنیان بە میلیشیا...هتد.

بۆیە یەکەمین هەنگاوێک، کە دەبێت پێش هەڵبژاردنەکان بینێین، ساغکردنەوەی زۆربوونی ڕێژەی دانیشتوانی ناوچەکانی عیراق (بۆ نموونە موسڵ) و کەمیی ڕێژەی هەرێمی کوردستانە، ئەوەیش لە ڕێگەی بانگهێشتکردنی وەزیری بازرگانیی عیراق بۆ پەرلەمانی عیراق و وەزیری پێشووی بازرگانیی هەرێم بۆ پەرلەمانی کوردستان، هەتاکو ئەو پیلانە بەسەرماندا تێنەپەڕێت و نەبێتە ئەمری واقیع. خۆ ئەگەر ئەوە مەیسەرنەبوو، چاکترە هەرێمی کوردستان لە ژێر فشاری هیچ دەوڵەت و لایەنێک و لەبەر خاتری کەس بەشداریی لەو هەڵبژاردنەدا نەکات. دواتریش مافی ڤیتۆی سێ پارێزگا بەکاربێنێت بۆ پاراستنی پێگەی کورد و دەستکەوتەکانی.

گۆڤاری هەفتانە ژمارە (٧٣) ٢٢-٢٨ ت٢ ٢٠٠٩

## گرفتی زۆریی پشووە ڕەسمییەکان

سکاڵایەکی زۆر لەناو دامەزراوەو دامودەزگاکانی هەردوو کەرتی گشتیو تایبەتیدا هەیە دەربارەی ئەو پشـــووە ڕەســـمییە زۆر و درێژانەی هەرێمی کوردســـتان، کە هەندێک جار سنووری ئوسوڵیی بۆنەکان تێدەپەڕێن و بە بڕیاری بەرپرسێک یان خواستی خەڵک خۆیان پێشەلەقە و پاشەلەقەشیان بۆ زیاددەکرێت.

ئەم جۆرە پشووە ڕەسمیانە زیابەخشن، چونکە دەبنە هۆی زۆرکردنی بێکاریی داپۆشراو، کە هەرێمی کوردستان لەمێژەو هەتاکو ئێستا بەدەستییەوە گیرۆدەیە، کاتژمێرەکانی کارکردنی ڕۆژانەی زۆرێک لە دامەزراوەکان دەگەیەنێتە٥٠٪ی کاتژمێری کارکردنی دامەزراوەکانی وڵاتە پێشکەوتوو و نیمچە پێشکەوتووەکان، خوێندنی قوتابخانە و خوێندنگە و زانکۆکان پەکدەخات. ئەمەش بەهەدەردانێکی لەڕادەبەدەری کارو سامانی گشتییە، کە بەو ئاستی بەرهەمهێنانە نزمەی کارکردن وزەیەکی زۆری کار بەفیرۆدەچێت و مامەڵەکانی خەڵک لە دامودەزگاکانی حکومەتو کارەکانی کەرتی تایبەت پەکدەخرێن، پرۆژە خزمەتگوزاری و پەرەپێدانخوازەکانیش دوادەکەون و ئاستی زانستیی خوێندن دێتەخوارەوە. ئەمە وێڕای ئەوەی ئەو پشووە درێژو بەردەوامانە کاریگەریان لەسەر شێوەی بەکارهێنانی داهاتی خێزانەکان دەبێت و ناچاریاندەکات، بۆ بەسەربردنی کات و ڕەواندنەوەی بێزاری، پارەیەکی زیاتر لە گەشتوگوزار و چوونە دەرەوەدا سەرفبکەن، نەک بنیاتنانو خۆشگوزەرانی.

بڕیاری دانانی ڕۆژانی شەممەش بە پشووی ڕەسمی، لە شوێنێکی وەک کوردستاندا، کە کۆمەڵگەکەی، بەپێچەوانەی وڵاتە پێشکەوتووەکانەوە، بەرخۆرە نەک بەرهەمهێن، هیچ لێکدانەوەیەکی زانستی لەپشتەوە نییەو مانای هاندانی خەڵکە، بەتایبەتی فەرمانبەرو کارمەندەکان، بۆ ئەوەی ڕێژەی بێکاریی زیادبکەنو کات و سامانی گشتی بەفیرۆبدەن. ئێمە لەبەردەم بڕیارێکداین دژی لۆژیکی کۆششکردنە بۆ بنیاتنانی حوکمڕانییەک، کە تیایدا فەرمانبەر بەرپرسیارێتیەکی بیۆێنە بەرامبەر بە ڕاییکردن و سەرکەوتنی کارەکان دەکەوێتە ئەستۆی، بەتایبەتی

کە بەشێکی زۆری کارمەندانی لای ئێمە فەمانبەری حکومەتن و ئەرکێکی گرنگی پەرەپێدان دەکەوێتە ئەستۆیان.

بۆیە کاتی ئەوە هاتوە حکومەتی هەرێم پێداچوونەوەیەک بە پشووە ڕەسمییە زۆرو درێژخایان و بەردەوامەکان بکات و بەشێوەیەکی زانستی و بەرپرسیارانە، دوور لە مەرامی سیاسی و تاکەکەسی، ڕێکیان بخاتەوەو بڕیاری دانانی ڕۆژانی شەممەش بەپشوو هەڵوەشێنێتەوە، هەتاکو پشووەکان نەبنە کەناڵەکانی خۆدزینەوە لە کارکردن و بەرهەمهێنان و ڕێگەیەک بۆ بەهەدەردانی سامانی گشتی و بەفیرۆدانی داهاتی تایبەتی.

گۆڤاری هەفتانە ژمارە (٧٤) ٦-١٢ ت١ ٢٠٠٩

## فرەلایەنیی حزبی و دەستاودەستکردنی دەسەڵات

فرەلایەنیی حزبی و دەستاودەستکردنی دەسەڵات بەشێوەیەکی ئاشتیخوازانە دوو بنەمای گرنگی کۆمەڵگەی دیموکراتین. بوونی چەندین لایەنی سیاسی، کە کاربکەن بۆ ئازادی و پێشکەوتنی کۆمەڵگە لە گۆشەنیگایەکی تایبەتییەوە، شتێکی ناسروشتی نییە، بەڵکو بەگرژاچوونی فرەلایەنی و سەپاندنی یەکجۆر بیرکردنەوە کارێکی ناشایستەیە. بەوپێیەی مرۆڤەکان بیردەکەنەوەو تێدەکۆشنو خاوەن پێگەو پایەی کۆمەڵایەتی و بەرژەوەندیی جیاوازن، بۆیە ئاساییە فرەلایەنیی سیاسیش لەئارادادەبێت. بێگومان ئەو فرەلایەنییە سوودبەخشە بۆ کۆمەڵگە نەک زیانبەخش، ئەنجامی ئەوە چەندین بەرنامەو شێوازی خەبات لەگۆڕێدەبنو خەڵکی لە دەوریان کۆدەبنەوەو بەشداریکردنیان لە خەباتدا پەرەدەستێنێ. گرنگە هیچ لایەنێک بانگەشەنەکات بۆ بەدەستەوەگرتنی ڕەوایەتی و حەقیقەت و دان بەبوونی لایەنی دیکەدا بنێ و بوونیان بە پیلان و دەستی بێگانە دانەنێ. هەروەها هیچ لایەنێک دەستبەرداری بەرنامەو شێوازەکانی خەباتی خۆی نەبێتو هەمیشە بەشێوازی شارستانیانەو لە چوارچێوەی ڕێکەوتنێکی کۆمەڵایەتیدا کار بۆ ئەوە بکات خەڵکی بەدەوری تێڕوانینەکانی خۆیدا کۆبکاتە. لێرەشدا هەر حزبێک مافی خۆیەتی کار بۆ بەهێزکردنی پێگەی سیاسی و جەماوەری و ئابووریی خۆی بکات، ئەویش بەگرتنەبەری شێوازەکانی خەباتی مەدەنی و شارستانیی دوور لە پیلانگێڕان و ئاژاوەنانەوەو پشێویخستنەوە، بەوەی بە تێکۆشانی وا لە خەڵکی بکات قایلبن بە بەرنامەو شێوازی کارکردن و ئامڕەزاکانی تێکۆشانی حیزبەو لەوانەی حزبەکانی تر بەچاکتریان بزانن.

بوونی فرولایەنی، ڕەخنەگرتنی حزبەکان لە یەکتر سروشتی و پێویست دەکات، بەمەرجێک ئامانجی ڕەخنەکە ناوزڕاندنی حیزبێکی ترو ڕاست و چەپ هێنان نەبێت بەسەر تێکۆشانیدا، ڕەشکردنی لاپەڕەکانی تێکۆشانی یەکترو یەکتردەرپەڕاندن نەبێت لە گۆڕەپانی خەبات. شێوازی دەربڕینی ڕەخنەکەش بابەتیانە بێتو پشتئەستووربێت بە داتاو بەڵگەی واقعی و دووربێت لە تاوانبارکردن و بەخائینکردنی یەکتر. لێرەشدا بوونی مەیلی سەتاپاگیر و پاوانخوازی و تاکڕەویی دەسەڵاتخوازانەو مەیلی ڕەتکردنەوەی ئەویترو بە هیچ دانانەنی، دوو مەیلی دژبەیەکن، بەڵام هەمان سەرەنجام دەخەنەوە، ئەویش جێگیرنەبوونی دیموکراسیو باڵادەستیی ستەمکارییە.

گۆڤاری هەفتانە ژمارە (٧٩) ١٠-١٦ ت١ ٢٠٠٩

## گەشەپێدانی خزمەتگوزارییەکانی حکومەت

چاککردنی جۆری خزمەتگوزارییە حکومییەکان گرێدراوی چاککردنی توانای ڕاییکردنی کارەکانە .بۆیە گەرەکە ئەوتوێژانە دەستنیشانبکرێن، کە سوودمەندن لە خزمەتگوزارییەکان، ئاشنایی بەرامبەر بە پێداویستی و حەزەکانیان پەیدابکرێت، خزمەتگوزارییەکان و خەسڵەتەکانیان دیارییبکرێن و پێوانەکانیان لەگەڵ لایەنە پەیوەندارەکاندا بخرێنەڕوو بۆ بڵاوکردنەوەو بەگشتیکردن. هەروەها یارمەتیدانی دامەزراوەکان، پشتئەستوور بەوانە، بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان بەپێی پێوانەگەلی بابەتی و بنیاتنانی توانستە دامەزراوەییەکان بۆ هەڵسەنگاندنی ئاستی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان. ئەمە وێڕای جێبەجێکردنی بەرنامەو پرۆژەی زۆر بۆ چاککردنی ڕاییکردنی کارەکان، پاش شیکردنەوەی کەلێنەکانو پێداچوونەوە بە پێوانەکانی خزمەتگوزارییەکان و شێوازی پێشکەشکردنیان لە چوارچێوەی میتۆدێکی زانستیی دیراسەکراودا، کە کولتووری باڵادەستی ناو دامەزراوی دیاریکراو ڕەچاودەکات و ڕادەی ئامادەیی بۆ گۆڕان و توانا دامەزراوەییەکان و یاسا پێڕەویکراوەکانی دەخاتەڕوو.

لەم بوارەدا، پێویستە ئەنجامی بەدامەزراوکردنی بینینی سکاڵاکان دەربارەی ڕاییکردنی کاری حکومەت و خزمەتکردنی گشتی، کاربکرێت بۆ چەسپاندنی «باشترین ڕەفتار» لە وەزارەت و دامەزراوە خزمەتگوزارییەکانداو ڕێکخستنی پەیوەندیی نێوان دامەزراوە حکومیەکان و هاوڵاتیان لەلایەک و نێوان ڕێکخەرانی سامانە مرۆییەکان و فەرمانبەرانی ناو خودی دامەزراوەکان لەلایەکی دیکەوە، هەتا سەرەنجام پلەی بەرزتری دادپەروەری، یەکسانی و لێهاتوویی خزمەتگوزاریو کارگێڕی بێتەئاراوە . لێرەشدا بوونی دەزگایەکی تایبەت بە سکاڵاکردن گرنگە، بۆ ئەوەی هاوشانی سێ دەسەڵاتەکە و دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن و کۆمەڵگەی شارستانی کاربکات بۆ گەشەپێدانی پەیوەندییەکانی نێوان دامودەزگا شارستانیەکان و هاوڵاتیان، بەمەبەستی مسۆگەربوونی بەردەوامیی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان بەشێوەیەکی کارامەو باش بە هاوڵاتیان.

## نوێکردنەوەی حیزب

نوێکردنەوەی هەر حیزبێک، ئەو کۆششەیە کە مەبەستێتی لەلایەکەوە بنەمای دامەزراوەبوونی حیزب نوێبکاتەوە، لەلایەکی دیکەشەوە گەشە بە ڕۆشنبیریی سیاسیی حیزب بدات و سەرلەنوێ دایبڕێژێتەوە. واتە نوێکردنەوەی حیزب بەگشتی ئەو پرۆسەیەیە کە مەبەستێتی جیاکارەبوونی حیزب بپارێزێت و سروشتێکی ئەقڵانی ببەخشێتە کارەکانی، هەتا تێکۆشانی لەناو کۆمەڵگە کارامەتربێت و پلەو پایەی بەهێزتربێت. نوێکردنەوەی حیزب لە ڕێگەی چەند سیماو نیشانەیەکی سەرەکییەوە دەناسرێتەوە، لەوانە: هۆشمەندکردنی بنـــەمای دەسەڵاتی حیزبی، جیاکارەیی پێکهاتە و فرمانە سیاسییەکان، بەهێزکردنی توانا دامەزراوەییو سیاسییەکان، سەروەریی ڕۆحی یەکسانی لە ماف و ئەرکەکانداو چەسپاندنی لە سەرتاپای حیزبدا.

مەبەست لە هۆشمەندکرنی بنەمای دەســەڵاتی حیزبی، دامەزراندنی دەســەڵاتی حیزب و جێگیرکردنی کۆڵەکەکانیەتی لەسەر بنچینەی ئەقڵانیی هۆشمەندانەی سەربەخۆ لە گشت پەیوەندی و گرێدانەوە تەقلیدییەکان. هەروەها زیادبوونی توانای حیزبە، هەتاکو بتوانێت شارەزاییە بەڕێوەبەرییەکان و پێویستییەکانی بەرپرسیارێتی سیاسی و پێداویستییەکانی هۆشمەندی و ئەقڵانیەت بەشێوەی چنراوێکی پتەوی کارا گرێبداتەوە بە ویستی ئەندامەکانیەوە، بۆ ئەوەی ئاکارێکی سیاسیی ڕێکوپێکی گونجاو بەرجەستەبێت و هەتا بتوانێت لوتی دەستەبژێری سیاسیی تەقلیدی ناو حیزب بشکێنێ و سنوور بۆ ڕەوایەتیی باو دابنێت و پرنسیپگەلێک بچەسپێنێ، کە سەرکردایەتی بەرامبەر بە ئەندامەکان بەرپرسیاردەکەن و ڕێگەش بەئەندامەکان دەدەن لە سەرکردایەتی بپرسنەوە.

جیاکارەیی پێکهاتەو فرمانە سیاسییەکان، مانای بەهێزکردنی میکانیزمەکانی لێک جیاکردنەوەی بنەماو دامەزراوەو ئاستەکانی کاری ڕێکخراوەیی حیزبو جەختکردنەوەیە لەسەر سروشتی تایبەتکاریی کارو ڕۆڵی هەریەکێکیان. ئەمەش کۆمەڵێک گۆڕانکاری و دەستکاری بنەمایی و فرمانی لەخۆدەگرێت، لەوانە: سەرلەنوێ پێکهێنانەوەی شێوازی پلەداری و دانانی سنووری جیاکەرەوەی نێوان ڕۆڵە

پیشەکارییە حیزبیەکان. کەواتە جیاکارەیی پێکهاتەو فرمانە سیاسییەکان، مانای جەختکردنەوەیە لەسەر جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و چەسپاندنی دیموکراسییە بۆ کاراکردنی کاری حیزب و بەهێزبوونی کاریگەریی لەسەر کەرتە جیاوازەکانی کۆمــەڵگـــە.

بەهێزکردنی توانا دامەزراوەیی و سیاسییەکان، مانای زیادبوونی توانای سازان و داهێنانی شێوە کاری سیاسییە، کە بەرهەمی مامەڵەکردنی ئەندامو کالێککردنی زیندوویەتی لەگەڵ دەوروبەرو دەرهاویشتەکان. ئەمەش لە چەند شتێکدا بەدەردەکەوێت: گەشەپێدان و نوێکردنەوەی هەیکەلی ڕێکخراوەیی و بڕیارو دابینکارییە حیزبییەکان، فراوانکردنی سنووری دەسەڵاتی کادیرو ئەندامەکانی حیزب، زۆرکردن و هەمەڕەنگکردنی کردەکانی حیزب لەلایەک و بەهێزکردنی چالاکیی حیزب و کاراکردنی ڕاپەڕاندنی کارەکانی خۆی و جێبەجێکردنی بڕیارە سیاسی و بەڕێوەبەرییەکان لەلایەکی دیکەوە.

کارکردن بۆ یەکسانی و جێگیرکردنی بەکردەوەی، ناوەڕۆکی نوێکردنەوەی سیاسیی حیزب پێکدێنێت و بەگشتی بریتیە لە: بیرۆکەی ئەندامێتی و یەکسانی لە ئەرک و مافەکاندا، پێڕەویکردنی یاساو ڕێساکان بۆ جڵەوکردنی پەیوەندیی نێوان حیزب و هاوڵاتیان، زاڵکردنی پێوانەکانی لێهاتوویی و شارەزایی بۆ بەدەستهێنانی پێگەی حیزب، یان دابەشکردنی پلەکارو ڕۆڵە ڕابەریکارەکان.

گۆڤاری هەفتانە ژمارە (٨٨) ٢٨ ئازار-٣ نیسان ٢٠١٠

## کولتووری هەڵکردن

گومانی تێدانییە، بڵاوکردنەوەی کولتووری هەڵکردن و قبوڵکردنی ئەوی دیکەی جیاواز، پێداویستییەکی بنچینەیی و هەنوکەیی و گرنگە، بەتایبەتی لەسایەی ئەو هەلومەرجە هەستیارەی کوردستانی پێدا تێدەپەڕێت و پێویستە ئەو کولتوورە لەناو مێشک و ناخی هەر تاکێکی ئەم کۆمەڵگەیەدا بچەسپێنرێ و بەردەوامو لە هەموو بوارەکاندا کارپێبکرێت، چونکە دەبێتە هۆی خوڵقاندنی ئەو هاوڵاتیەی دەتوانێت بەرپرسیارێتی بگرێتە ئەستۆو بەشێوەیەکی باش و دروست بەشداریی لە بنیاتنانی بنەماکانی دیموکراسی و کۆمەڵگەیەکی هاوسەنگدا بکات.

لێرەشدا گەرەکە جەخت لەسەر ئەوە بکرێتەوە، کە هەڵکردن و قبوڵکردنی ئەوی دیکەی جیاواز، بەبێ پێکگەیشتن و دیالۆگ و بەشداریکردنی ڕاستەقینە لە بڕیارسازیدا مەیسەرنابێت، چونکە خستنەگەڕی دیالۆگێکی بنیاتنەرانەو خوڵقاندنی پانتاییەک بۆ ڕەخنە و بیری سەربەخۆ، دەبێتە مایەی سەقامگیریو ئاشتی و پێکەوەژیان. دیالۆگ و پێکگەیشتنیش تاقە ڕێگەی ڕاستە بۆ تاوتوێکردنو چارەسەرکردنی جیاوازییەکان و مەسەلە هەڵواسراوەکان و ئەڵتەرناتیڤێکی چاکی سەپاندنی زۆرەملێیانەی بیروڕایە، بەوپێیەی بەهۆی دیالۆگەوە دەکرێت دیموکراسیو هاریکاری و خۆشەویستی و ئاشتی بچەسپێت. لێرەشدا سەرکەوتنی دیالۆگ تەنیا بە بانگەشەبۆکردنی نابێت، بەڵکو هەنگاوگەلی بەکردەوەی پێویستە، کە دەبنە شوێن پێ هەڵگرتنی واقعیی لایەنەکانی دیالۆگەکە و بەهێزبوونی متمانەی نێوانە گفتوگۆکەرەکان، چونکە ئەگەر گفتوگۆکەر دڵنیانەبێت لە ڕاستبێژیی ئەوەی دیالۆگی لەگەڵ دەکات و ئاستەنگ و بەربەستەکانی بەردەمی دیالۆگ لانەبرێن، ئەوا دیالۆگکردن تەنیا لەپێناو دیالۆگدا دەبێت.

دەکرێت کارپێکردنی هەڵکردن و قبوڵکردنی ئەوی دیکەی جیاواز لە واقعی کوردستاندا بەگەلێک شێوە بخوێنرێتەوە، یەکێک لەوانە هەڵکردنە لەگەڵ کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان و قبوڵکردنی جیاوازییەتی لەگەڵ کابینەکانی

پێشتردا. مەبەست لێرەدا ئەوە نییە ئەم کابینەیە دارێکی سیحریی بەدەستەوەیەو هەموو گرفتەکان چارەسەردەکات و کابینەکانی پێش خۆی تێدەپەڕێنێت، بەڵکو بەو مانایەی ئەم کابینەیە لە هەلومەرجێکی دیکەدا دەستبەکاربوەو پێکهاتەو بکەرەکانی جیاوازن لەگەڵ ئەوانەی پێشووداو سەرۆکەکەیشی هەمان بۆچوون‌و دنیابینیی سەرۆکەکانی پێشووی حکومەتی هەرێمی نییە. هەڵنەکردن لەگەڵ ئەم کابینەیەو جیاوازییەکانی ئەرک و پێکهاتەو میکانیزمەکانی کارکردنیدا، لەلایەن هەر تاک و گرووپێکەوە، مەبەستداربێت یان بێ مەبەست، لەلایەکەوە مانای ڕەتکردنەوەی بەرامبەرو بێبایەخکردن و بچووکردنەوەیەتی و لەلایەکی دیکەوە مانای خۆ پیرۆزکردن و پاکیزەیی و بەدەستەوەگرتنی حەقیقەتی ڕەهایە. ئەمەش دەبێتە هۆی سەرهەڵدانەوەی ئەو کارەساتانەی بوونە هۆی بەهەدەردانی دەرفەتی زێڕین و بەفیرۆدانی خوێن و فرمیسک و ئارەقی ناوچەوانی دەیان هەزار کەس‌و هەڕەشە تەنیا لە بوونی کابینەی شەشەم ناکەن، بەڵکو هەڕەشە لە بوونی گشتیمان و دەستکەوتەکانمان بەگشتی دەکەن. بۆیە لەبری ڕەتکردنەوەی کابینەی شەشەمی جیاواز، با بە بەڵگە و داتا قسە لەسەر جیاوازییەکان بکرێت‌و لە خزمەتی سەرتاپای کۆمەڵگەی کوردستاندا بخرێتەگەڕ.

گۆڤاری هەفتانە ژمارە (٧٨) ٣-٩ ت٢ ٢٠١٠

## ڕۆژنامەگەری وەک ئامرازی بەتاڵکردنەوەی ڕق

ئەگەرچی ڕۆژنامەگەری ئەو ئاوێنەیەیەک کە بەهۆیەوە بارودۆخی کۆمەڵگە دەخرێتەڕوو، بەڵام ماقول نییە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ ببێتە ئامرازێک بۆ وێرانکردنی کۆمەڵگە، تێکشکاندنی بەها مرۆییەکان و دەستدرێژیکردنە سەر مافە بنچینەییەکانی تاک. ڕاستە ئازادیی ڕۆژنامەگەری مانای دابینکردنی مافی هەر کەسێکە بۆ دەربڕینی هەر بابەتێک و بەهەر شێواز و ئامرازێک بیەوێ، ڕاستە مانای بوونی دەرفەتی بەدەستهێنانی زانیارییەکان و چاودێریکردنی دەسەڵاتداران‌و ڕەخساندنی دەرفەتی لێپێچینەوەی کەسانی گەندەڵ‌و خراپەکارە، ڕاستە مانای ڕێگرتنە لە پاوانخوازی و یەکتاپەرستی، بەڵام ئەو ئازادییە ڕەهاو بێسنوور نییە، بەڵکو دەبێت چوارچێوەیەکی یاسایی بۆ دابنرێت و ڕەچاوی چەند خاڵێکیش بکرێت: ڕاستگۆیی و ڕاشکاوی و بەویژدانبوون، بێلایەنی و سەربەخۆبوون، پاراستنی مافەکان و ناوبانگی تاکەکانی کۆمەڵگە، نەڕووشاندنی شکۆمەندیی تاکەکان و دەستوەرنەدانە ژیانی تایبەتیان، ڕێگەنەدان بە وروژاندنی دەمارگیری‌و تایەفەگەری و خستنەوەی توندوتیژی، وردیی و بابەتیبوون لە خستنەڕووی ڕاستی و بابەتەکانداو بەدەستەوەبوونی بەڵگە لەسەریان، دوورکەوتنەوە لە بابەتی وروژاندنئامێز.

جێی داخە، لەبەر لاوازیی نەریتەکانی دیموکراسی و نیشتەجێ نەبوونی دیموکراسی بەشێوازی ژیان، نەک کارپێکردنێکی سیاسیانەی ڕووت، هەروەها لەبەر کار پێ نەکردنی ئازادیی دەربڕین بەواتا ڕاستەقینەکەی و نەبوونی بەرپرسیارێتی لە نووسیندا، ئازادیی ڕۆژنامەگەری لای هەندێک بۆتە ئامرازێک بۆ بەتاڵکردنەوەی ڕق‌و تووڕەیی وێرانکارانەی ناخ و ڕێگەیەک بۆ پاڵەوانبازی و ناوبانگدەرکردن، لای هەندێکی دیکە بۆتە دەرفەتێک بۆ تۆڵەسەندنەوە لە نەیاران و سەبەبکارانی نەهامەتیەکان و دەمامکێک بۆ داپۆشینی شکستەکانیان، لای هەندێکی دیکەش بۆتە ڕەوتێک بۆ هەڵهاتن لە گرتنەئەستۆی بەرپرسیارێتی و بەشداریکردن لە بنیاتنانەوەی نیشتیمانی وێران و کۆمەڵگەی پڕ گرفتدا. بۆیە پرنسیپەکانی

کارپێکردنی ڕۆژنامەگەریی ئازاد فەرامۆشکراوە، حەقیقەتی ڕەها بەدەستەوەگیراوە، گوێ بەڕووی بەدەستهێنانی ڕاستییەکاندا داخراوەو پەیامێکی یەکئاڕاستە بنیاتنراوە، کە کاردانەوە قبوڵ ناکات. ئەنجامی ئەوەش ڕۆژانە دەیان کەس بە بێ بەڵگەی واقعی سوکایەتیان پێدەکرێ، بوختانیان بۆ هەڵدەبەسترێ، دەستکاریی ژیانی تایبەتیان دەکرێ و بەدگومانی و بێبڕوایی بەرامبەریان دەچێنرێ.

لەپێناو پاراستنی شکۆمەندیی ڕۆژنامەنووسی ئازاد و بۆ بەشداریکردنی ڕۆژنامەگەری لە دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگەدا، پێویستە ڕۆژنامەنووسان چیدی ئەو باودۆخە قبوڵ نەکەن و ڕاشکاوانە و بوێرانە بەرەنگاری ئەو ڕەوتە وێرانکارە ببنەوەو زەمینە بۆ مۆرکردنی شەرەفنامەیەکی ڕۆژنامەوانی و نووسینی بەرپرسیارانە خۆشکەن، هەتاکو وێرانکاری باڵادەست نەبێت و دەسەڵاتدارانیش بەهانەیان نەدرێتە دەست بۆ تەسککردنەوەی سنووری ئازادییەکانی تاکو گێڕانەوەی دەسەڵاتی سەرتاپاگیرانە.

گۆڤاری هەفتانە ژمارە (٩١) ١٨–٢٤ نیسان ٢٠١٠

## ئەولەویاتەکانمان کامانەن؟

ئەولەویاتەکانمان کامانەن؟ ئایا ئەولەویاتگەلی دیاریکراومان هەن؟ ئایا ئێمەو کۆمەڵگە هاوڕاین لەسەر ئەولەویاتەکان؟ لە کاتی بوونی ئەولەویاتەکانو هاوڕایی لەسەریان، ئایا دەزانین چۆن هەریەکێکیان دێنینەدی؟ ئایا چاکسازی لە کۆمەڵگەکەماندا ئەنجامدەدەین، یان گۆڕانکاریی ڕیشەیی، یاخود تێکەڵەیەک لە هەردووکیان؟ ئەوانە کۆمەڵێک پرسیارن، لەکاتێکدا دەردەبڕڕێن، کە هەندێک لە دەنگەکان داوای گۆڕین دەکەن و هەندێکی دیکەش داوای چاکسازی دەکەنو میللەتیش لەنێو ئەو دەنگانە و موزایەداتە جۆربەجۆرەکاندا تووشی سەرەسیمەو گێژبوون بووە.

ڕێگەم پێ بدەن لە ڕوانگەی خۆمەوە ئەولەویاتەکانی کۆمەڵگەکەمان بخەمەڕوو، بەبێ ڕیزبەندیکردنیان، بەمەبەستی بەرپاکردنی گفتوگۆ دەربارەیان و دۆزینەوەی ڕێگەی ڕاست ڕوەو پەرەپێدانی هەمەلایەن.

یەکەم/ دابینکردنی پێداویستییە بنچینەییەکانی کۆمەڵگە، لە نانو ئاوی پاکو شوێنی نیشتەجێبوون و کارەبا و غاز بەبۆریی تایبەتی.

دوەم/ توانای هاتوچۆکردن، واتە دەستەبەرکردنی ئامرازگەلی گواستنەوەی گونجاو و هەرزان، کە لێهاتوانە کاربکەن و لە کاتی خۆیدا هاوڵاتیان بگەیەننە شوێنی کار یان نیشتەجێبوون.

سێیەم/ مسۆگەرکردنی چاودێریی تەندروستیی جیاکارەو سیستەمی پزیشکی خێزانی لە هەموو شارو شارۆچکەکاندا.

چوارەم/ ڕەخساندنی دەرفەتی کارکردن لە کەشێکی ئازادی وەبەرهێنانی پێشبڕکێکاری دادپەروەرانەداو پشتبەستوو بە تواناو شارەزایی، نەک خزمایەتیو دەستەگەری.

پێنجەم/ پەروەردەو خوێندنێکی هاوچەرخ، کە کوردستان بخاتە ڕیزی وڵاتە پێشکەوتووەکان.

شەشەم/ ڕۆشنبیری و هۆشمەندییەکی سەردەمیانەی پشتبەستوو بە کتێب، هونەرەکان، ئەدەبو سەرچاوە جیهانییەکان.

حەوتەم/ ئاشتیی کۆمەڵایەتی و یەکڕیزیی نیشتیمانی و چاکسازیی ئایینی.
هەشتەم/ دادپەروەری و سەروەریی یاسا بەشێوەیەک هەموان بگرێتەوە.
نۆیەم/ پاراستنی مافەکانی مرۆڤ، دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و یەکسانیو دەرفەتی وەک یەک.
دەیەم/ ڕزگارکردنی کۆمەڵگە لە دەستی گەندەڵی و گەندەڵکاران و پاراستنی پارە لە دەستوەردانی سیاسەت و سیاسەت لە کاریگەریی پارە.
یانزەیەم/ نەهێشتنی هەژاری و نەخوێندەواری لە ماوەی ١٠ساڵدا.
دوانزەیەم/ پاراستنی ئازادیی دەربڕین و بەردەوامبوونی ڕەوتی دیموکراتی.
سیانزەیەم/ ئامادەکردنی سەرکردەکانی داهاتوو، چونکە کۆمەڵگەیەکی بێ سەرکردەی شایستە بێ داهاتووە.

ئەوە زنجیرەیەک ئەولەویاتە، کە دەشێت شتی تریش بخرێتە سەریان. پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە، ئایا دەکرێت ڕێکەوتن لەسەر ئەو ئەولەویاتانەو ڕیزبەندیان بهێنینەدی و لە موزایەدات و پشێوی و ناسەقامگیری ڕزگارمان بێت؟

گۆڤاری هەفتانە ژمارە (٩٥) ١٦-٢٢ مایس ٢٠١٠

## کەی دەکەوینە خۆمان؟

یەکێک لەو مەسەلانەی لە کوردستاندا زاڵە و پێویستە هەڵوەستەی لەئاستدا بکرێت ئەوەیە، کە ئێمە هەتاکو نەکەوین بەسەر ڕووداوەکاندا، هەست بە کەموکوڕیو خەوشییەکانی کارەکان ناکەین. بۆ نموونە هەتاکو ماوەیەک لەمەوبەر ئۆتومبیلێکی نەوتهەڵگر لەسەر پردی قلیاسان پەکی نەکەوت و نەبووە هۆی گیرخواردنێکی هاتوچۆ، ئەوەمان بەبیردا نەهات، ئەگەر دەروازەی سەرەکیی سلێمانی گرفتێکی تێبکەوێت، خەڵکی چۆن بێنە ناو شارەوە. هەتاکو کارەساتە دڵتەزێنەکەی ئوتێل سۆما ڕووی نەدا، کەس نەبوو ئاوڕ لە مەسەلەی سەلامەتیی (سەیفتی) بیناو باڵەخانەکانی ناو شار بداتەوە، بەتایبەتی ئەوانەی بۆ خزمەتگوزاریی گشتی بنیاتنراون. کاتێکیش ڕووداوەکان پێشهاتن، ڕۆژنامەنووسان بەڕاست و چەپ کەوتنە وێزەی لایەنە بەرپرسیارەکان و تەڕو وشکیان پێکەوە سووتاند.

بۆیە کاتی ئەوە هاتوو ئێمەی کورد هەڵوەستەیەک لەئاست ئەو مەسەلەیەدا بکەین و چیدی دوای پێشهاتنی ڕووداو بەسەر قوربانییەکاندا نەگرین، لەبری ئەوە ئاوڕ لە هەموو ئەو ئامادەکارییانە بدەینەوە، کە دەبنە هۆکاری بنیاتنانی ژیانێکی سەلامەتی دوور لە قوربانیدان. لەم بوارەشدا چەند پرسیارێکی ڕەوا دەخەمەڕوو، هیوادارم لایەنە پەیوەندیدارەکان بەجیدی وەڵامیانبدەنەوە. تا کەی لایەنە پەیوەندیدارەکان بەدواداچوون ناکەن بۆ ئەوەی بزانن دیزاین و مەرجەکانی بنیاتنانی باڵەخانەیەکی گشتی لە ڕووی تیۆری و واقعییەوە تا چەند لەگەڵ یەکدا تەبان، هەتاکو لە کاتی بومەلەرزە یان هەر کارەساتێکی سروشتیدا بیناکان بەسەر دانیشتوانەکانیاندا نەڕووخێن؟ بۆچی شارەوانی چاودەپۆشێت لەو هەموو باڵەخانانەی پێویستبوو پارکی ڕاگرتنی ئۆتومبیل لە ژێرزمینەکەیاندا بێت و جێبەجێنەکراوەو ئەنجامی ئەوە گرفتی سەلامەتی لەسەر ڕێگەوبانەکان دروستبووە؟ بۆچی لایەنە پەیوەندیدارەکان کۆنترۆڵی ئەوەیان نەکردوە، داخۆ ئوتێل و مۆتێلەکانی شار مەرجی سەلامەتی و دڵنیاییان تێدایە یاخود نا؟ بۆچی لایەنی تەندروستی ڕۆژانە کۆنترۆڵی ڕێستۆرانت

و خواردنگەکان ناکات، بۆ دڵنیابوون لەلایەنی سەلامەتیی خواردنەکان و ڕێگرتن لە کەوتنەوەی پەتا گەورەکان؟ بۆچی بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆ هەڵوەستەیەکی جیدی لەئاست ڕووداوەکانی هاتوچۆدا ناکات و چارەسەری پێویستیان بۆ نادۆزێتەوەو بەتاوانبارکردنی شۆفێرەکان ویژدانی خۆی مورتاحدەکات؟ بۆچی لایەنە پەیوەندیدارەکان ڕێگەدەدەن کوردستان ببێتە زبڵدانی کاڵاکانی وڵاتانی دەوروبەرو چاو لەئاست چاوچنۆکیی بازرگانەکاندا دەقوچێنن؟ هەتاکو کەی خۆڵ و خاشاکی ئەم شارە بەشێوازی خراپ و زیانبەخش بۆ تەندروستیی گشتی کۆدەکرێتەوەو لەناودەبرێت؟

گۆڤاری هەفتانە ژمارە (١٠٥) ٢٥–٣١ تەمموز ٢٠١٠

## کاروانی چاکسازیی درێژخایان لە کوردستان

یەکەمین هەنگاوەکانی کاروانی چاکسازیی درێژخایان لە کوردستان هەڵهێنراون‌و بەشێوازی جۆربەجۆرو لە بوارە جیاجیاکاندا گوزارشت لەخۆیان دەکەن. ئەوەش بۆتە مایەی دڵخۆشیی لایەنگرانی بنیاتنانی حوکمڕانیی چاک، چونکە ئەوە تاقە ڕێگەیەکە بۆ هێنانەئارای کۆمەڵگەیەکی دروست و دادپەروەرانە. هەروەها بۆتە مایەی نیگەرانییان بەرامبەر بەوەی ئەو هەنگاوانە نەوەستن و قۆرت نەخرێتە ناو ڕەوڕەوەی پرۆسەی چاکسازییەوە. لەلایەکی ترەوە، ئەو هەنگاوانە دڵەڕاوکێی لەناو چەندین توێژو گرووپی بەرژەوەندیخوازدا دروستکردوە، کە لەمێژە خراپکارانە سودمەندبوون لە خێروبێری ئەم وڵاتە و دەسەڵاتیان لە خزمەتی بەرژەوەندییەکانی خۆیاندا خستۆتەگەڕ، لەوانە: لایەنگرانی قۆرخکردنی حکومەت لەلایەن حیزبەوە کە کەوتوونەتە دژایەتیکردنی خواستی جیاکردنەوەی حکومەت و حیزب و دانانی چوارچێوەی ئوسوڵی بۆ هەریەکێکیان، کە تایبەتمەندیی هەرلایەکیان بپارێزت و هاماهەنگیی نێوانیان ڕابگرێت. ئەو ئەندام و کادیرانەی حیزبەکان کە لەسەر سامانی گشتیی مانگانەی کاری حیزبیان وەردەگرت. پارێزەرانی دەسەڵاتی خێزان و بنەماڵە و دەستە سوودمەندەکان، کە نایانەوێ دامەزراوەبوون جێگیربێت‌و کۆتایی بەپەیوەندییە کۆنە بەسەرچووەکان بهێنرێت. بازرگانەکانی شەڕی ناوخۆ، کە دەیانەوێ ڕێکەوتنی ستراتیژی هەڵبوەشێتەوەو پێگەو پلەوپایەی جاران بەدەستبێننەوە. هەموو ئەوانەش ڕوویانکردۆتە هەڵمەتی پروپاگەندەی ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ، ڕووهەڵماڵراو و دەمامککراو بۆ پشێویخستنەوەو دروستکردنی بێمتمانەیی بەحکومەت و سەرۆکەکەی و سەرقاڵکردنیان بەگرفتی لاوەکییەوە، هەتاکو نەپەرژێتە سەر ئەنجامدانی هەنگاوەکانی چاکسازی.

چاکسازی لە کوردستاندا کارێکی ئاسان نییە و بە خۆشی ناچێتە سەر، بەڵام بۆ ئەوەی هەنگاوەکانی شکست نەخۆن، هیمەتی سەرۆکی حکومەت و سووربوونی لەسەر ئەنجامدانی چاکسازیی پێویستەو واچاکە مانەوەی لە پۆستەکەیدا گرێبداتەوە

بە مەرجی بەردەوامبوونی هەنگاوەکانی چاکسازییەوە، چونکە ئەوە مانای هێنانەدیی ئەو بەڵێنانەیە، کە لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن و کارنامەی حکومەتدا داویەتی بە خەڵکی کوردستان و ڕاستبێژیی وتەکانی دەسەلمێنێ و دەبێتە هۆی بەهێزبوونی متمانەی ئەوان. هەروەها پشتگیریکردنی هەموو ئەوانەی گەرەکە، کە چەندین ساڵە لە بواری ڕاگەیاندن و کاری مەدەنیو تێکۆشانی ڕۆژانەدا جەخت لە چاکسازی و گرنگیی ئەنجامدانی دەکەنەوە. لێرەشدا دەبێت ئەوە بوترێ، کە شکستخواردنی ئەو هەنگاوانەی چاکسازی، دەرگا بەڕووی سەرهەڵدانی حوکمڕانیی ستەمکار و تاکڕەودا دەکاتەوەو دەرفەتی هاتنەئارای کۆمەڵگەیەکی دروستی دادپەروەری خۆشگوزەران لەدەستدەدات.

گۆڤاری هەفتانە ژمارە (١٠٦) ١-٧ ئاب ٢٠١٠

## دەسەڵاتی پێنجەم

گەلێک جار قسە دەربارەی سێ دەسەڵاتەکە: یاسادانان، جێبەجێکردنو دادوەری، دەکرێت و دەسەڵاتی چوارەمیش دەخرێتە سەریان، واتە دەسەڵاتی ڕاگەیاندن، کەچی هیچ کەسێک باسی دەسەڵاتی پێنجەم ناکات، کە گرنگترینی دەسەڵاتەکانە، ئەویش دەسەڵاتی میللەتە. قسەکردن سەبارەت بە دەسەڵاتەکان لەسایەی سیستمی دیموکراتیدا، جیاوازە لەوەی سیستمی نادیموکراتی، چونکە لەوەی دوەمدا قسەکردن دەربارەی دەسەڵاتەکان هیچ مانایەکی نییە، بەوپێیەی تەنیا یەک دەسەڵاتی بەکردوە هەیە، کە هەموو دەسەڵاتەکانی لەخۆیدا چڕکردۆتەوەو لەخزمەتی خۆیدا دەیانخاتەگەڕ و ویستی حوکمڕان پێش هەموو ویستەکانی تر دەکەوێت.

کاتێک دەسەڵاتی پێنجەم: دەسەڵاتی میللەت، دەخەمە پاڵ دەسەڵاتەکانی تر، مەبەستم ئەوەیە جگە لەو چوار دەسەڵاتە، دەسەڵاتێکی دیکە هەیە، کە لە ڕووی شێوەو ناوەڕۆکە سەربەخۆ و دامەزرێنەرانەیە و لای ئێمە فەرامۆشکراوە. دەسەڵاتی میللەت دەسەڵاتی بنەڕەتییەو سەرچاوەی هەموو دەسەڵاتەکانی ترەو دەسەڵاتێکی ڕەسەنە، واتە وەک دەسەڵاتەکانی دیکە بەرهەمی نوێنەرایەتیکردن نییە، دەسەڵاتێکی بەردەوامەو وەک دەسەڵاتەکانی تر کاتی و مەرجدارنییەو پیواری (غیابی) ئەو دەسەڵاتە مانای ستەمکاری (ناڕەوایەتی)یەو بوونی واتای ئازادی و دیموکراسی (ڕەوایەتی)یە.

دۆخی سروشتی ئەوەیە، کە میللەت سەرچاوەی دەسەڵاتەکان بێت، بەڵام دۆخی ناسروشتی ئەوەیە حوکمڕان سەرچاوەی دەسەڵاتەکان بێت. بەوپێیەش دەسەڵاتی ستەمکار لەسەروو دەسەڵاتی میللەتەوەیەو دەسەڵاتی دیموکراتی لەبەر پێی میللەتدایە. کەواتە ئەوەی یەکەم شێوەی هەڵگەڕاوەی ئەوەی دووەمە. جا ئەگەر بمانەوێ ئەو شێوە هەڵگەڕاوەیە ڕاستبکەینەوە، پێویستە مافەکان بگەڕێنینەوە بۆ خاوەن مافەکان، واتە ڕێگەبدرێت میللەت ڕۆڵی سەرەکی ببینێ لە بڕیارسازیداو بەشداریکی کاری ژیانی سیاسی بێتو خۆی سەرچاوەی دەسەڵاتەکان بێت، نەک ئەو پاشکۆی حوکمڕان بێت.

گۆڤاری هەفتانە ژمارە (١٠٧) ٨-١٤ ئاب ٢٠١٠

زنجيرەی كتێبە چاپكراوەكانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ساڵی 2011

| ناوی كتێب | نووسینی | وەرگێڕانی |
| --- | --- | --- |
| ٥٦٠- چاوی گورگ | جەمیل توران | عەلی حوسێن |
| ٥٦١- هەزار خۆری درەوشاوە | خالید حوسەینی | ئازاد بەرزنجی |
| ٥٦٢-پەرلەمان و دیموكراسی لە سەدەی بیست و یەكەمدا | یەكێتی پەرلەمانتاریی نێو دەوڵەتی | هەڵكەوت عەبدوڵڵا |
| ٥٦٣-بینای شوێن لە دوو ڕۆمانی كوردیدا | تانیا ئەسعەد محەممەد | |
| ٥٦٤- دادگایی | فرانتس كافكا | عەتا نەهایی |
| ٥٦٥- مێژووی وەرگێڕان | | د.ئەبوبەكر خۆشناو |
| ٥٦٦- فڕین بە مەزرای حەرامدا | ڕەئووف بێگەرد | |
| ٥٦٧- بە تەنیشت نمایشەوە | كامەران سوبحان | |
| ٥٦٨-فەرهەنگی زاراوەی هونەری | جەمال عەبدول | |